خۆلاصەی تەفسیری نامی

مەلا عبدالكريمی مدرس

خزمەتگوزاری عیلمو دین
لە بارەگای حەزرەتی گەیلانی لە بەغدا

مەعنای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی
پێ لێکداوەتەوە

بەرگی سێهەم

چاپی یەکەم

بەغدا

١٤٢٣ی هیجری - ٢٠٠٢ی میلادی

سوورەتی (ألعنكبوت)

مەککەیی‌یە ئایەتەکانی ١-١١ی نەبێ و ، ٦٩ ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيِمِ

الـــمّ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی پێی چییە .

أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُواْ أَنْ يَقُولُواْ آمَنَّا وَهُمْ لاَ يُفْتَنُونَ (٢)

ئایا ئەوانەی موسوڵمان بوون و باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەری خوا هێناوە ، وا گومان ئەبەن هەر بەوەی کە وتوویانە باوەڕمان هێناوە وازیان لێ بهێنرێ و هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ناخۆش و تاڵ و سوێریان نەیەتەڕێ ؟

وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِـــنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُـــواْ وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (٣)

موسوڵمانانی پێش ئەم موسوڵمانانەیش کە لەسەر دەستی تۆدا باوەڕیان بە خواو بە ئایینی خوا کردووە ، وەك ئەمان تاقیمان کردوونەتەوە و تاڵی و سوێریی ژیانمان بەهۆی موسوڵمان بوونیانەوە هێناوەتەڕێ تا خوا بزانێ کام لەمانە بەڕاستی موسوڵمان بوون و لەگەڵ خوای خۆیان ڕاست ئەکەن و بەرانبەر بە دەردو ئازار خۆیان ئەگرن و ، کامیان درۆ ئەکەن و بەڕاستیان نییەو موسوڵمانی ڕاستەقینە نین .

أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ أَنْ يَسْبِقُونَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (٤)

یاخود ئەوانەی کرداری خراپ ئەکەن وا گومان ئەبەن کە پێش

قەزاو قەدەری ئێمە بکەون و خۆیان لــە سزای ئێمە دەربــاز بکەن ؟ ئــەگــەر لایان وایــە ، ئــەوا بڕیارێکی خراپیان بۆ خۆیان داوە چونکە هەرگیز شتیوا ڕوونادات نابێ .

مَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ اللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ اللَّهِ لَآتٍ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٥)

هەرکەسێ هیوای گەیشتن بە خوای هەیــە لــە بــەهــەشتا یا هیوای گەیشتن بەو پاداشەی هەیە خوا بۆ خاوەن باوەڕانی داناوە ، بێگومان کاتی ئەوە دێ، خوا گوێی لە هەموو قسەیەکە کە بەندەکانی ئەیکەن و ئاگای لە باوەڕو کردایان هەیە .

وَمَنْ جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ(٦)

هەرکەسیش سەعی ئەکاو ڕەنج ئەکێشێ بــۆ فــەرمانبەرداریی خواو دوورکەوتنەوە لە گوناەو لە ئارەزووبازی ، ئەوە قازانجی کارەکەی بۆ خۆیەتیو قازانجی چاکی لــە بەرانبەریا دەسگیر ئەبێو خوا بێگومان پێویستی بە هیچ کەسێ نییە لە هەموو جیهانا .

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ(٧)

ئەوانەیش کــە بــاوەڕیان بە خوا بووەو کردەوەی چاکیان کردووە، هــەرچی خراپەیــان کردووە هەموویان لێ دائەشۆرین و بەپێی پاداشی باشترین کردەوەیان پاداشیان ئەدەینەوە.

وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا وَإِن جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٨)

ئادەمیزادمان ڕاسپاردووە چاکە لەگــەڵ باوك و دایکیا بکا ، بــەڵام

ئەگەر هەوڵیان لەگەڵ دای کەسێ یا شتێ بکەی بە هـاوبەشی من لە خوایەتییا کە تـۆ هیچ شتێ لـەبـارەی خوایەتیی ئەو کەسە یا ئەو شتەوە نـازانی و، ئـادەمیزادیش نـابێ شوێنی شتێ بکەوێ کـە نـەزانـێ چییەو چکارەیە ، ئەوە لەوحاڵەدا گوێڕایەڵیان مەبە ، ئێوە هەمووتان خۆیشتان و باوك و دایکیشتان سەرەنجام ئەگەڕێنەوە بۆ لای من و خەبەرتان ئەدەمێو پێتان ئەڵێم لە دنیادا چیتان ئەکرد.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِي الصَّالِحِينَ(٩)

ئەوانەیش کـە باوەڕیان بە خوا بووەو کردەوەی چاکیان کردووە، ئەیانخەینە ڕیزی پیاوچاکانەوە.

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ وَلَئِنْ جَاءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ أَوَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ الْعَالَمِينَ(١٠)

کـەسانیوا لـەناو بەناو موسوڵمانانا هەن ، ئەڵێن: ئێمە ئیمانمان بە خـوا هێناوە ، جـا ئـەگـەر لە ڕێگای ئەو ئیمان بەخوا هێنانەیانا تـووشی دەردو ئـازار بوون و کـافـرەکان ئازاریان پـێ گەیاندن ئەڵێن: ئازاری خەڵکیش لە دنیادا هەروەك ئازاری خوا وایە لـە قیامەتـا، جا کە ئێمە هەر تووشی ئازار ببین بۆ لـە دنیادا تووشی ببین و با هـەر ئازارە کەی قیامەت بێ لەلایەن خواوە ، بەڵام ئـەگـەر سەرکەوتنێ بۆ موسوڵمانان لەلایـەن خواوە هـات ، بێگومـان بـە موسوڵمانان ئەڵێن: ئێمەیش لەگەڵ ئێوە بووین. بۆ وائەڵێن و قسەی ناڕاست ئـەکەن ؟ بۆ خوا لـە هـەمـووکەس باشتر نازانێ چی لە دڵی ئەم گشتە خەڵکەدا

هەیەو، منافق و موسوڵمانی ڕاست لەیەك جیاناكاتەوە ؟

وَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ الْمُنَافِقِينَ(١١)

بێگومان خوا ئەزانێ كێن ئەوانەی بەڕاستی ئیمانیان هێناوەو ئەزانێ منافقەكانیش كێن ؟

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ آمَنُواْ اتَّبِعُواْ سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَايَاكُمْ وَمَا هُمْ بِحَامِلِينَ مِنْ خَطَايَاهُم مِّنْ شَيْءٍ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ(١٢)

كافرەكان وتیان بەوانەی كە ئیمانیان هێناوە: واز لە موسوڵمانەتی بێنن و ڕێگاكەی ئێمە بگرنەبەر ، ئەگەر قیامەت و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە هەبوو ئێمە ئۆبالی ئێوەیش لە گەردن ئەگرین ، بەلام هیچ ئۆباڵێكیان لە گەردن ناگرن و بە ڕاستی ئەوانە درۆئەكەن .

وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالاً مَّعَ أَثْقَالِهِمْ وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ(١٣)

بەڕاستی ئەو كافرانە باری گرانی تاوانەكانی خۆیان لە ئەستۆ ئەگرن و باری گرانی تاوانی ئەوانەیش لە ئەستۆ ئەگرن كە گومڕایان كردوون و لە ڕۆژی قیامەتا لەبارەی ئەو درۆو دەلەسەو ساختەچییەتییەوە كە لە دنیادا ئەیانكرد، لێیان ئەپرسرێتەوە .

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلاَّ خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ(١٤)

ئێمە بەڕاستی نووحمان ڕەوانەكرد بۆسەر قەومەكەی، ئەویش هەزار ساڵ پەنجا ساڵ كەم واتە نۆسەدو پەنجا ساڵ لەناویانا مایەوە ، واتە هەر بانگی ئەكردن بۆ خواپەرستیو ئەوانیش هەر بەگوێیان

نەئەکرد، سەرەنجام تۆفان دایگرتن لەحالێکا کە ئەوان کافرو ستەمکار بوون.

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ وَجَعَلْنَاهَا آيَةً لِّلْعَالَمِينَ(١٥)

جا نووح خۆیو ئەوانەی لەناو کەشتییەکەدا بوون ڕزگارمان کردن و کەشتییەکەمان کرد بە نیشانە بۆ ئەهلی جیهان لەسەر توانایی خۆمان.

وَإِبْرَاهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ(١٦)

باسی ئیبراهیمیش بکە کاتێ کە بە قەومەکەی خۆی وت: خوا بپەرستن و بەندەیی بۆ بکەن و لێی بترسن و خۆتان لە سزای بپارێزن، ئەگەر پێ بزانن ئەوە چاترە بۆتان.

إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَابْتَغُوا عِنْدَ اللَّهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(١٧)

ئێوە لە جیاتیی ئەوەی خوا بپەرستن کۆمەڵێ بت ئەپەرستن و ئێوە لەم کارەتانا درۆو بوختان ئەکەن کە ئەو بتانە بە خوا دائەنێن. ئەوانەی ئێوە لەجیاتیی خوا ئەیانپەرستن خاوەنی ڕزق و ڕۆزیی ئێوە نین و هیچیان بەدەست نییە بۆتان. لای خوا داوای ڕزق و ڕۆزیی خۆتان بکەن و بیپەرستن و سوپاسی بکەن، سەرەنجام بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە.

وَإِنْ تُكَذِّبُوا فَقَدْ كَذَّبَ أُمَمٌ مِّنْ قَبْلِكُمْ وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ(١٨)

خۆ ئەگەر بە فروستادەی مـن بلێن درۆئـەكـا ئەوە هیچ زیانیێ بە پێغەمبەرایـەتیی ئـەو نـاگـا چونكە زۆر لـە میللەتـانی پیش ئێوەیش پێغەمبەری خۆیانیان بە درۆزن دانـا . پێغەمبـەری فروستادەیش هیچ ئەركێكی لەسەر شان نییە لەوە بەولاوە كە فەرمانی خوا بە ڕۆشنیو ئاشكرایی بە خەڵكا ڕاگەیەنێ .

أَوَلَـمْ يَـرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْـقَ ثُـمَّ يُعِيدُهُ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ(١٩)

ئایا ئـەو كـافرانە بـە چاوی بیرو هۆشی خۆیان نابینن چۆن خوا دەست ئـەكـا بـە دروستكـردنی دروستكراوەكـانـی خـۆیو چۆن لەو دنیـایش دروستیان ئەكاتەوە ؟ بێگومان كاریوا بۆ خوا ئاسانە .

قُـلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَـدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنْشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٢٠)

ئـەی پێغەمبەر ! تـۆ بـەو خەڵكە بڵێ: بڕۆن بە زەویدا بگەڕێنو سەیربكەن بزانن خـوا چۆن دەستیكرد بە دروستكردنی خەڵكو دارو درەختو گژوگیاو گیانلەبەرانو شاخو كێوو دەشتو ڕووبارودەریاو ، پاشانیش لەو دنیادا سەرلەنوێ بۆ دواجار دروستیان ئەكاتەوە . خـوا دەسەلاتی بـەسەر هەموو شتێكا ئەشكێ .

يُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَيَرْحَمُ مَنْ يَشَاءُ وَإِلَيْهِ تُقْلَبُونَ(٢١)

ئـازاری هـەركەسێ ئەدا ئارەزووی لێ بێو ڕەحم بە هەركەسێكیش ئەكا ئارەزووی لێ بێو سەرەنجام بۆلای ئەو ئەگێڕرێنەوە .

وَمَـا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَمَا لَكُم مِّنْ دُونِ

اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ(٢٢)

ئێوە ناتوانن كارێ بكەن كە خوا لە ئەرزا یا لە ئاسمانا دەستی نەڕوا بەسەرتاناو لە هەرلایێ بن لەژێر دەسەلاتی خواداں و كەسێ نییە دۆستتان بێ و یارمەتیتان بدا لە بەرانبەری خوادا .

وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَلِقَائِهِ أُوْلَئِكَ يَئِسُوا مِن رَّحْمَتِي وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٢٣)

ئەوكەسانەیش كە ئینكاری ئایەتەكانی خوا ئەكەن و ئینكاری گەیشتن بە حوزووری خوا ئەكەن، ئەوانە لە ڕەحمەتی من نائومێدن و ئەوانە سزایەكی پڕئازاریان بۆ هەیە .

فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا اقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ فَأَنجَاهُ اللَّهُ مِنَ النَّارِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٢٤)

وەلامی خێڵەكەی ئیبراهیم لەوە بەولاوە نەبوو كە وتیان: یا بیكوژن یا بیسووتێنن. خوایش لەو ئاگرەی ئەوان بۆیان كردبووەوە ڕزگاری كرد . بەڕاستی ئەم ڕووداوە چەندین نیشانەی تیایە بۆ كەسانێ كە باوەڕیان بە خوا هەبێ .

وَقَالَ إِنَّمَا اتَّخَذْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ(٢٥)

ئیبراهیمیش بەوانی وت: ئێوە تەنها چەند بتێكتان لەم ژیانی دنیادا ڕاگرتووە ئەیانپەرستن بۆئەوەی بەردوام بن لە خۆشویستنی یەكتریتاناو خواتان پشتگوێ خستوەو، پاشانیش لە ڕۆژی قیامەتا هەر یەكێكتان

بگری ئینکاری ئەوانیترتان ئەکاو لەعنەت لە یەکتری ئەکەن و جێگای دواجاریشتان ئاگری دۆزەخەو کەسێ نییە یارمەتیتان بدا.

فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَى رَبِّي إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٢٦)

جا لووط باوەڕی پێکردو ئیمانی پێهێنا کە پێغەمبەری خوایەو ئیبراهیمیش وتی: من کۆچ ئەکەم و ئەڕۆم بۆ ئەو شوێنەی خوا فەرمانی پێداوم و خوا خوایەکی بەدەسەلاًت و خاوەن حیکمەتە ئەزانێ چی باشەو ئەوە ئەکا.

وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ وَآتَيْنَاهُ أَجْرَهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ(٢٧)

جا پاش ئەوە ئێمەیش ئیسحاق و یەعقووبی کوڕی ئیسحاقمان بە ئیبراهیم بەخشیو پێغەمبەرایەتیو کتێبی ئاسمانیمان لە نەوەیا داناو پاداشیمان لە دنیادا دایەوەو لە قیامەتیشا لە ڕیزی پیاوچاکانایە.

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُمْ بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ(٢٨)

باسی لووطیش بکە کاتێ کە بە خێڵەکەی خۆیی وت: ئێوە کارێکی بێشەرمانەی خراپیوا ئەکەن بەر لە ئێوە کەس لە جیهانا نەیکردووە.

أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنكَرَ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَنْ قَالُوا ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ إِنْ كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ(٢٩)

ئەوە ئێوە بەڕاستی ئەوەندە بێحەیاو شەرمن ئەچنە لای نێرینە

(سواریان ئەبن)و ڕێ لە ڕێبوار ئەبڕن و ڕووتیان ئەکەنەوەو لە کۆمەڵگای خۆتانا کاری ناشیرین و ناپەسەند ئەکەن ؟ قەومەکەی هیچ وەڵامێکیان نەبوو ئەوە نەبێ کە وتیان : ئەگەر تۆ ڕاست ئەکەی ئێمە بە سزای خوا ئەترسێنی ، ئەو سزایەی خوامان بهێنە سەر بزانین ئەتوانێ چیمان لێ بکا ؟

قَالَ رَبِّ انصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ(٣٠)

لووطیش وتی : خوایە ! یارمەتیم بدەو زاڵم بکە بەسەر ئەم خێڵە بەدکارو خراپەکەرەدا .

وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى قَالُوا إِنَّا مُهْلِكُوا أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ إِنَّ أَهْلَهَا كَانُوا ظَالِمِينَ(٣١)

کاتێکیش مەلائیکەی فروستادەی ئێمە هاتنە لای ئیبراهیم ، مژدەیان بۆ هێناو پێیان وت : ئێمە بێگومان خەڵکی ئەم دێیە لەناوئەبەین ، خەڵکی ئەم دێیە کۆمەڵێکی ستەمکارو خراپەکەر بوون .

قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطًا قَالُوا نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَنْ فِيهَا لَنُنَجِّيَنَّهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ(٣٢)

ئیبراهیمیش وتی : ئاخر لووط لەوێیە ، ئەویش لەگەڵیان ئەفەوتێ و لەناوئەچێ . مەلائیکەتەکانیش وتیان : ئێمە خۆمان ئەزانین کێ لەو دێیەدایە . لووط خۆی و ماڵ و منالی لەو سزای خواییە ئەپارێزین ژنەکەی نەبێ ، ئەو لەوکەسانەیە بڕیاری بڕانەوەو بەسەرچوونیان دراوە .

وَلَمَّا أَنْ جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالُوا لاَتَخَفْ وَلاَتَحْزَنْ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ إِلاَّ امْرَأَتَكَ كَانَتْ مِنَ

الْغَابِرِينَ(٣٣)

کاتێکیش کە مەلائیکەتەکانی فروستادەمان هاتن بۆ لای لووط خۆیو خەبەری ئەوەیان دایە کە خوا بڕیاری فەوتاندنی خێڵەکەیی داوە، پێی ناڕەحەت بوو و دڵی خەمبار بوو بە هاتنیان، چونکە ئەترسا خەڵکی دێکە کە دییان غەزەبی خوایان هاتووەتەسەر بڕۆنە سەریو تۆڵەی خۆیانی لێبکەنەوە یا ئەو خۆیشی بەر ئەو غەزەبەی خوا بکەوێ. مەلائیکەتەکان پێیان وت: مەترسەو خەفەت مەخۆ، ئێمە تۆوماڵو منداڵت ڕزگار ئەکەین تەنها ژنەکەت نەبێ کە یەکێکە لەوانەی بڕیاری لەناوچوونیان دراوە.

إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَى أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ(٣٤)

ئێمە سزایێ لە ئاسمانەوە دائەبەزێنین بەسەر خەڵکی ئەم دێیەدا بەهۆی ئەوەوە کە فیسقو فجووریان ئەکرد.

وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَا آيَةً بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ(٣٥)

ئێمە بەڕاستی نیشانەیەکی دیارمان لەودێیەدا بەجێهێشت بۆ هەر کۆمەڵە خەڵکێ کە عەقڵیان هەبێو بیر لە چاکەو خراپە بکەنەوەو بفامن کەوا خوا دێرگیریش بێ سەختگیرە. زانایانی تەفسیر نووسیویانە: خوا ئاواییەکەی ژێراوژوور کردووەو بەردی بەسەرا باراندووەو ئێستایش نیشانەی ئەو غەزەبەی خوا لەوشوێنەدا دیارە.

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا فَقَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَارْجُوا الْيَوْمَ الآخِرَ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ(٣٦)

بۆ لای خەڵکی مەدیەنیش شوعەیبی برای خەڵکی مەدیەن خۆیانمان نارد ، پێی‌وتن : خەڵکینە ! خوا بپەرستن و بەهیوای پاداشی چاکی بن لە ڕۆژی قیامەتاو کوفرو خراپە لە ڕووی زەویدا زۆر مەکەن.

فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ(٣٧)

ئەوانیش پێیان وت : تۆ درۆئەکەی و خوا نەیناردووی بۆسەر ئێمە ، ئیتر بوومەلەرزەیەك هات بەسەریاناو لەناو خانووەکانیانا لەپەوڕوو کەوتن و مردن .

وَعَادًا وَثَمُودَا وَقَدْ تَبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَاكِنِهِمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَكَانُوا مُسْتَبْصِرِينَ(٣٨)

بیرلەتایەفەی عادو تایەفەی سەموودیش بکەرەوە کە خوا چۆنی غەزەب لێ گرتن و ئەو غەزەبی خوایە کە لێیان گیرا بە خانوەکانیانا دیارە بۆتان و بە چاوی خۆتان ئەیانبینن . شەیتان کارو کردەوە ناشیرینەکانیانی لا جوان کردن و لە ڕێگەی خواپەرستی لایدان کە ئەیشیانتوانی بڕوانن و ڕاستی ببینن و شوێنی خراپە نەکەون بەڵام ڕێگای ڕاستیان نەگرتەبەر.

وَقَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَلَقَدْ جَاءَهُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ وَمَا كَانُوا سَابِقِينَ(٣٩)

بیر لە قاروون و فیرعەون و هامانیش بکەرەوە ، مووسا نیشانەی پێغەمبەرایەتیی خۆی لای خواوە بۆ هێنان ، کەچی ئەوان خۆیان بە زل زانی لەم سەرزەمینەدا ، بەڵام نەیانتوانی پێش بکەون و خۆیان لە غەزەبی خوا دەرباز بکەن .

فَكُلاً أَخَذْنَا بِذَنْبِهِ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ الْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ(٤٠)

جا هەموو ئەمانەمان بەهۆی تاوانی خۆیانەوە گرت و گرفتارمان کردن. هیی‌وایان هەبوو بەردەبارانمان کردن و، هیی‌وایان هەبوو نرکەو ناڵەی بوومەلەرزە گرتنیەوەو لەناوی‌بردن و، هیی‌وایان هەبوو ڕۆچوونە خوارەوە بە زەویداو، هیی‌وایان هەبوو لەئاوا نوقممان کردن. خوا لەوانە نەبوو بە ناحەق ئەمانە گیرۆدە بکاو تووشیان بکا، ئەوان بۆخۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ(٤١)

نموونەی ئەوانەی غەیری خوایان کردووە بە پشت و پەنای خۆیان و ئەیانپەرستن، وەك جاڵجاڵۆکە وایە کە ماڵ بۆ خۆی ئەتەنێ‌و لای‌وایە ماڵەکەی قەت وێران نابێ کەچی بێهێزترین و خۆڕاگیرنەکردووترین ماڵیش ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر بە خۆیانیان بزانیایەو بییانزانیایە چی‌ئەکەن.

إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٤٢)

بێگومان خوا ئەزانێ ئەوانە لە غەیری خوا بانگی کێ ئەکەن و هاوار ئەکەنە کێ‌و کێ ئەپەرستن، ئیتر هەرچی بێ. خوا زاڵە بەسەر هەرچییەکا مەیلی لێ بێ‌و خاوەن حیکمەتە ئەزانێ چی‌ئەکا.

وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلاَّ الْعَالِمُونَ(٤٣)

ئێمە ئـەم جۆرە نموونانە ئەهێنینەوە بۆ خەڵك لێیان وردببنەوەو، پیاوانی زانا نـەبێ كەس قامیان ناكاو تێیان ناگاو لە ناوكورۆكەكەیان حاڵی نابێ.

خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ(٤٤)

خوا ئاسمانەكان و زەویی بۆ حیكمەتێ دروست كردووەو لەخۆڕاییی دروست نەكردوون. دروست كردنی ئاسمان و زەوی نیشانەی تیایـە بۆ كەسانێ باوەڕیان بە خـوا هـەبێو، بە دروستكردنی ئاسمان و زەویدا بەڵگەیان لەسەر بوونی خواو گەورەییو توانی خوا بۆ دەرئەكەوێ .

اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ(٤٥)

ئـەو قورئـانـە بخوێنەرەوە كـە بە وەحی هاتووەتە سەرت و نوێژ ڕابگـرە، نوێژ ئـادەمیزاد لـە كـاری خراپ و ناپەسەند ئەگێڕێتەوە، ناوهێنانی خوا لە هـەموو شتێ گەورەترەو خوا ئەزانێ ئێوە خەریكی چین و چیئەكەن .

جوزئی بیستویەكەم

وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ(٤٦)

دەمەقاڵە مـەكـەن لـەگەڵ كەسانی سەر بەو ئایینانەی خوا كاتی

خۆی كتێبی ناردوونەتەسەر بە باشترین شێوەی گفتوگۆ نەبێ ، تەنها ئەوانەیـــان نـــەبێ كـــە ستەمكـــارن و دەمدرێژی ئەكەن و ، بلێن : ئێمە باوەڕمان بـــە قورئـــان هەیە كە لە خواوە هاتووەتە خوار بۆمان و بە تەورات و ئینجیل و زەبوورو ئـــەو كتێبانەیتر كە لە خواوە هاتوونەتە خـــوار بـــۆ ئێوەو ، خـــوای ئێمەو ئێوە هـــەر یـــەك خوایـەو ئێمـــە گەردنكەچین بۆ ئەو خوایە .

وكَذَلِكَ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ فَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمِنْ هَؤُلاء مَنْ يُؤْمِنُ بِهِ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلاَّ الْكَافِرُونَ(٤٧)

هەروەك كتێبی خۆمانمان ناردووەتە خـــوار بۆسەر پێغەمبەرانی بەر لە تۆ ، قورئانیشمان ناردووەتە خوار بۆ سەر تۆ . جا ئەوانەی كتێبی خۆمـــانمان داونێ لـــەپێش هاتنی تۆدا ، باوەڕیان بەم قورئانە هەیە چونكە لە كتێبەكانی خۆیانا گفتی پێدراوەو باسی هاتنی لە دوارۆژدا كراوە . ئەهلی ئەو كتێبانەیش كـــە ئێستا هـــەن ، هەیانە باوەڕیان پێ هەیەو ، كەسێ نییە ئینكاری قورئان و هاتنە خوارەوەی قورئان بوسەر تۆ بكا ئەوانە نەبێ كـــە كـــافرن و لـــەڕاستیدا بـــاوەڕیـــان بـــە كتێبە پێشووەكانیش نییە .

وَمَـــا كُنْتَ تَتْلُواْ مِـــنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ(٤٨)

تۆ خۆت لەوانە نـــەبووی كتێب بخوێنیتەوەو بـــە دەستی ڕاستیشت كتێبت لەدەمی كەسەوە نەنووسیوەتەوە . ئەگەر خوێندەوارو بنووس بوویتایە بتتوانیایە بخوێنیتەوەو بنووسی ، بـــەتـــاڵوێژەكان بەڵگەیان

دەسگیر ئەبوو بۆ گومانیان لەوەدا کە قورئان فەرموودەی خوایە.

بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلاَّ الظَّالِمُونَ(٤٩)

نەخەیر وانییە کە بەتاڵوێژان ئەڵێن و، قورئان کۆمەڵە ئایەتێکی ئاشکراو مەعنادیارو ڕێکوپێکە و لە سنگی ئەوانەدایە کە خوا نیعمەتی عیلمی داونێ و، کەسانی ستەمکارو ناهەق نەبێ کەس ئینکاری ئایەتی ئێمە ناکا.

وَقَالُواْ لَوْلاَ أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَاتٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِنْدَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٥٠)

کافرەکان وتیان: ئەوە بۆچی چەند موعجیزەیەکی دیار لە خوداوە نەهاتووەتە خوار بۆسەر موحەممەد؟ تۆیش لەوەلامیانا بڵێ: هاتنی موعجیزە بە مەیل و فەرمانی خوایە بە هەر پێغەمبەرێکی ببەخشێ و، منیش تەنها کەسێکم خوا ناردوومی خەڵك لە سزای خوا بترسێنم و ڕێی موسوڵمانەتییان بۆ ڕوون بکەمەوە.

أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٥١)

ئەوانە موعجیزەیان بۆچییە؟ موعجیزە شتێکە بەرچاوی، بۆ عەوام باشە. بۆ مرۆی هوشیار موعجیزەیێ باشە کە عەقڵ پەسەندی بکا. ئەوەیشیان بۆ هاتووە کە قورئانە. ئایا ئەوە بەس نییە بۆ ئەوان کە ئێمە قورئانمان ناردووەتە خوار بۆسەر تۆ، ئەخوێنرێتەوە بەسەریانا؟ بەڕاستی لە ناردنی قورئانا ڕەحمەت و بیرخستنەوە هەیە بۆ هەر

کۆمەڵێ کە باوەڕیان بە خوا هەبێ، خواو ڕۆژی پاداش و سزایان دێنێتەوە یاد.

قُلْ كَفَى بِاللَّهِ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ(٥٢)

تۆ بەو کافرانە بڵێ: خوای بڵندو باڵا بەسە بۆ ئاگاداری لەنێوان ئێمەو ئێوەدا. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەمووی ئاگا لێیە. ئەوکەسانەیش کە باوەڕیان بە شتی پڕوپووچ و نادروست هەیەو ئینکاری خوا ئەکەن، ئەوانە لە هەردوو جیهانا دۆڕاندوویانە.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَوْلَا أَجَلٌ مُسَمًّى لَجَاءَهُمُ الْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُمْ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ(٥٣)

پەلەپەلت لێ ئەکەن داوا ئەکەن سزای خوا بێتە سەریان و ئەڵێن: ئەگەر ڕاستە با بێت. ئەگەر هەر شتێ کات و وادەی خۆی بۆ دیاری نەکرابوایە کە هەر ئەبێ لەوکاتەی خۆیا بێ، لەسەر ئەو داوایەی خۆیان سزایان ئەهاتەسەرو، لەپڕیش دێتە سەریان و بە خۆیان نازانن کە ئەیانکوتێتەوە.

يَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ(٥٤)

پەلەپەلت لێ ئەکەن بۆ هاتنی سزا بۆ سەریان. پەلەی چییانە؟ بۆ کوێ دەرباز ئەبن؟ سزا هەر ئەیانگاتێ. بەڕاستی دۆزەخ لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی کافرانی داوە.

يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ(٥٥)

لە ڕۆژێكا ، سزای خـوا لـە ژوور سەریانەوەو لەژێر پێیانەوە دایان ئـەپۆشـێ ، خـوا پێیان ئـەفـەرموێ : بەری ئەو كردەوانەتان بچێژن كە ئەتانكردن .

یَاعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ(٥٦)

ئەی ئەو بەندانەم كە باوەڕتان هەیـەو ئیمانتان هێناوە ، بـەڕاستی ئەرزی من گوشادو بەربلاوە ، دەی هەر مـن بپەرستن و عیبادەتم بۆ بكەن لە هەر لایێ بێ چون یەكە .

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ(٥٧)

هـەمـوو گیانلەبەرێ تـامی مردن ئەچێژێ ئەمرێ پاشان دێنەوە بۆلای خۆمان .

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ الْجَنَّةِ غُرَفًا تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ(٥٨)

ئەوكەسانەیش كە ئیمانیان هێناوە بەخواو كاری چاكیان كردووە لە دنیادا ، لە بالآخانەی بەهەشتا دایان ئەمەزرێنین و جێگیریان ئەكەین كە جۆگای ئاو لەژێریانەوە ئەڕواو هـەمیشەو هەتا هەتایە لەو بالآخانانەدا ئەمێننەوە . پاداشی ئەوانەی كاری چاكیان كردووە لە دنیادا پاداشێكی زۆر چاكە .

الَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ(٥٩)

ئـەوكـەسانەی كـە خوویان بە بەجێهێنانی فەرمانی خواوە گرتووەو پشت بە خوای خۆیان ئەبەستن .

وَكَأَيِّن مِّنْ دَابَّةٍ لَّا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ وَهُوَ السَّمِيـــعُ

الْعَلِيمُ(٦٠)

زۆر گیانلەبەریوا هەیە کە بەسەر ئەرزا ئەڕوا ئەوەندە بێدەسەلاتە ڕوزیی خۆی پێ هەڵناگیرێ، خـوا ڕۆزیی ئەداو ڕۆزیی ئێوەیش ئـەدا. خوا گوێی لە هاواری هەموو گیانلەبەرێکەو بە حاڵی هەموویان ئەزانێو ئەزانێ پێویستیان بە چییە.

وَلَئِنْ سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ(٦١)

ئەگەر لە کافرەکانی مەککە بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووەو کێ ڕۆژو مانگی ڕام کـردووە ؟ لـە وەڵاما ئەڵێن : خوا. جا کە مادەم وایە بۆچیو چۆن ڕوو لـە پەرستنی خـوا وەرئەچەرخێنن و بت ئەپەرستن و بە فەرمانی خوا ناجووڵێنەوە ؟

اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(٦٢)

هەر خوایە ڕزق و ڕۆزی گوشادو فـراوان ئـەکـا بۆ هەر بەندەیەکی مەیلی لێ بێو لێیئەگرێتەوەو کەم دەستی ئەکا. خوا ئاگای لە هەموو شتێ هەیەو هەموو شتێ ئەزانێو چاکەو خراپەی خەڵك ئەزانێ.

وَلَئِنْ سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِـنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ(٦٣)

ئەگەریش لـەو کافرانەی مـەککە بپرسی: کێیە ئاوی لە ئاسمانەوە داباراندووەو زەویی پاش وشك بوونەوەو مردنی بەو ئاوە ژیاندووەتەوە، لە وەڵاما ئەڵێن: خوا. دە تۆیش بڵێ: سوپاس بۆ خـوا کەوا دان بەو

ڕاستییەدا ئەنێن ، بەلاَم ئەوان بەشی زۆریان عەقلَیان نییەو نافامن . دان بەوەدا ئـەنێن کە خوا خالقی هەموو شتێکە ،کەچی هاوبەشیشی بۆ دائەنێن و ئەو هاوبەشە درۆینانە ئەپەرستن .

وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ(٦٤)

ئەم ژیانی دنیایە لە بێئاگاییو گالَتە بەولاوە نییەو بەڕاستی مالَی قیامەت مالَی ژیانی ڕاستەقینەیەو، ئەگەر ئەم کافرانە بیانزانیایە ژیانی دنیایان لەم ژیانە ڕاستەقینەیە پێ باشتر نەئەبوو .

فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ(٦٥)

جا کاتێ کە سواری کەشتی ئـەبـن و ترسی نقوم بوون لە دەریادا دایان ئەگرێ، ئەکەونە پـاڕانـەوە لـە خواو ئایینیان خاوێن ئەکەنەوە لەوە کە کەس بکەن بە هاوبەشی خواو، بەتەنیا لە خۆی ئەپاڕێنەوە. پاشان کە خـوایش ڕزگاری کـردن و گـەیاندنیە وشکان کوتوپڕ دەست ئەکەنەوە بە هاوبەش دانان بۆ خوا .

لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ(٦٦)

بۆیە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن تا ئینکاری ئەو نیعمەتی ڕزگارکردنە بکـەن کـە پێمان بـەخشین و لـە دنیادا بۆخۆیان ڕابوێرن ، بەلاَم لەمەوپاش ئەزانن بە چ دەردێکیان ئەبەین .

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا آمِنًا وَيُتَخَطَّفُ النَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَكْفُرُونَ(٦٧)

ئایا سەیر ناكەن ئێمە حەرەمێكی بێترس و ئەمینمان دروست كردووە كەس دەستی درێژ ناكاتە سەر ، كەچی بەدەوروبەریانا خەڵك ئەفرێنن ؟ جا ئاخۆ ئەمانە باوەڕیان بە ئایینی بەتاڵ و پڕوپووچ هەیەو ئینكاری نیعمەتی خوا ئەكەن ؟

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ(٦٨)

كێ لەو كەسانە ستەمكارترە كە درۆ بە دەمی خواوە هەڵئەبەستن یا پێغەمبەرو قورئانیان بە درۆ داناوە كە هاتوونە سەریان ؟ ئاخۆ دۆزەخ جێگای ئۆقرە تیاگرتنی تێدا نییە بۆ كافرەكان ؟

وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ(٦٩)

ئەوانەیش كە لە ڕێگای ئێمەدا تێكۆشاون و خواپەرستیی ڕاستیان كردووە ، ئێمە لە پاداشی چاكەیانا شارەزای ڕێگەكانی خۆمانیان ئەكەین و خوایش لەگەڵ ئەوكەسانەیە كە چاكە ئەكەن .

سوورەتی (ألروم)

مەککەیی‌یە ئایەتی ١٧ی نەبیٚو ، ٦٠ ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الٓمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانیٚ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

غُلِبَتِ الرُّومُ (٢)

ڕۆمییەکان شکان.

فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ (٣)

لە ولاٚتی نزیك لە ولاٚتی عەرەبەوەداو، ئەم ڕۆمییانە، پاش ئەم شکانەیان، زالٚ ئەبنەوە بەسەر ئەوانەدا کە شکاندبوونیان کە فارسەکانن.

فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤)

لەماوەی چەند سالیٚکا. سەرەنجامی‌کار لەمەوپیٚشیش بۆ خوا بووەو لەمەوپاشیش هەر بۆ ئەوە ، واتە فارس زالٚ بیٚ یا ڕۆم زالٚ بیٚ سەرەنجامی کار هەر بۆ خوا خۆیەتی. جا ئەوڕۆژە کە ڕۆمییەکان زالٚ ئەبن بەسەر فارسەکانا ، موسولٚمانان شادمان ئەبن

بِنَصْرِ اللهِ يَنصُرُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٥)

بەو سەرکەوتنەی خوا ڕۆمییەکانی سەرخست چونکە ئەوانیش ئەهلی کیتابن‌و لە پەیڕەوانی هەر ئایینیٚکی‌تر لە موسولٚمانانەوە نزیکترن. خوا مەیلی لە سەرکەوتنی هەرلایەك بیٚ ئەوە سەرئەخا . خوا بەهیٚزو میهرەبانە .

وَعْدَ اللَّهِ لاَ يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (٦)

ئەمە گفتی خوایە، خوا هەرگیز پێچەوانەی گفتی خۆی نـاجوولێتـەوە، بـەلاّم بـەشی زۆری خـەلّك نازانن خوا گفتی بـە چی داوەو پێچەوانەی گفتی ڕوونادا.

يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ(٧)

ئەم خەلّکە تەنها هەندێ دیمەنی دیاری ژیانی دنیا ئـەزانن و لـەبـارەی ژیانەکەیتری ئەو دنیاوە بێئاگان .

أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ فِي أَنفُسِهِم مَّا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلاَّ بِالْحَق وَأَجَلٍ مُّسَمًّى وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ(٨)

ئایـا ئـەم خـەلّکـە بیریان نەکردووەتەوە لـە خودی خۆیان تا بزانن خوا ئاسمانەکان و زەوی‌و ئەوەی لەنێوانیانا هەیەی بۆ حیکمەتێك و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبێ دروست نـەکـردووە؟ بـەڕاستی بەشی زۆری خەلّك ئینکاری ڕۆژی قیامەت و گەیشتن بە حوزووری خوا ئەکەن کە لەوڕۆژەدا پاداشی چاکەو سزای خراپەی هەمووکەسێك ئەداتەوە .

أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَانُواْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُواْ الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ(٩)

ئایا ئەمانە بە زەویدا نـەگـەڕاون تـا سەیر بکەن سەرەنجامی ئەوانە چۆن بووە کە پێش ئـەمـان بـوون؟ ئـەوان لـەمـان بـەهێزتر بـوون و زەوییان

هەلگێڕایەوە بۆ تۆو تیاکردن و دارو درەخت تیا ناشتن و ئاوەدانیان کردەوەو شارو لادێیان تیا دروست کرد زیاترلەوەی ئەمانەی ئێستا کردوویانەو،پێغەمبەرانی ئێمە بە موعجیزەی ئاشکراو دیارەوە هاتنە سەریان ، کەچی ئەوان ئینکاریان کردنو باوەڕیان پێ نەکردنو خوایش لە سزایئەوەدا غەزەبی لێ گرتن. خوا لەوانە نەبوو ستەمیان لێ بکا کە وای لێ کردن ، ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان ئەکردو بە کردەوەی خراپیان خۆیان بەودەردە برد.

ثُمَّ كَانَ عَاقِبَةَ الَّذِينَ أَسَاءُوا السُّوأَى أَن كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللهِ وَكَانُوا بِهَا يَسْتَهْزِئُون (١٠)

پاشان سەرەنجامی ئەوانەی کردەوەی خراپیان کرد ئەوەبوو ئینکاری ئایەتەکانی خوایان کردو گاڵتەیان پێ ئەهات .

اللَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(١١)

خوا لە سەرەتادا هەموو مەخلووقات دروست ئەکاو پاشان کە مردن سەرلەنوێ زیندوویان ئەکاتەوەو پاشانیش هەمووتان ئەگێڕڕێنەوە بۆلای خوا خۆی.

وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُبْلِسُ الْمُجْرِمُونَ (١٢)

ڕۆژێکیش کە قیامەت بەرپا ئەبێو دێتە پێشەوە، تاوانکاران کڕوکپ ئەبن نازانن چیبڵێن و چۆن داکۆکی لە خۆیان بکەن .

وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَائِهِمْ شُفَعَاءُ وَكَانُوا بِشُرَكَائِهِمْ كَافِرِينَ(١٣)

لەناو ئەوانەیشا کە دایاننابوون بە هاوبەشی خوا هیچ کەسانێکیان نەبوو تکایان بۆ بکەن و ڕزگاریان کەن لەو ڕۆژە ڕەشەی تێیکەوتبوون و، ئینکاری ئەوانەیان ئەکرد کە بە هاوبەشی خوایان دانابوون و ئەیانزانی دەسەلاتی

هیچیان نییەو شتێکیان لەدەست نایەت .

وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ(١٤)

لەو ڕۆژەیشا کە قیامەت بەرپا ئەبێ، ئەو ڕۆژە ئەو خەڵکانەی زیندوو ئەکرێنەوە ، بڵاوەی لێ ئەکەن .

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَهُمْ فِي رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ(١٥)

جا هەرچی ئەوانەن کە باوەڕیان بە خوا بووەو کردەوەی چاکەیان کردووە، لە باخی بەهەشتا دڵخۆش و شادمان ئەکرێن .

وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الْآخِرَةِ فَأُولَئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ(١٦)

هەرچی ئەوانەیشن کە کافر بوون و ئایەتەکانی ئێمەو گەیشتن بەڕۆژی قیامەتیان بە درۆ داناوە، ئەوانە ئامادە کراون بۆ ناو سزاو لێی دەرباز نابن. .

فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ (١٧)

کەواتە پاکیو بێگەردی هەر بۆ خوایە کاتێ کە ئەکەونە ئێوارەو کاتێ کە ڕۆژ ئەکەنەوەو ئەکەونە سبەینێوە.

وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ (١٨)

سەناو ستایش بۆ خوایە لە ئاسمانەکان و لە زەویداو کاتێ کە ئەکەونە شێوانو کە ئەکەونە نیوەڕۆوە ، واتە : لە هەموو کاتێکا .

يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَيُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَكَذَلِكَ تُخْرَجُونَ(١٩)

خوا ئەو خوایە زیندوو دەرئەکا لە مردوو و مردوو دەرئەکا لە زیندوو و زەوی ئەژێنێتەوە پاش مردنیو ئێوەیش هەر بەوجۆرە لە گۆڕ دەرئەکرێن و زیندوو

ئەکرێنەوە.

وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّنْ تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ (٢٠)

یەکیٚ لە نیشانەکانی توانایيی خوا ئەوەیە ئێوەی لــە گــلْ دروست کردووە چونکە ئادەمزاد هەموو نەوەی ئادەمن و ئادەم لــە گلْ دروست کراوەو، پاش ئەوە ئێوە بلاٚوەی لیٚئەکەن بە هەموو لایەکی جیهانا.

وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)

یەکێکیتر لە نیشانەکانی توانایيی خوا ئــەوەیــە هــاوجــووتی بۆ دروست کردوون لە جۆری خۆتان، پیاو بۆ ئافرەت و ئافرەت بۆ پیاو، بۆئــەوەی دلّتان لەگەلّیان ئارام بگریٚو حەزیان لیٚبکــەن و خــۆشەویستیو ڕەحمی لەنێوانتانا دروست کــردووە، نێرو میٚ یــەکتریــان خۆش ئەویٚ. ئەمەی کە خوا کردوویە چەندین نیشانەی گەورەییو توانایيی خوای تیایە بۆ هەر کۆمەلّە ئادەمزادێك کە بیر لە شت بکەنەوە .

وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ (٢٢)

یەکێکیتر لە نیشانەکــانی توانایيی خــوا دروست کــردنی ئاسمانەکان و زەوییو جیاوازیی زمانتانە کە هەر میللەتیٚ بە زمانیٚ ئەدویٚ و جیاوازیی ڕەنگی پێستتانە. ئەمــە چــەندین نیشانــەی لــەسەر گەورەیيی خوا تیایە بۆ هەموو جیهان.

وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَابْتِغَاؤُكُم مِّن فَضْلِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ (٢٣)

یەکێکی‌تر لە نیشانەکانی گەورەییی خوا نــووستنتانە لــە شەوو لــە ڕۆژاو داواکردن و پەیداکردنی نان و نیعمەتتانە لە گەورەیی‌و ڕەحمی خوا. بەڕاستی لەمەدا چەندین نیشانە هەیە بۆ کەسانێ کە گوێ لە دەرزی ڕاستی بگرن.

وَمِنْ آيَاتِهِ يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مَـــاءً فَيُحْيِي بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (٢٤)

یەکێکی‌تر لە نیشانەکانی گەورەییی خوا ئەوەیە کــە برووسکەی هەورتان پیشان ئەدا تا لەوە بترسن کە برووسکەکە لێتان بداو بتانکوژێ‌و ئاگر بە ماڵ و باخ و باخات و دەغڵودانتانەوە بنێ‌و ، تەماعی ئەوەیشتان بخاتەبەر کــە باران بباری‌و کشتوکاڵتان ئاو بخواتەوە لێی. خوا لـــە ئـــاسمانـــەوە ئـــاوی باران دائەبارێنێ زەویی پێ زیندوو ئەکاتەوە پاش وشك بوونەوەو مردنی. ئەمەیش چەندین نیشانەی تیایە بۆ کەسانێ کە عەقڵیان ببێ‌و بفامن .

وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِّنَ الأَرْضِ إِذَا أَنتُمْ تَخْرُجُونَ (٢٥)

یەکێکی‌تر لە نیشانەکانی تواناییی خوا ئەوەیە ئـــاسمانـــەکـــان و زەوی بە فەرمانی ئەو لەسەر حاڵی خۆیان ڕاگیر بوون و، کاتێ بانگێکی لێ‌کـــردن پاش مردنتان لەناو زەوییەوە ڕاپەڕن‌و بەدەنگیەوە بێن دەس بەجێ گشتتان لە گۆڕ دێنەدەر .

وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ (٢٦)

هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەیە لــە فریشتەو پەری‌و ئادەمیزادو هەر جۆرە مەخلووقێ هـــەمووی هی خوایـــەو لـــەژێر فەرمانی ئەودان و هەموو ملکەچی ئەون .

وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ وَلَهُ الْمَثَلُ الْأَعْلَى فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٢٧)

خوا ئەو خوایە دەست ئەکا بە دروست کردنی مەخلووقات لــە نەبوونەوە، جا لەپاش مردنیان زیندوویان ئەکاتەوەو ئەم دروستکردنەوەیە ئاسانترە بۆی بە ئیعتیباری عەقڵی چونکە ئەوەڵ جار هیچ لەکارا نـــەبـووە کـــە دروستی کردوون، بەلاَم دووهەم جار خۆ هیچ نەبێ لاشە ڕزیوە بەخۆڵ بووەکەیـــان لە بەردەستایە. شان و شەوکەتی بەرز لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەر بۆ خوایەو خوا زاڵو تواناو بەهێزەو خاوەن حیکمەتە لە هەر کارێکا کە ئەیکا .

ضَرَبَ لَكُم مَّثَلاً مِّنْ أَنفُسِكُمْ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّنْ شُرَكَاءَ فِي مَا رَزَقْنَاكُمْ فَأَنْتُمْ فِيهِ سَوَاءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (٢٨)

خوا نموونەیەکتان هەر لە خودی خـــۆتانا بـــۆ دێنێتەوە: ئەو بەندەو کەنیزەکانەی هەتانن، کەسیان هاوبەشتانن لەو ڕزق و ڕۆزیو نان و نیعمەتەدا کـــە ئێمە پێمان داون ، تـــا یەکسان و چون یەك بن لـــەگـــەڵیان لەو ڕزقو ڕۆزییەداو لێیان بترسن کـــە تــەســەڕوفی تیا بکەن وەك ئێوەی ئازاد لەناو خۆتانا لە یەکتری ئەترسن ؟ مادەم ئێوەو بەندەو کەنیزەکەکانتان نـــابن بـــە شەریکەبەش لەو ڕۆزییەدا کە خوا پێی بەخشیون، ئیتر چۆن ئـــەو بتانە کـــە دارو بەردێکی تاشراون ئێوە خۆتان دروستتان کردوون، ببن بە هـــاوبـــەشی خوایەتیی خوا؟ ئێمە ئا بەم جۆرە بەڵگەی خوایەتیو بێ شەریکیی خـــوا ڕوون ئەکەینەوە بۆ ئەوکەسانەی ئەفامنو لەشت تێئەگەن .

بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ فَمَن يَهْدِي مَـــنْ أَضَلَّ اللَّهُ

وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ(٢٩)

بەڵكو ئەوانەی ستەمكارن و ناحەقی ئەكەن، بێئەوەی هیچ بزانن، دوای هەواو هەوەسی ئارەزووبازیی خۆیان كەوتوون . جا كەسێ كـە خـوا خـۆی گومڕای كردبێ كێ ئەتوانێ هیدایەتی بداو ڕێی ڕاستی پیشان بداو ، ئـەمـانە هیچ یارمەتیدەرێكیان بۆ نییە .

فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ(٣٠)

دەی ڕووی خۆت ڕاست بكە بۆ ئایینی ئیسلام بە حاڵێ كە لابدەی لە هەموو كارێكی بەتاڵ ، لەسەر ئەو فیترەتە پاكەی خوا مەخلووقی لەسەر دروست كردووە. كەس ناتوانێ ئەوەی خوا كردی بیگۆڕێ . ئـەمەیـە ئایینی ڕاست ، بەڵام بەشی زۆری خەڵك نازانن.

مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ(٣١)

ئەی موحـەممەد ! ڕووی خـۆت ڕاست بگـرە بـەرەو ئـایین لـەگـەڵ شوێنكەوتووەكانتا، حاڵتان وابێ بگەڕێنەوە بۆلای خـوداو لە خودا بترسن و نوێژەكانتان بكەن و ، لە گرۆهی كافرە هاوبەش بۆخوا دانەرەكان مەبن.

مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ(٣٢)

ئەو هاوبەش بوخوا دانەرانە كـە ئایینەكـانی خۆیانیان پارچە پارچە كردو هەر پارچەیەكیان ڕووی كردە لایەك و بوون بە چەند تاقم و هەر تاقمێ دڵی بەو بۆچوونە خۆشە كە خۆی هەیەتی .

وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا أَذَاقَهُم مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ (٣٣)

ئەم خەلکە ئەگەر تووشی زیانێك بوون لە خوا ئەپاڕێنەوەو ئەگەڕێنەوە بۆلای‌و کە پاشان ڕەحمەتێکیان لەخواوە بۆ هات و خوا ڕەحمێکی پێ چەشتن لەجیاتیی ئەوەی سوپاسی بکەن ئەبینین کۆمەڵێکیان هاوبەش بۆ خوای خۆیان دائەنێن .

لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣٤)

تا بەو هاوبەش بۆ خوا دانانەیان ئینکاری ئەو نیعمەتە بکەن کە پێمان داون. دەسا ئەی کافرینە بۆخۆتان ڕابوێرن و بگوزەرێنن، لەمەوپاش ئەزانن چیتان بەسەردێ .

أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا بِهِ يُشْرِكُونَ (٣٥)

یان لەبەرئەوە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن گوایە ئێمە بەڵگەیەکمان داوەتە دەسیان‌و ، ئەو بەلگەیە باسی ئەو هاوبەش بۆ خوا دانانەیان ئەکا؟ شتی‌وا نییەو لەخۆیانەوە دوای ڕێی چەوت کەوتوون و سەریان لێ شێواوە .

وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا بِهَا وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ (٣٦)

کاتێ کە ڕەحمەت و نیعمەتێ بەخەڵك بچێژین شادمان ئەبن پێی‌و ئەگەر خراپەیەکیان بەهۆی کردەوەی بەدی خۆیانەوە بێتەڕێ نائومێدو مەئیووس ئەبن لە ڕەحمەتی خوا.

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٣٧)

ئایا نازانن خوای گەورە ڕۆزی گوشاد ئەکات بۆ هەرکەسیٚ خۆی خواستی لیٚ بیٚو تەنگی ئەکاتەوە لەسەر هەرکەسیٚ خۆی خواستی لەسەر بیٚ؟ بەڕاستی لەمەدا چەندین نیشانەی گەورەیی خوا هەیە بۆ کەسانیٚ باوەڕیان بە خوا هەبیٚ.

فَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ ذَلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(٣٨)

دەی بدە بە خزم و کەس حەقی خۆیان لە خەرجی ئەگەر داماو بوون و حەقی هەژارو ڕێبواری نەدارایش بدە. ئەم جۆرە خێرکردنە چاکترە بۆ ئەوکەسانەی خاتری خوایان ئەوێ، هەرئەو جۆرە کەسانەیشن لە ڕۆژی قیامەتا ڕزگار ئەبن.

وَمَا آتَيْتُم مِّن رِّبًا لِّيَرْبُوَا فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلَا يَرْبُوا عِندَ اللَّهِ وَمَا آتَيْتُم مِّن زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ(٣٩)

ئەو پارەو ماڵەی ئەیدەن بە خەڵك بە قەرز بۆئەوەی زیاد بکاو لە پارەی ئەوانی بێتەسەر، ئەوە لای خوا زیاد ناکا، ،تە پارە بەقەرز بدەن بە خەڵك بۆ ئەوە نا خەڵکەکە پاشان بەزیادەوە بتاندەوە بەڵکو بۆ ئەوە خوا بۆتان زیاد بکاو بە دەقات چاکەتان بۆ بنووسیٚ. هەر زەکاتێکی ماڵیش لە ڕێگای خوادا بیدەن بە موستەحەققان، ئەو کەسانەی زەکاتیوا ئەدەن، ئەوانەن ماڵی خۆیان لە ڕێگای شەرعییەوە چەندین ئەوەندە لیٚ ئەکەن.

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَلِكُم مِّن شَيْءٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ(٤٠)

خوا ئەو خوایە دروستی‌کردوون و ئەنجا ڕزق و ڕۆزیی داونیٚو پاشان

ئەتانمرێنێ‌و پاشتریش زیندووتان ئەکاتەوە . هیچکام لەو هاوبەشانەتان کە بۆ خواتان داناون کارێ لەم کارانە ئەکا ؟ خوا پاك و بێگــەردەو خــاوێنە لەم هاوبەشانەی بۆ ئەویان داناون.

ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ(٤١)

خراپە لە زەوی‌و لە دەریادا دیاری‌داوە بــەهۆی ئەو شتانــەوە کە دەستی ئادەمیزاد ئەیانکا، بۆئەوەی خــوا سزای هەندێ لەم کردەوانەی ئەم خەڵکە کردوویانە بچێژێ پێیان، بەڵکو پەشیمان ببنەوەو لەو کارانە پاشگەز ببنەوە.

قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلُ كَــانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ(٤٢)

بەم هاوبەش بۆخوا دانەرانە بڵێ : بگەڕێن بەزەویداو بزانن ئەنجامی ئەوانە چۆن بوو کە بەر لە ئێوە هەبوون و بەشی زۆریان هاوبەشیان بۆ خــوا دائەنــا، بزانن خوا لە تۆڵەی ئەو هاوبەش بۆ دانانەیانا بە چ دەردێکی بردن .

فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَــهُ مِــنَ اللَّهِ يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ(٤٣)

دەی سا ڕووی خۆت ڕاست ڕابگرە بۆ ئایینی ڕاست بەرلەوەی ڕۆژێکی وەها لەلای خواوە بێت کە گەڕانەوەی بۆ نییــە. لەو ڕۆژەدا ئــەو خەڵکــە بڵاوەی لێ‌ئەکەن : موسوڵمانان بۆ بەهەشت و کافران بۆ دۆزەخ.

مَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ(٤٤)

هەرکەسێ کوفری کردبێ سزای کوفرکردنەکــەی لــەسەر خۆیــەتی‌و ، کەسانێکیش کاری چاکیان کردبی ئەوانە جێگە بۆخۆیان خۆش ئەکــەن لــە

بەهەشتا.

لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ(٤٥)

بۆئەوەی خوا بە گەورەییی خۆی پاداشی ئەوانە بداتەوە کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرانی خوا بووەو کاری چاکەیان کردووە . بەڕاستی خوا کافرانی خۆش ناوێ.

وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ يُرْسِلَ الرِّيَاحَ مُبَشِّرَاتٍ وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحْمَتِهِ وَلِتَجْرِيَ الْفُلْكُ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُواْ مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(٤٦)

یەکێ لە نیشانەکانی توانایی خوا ئەوەیە بای وەشت ئەنێرێ مژدەی بارانی پێیەو بۆئەوەی ڕەحمەتی خۆیتان پێبچێژێو بۆئەوەی کەشتی لە دەریادا بە فەرمانی خوا بە هێزی ئەو بایە ڕێ بکاو ئێوەیش کاسبی بکەنو خێرو بەرەکەتی خوا داوا بکەن بۆ خۆتانو بەڵکو سوپاسی بکەن.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ رُسُلاً إِلَى قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَانتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُواْ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ(٤٧)

بەڕاستی ئێمە پێش تۆیش پێغەمبەرانمان ناردووە بۆلای قەومەکانی خۆیان و ئەو پێغەمبەرانە بەڵگەو موعجیزەیان هێنا بۆیان کەوا پێغەمبەری خوان، کەچی باوەڕیان پێ نەکردن. ئێمەیش تۆڵەمان سەندەوە لەوانەی تاوانیان کردبوو و بەڕاستی حەق بوو بەسەرمانەوە یارمەتیی ئەوانە بدەین کە ئیمانیان هەبوو.

اللَّهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَفًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ فَإِذَا أَصَابَ بِهِ مَنْ

يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ(٤٨)

خوا ئەو خوایە بای وەشت هەڵئەکاو ئەینێرێ، ئەویش هەور هـــەڵئەکاو بە ڕووی ئاسمانا بلاّوی ئەکاتەوەو هەرچۆن خۆی مەیلی لیّ بیّ پەلەپەڵـــەی ئەکا، جا ئەبینی باران لەنێوان هەورەکەوە دێتەدەرو دائەبارێتەخوار. جا کاتیّ ئەو بارانە کەسانیّ بگرێتەوە لە بەندەگانی خوا کە خۆی مەیلی لـــەســـەر بیّ ، پێی شادمان‌و کەیف خۆش ئەبن .

وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّنْ قَبْلِهِ لَمُبْلِسِينَ(٤٩)

هەرچەند ئەوخەڵکە بەرلەوەی بارانەکەیان بەسەرا ببارێ ، بەر لە پەیدابوونی هەورەکە نائومێدو مەئیووس بوون .

فَانظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ كَيْفَ يُحْيِ الأَرْضَ بَعْـدَ مَوْتِهَا إِنَّ ذَلِكَ لَمُحْيِي الْمَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٥٠)

جا بڕوانە بۆ نیشانەو قازانجی ڕەحمەتی خوا چۆن زەوی بەو بارانە زینـدوو ئەکاتەوە پاش وشك بوونەوەو مردنی. بەڕاستی ئـــەو خوایـــە کـــەوا زەوی بەوجۆرە زیندوو ئەکاتەوە، ئەو خوایە کە مردووان زیندوو ئـەکاتـــەوەو، ئەو خوایە دەسەلاّتی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکیّ

وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحًا فَرَأَوْهُ مُصْفَرًّا لَّظَلُّوا مِنْ بَعْدِهِ يَكْفُرُونَ(٥١)

بەڕاستی ئەگەر ئێمە بایەك هەڵکەین‌و بینێرین‌و لەپاش ئەو با هەڵکردن‌و ناردنی هەورە ، هەورەکە بە زەردی ببینن ، کە هەوری زەرد نیشانەی ئەوەیە بارانی پێوە نییە ، دەس ئەکەن بە کوفر کردن‌و هەر کوفر ئەکەن چونکە خۆیان بە نائومێد ئەبینن ، لەجیاتیی ئەوەی سەبربکەن‌و خۆ ڕابگرن‌و متمانەیـان یـــە ڕەحمەتی خوا ببیّ کە ئەگەر ئەمڕۆیش نەباریّ ڕۆژێکیتر ئەباریّ .

فَإِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَى وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ(٥٢)

ئەم جۆرەکەسانە وەك مردووان ، چونکە دڵیان مردووەو تۆیش ناتوانی قسە بە گوێی مردوودا بکەیتو ناتوانی بانگەواز بەگوێی کەڕ ببیسێنی ئەگەر ئەوان پشت پێ‌هەڵکەنو نەیانەوێ ببیسن .

وَمَا أَنتَ بِهَادِ الْعُمْيِ عَن ضَلَالَتِهِمْ إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ(٥٣)

تۆ ناتوانی ڕێگا بە کەسانی گومڕا پیشان بدەی کە وەك کوێرِوان و حاڵیان بکەی گومڕاییەکەیان لەچیدایە. تەنها قسە بەگوێی ئەوانەدا ئەبەی کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە هەیەو فەرمان بەرداری فەرمانی ئێمەن.

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ(٥٤)

خوا ئەو خوایە لەپێشا بە لاوازیو هیچ لەدەس نەهاتوویی دروستی کردوون و پاش ئەو لاوازیو بێ‌هێزییە هێزی دانیو پاشان لەپاش بەهێزییەکەتان بێ‌هێزیو پیریی بۆ هێنان. ئەو مەیلی بە چی بێ ئەوە دروست ئەکا. ئەو بە هەمووشتێ ئەزانێو ئەتوانێ هەموو شتێ بکا .

وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُقْسِمُ الْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا غَيْرَ سَاعَةٍ كَذَٰلِكَ كَانُوا يُؤْفَكُونَ(٥٥)

ڕۆژێ کە قیامەت بەرپا ئەبێ تاوانباران سوێند ئەخۆن سەعاتێ زیاتر لە دنیادا نەژیاون و نەماونەتەوە. ئا بەوجۆرە هەڵئەگێڕرێنەوە لە ئاگاو هۆش‌و هیچیان لەبیرنامێنێ.

وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ وَالْإِيمَانَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِلَى يَـوْمِ الْبَعْثِ فَهَذَا يَوْمُ الْبَعْثِ وَلَكِنَّكُمْ كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ(٥٦)

ئەوانەیش کە زانست و باوەڕیـان دراوەتیّو موسولّمـان بوون و چاکـەو خراپەیان زانیوە پیّیان ئەڵیّن : نەخەیر وا نییە . لە عیلمی خوادا هەیـە کـەوا تەواوی تەمەنتان لە دنیادا ژیاون و پاشان مردوونو وا مـاونـەتـەوە تا ڕۆژی زیندووکردنەوەتان کە ئەمڕۆیەو وا ئیّستا زیندوو کراونەتەوە بۆ لیّپرسینەوە، بەلاّم ئیّوە لەبەر ئەوەی ئیّستـا لــە بەردەم لیّپرسینـەوەدا وەستـاون هیچ نازانن و هەمووتان لەبیر چووەتەوە.

فَيَوْمَئِذٍ لاَّ يَنفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مَعْذِرَتُهُمْ وَلاَ هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ(٥٧)

لەو ڕۆژی قیامەت و لیّپرسینەوەیەدا عوزر هیّنـانەوە دادی ستەمکـارانو گوناهباران ناداو ئیتر داوای تۆبەیـان لیّ ناکریّ وەك لە دنیادا بۆئەوەی لۆمەو عیتابیان لیّ نەکریّ.

وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ وَلَئِن جِئْتَهُم بِآيَـةٍ لَّيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ مُبْطِلُونَ(٥٨)

بەڕاستی ئیّمە لە هەموو جۆرە پـەندو ئـامۆژگـارییەکمان لــەم قورئانــەدا هیّناوەتەوە بۆئەوەی بیربکەنەوە ، بـەلاّم سـوودی نـەبوو بـۆیان . ئیّستەیش ئەگەر تۆ ئایەتیّ لە ئایەتەکانی قورئانیان بۆ بهیّنیتەوە ، بیّگومان کافـرەکـان ئەڵیّن : ئیوە لە بەتاڵگۆو هەرزەویّژ زیاتر نین.

كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ(٥٩)

ئاوا خوا مۆر بە دڵی ئەوکەسانەوە ئەنیّ کە نەزان و بیّئاگان .

فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلاَ يَسْتَخِفَّنَّكَ الَّذِينَ لاَ يُوقِنُونَ(٦٠)

کەواتە سەبرت ببی‌و دان بە خۆتا بگرە، ئەو گفتەی خوا داویـــە ڕاستـــەو دێتەدی‌و ، با بێباوەڕان بە بێباوەڕیی خۆیان کارێکت لێنەکەن خۆت قـــورس نەگری و بکەویتە دوودڵییەوە .

سوورەتی (لقمان)

مەککەییە ئایەتی ٢٧و ٢٨و ٢٩ی نەبیّو ، ٣٤ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الٓمٓ (١)

خوا خوّی ئەزانیّ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ (٢)

ئەم ئایەتانە ئایەتی کتیّبی پڕحیکمەت وڕازو وردبیّژین .

هُدًى وَرَحْمَةً لِّلْمُحْسِنِينَ (٣)

مایەی ڕیّپیشاندان بوّ چاکەو خیّروبیّرن بوّ کەسانیّ کردارییان چاك بیّ.

الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ (٤)

ئەو کەسانەی نویّژ ئەکەن و زەکاتی مالّ ئەدەن و باوەڕو متمانەیان بە ڕوّژی قیامەت هەیە .

أُولَئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٥)

ئەوانە دامەزراون لەسەر هیدایەت لەلایەن خواوەو ئەوانەن لە گومڕاهیی دنیاو لە سزای ڕوّژی قیامەت ڕزگارییان بووە .

وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٦)

کەسانیّوا هەن قسەو باسی پڕوپووچ ئەکڕن و خوّیانی پیّوە خەریك ئەکەن بوّئەوەی خەلّکی سادەی پیّ گومڕا بکەن و لە ڕیّگای خوایان لادەن بیّئەوەی بزانن ئەو قسەوباسە پڕوپووچانەی ئەیانکڕن چین و ڕیّگای خوا ئەکەن بە

گاڵتەجاڕی خۆیان. ئەو جۆرە کەسانە لەو دنیا سزایەکیان ئەدرێ ڕەزیل و سەفیلیان بکات .

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا وَلَّى مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِي أُذُنَيْهِ وَقْرًا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ(٧)

ئەوانە کەسانێکن کاتێ ئایەتی فەرموودەی ئێمەیان بەسەرا بخوێنرێتەوە پشت هەڵئەکەن و فیزیان ناهێنێ گوێی بۆ شل بکەن وەك بڵێی گوێیان لێ نەبووبێ وەك بڵێی گوێیان گران بێ، ئەوانە مژدەی سزایەکی سەختیان بدەرێ.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتُ النَّعِيمِ(٨)

بەڕاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە، بەهەشتی شوێنی نازو نیعمەت بۆ ئەوانە .

خَالِدِينَ فِيهَا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٩)

هەتاهەتایە لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە لەسەر گفتی ڕاستی خوا کە پێی داون و خودا زاڵ و توانایە بەسەر هەموو شتێکاو خاوەن حیکمەتە کارێ ناکا حکیمەتی تیا نەبێ .

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (١٠)

خوا ئاسمانەکانی دروست کردووە بێ کۆڵەکەگەلێکیوا ئێوە بە چاو بییانبینن و چەندین کێوی بەرزی لەسەر ئەرز دامەزراندووە بۆئەوەی ئەرز لارنەبێتەوە پێتانەوەو تووشی زیان ببن و، لە هەموو جۆرە گیانلەبەرێکی تێدا بڵاوکردووەتەوە کە پێیدا بڕواو، ئاومان لە ئاسمانەوە داباراندووەو بەو ئاوە

لە هەموو جووتە جۆرە گیایەکمان تێیدا ڕواندووە کە بەسوودو بەخشندەن بۆ ئێوەو ژیانی ئێوە.

هَذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ(١١)

ئەمەی باسم کرد ئەوەیە کە خوا دروستی کردووە. دەسا ئێوە بێن بیخەنە بەرچاوم ئەوانەی ئێوە لە خوا بەولاوە ئەیانپەرستن چییان دروست کردووە ؟ دیارە هیچیان دروست نەکردووەو نایشتوانن هیچ دروست کەن ، بەلاّم ستەمکاران لە گومڕاییەکی ئاشکراو دیاردان .

وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَنْ يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ(١٢)

باسی ئەوە بکە کە وێڵ و کەماڵ و حیکمەت و زانیاریی باشمان بەخشیبوو بە لوقمان و تێمانگەیاندبوو کە سوپاسی خوا بکاو هەرکەسیش سوپاسی خوا بکا قازانجی سوپاسەکەی بۆخۆی ئەگەڕێتەوەو هەرکەسیش کافر بێ و دان بە نیعمەتی خوادا نەنێ خودا پێویستی بە کەس نییەو. شایانی حەمدو سەنا بۆ کردنە.

وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَابُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ(١٣)

باسی ئەوە بکە کە لوقمان ئامۆژگاریی کوڕەکەی ئەکرد، پێی وت : ڕۆڵە ! هاوبەش بۆ خوا دامەنێ.بەڕاستی هاوبەش بۆخوادانان ستەمێکی گەورەیە.

وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ(١٤)

ئادەمیزادمان ڕاسپاردووە دەربارەی باوك و دایكی، دایکی لە کاتی سستی لەسەر سستیدا، کە کاتی دووگیانییەتی ، لە سکی خۆیا هەڵیگرتووە. جیابوونەوەی لە سکی دایکی بە لەدایکبوونیو، لە کۆش‌و بەرمەمکانی بە بڕینەوەی لە شیر لە دوو ساڵایە . ڕامان سپاردووەکەوا بەرانبەر بەم ئازارو ئەزیەتەی دایکت لەگەڵتی کێشاوە سوپاسی منیش و باوك و دایکیشت بکەو سەرەنجامیش دێیتەوە بەردەستی خۆم پاداشی یا سزای کرداری دنیات ئەدەمەوە.

وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلاَ تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(١٥)

ئەگەریش هەوڵیان لەگەڵ دای کەوا هاوبەشم بۆ دابنێی‌و شتێکی‌وا بکەی بە هاوبەشم کە هیچی لێ نازانی ئاخۆ بۆ ئەوە ئەشێ ببێ بە هاوبەشم ، بەگوێیان مەکەو هاوڕێیەتییان بکە لە دنیادابە هاوڕێیەتییەکی باشی‌وا شەرع پێی ڕازی بێ‌و ، شوێنی ڕێی ئەوکەسانە بکەوە کە گەڕاونەتەوە بۆلای من . پاشانیش گەڕانەوەتان بۆلای منەو جا منیش خەبەردارتان ئەکەم لە دنیادا چیتان کردووەو پاداشی کردەوەتان چییە .

يَابُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ(١٦)

ڕۆڵە ! ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر چاکە یا خراپەی ئادەمیزاد بە قورسایی دەنکە تۆوە خەرتەلەیەك بێ ،لەناو تاشەبەردێکا بێ یا لە ئاسمانەکانا بێ، خوا ئەیهێنێ بۆ مەیدانی لێ پرسینەوە . خوا ناسکە ، زانستی ئەگاتە

هەموشتیێو خوا لە هەموو شتیێ ئاگاداره .

يَابُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ (١٧)

رۆڵە ! نوێژبکەو ئەمر بە چاکە بکەو نەهی لە خراپە بکەو چیت هاتە رێ لە ناڕەحەتیو گیروگرفت خۆتی لە بەرابەردا ڕاگرە ، ئەم خۆ لەبەر ناڕەحەتیدا ڕاگرتنە یەکێکە لەکارە مەزنەکان هەرکەسێ پێی بکرێ .

وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ (١٨)

ڕووی خۆت وەرمەچەرخێنە لە خەڵك کە فیزت نەهێنێ ڕوویان تێبکەیو قسەیان لەگەڵ بکەیو، بە فیزو خۆپەسەندییەوە بەسەر زەویدا مەڕۆ . بێگومان خوا خۆشی نایەت لە هیچ کەسێکی خاوەن فیزو دەعیەو شانازی بەخۆوە کردوو .

وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ (١٩)

مامناوەندی بە لە ڕۆیشتنتا بەڕێدا ، نە خاوو خلیچك ڕێبکەو نە بە پەلەیش بڕۆ، دەنگت زۆر هەڵمەبڕەو مەقیڕێنە . بێگومان ناخۆشترین دەنگ دەنگی گوێرێژە کە زۆر بەرز نەزەڕێنێ.

أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ (٢٠)

ئێوە نابینن خوا هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە هەمووی بۆ

ڕام کردوون‌و ، نیعمەتی خۆی بەسەرتاندا بەربلاوکردووە بەئاشکراو بەنهێنی؟
لەناو ئەم خەڵکەدا کەسانی‌وا هەن ئەکەونە دەمەدەم کردن لەبارەی خواوە بێ‌ئەوەی بۆخۆیان هیچ بزانن یا لە پێغەمبەرێکەوە شتێ فیرْ بووبن یا کتێبێکیان لە خواوە بۆ هاتبێ بەرچاویان ڕوون بکاتەوە.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُواْ مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ (٢١)

کە پێیان بوترێ: شوێنی ئەو کتێبە بکەون کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر ، ئەڵێن : نەخەیر ، شوێنی ئەو ڕێوڕەسمانە ئەکەوین کە باوك‌و باپیرانی خۆمانمان دیوە لەسەریان ئەڕۆیشتن . جا ئایا ئەگەر شەیتان تەنانەت بۆ ئازارو سزای ئاگری بلێسەداری دۆزەخیشتان بانگ بکا ، هەر شوێنی ئەکەون؟

وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ (٢٢)

هەرکەسێ ڕووی خۆی وەرچەرخێنێ بۆلای خواو‌کاری خۆی بداتە دەست ئەوو کارو کردەوەی چاك بکا، ئەوە دەستی بە دەستەگیرەیەکی توندو پتەوو نەلەقیوەوە گرتووەو ، سەرەنجامی هەموو کارێکیش بۆلای خوا ئەگەڕێتەوە.

وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٢٣)

هەرکەسیش کافربێ ، با کافرییەکەی خەفەتبارو دلگرانت نەکا. ئاخری هەموو دێنەوە بەردەستی ئێمەو خوایش ئاگاداریان ئەکا کەوا لە دنیادا چییان کردووە . خوا ئەزانێ چی لە دڵی هەرکەسێکدا هەیە .

نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلاً ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَى عَذَابٍ غَلِيظٍ(٢٤)

چەردەییّ، یا بۆ ماوەیەکی کەم ، مایەی ڕابواردنیان بۆ ئەڕەخسێنین . پاشان ناچارو گیرۆدەی سزایەکی سەخت و نالەباریان ئەکەین.

وَلَئِنْ سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ(٢٥)

ئەگەر لێیان بپرسی : کێ ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووە ؟ ئەڵێن: خوا. تۆیش بڵێ: حەمدو سەنا بۆ خوا کەوا قسەتان ئەماو دانتان بەو ڕاستییەدا نا ، بەڵام ئەمانە بەشی زۆریان نازانن کەوا قسەیان نەماو بە داوی قسەی خۆیانەوە بوون.

لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ(٢٦)

هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە هەمووی هیی خوایە. بەڕاستی هەر خوایە بێنیازە لە هەموو جیهان و ستایشی ئەکرێ.

وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٧)

ئەگەر هەرچی دارودرەخت لە زەویدا هەیە هەمووی قەڵەم بێو دەریایش هەمووی مەرەکەب بێ و حەوت دەریا لەدوایەوە یارمەتیی بداو بچێتە سەری، هێشتا وشەکانی خوا تەواو نابن بەو قەڵەم و مەرەکەبانە بنووسرێن. بەڕاستی خوا خاوەن عیززەتو خاوەن حیکمەتە.

مَا خَلْقُكُمْ وَلاَ بَعْثُكُمْ إِلاَّ كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (٢٨)

نە دروست کردنی ئێوەو نە زیندووکردنەوەتان پاش مردن وەك دروست کردنو زیندوو کردنەوەی یەك کەس نەبێ نییە. واتە دروستکردنو زیندوو

کردنەوەی پاش مردنی هەموو ئادەمیزاد لای خوا هەر ئەوەندەی دروست کردن و زیندوو کردنەوەی یەك کەسی تێئەچێ . بەڕاستی خوا گوێی لە هەموو شتێکەو هەمووشتێ ئەبینێ .

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُون خَبِيرٌ(٢٩)

تۆ نابینی خوا شەو ئەبا بەناو ڕۆژاو ڕۆژ ئەبا بەناو شەواو ڕۆژو مانگی ڕام کردووە هەرکامیان تا ماوەیەکی دیاریکراو هاتوچۆ ئەکاو ، خوا بەڕاستی ئاگادارە لە هەموو کارو کردەوەیەکتان.

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ(٣٠)

ئەمەی کە باسمان کرد لەبەر ئەوەیە کەخوا ڕاستەو توانایەو ، ئەوبتانەی ئێوە، ئەی بت پەرستەکان، هاواریان ئەکەنێ پووچ و بەتاڵن و ، هەرخوا بۆخۆی بەڕاستی بەرزو بالاو گەورەیە .

أَلَمْ تَرَ أَنَّ الْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِبنِعْمَتِ اللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنْ آيَاتِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (٣١)

ئایا نابینی کەشتی ڕەوان ئەبن بەناو دەریادا بە ئیحسان و نیعمەتی خوا بۆئەوەی خوا هەندێ لە نیشانەکانی گەورەیی خۆیتان پیشان بدا. بێگومان لەم ڕەوان بوونی کەشتییانەدا بەناو دەریادا چەندین نیشانەی گەورەیی خوا هەیە بۆ هەموو ئەوانەی خۆ لەسەر بیرکردنەوە لەگەورەیی خوا ڕائەگرن و بەردەوام ئەبن لەسەری و سوپاسی نیعمەتی خوا ئەکەن .

وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ (٣٢)

ئەو خەڵکەی بە کەشتی هاتوچۆ بەناو دەریادا ئەکەن، ئەگەر شەپۆلێکی ئاو لە دەریادا بێ بەسەریاناو دایان بگرێو وەك هەور بە ڕاسەریانەوە بێ، لە خوا ئەپاڕێنەوەو عیبادەتیان بۆخوا بێگەرد ئەبێوکەس ناکەن بە هاوبەشی. کە ڕزگاریشیان ئەکاو ئەیانگەیەنێتە وشکان، هەندێکیان لەسەر ڕێگەی ڕاستی خوا بەیەك زانین ئەمێننەوەو ناگەڕێنەوە بۆ هاوارکردنە بتو بە هاوبەشی خوا دانانی. کەسیش ئینکاری نیشانەکانی خوایەتیی ئێمە ناکا ئەوانە نەبێ کە کافرو غەددارو سپڵەو ناسوپاسن.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ وَاخْشَوْا يَوْمًا لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِ شَيْئًا إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ (٣٣)

خەڵکینە ! خۆتان لە نافەرمانیی خوای خۆتان بپارێزنولەو ڕۆژە بترسن کە هیچ باوکێ لەوڕۆژەدا دادی کوڕی خۆی ناداو هیچ ئەولادێ سوودی هیچی بۆ باوکی نابێ نە کەم و نەزۆر. بەڕاستی ئەو گفتەی خوا داویە ڕاستەو دێتەدیو، کەواتە با ژیانی دنیا باییو غەڕڕاتان نەکاو شەیتانی ئینسان خەڵەتێن واتان لێ نەکا لە خوا بەلەسە بێن و دەس بدەنە بێفەرمانیو گوناه کردن.

إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (٣٤)

بێگومان هەر خوا خۆی ئەزانێ کەی ڕۆژی قیامـــەت دێو، هەر ئەوە باران ئەبارێنێ و ئەزانێ چی لە منداڵدانی ئـافرەتایـــە کـوڕ یـا کچ ، کــەس نازانێ سبەینێ چی ئەکاو کەس نازانێ لەکوێ ئـەمرێ. بـــەڕاستی هەر خوایە هەموو شتێ ئەزانێو ئاگای لە هەموو شتێکە.

سووەرتی (ألسجده)

مەککەیی‌یه ئایەتی ١٦- ٢٠ ی نەبیّو ، ٣٠ ئایەته

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

آلم (١)

خوا خۆی ئەزانیّ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

تَنزِيلُ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (٢)

ناردنه خوارەوەی قورئـان گومـانی تیا نییـه لـەلایەن خـوای هـەموو جیهانەکانەوەیە .

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ (٣)

یا ئەڵێن : موحەممەد خۆی هەڵیبەستووە ؟ حاشا وانییە ، بەڵکو ئەو قورئانە حەقەو ڕاستەو لەلایەن خوای تۆوەیە بۆئەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی پیّ بترسێنی بەر لە تۆ هیچ ترسێنەرێکیان نەهاتووەتەسەر بییانترسێنیّ، بەڵکو بێنە سەر ڕێی ڕاست کە ئایینی ئیسلامە .

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ مَا لَكُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ (٤)

ئەوەی ئەم قورئانەی ناردووەتە خوار ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی‌و چی لەنێوانیانا هەیەی لە شەش ڕۆژا دروست کردووەو ، لەپاشا عەرشی داگیر کردووە. لە ڕەزامەندیی ئەو لابدەن هیچ دۆست و سەردارو

سەرپەرشتیکەرێکتان نابێ یارمەتیتان بداو کەستان نابێ تکاتان بۆ بکا لای، دەسا بۆ بیرێ لە حاڵی خۆتان ناکەنەوەو ئامۆژگارییەکانیتان بەگوێدا ناچێ؟

يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ (٥)

ئەو خودایە کاروباری جیهان لە ئاسمانەوە تا زەوی ڕێك ئەخا بەهۆی کاربەدەستانی خۆیەوە کە فریشتەکانن، پاشان فریشتەی کاربەدەست ئەگەڕێتەوە بۆلای خوا واتە بۆ ئەو شوێنەی خوا فەرمانی داوەتێ لەویادا بێ، لە ڕۆژێکا کە ئەندازەکەی بەحیسابی ئێوە هەزار ساڵە، واتە لە ماوەیەکی دوورو درێژدا. مەبەستی لەوەیە لە بڕیاردانی هەر کارێکەوە تا جێبەجێ کردنی ماوەیەکی زۆری پێ ئەچێ.

ذَلِكَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٦)

ئەو خودایە ئەوەیە بە هەموو شتێکی پەنامەکیو ئاشکرا ئەزانێو بەسەر نەیارانیا زاڵەو لەگەڵ خۆشەویستانی خۆی میهرەبانە.

الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِنْ طِينٍ (٧)

ئەو خودایەیە هەر شتێکی دروست کردووە باشی دروست کردووەو بەپێی حیکمەتێ دروستی کردووەو سەرەتای دروست کردنی ئادەمیزادی لە گڵەوە دەست پێکردووە.

ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِنْ سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ (٨)

پاشان نەوەی ئادەمی لە پوختەو خولاسەیەك دروست کردووە لە ئاوێکی سووك و بێبایەخ.

ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ

قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ(٩)

پاشان ڕێکی خستووەو ئەندامەکانی دروست کردووە بەوجۆرەی کە ئەیبینین و گیانی خۆی کردووە بەبەراو گوێو چاوو دڵی بۆ دروست کردوون. ئێوە زۆر کەم سوپاسی خوای خۆتان ئەکەن.

وَقَالُوا أَئِذَا ضَلَلْنَا فِي الأَرْضِ أَئِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ بَلْ هُمْ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ كَافِرُونَ (١٠)

کافرەکان وتیان: ئاخۆ کاتێ ئێمە مردین و ون بووین لە زەویدا، واتە: بووین بەخۆڵ و وامان لێهات لەناو خۆڵی زەویدا ئاسەوارمان نەناسرێتەوە، سەرلەنوێ دروست ئەکرێینەوە؟ لێگەڕێ لەمانە. ئەمانە ئینکاری ئەوە ئەکەن بگەنە حوزووری خواو حیسابیان لەگەڵ بکاو لێیان بپرسێتەوە.

قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ(١١)

تۆ پێیان بڵێ: فریشتەی مەرگ کە کراوە بە بەرپرسی گیانکێشانتان، گیانتان ئەکێشێو، پاش گیانکێشانتان ئەگێڕێنەوە بۆلای خوای خۆتان و لێتان ئەپرسێتەوە.

وَلَوْ تَرَى إِذِ الْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا رُءُوسِهِمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ رَبَّنَا أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ(١٢)

ئەگەر چاوت لێ بێ کاتێ کە تاوانباران سەریان لە حوزووری خوای خۆیانا داخستووەو ئەڵێن: خوایە ئەوەمان بە چاوی خۆمان دی گفتت بە هاتنەدیی دابوو گوێمان لێبوو فەرمووت: پێغەمبەرەکانت کاتی خۆی چییان لەلایەن تۆوە وتووە ڕاستیان وتووە، دەسا بمانگێڕەوە بۆ دنیا تا ئەمجار کردەوەی چاک بکەین و بەپێی فەرموودەکانت بجووڵێینەوە. ئێمە ئێستا باوەڕمان بە تۆ بە

پێغەمبەرانی تۆو بە ڕاستیی فەرموودەکانتان هەیە. وەڵامی (ئەگەر)ەکەی سەرەتای ئایەتەکە لە ئایەتەکەدا نەوتراوە، واتە: ئەگەر ئەوەت بدیایە شتێکی سەیرت ئەدی کە چۆن ئەو کافرانە بە سەرشۆڕی لە حوزووری خوادا وەستاون.

وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ(١٣)

ئەگەر مەیلمان لێبوایە هیدایەتی هەمووکەسێکمان ئەدا بێتە سەر ڕێی ڕاست و موسوڵمان ببێو نەمانئەهێشت کەس بە کافری بمرێ. واتە: ئەگەر ئەو کافرانە بگێڕینەوە بۆ دنیا تا موسوڵمان بن، خۆ هەر لە سەرەتاوە هەموو کەسێکمان هیدایەت ئەداو ئەمانهێنایە سەر ڕێی ئیسلامەتی، بەڵام ئێمە ڕێی چاکەو خراپەمان ڕوون کردووەتەوە بۆ خەڵك و ئێتر خەڵك خۆیان بڕیار ئەدەن کام ڕێگا ئەگرنەبەرو، من بڕیاری خۆم داوە دۆزەخ پڕئەکەم لە جنۆکەو ئادەمیزادی بێ باوەڕ بەگوێرەی ئەو ڕێگایەی ئەوان بۆ خۆیانیان هەڵبژاردووە.

فَذُوقُوا بِمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا إِنَّا نَسِينَاكُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْخُلْدِ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(١٤)

دەسا بەهۆی ئەوەوە کە گەیشتن بەم ڕۆژەتانتان فەرامۆش کرد، تاڵیی دۆزەخ بچێژن. ئێمەیش ئێوەمان لەبیرچووەتەوەو کەواتە سزای نەبڕاوەو پایەدار بچێژن بەرانبەر بەوکردەوانەی لە دنیادا ئەتانکردن.

إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ(١٥)

تەنها ئەوکەسانە باوەڕیان بە ئێمە هەیە کەوا ئەگەر ئەو ئایەتانەیان

بخرێنەوە یادو ئامۆژگارییان بکرێ پێیان، بەڕوودا ئەکەون و سوجدە ئەبەن و سەناو ستایشی خوای خۆیان ئەکەن و خۆیان بە گەورە نازانن تا لە فەرمانی خوا بەلەسە بین و ئیمان نەهێنن و فەرمانبەرداریی ئەمری خوا نەکەن.

تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ(١٦)

لاتەنشتیان لە شوێنی نووستنی شەویان بەرز ئەبێتەوە واتە بە شەو ڕاست ئەبنەوە بۆ خواپەرستیو لەترسی سزای دۆزەخ و، بە هیواو تەماعی نیعمەتی بەهەشت لە خوای خۆیان ئەپاڕێنەوەو خوا چیی دابنێ لێی خەرج ئەکەن لە ڕێی ئەودا .

فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(١٧)

هیچ یەکێ لەوانە نازانێ لەپاداشی ئەو کردارە چاکانەدا لەم دنیادا ئەیانکردن، چیی بە بێئاگاداریی خۆی بۆ ئامادە کراوە لەو دنیادا لەو شتانەی چاویان لە خۆشییانا پێ فێنك ئەبێتەوە.

أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَمَنْ كَانَ فَاسِقًا لاَّ يَسْتَوُونَ(١٨)

کە سزای بێباوەڕان ئەوەبێ کە وتمان و پاداشی ئیمانداران و چاکەکەران ئەوە بێ کە وتمان، ئەوەی باوەڕی بووە وەك ئەوە وایە کە گوناهبارو لەخوانەترس بووە ؟ دیارە وەك یەك نین و لە یەك ئاستدا نین.

أَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ جَنَّاتُ الْمَأْوَى نُزُلاً بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(١٩)

هەرچی ئەوانەن کە باوەڕیان بووەو چاکەیان کردووە، ئەوانە بەهەشتی

(جنةالماوی) یان بۆ هەیە کە بۆ هەمیشە تیا ئەژین و ئەمێننــەوە وەك شوێنی بۆئامادەکراویان لە پاداشی ئەو کارە باشانەدا ئەیانکردن.

وَأَمَّا الَّذِينَ فَسَقُواْ فَمَأْوَاهُمُ النَّارُ كُلَّمَا أَرَادُواْ أَن يَخْرُجُــواْ مِنْهَــا أُعِيدُواْ فِيهَا وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُواْ عَذَابَ النَّارِ الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ(٢٠)

هەرچی ئەوانەیشن کە فاسق و گوناهبار بوون و باوەڕیان بە خوا نەبــووە، ئەو مەڵبەندەی تیا ئەگیرسێنەوە ئاگری دۆزخە، هــەرچەنــد بیبیانــەوێ لێی دەرچنە دەرەوە ئەهێنرێنەوە ناوی‌و پێیان ئەوترێ ئەو ئازارو سزای ئــاگــری دۆزەخــە بچێژن و تۆشی بکەن کە بە درۆتــان دائەنــاو ئینکــارتــان ئــەکــردو باوەڕتان پێی نەبوو !

وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّــنَ الْعَــذَابِ الْأَدْنَــى دُونَ الْعَــذَابِ الْأَكْبَــرِ لَعَلَّهُــمْ يَرْجِعُونَ(٢١)

ئێمە بەڕاستی لە دنیادا هەندێ ئــازاری سووك ، ئــازاری قورس نــا، بـــەو بێباوەڕانە ئەچێژین بەڵکو بیرێ لە حاڵی خۆیان بکەنــەوەو لــە بێبــاوەڕیی خۆیان بکشێنەوەو پەشیمان ببنەوە.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ(٢٢)

کێ لەوکەسە ستەمکارترە کە ئامۆژگاریی کرابێ بە ئایــەتــەکــانــی خواو پاشان پشتی لەو ئایەتانەی خوا هەڵکردبێ‌و گوێی نەدابێ ؟ ئێمە بەڕاستی تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنینەوە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَلَا تَكُنْ فِي مِرْيَةٍ مِّن لِّقَائِهِ وَجَعَلْنَاهُ هُدًى لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ(٢٣)

ئێمە بەڕاستی کتێبمان داوە بە مووسا کە تەوراتــە. تۆیش هیچ گومــانت لەوەدا نەبێ کە گەیشتووی بە کتێبێکیوا کە قورئانەو ، ئەو کتێبەی مووسامان کردبوو بە مایەی هیدایەت و ڕێدەرکردنی بەنیئیسرائیل.

وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُواْ وَكَانُواْ بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ(٢٤)

چەندین پێشەوای ئایینمان لــە بەنیئیسرائیلییەکــان دروست کــرد کــە پێغەمبەرەکانیانن و بە فەرمانی ئێمە ڕێیان پیشانی خەڵك ئەدا کــاتــێ کــە خۆیان لە بەرانبەری دەردو ئازاری دوژمنانی خوادا ڕاگرت و نامەی خوایــان بە خەڵك ئەگەیاندو متمانەیان بە ئایەتەکانی ئێمە هەبوو.

إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ(٢٥)

خوای تۆ فەسڵ ئەکا لەنێوان ئــەو پێغەمبەرانــەی بــەنــیئیسرائیل و ئــەو خەڵکانەدا کە خوا ئەو پێغەمبەرانەی نــاردبوە سەریــان بۆ ڕێ پیشاندانیــان، لەبارەی ئەو مەسەلانەوە کە ئیختیلافیان لەناوا هەبوو تیایاندا.

أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ أَفَلَا يَسْمَعُونَ(٢٦)

ئایا ئەو کافرانە شارەزا ناکا بۆ ناسینی خوا ئەوە کە ئێمە بەر لەوان خەڵکی چەندین چەرخمان فەوتاندو لەناوبرد کە ئیستــا ئەمــانــە لــە هاتــوچــووی بازرگانیی ڕێگای شامیاندا بەناو نشینگەکانی ئەوانا ئەڕۆن ؟ ئەو ڕووداوە چەندین نیشانەی بۆ خوایەتیی خوا تیابە ، دەی ئەوانە هێشتا هەر نابیسن ؟

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَسُوقُ الْمَاءَ إِلَى الْأَرْضِ الْجُرُزِ فَنُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَامُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ أَفَلَا يُبْصِرُونَ(٢٧)

ئایا ئەوکافرانە نابینن ئێمە باران ئەنێرینە سەر عەردی گیاڵیبڕاوو بەو بارانە گژوگیا ئەڕوێنین و لە عەردی دەرئەکەین و ئاژەڵ و چوارپێ و ڕەشەوڵاخیان و خۆیشیان لەو گژوگیایە ئەخۆن ؟ ئایا ئەمانە سەیرناکەن و نابینن؟

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْفَتْحُ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٢٨)

کافران ئەڵێن: ئەو ڕۆژە کەی ئەبێ کە خوا موسوڵمانان زاڵ ئەکا بەسەر کافرانا ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن و زاڵ ئەبن بەسەرمانا ؟

قُلْ يَوْمَ الْفَتْحِ لاَ يَنفَعُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِيمَانُهُمْ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ (٢٩)

تۆیش ، ئەی موحەممەد ! لە وەڵاما پێیان بڵێ : لە ڕۆژی زاڵ بوونی موسوڵمانان بەسەر کافرانا کەڕۆژی قیامەتە بەتەواوی دەرئەکەوێ باوەڕ سەرکەوتووەو بێباوەڕی دۆڕاندوویەتی. کافران ئەگەرلەوڕۆژەدا ئیمانیش بێنن ئیمانەکەیان هیچ سوودێکی نابێ بۆیان و مۆڵەتی هیچیشیان نادرێ ، هەر کە لێپرسینەوە تەواو بوو پاڵیان پێوە ئەنرێ بۆ ناو دۆزەخ.

فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَانتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ (٣٠)

کەواتە خۆتیان لێلابدەو گوێیان مەدەرێ کە باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیت ناکەن و ، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بە کە زاڵ ئەبی بەسەریانا .ئەوانیش بۆخۆیان چاوەڕوانی ئەوەن زاڵ بین بەسەر تۆدا..

سوورەتی (ألأحزاب)
مەدینەیی‌یەو ، (٧٣) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلاَ تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (١)

ئەی پێغەمبەری خوا ! لە خوا بترسەو بەگوێی کافرەکانی مەککەو منافقە دووڕووەکانی مەدینە مەکە، بێگومان خوا بە هەموو شتێ ئەزانێ‌و خاوەن حیکمەتە.

وَاتَّبِعْ مَا يُوحَى إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (٢)

شوێنی ئەو قورئانە بکەوە کە بە وەحی لە خواوە دێ بۆت ، بەڕاستی خوا ئاگادارە لە هەرکارێ کە ئەیکەن.

وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلاً (٣)

پشت بە خوا ببەستەو بەو پشت ئەستوور بە. خوا بەسە بۆ پاڵ پێوەدان و پشت پێ‌بەستن.

مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّنْ قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللاَّئِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُمْ بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ (٤)

خوا لە سنگی هیچ کەسێکا دوو دڵی دانەناوە، ئەو ژنانەتان کە (ظیهار)یان لەگەڵ ئەکەن‌و لە جێگەی دایکی خۆتانیان دائەنێن و پێیان ئەڵێن: تۆ لە جێی دایکمی، خوا ئەو ژنانەتانی نەکردووە بە دایکتان. دایکتان ئەوانەن ئێوەیان لێ بوون. ئەوکەسانەیش کە ئێوە بە قسە کردووتانن بە کوڕی خۆتان ، خوا

نەیکردوون بە کوڕتان ، چونکە کوڕی ئێوە ئەو نێرینانەن لە بەیەك گەیشتنی ئێوەو ژنتان پەیدا بوون . ئەم بە کوڕی خۆ کردنی منالّی خەلّکە تەنها قسەی دەمتانە . خوا قسەی ڕاست ئەکاو ڕێگەی ڕاستتان پیشان ئەدا.

ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُمْ بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (٥)

ئەو کوڕانە بە ناوی باوکی خۆیانەوە بانگ بکەن، ئەوە ڕاستترو عەدالەتترە لای خوا . خۆ ئەگەر نازانن کوڕی کێن و باوکیان کێیە ، ئەوا برای دینیتانن‌و دۆست‌و برادەرتانن و تاوانبار نابن لەسەر وشەیەکی لەم بابەتە بەهەلّە بەدەمتانا بێ، بەلاّم لەسەر ئەوە تاوانبار ئەبن کە بە دەسەنقەست و بە ئارەزووی دلّ بیلێن‌و، خوا بەخشندەو بەڕەحمە.

النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلاَّ أَن تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُم مَّعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا (٦)

پێغەمبەر باشترو بەسوودترە بۆ موسولّمانان لە خودی خۆیان چونکە هەرگیز فەرمانیان بە کاری خراپ پێ نادا، بەلاّم خۆیان گەلێجار ڕێگەی چەوت بۆخۆیان هەلّئەبژێرن. ژنەکانیشی وەك دایکی موسولّمانان وان‌و ، ئەوانەی خزمایەتییان لەنێوانا هەیە هەندێکیان شایانترن لە هەندێکیان بە پێی کتێبی خوا بۆ میرات لەیەك وەرگرتن لە موسولّمانانی‌ترو لەوانەی لە مەککەوە کۆچیان کردووە بۆ مەدینە ، مەگەر ئێوە خۆتان لە ژیانتانا بتانەوێ

چاکەیەك لەگەلْ دۆستانتان بکەن و وەسیەت بکەن کەوا پاش مردنتان ئەوەندە لە پاشماوەتان بدەن بە فلاّن کەس.ئەمە لە کتێبی خوادا نووسراوە کە قورئان یاخود لەوحولمەحفووزە.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا(٧)

یادی ئەوە بکە کە عەهدو پەیمانمان لە پێغەمبەران وەرگرت کەوا ئەو پەیامەی خوا لە ئەستۆی هەموویانی داناوە بە خەلْکی بگەیەنن و ، لە تۆیشمان وەرگرت و لە نووح و لە ئیبراهیم و لە مووساو لە عیسای کوڕی مەریەمیشمان وەرگرت و ، پەیمانێکی توندو سەختمان لیْ وەرگرتن .

لِيَسْأَلَ الصَّادِقِينَ عَن صِدْقِهِمْ وَأَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا(٨)

بۆیە ئەم پەیمانەمان لە هەموان وەرگرت تا خوا لە ڕۆژی قیامەتا لە ڕاستگۆیان بپرسیْ لەبارەی ڕاستییانەوەو ، سزایەکی پڕئازاریشی بۆ کافران ئامادە کردووە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا(٩)

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەری خوا ! باسی نیعمەتی خوا بکەن بەسەرتانەوە کاتیْ کە لەشکری دوژمن هاتە سەرتان و ئێمەیش ڕەشەبایەکمان هەلْکرد بۆسەریان و سەربازگەلێکمان نارده سەریان کە ئێوە نەتانئەبینین و ، هەرچییەکی ئێوە ئەتانکرد خوا هەمووی ئەبینی .

إِذْ جَاءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ

الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا (١٠)

کاتێ کە ئەو لەشکرە لە لای سەرووتانەوەو لە پێیینتانەوە هاتنە سەرتان و چاوان ئەبلەق بوون و دڵان لەترسا کەوتنە تەپەتەپ و بەرزبوونەوە بۆ پێینی قورگ و جۆرەها گومانتان بە خوا ئەبرد کە پشتی لێ هەڵکردوون و نایەت بەفریاتانەوە..

هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيدًا (١١)

ئا لەویادا خاوەن ئیمانەکان کەوتنە بەر تاقیکردنەوە تا دەرکەوێ کامیان ئیمانی دامەزراوەو کامیان ئیمانی لەقەو کەوتنە تەکانێکی زۆر توندەوە لەبەر زۆریی ئەو ترسەی دڵی داگرتبوون.

وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلاَّ غُرُورًا (١٢)

ئا لەویادا منافقە دووڕووەکان و دڵ کرمێ بووەکان کە دڵیان بە دەردی کەم باوەڕی گرفتار بوو ئەیانوت : خواو پێغەمبەر لە گفتی هیچوپووچ بەولاوەیان نەداوینێ. .

وَإِذْ قَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لاَ مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلاَّ فِرَارًا (١٣)

کاتێکیش کە تاقمێ لە منافقە دووڕووەکان ئەیانوت: ئەی خەڵکی شاری یەثریب (کە ناوی شاری مەدینە بووە) ! مەیدانی خۆڕاگرتنتان نییە بەرانبەر بەم لەشکرە. کەواتە بگەڕێنەوەو شەڕ مەکەن و، هەندێکیان داوای ڕوخسەت لە پێغەمبەر ئەکەن و ئەڵێن : ماڵمان چۆڵ و لەبەرچاوەو لەڕاستییشا چۆڵ و

لە بەرچاو نییە ، بەلاَم هەر ئەوەیان ئەویٚ كە هەلْبیٚن .

وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لَآتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلَّا يَسِيرًا (١٤)

ئەگەر لە چوار دەوری شاری مەدینەوە لەشكر بهیٚنرایەتە سەریان بۆ ناوشارو داوایان لیٚ بكرایە كە پاشگەز ببنەوە لە موسولْمانەتی و بگەریٚنەوە بۆ كافری وایان ئەكردو داواكەیان جیٚبەجیٚ ئەكردو ماوەیەكی كەم نەبیٚ ماتل نەئەبوون و خۆیان رانەئەگرت.

وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْئُولًا (١٥)

پیٚشتریش ئەو منافقە ئیمان لەقانە پەیمانیان بە خوا دابوو كە هەرگیز پشت پیٚهەلْنەكەن و ، پەیمانیٚ بە خوا درابیٚ ئینسان لە ئاستیا لیٚی ئەپرسریٚتەوە.

قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا (١٦)

ئەی موحەممەد ! پیٚیان بلْیٚ : ئەگەر ئیٚوە لەمردن یا لە كوژران هەلْبیٚن ئەو هەلاَتنەتان هیچ سوودیٚكی نابیٚ بۆتان، چونكە ئەگەر بیشلْیٚین بەو هەلاَتنەتان لە مردن یا لە كوژران لە مەیدانی جەنگا رزگارتان ببیٚ، بۆ ماوەیەكی كەم نەبیٚ خۆشی لەومانەوەیەتان نابینن و سەرەنجام هەر ئەمرن .

قُلْ مَن ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (١٧)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! پیٚیان بلْیٚ : كیٚ لە دەستی خواتان دەرباز ئەكا ئەگەر

نیازێکی خراپی پێتان ببێ یا بییەوێ ڕەحمتان پێ بکا ؟ ئەو بێباوەڕانەی لە مەیدانی جەنگ هەڵدێن دۆستێك و یارمەتیدەرێکیان دەستگیرنابێ ڕزگاریان بکا لە دەستی قودرەت و توانایی خوا.

قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَالْقَائِلِينَ لِإِخْوَانِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا وَلَا يَأْتُونَ الْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا (١٨)

بەڕاستی خوا بەو کەسانە ئەزانێ کە ئەبن بە کۆسپی ڕێگای خەڵك بۆ چوونە غەزاو ، بەو کەسانەیش ئەزانێ کە بە دۆست و برادەرەکانیان ئەڵێن : مەچن بۆ غەزاو وەرن بۆلای ئێمەو بۆخۆیان کەمێ نەبێ ناچنە مەیدانی جەنگەوە.

أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ فَإِذَا جَاءَ الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ أُولَٰئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَأَحْبَطَ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا (١٩)

ئەوانە کە زۆر ڕژدن لە یارمەتیدانتانا، کە ترسێکیشیان دێتەبەر ئەیانبینی سەیرت ئەکەن و چاوەکانیان لە کاسەچاویانا ئەخولێتەوە وەك کەسێ لە حاڵی گیانەلادا سامیمەرگ دایگرتبێ. کە ترسەکەیشیان نەماو ڕەوییەوە، زمانتان لێ ئەکێشن و ئەکەونە قسەی بێشەرم و شکۆ بەرانبەرتان. ئەمانە لەئاستی هەر کارێکی چاکەدا ڕژدو چرووکن و هیچیان لێ ناوەشێتەوە. ئەمانە ئیمانیان نەهێناوەو خوا کرداری مایەپووچ کردوون و، ئەم مایە پووچ کردنەی کرداریشیان کارێکی ئاسانە بۆ خوا.

يَحْسَبُونَ الْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا وَإِن يَأْتِ الْأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم

بَادُونَ فِي الأَعْرَابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنْبَائِكُمْ وَلَوْ كَانُوا فِيكُم مَا قَاتَلُوا إِلاَّ قَلِيلاً (٢٠)

ئەم منافقە ئیمان لەقانە وائەزانن ئەحزابەکان کە هاتبوونە سەر موسوڵمانان بۆ مەدینە هێشتا بە دەوروبەری شارا ماون و نەڕۆیشتوون ، لەبەرئەوە هەڵاتبوون بۆ ناوشار تا خۆیان لە بەرچاو ون بکەن و ، ئەگەر ئەحزابەکان جارێکیتر بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینە، حەزئەکەن دەرچن و لە دەرەوەی شار بن لەناو دەشتەکییەکانا، هەرکەسێ لە شارەوە هات هەواڵی ئێوەی لێ بپرسن ئاخۆ خۆتان پێ ڕاگیر کراوە یا شکاون. ئەگەر لەناویشتانا بوونایە کەمێ نەبێ، ئەویش لە شەرما ، هیچ شەڕیان نەئەکرد .

لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا (٢١)

بەڕاستی لە بوونی پێغەمبەری خوادا چاولێکەری و شوێنکەوتنێکی جوان هەیە بۆ ئەوکەسانەی بەهیوای گەیشتن بە حوزووری خواو پاداشی ڕۆژی قیامەتن و زۆر جار ناوی خوا دێنن و یادی ئەکەنەوە . واتە : ئەوانەی شوێنی خوو و ڕەوشتی پێغەمبەر ئەکەون ، پیرۆزیی دنیاو قیامەتیان دەسگیر ئەبێ .

وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلاَّ إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا (٢٢)

بەڵام موسوڵمانە خاوەن باوەڕەکان کاتێ کە تاقمەکانی کافرەکانیان دی ، وتیان : ئەم هێرشی کافرانە بۆسەرمان و ئەم شەڕە کە دەرگای پێ گرتووین ، ئەوەیە کە خواو پێغەمبەر گفتیان دابووینێ کە فەرموویان: ڕۆژی وەك ئەم ڕۆژەتان دێتە ڕێ و هەرکەسێ خۆی ڕابگرێ و ئیمانی نەلەقێ خوا

سەری‌ئەخاو لە قیامەتیشا پاداشی چاکی ئەدا تەوەو،خواو پێغەمبەری خوا ڕاستیان بە موسولمانان وتبوو و موسولمانانیش لە باوەڕ زیادبوون بە فەرموودەی خواو پێغەمبەرو لە ڕەزامەندی بە فەرموودەی ئەوان بەولاوە هیچیان لەو ڕۆژە پڕتەنگوچەلەمەدا زیاد نەکرد. واتە ئەو هاتنەدییەی فەرموودەی خواو پێغەمبەرو ڕووبەڕووبوونەوەوی ئەو هێرش‌و هاتنی کافرانە هیچ ورەی پێ بەرنەدان‌و ، بەپێچەوانەوە باوەڕیانی بە هەرچی کە خواو پێغەمبەری خوا بیفەرموون ، زیاتر کرد .

مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُواْ مَا عَاهَدُواْ اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُواْ تَبْدِيلاً (٢٣)

لەناو موسولمانانا پیاوانێ هەن ڕاستیان کردووە لەو گفتەدا کە بە خواو بە پێغەمبەری خوایان داوە. جا هیی‌وایان هەیە بەو عەهدو پەیمانەوە مردوون وەك ئەو هاوڕێیانەی پێغەمبەر کە لە غەزای ئوحودا شەهیدکران‌و ، هیی وایشیان هەیە ماون و چاوەڕێی ئەوڕۆژەن لەڕێی‌خوادا شەهید ئەکرێن‌و عەهدو پەیمانی خۆیانیان نەگۆڕیوە بە گۆڕین.

لِّيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِنْ شَاءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُوراً رَّحِيمًا(٢٤)

بۆیە هەلوێستی موسولمانانی ڕاست و هەلوێستی منافقەکان بەوجۆرە بوو کە باس‌کرا ، تا خوا پاداشی ئەوانە بداتەوە کە بەڕاستی خاوەن باوەڕ بوون و، ئەگەر ئارەزووی لێ بوو سزای منافقەکانیش‌بدا یا لێیان خۆش ببێ . خوا بەخشندەو بەڕەحمە .

وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُواْ خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ

الْقِتَالَ وكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا(٢٥)

خوایش کافرەکانی بە داخ و دەردەدڵ و ڕق و کینەی خۆیانەوە گێڕایەوە بۆ شوێنی خۆیان و پاشەکشەی پێ کردن کە هاتبوون ئەو هەموو داخەی لەدڵیانا بوو بە موسوڵمانانی بڕێژن و تۆڵەی بەرودوایان لێبکەنەوە. هیچ خێروبێرێکیان لەو هێرشەیاندا دەسگیر نەبوو و خوا شەڕی لە موسوڵمانان لادا. خوا بەهێزو خاوەن عیززەتە هەمووشتێکی پێ ئەکرێ.

وأَنْزَلَ الذِينَ ظَاهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ صَيَاصِيهِمْ وقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وتَأْسِرُونَ فَرِيقًا(٢٦)

ئەو جوولەکانەیش کە پشتیکافرە هێرش هاوردووەکانیان گرتبوو کە جوولەکەی بەنی قورەیزە بوون خوا لەناو قەلاکانی خۆیانی هێنانە خوارەوەو ترسی ئێوەی خستە دڵیانەوەو خۆیان دا بەدەستتانەوە ، تاقمێکتان لێ ئەکوشتن و تاقمێکتان لێ بەدیل ئەگرتن .

وأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ ودِيَارَهُمْ وأَمْوَالَهُمْ وأَرْضًا لَّمْ تَطَئُوهَا وكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا (٢٧)

زەویوزارو باخوباخات و قەڵاو دارایی و حەیواناتی ئەوان و وڵاتێ کە هێشتا پێتان تێ نەنابوو هەمووی دا بە ئێوە وەك میرات کە لە مردوو ئەمێنێتەوە بۆ میراتگرو ، خوا توانایە بۆ کردنی هەمووشتێ.

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلاً (٢٨)

ئەی پێغەمبەری خوا! بە ژنەکانت بڵێ : ئەگەر ئێوە ژیانی ئەم دنیایەو شتی جوانی ئەم دنیایەتان ئەوێ وەك جلوبەرگی جوان و زێڕو زیو ، بێن حەقی

موتعەو لەگەڵ ڕابواردنی خۆتانتان بدەمێ کە لەسەرمەو بە جوانی بەرەڵڵاتان بکەم ، واتە:ئەگەر لەدووی خۆشیی دنیا ئەگەڕێن و بە ژیان لەگەڵ من ڕازی نین، بێن با تەلاقتان بدەم و مارەییی خۆتانتان بدەمێ.

وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا(٢٩)

ئەگەر خواو پێغەمبەرو ماڵی ڕۆژی دواییشتان ئەوێ کە ڕۆژی قیامەتە، ئەوا خوا پاداشێکی مەزنی بۆ چاکەکەرەکانی ئێوە ئامادە کردووە .

يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا(٣٠)

ئەی ژنەکانی پێغەمبەر ! هەرکامێ لە ئێوە کردەوەیەکی خراپی شەرماوەر بکا کە خراپی‌و شەرماوەریی لای خەڵك دیار بێ ، ئەوە سزای بۆ دووقات ئەکرێتەوەو ، ئەمە کارێکی ئاسانە بۆ خوا .

جوزئی بیستودووهەم

وَمَنْ يَقْنُتْ مِنْكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحًا نُؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا(٣١)

هەرکەسێکیش لە ئێوە بەردەوام خەریکی فەرمانبەرداریی خواو پێغەمبەری خوا بێ‌و کاری چاك بکا پاداشی خۆی دوو جار ئەدەینێ، جارێکیان لەسەر ئەوە کە فەرمانبەرداریی خوا ئەکات‌و جارێکیشیان لەسەر ئەوە کە هاوڕێیەتیی پێغەمبەری بۆ خۆی هەڵبژاردووەو ، ڕۆزییەکی پڕقەدرو حورمەتیشمان لە بەهەشتا بۆ ئامادە کردووە.

يَانِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ

فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلاً مَّعْرُوفًا(٣٢)

ئەی ژنەکانی پێغەمبەر! ئێوە وەك هیچ ژنێکیتر نین، ئەگەر لە خوا ئەترسن دەنگتان ناسك مەکەنەوە تا ئەوکەسانەی دڵیان نەخۆشە تەماعی خەیاڵی نارەواتان تیێبکاو، قسەیێ بکەن جوان بێو گومانی خراپی لیٚ نەکریٚ.

وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلاَ تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلاَةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا(٣٣)

لە ماڵی خۆتانا بە حەیاو حورمەتی خۆتانەوە دانیشنو وەك ژنانی سەردەمی نەزانیی پێش هاتنی ئیسلام خۆتان دەرمەخەنو نوێژەکانتان بکەنو زەکاتی ماڵتان بدەن و فەرمانبەرداریی خواو پێغەمبەری خوا بکەن. خوا ئەوەی ئەویٚ هەموو چڵك و چەپەڵییەکی گوناهتان لیٚ دووربخاتەوەو لابدا، ئەی دانیشتووانی ماڵی پێغەمبەرو، لە هەر بیرو کردەوەیەکی ناپەسەند خاوێنتان بکاتەوە.

وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا(٣٤)

باسی ئەو شتانە بکەن لەناو ماڵەکانتانا ئەخوێنرێنەوە لە ئایەتی خواو حیکمەت و فەرموودەی پێغەمبەر، خوا بەلوتفەو ئاگادارە لێتان.

إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا

وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا(٣٥)

بێگومان ئەو پیاوانەو ئەو ژنانەی فەرموودەی خوا جێبەجێ ئـەکەن و ، ئەو پیاوانەو ئەو ژنانەی باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەرو بەشەکانیتری باوەڕ هەیەو، ئەو پیاوانەو ئەو ژنانەی لەسەر فەرمانبەرداریی خوا بەردەوامنو، ئەو پیاوانەو ئەو ژنانەی لە گوفتارو لە کردارا ڕاستنو ، ئـەو پیاوانەو ئەو ژنانەی خۆیان ئەگرن لە فەرمانبەرداریی خواو دوورکەوتنەوە لە گوناهـاو، ئـەو پیاوانەو ئەو ژنانەی ملکەچی فەرمـانبەرداریی خـوانو ، ئـەو پیاوانـەو ئەو ژنانەی زەکات ئەدەنو خێرو حەسەنات ئـەکەنو ئـەوپیاوانـەو ئەو ژنانەی ڕۆژوو ئەگرن و ، ئەو پیاوانەو ئەو ژنانەی عەورەتی خۆیان ئەپارێزن لە حەرام و، ئەوپیاوانەو ئەوژنانەی ناوی خوا زۆر ئەبـەنو یادی ئەکەن، ئەوانە خوا لە گوناهیان خۆش بووە و پاداشێکی گەورەی بۆ ئامادە کردوون.

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُـونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَـن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَـهُ فَقَدْ ضَـلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا(٣٦)

ڕەوا نییە بۆ هیچ پیاوێکی خاوەن باوەڕی ئیسلامەتی و بـۆ هیـچ ژنێکی خاوەن باوەڕی ئیسلامەتی کاتێ کە خواو پێغەمبەری خوا فەرمانیـان دا بـە کارێ ، بەئارەزووی خۆیان بجوولێنەوە لەوکارەداو کاریـان بـە ئـارەزووی خۆیان بێ.هەرکەسیش ملپێچی لە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بکـا ئـەوە بە گومڕاهییەکی زۆر ئاشکرا گومڕا بووە .

وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْـكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ

أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لاَ يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْاْ مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولاً(٣٧)

یادی ئەوە بکەرەوە کە ئەتوت بەوکەسەی خوا نیعمەتی ئیسلامەتیی پـێ بەخشیبوو و تۆیش نیعمەتی ئازادیت دابوویەو لە بەندەییت ئـازاد کردبـووو ، پێش سەردەمی ئیسلامەتی کردبووت بە کوڕی خۆت ، پێت ئەوت : ژنە کـەت بهێڵەوە بۆ خۆت و تەلاقی مەدەو لە خوا بترسەو خەیاڵێکیشت لــە دڵی خۆتا ئەشاردەوە کە خوا دەریخست و لە خەڵك ئـەترسـایو شەرمـت ئـەکـرد خەیاڵەکەی دلت دەرخەی کە ئەوە بـوو ئەگەر ئەو پیاوە ژنەکەی تەلاق دا تۆ مارەی ئەکەیت بۆ خۆت و ، خوا لە هەرکەس شایانترە بەوە کە لێی بترسی. جا کاتێ کە ئەوکەسە ، کە زەیدی کوڕی حاریثە بوو ، پێویستیی خۆی لە ژنەکەی بەجێهێناو لێی بێزار بوو و کاری پێ نەماو تەلاقیداو عیددەی بەسەرچوو ، ئێمە مارەمان بڕی لێت بۆئەوەی هیچ تاوانێ ڕوونەکاتە موسوڵمانان لەمارەکردنی ژنی کـوڕی بـەخۆبە کوڕ کردوویانا بۆ خۆیان پـاش ئـەوەی مێردەکانیـان کاریان پێیان نەماو تەلاقیان دان، کە واتە لە ڕاستیدا کوڕیان نینو هەربەدەم کردوونیان بە کوڕی خۆیان بـەرلـەوەی منـاڵی خەڵك بـە مناڵی خۆکردن لە ئایینی ئیسلاما حەرام بکرێ . فەرمانی خوا هەرچۆن بوویێو هەرچۆن بێ ، بێگومان جێبەجێکراوو هاتوەدییەو کەس ناتوانێبەری لێبگرێ.

مَا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْاْ مِنْ قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا(٣٨)

هیچ سووچ و تاوانێ لەسەر پێغەمبەر نەبوەو نییە لــە بەجێهێنانی کارێکا

کە خوا بڕیاری داوە بۆیو خودا خۆی کردوویەتی وەك مارەبـڕینی زەینەب لە پێغەمبەرو وەرگرتنی لەلایەن پێغەمبەرەوە وەك ژنی خۆی. ئەمە قانـوونـی خوایە لەو پێغەمبەرانەیشا کە لەمەوپێش بوون و بـەسـەر چـوون و، خـوا فەرمانی هەر کارێکی بەوانیش دابێ جێبەجێیـان کردووەو کاری خوا کردوو بڕیاریێ بووە دراوەو جێبەجێ کراوە.

الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَـهُ وَلاَ يَخْشَوْنَ أَحَـدًا إِلاَّ اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا(٣٩)

ئەو پێغەمبەرانەی نامەی خوا ئەگەیەنن بە مرۆڤایەتیو لە خوا ئەترسن و لە خوا بەولاوە لە کەس ناترسن و خوا بەتەنها بەسە بۆ سەرپـەرشتیکردنـی کاروباری هەموان.

مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّـنَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا(٤٠)

موحەممەد باوکی هیچ یەکێ لە پیاوانی ئێوە نـەبوە نـە زەیدو نە غەیری زەید، بەڵام پێغەمبەری خواو دواپێغەمبەری خوایەو خـوا بە هـەموو شتێکی زانیوەو ئەزانێ.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اذْكُرُواْ اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا(٤١)

ئەی ئەوکەسانەی کە ئیمانتان هێناوە بە خواو بەپێغەمبەری خـوا ! ناوی خوا بەزۆری بهێنن‌و زۆر زۆر بڵێن: (یا ألله ، یا ألله).

وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً(٤٢)

بە بەیانی‌و ئێوارەیش تەسبیحاتی بۆ بکەن‌و بڵێن:(سبحان الله .. سبحان الله) واتە : خوا لە هەموو خەوش‌و ناتەواییەك خاوێن‌و بێگەردە .

هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا(٤٣)

خوا ئەو خوایە کە خۆیو فریشتەکانی سەلاٌواتتان لیٌئەدەن : خوا خۆی ڕەحمەت ئەڕێژێ بەسەرتاناو فریشتەکانی داوای لێبووردنتان بۆ ئەکەن لە خوا بۆ ئەوەی لە تاریکستانی نەزانیو نەفامیو کوفروگوناە دەرتان کاو بتانخاتە ڕووناکاییی شوێنکەوتنی ئاینی ئیسلامو، خوا بەڕەحمە لەئاست موسولٌمانانی خاوەن باوەڕدا .

تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا(٤٤)

قەدرگرتن لە موسولٌمانان لەو ڕۆژەدا کە ئەگەنەحوزووری خوا بەوەیە کە سەلامیان لیٌئەکرێو خوا پاداشێکیوای بۆ ئامادە کردوون کە نیشانەی بەدەستو دەهەندەییی خوایە کە ئەوەیش بەهەشتی بەرینە .

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا(٤٥)

ئەی پێغەمبەر ! بەڕاستی ئێمە تۆمان ناردووە بۆسەر خەلٌك بۆئەوەی شاهیدو ئاگادار بی لەسەر ئەوزاعیان : کێ فەرمانبەرداریی خوا ئەکاو کێ نایکاو ، بۆئەوەی مژدە بدەی بە فەرمان بەجێ هاوەران کەوا ئەچنەبەهەشتو ، ملپێچی کەرانیش بترسێنی بە ئاگری دۆزەخ .

وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا(٤٦)

کردوویشمانی بە بانگ کەری خەلٌك بۆ لای خوا بە ئاسانکردنی کارت لەلایەن خوا خۆیەوەو کردوومانی بە چرایەکی ڕوونکەرەوەی ڕێگای خەلٌك .

وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا(٤٧)

مژدەیش بدە بەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەر هەیە کە بەڕاستی گەورەییەکی

مەزنیان لەلایەن خواوەبۆ هەیە بەرانبەر بەو کردەوە باشانەی ئەیانکەن.

وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ وَدَعْ أَذَاهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلاً(٤٨)

بەگوێی کافرەکان ومنافقەکانیش مەکەو گوێمەدە بەوە کە ئازارت ئەدەن و پشت بە خوا ببەستە، خوا بەتەنها خۆی بەسە بۆ پشت پێبەستن.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلاً(٤٩)

ئەی خاوەن باوەڕەکان ! ئەگەر ژنی خاوەن باوەڕی وەك خۆتانتان مارە کردو پاشان بەرلەوەی توخنیان بکەون تەلاقتان دان ئەوە مافی هیچ عیددە بەسەرچوونێکتان بەسەریانەوە نییە پێیان بەسەربەرن، واتە : ئەو ژنانە ئەتوانن هەر دوای تەلاقدانەکەیان شووبکەن چونکە ئێوە نەچوونەتە لایان و لەوانە نییە دووگیان بووبن لێتان، کەواتە دڵیان خۆش بکەن بەوە کە نیوەی مارەییەکەیان بدەنێ و بەشێوەیەکی جوان و شیرین بەرەڵلایان بکەن بڕۆن بە ڕێی خۆیانەوە.

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا خَالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا(٥٠)

ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئەو ژنانەتمان بۆ حەلاڵ کردووی کە مارەییی خۆیانت داونیێو ئەو کەنیزەکانەی کە موڵکی خۆتن لەوانەی خوا بەقانوونی فەیئ داونی پێت کە ئەو ئافرەتە دیلانەی جەنگی کافرانن کە بەرت کەوتوون، هەروا کچانی مامتوپووری خوشکی باوکتو کچانی خاڵتو پووری خوشکی دایکت کە لە مەککەوە کۆچیان لەگەڵت کردووە بۆ مەدینەو، هەر ژنێکی موسوڵمانیش کە خۆی بەخشیبێ بەپێغەمبەر ئەگەر پێغەمبەر مەیلی لێ بێ بیکا بە هاوسەری خۆی و ئەمەی دوایی تایبەتیی خۆتەو بۆ موسوڵمانانیتر نییە . ئێمە ئاگادارین لەو حوکمانەی فەرزمان کردوون لەسەر موسوڵمانان لە بارەی ژن هێنانیانەوە و چۆن ژن ئەهێنن و کێیان بۆ حەلاڵەو کێیان لێ حەرامەو هەروا لەبارەی ئەو کەنیزەکانەوە کە هەیانن. ئەم بەیاناتەیشمان بۆیە نازڵ کرد تا تەنگیو تێگیرانت لەبارەی کاروباری خێزانیی تایبەت بەخۆتەوە نەیەتەرێ . خوایش لێبووردووەو بەرەحمە.

تُرْجِي مَنْ تَشَاءُ مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَنْ تَشَاءُ وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا(٥١)

ئەم ژنانەی کردووتن بە هاوسەری خۆت هەرکامیانت ئارەزوو لێ بێ دووری ئەخەیتو لەگەڵی نانویتو هەرکامیانت ئارەزوو لێبێ ئەیهێنیتەلای خۆتو لەگەڵی ئەنویتو هەرکامیشیانت ئارەزوو لێ بێ لەوانەی وەلات خستوون هیچ تاوانو ناشەرعییەکی تیا نییە بۆت بیهێنیتەوە لای خۆت. ئەمەیش نزیکترە لەوەوە کە چاویان بە هاتنەوەلات فێنك ببێتەوەو دڵیان شاد ببێو خەفەت

نەخۆن و ڕازی بن بەوەی تۆ بە هەموویانت داوەو، خوا ئەزانێ چی لە دڵتانایەو خوا زانایەو بەحیلم و حەوسەڵەیە.

لا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِنْ بَعْدُ وَلا أَنْ تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلاَّ مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ رَقِيبًا(٥٢)

لەمڕۆ بەدواوەو پاش ئەمانەی باسمان کردن هیچ ژنێکی‌ترت بـــۆ حـــەلاڵ نییەو بۆیشت دروست نییە بیبانگۆڕیت بە ژنی‌تر، واتە یەکێك یا زیاتریان تەلاق بدەی‌و لەباتیی ئەو ژنی‌تر بهێنی هەرچەند جوانییشیانت زۆر بەدڵ بێ، مەگەر ئەو کەنیزەکانەی ببن بە موڵکی خۆت بە کڕین یا پێ‌بەخشین یا بە دیل‌گرتن لە شەڕی کافراناو، خوا ئاگـای لـە هەمـوو شتێکەو هیچی لێ ون نـابێ. کـەواتـە لـەو سنوورە لامەدە کە ئەو بۆی دیاری کردووی.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلاَّ أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُـمْ فَانْتَشِرُوا وَلا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُـمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا(٥٣)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هەیە! مەڕۆنە ناو ماڵەکـانی پێغەمبـــەرەوە مەگەر ئیزنتان درابێ بۆئەوەی بڕۆن خۆراکێ بخۆن بـەمـــەرجێ کـــە چوون خواردنەکە پێگەیشتبێ‌و ئامادە بێ‌و دانەنیشن چاوەڕوان بن پێ‌بگا، بەلام کە بانگ کران‌و (فەرموون) تان لێ‌کرا بڕۆنە ژورەوەو، کە خواردنەکەیشتان خوارد بلاوەی لێ‌بکەن‌و مەمێننەوە شانی لێ دادەن بۆ قسەو گفتوگۆ کردن. بێ‌گومان

ئەمە ئازاری دڵی پێغەمبەر ئەداو ئەویش شەرمتان لێ ئەکا پێتان بڵێ: فەرموون هەستن برۆن، بەڵام خوا شەرمی لێ نایەت قسەی ڕاست بکاو چی ڕاستە ئەوە بڵێ. ئەگەر داوای پێویستییەکیشتان لە ژنەکانی پێغەمبەر کرد، لەپشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن نەك بەرەوڕوو، ئەوە پاکترو بێگەردترە بۆ دڵی ئێوەیش‌و دڵی ئەوانیش‌و، بۆ ئێوە ڕەوا نییە ئازاری دڵی پێغەمبەر بدەن یا پاش کۆچی دوایی کردنی یا پاش جوێ‌بوونەوەی لە یەکێ لە ژنەکانی، هەرگیز ژنی ئەو مارە بکەن بۆخۆتان، کاریوا لای خوا تاوانێکی زۆر گەورەیە.

إِن تُبْدُواْ شَيْئًا أَوْ تُخْفُوهُ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا(٥٤)

ئەگەر ئەوەی لەدڵتانایە دەری‌بخەن یا بیشارنەوە، لای خوا چون یەکە چونکە خوا بە هەموو شتێ ئەزانێ.

لاَ جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ وَلاَ أَبْنَائِهِنَّ وَلاَ إِخْوَانِهِنَّ وَلاَ أَبْنَاءِ إِخْوَانِهِنَّ وَلاَ أَبْنَاءِ أَخَوَاتِهِنَّ وَلاَ نِسَائِهِنَّ وَلاَ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ وَاتَّقِينَ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا(٥٥)

هیچ تاوانێ نییە لەسەر ژنەکانی پێغەمبەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی بێ‌پەردەدا بۆ باوك‌و باپیرانیان یا بۆ کوڕی خۆیان یا بۆ برایان یا بۆ برازای کوڕیان یا بۆ خوشکەزای کوڕیان یا بۆ ژنانی لەچەشنی خۆیان، واتە: ژنانی موسوڵمانان، یا بۆ ئەو بەندەو کەنیزەکانەی کە موڵکی خۆیانن. ئەی ژنانی پێغەمبەر! لەخوا بترسن لەبارەی ئەم شتانەوە کە فەرمانتان پێ دراوە. خوا لە هەموو شتێ ئاگادارەو هیچی لێ ناشارێتەوە.

إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا(٥٦)

بێگومان خواو فریشتەکانی سەلاوات ئەدەن لە پێغەمبەر، واتە خوا رەحمەت ئەرێژێ بەسەریاو فریشتەکانی داوای لێبووردنی بۆ لێ ئەکەن. دەسا ئەی خاوەن باوەرەکان ! ئێوەیش سەلاواتی لێ بدەن و سەلامی لێ بکەن بە سەلام کردن بە دڵ و بە زمان .

إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا(٥٧)

بێگومان ئەوانەی ئازاری خواو پێغەمبەری خوا ئەدەن واتە کردەوەی وا ئەکەن کە خواو پێغەمبەر پێیان ناخۆش بێ، خوا لە دنیا و لە قیامەتا لەعنەتی لێکردوون و لە رەحمەتی خۆیی دوور خستوونەتەوەو سزایەکی وای بۆ ئامادە کردوون کە سووک و سەفیلیان بکا.

وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا(٥٨)

ئەوانەیش کە ئازاری پیاوان و ژنانی خاوەن باوەری ئیسلامەتی ئەدەن بێ ئەوەی ئەو پیاوو ژنانە تاوانێکیان کردبێ شایانی ئەو سزاو ئازارە بن لەسەری ، ئەوانە بوختانێک و گوناهێکی ئاشکرایان کردووە بە بار بە کۆڵی خۆیانەوە چونکە بە ناحەق و بە بوختان ئەو پیاوو ژنە موسوڵمانانەیان بەگوناهبارو شایانی سزا داناوەو لەسەر هیچ سزای ناحەقیان داون .

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا(٥٩)

ئەی پێغەمبەری خوا! بە ژنەکانت و بە کچەکانت و بە ژنانی خاوەن باوەران

بڵێ: چارشێوەکانیان لەسەرو دەموچاوو گەردنیان نزیك بکەنەوە تـــا ئــــەو شوێنانەی لەشیان دابپۆشێ، ئەمە نزیکترە لەوەوە کـــە بناسرێن ئافـــرەتی ڕووهەڵماڵراو نین و خەڵك بزانن ئافرەتی بنەماڵەی پێغـــەمبـــەرو کۆمـــەڵی موسوڵمانانن و ئازار نەدرێن و مرۆی بێشەرموحەیا ڕێیان پێ نەگرن و ، خوایش بەخشندەو بەڕەحمە.

لَئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لاَ يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلاَّ قَلِيلاً(٦٠)

جا ئەگەر منافقەکان و ئەو موسوڵمانانەی دڵیـــان نەخـــۆش و کـــرمێیەو ئیمانیان دانەمەزراوەو، هەرچیوپەرچییە هەرزەگۆکانی مەدینە دەسبەردار نەبن لە بڵاوکردنەوەی واتەواتی بەدو لە فیتنەو فەساد گێڕان لـــەنـــاو شـــارا ، بەڕاستی هانت ئەدەین و ئەمرت پێئەکەین بەگژیانا بچی و لـــە مـــەدینەیان بکەیتە دەرەوە، ئیتر پاش ئەوە بۆ ماوەیـــەکـــی کەم نەبێ لە دراوسێی تۆدا نامێننەوەو ناچاری کۆچ کردن ئەبن.

مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلاً(٦١)

ئەوانە ئەوکاتە بەر لەعنەتی خوا کەوتـوو ئەبن یـــا بـــە لـــە موسوڵمانان وەلاخراو دائەنرێن ، لە هەرکوێیەکدا ببینرێن و بدۆزرێنەوەو بکەونە بەر دەست ئەگیرێن و ئەکوژرێن و قەلاچۆ ئەکرێن.

سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً(٦٢)

خوا ئەم قانوونەی داناوەو جێبـــەجێی کردووە لەناو ئـــەو ئوممەتانەدا کە لەمـــەوپێش بوون و بەسەرچوون و هەرگیز نابینی قانوونی خوا بگۆڕێ.

يَسْأَلُكَ النَّاسُ عَنِ السَّاعَةِ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ

السَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا(٦٣)

خه‌ڵك له‌باره‌ی ڕۆژی قیامه‌ته‌وه‌ پرسیارت لێئه‌كه‌ن: كه‌ی ئه‌بێ ؟ تۆ بڵێ : خوا خۆی ئه‌زانێ ڕۆژی قیامه‌ت كه‌ی ئه‌بێ. تۆ چوزانی كه‌ی ئه‌بێ؟ له‌وانه‌یــــه‌ به‌م نزیكانه‌ بێ.

إِنَّ اللَّهَ لَعَنَ الْكَافِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا(٦٤)

بێگومان خوا له‌عنه‌ت و نه‌فرینی كردووه‌ له‌ كافـران و له‌ ڕه‌حمه‌تی خۆیی دوور خستوونه‌ته‌وه‌و ئاگرێكی سه‌ختی به‌تینی بۆ ئامــاده‌ كردوون كه‌ ئاگری دۆزه‌خه‌.

خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا(٦٥)

له‌و ئاگره‌ سه‌خته‌ به‌تینه‌دا ئه‌مێننه‌وه‌ هه‌تا هه‌تایه‌ ، نه‌ دۆستێكیان ده‌سگیر ئه‌بێ ڕزگاریان كا لێی‌و ، نه‌ یارمه‌تیده‌رێك باری سه‌رشانیان سووك بكا .

يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَالَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا(٦٦)

ئه‌و ڕۆژه‌یان ڕۆژێكه‌ ڕوویان له‌ناو ئاگرا ئه‌م دیوو ئه‌ودیوی پێ ئــه‌كرێ تا هه‌موو دیوێكی باش بسووتێ‌و ئه‌وانیش له‌تاو سه‌ختیی ئازاریان هاوار ئه‌كه‌ن‌و ئه‌ڵێن : بریا به‌گوێی خواو پێغه‌مبه‌ری خوامـان بكردایه‌و به‌ فه‌رمانی ئه‌وان بجوولاینایه‌ته‌وه‌.

وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا(٦٧)

ئه‌یشڵێن : خوایه‌ ! ئێمه‌ به‌گوێی فه‌رماندارو پیــاوه‌ گه‌وره‌كانی خۆمانمان كرد ، كه‌چی‌ئه‌وان گومڕایان كردین‌و خستینیانه‌ سه‌ر ڕێی چه‌وتی كافری .

رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا(٦٨)

خوایە! دوو قات سزایان بدە، قاتێکیان لەسەر ئەوە کەخۆیان گومڕا بـوون‌و قاتێکشیان لەسەرئەوەکە ئێمەیشیان گومـڕا کـردو، دووریـان بخـەرەوە لـە ڕەحمەتی خۆت بە دوورخستنەوەیەکی زۆر زیادو گەورە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَكُونُوا كَالَّذِينَ آذَوْا مُوسَى فَبَـــرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّا قَالُوا وَكَانَ عِنْدَ اللَّهِ وَجِيهًا(٦٩)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە! وەك ئەوانە مەبن کـــە ئـــازاری دڵی مووسایان داو بوختانێکیان بۆ هەڵبەست‌و خوا پاکانەی بۆ کرد لەو بوختانەی کەوا بۆیان هەڵبەستبوو. مووسا لای خوا بەندەیەکی بەحورمەت‌و پایەبەرز بوو .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا(٧٠)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە !لەخوا بترسن‌و قسەیێ بکەن ڕاست‌و دروست‌و دامەزراو بێ.

يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا(٧١)

ئەگەر وا بن خوا کاروکردەوەکانتان بۆ باش ئەکاو تـــاوانـــەکـانتـــان بۆ ئەپۆشێ‌و، هەرکەسیش بە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بجووڵێتەوە ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەی دەست کەوتووەو گەیشتووە بە پایەیەکی بڵند کـە ئەوەتە لە دنیادا کرداری چاك بووەو لە قیامەتیشا بەهەشتی بەرین جێیەتی .

إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَـــالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولاً(٧٢)

ئێمە ئەمانەتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خۆمانمان خستە بـــەردەمی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و چیاکان تا بزانین ئاخۆ ئامادەن لـــەئـــەستۆی خۆیانی

بگرن ، نکوولییان لە لەئەستۆگرتنی کردو هەلیان نەگرت و لەو بەرپرسییە ترسان کە دێتە بەریان.پاشان ئادەمیزاد هەڵیگرت و لە ئەستۆی خۆیی گرت. بەڕاستی ئادەمیزاد ستەمی لەخۆی کردو نەیزانی چ ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

لِيُعَذِّبَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ وَيَتُوبَ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا(٧٣)

ئەنجامی ئەو چوونە بەر تەکلیفەی ئادەمیزاد ئەوەبوو هەندێ لەو خەڵکە پیاوو ژنی منافقیان لێ دەرچیۆ و هەندێکی تریان هاوبەش بۆخوا دابنێن و هەندێکیش باوەڕیان بە خوا هەبێ و، لەئەنجامی ئەمەیشا خوا سزای پیاوو ژنە منافق و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بداو، تۆبەو لەگوناە پاشگەزبوونەوەی پیاوو ژنە خاوەن باوەڕەکانیش قوبوڵ بکاو ، خوا بەخشندەو بەڕەحمە.

سوورەتی (سبأ)
مەککەیی‌یە ئایەتی ٦ی نەبی‌و ، ٥٤ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَلَهُ الْحَمْدُ فِي الْآخِرَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ (١)

هەموو سەناو ستایشی بۆ ئەو خوایە کە هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە هەموو هی ئەوەو ، سەناو ستایش لە ڕۆژی قیامەتاو لەودنیا بۆ ئەوەو، هەر ئەوە خاوەن حیکمەتەو لە هەموو کارێکی نهێنی ئاگادارە.

يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ الرَّحِيمُ الْغَفُورُ (٢)

بە هەرچی ئەزانێ کە بە ئەرزا ئەڕواتە خوارەوە وەك هەواو ڕیشەی دارو درەخت و گژوگیاو هەرچییەکی ترو ، هەرچی لێیەوە دێتەدەر وەك ئاو دارو درەخت و گژوگیاو هەرچییەکی ترو ، هەرچی لە ئاسمانەوە دێتەخوار وەك بەفرو باران و ئەو ئەستێرانەی ئەکشێن و هەرچی سەرئەکەوێ بۆ ئاسمان وەك فریشتەو کرداری ئادەمیزاد لە چاك و خراپ و ، هەر ئەو خوایە بەڕەحمەو گوناهبەخشە .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَأْتِينَا السَّاعَةُ قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ عَالِمِ الْغَيْبِ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَلَا أَصْغَرُ مِنْ ذَلِكَ وَلَا أَكْبَرُ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ (٣)

کافرەکان وتیان: ڕۆژی قیامەتمان بۆ نایەت و ئەم جیهانە هەروەك خۆی ئەمێنێ . تۆیش بڵێ بەوان : نەخەیر وا نییەو قەسەم بە خوا ڕۆژی قیامەتتان

بۆ دێ . قەسەم بەو خوایــەی بە هەموو شتێکی نهێنی ئەزانێو تەنانەت هیچ شتێکی بەقورسایی گەردیلەیەك لە ئاسمانەکان و لە زەویداو لە گەردیلەیـەك بچووکترو لە گەردیلەیەك گەورەتری لێ ون نابێو ، هەمووی لە کتێبێکـایـە هەمووشتێ ڕوون ئەکاتەوە .

لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ لَهُم مَّغْفِـرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ(٤)

ئەو ڕۆژی قیامەتەیش بۆئەوە دێ خوا پاداشی ئەوکەسانەی تیا بداتەوە کە ئیمانیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان لە دنیادا کردووە . ئەوانە بەخشین و لێبووردنی خوایان بۆ هەیەو ڕزق و ڕۆزییەکی پڕقەدرو حورمەت لە بەهەشتا .

وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِيــنَ أُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِّــن رِّجْــزٍ أَلِيمٌ(٥)

ئەوکەسانەیش کە هەوڵیان داوە بۆ بەرپـەرچدانەوەی ئایەتەکانی ئێمەو ویستوویانە لێمان پێشکەونو نەهێڵن خەڵك شوێنی ئایەتەکانی ئێمە بکـەون ، ئەوانە ئازاری سزایەکی سەختی پڕ ئێشو و دەردیان بۆ ئامادەیەو هەیە .

وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ الْحَقَّ وَيَهْدِي إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ (٦)

ئەوانەی کەوا زانستیان پێدراوە ، ئەزانن ئــەوەی لــەلای خواوە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ کە قورئانە ، هەر ئـەوە ڕاستەو ڕێگـای خـوای خـاوەن عیززەت و ستایش کراو بە خەڵك پیشان ئەدا .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلَى رَجُلٍ يُنَبِّئُكُمْ إِذَا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمْ لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ(٧)

کافرەکان وتیان: ئایا شارەزاتان بکەین لە کابرایەك ئەڵێ: کاتێ کە پارچە پارچە بوون لەناو گۆڕاو بەتەواوی داڕزان و دافرەقان و ئێسکەکانی لەشتان لێك جیابوونەوە ، سەرلەنوێ دروست ئەکرێنەوەو زیندوو ئەکرێنەوە ؟

أَفْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِ جِنَّةٌ بَلِ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ فِي الْعَذَابِ وَالضَّلالِ الْبَعِيدِ (٨)

ئایا ئەم کابرا (مەبەستی کافرەکان لە حەزرەتی پێغەمبەرە) بوختان ئەکا بەدەم خواوەو ئەم قسە بە زوبانی ئەوەوە ئەکا ، یان جۆرە شێتییەکی پێوەیە وا قسەی سەیرو سەمەرەی لەم جۆرە ئەکا ؟ نەخەیر ئەو پیاوە نە بوختانی بەدەم خواوە هەڵبەستووەو نە هیچ جۆرە شێتییەکیشی پێوەیە . بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە لەناو عەزاب و گومڕاهییەکی دوورو قووڵدان.

أَفَلَمْ يَرَوْا إِلَى مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ الْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ السَّمَاءِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ (٩)

ئەوانە ئایا سەیری ئەو ئاسمانو زەوییەی بەردەمو پشتی خۆیانیان نەکردووە کە خوا دروستی کردوون ؟ ئەگەر ئێمە مەیلمان لەسەر بێ زەوییان پێ ڕۆئەبەینە خوارەوە یا پارچەی قورس قورسیان لە ئاسمانەوە بەسەردا دائەخەینە خوارو ، ئەگەر ئەم کارە بکەین نیشانەی گەورەی دەسەڵاتی ئێمەی تیایە بۆهەر بەندەیەکیوا بییەوێ بگەڕێتەوە بۆلای خوا .

وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ (١٠)

بەڕاستی ئێمە لەلای خۆمان گەورەیی و زیادەپایەیەکمان بەخشی بە داوود زیاتر لەوەی بە هەر پێغەمبەرێکمان دابوو، کە ئەوەبوو بە چیاکانمان وت: ئەی کۆسارەکان ! کاتیٚ کە داوود ذیکرو تەسبیحات ئەکا دەنگی خۆتــان بخەنە پالٚ دەنگی و لەگەڵی بلێنەوەو بۆی بسێننەوە . پــەلــەوەرەکــانیش هــەر وامــان پیٚ وتبوون کە ذیکرو تەسبیحات لــەگــەلٚ داود بلێنــەوەو بــۆی بسێننەوەو، ئاسنی ڕەقیشمان بۆ نەرم کردبوو، وەك مۆم بوو لەناو دەستیاو هــەر جــۆرە چەك و سیلاحێکی بویستایە لێی دروست ئەکرد .

أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ وَاعْمَلُواْ صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (١١)

کە ئاسنمان لەناو دەستیا وەك مۆم نەرم کردبوو فەرمانمان پیٚدابوو کــەوا کراسی زرێی ڕەساو گوشاد دروست بکا لێی بۆخویٚ لەشکرەکــەیو تێمــان گەیاندبوو کە ئەندازە لە گوشادیی کراسە زرێکانا ڕاگریٚو وایان دروست بکــا بۆ بەریان بشێن و بە خۆیو دەوروبەرەکەیمان وتبوو کــەوا کــردەوەی چــاك بکەن چونکە من چاوم لە هەرچی کردەوەیەکە ئێوە ئەیکەن .

وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَــا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَــهُ عَيْنَ الْقِطْرِ وَمِنَ الْجِنِّ مَنْ يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَنْ يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّعِيرِ (١٢)

بایشمان ڕام کردبوو بۆ سولەیمان تاقی بەیانیــان مانگــەڕێیــەك و تــاقــی ئێواران مانگەڕێیەکی ئەبڕیٚ، کانیی مسی تــواوەمــان بــۆ ڕەوان کــردبــوو، هەروەها لە جنۆکەیش هەندێکیانمــان خستبوە ژێــــر فــــەرمــانی چــیی بویستایە فەرمانی ئەدانیٚ بۆیان جیٚبەجیٚ ئەکردو لە بەردەستیــا بــوون بــە

فەرمانی خوا کاریان بۆ ئەکردو، هەرکەسێکیشیان لــە فــەرمانــی ئێمە لابداو ملپێچی بکا لە سزای دۆزەخی پێ ئەچێژین.

يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ (١٣)

چیی بویستایە لــە قــەڵای قایــم و خانووی چــاك و پەیکــەری فریشتەو پێغەمبەران و قاپی وەك حەوزی گەورەو مــەنجەڵی لــەســەر سێ کــوچکــە دامەزراو، ئەم جنۆکانە بۆیان دروست ئەکرد. دەســا ئــەی خێڵی داوود! کــار بکەن و خوا بپەرستن بۆ شوکرانەبژێری بۆی‌و ، لەناو بەندەکانما کەمیان هەن شوکرانەبژێری بۆ خوا بکەن.

فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلاَّ دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ (١٤)

کە مەرگمان کرد بەحوکمڕان بەسەر سولەیماناو مراندمان کەس جنۆکەکان یا کەسوکاری سولەیمانی لە مەرگی ئاگادار نەکرد مۆرانە نەبێ عاساکــەیــان کرمۆڵ کردو ئەویش کە بەپێوە سەری خستبوە سەر عاساکــەی پاش کرمۆڵ بوونی عاساکەی‌و کەوتنی ، خۆیشی کەوت‌و پێیان زانی کە مردووە . جا کە کەوت جنۆکەکان بۆیان دەرکەوت کەوا ئەگــەر عیلمی غەیبیان هــەبــوایــەو شتــی نهێنییان بزانییایە، ئەیانزانی هەرچەند بــەپێوەیــە، مردووەو، لــەو ئازارە سەختەی بەردەوام ئیش کردن و ڕەنجکێشاندا نەئەمانەوە، کــە ئــەو بەپێوە بەسەر سەریانەوە وەستابوو تا بەردەوام بن لە کارداو خاووخلیچکی نەکەن و کارەکە تەواو بکەن .

لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ جَنَّتَانِ عَنْ يَمِينٍ وَشِمَالٍ كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ (١٥)

بەڕاستی خێڵی سەبەء لە نشینگەکەیانا نیشانەیەکیان هەبوو بوون و توانایی خوای پیشان ئەدا. نیشانەکە ئەوەبوو دوو کۆمەڵە باخ و باخاتیان لای ڕاست و لای چەپی نشینگەکەیانەوە هەبوو. شایانی ئەوە بوون خۆزگە بەحاڵیان بخوازرێو پێیان بووترێ : لەم ڕزق و ڕۆزییە بخۆن کە خوا پێی داون ، شارێکی خۆشو پاکتان هەیە بۆ دنیاتانو ، خوایەکی لێبووردوو و بەخشندەیش بۆ قیامەتتان.

فَأَعْرَضُوا فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ وَبَدَّلْنَاهُمْ بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَى أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَيْءٍ مِّنْ سِدْرٍ قَلِيلٍ (١٦)

پاشان پشتیان لە سوپاس کردنی خوا هەڵکردو ئێمەیش لافاوێکی سەختمان کردە سەریان و دوو کۆمەڵە باخ و باخاتەکەمان بۆ گۆڕین بە دوو کۆمەڵە بەناو باخ وباخاتیوا بەرەکانیان تفت وتاڵ بوون و دارگەزو چەردەیەکی کەمیش مۆردیان تیابوو.

ذَلِكَ جَزَيْنَاهُمْ بِمَا كَفَرُوا وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ (١٧)

بەم جۆرە جەزایە جەزامان دانەوە چونکە کوفری نیعمەتی خوایان کرد . ئایا ئێمە جەزای خراپی کەسێك ئەدەینەوە هیی کەسێك نەبێ کوفری نیعمەتی خوا بکاو ناسوپاس بێ؟

وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ (١٨)

لەنێوان ئەوان ، واتە خەڵکی سەبەءو، ئەو دێهاتانەدا کە بەرەکەتمان

تێخستبوون کە دێهاتی ولاتی شامە، دێهاتگەلێکی دیارمان دانابوو ڕێبوار پێیان ئەزانین و لێیان تێکنەئەچوون، ئەندازەی ڕێڕۆیشتنیشمان لەنێوانیانا دیاری کردبوو بەجۆرێ کە ڕێبوار سبەینێ لە یەکێکیانەوە ئەکەوتەڕێ ئێوارە ئەگەیشتە یەکێکی تریان و هەر بەم جۆرە تا نێوانی سەبەءو قودسی ئەبڕیو ، پێمان وتبوون چەند شەوو ڕۆژێ بە ئەمینیو بێترس و لەرز بەم ڕێگایەداو بەنێوان ئەم دێهاتانەدا هاتوچۆ بکەن تا ئەگەنە ئەو شوێنەی مەبەستتانە .

فَقَالُوا رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (١٩)

ئەوانیش لەبەر ناسوپاسیو بێئیمانییان، وەك بڵێی ئەیانوت : خوایە ! مەنزڵەکانی سەر ڕێگای هاتوچوومان لەیەك دووربخەرەوە ، خراپەیان لەگەڵ خۆیان کرد چونکە مەبەستیان ئەوەبوو ڕێگای هاتوچۆیان چۆڵ بێ بۆئەوەی بتوانن دەسدرێژی بکەنە سەر ڕێبوارانو ڕووتیان بکەنەوەو تالآنیان بکەن. ئێمەیش لەسەر ئەمە وا جەزامان دانەوە کە ماڵوێرانمان کردن و وامان لێ کردن تەنها باسی کۆنیان بمێنێو هەر تیرەو بەرەیەکمان فڕێدانە شوێنێ. ئەم سەرگوزەشتەی خەڵکی سەبەئە نیشانەهای تیایە بۆ هەرکەسێ خۆڕاگر بێ لەسەر دوورکەوتنەوە لە گوناەو سوپاسی خوای خۆی بکا.

وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢٠)

بەڕاستی شەیتان گومانی خۆی لەم خەڵکی سەبەئەدا کرد بەڕاست، واتە گومانی بردبوو کە ئەتوانێ گومڕایان بکاو بەڕاستییش توانییو گومڕای کردن، تەنها تاقمێکی کەمیان نەبێ کەخاوەن ئیمان بوون ئەوانە شوێنی نەکەوتن.

وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِم مِّنْ سُلْطَانٍ إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَنْ يُؤْمِنُ بِالآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ وَرَبُّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ (٢١)

شەیتان هیچ بەڵگەو توانێکیشی نەبوو بەسەریانا کە بتوانێ گومڕایان بکا، بەڵام ئەوە ڕوویدا بۆئەوەی بۆ هەموان دەرکەوێو عیلمی ئێمەیش ڕووبکاتە جیاوازیی نێوان خاوەن ئیمانو بێئیمانو بزانین کێ باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت هەیەو کێ گومانی تیایا هەیەو لێی دوودڵەو، خوای تۆیش ئاگای لە هەموو شتێکە.

قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ لاَ يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ (٢٢)

بڵێ بەوانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن: بانگ بکەنە ئەو بتانەی گومانتان وایە سوودبەخشن بۆتان لە غەیری خوا تا بزانن کە نە لە ئاسمانەکانو نە لە زەویدا خاوەنیسەنگی گەردیلەیەك نینو هیچ بەشێکیان تیایانا نییە. خوایش هیچ پشتیوانێکی لەناو ئەو بتانەدا نییە، واتە خوا پێویستی بە هیچ پشتیوانێك نییەو ئەو بتانە هیچیان هیچ نین.

وَلاَ تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ عِندَهُ إِلاَّ لِمَنْ أَذِنَ لَهُ حَتَّى إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (٢٣)

تکاکردنیش سوود نابەخشێ لای خوا تەنها بۆ تکاکارێ نەبێ کە خوا خۆی ڕێگای دابێ تکا بۆ تاوانباران بکا تا کاتێ ترس ولەرز لە دڵی تکاکارانو تکا بۆکراوان هەڵگیراو ڕێی تکاکردن درا، خەڵکەکە هەندێکیان بە هەندێکیتریان ئەڵێن: ئەوە خوا چیی فەرموو؟ فریشتەکانیش یا موسوڵمانان ئەڵێن: خوا

قسەی ڕاستی فەرموو کە ئەوەتە تکا تایبەتییە بۆ موسوڵمانان و تکا بۆ کافر ناکرێ و، هەر تەنها خوایە پایەبڵندو گەورەیە.

قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (٢٤)

بڵێ : کێیە ڕۆزیتان لە ئاسمان یا لە زەوییەوە ئەداتێ ؟ خۆت لە وەڵاما بڵێ : خوا. کەواتە ئیتر ئێمە یا ئێوە لەسەر ڕێی هیدایەتین یا لە گومڕاهییەکی تەواو ئاشکرادایین .

قُل لَّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ (٢٥)

تۆ بەوانە بڵێ: ئێوە پرسیارتان لێ ناکرێ لەو تاوانانەی ئێمە کردوومانن و ئێمەیش پرسیارمان لێ ناکرێ لەو کردەوانەی ئێوە ئەیانکەن .

قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَهُوَ الْفَتَّاحُ الْعَلِيمُ (٢٦)

تۆ پێیان بڵێ: لە پاشەڕۆژا خوا ئێمەو ئێوە پێکەوە کۆئەکاتەوەو پاشان حوکم لەنێوانمانا ئەدا بەوەی کە ڕاستەو هەر خوا حوکم دەری زانا بە هەموو شتێکە .

قُلْ أَرُونِيَ الَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِ شُرَكَاءَ كَلَّا بَلْ هُوَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٢٧)

تۆ پێیان بڵێ: ئەوانەم پیشان بدەن کە خستووتاننەتە پاڵ خوا وەك هاوبەشی. نەخەیر شتیوا نییەو کەس نابێ بە هاوبەشی خواو ، خوا خاوەن عیززەت و حیکمەتە .

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٢٨)

ئێمە تۆمان نەناردووە بۆ ئادەمزاد هەموویـــان نــەبێ، واتـــە تـــەنهـا بــۆ بەشێکیانمان نەناردووی، بۆ ئەوەمان ناردووی هەموویان بترسێنی لە سزای خوا ئەگەر فەرمانبەرداریی نەکەن و مژدەی بەهەشتیان بـدەیتێ ئەگەر بە فــەرمانی ئەو بجوولێنەوە، بەلام بەشی زۆری خەلك نازانن چی چاکە بیکەن و چی خراپە نەیکەن و لە بەرئەوە گوێ رایەلت نابن.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(٢٩)

ئەیشلێن: ئەم وەختی سزادانە کەیەو کەی سزائەدرێین ئەگەر ڕاست ئەکەن خوا لەسەر بێفەرمانیمان سزامان ئەدا ؟

قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ لاَّ تَسْتَأْخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلاَ تَسْتَقْدِمُونَ(٣٠)

تۆیش پێیان بلێ: وەعدەی ڕۆژێکی بۆ دەسنیشان کراوتان هەیە کــە ئـەو وەعدە هات نە سەعاتێ دوائەکەون لێیونە سەعاتێ پێش ئەکـەون و، لــە کاتی بۆدەسنیشان کراوی خۆتاندا ئەو غەزەب و سزای خوایەتان بەسەردادێ .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن نُّؤْمِنَ بِهَذَا الْقُرْآنِ وَلاَ بِالَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلَــوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِــعُ بَعْضُهُــمْ إِلَى بَعْضٍ الْقَوْلَ يَقُولُ الَّذِيــنَ اسْتُضْعِفُواْ لِلَّذِيــنَ اسْتَكْبَرُواْ لَــوْلاَ أَنْتُمْ لَكُنَّـــا مُؤْمِنِينَ(٣١)

کافرەکان وتیان: ئێمە ئیمان ناهێنین نە بەم قورئانـــەو نــە بــەو کتێبانەی لەپێش ئەوەوە هاتوون بۆ پێغەمبەرانیتر. جا ئەگەر ئەوڕۆژە بە چاوی خۆت ئەبینی کە ستەمکاران لای خـــوا ڕاوەستێنراون دەمەتەقێیانـەو هەرکامیـان قسە ئەدا بەسەر قسەی ئەویتریانداو ئەوانەیان لەدنیادا بێدەسەلات و ژێردەستە بوون بە گەورەو دەسەلات بەدەستەکانیان ئەلێن : ئەگەر ئێوە نەبوونایە ئێمە

هەموومان موسوڵمان ئەبووین ، ئەگەر ئەوە ببینی شتی سەیرو سەمەرە ئەبینی .

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا أَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الْهُدَى بَعْدَ إِذْ جَاءَكُمْ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ(٣٢)

ئەوانەیان کە گەورەو دەسەڵات بەدەست بوون بەوانەیان ئەڵێن کە بێدەسەلاتو ژێردەستە بوون: ئایا ئێمە رێمان لە ئێوە ئەگرت هیدایەت وەربگرن و موسوڵمان ببن کاتێ کە هیدایەتی خواتان بۆ هات و ئایینی ئیسلام هات ؟ نەخەیر وا نییە ، ئێوە هەر خۆتان تاوانبار بوون .

وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَن نَّكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَندَادًا وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(٣٣)

ئەوانەیش کە بێدەسەلاتو ژێردەستە بوون ، بە گەورەو دەسەلات بەدەستەکانیان وت : تاوانباریی خۆمان نەبوو نەیهێشت هیدایەت وەربگرین و موسوڵمان ببین بەڵکو فریودانی ئێوە بوو هەمیشە فەرمانتان ئەدایێ ئینکاری تاقو تەنهاییی خوا بکەینو هاوبەشو هاوچەشنی بۆ دابنێینو، کاتێ کە سزای خوایان بە چاوی خۆیان دیو کۆتوزنجیرمان لە ملی کافران کرد ، هەردوولا پەشیمانییان لە دڵی خۆیانا هەڵگرت چونکە دییان دەرخستنەکەی بێسوودە. ئایا ئەمانە لەسەر کردەوەی خۆیان نەبێ کە لە دنیادا کردوویانە سزا ئەدرێن ؟

وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ

كَافِرُونَ(٣٤)

هیچ فروستادەیەكمان لە هیچ ئاوەدانییەكا نەناردووە دانیشتووانی لە سزای خوا بترسێنێ، ئیللا دەوڵەمەندو خاوەن نازو نیعمەتەكانی بەو فروستادانەیان وتووە: ئێمە ئینكاری ئەو پەیامە ئەكەین كە لەگەڵ ئێوەدا نێرراوە.

وَقَالُواْ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالاً وَأَوْلاداً وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ(٣٥)

وتوویشانە: ئێمە ماڵو دارایی‌و كوڕمان لە ئێوە زیاترەو ئێمە هەرگیز سزا نادرێین یا لەبەرئەوە كە سزادان نییە یا لەبەرئەوە كە ئێمە دەسەڵاتدارین‌و خوا سزامان نادا.

قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ(٣٦)

تۆیش بڵێ: بێگومان خوای من ڕزق‌و ڕۆزی فراوان ئەكا بۆ هەركەسێ خۆی مەیلی لێ بێ‌و لە هەركەسی ئەگرێتەوە كە خۆی مەیلی لێ بێ، بەڵام بەشی زۆری خەڵك ئەمە نازانن‌و لایان وایە دەوڵەمەندی‌و هەژاریی هەركەس لە ئازایی یا لە بێكارەییی خۆیەوەیە.

وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلاَ أَوْلادُكُمْ بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى إِلاَّ مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُواْ وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ(٣٧)

دارایی‌و ئەولادی ئێوە شتێ نین لە ئێمەتان نزیك بخەنەوە، بەڵام كەسانێ كە باوەڕیان بەخوا هەبێ‌و كردەوەی چاكیان كردبێ ئەوانە پاداشی چەند قاتیان ئەدرێتەوە لەسەر كردەوە باشەكانیان‌و لە هۆدەكانی

بەهەشتا بێ ترس ولەرز لە هیچ ناخۆشیو خەتەرێك ئەژین .

وَالَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُوْلَئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ(٣٨)

ئەوانەیش کە هەوڵ ئەدەن بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئایەتەکانی ئێمەو ئەکەونە بەربەرەکانێ لەگەڵ پێغەمبەرەکانمانو ئەیانەوێ بیانبەزێننو زاڵ ببن بەسەریانا، ئەوانە ئامادە کراون بۆ سزای ڕۆژی قیامەتو ئەو دنیا.

قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ وَمَا أَنفَقْتُم مِّنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ(٣٩)

تۆ، ئەی موحەممەد ! بڵێ : خوای من ڕزقو ڕۆزی گوشادو فراوان ئەکا بۆ هەرکام لە بەندەکانی خۆیو لێی ئەگرێتەوەو، هەرچییش خەرج بکەن لە ڕێی خوادا خوا بۆتان ئەبژێرێو بریتیی ئەنێرێ بۆتانو، خوا لە هەموو ڕۆزی بەخشێ چاکترە.

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ أَهَؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ(٤٠)

یادی ئەوڕۆژە بکەن کە خوا هەموو کافرەکان کۆئەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە ، بە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتیانەوەو، بە فریشتەکان ئەڵێ : ئاخۆ ئەم هاوبەش بۆ خوا دانەرانە ئێوەیان ئەپەرست؟

قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُّؤْمِنُونَ(٤١)

فریشتەکانیش ئەڵێن: هەموو بێعەیبییەك بۆ تۆیە ، خوایە ! تۆ سەردارو گەورەی ئێمەی نەك ئەمانە، بەڵکو ئەم کافرانە جنۆکەیان ئەپەرستو بەشی

زۆریان باوەڕیان بە جنۆکە هەیە کە خوایانن و ئێمەیان نەپەرستووە.

فَالْيَوْمَ لا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّتِي كُنتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ(٤٢)

جا ئەمڕۆ کە ڕاستو درۆ دەرکەوتووە، ئەی کافرەکان ! کەستان خاوەنی هیچ قازانجێ نییە بۆ کەستان و هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێ پێیو، ئێمەیش ئەڵێین بەوانەی لە دنیادا ستەمکارو خوانەناسبوون : سزای ئەو ئاگرە بچێژن کە باوەڕتان پێ نەبوو وبە درۆتان ئەدایە قەڵەم .

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا مَا هَذَا إِلا رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ وَقَالُوا مَا هَذَا إِلاَّ إِفْكٌ مُّفْتَرًى وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ(٤٣)

کاتێکیش کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەرا ئەخوێنرێتەوە کە ڕووناك و دیارن ، ئەڵێن : ئەم ئینسانە کە ئەم کتێبەی هێناوە لە پیاوێ بەولاوە نییە ئەیەوێ لاتان بدا لەو بتانەی باوكو باپیرانتان ئەیانپەرستن و ، ئەڵێن : ئەم قورئانەیش لە درۆیەکی هەڵبەستراو بەولاوە نییەو ، کافرەکان بە قورئان ئەڵێن کەهاتە سەریان: ئەمە لە جادوویەکی ئاشکرا بەولاوە نییە .

وَمَا آتَيْنَاهُم مِّنْ كُتُبٍ يَدْرُسُونَهَا وَمَا أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ(٤٤)

ئەمانە کە ئاوا مامەڵە لەگەڵ قورئان ئەکەن و بە جادووی ئەزانن بەر لەم قورئانە کە تۆ هێناوتەتە سەریان کتێبگەلێکی ترمان نەداونێ بییانخوێننەوەو ، بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوونەتە سەر بییانترسێنێ لە سزای دۆزەخ.

وَكَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُواْ مِعْشَارَ مَا آتَيْنَاهُمْ فَكَذَّبُواْ رُسُلِي فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (٤٥)

کافره‌کانی له‌مه‌وپێش پێغه‌مبه‌رانی خۆیانیان به‌ درۆزن دانا له‌ ئیددیعـای پێغه‌مبه‌رایه‌تییاناو، ئه‌م کافرانه‌ی سه‌رده‌می تۆ نه‌گه‌یشتوونه‌ته‌ ده‌یـه‌کـی ئه‌وه‌ی به‌ کافرانی له‌مه‌وپێشمان دابوو له‌ دارایی‌و خاوه‌ن کوڕو که‌سوکـاری، جا کاتێ ئه‌وانه‌ی پێشوو پێغه‌مبـه‌رانی ئێمه‌یان به‌ درۆزن دانا، ناڕه‌زاییی من له‌وان چۆن بووو چۆنم سزادان؟ ئێتر ئه‌مانه‌ی سه‌رده‌می تۆ به‌ته‌مـای چین له‌ سزای به‌ درۆزن دانانی تۆدا؟ دیاره‌ تۆڵه‌یه‌کی سه‌ختیان لێ ئه‌که‌مه‌وه‌.

قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ أَنْ تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِكُم مِّنْ جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ لَّكُمْ بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ (٤٦)

تۆ ، ئه‌ی موحه‌ممه‌د ! پێیان بڵێ: من ته‌نها به‌ تاقه‌ په‌ندێ ئامۆژگاریی ئێوه‌ ئه‌که‌م ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ له‌به‌ر خوا یه‌که‌یه‌که‌و دوو دوو لـه‌م مـه‌جلیسه‌ی مـن هه‌ڵسن‌و بیرێ بکه‌نه‌وه‌ که‌وا ئه‌م هاوڕێیه‌تان (واته‌ پێغه‌مبه‌ر) هیچ شێتییه‌کی له‌گه‌ڵ نییه‌و له‌وه‌ به‌ولاوه‌ نییه‌ که‌ هاتووه‌ لـه‌ سزایـه‌کی سـه‌ختی خواتان ئه‌ترسێنێ که‌ له‌ پێشتانه‌و به‌رله‌وه‌ی بێ به‌سه‌رتانا.

قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللَّهِ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٤٧)

تۆ، ئه‌ی موحه‌ممه‌د ! پێیان بڵێ: هه‌ر پاداشێ من لـه‌ ئێـوه‌ی داوا بکـه‌م به‌رانبه‌ر به‌م ئامۆژگارییه‌و به‌ گه‌یاندنی نامه‌ی خوا پێتان ، هه‌مووی بۆ خۆتان. پـاداشی من له‌سه‌ر که‌س نییه‌ له‌سه‌ر خوا نه‌بێ‌و خـوا خـۆی ئـاگـای له‌ هه‌موو شتێکه‌.

قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ(٤٨)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! پێیان بڵێ: خـوای من ئایینی حەق و ڕاست ئـەدا بە ئایینی پڕوپووچ و بەتاڵا. خوا لە هەموو پەنامەکیو نهێنییەك ئاگادارە .

قُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ(٤٩)

تۆ، ئەی موحەممەد ! بڵـێ: ئایینی حـەق و ڕاست کـە ئایینی ئیسلامـە هاتووەو هەموو ئایینێکی پووچ بەتاڵ بووەتەوەو شتی بـەتـاڵ نە هیچی پێ دروست ئەکرێو نە مردوو زیندوو ئەکاتەوەو، لەبەرئـەوە پـەرستنی پووچ و بەتاڵو بێسوودە .

قُلْ إِنْ ضَلَلْتُ فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَى نَفْسِي وَإِنْ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ(٥٠)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! بەوکافرانـە بڵـێ: مـن ئـەگـەر گـومـڕا بـم ئـەوە گومڕاییەکەم لەسەر خۆمەو زیانی بۆ خۆم ئەگەڕێتەوەو، ئەگەر هیدایەتیشم وەرگرتبێو لەسەر ڕێی ڕاست بم ئەوە بەپیرۆزیی ئەوەوەیە کە خوا وەحیی بۆ کردووم. بەڕاستی خوا هەموو شتێ ئەبیسێو لە هەموو کەسێکەوە نزیکە .

وَلَوْ تَرَى إِذْ فَزِعُوا فَلاَ فَوْتَ وَأُخِذُوا مِنْ مَكَانٍ قَرِيبٍ(٥١)

ئەگەر چاوت لە کافرەکان بێ ، ئەی موحەممەد ! کاتێ کـە ترسی هـاتنـی قیامەتو سزای ئەودنیا دایانئەگرێو ئیتر ڕزگاربوونیان بۆ نییەو لە شوێنێکی نـزیکـەوە ئـەبـرێـن ، لە ماڵی خۆیانەوە بۆ گۆڕ یا لە گۆڕەوە بۆ مەیدانی لێپرسینەوە یا لە مەیدانی لێپرسینەوەوە پەلکێش ئەکرێن بۆ دۆزەخ ،

وَقَالُوا آمَنَّا بِهِ وَأَنَّى لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ(٥٢)

ئەوکاتە کە ئەوکافرانە سزای ئەو دنیا بە چاوی خۆیـان ئەبینن ، ئەڵێن :

باوه‌ڕمان به‌ خوای تاك و ته‌نیا هه‌یه‌. ئه‌وان چۆن له‌ قیامه‌ته‌وه‌ كـه‌ شوێنێكی دووره‌ ئه‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ شوێنی عیباده‌ت كه‌ دنیایـه‌و، چـۆن ده‌ستیـان بـه‌و باوه‌ڕو خواپه‌رستییه‌ ئه‌گا؟

وَقَدْ كَفَرُواْ بِهِ مِن قَبْلُ وَيَقْذِفُونَ بِالْغَيْبِ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ(٥٣)

كه‌چی له‌وه‌پێش ، واته‌ كه‌ له‌ دنیادا بوون ، ئینكاریان ئه‌كردو باوه‌ڕیان پێ نه‌ئه‌كردو له‌ شوێنێكی دووره‌وه‌ كه‌ ئاگایان لێ نه‌بێ ڕاستیی مه‌سه‌له‌كه‌ چۆنه‌ ، له‌خۆیانه‌وه‌ ڕمڵیان لێ ئه‌داو ، به‌گۆتره‌ له‌باره‌ی خواو پێغه‌مبـه‌رو ئایینی ئیسلامه‌وه‌ كه‌ خوا ناردبووی‌و پێغـه‌مبه‌ر هێنابووی، ئه‌دوین‌و هه‌رزه‌وێژییان ئه‌كرد .

وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُّرِيبٍ(٥٤)

كۆسپه‌ ئه‌خرێته‌ نێوان ئه‌و كافرانه‌و ئه‌و شته‌وه‌ كه‌ ئاره‌زوویانه‌ كه‌ ئه‌وه‌ته‌ بگه‌ڕێنـــه‌وه‌ بـۆ دنیـا و ئیمـان بهێنن‌و لــه‌ سـزای دۆزه‌خ ده‌رباز بن، وه‌ك پێشتریش لـه‌گـه‌ڵ هـاوڕێكانیـان كـرا كـه‌ كـافره‌كانی‌تر بوون‌و ئه‌وانیش ئه‌یانویست بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ دنیا و ئیمان بهێنن و ڕزگار بن لــه‌ سزای ئه‌و دنیا. ئه‌مانیش وه‌ك ئه‌وان له‌ دوودڵی‌و به‌دگومـانییـه‌كـدا بوون مـرۆ ئـه‌خـاتــه‌ په‌رێشانییه‌وه‌.

سوورەتی (فاطر)

مەککەییەو، ٤٥ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلاً أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١)

هەموو سەناو ستایش بۆ زاتی خوایە کە ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووەو فریشتەی کردووە بە فروستادە لەنێوان خۆیو پێغەمبەرانیاو دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵی بۆ کردوون و چەندیشی مەیل لێ بێ باڵی زیاتریان بۆ ئەکا. خوا بێگومان توانیبەسەر هەموو شتێکدا ئەشکێ.

مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُ مِنْ بَعْدِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٢)

ئەو ئەسبابی خێرو نیعمەتەی خوا بۆ خەڵکی بەرەڵڵا بکاو بیکاتەوە کەس پێی ناگیرێتەوەو ئەوەیش ئەو بیگرێتەوە کەس بۆی بەرەڵڵا ناکرێ پاش گرتنەوەکەی لەلایەن ئەوەوە. خوا خوایەکی زاڵە بەسەر هەر کارێکا بییەوێ بیکاو خاوەن حیکمەتە لە هەر کارێکا کە بیکا.

يَاأَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ (٣)

خەڵکینە! باسی نیعمەتی خوا بکەن بەسەرتانەوە کە داوینێ. لە خوا بەولاوە کەسێ هەیە ئێوەی دروست کردبێ کە لە ئاسمانەوەو لە زەوییەوە ڕزقو ڕۆزیتان ئەداتێ؟ لەو بەولاوە خوایەك نییە شایانی پەرستن بێ. دەی کەواتە

چۆن لە خوای تاک و تەنها پەرستنەوە وەرئەچەرخێنرێن بۆ بت پەرستی ؟

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّنْ قَبْلِكَ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ (٤)

ئەگەر ئەو کافرانە تۆ بە درۆزن دابنێن لە ئیددیعای پێغەمبەرایەتیدا ، ئەوە مەکە بە تەگەرە لــە رێگــای گــەیاندنی پەیامی خۆتا، چونکە چــەنــدیــن پێغەمبەری تری پێش تۆیش بە درۆزن دانراون لەلایەن ئەوخــەڵكانــەوە کــە ئەوانیان نێررابوونەسەرو ، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆلای خــوا ئەگەرێتەوە .

يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ (٥)

ئەی خەڵکینە ! بێگومان ئەو گفتەی خوا داویە ڕاستەو دێتەدی ، دەسا بــا ژیانی دنیا باییتان نەکا لە خۆتان و ، ئەو شەیتانەی خواتان لەیادئــەباتــەوە فووتان تێ‌نەکا خۆتان وا دابنێن پێویستتان بــەوە نییــە خوا لــە گونــاهتــان خۆش ببێ‌و هەرسووربن لەسەرگوناه کردن .

إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُوا حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ (٦)

بێگومان شەیتان دوژمنتانە، کەواتە ئێوەیش بە دوژمنی خۆتانی دابنێــن. ئەو کۆمەڵەکەی خۆی بانگ ئەکا بۆئەوەی کردەوەی خراپی خواپێ‌ڕازی‌نەبوو بکەن تا لەئەنجاما ببن بە هاوڕێ‌و هاودەمی ئاگری دۆزەخ و بچنە جەهەنم .

الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ (٧)

ئەوانەی لە دنیادا کافر بوون و باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرانی خوا نــەبوە،

سزایەکی سەختیان بۆ هەیە لەو دنیاداو ، ئەوانەیش کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە لێبووردنی خواو پاداشێکی گەورەیان بۆ هەیە.

أَفَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٨)

ئایا کەسێ کردەوەی خراپی خۆی لا جوان کرابێو بە باشی بزانێ (وەك کەسێکە خراپ بە خراپ بزانی ؟). خوایش مەیلی لە گومڕا کردنی هەرکەسێ ببێ بۆخۆی گومڕای ئەکاو ئارەزووی لە هیدایەت دانی هەرکەسێ ببێ بۆ خۆی هیدایەتی ئەدا. دەی کەواتە خۆت مەفەوتێنە لەخەفەتی ئەوەدا کەوا گومڕاکراوەکان نەهاتوونەتە سەر ڕێی ڕاست . خوا خۆی ئەزانێ ئەوانە چ کارەنو چی‌ئەکەن .

وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ (٩)

خوا ئەو خوایە با ئەنێرێو باکەیش هەور هەڵئەستێنێو، ئێمەیش هەورەکە دەئاژووین بۆ وڵاتێکی لە بێبارانیدا وشك هەڵگەڕاوو مردوو ، جا بەو بارانەی لەو هەورەوە ئەبارێ زەوی پاش مردنی زیندوو ئەکەینەوە. هەستانەوەی ئێوەیش لە گۆڕاو زیندوو بوونەوەتان لەو دنیاو چوونتان بۆ سەحرای مەحشەر، هەر بەم جۆرەیە .

مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ أُولَئِكَ هُوَ يَبُورُ (١٠)

ئەوکەسەی شەرەف و پارێزی بۆ خۆی ئەوێ ، هەرچی شـەرەف و پـارێز هەیە هەمووی هیی خوایە، دەبا لە خوای داوا بکا. قسەی باش کە خوا بە تاك و تەنیا زانینە، بۆلای خوا خۆی بەرز ئەبێتەوەو، خوا کردەوەی چاکیش قوبوول ئەکاو هەڵیئەبڕێ بۆلای خۆی. ئەوانەیش کە لەناو خۆیانا ئەیانەوێ بە فڕوفێڵ زیان بە پێغەمبەر بگەیەنن ، سزایەکی سەختیان لە پاداشی ئـەو فڕوفێـڵ و نیازە خراپانەیانا بۆ ئەبێ‌و، هەرچی فڕوفێڵ و پیلانێکیان هەیە هـەمـووی بە فیڕۆ ئەڕواو هیچی ناگاتە ئەنجام.

وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنْثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ وَمَا يُعَمَّرُ مِنْ مُعَمَّرٍ وَلَا يُنْقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (١١)

خوا بنەچەی ئێوەی لە گڵ دروست کردووەو پاش ئەوە کە ئادەمی لـە گڵ دروست کرد ئەولادو نەوەی ئەوی لە تۆمێك دروست کرد کە لە پشتی باوکەوە ئەچێتە منداڵدانی دایك، ئەوجا کردنی بە هاوجووت و نێرو مێ. هیچ ئـافـرەتێ ئاوس نابێ‌و منالّی نابێ بە پێزانینی خوا نەبێ. هیچ خـاوەن تـەمـەنێکیش تەمەنی درێژ نـابێ یا کورت نابێتەوە ئیللا لە کتێبێکا نووسراوە کـە نـاوی (لوح المحفوظ)ەو ، ئەمە گشتی کارێکی ئاسانە بۆ خوا .

وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِنْ كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٢)

هەرگیز دوو دەریا وەك یەك نین ، ئەمەیان ئاوەکـەی خـۆش و شیریـن و ڕەوانە بەئاسانی لەخۆیەوە بەگەروودا ئەچێتە خوارو، ئەوەیان سوێرو تاڵـەو

زەوق وەری ناگرێ و، لەگەڵ ئەوەیش لە هەردوو جۆرە دەریاکە گۆشتی تەڕو تازەو ناسك ئەخۆن و دوڕو مرواریی جوان دەردێنن خۆتانی پێ ئەڕازێننەوە. ئەیشبینی کەشتییەکان دەریا ئەبڕن و پیا ئەڕۆن و بەناویا هاتوچۆ ئەکەن بۆئەوەی ئێوە نیعمەت و ڕۆزیی خوا پەیدا بکەن بۆخۆتان و بەڵکو سوپاسی ئەم نان و نیعمەتەی خوا بکەن.

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ (١٣)

خودا شەو ئەکا بەناو ڕۆژاو دنیا تاریك دادێ و، ڕۆژئەکا بەناو شەواو دنیا ڕووناك ئەبێتەوەو، مانگ و ڕۆژی بۆ ڕام و دەسەمۆ کردوون هەریەکەیان تا وادەیەکی دیاری کراو بە ڕێی خۆیا ئەڕوا تا بە ڕۆژ کارو کاسبیی خۆتان بکەن و بە شەو پاش ماندووبوونی ڕۆژ بحەسێنەوە . ئەوەی ئەمە جێبەجێ ئەکا زاتی (ئەڵڵا) یە کە خوای ئێوەیەو پەروەردگارتانە، دەسەلاًت و تەسەڕوف لەم دنیایەدا هەر بۆ ئەوەو، ئەو بتانەی ئێوە لەبریتیی هاوارکردنە خوا هاواریان لێ ئەکەن خاوەنی توێکڵە ناسکەکەی ناوکەخورمایەك نین .

إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ (١٤)

ئەگەر بانگیان لێ بکەن گوێیان لە بانگ لێ کردنەکەتان نییەو ئەگەر گوێیشیان لێ بێ وەلاًمتان نادەنەوەو نایەن بەدەنگتانەوە چونکە هیچیان پێ ناکرێ بۆتان و ، لە ڕۆژی قیامە تیشدا ئینکاری ئەوە ئەکەن کە ئێوە ئەوانتان کردووە بە هاوبەشی خواو کەسیش ناتوانێ وەك یەکێکی ئاگادارو

شارەزا کە خوایە لەم بابەتەت ئاگاداربکا .

يَاأَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ(١٥)

خەڵکینە ! ئێوە نیازمەندو موحتاجی خوان و خوا بێنیازە لە هەموو عالەم و سەناو ستایش کراو هەرئەوە .

إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ(١٦)

ئەگەر مەیلی لێ بێ ئێوە لەناوئەباو خەڵکێکی تازە لە شوێنی ئێوە دێنێ .

وَمَا ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ (١٧)

ئەمەیش کارێکی قورس وگران نییە بۆ خوا .

وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِنْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى إِنَّمَا تُنْذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَمَنْ تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ(١٨)

هیچ نەفسێکی تاوانبار تاوانی کەسێکیتر لە ئەستۆ ناگرێو ، ئەگەر نەفسێکی بەتاوان بارگران داوای هەڵگرتنی هەندێ لە بارە گرانەکەی سەر شانی بکا لەلایەن کەسێکیترەوە کەس بەدەنگیەوە نایەتو هیچی لەجیاتی هەڵناگیرێ با بانگکراوەکەیش خزمو نزیکی خۆی بێ . تۆیش ئەوکەسانە ئەترسێنی لە سزای خوا کە لە پەنامەکییاو کاتێ کەس پێیان نازانێ ئەگەر تاوان بکەن لەخوائەترسنو لەترسی ئەو تاوانەکە ناکەن ، واتە ترساندن تەنها لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە سوودی هەیەو نوێژەکانیشیان ئەکەن ، هەرکەسیش خۆی لە تاوانو کردوەی خراپ خاوێن بکاتەوە ، ئەوە بۆ خۆیی خاوێن ئەکاتەوەو خۆی سوود لەو خۆخاوێن کردنەوەیە ئەبینێو ، سەرەنجامیش هەموو هەر دێنەوە بۆلایخوا .

وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ (١٩)

کوێرو چاوساغیش یەکسان نابن و وەك یەك نین.

وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ (٢٠)

تاریکستانیو ڕووناکییش هەر یەکسان نابن و وەك یەك نین .

وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ (٢١)

سێبەرو بەرهەتاویش هەروا یەکسان نین و وەك یەك نین .

وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَنْ يَشَاءُ وَمَا أَنْتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي الْقُبُورِ (٢٢)

زیندوو و مردوویش دیسان یەکسان نین و وەك یەك نابن. بێگومان خوا قسە ئەبا بەگوێی هەرکەسێکا مەیلی لێبێ و تۆ ناتوانی مردووی ناو گۆڕ وا لێ بکەی گوێی لە قسە بێ .

إِنْ أَنْتَ إِلَّا نَذِيرٌ (٢٣)

تۆ لە کەسێ بەولاوە نیت کە خەڵك لە سزای خوا ئەترسێنێ.

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ (٢٤)

بێگومان ئێمە تۆمان ناردووە بە مژدەدەر بۆ خواپەرستان و بە ترسێن بۆ لەخوا یاخییان و ، هیچ میللەتێکیش نەبوە ترسێنێکی تیا نەنێررابێ .

وَإِنْ يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ (٢٥)

ئەگەر ئەم کافرانە تۆ بە درۆزن دابنێن گوێمەدەرێ چونکە کافرەکانی پێش ئەمانیش پێغەمبەرانی نێرراوە سەر خۆیانیان بە درۆزن دانا کە بە

بەلگەو کتێبی ئاسمانیی ڕێگا ڕوونکەرەوەوە نێررابوونە سەریان .

ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (٢٦)

منیش پاش ئەو بەدرۆزن دانانەی پێغەمبەرەکان لەلایەن میللەتە کافرەکانیانەوە، ئەو کافرە پێغەمبەران بەدرۆزن دانەرانەم بە قارو غەزەبی خۆم گرت. جا نارەزاییی من لە کارو کردەوەی ئەو کافرانە چۆن بوو و چۆنم سزا دان ؟

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ (٢٧)

ئایا تۆ نەتدیوە خوا ئاوی لە ئاسمانەوە ناردووەتە خوارەوەو بەو ئاوە چەندین بەروبەرهەمی ڕەنگ و جۆر جیاجیامان پێگەیاندووە ؟ لە کێوەکانیش چەندین ڕێگاو هێڵی سپیو سووری ڕەنگ جیاوازو ڕەشی فرەڕەش، واتە ئەمانەیشمان دروست کردووە ؟

وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ (٢٨)

لە نەوعی ئادەمیزادو کرم و مارو مێروو و چوارپێو ئاژەڵیش هەروەها ڕەنگ و جۆری جیا جیامان دروست کردووە. لەناو بەندەگانی خوادا هەر زانایان لە خوا ئەترسن چونکە ئەوان باش شارەزای کارو کردەوەی خوان و پەی بە گەورەییی خوا ئەبەن. بێگومان خوا بەسەر خواستی خۆیا زاڵەو لە بەندەگانی خۆی خۆش ئەبێ.

إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُواْ الصَّلَاةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ

سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّنْ تَبُورَ (٢٩)

بەڕاستی ئەوکەسانەی کتێبی خوا ئەخوێننەوەو نوێژ ئەکەن و لەوەی خوا پێی‌داون بەئاشکراو بەنهێنی خەرج ئـەکـەن لـە ڕێی خوادا، ئەوانە بەهیوای بازرگانییەکـن هەرگیز زیانی نایەتەڕێو نابڕێتەوە.

لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ (٣٠)

بۆئەوەی خوا پاداشیان بەخێر بداتەوەو لە گەورەیی خـۆیشـی بـۆیـان زیاد بکا. بـەڕاستی خـوا گـونـاهبـەخش و سـوپـاسگـوزاری ئـەوانـەیـە فەرمانبەرداریی ئەو ئەکەن. سوپاسگوزارییەکەیشی بەوەیە جەزای بەخێریان ئەداتەوە بەرانبەرکاروکردەوە باشەکانیان.

وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ (٣١)

ئەو قورئانەی ئێمە بە وەحی بۆمان ناردووی هەر ئەوە حەق و ڕاستە نـەك ئەوەی کافرەکان ئیددیعای ئەکەن و ، هەر ئەو قورئانەیە باوەڕ بە ڕاستیی ئەو کتێبە خواییانەی‌تر ئەکا کە لەپێش خۆیا هاتوون بۆ پێغەمبەران. بەڕاستی خوا لە بەندەگانی خۆی شارەزایەو هەمووشتێ ئەبینێ.

ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ (٣٢)

پاش ناردنی کتێبە پێشووەکـان بۆ پێغەمبـەره ڕابووردووەکـان، ئـەم قورئانەمان بە میرات دا بەوکەسانەی هەڵمانبژاردبوون بـۆئـەوەی بـە میرات بییاندەینێو وەری‌بگرن کە مەبەست میللەتی موسوڵمانانە . جا هەندێ‌کەس لەم

میللەتە ستەم لە خۆیان ئەکەن و بەگوێرەی قورئانەکە ناجوولێنەوەو، هەندێ کەسیشیان مامناوەندیو میانەکارن و نە زۆر گوێڕایەڵ و نە زۆر بێگـوێن و ، هەندێکەسیشیان بە ئیزنی خوا لەپێشەوەن بۆ چاکەکردن و، ئـەم بەهـرەی لەپێشەوەبوونە بۆ چاکە کردن گەورەییەکی مەزنە خوا بە کەسێکی بدا.

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ(٣٣)

بۆ ئەوانە هەیە بەهەشتی (عەدن) ئـەچنـە نـاوی و بـە خشڵی زێـڕو دوڕو مرواری ئەڕازێنرێنەوەو جوان ئەکرێن و پۆشاك و جلوبەرگیان لە بـەهەشتا لە ئاوریشمە.

وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ(٣٤)

لەو بەهەشتەیانا سەناو ستایشی خوا ئەکەن و ئـەڵێن : سوپاس بـۆ ئـەو خوایەی غەم و پەژارەی ژیانی دنیاو ترسی ئاخرشەڕیی قیامـەتی لێ لادایـن. بەڕاستی خوای ئێمە خوایەکی تاوانبەخش و سوپاسگوزارەو جەزای بەخێری خەڵك ئەداتەوە بەرانبەر هەر چاکەیەك بیکەن.

الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِنْ فَضْلِهِ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ(٣٥)

ئەو خودایەی ئێمەی بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی لـەم نشینگـە بەردەوام و پایەدارەدا جێگیرکرد، نە ماندوویەتیمان تووش دێ تیایـاو نـە لـە هیچیش بێزار ئەبین.

وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلَا يُخَفَّفُ

عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ (٣٦)

ئەوانەیش کە کافر بوون ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە ، نە بڕیاری مردنێکی نوێیان ئەدرێ تا بمرن و بحەسێنەوەو لە سزای دۆزەخ ڕزگار ببن و ، نە سزای دۆزەخیان تۆزێ بۆ سووک ئەکرێ ، هەر کافرێکی‌تریش هەروا پاداش ئەدەینەوە.

وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحاً غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُمْ مَا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَنْ تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ (٣٧)

ئەوانیش لە دۆزەخا ئەکەونە هاوار هاوارو ئەڵێن :خوایە ! لەم دۆزەخەمان دەرکە با کردەوەیەکی چاك بکەین غەیری ئەو کردەوە خراپانەی لە دنیادا ئەمانکردن. جا خوایش پێیان ئەفەرموێ : ئایا ئێمە ئەوەندەمان تەمەن نەدانێ بەشی ئەوە بکا هەرکەس بتوانێ بیری تیا بکاتەوەو بزانێ چی چاکە تا بیکاو چی خراپە تا نەیکاو، پێغەمبەری لە ڕۆژی قیامەت ترسێنیشتان هاتەلاو گوێتان نەدایێو بە قسەتان نەکرد؟ دە کەواتە بیچێژن، مرۆی ستەمکار هیچ یارمەتیدەرێکی بۆ نییە .

إِنَّ اللَّهَ عَالِمُ غَيْبِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٣٨)

بەڕاستی خوا هەموو نهێنییەکانی ئاسمان و ئەرز ئەزانێو بەو خەیالاتە ئەزانێ کە بە ناو دڵی خەڵکا گوزەر ئەکا .

هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا

خَسَارًا(٣٩)

خوا ئەو خوایە ئێوەی کردووە بە جێگەنشینی خۆی لە تەسەڕروف کردن لە زەویدا. جا هەرکەس کافر ئەبێ و بە فەرمانی خوا ناجوولێتەوە ئەوە زیانی کافرییەکەی بۆ خۆیەتی. کافریی کافرانیش هیچیان لای خوای خۆیان بۆ زیاد ناکا لە نائومێدی لە ڕەحمەتی خواو زەرەرو زیان لێ کەوتن بەولاوە.

قُلْ أَرَأَيْتُمْ شُرَكَاءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا فَهُمْ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّنْهُ بَلْ إِنْ يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا إِلاَّ غُرُورًا(٤٠)

تۆ بڵێ پێیان: ئەو بتانەتانتان دیوە کە کردووتانن بە هاوبەشی خواو هاواریان لێ ئەکەن بێن بە فریاتانەوەو هاوار لە خوا ناکەن ؟ ئا پیشانم بدەن ئەم بتانەتان چییان دروست کردووە لە زەویدا ؟ یاخود ئاخۆ هاوبەشییەکیان لەگەڵ خوا هەیە لە دروستکردنی ئاسمانەکانا تا بەوە ببن بە هاوبەشی خوایەتیی خوا؟ یاخود ئاخۆ ئێمە کتێبێکی خۆمانمان داونێ ئەو کتێبە بەڵگەیەکیان بداتە دەست کە هاوبەشی خوان ؟ نەخێر ئەمانە هیچیان نین. مەسەلە هەر ئەوەیە ئەم کافرە ستەمکارانە هەندێکیان کە گەورەکانیانن گفتی وا بە هەندێکی تریان ئەدەن کە بچووك و شوێن کەوتووەکانیانن تا بەو گفتانە بابییان بکەن و هەڵیانخەڵەتێنن، وەك ئەوە کە ئەو بتانە هاوبەشی خوان و شتیان پێ ئەکرێ و بەفریایانا ئەگەن.

إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولاَ وَلَئِنْ زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا(٤١)

خوا ئاسمانەکان و زەویی ڕاگرتووەو ناهێڵێ لە شوێنی خۆیان لاپچن و،

ئەگەر لە شوێنی خۆیان لابچن کەس پاش ئەو کــە بــەرەڵلای کــردوون و لــە شوێنی خۆیان لاچوون، نایانگرێتەوە. بەڕاستی خوا بەسەبرو حەوسەڵەیــەو تاوانی تاوانباران ئەپۆشیٚ.

وَأَقْسَمُواْ بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِنْ جَاءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَى مِنْ إِحْدَى الْأُمَمِ فَلَمَّا جَاءَهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلاَّ نُفُوراً (٤٢)

قورەیشییەکان سوێندیان ئەخوارد بە خوا بە هــەموو تــوانێکــی سوێنــد خواردنیان ، ئەیانوت ئەگەر پێغەمبەرێکمان لای خواوە بێتەسەر بمانترسێنیٚ لە بیٚباوەڕی بە خوا ، باشتر ئایینی ئەو پێغەمبەرە وەرئەگرین لــە یــەکیٚ لە میللەتەکانی جوولەکەو گاور کە پێغەمبــەریــان هاتبــوە ســەرو گوێڕایــەڵی نەبووبوون. کەچیٚ کاتیٚ پێغەمبەریان هاتەسەر، کە حەزرەتی موحەممــەدە، هاتنەکەی هیچی لە جاران لا زیاتر نەکردن خۆ دوورگرتن نەبیٚ لــە بــەگــویٚ کردنی ئەو پێغەمبەرە کە ئیمانیان پیٚنەهێنا .

اسْتِكْبَاراً فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلاَ يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلاَّ بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلاً وَلَــنْ تَجِــدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلاً (٤٣)

ئەمەیشیان لەوەوە بوو کە خۆیان بە زل ئەزانی لەسەر زەویو لــەبــەرئەوە بوو کە مەکری ناشیرینیان ئەکردو، مەکری ناشیرینیش ســەرەنجــام دەوری کەس ناداو بەسەر کەسا ناتلێتەوە بەسەر ئەوانەدا نەبیٚ کە کردوویانە. ئەمانە بەهیوای چین و چاوەڕێن چییان بێتەڕیٚ لەو سەرەنجامــە بــەولاوە کە بەسەر بیٚباوەڕە پێشینەکانا هاتووە کە لە خوا یاخی بوون و گوێیان بۆ فروستادەی ئەو شل نەکردووەو، هەرگیز نابینی ئەو قــانــوونــەی خــوا بەسەر میللەتانیا

جێبەجێ کردووە لابداو بگۆڕێو هەمیشە هەر ئەوەیە .

أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَكَانُواْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا (٤٤)

ئایا ئەمانە بەسەر زەویدا نەگەڕاون تا سەیر بکەن سەرەنجامی میللەتە لەخواياخیو بێباوەڕەکانی پێش خۆیان چۆن بووە کە لەمانیش بەهێزترو تواناتر بوون چ لەبارەی دارایی‌و چ لەبارەی چەك و سیلاح و چ لەبارەی زۆریی ژمارەوە. بەڵام قەت خوا لەوانە نەبوە شتێ هەبێ پێی نەکرێو دەسەلاتی بەسەریا نەشکێ نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا. بەڕاستی خوا بەهەموو شتێ ئەزانێو هەموو کارێ ئەتوانێ.

وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِنْ دَابَّةٍ وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا (٤٥)

ئەگەر خوا مۆڵەتی تاوانبارانی نەدایەو هەرکەس هەر تاوانێکی بکردایە دەسبەجێ تۆڵەی لێ بسەنرایە ، هیچ بەسەر زەویدا ڕۆیشتوویەکی لە ئادەمزادو گیانلەبەرانی‌تر بەسەر پشتی زەوییەوە نەئەهێشت ، بەڵام مۆڵەتیان ئەداو دوایان ئەخا هەریەکە بۆ وادەیەك کە خۆی بۆی دیاری کردوون. جا هەر کاتێ کە وادەی دیاریکراوی هەرکامیان هات ، خوا خۆی چاوی لە بەندەگانی خۆیەتی‌و ئەیانبینێو تۆڵەی خۆیانیان ئەداتە دەست.

سوورەتی (یٓس)

مەککەیی‌یە ئایەتی ٤٥ی نەبیٚو ، ٨٣ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

یٓس (١)

خوا خۆی ئەزانیٚ مەبەستی لەم وشەیە چییە ، یاخود واتە: ئەی‌کەسیٚ کە ناوت یاسینەو مەبەستی پێغەمبەرە، یاخود ئەی ئادەمیزاد، بەگوێرەی زمانی خێڵی تەی کە لە ڕیشەدا (یا أنیسین) بووبیٚو تەنها نیوەی دووهەمی مابێتەوە ، وەك هەندیٚ لە تەفسیرنووسەکانی قورئان نووسیویانە .

وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ (٢)

سوێند ئەخۆم بە قورئانیٚ کە خاوەن حیکمەتە .

إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (٣)

بیٚگومان تۆ یەکێکی لەوانەی نێرراون بۆ ڕیٚپیشاندانی ئادەمیزاد.

عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٤)

لەسەر ڕێگایەکی ڕاستیشی .

تَنزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ (٥)

ئەو ڕێگا ڕاستە ڕێگای ئەو قورئانەیە کە خوای خاوەن عیززەت و هێزو میهرەبان نازڵی کردووە ، یاخود ئەو قورئانەی سوێندم پیٚ خوارد نازڵ‌کراوی خوای خاوەن عیززەتو هێزومیهرەبانە .

لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ (٦)

تۆ بۆئەوە ڕەوانە کراوی کەسانێکی‌وا لە سزای خوا بترسێنی کە باوك‌و

باپیرانیان نــەترسێنراون‌و پێغەمبەریــان نەهاتووەتــەســەرو لــەبەرئەوە لە فەرمانی خوا بێئاگان‌و هیچی لێ‌نازانن.

لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ(٧)

بەڕاستی ئەمانە ئەو فەرموودەیەی من بەسەر بەشی زۆریانا چەسپاوە کە وتوومە: دۆزەخ لە ئادەمیزادو پەرییان پڕئەکەم، چونکە ئەوانە ئیمان ناهێنن.

إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلاَلاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ(٨)

ئێمە زنجیری بێبــاوەڕیمــان خستووەتــە گــەردنی ئەمانەو ئەو زنجیرانە ئەگەنە لای چەنــاکــەیــان‌و لــەبەرئەوە ئەوان ناتوانن مل دانەوێنن‌و سەریان هەڵبڕیوە بۆلای ئاسمان.

وَجَعَلْنَا مِــنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِــنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ (٩)

ئەو بێباوەڕانە بەڕادەیەك نــوقمــی بــێبــاوەڕیــن‌و هیــچ ڕاستییەك بـــــەدی ناکەن، لەبــەردەمیانا دیوارێك‌و لەپشــتیانەوە دیوارێکمان دروســت کردووە، لەنێوان ئەو دوو دیوارەدا گەمارۆ دراون‌و بـــــەرچاومان تاریك کردوون‌و هیچ نابینن .

وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (١٠)

چون یەکە بۆ ئەوان بیبیانترسێنی لە ســـزای خوا یا نەیانترسێنی، ئەوان لە هیچ حاڵێکا باوەڕ ناکەن‌و ئیمان ناهێنن.

إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الــرَّحْمَنَ بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ(١١)

تۆ ناترسێنی بە ترساندنێکی‌وا سوودی هەبێ کەسێ نــەبێ شوێنی قورئان

بکەوێو لەپەناوە کە کەس ئاگای لێ نەبێ چی ئەکاو چی ناکا ، لە خوا بترسێ . مرۆیوا مژدەی خوا لێخۆشبوونو پاداشێکی دەس بڵاوانەی بدەرێ کە لەلای خواوە بۆی دێ .

إِنَّا نَحْنُ نُحْيِ الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُّبِينٍ(١٢)

بەڕاستی ئێمە مردووان زیندوو ئەکەینەوەو هەرچی کردەوەی چاكو خراپیان کردووە هەمووی لای خۆمان ئەنووسینو هەرچی کارێکی چاکیان بۆ پاش خۆیان بەجێهێشتووە هەمووی تۆمار ئەکەینو، هەرچی شتێ هەیە هەموویمان لە (لوح المحفوظ) دا بۆ خاوەنەکەی ژماردووەو نووسیومانە .

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلاً أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءهَا الْمُرْسَلُونَ(١٣)

بە نموونە باسی خاوەنو دانیشتوانی دێی (ئینتاکییە) بۆ ئەهلی مەککە بکە کاتێ کە فروستادەکانی عیسا پێغەمبەر هاتنە لایان.

إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ(١٤)

کاتێ کە دوو کەسمان لە هاوڕێکان (حواریون) ی عیسا ناردە لایانو ئەوانیش بە درۆزنیان دانانو ، ئێمەیش بە ناردنی کەسێکی سێهەم بۆ یارمەتیدانیان پشتمان قایم کردنو هەموو پێکڕا بە ئەهلی دێکەیان وت : ئێمە نێرراوین بۆ لای ئێوە .

قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمَنُ مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَكْذِبُونَ(١٥)

ئەهلی دێکەیش پێیان وتن : ئێوە هیچ فروستادە نینو لە مرۆیەکی سادەی

وەك ئێمە بەولاوە نین و خوا هیچ كتێبێكی ئاسمانیی نەناردووەتە خوارو ئێوە لە درۆ بەولاوە هیچ نالێن.

قَالُواْ رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ (١٦)

فروستادەكانیش بە ئەهلی دێكەیان وت: خوا خۆی ئەزانێ ئێمە بۆ لای ئێوە نێرراوین .

وَمَا عَلَيْنَا إِلاَّ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ (١٧)

هیچ ئەركێكیشمان لە ئەستۆدا نییە ئەوە نەبێ ئەو وەحیەی كەوا خوا ناردوویەتی پێتانی ڕابگەیەنین بەئاشكرایی و ڕۆشنی .

قَالُواْ إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِن لَّمْ تَنتَهُواْ لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٨)

ئەهلی دێكە پێیان وتن: ئێمە پێو قودوومی ئێوە بۆ خۆمان بە نەگبەت ئەزانین و تووشی بەدبەختی هاتووین بە هۆی ئێوەوەو ئەگەر دەسبەردار نەبن لەم جۆرە قسانەتان سەنگەسارتان ئەكەین و سزایەكی سەختتان لە ئێمەوە تووش ئەبێ .

قَالُواْ طَائِرُكُم مَّعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ (١٩)

فروستادەكان پێیان وتن: نەگبەتی و شوومیی ئێوە بەهۆی ئێمەوە نییەو لەگەڵ خۆتانایەو لە نەفسی خۆتانایە. ئایا هەر لەبەرئەوە كە لەلایەنی ئێمەوە خواو ڕۆژی قیامەت و حیساب و كیتابتان خراوەتەوە یاد، خراپ بووین لەپێش چاوتانا ؟ نەخەیر مەسەلە ئەمە نییە ، ئێوە خۆتان خێڵێكی لەسنوور لادەرو زیادەڕەوون.

وَجَاءَ مِنْ أَقْصَا الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَاقَوْمِ اتَّبِعُواْ

الْمُرْسَلِينَ(٢٠)

لەو ماوەیەدا پیاوێك بەهەڵەداوان لەوپەڕی شارەوە هات بۆلای خەڵکەکە، ئەم پیاوە ناوی حەبیبی دارتاش بوو، بە خەڵکەکەی وت: خزمینە ! شوێنی قسەی ئەم پیاوانە بکەون کە نێرراون بۆلای ئێوە.

اتَّبِعُواْ مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ(٢١)

شوێنی قسەی کەسانێ بکەون کە بەخۆڕایی ئامۆژگاریتان ئەکەن و داوای کرێتان لێناکەن و خوا ڕێگەی ڕاستی پیشان داون.

وَمَا لِيَ لاَ أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٢٢)

منیش چیمە ئەو خوایە نەپەرستم کە دروستی کردووم و هەموویشتان سەرەنجام بۆلای ئەو ئەگەڕێنەوە؟

أَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِ آلِهَةً إِن يُرِدْنِ الرَّحْمَن بِضُرٍّ لاَّ تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلاَ يُنقِذُونِ(٢٣)

ئایا من چەند پەرستراوێکی هیچوپووچ لە خوا بەولاوە بۆ خۆم ڕائەگرم کە ئەگەر خوا ویستی تووشی زیانێکم بکا، تکاکارییان بۆم هیچ قازانجێکم پێ نەگەیەنێ و ڕزگارم نەکەن ؟

إِنِّي إِذًا لَّفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ(٢٤)

من ئەگەر ئەو پەرستراوە هیچوپووچانە بۆ خۆم ڕاگرم و بیانپەرستم، بێگومان لە گومڕاییەکی ئاشکراو دیاردام.

إِنِّي آمَنتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ(٢٥)

ئەی فروستادەکان ! وا من بەڕاستی ئیمانم بە خواکەی ئێوە هێنا، کەواتە باش گوێتان لێم بێ.

قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَالَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ(٢٦)

ئەهلی دێکە لەسەر ئەم قسانەی کوشتیان. لەوکاتەدا کە ئەیانکوشت، لەلایەن خواوە پێی ڕاگەیەنرا کەوا تۆ بەهەشتیت. ئەویش وتی: خۆزگە خەڵکی دێکەم ئەیانزانی..

بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ(٢٧)

کەوا خوای خۆم لێم خۆش بوو و قەدری گرتمو خستمیە بەهەشت، بەڵکو ئەوانیش دەسیان لە بێباوەڕی هەڵگرتایەو فەمانبەرداریی خوایان بکردایە .

جوزئی بیستوسێهەم

وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِنْ بَعْدِهِ مِنْ جُندٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ (٢٨) .

ئێمە پاش کوژرانی ئەو هیچ لەشکرێکمان لە ئاسمانەوە نەناردە سەر خێڵەکەی تا تۆڵەی کوشتنی ئەوو بێباوەڕیی خۆیانیان لێ بسێنینەوەو لەوانەیش نییە سوپایەکیوا بنێرین.

إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ(٢٩)

سزایان لەوە زیاتر نەبوو تاقە یەك نەعرەتەمان بەسەردا کردنو کوتووپڕ هەموو ساردبوونەوەو هەناسەیان لێ چنرا. .

يَاحَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ(٣٠)

ئەی داخ بۆ ئەم بەندە بێئاگایانە ! هیچ پێغەمبەرێکیان نەئەهاتەسەر ، ئیللا ئەکەوتنە گاڵتەو لاقەتیپێکردنی .

أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لاَ يَرْجِعُونَ (٣١)

ئەوە ئاخۆ نەیاندیوە چەندین وەچەمان بەر لەوان لەناوبردووەو هیچ کام لەو وەچە لەناوبراوانە ناگەڕێنەوە بۆلای ئەوان؟

وإِنْ كُلٌّ لَمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ(٣٢)

هیچ کامیش لەو وەچانە نییە، کۆن و نوێیان ، ئیللا هەموویان لای ئێمە ئامادە ئەکرێن و ئەهێنرێنە بەردەستمان .

وَآيَةٌ لَهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ(٣٣)

نیشانەو بەڵگەی توانایی خوایە بۆیان زەویی مردووی وشکی بێشینایی کە ئێمە زیندووی ئەکەینەوەو گژوگیای لێ ئەڕوێنین و دانەوێڵەی لێوە دەرئەکەین و ئەوانیش لەو دانەوێڵەیە ئەخۆن .

وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ الْعُيُونِ(٣٤)

باخی جوان جوانی دارخورماو دارمێویشی تیاسەوز ئەکەین و کانیاوی تیا هەڵئەقوڵێنین .

لِيَأْكُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ(٣٥)

تا لە بەری ئەو باخانەی باسمان کردن بخۆن و هەروەها بەرهەمی کاری دەستی خۆیشیان بخۆن کە لە بەری ئەو باخانەی دروست ئەکەن وەك دۆشاوو باسووق و مێوژ.جا ئایا لەگەڵ ئەمەیش هێشتا سوپاسی خوای نیعمەت بەخش ناکەن ؟

سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ(٣٦)

پاکیو بێعەیبی بۆ ئەو خوایە جۆرەها داری بەردارو شینایی خواردەمەنیی دروست کردووە لەوەی کە زەوی ئەیڕوێنیّو لەو شتانەیش کە ئەوان خۆیان نازانن چییەو لە کام شوێنەوەو لە چی پەیدا بووە؟

وَآيَةٌ لَّهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ(٣٧)

شەویش نیشانەو بەڵگەی توانایی خوایە بۆ ئەو کافرانە، کە دێین پێستی ڕووناکی ڕۆژی لیٚ دائەڕنین، ئیتر هەموو ئەم جیهانە ئەکەونە تاریکییەوە.

وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ(٣٨)

هەروا خۆریش نیشانەی گەورەیی خوایە کە لە مەداری خۆیا دیٚو ئەچیٚ تا کاتی ئارام گرتنی بە فەرمانی خواو، ئەمەیش بە تەقدیرو ڕێکخستنی خوایە کە دەسەلاٚتی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکیٚو بە هەموو شتیٚ ئەزانیٚ.

وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ(٣٩)

مانگیشمان بڕیار داوە بە خاوەنی چەند ماواو مەنزلٚ تا لەسەرەنجاما لە ئاخری مانگا وەك داری وشك هەلاٚتووی کۆنی لیٚ دێتەوە.

لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ(٤٠)

نە ڕۆژ بۆی هەیە خەتی هاتوچۆی مانگ بگریّو نە شەویش لە ڕۆژ پێش ئەکەویٚ. واتە هیچ کام ناتوانیٚ لە خەتی خۆی لابدا، یاخود نە ئەویش زاڵ ئەبیٚ بەسەر ڕۆژاو هەموو کاتەکانی داگیر ئەکاو، هەرکام بوخۆی لە فەلەکی تایبەتیی خۆیاو لە دائیرەیەکی خوسووسیدا مەلەوانی ئەکا.

وَآيَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ(٤١)

نیشانەیەکی گەورەیە بۆ ئەمانە بۆ گەورەییو توانایی خوا ئەمە کەوا ئێمە

ئەولادی ئەمانەمان هەڵگرتووە لە کەشتیی پڕ لە ڕێبواراناو ئەیانبەین بۆ ئەملاو ئەولا. مەبەست لەوەیە کە بازرگانانی مەککە کوڕی خۆیان ئـەنێرن بـۆ وڵاتـی دوور بۆ بازرگانی، یا ئەوە کەخۆیان بە کـەشتی ئـەڕۆن بـۆ وڵاتی دووروژنو منداڵیشیان لەگەڵ خۆیان ئەبەنو سواری کەشتییان ئەکەن.

وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِ مَا يَرْكَبُونَ(٤٢)

دروستیشمان کردووە بۆیان لە چەشنی کەشتیی دەریا شتێ کە لە وشکانا سـواری ببن وەك حوشتر کـە حوشتر پێیئـەڵێن (کـەشتیی بیابان) یاخود ئەمیش لە دەشتو بیابانا ئەو ئەرکە ئەبینێ کە کەشتی لە دەریادا ئەیبینێ.

وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلاَ صَرِيخَ لَهُمْ وَلا هُمْ يُنقَذُونَ(٤٣)

ئەگـەر بیشمانەوێ نـوقمی دەریـایـان ئـەکەینو ئەیانخنکێنین، ئیتر نە فریادڕەسێ هەیە بێ بە هاواریانەوەو نـە ڕزگـاریش ئـەکرێن بەو فریادڕەسە ئەگەر فەرزیش بکەین ببێ.

إِلاَّ رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ(٤٤)

مەگەر میهرەبانییەك لەلایەن ئێمەوە ڕزگاریان بکا بۆئەوەی تا وەختێکی دیاریکراو بژینو ڕابوێرن.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ(٤٥)

کاتێ بەم خوانەناسانە بوترێ: لەخوا بترسنو خۆ لەو سزایەی خوا دوور بگرن کە لە بەردەستانایە کە سزای دنیایەو لەو سزایەی کە لەپاشەوەیە کە سزای ڕۆژی قیامەتە بەڵکو خوا ڕەحمتان پێبکـا .. وەڵامی ئـەم قسە لـە ئایەتەکەدا نییە، بەڵام لـە ئایەتی پاشـەوە دەرئـەکەوێ، واتە: مـوبالات ناکەنو گوێ نادەنێ.

وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلاَّ كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ(٤٦)

هیچ موعجیزەیەکو هیچ کارەساتێك نایەتە لایانو پیشانیان نادرێ، ئیللا گوێی نادەنێو ڕووی لێ وەرئەچەرخێنن .

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ آمَنُواْ أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ أَطْعَمَهُ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٤٧)

کاتێکیش پێیان بوترێ : لەو ماڵو سەروەتو سامانەی خوا پێی داون خەرج بکەن بۆ فەقیرو هەژار لە ڕێی خوادا، لە وەڵامی ئەوانەدا ئەم قسەیەیان بۆ ئەکەن کە ئەڵێن : ئایا ئێمە خواردەمەنی بە کەسانێ بدەین ئەگەر خوا خۆی خواستی لەسەر بوایە خۆراکی ئەدانێ؟ ئێوە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا نەبێ نین. ئەم ڕستەی دواییە یا خوا بەو کافرانەی ئەفەرموێو بەیانی گومڕاییان ئەکا ، یا خوا بە زوبانی ئەوانەوەی فەرمووە کە داوایان لێ کراوە خێروسەدەقە بۆ هەژارو فەقیر بکەنو ئەوانیش وەڵامی داواکەرەکانیان پێ داوەتەوە.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ(٤٨)

ئەم کافرانە ئەڵێن : ئەم سزا وەعدەپێدراوە کەی دێتەدی ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟

مَا يَنظُرُونَ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ(٤٩)

ئەوانە چاوەڕوانی هیچ ناکەن لە هاوارێ بەولاوە کە دایان ئەگرێ لەکاتێکا کە ئەوان لە کارو کاسبیی خۆیانا خەریکی دەنگەدەنگو هەراو مشتومڕن.

فَلاَ يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلاَ إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ(٥٠)

ئیتر نە توانی وەسیەت کردنیان هەیە بۆ کەسوکاریانو نە ئەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵو منداڵیان، بەڵکو هەر لە شوێنی خۆیانا بە بیستنی ئەو هاوارە گیانیان

دەرئەچێ.

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ(٥١)

فوویش ئەکرێ بە (صوور) داو ، ئیتر کوتووپڕ ئەوان لە گۆڕەکانیان دەرئەچن و بەهەڵەداوان ئەڕۆن بۆ لای خوای خۆیان، بۆ مەیدانی لێپرسینەوە.

قَالُوا يَاوَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ(٥٢)

ئەڵێن: ئەی هاوار بۆ ئێمە ! ئەوە کێ لەم شوێنەدا بەخەبەری هێناین کە تیا نووستبووین ! ئەم بەخەبەرهێنانە ئەوەیە کە خوای میهرەبان لە دنیادا گفتی دابووینێ و پێغەمبەرەکانی خوایش کە ئەم خەبەرەیان ئەداینێ ڕاستیان فەرموو.

إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ(٥٣)

ئەو بەخەبەرهێنانە تەنها بە تاقە هاوارێ بوو کە دەنگی فووکردن بوو بە صووردا و کوتووپڕ هەموو بەجارێ لای ئێمە حازر کران .

فَالْيَوْمَ لاَ تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَلاَ تُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٥٤)

جا ئەمڕۆ هیچ کەسێ هیچ ستەمی لێ ناکرێ لە کەم و زۆر و کەستان پاداشتان نادرێتەوە بەگوێرەی ئەو کارانە نەبێ لە دنیادا ئەتانکردن .

إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ(٥٥)

بەڕاستی ئەهلی بەهەشت ئەمڕۆ بە نازو نیعمەت و خۆشی و ڕابواردنی خۆیانەوە خەریکن.

هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلاَلٍ عَلَى الْأَرَائِكِ مُتَّكِئُونَ(٥٦)

خۆیان و ژنەکانیان لە سێبەردا لەسەر چارپایەی جوان پاڵیان لێداوەتەوە.

لَهُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ(٥٧)

له بەهەشتا میوەیان بۆ هەیەو هەرچی داوا بکەن له بەهەشتا بۆیان هەیە.

سَلَامٌ قَوْلاً مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ(٥٨)

سەلامیان بە وتن لەلایەن خوای میهرەبانەوە بۆ دێ.

وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ(٥٩)

ئەی تاوانبارەکان ! ئێوەیش ئەمڕۆ جویێبنەوە لە پیاوە باشەکان .

ئەم ڕستەیەیش بە تاوانبارانی ئەهلی دۆزەخ ئەوترێ .

أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (٦٠)

ئەی بەرەی ئادەمیزاد ! ئایا من کاتی خۆی ڕام نەسپاردن‌و پێم نەوتن : کەوا بەندەگی بۆ شەیتان مەکەن‌و مەیپەرستن ، شەیتان بێگومان دوژمنێکی ئاشکراتانە ؟

وَأَنِ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ(٦١)

بەندەگی بۆ من بکەن‌و من بپەرستن‌و ئەمەیە ڕێگای ڕاست؟

وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلاًّ كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ(٦٢)

بەڕاستییش شەیتان خەڵکێکی زۆری لێ گومڕا کردن. ئایا ئێوە عەقڵ‌و فامتان نەبوو وا بەگوێی شەیتانتان کرد ؟

هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ(٦٣)

ئەمەی کە ئێستا ئەیبینن ئەو دۆزەخەیە کە گفتتان پێ ئەدرا کەوا بەنسیبتان ئەبێ .

اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ(٦٤)

دە ئەمڕۆ بڕۆنە ناوی لە سزای ئەو کوفرەدا کە کاتی خۆی ئەتانکرد .

الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ(٦٥)

ئەمڕۆ دەمیان مۆر ئەکەین بۆ ئەوەی نەتوانن هیچ بڵێن و دەستیان قسەمان بۆ ئەکاو پێیان شایەتیمان بۆ ئەدا لەسەر ئەو کردەوانەی کاتی خۆی کردوویانن، واتە یا نیشانەی گوناهەکانیان دەرئەکەوێ یا هەر دەسوپەلیان دێنینە گۆ.

وَلَوْ نَشَاءُ لَطَمَسْنَا عَلَى أَعْيُنِهِمْ فَاسْتَبَقُوا الصِّرَاطَ فَأَنَّى يُبْصِرُونَ(٦٦)

ئەگەر بیشمانویستایە چاوەکانیانمان تەخت و بێبینایی ئەکرد ، جا ئەکەوتنە پەلە بۆئەوەی ڕێبدۆزنەوەو بڕۆن ، بەڵام چۆن ڕێیان دەرئەکرد تا بڕۆن ؟

وَلَوْ نَشَاءُ لَمَسَخْنَاهُمْ عَلَى مَكَانَتِهِمْ فَمَا اسْتَطَاعُوا مُضِيًّا وَلَا يَرْجِعُونَ(٦٧)

ئەگەر بیشمانویستایە هەر لە شوێنی خۆیانا ئەمانگۆڕین و پێستی گیانلەبەرێکی ترمان ئەکرد بەبەریاناو ئیتر نەیانئەتوانی بڕۆن بەملاو بەولاداو نەیشئەگەڕانەوە بۆ حاڵی جارانیان.

وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ أَفَلَا يَعْقِلُونَ(٦٨)

ئەوەیش کە تەمەنی درێژ کەین و زۆری بژیێنین ئەیشیچەمێنینەوەو باڵای کوور ئەکەین و ڕۆژبەڕۆژ لەڕو لاوازتری ئەکەین. دەسا هێشتا ئەمانە نافامن ئادەمیزاد لە خودی خۆیا زەعیفەو خوا ئەتوانێ هەموو حاڵێکی بەسەرا بهێنێ ؟

وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُّبِينٌ(٦٩)

ئێمە موحەممەدی پێغەمبەری خۆمانمان فێری شیعردانـان نەکردووەو شیعروتنیش شایانی ئەو نییەو بۆی ڕەوا نییە چونکە شیعر زیادەڕۆیی زۆری تیایەو ئەویش ئەبێ هەر ڕاستی بڵێ. ئـەمـەی ئـەو لـە خواوە بـە خـەڵکی ئەگەیەنێ، وەبیر هێنانەوەی خواو ڕۆژی قیامـەتو قورئـانێکی ڕێگـا ڕوون کەرەوەیە بۆ بەرەی ئادەمیزاد.

لِّيُنذِرَ مَنْ كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ(٧٠)

بۆ ئەوە نێرراوەتە خوار هەموو ئەو کەسانە بترسێنێ کە دڵو دەروونیان زیندووەو سزای ڕۆژی قیامەتیش واجب ببێ بۆ ئـەوانـەی کافرنو نایەنە سەر ڕێگەی ڕاست .

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ(٧١)

ئاخۆ ئەم کافرانە نابینن کەوا ئێمە ئاژەڵو ڕەشـەولاخو حوشـترو ولاخی بـەرزەمان لە بـەرهەمی دەسـتی قـودرەتو توانایی خۆمان بـۆ دروست کردوونو، ئێستا ئەوان خاوەنی ئەو دروستکراوانەی ئێمەن؟ .

وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ(٧٢)

ئەو ئاژەڵو ولاخو ولاخی بەرزانەمان بۆ ڕامو ملکەچیش کردوون . هەیانە سواریان ئەبنو بۆسواری بەکاریان ئەهێننو هـەیشیانـە شیرو ماستو کەرەو ڕۆنو گۆشتەکەیان ئەخۆن.

وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَمَشَارِبُ أَفَلَا يَشْكُرُونَ(٧٣)

گەلێ سوودو قازانج بۆ ئەوان هەیە لەو گیانلەبەرانەداو ، نۆشەمەنیی وەك شیرو

ماستو دۆو لەگەڵ ئەوەیش سوپاسی خوای خۆیان ناکەن .

وَاتَّخَذُواْ مِنْ دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ(٧٤)

سەرەڕای ئەوەیش کە سوپاسی خوا ناکەن بتیان ڕاگرتووە بۆ پەرستنو خوا ناپەرستنو بەهیوای ئەوەن لەلایەن ئەو بتانەوە یارمەتییان بدرێت .

لا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ(٧٥)

ئەو بتانە ناتوانن یارمەتییئەو بت پەرستانە بدەن کەچی ئەو بت پەرستانە سەربازی ئامادەکراون بۆ خزمەت کردنی ئەوان .

فَلا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ(٧٦)

دەسا با قسەی ئەوان دلگرانت نەکا کە ئەڵێن: بتەکانیان هاوبەشی خوان، یا تۆ لە ئیددیعای پێغەمبەرایەتیدا بە درۆزن دائەنێن. ئێمە ئاگامان لێیە بە پەنامەکی چییان لە دلایەو بەئاشکرا چیئەڵێن.

أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ(٧٧)

ئایا ئادەمیزاد نازانێ ئێمە ئەومان لە تۆمێ دروست کردووە لە پیاوەوە ئەگاتە مندالدانی ئافرەت ، کەچی کە پێگەیشت ئەبێ بە دوژمنێکیدیارو ئاشکرا ؟

وَضَرَبَ لَنَا مَثَلاً وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِ الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ(٧٨)

کابرای خوانەناس ئێسقانێکی ڕزیوی بەنموونە بۆ هێنایەنەوە کە گوایە مردوو زیندوو ناکرێتەوەو دروستکردنی خۆیی لەیادچووکە چۆن لە دلۆپێ ئاو دروستمان کردووە. وتی: کێ ئێسقانی ڕزیو زیندوو ئەکاتەوە؟ مەبەستی ئەوەبووکەس ناتوانێ زیندووی کاتەوە .

قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ(٧٩)

تۆیش ، ئەی موحەممەد ، لە وەڵامیا بڵێ : ئەوکەسە زیندووی ئەکاتەوە کە یەکەمجار دروستی کردووە کە خوایەو ئاگای لە هەموو شتێکیش هەیەو ئەزانێ مرۆ کە مرد چیی لێ دێ‌و کە ڕزیی خۆڵەکەی ئەبێ بەچی‌و ئەکەوێتە کوێ‌و چون کۆئەکرێتەوەو ئەخرێتەوە پاڵ یەك و بنیادەمەکەی جارانی لێ دروست ئەکرێتەوە .

الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنْتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ(٨٠)

ئەو خوایەی لە داری سەوزی تەڕی ئاودار ئاگری بۆ دروست کردوون کە ئاگرو ئاو پێکەوە کۆنابنەوەو ئێوە بەگورجی ئاگر لەو دارە تەڕە ئاودارە هەڵئەگیرسێنن. ئەم دارە تەڕە ئاودارە کە ئاگری لێوە هەڵئەگیرسێ، دوو جۆرە دارن ئەهێنرێن بەیەکاو ئاگریان لێوە هەڵئەگیرسێ.

أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ بَلَى وَهُوَ الْخَلاَّقُ الْعَلِيمُ(٨١)

ئایا ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووە ناتوانێ مرۆی‌تری وەك ئەو مرۆیانە لە شێوەی ئەوانا دروست بکاتەوە ؟ بەڵێ وەڵڵاو ، ئەو خوایە خوایەکی دروستکەری هەموو شتێك‌و زانا بە هەموو شتێکە .

إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ(٨٢)

کاری خوا کاتێ کە بییەوێ شتێ ببێ هەر ئەوەندەیە بفەرموێ : ببەو ئەو شتەیش دەسبەجێ ئەبێ‌و دێتەدی.

فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٨٣)

دەی پاکی لە هەموو خەوش‌و ناتەواوییەك بۆ ئەو خوایە فەرمانڕەوایی هەموو شتێ لە دەستی ئەوایەو هەموویشتان هەر بۆ لای ئەو ئەگێڕرێنەوە .

سوورەتی (ألصافات)

مەککەیی‌یەو ، (١٨٢) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالصَّافَّاتِ صَفًّا(١)

سوێند ئـەخۆم بـەو فریشتانـەی ڕیزیـان بـەستووە بە ڕیزبەستن بۆ خواپەرستی.

فَالزَّاجِرَاتِ زَجْرًا(٢)

ئەنجـا سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی مـەنعی شەیتانەکـان ئـەکـەن لـە گوێکرتـن لە ئاسمانا ، بە مەنع کردنی توند.

فَالتَّالِيَاتِ ذِكْرًا (٣)

ئـەنجـا سوێند ئەخۆم بەو فریشتانـەی باسی گەورەیی‌و تواناییی خوا بەسەر پێغەمبەرانا ئەخوێننەوە.

إِنَّ إِلَـٰهَكُمْ لَوَاحِدٌ(٤)

سوێند ئەخۆم کەوا بێگومان خودای ئێوە یەك تاقە خوایە.

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ الْمَشَارِقِ(٥)

خوای ئاسمانەکان‌و زەوی‌و چی لەنێوانیانایەو خوای خۆرەلاتەکانە.

إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ(٦)

بێگومان ئێمە ئـاسمانی لـە ئەرزەوە نزیکترمان بە جوانییەك کە جوانیی ئەستێرەکانە، ڕازاندووەتەوە .

وَحِفْظًا مِّنْ كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ(٧)

پاراستوویشمانە بە پـاراستن لـە هـەر شەیتانێکی بەلەسەو لە فەرمان

دەرچوو.

لا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الأَعْلَى ويُقْذَفُونَ مِنْ كُلِّ جَانِبٍ(٨)

ئەو شەیتانانە گوێ نـاگرن بـۆ فریشتەكانی كۆڕی باڵا ئیللا لـە هـەموو لایـەكـەوە نێزەكی فـەزاسمیان تێ ئـەگیرێ بۆئەوەی نەهێڵرێ سەركەون و گوێیان لە قسەو باسی ناو فریشتەكان بێ.

دُحُورًا ولَهُمْ عَذَابٌ واصِبٌ(٩)

بۆ گێڕانەوەیـان بـە سووكیو، بـۆیشیان هـەیە سزایەكی سەخت و هەمیشەیی.

إِلاَّ مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ(١٠)

مەگەر شەیتانێ لەپڕ قسەیێ لـە دەمـی فریشتەیـەك بفڕێنێ، ئەویش دەسبەجێ نێزەكێكی ڕوونی فەزاسمی شوێن ئەكەوێ.

فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَا إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّنْ طِينٍ لاَّزِبٍ(١١)

جا تۆ لەو بت پەرستانەی مەككە بپرسە ئاخۆ ئەوان سەخت و زەحمەتترن لە ڕووی دروست كرانەوە یا ئەم ئاسمان و زەوی و ئەستێرەو فریشتانـە ؟ ئێمە ئەوانمان لە قوڕێكی لكاو دروست كردووە .

بَلْ عَجِبْتَ ويَسْخَرُونَ(١٢)

بەڵكو تۆ سەرت سووڕ ئەمێنێ لە نەفامیی ئـەو بت پـەرستانە كە شوێنی ڕاستی ناكەون و، ئەوانیش گاڵتەیان دێ بە سەرسووڕمانەكەی تۆ.

وَإِذَا ذُكِّرُوا لاَ يَذْكُرُونَ(١٣)

كە ئامۆژگارییش بكرێن پەند وەرناگرن.

وَإِذَا رَأَوْا آيَةً يَسْتَسْخِرُونَ(١٤)

کە موعجیزەیەکیش ببینن گاڵتەی پێئەکەن و ،

وَقَالُوا إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ(١٥)

ئەیشلێن ئەم موعجیزەیە لە جادوویەکی ئاشکرا بەولاوە نییە .

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ(١٦)

ئایا ئێمە کە مردین و ڕزین و بووین بە خۆڵ و ئێسقـان ، بــەڕاستی زیندوو ئەکرێینەوە ؟

أَوَآبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ (١٧)

یان باوك و باپیرە پێشینەکانمان زیندوو ئەکرێنەوە ؟

قُلْ نَعَمْ وَأَنْتُمْ دَاخِرُونَ(١٨)

تۆیش لە وەڵامیانا بڵێ : بەڵێ ئێوەیش و باپیرانیشتان زیندوو ئەکرێنەوەو لەبەر هێزو تواناییی خوا زەلیل و داماو ئەکەون.

فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ فَإِذَا هُمْ يَنظُرُونَ(١٩)

هاتنی ڕۆژی قیامەت و زیندوبوونەوەی ئێوە تەنها تێخوڕینێکی توندی ئەو فریشتەیەیە ئەم کارەی پێ سپێرراوە ئیتر ئەبینی وا ئەو خەڵکە هەموو زیندوو بوونەتەوەو ئەڕوانن و سەیری یەکتری ئەکەن .

وَقَالُوا يَاوَيْلَنَا هَذَا يَوْمُ الدِّينِ(٢٠)

لەوکاتەیشدا ئەڵێن : ئەی هاوار بۆ ئێمە ! ئەمە ڕۆژی جەزایە .

هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ الَّذِي كُنتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ(٢١)

ئەمە ئەو ڕۆژی جوێکردنەوەی حەق و ناحەقەیە لەیەك کە ئێوە باوەڕتـان پێ نەئەکردو بە درۆتان دائەنا .

احْشُرُواْ الَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُواْ يَعْبُدُونَ (٢٢)

خوا لەو ڕۆژەدا فەرمان بە فریشتەکانی ئەدا ئەفەرموێ : ئەو کافرە ستەمکارانەو ژنەکانیان و ئەو بتانەی ئەیانپەرستن هەموو کۆبکەنەوە .

مِنْ دُونِ اللَّهِ فَاهْدُوهُمْ إِلَى صِرَاطِ الْجَحِيمِ (٢٣)

کە ئەوانیان ئەپەرستو خوایان نەئەپەرستو ، ڕێگای دۆزەخیان پیشان بدەن.

وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ (٢٤)

ڕایشیان بگرن ، ئەوان بەرپرسیارن و پرسیاریان لێ ئەکرێ.

مَا لَكُمْ لاَ تَنَاصَرُونَ (٢٥)

پێیان ئەوترێ : ئەوە چیتان لێ قەوماوە یارمەتیی یەکتر نادەن؟

بَلْ هُمُ الْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ (٢٦)

نەخەیر ، ئەوانە ئەمڕۆ زەلیل و ملکەچن و خۆیان بەدەستەوە داوە .

وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (٢٧)

جا هەندێکیان ڕووئەکەنە هەندێکی تریان و لە یەکتر ئەپرسن و ئەکەونە ڕەدوبەدەڵ .

قَالُوا إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ الْيَمِينِ (٢٨)

ڕووئەکەنە گەورەو سەرەکەکانیان و پێیان ئەڵێن: ئێوە لای ڕاستەوە یا لە لایەنی هێزو دەسەڵاتەوە ئەهاتنە سەرمان و ناچارتان ئەکردین لە حەق لابدەین.

قَالُوا بَل لَّمْ تَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٢٩)

ئەوانیش لە وەڵاما پێیان ئەڵێن : نەخەیر خەتای ئێمە نەبوو ، ئێوە هەر

خۆتان بێباوەڕ بوون.

وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّنْ سُلْطَانٍ بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَاغِينَ (٣٠)

ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان بەسەرتانا نەبوو، بەڵکو ئێوە هەر خۆتان خێڵێکی لە حەق لاداو بوون.

فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَا إِنَّا لَذَائِقُونَ (٣١)

بۆیە وا فەرموودەی خوای خۆمانمان بەسەردا هاتەدی کە ئەبێ سزای دۆزەخ بچێژینو ئەوەتا ئەیچێژین.

فَأَغْوَيْنَاكُمْ إِنَّا كُنَّا غَاوِينَ (٣٢)

جا ئێمە ئێوەمان گومڕا کرد. بەڕاستی ئێمە خۆمان گومڕا بووین.

فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ (٣٣)

جا بەڕاستی ئەوانە هەموویان ئەو ڕۆژە لە سزادا هاوبەشن.

إِنَّا كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ (٣٤)

بێگومان ئێمە تاوانباران بەو دەردە ئەبەینو وایان لێ ئەکەین.

إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ (٣٥)

ئەوانە، بەڕاستی، وا بوون: کاتێ پێیان بوترایە هیچ خوایە نییە بەحەق عیبادەتی بۆ بکرێ لەو خوا بەولاوە کە ناوی (الله) یە، دەمار ئەیگرتنو خۆیان لەئاستی وشەی خوا بەیەك زانینا بە زل ئەزانی.

وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ (٣٦)

ئەیشیانوت: ئایا ئێمە خواکانی خۆمان واز لێدێنین و دەستیان لێ هەڵئەگرین بۆ شاعیرێکی شێت؟ کە مەبەستیان پێغەمبەرە گوایە شاعیریشەو شێتیشە.

بَلْ جَاء بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ(٣٧)

نەخەیر ، ئەو بت پەرستانە نەفامن ، پێغەمبەر نە شاعیرەو نە شێتە ، بەڵكو ئاایینی ڕاستی لەلایەن خواوە هێناوەو باوەڕیشی بە هەموو ئەو پێغەمبەرانە هەیە كە خوا پێش ئەو ناردوونی.

إِنَّكُمْ لَذَائِقُوا الْعَذَابِ الْأَلِيمِ(٣٨)

بەڕاستی ئێوە سزای سەخت ئەچێژن.

وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٣٩)

جەزایشتان نادرێتەوە بەوە نەبێ كە خۆتان ئەتانكرد.

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ(٤٠)

بەڵام ئەو بەندانەی كە خاوێن‌و بێگەردن لە هاوبەش دانان بۆ خواو بێفەرمانی كردنی ، ئەوانە ئەمین‌و بێترس ئەبن لە سزا.

أُوْلَئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ(٤١)

ئەوانە ڕۆزییەكی دیاریكراویان لەلایەن خواوە بۆ هەیە .

فَوَاكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ(٤٢)

ڕۆزییەكەیان بریتییە لە میوەجات‌و قەدریان لێ ئەگیرێ.

فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ(٤٣)

لە بەهەشتی نازو نیعمەتا .

عَلَى سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ(٤٤)

لەسەر تەختێ بەرانبەر بەیەك .

يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِن مَّعِينٍ(٤٥)

پیاڵەی شەرابی سافیان بەسەرا ئەگێڕن.

بَيْضَاءَ لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ(٤٦)

شەرابەکەی بەسەریانا ئەگێڕن سپییەو مایەی لەزەتو خۆشییە بۆ ئەوکەسانەی ئەیخۆنەوە.

لاَ فِيهَا غَوْلٌ وَلاَ هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ(٤٧)

نە هیچ گێروگرفتێکی پێوەیە وەك شەرابی دنیاو، نە ئەو کەسەی پێ سەرخۆش ئەبێ کە ئەیخواتەوە.

وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ(٤٨)

حۆریگەلێوایشیان لایە کە چاویان تەنها بڕیوەتە مێردەکانیانو چاوڕەشن.

كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ(٤٩)

ئەڵێی هێلکەی داپۆشراون کە گەردی لێ نەنیشتبێ.

فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ(٥٠)

دوای خواردنەوەی شەرابەکەیان هەندێکیان ڕووئەکەنە لای هەندێکیانو لە یەکتری ئەپرسن.

قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ(٥١)

یەکێکیان لەناو قسەدا بە یەکێکیان ئەڵێ : من لە دنیادا هاوڕێیەکم هەبوو .

يَقُولُ أَئِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ(٥٢)

پێی‌ئەوتم : ئایا تۆ لەوانەی باوەڕ بەقسەی ئەو پێغەمبەرە ئەکەن لەبارەی زیندو بوونەوەوە لەپاش مردن ؟

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَدِينُونَ(٥٣)

ئایا ئێمە کە مردینو بووین بە خۆڵو ئێسقان ، ئایا ئێمە زیندوو

ئەکرێینەوەو جەزامان ئەدرێتەوە ؟

قَالَ هَلْ أَنْتُم مُّطَّلِعُونَ(٥٤)

وتی: ئایا ئێوە تەمەشای ئەهلی دۆزەخ ئەکەن و بۆیان ئەڕوانن تا بزانن ئەو شەخسەی لە دنیادا برادەرم بوو و وای پێ ئەوتم ، ئێستا لە دۆزەخدا لە چ شوێنێکایە ؟

فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ(٥٥)

جا سەیری کردن، واتە : سەیری دۆزەخییەکانی کردو، ناسراوەکەی خۆی دی لە ناوەڕاستی دۆزەخا.

قَالَ تَاللَّهِ إِنْ كِدتَّ لَتُرْدِينِ(٥٦)

جا ئەم شەخسە بەهەشتییە بە کۆنە برادەرە ئێستا دۆزەخییەکەی خۆی وت: قەسەم بە خوا نزیك بوو بمفەوتێنیو ببی بە هۆی کافربوونم.

وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ(٥٧)

ئەگەر نیعمەتی خوای خۆم نەبوایە منیش یەکێك ئەبووم لەوانەی ئامادەی ناو دۆزەخ کراون.

أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ(٥٨)

جا توخوا بەڕاست ئێمە لەوانە بووین کە نەمرین

إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَى وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ(٥٩)

تەنها مردنی یەکەممان نەبێ و ، لە قیامەتا سزامان نەدرێ ؟

إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(٦٠)

بەڕاستی سەرکەوتنی گەورە ئەم باوەڕ بە خواو بە ڕۆژی دوایی کردن و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخەیە.

لِمِثْلِ هَذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ(٦١)

دەسا با ئەوانەی کارئەکەن ، کار بۆ ئامانج و مەبەستیوا بکەن.

أَذَلِكَ خَيْرٌ نُّزُلاً أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ(٦٢)

ئایا بەهەشت و نازو نیعمەتی بەهەشت ماواو مەنزڵی چاکە ، یا درەختی زەققووم کە لە بەرەکەی بخۆی؟

إِنَّا جَعَلْنَاهَا فِتْنَةً لِّلظَّالِمِينَ(٦٣)

ئێمە ئەو درەختەمان کردووە بە مایەی سەرلێشێوانی کافرەکان کە خۆیان بەوە کافر ئەکرد ئەیانوت درەخت چۆن لەناو ئاگری دۆزەخا ئەڕوێو سەر دەردێنێ؟

إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِي أَصْلِ الْجَحِيمِ(٦٤)

زەققوومیش درەختێکە لە بێخی دۆزەخەوە ئەڕوێو سەر دەردێنێ.

طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُءُوسُ الشَّيَاطِينِ(٦٥)

هێشووی ئەو درەختی زەققوومە لە ناشیرینییا لە سەلکە شەیتان ئەچێ.

فَإِنَّهُمْ لَآكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِئُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ(٦٦)

بەڕاستی ئەهلی دۆزەخ لە بەری ئەو درەختە ئەخۆن و ورگی خۆیانی لێ هەڵئاوسێنن و پڕی ئەکەن .

ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ(٦٧)

سەرەڕای ئەوەیش ئەو درەختی زەققوومە شلەیەکی ئاوێتەی کوڵ بەکوڵیشی بەسەرەوەیە.

ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى الْجَحِيمِ(٦٨)

پاش ئەمەیش بەڕاستی سەرەنجامیان بۆ دۆزەخەو بۆ ئەوێ ئەگێڕرێنەوە .

إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءَهُمْ ضَالِّينَ(٦٩)

ئەمانە باوكو باپیرانی خۆیانیان بە گومڕایی دیوە.

فَهُمْ عَلَى آثَارِهِمْ يُهْرَعُونَ(٧٠)

جا بۆیە ئەوانیش بەهەڵەداوان شوێن پێی ئەوان هەڵئەگرن.

وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ الْأَوَّلِينَ(٧١)

بەڕاستی ، پێش ئەوانیش بەشی زۆری خەڵکە پێشینەکان گومڕا بوون.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا فِيهِمْ مُّنذِرِينَ(٧٢)

ئێمەیش ، بەڕاستی ، چەند پێغەمبەری خەڵك لە سزای خوا ترسێنمان ناردە سەر ئەوان.

فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنذَرِينَ(٧٣)

جا سەیرکە سەرەنجامی ئەو ترسێنراوانە چۆن بوو کە گوێیان بۆ پەیامی خوا شل نەکرد کە بە پێغەمبەرانا بۆیان نێررابوو.

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ(٧٤)

تەنها بەندە دڵسۆزەکانی خوا نەبێ کە لە خواو سزای ڕۆژی قیامەت ترسان و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بوو.

وَلَقَدْ نَادَانَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ الْمُجِيبُونَ(٧٥)

بەڕاستی نووح بانگی لێ کردین و هاواری فریاکەوتنی کردو ، ئێمەیش چاکترین کەسێکین بەدەم هاوارو بانگی هاوارکەرێکەوە بچێ.

وَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ(٧٦)

خۆی و ماڵ و منداڵەکەیمان لە بەڵای گەورەی تۆفانی ئاو ڕزگار کرد .

وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ الْبَاقِينَ(٧٧)

هەموو کافرەکانمان فەوتاندو تەنها نەوەی ئەومان هێشتەوە.

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ(٧٨)

مەدح و ستایشی ئەومانیش لەناو نەوەکانی لەوەپاش و ئەوانەدا هێشتەوە کە لە تۆفان ڕزگار بوون و نەخنکان.

سَلَامٌ عَلَى نُوحٍ فِي الْعَالَمِينَ(٧٩)

سەلام لەسەر نووح بێ لەناو هەموو جیهانی ئادەمیزادو فریشتەو پەرییاندا.

إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(٨٠)

ئێمە، بەڕاستی، ئاوا پاداشی ئەوانە ئەدەینەوە کە چاکە ئەکەن وەك پاداشی نووحمان دایەوە.

إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ(٨١)

بەڕاستی، نووح لە بەندە خاوەن باوەڕەکانی ئێمەیە.

ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ(٨٢)

پاشان باقیماندەی خەڵکەکەمان لە ئاوا نوقم کرد کە ئەوانە بوون باوەڕیان بە فەرموودەی خوا نەکردو قسەی نووحیان نەگرتە گوێ.

وَإِنَّ مِنْ شِيعَتِهِ لَإِبْرَاهِيمَ(٨٣)

بەڕاستی، ئیبراهیمیش لە پەیڕەوان و شوێنکەوتووانی نووحە.

إِذْ جَاءَ رَبَّهُ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ(٨٤)

ئەوەبوو بە دڵێکی ساف و بێگەردەوە ڕووی کردە خوای خۆی.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَاذَا تَعْبُدُونَ(٨٥)

کاتێ کە بە باوکی و بە خێڵەکەیی وت: ئەوە ئێوە چی ئەپەرستن؟

أَئفْكًا آلـِهَةً دُونَ اللَّهِ تُرِيدُونَ(٨٦)

ئایا ئێوه لەجیاتیی ئەوەی خوای تاكو تەنیا بپەرستن خواگەلی درۆینەتان ئەوێ؟

فَمَا ظَنُّكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ(٨٧)

ئەی گومانتان بە خوای هەموو جیهانەكان چییەو بە چیی ئەزانن ؟

فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي النُّجُومِ(٨٨)

ئیبراهیم ویستی سووكییەك بە بتەكانی خێڵەكەی بكاو بۆ جێبەجێكردنی ئەم نیازدی ئەو كاتەی هەڵبژارد كە ئەوان ئەچوونە دەرەوەی شار بۆئەوەی جەژنی ئایینیی خۆیان بكەن چونكە لەوكاتەدا بتخانەكە چۆڵوهۆڵ ئـەبوو . بەم نیازە هاتو سەیرێكی ئەستێرەكان یا كتێبی ئەستێرەشناسیی كرد.

فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ(٨٩)

كە ئەوان پێیانوت: لەگەڵیان بڕوا بۆ دەرەوەی شار، ئەم لە وەڵاما وتی : من نەخۆشم .

فَتَوَلَّوْا عَنْهُ مُدْبِرِينَ(٩٠)

ئیتر ئەوانیش پشتیان لێهەڵكردو بەجێیان هێشتو ڕۆیشتن .

فَرَاغَ إِلَى آلِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ(٩١)

جا ئیبراهیم بەدزییەوە چوو بۆ لای بتـــەكانیان لە بتخانەكەیاناو پێیوتن: ناخۆن ؟ واتە ئەمڕۆ جەژنە، بە بۆنەی ئەم خۆشییەوە شتێ ناخۆن؟

مَا لَكُمْ لَا تَنْطِقُونَ(٩٢)

كە هیچ وەڵامیان نەدایەوە ، پێیوتن: ئەوە بۆ قسەیەكتان لە دەم دەرنایێو هیچ ناڵێن ؟

فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ(٩٣)

جا بەنهێنی لایەکی کردەوە بەلایاناو بە دەستی ڕاستی تێیان بەربوو.

فَأَقْبَلُوا إِلَيْهِ يَزِفُّونَ(٩٤)

جا پاسەوانەکانی بتخانەکە هەواڵی ئەو ڕووداوەیان گەیاند بە خەڵکی شار کە چووبوونە دەرەوە، ئەوانیش بە پەلەپەل گەڕانەوەو هاتنە سەر ئیبراهیم.

قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ(٩٥)

ئیبراهیمیش پێی‌وتن: ئایا ئێوە بتگەلێ ئەپەرستن کە خۆتان تاشیوتانن‌و دروستتان کردوون،

وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ(٩٦)

لەکاتێکا کە خوا ئێوەیش‌و هەموو ئەو شتانەی دروست کردووە کە ئێوە ئەیانکەن؟

قَالُوا ابْنُوا لَهُ بُنْيَانًا فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ(٩٧)

ئەوانیش وتیان: سەکۆیەکی بۆ بکەن‌و داری زۆری لەسەر کەڵەکە بکەن‌و ئاگری تێبەردەن‌و فڕێی‌بدەنە ناو ئەو ئاگرە سەختەوە.

فَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَسْفَلِينَ(٩٨)

ویستیان سزای بە سووتاندن بدەن چونکە بە بەڵگە دۆڕاندیان، ئێمەیش ئەوانمان دۆڕاوو ژێرکەوتووتر کرد. ئەوەبوو فڕێیان دایە ناو ئاگرەوە، بەڵام خوا نەیهێشت ئاگرەکە بیسوتێنێ‌و بەساغی هاتەدەرەوە.

وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَى رَبِّي سَيَهْدِينِ(٩٩)

جا ئیبراهیم وتی: من ئەڕۆم بۆ لای خوای خۆم، واتە بۆ ئەو وڵاتەی خوا فەرمانی پێداوم بڕۆم بۆ ئەوێ. خوا ڕێگام پیشان ئەدا چی بۆ دنیاو قیامەتم چاکە،

بیکه‌م.

رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ(١٠٠)

له‌ خوا پاڕایه‌وه‌ وتی : خوایه‌ ! نه‌وه‌یه‌کی چاکم پێ ببه‌خشه‌.

فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ(١٠١)

ئێمه‌یش مژده‌ی کوڕێکی به‌حیلم و حه‌وسه‌له‌مان دایه‌ که‌ ئه‌ویش ئیسماعیله‌ .

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَابُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَاأَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ (١٠٢)

کاتێ کوڕه‌که‌ پێگه‌یشت و وای لێهات له‌گه‌ڵ باوکی کار بکات ، باوکی پێی‌وت : ڕۆڵه‌ ! من له‌خه‌وما دیم خه‌ریك بووم سه‌رم ئه‌بڕیت ، جا تێفکره‌ چی به‌ باش ئه‌زانی بیکه‌م . ئه‌ویش پێی‌وت : بابه‌! فه‌رمانی چییان پێداوی بیکه‌ ، خوا یار بێ ئه‌مبینی یه‌کێك ئه‌بم له‌وانه‌ی سه‌برو بورده‌باریبان هه‌یه‌و ته‌حه‌مولی هه‌موو ناڕه‌حه‌تییه‌ك ئه‌که‌ن.

فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ(١٠٣)

کاتێ هه‌ردوکیان ئاماده‌ بوون فه‌رمانی خوا جێ به‌جێ بکه‌ن و ئیبراهیم ئیسماعیلی به‌لادا خست بۆئه‌وه‌ی سه‌ری ببڕی و لایه‌کی ته‌ویڵی که‌وته‌ سه‌ر زه‌وی ،

وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَاإِبْرَاهِيمُ(١٠٤)

ئێمه‌یش بانگمان لێ کرد که‌وا : ئه‌ی ئیبراهیم !

قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(١٠٥)

تۆ خەوەکەت هێنایەدیو ، ئێمەیش ئاوا پاداشی چاکەکاران ئەدەینەوە .
وەلآمی (کاتێ) کەی ئایەتی پێشوو نەوتراوەو ، وای لێ دێتەوە : ئیبراهیمو ئیسماعیل زۆر بەو لوتفەی خوا لەگەڵیان شادمان بوون کە ئەوەبوو جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی لەسەرشان لابردن .

إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ(١٠٦)

بەڕاستی ئەم فەرمانی سەربڕینی ئیسماعیلە کە خوا دابووی بە ئیبراهیم ، تاقیکردنەوەیەکی مەزن بوو بۆ ئیبراهیم بۆ دەرکەوتنی فەرمان بەرداری کردنی لە فەرمانەکانی خوا.

وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ(١٠٧)

بەرانێکی گەورەیشمان کرد بە قوربانی بۆ ئیسماعیل کە باوکی لەجیاتیی ئەو سەری ببڕێ .

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ(١٠٨)

ستایشیشمان بۆ ئیبراهیم بەجێهێشت لەناو ئەوانەدا دوای ئەو دێن کە هەمیشە بە چاکە ناوی بەرن .

سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ(١٠٩)

سەلامی خوا لەسەر ئیبراهیم بێ .

كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(١١٠)

ئاوا پاداشی چاکەکاران ئەدەینەوە .

إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ(١١١)

بەڕاستی ئیبراهیم یەکێکە لە بەندە خاوەن باوەڕەکانمان.

وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَقَ نَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ(١١٢)

مژدەیشمان دایە بە ئیسحاق کە پێغەمبەرێکەو لە پیاوچاکانە.

وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَى إِسْحَاقَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ مُبِينٌ(١١٣)

بەرەکەتیشمان ڕشت بەسەر ئیبراهیمو بەسەر ئیسحاقداو لەنەوەی هەردوکیاندا ئینسانی باش‌و چاکەکەریش هەیەو هیی‌وایش هەیە بەئاشکرا بۆخۆی خراپە.

وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَى مُوسَى وَهَارُونَ(١١٤)

بەڕاستی منەتیشمان نایەسەر مووساو هاروون‌و چاکەمان لەگەڵ کردن،

وَنَجَّيْنَاهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ(١١٥)

خۆیان‌و خێڵەکەیانمان ڕزگارکرد لەو بەلاَ گەورەیەی تووشیان بووبوو کە فیرعەونی ستەمکار بوو.

وَنَصَرْنَاهُمْ فَكَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ(١١٦)

یارمەتییشمان دان بەسەر دوژمنەکانیاناو سەرەنجام ئەوان زاڵ بوون بەسەر ئەو دوژمنانەدا.

وَآتَيْنَاهُمَا الْكِتَابَ الْمُسْتَبِينَ(١١٧)

کتێبی بەباشی بابەت ڕوونکەرەوەیشمان دانێ کە تەوراتە.

وَهَدَيْنَاهُمَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ(١١٨)

ڕێگای ڕاستیشمان پیشان دان.

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِمَا فِي الْآخِرِينَ(١١٩)

ستایش کردنیشمان بۆ بەجێهێشتن لەناو نەوەکانی لەوەپاشدا.

سَلَامٌ عَلَى مُوسَى وَهَارُونَ(١٢٠)

سەلام لەسەر مووسا و هاروون بێ.

إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (١٢١)

ئێمە ئاوا پاداشی چاکەکەران ئەدەینەوە.

إِنَّهُمَا مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (١٢٢)

بەراستی مووساو هاروون لە بەندە خاوەن باوەڕەکانمانن.

وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (١٢٣)

بەڕاستی ئیلیاسیش یەکێ لەو پێغەمبەرانەیە خوا ناردوونی بۆسەر خەڵك.

إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَلَا تَتَّقُونَ (١٢٤)

ئەوەبوو بە خێڵەکەی خۆی وت: ئەوە ئێوە لە سزای خوا ناترسن؟

أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ (١٢٥)

ئەوە ئێوە بانگو هاوار ئەکەنە بتەکەتان کە ناوی (بەعل)ەو دەسبەرداری خوایەك ئەبن کە باشترین دروستکەرو پەروەردگارە؟

اللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ (١٢٦)

بانگو هاوار ناکەنە خوا کە پەروەردگاری خۆتانو باوو باپیرانی پێشووتانە؟

فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٢٧)

کەچی بەدرۆزنیان داناو باوەڕیان پێ نەکرد. جا بەڕاستی ئەوانیش ئامادە ئەکرێن بۆ سزادانو فڕێدانە ناو ئاگری دۆزەخ.

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (١٢٨)

تەنها بەندە خواپەرستە دڵسوزەکانمان نەبێ لە ناویانا.

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (١٢٩)

ناوو ناوبانگی چاکیشمان بۆ ئەو جێهێشت لەناو نەوەکانی پاشەوەدا.

سَلَامٌ عَلَى إِلْ يَاسِينَ(١٣٠)

سەلام لەسەر ئیلیاسین کە ناوی ئیلیاس پێغەمبەرە .

إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(١٣١)

ئێمە ئاوا پاداشی چاکەکەران ئەدەینەوە .

إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ(١٣٢)

بەڕاستی ئەو یەکێکە لە بەندە خاوەن باوەڕەکانمان .

وَإِنَّ لُوطًا لَّمِنَ الْمُرْسَلِينَ(١٣٣)

بەڕاستی لووطیش یەکێکە لە پێغەمبەرە نێرراوەکان .

إِذْ نَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ(١٣٤)

ئەوەبوو خۆی و خێزانیمان هەموو ڕزگار کرد.

إِلَّا عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ(١٣٥)

پیرەژنێ نەبێ کە لە بەسەرچووە فەوتاوەکان بوو.

ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ(١٣٦)

پاشان ئەوانی ترمان هەموو فەوتاندو بەربادمان کردن .

وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ(١٣٧)

بەڕاستی ئێوە سبەینان بەسەر ولاتی ئەواندا تێئەپەڕن .

وَبِاللَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ(١٣٨)

هەروا بە شەویش بەسەر ولاتی ئەواندا تێئەپەڕن . دەسا ئێوە بیر لە سەرەنجامی ئەوان ناکەنەوە کە چۆنمان غەزەب لێ گرتن و چیمان پێ کردن ؟

وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ(١٣٩)

بەڕاستی یوونسیش لە پێغەمبەرە نێرراوەکانە.

إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ(١٤٠)

ئەوەبوو هەڵات بۆ ناو کەشتییە پڕ لە ئادەمیزادو کەلوپەلەکە.

فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ(١٤١)

جا بەشداریی کرد لە قورعە لەسەرکردنا کە وتیان: بەندەیەکی هەڵاتوو لەم کەشتییەدایە ئەبێ قورعە بکەین بزانین کێ بە هەڵاتووەکە دەرئەچێ تا تووڕی دەینە ناو ئاوەکە، کە قورعەکەیان کرد لەسەر ئەو دەرچوو، ئەویش پێی لێنا کە هەڵاتووەو فڕێیان دایە ناو ئاوەکە.

فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ(١٤٢)

کە فڕێیان دا ماسی لەناو ئاوەکەدا قووتیداو گلەییو سەرزەنشت لەسەر خۆی بوو.

فَلَوْلاَ أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ(١٤٣)

ئەگەر یوونس لەوانە نەبوایە کە خوا ئەپەرستنو هەمیشە بە پاکیو خاوێنی ناوی ئەبەنو نەیوتایە: (لااله الا أنت سبحانك اني كنت من الظالمين)،

لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ(١٤٤)

لە سکی ماسییەکەدا ئەمردو ئەفەوتاو تا ئەوڕۆژەی مردوو زیندوو ئەکرێنەوە، وەك لە سکی ماسییەکەدا بێ، بەشێ ئەبوو لە ڕزیوی ئەو ماسییە.

فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ(١٤٥)

پاش ئەوە ماسییەکە هەڵیهێنایەوەو ئێقی کردەوەو ئێمەیش تووڕمان دایە کەنارێکی ڕووتو بەربلاوی ڕووباری دیجلەو، لاشەی نەخۆش بوو وەك لاشەی منالّی تازە لەدایکبوو.

وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّنْ يَقْطِينٍ(١٤٦)

بۆئەوەیش کە لە سای سێبەرا بحەسێتەوەو مێش و مەگەزی لیٚ نەنیشیٚ کە چلك و چەپەڵیی ناو ئاوەکەو ناوسکی ماسییەکە بە لەشیەوە بوو، دارکوولەکەیەکمان بەسەر سەریەوە ڕواند سێبەری بۆ بکاو ئەویش خۆی بە گەلاکانی داپۆشیٚ و لە بەرەکەیشی بخوا ، چونکە مێش و مەگەز لە دارکوولە کە نزیك ناکەوێتەوە.

وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَى مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ(١٤٧)

بە پێغەمبەرییش ناردمانە سەر سەدهەزار کەس یا زیاتر لە خەڵکی نینەوا کە شاری خۆی بوو.

فَآمَنُوا فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ(١٤٨)

ئەوانیش باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیی ئەو کردو ئێمەیش تا ئەو ماوەیەی بۆمان دیاری کردبوون خستماننە نازو نیعمەت و گوزەرانی خۆشەوە.

فَاسْتَفْتِهِمْ أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ وَلَهُمُ الْبَنُونَ(١٤٩)

دەسا تۆ پرسیار لە کافرەکانی مەککە بکە چۆن خوایٚ بەم تواناییە کچی هەیە کە ئەڵێن فریشتە کچی خوان و خۆیان کوڕیان هەیە ، واتە بۆ خوا کچ و بۆ خۆیان کوڕ دائەنێن ، لەگەڵ ئەوەیش کە خوا منالی نییە نە کچ و نە کوڕ.

أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ شَاهِدُونَ(١٥٠)

یاخود ئێمە فریشتەمان بە مێیینە دروست کردووەو ئەوان ئاگادار بوون کە ئێمە کردومانن بە کچی خۆمان ؟ پەنا بەخوا !

أَلَا إِنَّهُم مِّنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ(١٥١)

ئاگاداربن ! ئەم کافرانە لەسەر بنەمای بوختان چییەتیی خۆیان ئەڵێن :

وَلَدَ اللَّهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ(١٥٢)

خوا منالّی بووە . بەڕاستی ئەمانە درۆزنن.

أَصْطَفَى الْبَنَاتِ عَلَى الْبَنِينَ(١٥٣)

ئایا خوا کچی هەلاَوێردووە بەسەر کوڕا ؟

مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ(١٥٤)

ئەوە چیتان دەسگیر ئەبیٚ لەم قسە پووچانە ؟ ئێوە چۆن حوکمو بڕیار ئەدەن ؟

أَفَلَا تَذَكَّرُونَ(١٥٥)

ئەوە بیرناکەنەوە کە خوا لەم جۆرە بابەتانەوە دوورە ؟

أَمْ لَكُمْ سُلْطَانٌ مُّبِينٌ(١٥٦)

یاخود دەلیلو بەلگەیەکی ڕوونو ئاشکراتان بەدەستەوەیە ؟

فَأْتُوا بِكِتَابِكُمْ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ (١٥٧)

دەی کتێبی بنەمای بەلگەی خۆتان بهێنن ئەگەر ڕاست ئەکەن.

وَجَعَلُواْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِنَّةِ نَسَبًا وَلَقَدْ عَلِمَتِ الْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٥٨)

بڕیاری پێوەندێکی زاوزێیان لەنێوان خواو جنۆکەدا داوەو جنۆکە خۆیان ، بەڕاستی ، ئەزانن کە لە ڕۆژی قیامەتا حازر ئەکرێن بۆ لێپرسینەوەو ، کەسیٚ کە لە ڕۆژی قیامەتا پرسیاری چاکەو خراپەی کرداری خۆی لیٚ بکریٚ دوورە لەوە کە پێوەندی نەسەبو زاوزێی لەگەلّ خوا بیٚو ، خوا هیچ جۆرە پێوەندێکیوای نە لەگەلّ ئادەمیزادو نە لەگەلّ جنۆکە نییە.

سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ(١٥٩)

خوا پاكو دووره لەو جۆرانەی ئەو كافرانە وەسفی ئەوی پیٚ ئەكەن .

إِلاَّ عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ(١٦٠)

تەنها بەندە سافو خواپەرستە بیٚگەردەكان نەبیٚ كە ئەوان باسی خوا بەم جۆرە ناكەن.

فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ(١٦١)

بەڕاستی ، ئیٚوەو ئەو بتانەی ئەیانپەرستن ،

مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ بِفَاتِنِينَ(١٦٢)

ناتوانن كەس لەئاستی خوادا تیٚكبدەنو گومڕای بكەن.

إِلاَّ مَنْ هُوَ صَالِ الْجَحِيمِ (١٦٣)

تەنها كەسیٚ نەبیٚ خوا لە زانستی خۆیا زانیبیٚتی ئەمە دۆزەخییەو ئەچیٚتە ناو ئاگری دۆزەخ.

وَمَا مِنَّا إِلاَّ لَهُ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ(١٦٤)

ئەمە باسی ئەوەیە كە فریشتەكان پیٚ لە بەندەییی خۆیان ئەنیٚنو ئەلیٚن : ئیٚمە كەسمان تیا نییە پایەو شویٚنیٚكی دیاری نەبیٚ لە خواناسینو خواپەرستنا .

وَإِنَّا لَنَحْنُ الصَّافُّونَ(١٦٥)

ئیٚمە بەڕاستییش هەموور ڕیزمان بەستووە بۆ خواپەرستیو جیٚبەجیٚ كردنی فەرمانەكانی.

وَإِنَّا لَنَحْنُ الْمُسَبِّحُونَ(١٦٦)

بەڕاستییش ئیٚمە هەموو تەسبیحاتی خوا ئەكەینو باسی پاكیو بیٚعەیبیی ئەو ئەكەین.

وَإِنْ كَانُواْ لَيَقُولُونَ(١٦٧)

بەڕاستییش ئەو کافرانە ئەڵێن :

لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ الأَوَّلِينَ(١٦٨)

ئـەگـەر ئێمە کتێبێکی وامـان هـەبوایە لـەوانەی هاتوونەتە خوار بۆسەر میللەتە پێشینەکان ،

لَكُنَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ(١٦٩)

بەندەی ساغ و بێگەردی خوا ئەبووین .

فَكَفَرُواْ بِهِ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ(١٧٠)

ئەوەتا ئێستا کتێبێکیان هاتەسەر کە قورئانەو کەچی باوەڕیان پێ نەکردو ئێنکاریـان کـرد کـە هیی خـوا بێ ، جـا لـەمـەولا حاڵی خۆیان ئەزانن بە چ دردێکیان ئەبەین .

وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ(١٧١)

بەڕاستی واتەی ئێمە ڕابووردووە بۆ بەندە بە پێغەمبەرایەتی نێرراوەکانمان:

إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنصُورُونَ(١٧٢)

کەوا بەڕاستی ئەوان یارمەتی دراوو سەرخراون .

وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ(١٧٣)

بەڕاستییش سوپای ئێمەن زاڵن بەسەر دوژمنا .

فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ(١٧٤)

مـادەم وایـە تـۆ پشتیان لێ هەڵکە تا ماوەیێ کە کاتی ئەوەیە بڕیار بدەین بەسەریانا زاڵ ببی.

وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ(١٧٥)

جا ئەوکاتە سەیریان بکە چییان بەسەر دێنین و ئەوان خۆیشیان بە چاوی خۆیان ئەبینن چییان بەسەردێ .

أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ(١٧٦)

ئایا پەلەیانە بۆ ئەوەی سزای ئێمەیان بەسەردا بێ ؟

فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَاءَ صَبَاحُ الْمُنذَرِينَ(١٧٧)

کاتێ کە سزای ئێمە ئەگاتە بەرماڵیان و دەرفەتیان هیچ بۆ نامێنێ بۆ خۆ لێ دەربازکردنی ، خراپ سبەینێیەکـــە ئەو سبەینێیەی تۆقێنراوەکان کە چەند جار پێیان وترابوو خۆیانی لێ دوور بگرن و قسەی کەس نەچوو بە گوێیانا .

وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ(١٧٨)

تۆیش پشتیان لێ هەڵکە تا ماوەیێ کە کاتی ئەوەیە بڕیاردەین بەسەریانا زاڵ ببی .

وَأَبْصِرْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ(١٧٩)

ئەوکاتە سەیرکە و ئەوانیش بە چاوی خۆیان ئەبینن .

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ(١٨٠)

پاکی و بێعەیبی بـۆ خـوای تۆیە کە خوای هێز و شان و شکۆیە و خاوێنە لەو وەسفانەی ئەوان وەسفی ئەوی پێئەکەن .

وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ(١٨١)

سەلامیش لەسەر پێغەمبەرەکان بێ .

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٨٢)

سوپاس و ستایشیش بۆ خوا کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە .

سوورەتی (صٓ)

مەککەیییەو ، (٨٨) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

صٓ وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ (١)

(ص) خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم پیتە چییە. سوێند ئەخۆم بە قورئانێ کە مایەی یادکردنەوەی خوایە، ئەم قورئانە فەرموودەی خوایەو ، موحەممەد کە هێناویە بۆ ئادەمیزاد ڕاستگۆیە .

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ (٢)

بەڵام کافرەکان کە باوەڕی پێناکەن خۆیان بە شت ئەزانن و لە سەرکێشیو نافەرمانیی خوادان .

كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوا وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ (٣)

ئێمە ئەهلی چەند سەدەی پێش ئەم کافرانەمان بەرباد کرد کە پێشان هیچیان بەگوێدا نەئەچوو، جا کە عەزابی خوایان ئەهاتەسەر ئەکەوتنە بانگەبانگو هاوار کردن، بەڵام ئیتر دەرفەتی ڕزگاربوون دوورکەوتبوەوەو هاوار سوودی نەمابوو.

وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ (٤)

سەرسام بوون لەوە کە پێغەمبەرێ بێتە سەریان بییانترسێنێ لە سزای خواو ، کافرەکان وتیان : ئەمە سیحربازێکی درۆزنە.

أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ (٥)

خواکانی هەموو کردووە بە یەك خوا ؟ بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە !

وَانطَلَقَ الْمَلأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُواْ وَاصْبِرُواْ عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ(٦)

پیاوماقوولانی قورەیش لـە ماڵی ئەبووتالیب دەرچوونو بڵاوەیان لێ کردو لەناو خۆیانا بە یەکترییان وت : ڕێی خۆتان بگرنەبەرو سەبرو خۆڕاگرتنتان ببێ لەسەر خواکانی خۆتانو دەسبەرداریان مەبن. بێگومان ئەم داوای خوا بەیەك زانینەی موحەممەد بەڵایەکە هاتووەتە ڕێمان.

مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلاَّ اخْتِلَاقٌ(٧)

شتیواَمان لە ئایینی چەرخو زەمانی پێش خۆمانا نـەبیستووە. ئـەمە لـە ساختەو دەسهەڵبەست بەولاوە نییە.

أَءُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِنْ بَيْنِنَا بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْ ذِكْرِي بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ(٨)

ئایا لەناو هەموو ئێمەدا کتێبی خوا هەر بۆ سەر ئەوهاتووە ؟ نەخەیر ، مەسەلە ئەمە نییە . مەسەلە ئەوەیە ئەوان دوودڵن لەم قورئانەی من کە ڕاست بێو بۆسەر موحەممەدم نازڵ کردبێ، بەڵکو لەمەیش زیاتر مەسەلە ئەوەیە هێشتـا سزای منیان نەچەشتووەو پێیان نەچزاوە بە ئاگرا.

أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ الْعَزِيزِ الْوَهَّابِ (٩)

یان گەنجینەکانی ڕەحمەتی خوای تۆ کە خاوەن عیززەتو بەخشندەیە ، هەموو لای ئەوانە ؟

أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَلْيَرْتَقُواْ فِي الْأَسْبَابِ(١٠)

یان موڵکی ئاسمانەکانو زەویو چی لەنێوانیانایە لای ئەوانە ؟ ئەگەر وایە با بە پلەکانەکانی هۆی سەرکەوتنا سەرکەون بۆ ئاسمانو بزانن حاڵو

ئەحواڵی موڵکەکانیان چۆنەو بۆمان بگێڕنەوە.

جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الْأَحْزَابِ(١١)

ئەم کافرانە چەند لەشکرێکی شکستەو بەزیون لەو تاقمانەی کە خۆیان لەدژی پێغەمبەران کۆکردووەتەوە ، ئیتر چۆن ئەتوانن لە بەرانبەر کاری خوادا ڕاست بنەوە ؟

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو الْأَوْتَادِ(١٢)

بەر لەمانیش خێڵەکەی کە نووح نێررابووە سەریانو ، خێڵی عادو خێڵی فیرعەونی دەسەڵات بەمێخ مەحکەم کراویش پێغەمبەرانی خۆیانیان بە درۆزن دانا .

وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ أُولَئِكَ الْأَحْزَابُ(١٣)

خێڵی سەموودو خێڵەکەیش کە لووط نێررابووە سەریانو خێڵەکەی کە شوعەیب نێررابووە سەریان کە پێیان ئەڵێن (اصحاب الأيكة) کە دارستانو بێشەلانیان هەبوە، ئەوانە بوون گەلەکۆمەیان کردبوو لە پێغەمبەرەکانیانو خوا لەشکریانی شکاند .

إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ(١٤)

ئەم گشت کۆمەلانە پێغەمبەرانی خۆیانیان بە درۆزن دانا ، بۆیە سزای ئێمەیان بۆ پێویست بووو موستەحەقی ئەو سزایە بوون.

وَمَا يَنظُرُ هَؤُلَاءِ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ(١٥)

ئەم خێڵەی تۆیش کە باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی تۆ ناکەنو بە درۆزنت دائەنێن ، چاوەڕوانی هیچ نین ناڵەیێ نەبێ کە ئیسرافیل ئەیکا بە صووردا و هەموو زیندوویێکی پێ‌ئەمرێو جارێکیتر گەڕانەوەی بۆ نییەو بۆ ئەو مەبەستە

ناکرێتەوە بە صووردا .

وَقَالُواْ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ(١٦)

ئــەم خێڵەی تــۆ ئــەڵێن: خوایە ! زووبەزوو بــەشە سزای خۆمــانمان بدە بەرلەوەی ڕۆژی لێپرسینەوە بێتە پێشەوە .

اصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ (١٧)

تۆ خۆت بگرەو سەبرت ببێ بــەرانبەر بــەم قسەی تــاڵو سوێرو بــەدرۆزن دانانەت لەلایەن ئەو کافرانەوەو ، داوودی بەهێزو بەدەسەڵاتی بــەندەمــانت بێتەوە یاد کە بەڕاستی بەندەیێ بوو زوو ئەگەڕایەوە بۆلای خــواو مــەیدانــی نەفسی خۆی نەئەدا لەخوا غافل ببێ.

إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ (١٨)

ئێمە بەڕاســـتی شـــاخەکانمان بــۆ ڕام کردبــوو ئێواران و بــەیانیان سوبحانەڵڵایان لەگەڵ ئەکرد.

وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُ أَوَّابٌ (١٩)

پەلەوەریشمان هەروا بۆ ڕام کردبوو لە هەمولایەکەوە لێی کۆئەبوونەوەو، هەموو، لە پەلەوەرو لە شاخ و کێوان ، ئەگەڕانەوە بۆ لای .

وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ (٢٠)

ئێمە دەسەڵات و فــەرمــانڕەوایی داوودمــان بــەهێز کردبوو و زانیاریی ڕاستەقینەمان دابوویە لەگەڵ توانی بڕینەوەی ناکۆکیی نێوان ناکۆکاندا بــە قسەیەکی وا کە قسەی هەردوولا ببڕێتەوە.

وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ(٢١)

ئایا خەبەری ئەو دوو کەسە ناحەزبــەیــە کەت پێگەیشتووە کــە بەسەر

دیواری په‌رستگاکه‌ی داوودا سه‌رکه‌وتن‌و چوون بۆ لای ؟

إِذْ دَخَلُواْ عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُواْ لاَ تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُمْ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاءِ الصِّرَاطِ (٢٢)

که له‌پڕ چوونه لای ، ئه‌ویش ترسا لێیان چونکـه هاتنه‌کـه‌یـان هاتنێکی نـائوسوولّی بـوو. ئـه‌وانیش پێیان‌وت: مـه‌ترسه لێمان ، ئێمه دووکـه‌سین ناکۆکیمان له‌نێوانایه ، یه‌کێکمان ده‌سدرێژیی کردووه‌ته سه‌ر ئه‌وی‌ترمان ، تۆیش بڕیاری ڕاستمان له‌باره‌وه بده‌و له ڕاستی لامـه‌ده‌و ڕێگای ڕاستمـان پیشان بده.

إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ (٢٣)

ئه‌م هاوڕێمه برامه ، نه‌وه‌دونۆ کاوڕه مێنگه‌ی هه‌یه‌و منیش تاقه یه‌ك کاوڕه مێنگه‌م هه‌یه . ئه‌ڵێ : کاوڕه‌که‌ی خۆیشتم بده‌رێ‌و به قسه زاڵ بووه بـه‌سه‌رماو مه‌یدانی قسه‌م نادا منیش قسه‌ی خۆمی بۆ بکه‌م‌و بیروڕای خۆمی بۆ ده‌ربڕم .

قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيـــرًا مِّنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَقَلِيـــلٌ مَّا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ (٢٤)

داوودیش وتی : به‌ڕاستی ئه‌و براته نـاحه‌قیی لـه‌گـه‌ڵ کـردووی که داوات لێ ئه‌کا تاقه کاوڕه‌که‌ی خۆتی بده‌یتێ بیخاتـه سه‌ر کـاوڕه‌کانی خۆی‌و ، زۆر له‌وانه‌ی هاوبه‌شی دارایین هه‌ندێکیان نـاحه‌قی لـه هـه‌ندێکی تریـان ئه‌که‌ن ئه‌وانه‌یان نه‌بێ باوه‌ڕیان بـه‌خوا هه‌یه‌و کاری چاك ئه‌که‌ن‌و ئـه‌مـانـه‌یش

دانسقەن . جا داوود لـــەو ڕووداوەدا گومـــانی بــۆ ئـــەوە چـــوو ئـــەم دوو کـــابرایـەمان بۆ تاقیکردنـەوەی نـاردبێتە سەری ئەم پرسیارەی لیٚ بکەن ، لەبەرئەوە داوای لێخۆشبوونی لـــە خـــوای خـــۆی کردو لە حاڵی ڕوکووعەوە لەپەوڕوو لێی کەوت و گەڕایەوە بۆ لای خوای خۆی.

فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ(٢٥)

ئێمەیش لەوە لێی خۆش بووین کە ئـــەو گومانـــەی لەخۆیەوە بردووەو ، بەڕاستی داوود پایەو پلەیەکـــی نزیکی لـــە ئێمەوە هـــەیـــەو سەرەنجامێکی جوانیشی لە بەهەشتا هەیە.

يَادَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَـــنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ(٢٦)

ئـــەی داوود ! ئێمە وا تۆمـــان کرد بـــە جێنشینی پێغەمبەرانی پێشوو لـــە زەویدا ، دەسا تۆیش لەناو ئادەمیزادا بەگوێرەی حەق و ڕاستی حوکم بکـــەو شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆت مەکەوە نەوەك ئارەزووی نەفس ڕێی خوات لیٚ ون بکـــا. بێگومـــان ئـــەوانەی ڕێی خـــوا ون ئەکەن و لێی لائەدەن سزایەکی سەختیان هەیە بەهۆی ئەوەوە کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان فەرامۆش کردووە.

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ(٢٧)

ئێمە ئـــاسمان و زەوی و نێوانیانمـــان بـــە بێسوودو لـــە خۆڕایـــی دروست نەکردووە. ئەمە گومانی ئەوانەیە کەوا کافرن و باوەڕیـــان بـــە خواو پێغەمبـــەر نییە . هاوار بۆ ئەوانە لە ئاگری دۆزەخ.

أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ (٢٨)

یاخود ئەوانەی کــە ئیمانیان هێناوەو کــردەوەی باشیان کــردووە، وەك ئەوانەیان موعامەلە لەگەڵ ئەکەین کە خراپە ئــەکەن لــە زەویدا ، یــاخــود لەخواترسان وەکو تاوانکارە لەحەق لادەرەکان لێ ئەکەین؟ واتە : دیارە، نە .

كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الأَلْبَابِ(٢٩)

ئەم قورئانەی ناردوومانەتە خوارەوە بۆ تۆ کتێبێکی پیرۆزە بۆ ئــەوەمان ناردووە خەڵك بیر لە مەعنای ئایەتەکانی بکەنەوەو خاوەن هۆشەکان بیر لــە ئەنجامی کاری خۆیان بکەنەوە .

وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ(٣٠)

کوڕێکمان بــەخشی بــە داوود کە سولەیمانە. سولەیمان بەندەیەکی چاکی خوایە. ئەو هەمیشە بە تۆبە کردن لە گوناە ئەگەڕێتەوە بۆلای خوای خۆی.

إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ (٣١)

کاتێ کە ئێوارە ئەسپە چاکە پەل بلاوەکانی پیشان درا ،

فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَنْ ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ(٣٢)

سولەیمانیش تا درەنگانێ بەو ئەسپانەوە خــەریــك بــوو ، جــا وتی : من ئەم ماڵی دنیایەم کە ئەم ئەسپانەن زۆر خۆش ویستو ئاگام لە یاد کردنەوەی خوا نەما ، تا ڕۆژ کەوتە ئەو دیوی پەردەوەو ئاوا بوو .

رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالأَعْنَاقِ(٣٣)

وتی: مادام ئەم ئەسپانە بوون بە هۆی غافڵ بوونم لــە یــادی خوا ، بۆمیان

بگێڕنەوە. کە گێڕانیانەوە بەربووە ملو چوارپەلیان بە شمشێرو هەمووی سەربڕینو پەیی‌کردن.

وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ(٣٤)

بەڕاستی ئێمە سولەیمانمان تاقی‌کردەوەو تووشی مەینەتێکمان کرد. ئەوەبوو منالێکی بێدەستوپێمان فڕێ دایە سەر تەختەکەی. ئەویش کە ئەو منالەی دی تۆبەی کردو گەڕایەوە بۆ لای خوا

ئەگێڕنەوە جارێکیان سولەیمان وتوویە: ئەمشەو ئەچمە لای حەفتا لە ژنەکانم هەریەکێکیان شۆڕەسوارێکی ببێ لە ڕێی خوادا غەزا بکا. کە چووە لایان لەیادی نەبوو (ان شاء الله) بکا. کەچی هیچیان سکی پڕ نەبوو تاقە یەکێکیان نەبێ، ئەویش نیوە مرۆیەکی بوو، هەر لەبەرئەوە کە (ان شاء الله)ی نەکردبوو. کە سولەیمان ئەمەی دیو تێگەیشت بۆیە وابووە چونکە (ان شاء الله) ی نەکردووە، پەشیمان بووەوەو تۆبەی کردو داوای لە خوا کرد لێی ببووری.

قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لاَّ يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِي إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ(٣٥)

وتی: خوایە! لێم ببوورەو فەرمانڕەواییەکی‌وام پێببەخشە پاش خۆم شایانی کەسی‌تر نەبێ، هەر تۆ بەخشندەی.

فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ(٣٦)

جا ئێمەیش بامان بۆ ڕام کرد بە فەرمانی ئەو بۆ هەرکوێی بویستایە بەنەرمی ئەڕۆیی.

وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ(٣٧)

جنۆکەیشمان بۆ ڕام کرد هەرچییان وەستا بەنا بوون و خانوویان دروست ئەکردو هەرچییان نوقمی بنی دەریا ئەبوون .

وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ (٣٨)

جنۆکەیتریش کە کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە کەلەپچەکرابوون و بەسرابوونەوە.

هَذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٣٩)

ئەم دەسکەوتە بەخششی ئێمەیە پێمان دای ، جا تۆیش بە کێ ئەبەخشی ببەخشەو ، لە کێ ئەگریتەوە بگرەوە بە ئارەزووی خۆت ، کەس لێت ناپرسێتەوە.

وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ (٤٠)

بەڕاستی سولەیمان لای ئێمە پایەی نزیکیی هەیە لێمانەوەو سەرەنجامێکی جوانیشی لە بەهەشتا هەیە.

وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ (٤١)

باسی ئەیووبی بەندەمانیش بکە کاتێ کە بانگی کردە خوای خۆی وتی: خوایە ! بەڕاستی شەیتان تووشی ئازارو نارەحەتیی کردووم بەوە کە لەئەنجامی ئەم دەردو نەخۆشییانەوە کە تووشم بوون وەسوەسەو دوودڵیی خستووەتە دڵمەدە.

ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ (٤٢)

ئێمەیش فەرمانمان دایە کەوا پێ بکوتە بە زەویدا ئاوی گەرمت بۆ هەڵئەقوڵێ بۆ خۆپێ شتن و ئاوی ساردیشت بۆ هەڵئەقوڵێ بۆ لێ خواردنەوە .

وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَى لِأُولِي

الْأَلْبَابِ(٤٣)

ژن و منالّو كەسوكارە تەفرەقەبووەكانیشیمان بۆ كۆكردەوەو بەخشیماننەوە پێیو ئەوەندەیتریشمان لەڕووی میهرەبانیی خۆمانەوە پێبەخشی بۆئەوەی ببێ بە یادگارو مایەی بیركردنەوە بۆ هەموو ئەوانەی عەقلّو فامیان هەیە.

وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِّعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ(٤٤)

ئەگێڕنەوە ژنەكەی ئەییووب چووبوو بۆ كارێك و زۆریپێچوو، ئەییووبیش لەوە ناڕەحەت بوو، سوێندی لێخوارد كە چاك بووەوە سەد داری لێبدا. جا بۆئەوەی سوێندەكەی نەكەویو لێدانەكەی كردبێ خوا وەحیی بۆ كردو پێی فەرموو: دەستەیێ لقە دارخورما بگرە بەدەستەوە كە چلّەكانی زۆر بنو سوێندەكەت مەخەو بەو دەستەی لقە دارخورمایە ئەوەندەی پیا بمالّە كە سوێندەكەت پڕبكاتەوە. ئەویش پاش ئەوەی بە ئاوە گەرمەكە خۆی شستو زامەكانی لەشی چاك بوونەوەو لە ئاوە ساردەكەی خواردەوە، بە لقە دارخورماكان لە ژنەكەی دا. جا خوا ئەفەرموێ: ئێمە دیمان ئەییووب لەو سەردەمی نەخۆشیو دەردو ئازارەیا زۆر بەسەبرو تەحەممول بوو. ئەییووب بەندەی چاكەو هەمیشە بە تۆبە لە گوناە ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُولِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ(٤٥)

باسی بەندەكانم ئیبراهیم و ئیسحاقو یەعقووب بكە كە خاوەن دەستوچاو بوون واتە لە دین ئاگادار بوونو بە هێزیش بوون، خوا چیی لە سەر دانانایە زوویەزوو بەباشی جێبەجێیان ئەكرد.

إِنَّا أَخْلَصْنَاهُمْ بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ(٤٦)

ئێمە ئەوانمان ساف و بێگەردکردبوو بە سیفەتێ کە هیی ئەوان بوو کە ئەوەبوو بیریان لە ماڵی قیامەت ئەکردەوە ، واتە لەبەرئەوەی بیریان لە ماڵی قیامەت ئەکردەوە ، لە هەموو کودوورەتێ پاکمان کردبوونەوە .

وإِنَّهُمْ عِنْدَنَا لَمِنَ الْمُصْطَفَيْنَ الْأَخْيَارِ(٤٧)

ئەوان ، بەڕاستی ، لەبەندە خۆلاسەو هەڵبژاردەکانن لای ئێمە .

وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنَ الْأَخْيَارِ(٤٨)

باسی ئیسماعیل و ئیلیەسەع و زولکیفلیش بکەو هەموویان لە پیاوچاکانن.

هَذَا ذِكْرٌ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ(٤٩)

ئەم باسی پێغەمبەرانی پێشووە ئەبێ بە یادگار بۆ تۆو ، بێگومان بۆ ئەوانەی لە خوا ئەترسن ئەنجامی چاك هەیە لە شوێنێکی زۆر باشدا.

جَنَّاتِ عَدْنٍ مُفَتَّحَةً لَّهُمُ الْأَبْوَابُ(٥٠)

ئەو شوێنە باشە بەهەشتی (عەدن)ە کە قاپییەکانی خراونەتە سەر پشت بۆیان .

مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ(٥١)

پاڵ ئەدەنەوە بە پشتییەوە لەو بەهەشتەداو داوای میوەی زۆرو شەربەت ئەکەن و بۆیان ئەهێنن.

وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ(٥٢)

حۆریی وایشیان لا هەیە کە چاویان بڕیوەتە تەنها مێردەکانیان و بۆ کەسی تر ناڕوانن و لەگەڵیان هاوتەمەنن.

هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ(٥٣)

ئەم پاداشە ئەوەیە گفتتان پێدراوە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە .

إِنَّ هَذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ (٥٤)

بێگومان ئەم نیعمەتە باشە ڕزق و ڕۆزیی ئێمەیەو بڕانەوەی بۆ نییە .

هَذَا وَإِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ (٥٥)

ئەمە ئاوایەو ، بەڕاستی بۆ کافرە توغیان کردووەکانیش خراپترین سەرەنجام هەیە .

جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمِهَادُ (٥٦)

کە دۆزەخە تێی ئەچن و خراپ فەرش و ژێرەخەرێکە .

هَذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ (٥٧)

دەبا بیچێژن ، ئەمە ئاوی کوڵ بەکوڵ و ئەوەیش زەمهەریری ساردوسڕ .

وَآخَرُ مِنْ شَكْلِهِ أَزْوَاجٌ (٥٨)

سزای تری لەوجۆرەیش هەیە جۆراوجۆر .

هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ (٥٩)

بەو کافرە گەورەگەورانە ئەوترێ کاتێ کە ئەچنە ناو دۆزەخ : ئەمەیش گرۆهێکی تر کە کەوتوونەتە ناو دۆزەخ لەگەڵ ئێوەدا . کافرە گەورەکانیش ئەڵێن : دەك مەرحەبایان لێ نەبێ . ئەوانیش وەك ئێمە بەهۆی کردەوەی خۆیانەوە کەوتوونەتە ناو ئاگری دۆزەخ .

قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا فَبِئْسَ الْقَرَارُ (٦٠)

جا کافرە شوێن کەوتووەکانی گەورەکان لەداخا بەوانە ئەڵێن کە لە دنیادا شوێنیان کەوتبوون: بەڵکو مەرحەبا لە ئێوە خۆتان نەبێ ، ئێوە بوون ئەم سزای دۆزەخەتان لە دنیادا پێش خست بۆ ئێمەو بۆتان ئامادە کردین و ئێمەتان خستە سەر ڕێگای . ماواو جێوڕێیەکی خراپتان بۆ فەراهەم کردین.

قَالُواْ رَبَّنَا مَنْ قَدَّمَ لَنَا هَذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ (٦١)

جا ئەم کافرە شوێـن کەوتووانە ڕووئەکەنە خواو ئەڵێن: خوایە! ئەوەی ئەم سزای دۆزەخەی لـە دنیادا بۆ ئێمە پێش خست، سزای لـە ئـاگری دۆزەخـا دووقات بۆ زیاد بکە.

وَقَالُواْ مَا لَنَا لاَ نَرَى رِجَالاً كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الأَشْرَارِ (٦٢)

جا هەر ئەم کافرە شوێن کەوتووانـەی گـەورەکانیان، لەناو خۆیانا ئەڵێن: ئەوە بۆ ئەو پیاوانە نابینین کە لە دنیادا بە پیاو خراپمان دائەنان؟ مەبەستیان لە هەژارانی موسوڵمانانە کە ئەوان لە دنیادا بە سووکیان سەیر ئەکردن.

أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الأَبْصَارُ (٦٣)

ئایا ئێمە ئەوانمان بە سووك سەیرئەکردو بە پیاوخراپمان دائەنان بـەلام ئەوان باش بوون و نەهێنراونەتە دۆزەخ، یان هێنراون بەلام بـەرچـاوی ئێمە ناکەون و چاومان لای داوە لێیان و نایانبینی؟

إِنَّ ذَلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ (٦٤)

بێگومان ئەم بـاسە ڕاستەو ڕووئەدا کە ئەهلی دۆزەخ لەناو خۆیانـا ئەچن بەگژی یەکاو ئەبێ بە دەمەقاڵەیان.

قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (٦٥)

تۆ بەو کافرانە بڵێ: من لە پێغەمبەرێ زیاتر نیم کـە خـوا نـاردوومـی بۆ ترساندنی خەڵك لە ئاگری دۆزەخ و هەموو شتێ بـەدەس خوایەو هیچ خوایەك نییـە تەنیا زاتی خوای تاك و خاوەن دەسەلات نەبێ.

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ (٦٦)

خوای ئاسمانەکان و زەوی و ناوبەینیانەو خاوەن عیززەت و تاوان پۆشە.

قُلْ هُوَ نَبَأٌ عَظِيمٌ(٦٧)

تۆ، ئه‌ی موحه‌ممه‌د! به‌و کافرانه بڵێ: ئـه‌مـه‌ی کـه من پێم وتن که من بۆ ترساندنی خه‌ڵك له سزای بێفه‌رمانیی خوا هاتووم ، هه‌واڵێکی مه‌زنه .

أَنْتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ(٦٨)

هه‌واڵێکه ئێوه له‌به‌ر بێئاگاییی خۆتان گوێی ناده‌نێو خۆتانی لێ لائه‌ده‌ن .

مَا كَانَ لِي مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَى إِذْ يَخْتَصِمُونَ(٦٩)

من که باسی یه‌کێتیی خواتان بۆ ئه‌که‌مو باسی قیامه‌تتان بۆ ئـه‌گێڕمه‌وه، خوا خۆی پێی ڕاگه‌یاندووم ئه‌گینا خۆ من له ئه‌وزاعی کۆمـه‌ڵـه‌ی فـریشتانی نزیك له باره‌گای خوا ئاگادار نیم که له‌ناو خۆیانا ئه‌بێ به‌ده‌مه‌قاڵه‌یان . ئه‌گه‌ر خوا ئه‌مه‌م به وه‌حی پێ ڕانه‌گه‌یه‌نێ من چۆنی پێ ئه‌زانم ؟ ئه‌مه ئیشاره‌ته بۆ مه‌سه‌له‌ی دروست کردنی ئاده‌مو دانانی له زه‌ویدا که له‌ناو فریشته‌کانا بوو به مایه‌ی ناکۆکی وه‌ك باسی لێ کراوه .

إِنْ يُوحَى إِلَيَّ إِلَّا أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٧٠)

وه‌حی ناکرێ بۆ من ئه‌وه نه‌بێ که من ترسێنه‌ری ئاده‌میزادانم له سزای خوا و چاكو خراپیان بۆ ڕوون ئه‌که‌مه‌وه .

إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّنْ طِينٍ(٧١)

ئه‌م ئایه‌ته ئه‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئایه‌تی ٦٩و باسی ئـــه‌و ده‌مه‌قاڵه‌یه ئه‌کا له‌ناو فریشته‌کانا ڕووی‌دا. ئه‌فه‌رموێ : ئه‌وه‌بوو خوای تۆ بـه فریشته‌کانی وت : من ئینسانێ دروست ئه‌که‌م له گڵ .

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ(٧٢)

جا کاتێ دروستم کردو به فووی ئه‌و فریشته‌یه‌ی ئه‌م کـاره‌ی پێسپێرراوه

لە گیانی خۆمم کرد بەبەرا ، ڕوو لەسەر زەوی بکەون و سوجدەی بۆ بەرن .

فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ(٧٣)

جا کە ئادەمم دروست کرد فریشتەکان هەموو سوجدەیان بۆ برد.

إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ(٧٤)

تەنها ئیبلیس نەبێ خۆی بە زل زانیو لە کافران بوو .

قَالَ يَاإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ(٧٥)

خوا بە ئیبلیسی فەرموو : ئەی ئیبلیس ! چی ڕێی ئەوەی لێ گرتی سوجدە بۆ ئینسانێ بەری من بە دەستی قودرەتی خۆم دروستم کردووە ؟ خۆت بە زل زانی، یان هەر لە زاتی خۆتدا بەرزو پایەبلندی؟

قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ(٧٦)

ئیبلیس وتی : بۆیە سوجدەم بۆ نەبرد چونکە من لەو چاکترم. تۆ منت لە ئاگر دروست کردووەو ئەوت لە قوڕ دروست کردووە .

قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ(٧٧)

خوایش بە ئیبلیسی فەرموو : کەواتــە لــە ڕیزی فریشتەکان دەرچۆ ، تۆ دوورخراوەی لە ڕەحمەتی خوا .

وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَى يَوْمِ الدِّينِ (٧٨)

بەڕاستییش تۆ لەعنەتی منت لەسەرە تا ڕۆژی جەزا کە ڕۆژی قیامەتە.

قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ(٧٩)

ئیلیسیش وتی : دەی خوایە ! مۆڵەتم بدەو بمهێڵەرەوە تـا ئـەوڕۆژەی مردوو هەموو زیندوو ئەکرێنەوە کە ڕۆژی قیامەتە.

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ(٨٠)

خوایش فەرمووی : تۆ لە مۆڵەتدراوانی.

إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ(٨١)

تا ڕۆژی ئەوکاتەی دیاریم کردوە بۆ مۆڵەت دراویت .

قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ(٨٢)

جا ئیبلیس وتی: بە عیززەتو جەلالی تۆ قەسەم هەموویان سەرجەم گومڕا ئەکەم .

إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ(٨٣)

تەنها بەندە خاوێنو دڵسۆزەکانت نەبێ لەناویانا .

قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ(٨٤)

خوایش فەرمووی : منیش ڕاستمو هەر ڕاست ئەڵێم .

لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكَ وَمِمَّنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ(٨٥)

کە ئەوەیە بەڕاستی دۆزەخ پڕئەکەم لە تۆو لە هەموو ئەوانەی شوێن تۆ ئەکەون لێیان .

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ(٨٦)

تۆ، ئەی موحەممەد ! بەو کافرانە بڵێ: من داوای هیچ کرێیەك لە ئێوە ناکەم لەسەر ئەم ڕاگەیاندنی فەرمانی خوایە پێتانو ، لەوانـەیش نیم بە زۆر خۆیان دێننە ناوەوە.

إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ(٨٧)

ئەم قورئانەیش لەوە بەولاوە نییە کە بیرخەرەوەو ئامۆژگارییە بۆ هەموو ئەهلی جیهان.

وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ (٨٨)

لەمەولایش ، پاش کاتێکی دیاری ، هەواڵی سەرکەوتنی ئەم قورئانەو پەیامی ئەم قورنانە ئەزانن .

سوورەتی (ألزمر)

مەككەیی‌یە ئایەتی٥٢و٥٣و٥٤ ی نەبێ‌و، (٧٥) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (١)

ئەم قورئانە كتێبێكە لەلایەن خـــوای خاوەن عیززەت‌و خاوەن حیكمەتەوە هاتووەتە خوارەوە بۆسەر پێغەمبەر.

إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ(٢)

بەڕاستی ئێمە قورئانمان ناردووەتە خوارەوە بۆ تۆ كە حەق‌و ڕاستە ، كەواتە تۆیش خواپەرستی بكەو ئایینی خـۆت پـــاك‌و بێگەرد ڕاگرە لە هەموو جۆرە هاوبەش دانانێك بۆ خوا.

أَلاَ لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ (٣)

بێدارەوە بن ! پەرستن هەر بۆ خوا ئەشێ‌و ئایینی بێگەرد ئەبێ هەر بۆ ئەو بێ‌و، ئەوانەی لە خوا بەولاوە پشت‌و پەنایان بۆ خۆیان ڕاگرتووە ئەیانپەرستن وەك ئەوانەی فریشتە ئەپەرستن یـا عیسا ئەپەرستن یا بت ئەپەرستن‌و ئەڵێن: بەهیوای ئەوە نەبێ كە چەند پلەیـەك لــە خوامـانـــەوە نزیك بكەنەوە، نایانپەرستین ، ئەوانە بێ‌گومان خوا خۆی بڕیار لـــە بـــارەیـــانـــەوە ئەدا لە خوسووسی ئەم قسەیانەوەو لە هەموو ئـەو شتانەی تــردا كـــە ئیختیلافیان لەنێواناهەیە لەبارەیانەوە . بێ‌گومان خوا هیدایەتی كەسێ نادا درۆزن بێ‌و زۆر كافر بێ وەك ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن كە درۆ ئەكەن‌و ئەڵێن : خوا

هاوبەشی هەیەو، زۆر کافریشن کە یەکەمین بنەمای خواپەرستییان تێکداوە بەوە کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە.

لَوْ أَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّاصْطَفَى مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (٤)

ئەگەر خوا بیویستایە ئەوە بۆ خۆی ڕابگرێ، لەوانەی خۆی دروستیان ئەکا خۆی ئەوەی بۆ خۆی هەڵئەبژاردو نەیئەدایە دەستی ئێوە بەئارەزووی خۆتان ئەمو ئەوی بۆبکەن بە ئەوە. خوا پاکو دوورە لەم درۆو دەلەسانە کە گوایە ئەوەی هەیەو شتیوا. ئەو خوایەکی تەنهاو تاکو خاوەن قەهرو بەدەسەڵاتە.

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ (٥)

ئەو خوایە ئاسمانەکانو زەویی دروست کردووە بەحەقو بەڕاستی. شەو هەڵئەسووڕێنێ بەدەوری ڕۆژاو ڕۆژ هەڵئەسووڕێنێ بەدەوری شەواو ڕۆژو مانگی ڕام کردووەو، هەرکام لەمانە بەڕێی خۆیا ئەڕوا تا وادەیەکی دیاریکراو کە ئەو ڕۆژەیە لە جووڵە ئەکەون. بێدارەوە بن! خوا بەتەنها خۆی خاوەن عیززەتو دەسەڵاتو تاوان پۆشە.

خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِّن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ (٦)

ئێوەی لە تاقە نەفسێك دروست كردووەو پاشان لەویش ژنەكەیی دروست كردو، لەچوار پێكانیش هەشت جووتی نێرو مێی نازڵ كردووە بۆتان كە

حوشترو ڕەشەوڵاخ و مــەڕو بزنن . لــه سکی دایکەکانتانا دروستتان ئەکا بەجۆرە دروستکردنێ پاش جۆرە دروستکردنێکی‌تر کــە ئەوەتە لە تۆووەوە ئەتانکا بە پارچە خوێن‌و ئەنجا بە پارچە گۆشت‌و ئــەنجــا ئێسقانیشتان بۆ دروست ئەکا، لە سێ تاریکاییدا: تاریکاییی ناوسکی دایك‌و تاریکاییی کیسەی منداڵدان‌و تاریکاییی ئەو پەردە ناسکەی منداڵی لە منداڵدانا پێوە پێچراوە . ئەوەی ئەم کارانە ئەکا خوای پەروەردگارتانە . گەورەیی‌و فەرمانڕەوایی هەر بۆ ئەوەو خوایێکی‌تر نییە شایانی پەرستن بێ . دەسا ئێتر ئێوە چــۆن لــە باوەڕەوە بە خوای تاك‌و تەنیا وەرئەچەرخێنرێن بۆ هاوبەش بۆ دانانی؟

إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٧)

ئێوە ئەگەر کوفر ئەکەن ، بێگومان خوا دەوڵەمەندەو بێ‌نیــازە لێتان . ئەوەندە هەیە ڕازی نییە بەوە کە بەندەکانی کوفــر بکــەن‌و ، ئــەگــەر سوپاسیشی بکەن لێتان ڕازی ئەبێ‌و بەو سوپاسە ڕازییەو ، هیچ بــاری گوناه لە ئەستۆگرێ باری گوناهی کەسێکی‌تر هەڵناگرێ‌و هەر لە خۆی بەرپرسیارەو سەرەنجامیش هەمووتان ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەوو خــەبەردارتان ئەکا لەوەی لە ماوەی ژیانتانا ئەتانکرد لە چاکەو لە خراپەو ئەو ئەزانێ تەنانەت چی لەناو دڵتانایە.

وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ (٨)

کاتێ خوا زیانێ تووشی ئادەمیزادێ بکا ئەو ئادەمیزادە هاوار ئەکاتە خواو ئەپارێتەوە لێیو ئەگەڕێتەوە بۆلای ، کـــەچی ئەگەر نیعمەتێکی لای خۆیەوە بداتێ ئەو دەردو ئازارەی زووی لەیاد ئەچێتەوە کە لەبارەیەوە ئەپاڕایەوە تا بۆی چاربکاو لە کۆڵی بکاتەوە ، هاوبەشو هاوچەشن بۆ خوا دائەنێ بۆئەوەی خەڵك لە ڕێی خوا گومڕا بکا. تۆ بەو ئادەمیزادە بڵێ : توزێ بەم کافریی خۆتەوە ڕابوێرە ، تۆ سەرەنجام دۆزەخیتو هاوڕێی ئاگرو لە جەهەنمدا بەسەرئەبەی.

أَمَّنْ هُــوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْــذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُــوا رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبَابِ(٩)

ئایا کەسێ کە بـە سەعاتەکانی شەوا خەریکی خواپەرستییە سوجدە ئەباو بەپێوە ئـــــەوەستێ و نوێژ ئەکاو لە سزای ڕۆژی قیامەت ئەترسێو بە هیوای ڕەحمەتی خوایـــــە، وەك کەسێکی کافری بێباوەڕ وایە ؟ دیارە نە . تۆ بڵێ : ئایا ئەوانـــەی زانـــانو ئەوانەی هیچ نازانن وەك یەك وان ؟ دیسان دیارە نە . کەسانێ کە خـــوا بـــە یەك بزاننو کەسانێ کە بە یەکی نەزانن وەك یەك نینو تەنها کەسانێ بیرئەکەنەوە کە خاوەن عەقڵو فامو هۆش بن.

قُلْ يَاعِبَادِ الَّذِينَ آمَنُــوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَــذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَـــةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّـــى الصَّابِـــرُونَ أَجْرَهُـــمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ(١٠)

تۆ بڵێ : ئەی ئەو بەندانەم کەوا ئیمانتان هێناوە ! لە خوای خۆتان بترسن . بۆ ئەوانەی کردەوەی چاکەیان کردووە لـــەم دنیایـــەدا پاداشی چاك هەیەو ئەرزی خوایش بەربلاوە ، ئەوەی نەتوانێ لـــە نیشتمانی خۆیا چاکە بکا با بار

بکا بۆ نیشتمانێکی‌تر بتوانێ چاکـــەی تیا بکـــاو ،کەسێکیش بەسەبر بیّو تەحەممولی مەینەتی فەرمانبەرداریی خـــوا بکاو لەپێناوی فەرمان بەرداریی خوای خۆیا نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێ، پاداشێکیی‌وای ئەدرێتەوە ژمارەی ژمێریار پیایا ناگاتەوە.

قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ(١١)

تۆ، ئەی موحەممەد! بڵێ : من بەڕاستی فەرمانم پیّدراوە کەوا زاتی خوا بپەرستم‌و بەندەییی خۆم بۆ خوا پاك‌و بێگەرد بکەم‌و بە خاوێنی بیپەرستم .

وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ الْمُسْلِمِينَ(١٢)

فەرما نیشم دراوەتێ یەکەمین موسوڵمان بم .

قُلْ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ(١٣)

تۆ بڵێ : من ئەترسم ئـــەگـــەر لە فەرموودەو فەرمانی خوای خۆم دەرچم سزای ڕۆژێکی سەختم تووش ببێ.

قُلِ اللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُ دِينِي(١٤)

تۆ بڵێ: من بەندەگی‌و پەرستن هەر بۆ خوا ئەکەم‌و ئایین‌و دیانەتی خۆمم بۆ ئەو خاوێن‌و بێگەرد کردووە .

فَاعْبُدُوا مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِ قُلْ إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ(١٥)

ئێوەیش هەرکەستان ئارەزوو لێیە لـــە غەیری خـــوا بیپەرستن . تۆ بڵێ : خەسارەتباران ئەوانەن خۆیان‌و کەسوکاریانیان لـــە ڕۆژی قیامـــەتا لەکیس چووە.بێدارەوە بن ! زیان‌و خەسارەتی دیـــاریش هـــەر ئەوەیە. مەبەستی ئەوەیە لە دنیادا خۆیان گومڕا بوون‌و کـەسوکـاریشیانیـــان گومڕا کردووەو

لەبەرئەوە لە ڕۆژی قیامەتا هەموویان دۆزەخ جێیان ئەبێ.

لَهُم مِّنْ فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ النَّارِ وَمِنْ تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ذَلِكَ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ يَا عِبَادِ فَاتَّقُونِ (١٦)

بۆیان هەیە بە ژوور سەریانەوە چەند سایەو سایەوانی ئاگرو، لەژێریشیانەوە چەند سایەو سایەوانی ئاگر. خوا بەندەگانی خۆی بەو سزایە ئەترسێنێ. کەواتە، ئەی بەندە کانم، لێم بترسن و خۆتانم لێ بپارێزن.

وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَنْ يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَى فَبَشِّرْ عِبَادِ (١٧)

ئەوکەسانەی دوورکەوتوونەتەوە لە شەیتان لەوە کە بیپەرستن و گەڕاونەتەوە بۆ لای خوا، ئەوانە مژدەیان بۆ هەیە کە خوا پاداشی چاکەیان ئەداتەوە، کەواتە مژدە بدە بەو بەندانەم..

الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُوا الْأَلْبَابِ (١٨)

کە گوێ لە وتە ئەگرن و شوێنی ئەوەی ئەکەون کە لە هەمووی باشترە. ئەوانە کەسانێکن خوا هیدایەتی داون و، ئەوانە خاوەنی عەقڵ و فامی ساغ و ڕێکوپێکن.

أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ أَفَأَنْتَ تُنقِذُ مَنْ فِي النَّارِ (١٩)

ئایا کەسێ فەرمانی سزادانی دەرچووبێ و لەناو ئاگری دۆزەخا بێ، ئایا تۆ کەسێکت پێ ڕزگار ئەکرێ کە لەناو ئاگری دۆزەخا بێ؟

لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّنْ فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِنْ

تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ (٢٠)

بەلاَم ئەوانەی لە دنیادا لە خوای خۆیـان ترساون بۆ ئەوان هەیە بالاّخانەی بەرزی ژوور تێدا کراوە کە جۆگای ئاوی ســــاف بەژێریانا ئەڕوا . ئەمە گفتی خوایە بۆ ئەو کەسانەو خوا هەرگیز بەپێچەوانەی گفتی خۆی ناجوولێتەوە .

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَامًا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ (٢١)

ئایا تۆ نازانی خوا ئاوی لــە ئاسمانەوە داپەڕاندووەتە خوارو کردوویەتی بە چەند کانیاو لە زەویداو پاشان بــەو ئـاوی کانیاوانە کشتوکاڵی هەمەجۆرەو هەمەڕەنگە لە زەوی دەرئەکاو پاشان کشتوکاڵەکە زەرد ئەبێو وشك ئـەبێو لە قەپاغی خۆی دەرئەچێو ئەوجا وردی ئەکا ؟ بەڕاستی ئەمە هەمووی مایەی بیرکردنەوەی تیایە بۆ ئەوانەی فامو هۆشیان هەیە .

أَفَمَنْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٢٢)

ئایا کەسێ خوا سنگی کردبێتەوە بــۆ ئیسلامو ئیتر ئـەو لەبـەر ڕووناکیی خوای خۆیدا بێ ، ئەوکەسە وەك کەسێکی دڵ تاریك وایە خوا هیدایەتی نەدابێ ؟ دەی هاوار بۆ ئەوکەسانەی دڵیان ڕەق بووەو یادی خوا نایەت بەدڵیانا . ئەوانە لە گومڕاهییەکی ئاشکراو دیاردان .

اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (٢٣)

خوا ناردوویەتیە خوار بۆسەر پێغەمبەر جوانترین وتارکە بریتییە لە کتێبێ کە ئایەتەکـــانی لـــە موعجیزەیی و هـــاوسەنگیی دارشتن و ڕاستیی مەعناو گەیاندنی سوودی ئادەمیزادا لـــە یـەك ئـەچن و ، لە خوێندنەوەدا دووبارە ئەکرێنەوە. ئەوەندە بەسامە پێستی ئەوکەسانەی لـــە خوای خۆیان ئەترسن موچورکەی پیا دێ و گرژئەبێتەوە لە ترسی ئەو هەڕەشانەی تیاینی و ، پاشان پێستیان نەرم ئەبێتەوەو دڵیان بەهۆی یادکردنەوەی خواوە ئارام ئەبێتەوە. ئەم حاڵەتە هیدایەتی خوایە هەرکەسی مـــەیـــل لێ بێ پێی هیدایەت ئەداو ، هەرکەسیش خوا گومڕای بکا کەس نابێ هیدایەتی بداو ڕێگای پیشان بدا.

أَفَمَنْ يَتَّقِي بِوَجْهِهِ سُوءَ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَقِيلَ لِلظَّالِمِينَ ذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْسِبُونَ(٢٤)

ئایا کەسێ لە دۆزەخا سزا بدرێ و جەستەی لە ڕۆژی قیامەتا بە ڕووی خۆی لە سزای بەدو ناهەموارو گران بپارێزێ واتە دەموچاوی بکا بە قـــەڵغانی لەشی لە ئاگری دۆزەخ کە کارێکی چەند قورس و گرانە ، وەك کەسێ وایە بۆخۆی لە بەهەشتا دوور لە ئاگری دۆزەخ حەسابێتەوە ؟ ئـــا لەو ڕۆژەدا بە ستەمکاران ئەوترێ بیچێژن ئەوەی خۆتان بۆ خۆتانتان پەیدا ئەکرد.

كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ(٢٥)

ئەو کافرانەی بەر لە کافرەکانی سەردەمی پێغەمبـــەر بوون پێغەمبەرانی خۆیانیان بە درۆزن دانا ، بۆیە سزایان لەلای خواوە لە ڕێگایەکەوە بۆ هات کە خۆیان هەستیان پێ نەئەکردو پێیان نەئەزانی .

فَأَذَاقَهُمُ اللَّهُ الْخِزْيَ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ(٢٦)

جا خوا تامی ڕسوایی لـــە ژیانی ئـــەم دنیایەدا پێ چەشتن،و، سزای ڕۆژی قیامەتیش گەورەترە ئەگەر بیانزانیایە.

وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٢٧)

بەڕاستی ئێمە لە هەموو نموونەیەکمان لەم قورئانەدا بۆ خەڵك هێناوەتەوە ، بەڵکو ئەمە خوایە بیرێ بکەنەوەو گوێ بۆ فەرمانی خوا شل بکەن.

قُرآناً عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (٢٨)

حاڵی ئەم قورئانەیش وایە قورئانێکی عـــەرەبی زمانە بۆئەوەی ئەوانەی قورئان لەناویانا هاتووەتە خوار تێی بگـــەن،و لێی حاڵی بن. قورئانێکە هیچ چەوتی،و چەوێڵییەکی تیا نییەو بەهیوای ئـــەوە نازڵمان کردووە ئەم خەڵکە لە خوای خۆیان بترسن.

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً رَجُلاً فِيهِ شُرَكَاءُ مُتَشَاكِسُونَ وَرَجُلاً سَلَمًا لِرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ(٢٩)

خوا نموونەیەکی هێناوەتەوە بۆ کەسێ خوا بە یەك بزانێ،و کەسێ چەندین بت بپەرستێ،و بییانکا بە هاوبەشی خوا : کـــابرایێ بەندەی چەند خاوەنێ بێ،و خاوەنەکانی لەناو خۆیانا ناکۆك بن،و کابرایەکی تریش بەندەی یەك تاقە خاوەن بێ،و خـــاوەنـــەکـــەیشی کابـرایەکی ئارامی بێزەرەرو زیان بێ. ئایا ئەم دوو بەندەیە یـــەك جۆرە ژیان ئەژین ؟ دیارە نە . ئەوەی خاوەن فرە هەر تاوێکی ژیانی مردنێکەو، ئەمیشیان بـــۆخـــۆی لە ژیانێکی ئارام،و ئاسوودەدا ئەژی. سوپاس هەموو بۆ خوایەو ، کەس هـاوبـەشی نییە تیایـــا چونکە خاوەن،و بەخشندەی ڕاستەقینەی هەمووشتێ هەر خۆیەتی ، بـــەڵام بەشی زۆری ئەم

خەڵکە نازانن ڕاستی کامەیەو چۆنە.

إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ(٣٠)

بێگومان ، ئەی موحەممەد ! تۆ سەرەتجام ئەمریو ئەوانیش هەموو ئەمرن .

ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ(٣١)

پاشان ئێوە گشتتان لە ڕۆژی قیامەتا لە حزووری خوای خۆتانا ئەبێ بە هەراتانو تۆ بەڵگەی خۆتیان لەسەر ئەهێنیتەوە کە ئەتویست بیبانهێنیتە سەر ڕێی ڕاستو ئەوان لەسەر بت پەرستیی خۆیان سوور بوونو بڕوبیانوویان ئەهێنایەوە.

جوزئی بیستوچوارەم

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى اللَّهِ وَكَذَّبَ بِالصِّدْقِ إِذْ جَاءَهُ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ(٣٢)

جا کێیە ستەمکارتر لە کەسێ درۆ بداتە پاڵ خواو ڕاستی وەك قورئان بەدرۆ دابنێ کاتێ هاتە سەری ، یا پێغەمبەر بە درۆزن دابنێو ئیددیعای پێغەمبەرییەکەی بە درۆ بزانێ ؟ ئایا لە دۆزەخا جێیەك نییە ئەم کافرانەی تیا جێگیر ببن؟

وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ(٣٣)

ئەوکەسەیش کە قسەی ڕاستی لە خواوە هێناوە بۆ خەڵكو ئەوەیش کە باوەڕ بە ڕاستی ئەکا کە موسوڵمانانن کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرو قورئان کردووە ، ئەوانە ئەوکەسانەن لە خوا ئەترسنو خۆیان لە ئاگری دۆزەخ دوورئەخەنەوە.

لَهُم مَّا يَشَاءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ(٣٤)

چییان دڵ بگرێ لای خـوای خۆیانەوە دەسگیریان ئەبێ‌و ئەمەیش پاداشی کەسانی چاکەکەرە.

لِيُكَفِّرَ اللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي عَمِلُواْ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ الَّذِي كَانُواْ يَعْمَلُونَ(٣٥)

بۆیەیش وایە تا خوا کەفارەتی خراپترین کردەوەیان بـداو پاداشی خۆیان بداتەوە بە باشترینی ئەوکارانەی‌ئەیانکردن ، واتە هەرچی کاری چاکیان بووە بە کردەوە هەرە باشەکانیان بۆیان حیساب بکاو بـەپێی ئـەوە پـاداشیان بداتەوە.

أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ(٣٦)

ئایا خودا بەس نییە بۆ بەندەی خۆی کە پێغەمبەرە ، واتە ئایا خوا بەسی پێغەمبەر نییە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ یارمەتیدانی‌و سەرخستنی‌و بـەزاندنی دوژمنەکانی‌و سەرخستنی ئایینەکەی‌و بۆ پاداش دانەوەیشی لە ڕۆژی قیامەتدا ؟ ئەی موحەممەد! کافرەکان تۆ ئەترسێنن بـەو بتانەی لەبریتیی پەرستنی خوا ئەیانپەرستن چونکە خۆیان گومڕان‌و ، هەرکـەسیش خوا گومڕای بکا کەس نییە بیخاتە سەر ڕێی ڕاست.

وَمَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّضِلٍّ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انْتِقَامٍ(٣٧)

کەسێکیش خوا هیدایەتی بدا کەس نییە بتوانێ گومڕای بکا. ئایا خوا خاوەن عیززەت‌وزاڵ‌و تۆڵەسێنەوە نییە لە تاوانکاران؟

وَلَئِنْ سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَـلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ

أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ(٣٨)

ئەگەر تۆ پرسیاریان لێ بکەی کێ ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووە ، بەجەختەوە ئەڵێن: خوا . دەی تۆ پێیان بڵێ : دیتان ئەوانەی ئێوە هاواریان لێ ئەکەن و لێیان ئەپاڕێنەوەو هاوار ناکەنە خواو لێی ناپاڕێنەوە ، ئەگەر خوا بییەوێ زیانێ بە من بگەیەنێ ئەوان ئەو زیانەم لەسەر لائەبەن ، یا ئەگەر بییەوێ ڕەحمەتێکم بەسەرا بڕێژێ ئەوان ئەتوانن ئەو ڕەحمەتەی خوام لێ بگرنەوە ؟ تۆ بڵێ : من خوام بەتەنها خۆی بەسە ، کەواتە با هەرکەسێ ئەیەوێ بە یەکێ پشت ئەستوور بێ ، بەو خوایە پشت ئەستوور بێ .

قُلْ يَاقَوْمِ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ(٣٩)

ئەی موحەممەد! تۆ بڵێ پێیان: ئەی تاقمێ کە من هاتووم هیداتەتتان بدەم و هیدایەت وەرناگرن ! بەگوێرەی توان و دەسەڵاتی خۆتان کاربکەن، منیش ئەوەی بتوانم ئەیکەم. جا لەمەوپاش ئەزانن و بۆتان دەرئەکەوێ کەوا ..

مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ(٤٠)

کێ سزایەکی وای لە خواوە بۆ دێ ڕسوای بکاو ، کێ عەزابی هەرگیز لەسەرلانەچووی بەسەرا دێ ؟

إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ(٤١)

ئەی موحەممەد ! ئێمە قورئانمان نازڵ کردووەتە خوارەوە بۆسەر تۆ بۆ خەڵك بەڕاستی. جا هەرکەس هیدایەت وەربگرێ ئەوە بۆ خۆیی وەرگرتووەو هەرکەسیش گومڕا ببێ ئەوە بۆ زیانی خۆی گومڕا ئەبێ . تۆ بەرپرسی ئەوان

نیت ناچاریان بکەیت هیدایەت وەربگرن .

اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ(٤٢)

خوا گیانی هەموو زیندوویێ وەرئەگرێتەوە لــەکــاتی مردنیا بەجۆرێ کە لەشی دەسەلاتی کردنی هیچی نەمێنێ . گیانی ئەوانەیش وەرئەگرێتەوە لــە کاتی نووستنیانــا کــە هێشتا نــەمــردوون و کاتی مردنیان نەهاتووە بەلاّم پێوەندی گیانەکەیان بە لەشیانەوە ئەمێنێ . پاشان ئەوەی کە وادەی مردنی هاتووە گیانەکەی ناکاتەوە بــەبــەرياو ، ئــەوەیش کە نووستبوو گیانەکەی بەرەڵلا ئەکا بچێتەوە جێی خۆی کە لەشەکەیــەتی تا ئەوکاتەی بۆی دیاری کراوە .بێ گومان لەم کردارانەی خوادا گەلێ دەلیل و بەڵگە لەسەر توانایی خوا هەیە بۆ کەسانێ کە وردببنەوەو بیربکەنەوە .

أَمِ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا وَلَا يَعْقِلُونَ(٤٣)

یاخود ئەو بت پــەرستانە چەند بتێکیان لەخوار خواوە ڕاگرتووە بە ناوی ئەوەوە کە تکاکــارن بۆیان لای خوا ؟ جا تۆ پێیان بڵێ: ئەی ئەگەر ئەو بتانە خاوەنی هیچ نەبن ودەسەلاتیان بەسەر هیچا نــــەشکێ و هوشیاریش نەبن و عەقڵ و فامێکیان نەبێ ، هێشتا هەر بۆ تکاکاری دەس ئەدەن ؟ دیارە نەخێر .

قُلْ لِلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٤٤)

تۆ پێیان بڵێ : هەر بۆ خــــوا خۆیەتی هەرچی تکاکارییەك هەیەو ، موڵکی

ئاسمانەکان‌و زەوی بۆئەوەو پاشان بۆلای ئەو ئەگێڕرێنەوە .

وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ(٤٥)

کاتێ ناوی خوا بەتەنیاو بە بێ‌هاوبەش ئەهێنرێ دڵی ئەوانەی ئیمانیان بە ڕۆژی قیامەت نییە ناڕەحەت‌و پەریشان ئەبێ. کاتێکیش کە ناوی بتەکانیان ئەهێنرێ کە لەخوار خوایانەوە داناون دەسبەجێ شادمان ئەبن‌و ئەگەشێنەوە .

قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ(٤٦)

جا تۆ بڵێ : خوایە ! ئەی پەروەردگاری ئاسمانەکان‌و زەوی‌و ، زانا بە هەرچی نهێنی‌و ئاشکرا هەیە ! تۆ خۆتی بڕیار ئەدەی لەنێوان بەندەکانتا لە هەرچی بابەتێکا هەیە کە ناکۆکییان لەنێوانا بووبێ تیایا .

وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ مِنْ سُوءِ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَبَدَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ(٤٧)

ئەگەر ئەوانەی لە دنیادا ستەمکار بوون هەرچی دارایی‌و سامان لە زەویدا هەیە هیی ئەوان بوایەو ئەوەندەی‌تریشی لەگەڵا بوایە ئەیانکرد بە قوربانی خۆیان‌و ئەیاندا لەباتیی ئەوەدا لەو سزا سەختە ڕزگار بن کە لە ڕۆژی قیامەتا تووشیان ئەبێ‌و ، لەو ڕۆژەدا بۆیان دەرئەکەوێ لەلایەن خواوە لە ئازاروسزا ، ئەوەی کە هەر بەخەیاڵیشانا نەئەهات .

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ(٤٨)

لەوڕۆژەدا خراپەی ئەو کردارانەیان بۆ دەرئەکەوێ کە کردوویانن و، ئەوەی گاڵتەیان پێ ئەکردو بەدرۆیان دائەنا گەمارۆیان ئەداو سزای لە هەموولایەکەوە روویان تێ ئەکا.

فَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٤٩)

عادەتی ئادەمیزاد وایە تێکڕا کە زیانێکی پێ ئەگا هاوارمان لێ ئەکا بچین بەفریایەوە . کە چوویشین بەفریایەوەو نان و نیعمەتێکمان پێ بەخشی ئەڵێ: ئەم نان و نیعمەتەم لە لێهاتوویی و زانایی خۆمەوە دەست کەوتووە، نەخەیر وا نییەو ئەمە بۆ تاقیکردنەوەیەتی، بەڵام بەشی زۆری ئەم خەڵکە نازانن خوا ئەیەوێ تاقییان بکاتەوە ئاخۆ سوپاسی نیعمەتی خوا ئەکەن یا نە؟

قَدْ قَالَهَا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ (٥٠)

کافرەکانی پێش ئەمانیش هەر ئەم قسەیان ئەکرد، بەڵام نە ئەم قسەیەی ئەیانکردو نە ئەو کردەوانەی ئەیانکردن هیچ دادیان نەدان و سوودێکیان نەبوو بۆیان.

فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَالَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هَؤُلَاءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ (٥١)

جا سزای کردەوەی خراپی خۆیان گرتنیەوەو، ئەوانەیش کە ستەمکارییان کردووە لەناو ئەمانەدا ئەوانیش سزای کردەوەی خۆیان ئەیانگرێتەوەو ئەمانە ناتوانن کارێ بکەن خوا نەتوانێ سزایان بداو تۆڵەی بەدکردارییانیان لێ بسێنێتەوە.

أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّ فِي ذَلِكَ

لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٥٢)

ئایا ئەم کافرانە نەیانزانیوە کەوا خوا ڕۆزی بەربلاو ئەکا بۆ هەرکەس خۆی مەیلی لێ بێ و کەموکورتی ئەکا بۆ هەرکەسێکی تر کە مەیلی لێ بێ . بێگومان ئەم دەسەلاتی خوایە لە بەربلاوکردن یا کەموکورت کردنی ڕۆزیی هەرکەسێکا کە خۆی مەیلی لێ بێ ، چەندین نیشانەو بەڵگەی تیایە بۆ تواناییی خوا بۆ هەر کۆمەڵە خەڵکێ کە باوەڕیان بە خوا هەبێ.

قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ لاَ تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(٥٣)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! بڵێ بەو بەندانەم کە زیادەڕۆییان کردووە لەسەر نەفسی خۆیان لە گوناەکردن و بێفەرمانیی خوادا : نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا لە هەموو گوناهێ خۆش ئەبێ بۆ هەرکەسێ کە باوەڕی هەبێ کەوا خوا گوناەبەخش و میهرەبانە.

وَأَنِيبُواْ إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ(٥٤)

پێیشیان بڵێ : بگەڕێنەوە بۆلای خوای خۆتان و ملی بۆ کەچ بکەن و فەرمانبەرداریی بکەن بەر لەوەی سزا لە خواوە بێتە سەرتان و ئەو کاتە یارمەتیتان نەدرێ و کەس نەیێ بە هاواراتانەوە .

وَاتَّبِعُواْ أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لاَ تَشْعُرُونَ(٥٥)

شوێنی جوانترین شتێکیش بکەون کە لەلایەن خوای خۆتانەوە نازڵ کراوە بۆتان کە قورئانە بەرلەوەی سزای خواتان لەپڕ بێتەسەرو ئێوەیش بە خۆتان

نەزانن.

أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ يَاحَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللَّهِ وَإِنْ كُنْتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ(٥٦)

بەرلەوەی نەفسێ لەبەرخۆیەوە بڵێ: ئەی داخی گرانم بۆ ئەو کەمتەرخەمییەی لەئاست فەرمانی خوادا کردمو، بەڕاستی من لەوانە بووم گاڵتەیان بەم پەیامە ئەکرد کەخوا بۆ ئادەمیزادی ناردبوو.

أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنْتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ(٥٧) :

یاخود بڵێ: ئەگەر خوا هیدایەتی بدامایەو بیخستمایەتە سەر ڕێی ڕاست، لەوکەسانە ئەبووم لە خوا ئەترسن و خۆیان لە گوناه دوورئەخەنەوە.

أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ(٥٨)

یاخود کاتێ کە عەزابی خوا ئەبینێ بڵێ: خۆزگە گەڕانەوەیەکم ببوایە بۆدنیا تا یەکێ بم لەوکەسانەی چاکە ئەکەن.

بَلَى قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنْتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٥٩)

نەخێر، بەڕاستی ئایەتەکانی من هاتنە لاتو باوەڕت پێنەکردن و بەدرۆت دانان و خۆت بە زل زانی و لە کافرەکان بووی.

وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ(٦٠)

لە ڕۆژی قیامەتا ئەوانە ئەبینی کە درۆیان دابووە پاڵ خواو ئیددیعای درۆینانەیان بۆ کردبوو، ڕوویان ڕەشە. جا ئایا دۆزەخ جێیەکی تیا دەسگیر

نابێ بۆ ئەوانەی لە بەرانبەر فەرمانەکانی خوادا خۆیان بە زل زانیوە ؟

وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ(٦١)

خوا ئەوانە ڕزگار ئەکا کە لە خوا ترساون بەهۆی ئەو کردەوە باشانەیانەوە کە بوون بە مایەی ڕزگار بوونیان و خراپە نایانگرێتەوەو خەمبار نابن.

اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ(٦٢)

خوا دروستکەری هەموو شتێکەو لەسەر هەموو شتێ چاودێرو ئاگادارە.

لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ(٦٣)

کلیلەکانی ئاسمان و زەوی هەمووی هیی ئەون و ئەوکەسانەیش کە کافر بوون هەر ئەوانە زەرەرمەندو ماڵوێرانن.

قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ(٦٤)

تۆ پێیان بڵێ ، ئەی موحەممەد : ئەوە ئێوە فەرمان بە من ئەدەن عیبادەت و بەندەگیی غەیری خوا بکەم ئەی نەزانەکان ؟

وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ(٦٥)

بەڕاستی وەحی کراوە بۆ تۆیش و بۆ پێغەمبەرەکانی پێش تۆیش کەوا ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێیت هەموو کردەوەت بە زایە ئەچێ و لە ڕیزی خەسارەتمەندان ئەبی.

بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ(٦٦)

بەڵکو عیبادەت هەر بۆ خوا بکەو لەوانە بە کە سوپاسی خوا ئەکەن.

وَمَا قَدَرُواْ اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ(٦٧)

ئەو کافرانە قەدری خوایان نەگرتووە بەوجۆرەی کە شایانیەتیو، ئەو خوایە خوایەکە هەموو ئەرز، لە وشکانو لە دەریای، لە ڕۆژی قیامەتا وەك مشتیٚ گلّە لەناو دەستی توانی ئەواو، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستی ئەو، واتە بە هێزی ئەو، پێچراونەتەوە . خوا بەرزو پاكو خاوێنە لەوە کە هاوبەش بۆ دانەرەکانی هاوبەشی بۆ دائەنێن.

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ(٦٨)

کاتیٚ کە سەردەمی فەوتانی هەموو گیانلەبەران دیٚ، لەلایەن فریشتەی فەرمان پێدراوی تایبەتیی ئەم کارەوە فوو ئەکریٚ بە صووردا، ئیتر بە دەنگی توندو تیژی ئەو فووە کە ئەکریٚ بە صووردا هەرچی گیانلەبەریٚ لە ئاسمانو لە زەویدا هەیە هەمووی لە هۆشی خۆی ئەچیٚ واتە ئەمریٚ ئەوانە نەبیٚ کە خوا بییەویٚ بە زیندوویی بمێننەوە . جا پاش ماوەییٚ کە وتراوە چل ساڵە فوویەکیتر بە هەمان صووردا ئەکریٚ، ئیتر دەسبەجیٚ هەموو زیندوو بوونەتەوەو ڕاست بوونەتەوەو سەیرئەکەن.

وَأَشْرَقَتِ الْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ الْكِتَابُ وَجِيءَ بِالنَّبِيِّينَ وَالشُّهَدَاءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ(٦٩)

جیهانیش بە پرتەوی جیلوەی خوا ڕووناك ئەبێتەوەو کتێبو دەفتەری لێپرسینەوە دائەنریٚو، پێغەمبەرانو شەهیدان ئەهێنرێنو داوەری لەنێوان خەڵکا ئەکریٚ بەگوێرەی حەقو ڕاستیو ستەمیان لیٚ ناکریٚ .

وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ(٧٠)

هەموو نەفسێکیش حەقی کردەوەی خۆی ئەدرێتەوە ، چــاك بێ یا خراپ بێ . خوایش لە هەمووکەسێ باشتر ئەزانێ ئەم خەڵکە چییان کردووە.

وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ(٧١)

ئەوانەیش کە لە دنیادا کافر بوون کۆمەڵ کۆمەڵ پاڵیان پێوە ئەنرێ بۆ ناو دۆزەخ ، تا کاتێ کە ئەگەنە بەرەوە دەرگاکانی دۆزەخیان بۆ ئــەکرێنەوەو دەرگاوانەکانی پێیان ئەڵێن: ئایا پێغەمبەرانێ لە خۆتــان نــەهــاتنــە لاتان ئایەتەکانی خوای خۆتانیان بەسەرا ئەخوێندنەوەو لەوەیان ئــەترساندن کە بەم ڕۆژەتان بگەن؟ ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ ، بەڵێ ، هاتن و ترساندینیان ، بەلاَم فەرموودی خوا بە سزادانی کافران ڕاستەو ئەبێ بێتەدی.

قِيلَ ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ(٧٢)

بەو کافرانە ئەوترێ : بڕۆنە ناو دەرگاکانی دۆزەخەوەو هــەمیشە تیایانا بمێننەوە. دەسا گەلێ گەلێ خراپ و نابارو ناهەموارە قەرارگای ئەوانەی خۆیان بە زل ئەزانی و ملیان بۆ فەرموودەی خوا کەچ نەئەکرد .

وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ(٧٣)

ئەوانەیش کە لە دنیادا لـــە خــوا ترساون کۆمەڵ کۆمەڵ بەڕێ ئەکرێن بـۆ بـەهـەشت ، تـا کـاتێ ئـەگـەنە بەهەشت و دەرگاکانییان بۆ ئەکرێنەوەو

دەرگاوانەکانی بەهەشت پێیان ئەڵێن : سلاوی خواتان لێ بێ ، خۆتان لە چڵك و چەپەڵیی تاوان پاك راگرت ، دە برۆنە ناو بەهەشتەوەو هەمیشە لەوێ بن.

وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُ وَأَوْرَثَنَا الْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاءُ فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ(٧٤)

بەهەشتییەکانیش ئەڵێن : سوپاس بۆ ئـەو خـودایەی گفتی خۆی ، کە دابـووینێ ، لەگەڵی هێنایەدی و خاکی بەهەشتی بۆ کردین بە میراتی بۆماوە، هەر شوێنێکیمان ئەوێ ئەیکەین بە جێگـەو مـاوای خۆمان . کەواتە پاداشی چاکە پاداشی ئەوانەی کردەوەی چاکەیان کردووە.

وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ(٧٥)

لەویادا فریشتەکان ئەبینی بەدەوری عەرشی خـوادا ریزیـان بەستووە سوپاس و تەسبیحاتی خوا ئەکەن و ، داوەری لەنێوان خەڵکا کراوە بەوەی کە حەق و راستەو ، بەهەشتی براوە بۆ بەهەشت و دۆزەخی بـراوە بۆ دۆزەخ و ، هەموان ئەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

سوورەتی (غافر)
مەککەیی‌یە ئایەتی ٥٦و ٥٧ی نەبێ‌و ، ٨٥ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٢)

هێنانەخوارەوەی ئەم قورئانە لەلایــەن خوایەکەوەیە کە خاوەن عیززەتەو زانایە بە هەمووشتێ .

غَافِرِ الذَّنْبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ إِلَيْهِ الْمَصِيرُ (٣)

گوناەبەخش‌و تۆبەوەرگرو سزاسەخت‌و بـەهێزە. هیچ پـــەرستراوێکی بەڕاست نییە ئەو نەبێ‌و ، سەرەنجام هەمووشتێ‌و هـەمووکەسێ بۆلای ئەو ئەگەڕێنەوە.

مَا يُجَادِلُ فِي آيَـاتِ اللهِ إِلاَّ الَّذِيــنَ كَفَرُواْ فَلاَ يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِي الْبِلاَدِ (٤)

ناکەوێتە دەمەدەم‌و بـەرپـەرچدانـەوە لـە بـارەی ئایەتەکانی خواوە کە ناردوونیەتە خوارەوە بۆسەر پێغەمبەرەکانی تـــەنها ئەوانە نەبێ کە کافرن ، لەبەرئەوە گەڕان‌و هاتوچۆیان بە وڵاتانی شـــام‌و یـــەمـــەندا لەخشتەت نەبا وابزانی ئەمانە کۆمەڵێکی بەهێزن‌و هەرگیز لە بەزین نایەن .

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَالْأَحْزَابُ مِنْ بَعْدِهِمْ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ

فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ(٥)

بەر لەوانیش خێڵەكەی نووحو دوای ئـەوانیش ئەو كۆمەڵانەی گەلەكۆمەیان كرد لەدژی پێغەمبەران ، هـەموویان پێغەمبەرانی خۆیانیان بـە درۆزن داناو باوەڕیان پیّ نەكردن و هەر میللەتیّ كە پێغەمبەریان چووە سـەر بۆئـەوەی بێنە سەر باوەڕ بە خواو ئایینی خوا ، هەموو نیازی خراپیان بە پێغەمبـەری خۆیان هەبوو بۆ ئەوەی بیگرن و بیكوژن و بـە قسـەی هیچوپووچ كـەوتنە دەمەدەم بە مەبەستی ئەوەی پێغەمبەرەكـەیانی پیّ دەمكوت بكەن ، منیش بە قاروقینی خۆم گرتمن و بەربادم كـردن ، جا سەیركە سزای من چۆن بوو !

وَكَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ أَصْحَابُ النَّارِ (٦)

هەر بەمجۆرە قسەی خوای تۆ لەسەر ئەوانەی كـافـر بوون جێگیر بوو ، كە قسەكەیش ئەوەیە ئەمانە دۆزەخین و هـەمیشە هەر لە دۆزەخا ئەبن و لەگەڵ دۆزەخ لێك نابنەوە .

الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُـلَّ شَيْءٍ رَحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ(٧)

ئەو فریشتانەی عەرشی خوایان هەڵگرتووەو ئـەو فریشتانـەیتریش كە بەدەوروبەریدان بۆ سوپاس و سەنای خوا تەسبیحاتی بۆ ئـەكەن و باوەڕیان پێی هەیەو داوای لێبووردن لە خوا ئەكەن بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو ئـەڵێن : خوایە ! تۆ بە میهرەبانی و زانایی خۆت هەموو شتێكت گـرتووەتەوە ، دەسا لەوانە ببوورە كە تۆبەیان كـردووەو ڕێی تۆیـان گرتووەتەبەرو لە ئاگری دۆزەخیان بپارێزە .

رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُم وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٨)

خوایە بیشیانخەرە ناو ئەو بەهەشتی عەدنەوە کە گفتت پیّ داون ، لەگەلْ هەرکەس کە پیاوی چاك بووبیّ لە باوكو باپیرانو ژنو نەوەیان. بیّگومان هەر تۆ خاوەن عیززەتو حیکمەتیت .

وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ وَمَن تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(٩)

بیشیانپارێزە لە سزای خراپ لە ڕۆژی قیامەتاو ، هەرکەسیّ تۆ لەوڕۆژەدا لە سزای خراپی بپارێزی ئەوە میهرەبانیت لەگەلّی کردووەو ، بە ئاوات گەیشتنی مەزنیش هەر ئەوەیە .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ اللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى الْإِيمَانِ فَتَكْفُرُونَ (١٠)

بەراستی ئەوانەی کە کافر بوونوبە کافری مردوون لە ڕۆژی قیامەتا بانگیان لیّ ئەکریّو پێیان ئەوتریّ : دوژمنایەتیی خوا بۆ ئێوە لەم ڕۆژەدا گەورەترو سەختترە لە دوژمنایەتیی خۆتان بۆ خۆتان لە دنیادا کاتیّ بانگ ئەکران بۆ باوەڕکردن بە خواو ئێوە کوفرتان ئەکردو ئیمانتان پیّ نەئەهێنا ، چونکە دوژمنایەتییەکەتان بۆ خۆتان لە دنیادا هەر لەو ماوەیەدا بوو کە بانگ ئەکران بۆ ئیمان هێنانو ئیمانتان نەئەهێناو تا مردن بەوجۆرە ژیان کە خۆتان ئەتانویست نەك بەوجۆرەی خوا لیّی ئەویستن ، بەلاّم دوژمنایەتییەکەی خوا بۆتان لە ڕۆژی قیامەتا ئەنجامەکەی لە سەرەتای قیامەتەوەیەو هەرگیز نابڕێتەوە چونکە ئەتانخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە کە بڕانەوەی

بۆ نییە.

قَالُواْ رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِّنْ سَبِيلٍ(١١)

جا کافرەکان ئەڵێن: خوایە تۆ دوو جار ئێمەت مراندووەو دوو جارت زیندوو کردووینەتەوە ، مردنی یەکەم ئەوەیە کە هێشتا نەهاتبووینە دنیاوەو مردنی دووهەم ئەوەیە کە یەکەمجار لە دنیادا مراندتمان . زیندووکردنەوەی یەکەمیش ئەوەیە کە یەکەمجار گیانت کرد بە بەرماندا و زیندووکردنەوەی دووهەمیش ئەوەیە لە قیامەتا زیندووت کردینەوە بۆ لێپرسینەوەی کردەوەمان لە دنیادا . دە ئاخۆ ڕێگایەك هەیە بۆ جۆرە دەرچوونێ لەناو ئاگری دۆزەخ بە هەر جۆرێ بێ؟

ذَلِكُم بِأَنَّهُ إِذَا دُعِيَ اللَّهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ وَإِن يُشْرَكْ بِهِ تُؤْمِنُوا فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ(١٢)

ئەمەی ئێوەی تێدان بەهۆی ئەوەوەیە کاتێ بانگ بکرایەتە خوا بەتەنها خۆیو بێ هیچ هاوبەشێك ئینکاری ئەم تەنهاو تاکییەی خواتان ئەکردو ، ئەگەر هاوبەشێکی بۆ دابنرایە باوەڕتان بەوە ئەکرد کە خوا هاوبەشێکی هەیە. بۆیە ئێستا بڕیارهیی خوای بەرزو باڵاو گەورەیە کە ئەتانخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

هُوَ الَّذِي يُرِيكُمْ آيَاتِهِ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ رِزْقًا وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ(١٣)

خوا ئەو خوایە نیشانەکانی گەورەیی خۆیتان پیشان ئەداو ڕزقو ڕۆزیتان لەئاسمانەوە بۆ دائەبەزێنێتە خوار بەهۆی باراندنەوە کە ئەبێ بە مایەی

سەوزبوونی دەغلّودان و پێگەیشتنی بەرو میوەی دارودرەخت ،بەلاّم کەس بیر لە گەورەیی خوا ناکاتەوە ئەوکەسانە نەبێ بە ساغیو بێگەردی ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوا .

فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (١٤)

دەی بانگ بکەنە خواو هاواری لیّ بکەن و حالّتان وابێ پەرستنتان خاوێن و بێگەرد هەر بۆ ئەو بیّ و هاوبەشی بۆ دامەنێن هەرچەند کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێ.

رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ لِيُنْذِرَ يَوْمَ التَّلَاقِ (١٥)

خودا پایەو پلە بەرزە ، خاوەنی عەرشە ، لە فەرمانی خۆیەوە وەحی ئەنێرێتە سەر هەرکەس لە بەندەکانی کە خۆی مەیلی لیّ بیّ و ئەیکا بە پێغەمبەر بۆئەوەی خەڵك بترسێنیّ لەو ڕۆژەی کە سەرجەمی ئادەمیزاد ئەگەنەوە بە خواو لە کرداری چاك و خراپی دنیایان ئەکۆلّێتەوە کە ڕۆژی قیامەتە .

يَوْمَ هُمْ بَارِزُونَ لَا يَخْفَى عَلَى اللَّهِ مِنْهُمْ شَيْءٌ لِّمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ (١٦)

ئەوڕۆژەی کە ئەو خەڵکە هەموو دیارو بەدەرەوەن لە مەیدانی مەحشەردا کەسیان لە خوا ون نابیّ و هیچ کردەوەیەکیان لە خوا ون نابیّ . فەرمانڕەوایی و دەسەلاّت و لە دەس دەرباز نەبوون لەوڕۆژەدا بۆ کێیە ؟ بۆ ئەو خوایەیە کە تاك و تەنیایەو هەمووکەسیّ لەژێر دەسەلاّتی ئەوایە.

الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ لَا ظُلْمَ الْيَوْمَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ

الْحِسَابِ(١٧)

ئەمڕۆ هەرکەسێ جەزای کـردەوەی ئەدرێتەوە. ئەمڕۆ هیچ جەورو ستەمێ نییەو دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەمووکەسێ ئەکرێ . خوا زوو لە هەموو کەسێ ئەپرسێتەوە .

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاظِمِينَ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلاَ شَفِيعٍ يُطَاعُ(١٨)

تۆ، ئەی موحەممەد ! ئـــەوکافرانـــە بترسێنە لە ڕۆژی قیامەت کە هاتنی نزیکە ، لەو کاتەدا کە دڵ ئەکەوێتە تـــەپەتەپ و بەرز ئەبێتەوە بۆلای گەروو، خەڵکەکەیش لەتاو خەمو خەفەت کپ‌وماتو بێدەنگن‌و ستەمکاران نە خزمو کەسێکیان هەیە بەزەییان پیایانـــا بێتەوەو نە تکاکارێکیان هەیە تکایان بۆ بکاو بەگوێی تکاکەی بکرێ.

يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ(١٩)

ئەو خوایە بەوردە خەیانەتانە ئەزانێ کـــە لـــە لاکردنەوەو ڕوانینی چاوا دەرئەکەون، بە هەرچی سنگی ئـــادەمیزاد لـــەنـــاو دڵی خۆیا بە پەنامەکی ڕای گرتووە ، واتە ئەو نیازانەی لە دڵی هەرکەسدان. مەبەست لەوەیە خوا بە هەمووکردەوەو خەیاڵێکی ئادەمیزاد ئەزانێ .

وَاللَّهُ يَقْضِي بِالْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ لاَ يَقْضُونَ بِشَيْءٍ إِنَّ اللَّهَ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ(٢٠)

خوا فەرمان بە شتی ڕاست ئەداو ، ئەو بتانەی کافرەکان بانگیان لێ ئەکەن و بانگ لە خوا ناکەن ، بڕیاری هیچیان پێ نادرێ نە ڕاست‌و نە ناڕاست، چونکە دەسەلاتیان بەسەر هیچا ناشکێ . خوا تەنها خۆی شنەواو بینایە.

أَوَ لَمْ يَسِيرُواْ فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبْلِهِمْ كَانُواْ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ (٢١)

ئایا ئەم كافرانە نەگەڕاون بە زەویدا تـا سەیر كەن سەرەنجامی ئەوانە چی بوو كە بەر لەمان بوون ؟ ئەوان لـەمـان بـەهێزتر بوون و پـاشماوەی لێبەجێماویان وەك قەڵاو شاری بە شوورە دەورگیراوو خانووبـەرەی بەرزو مەحكەم لە هیی ئەمان زۆرتر بوو ، بەڵام سەرەنجام خـوا بە گوناهی خۆیان گرفتاری كردن و كەسیان نەبوو بییانپارێزێ لە دەستی قودرەتی خوا.

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَكَفَرُواْ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ إِنَّهُ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٢٢)

ئەوەیش لەبەرئەوەبوو كە پێغەمبەرەكان ئەهاتن بۆلایان بە موعجیزەوە ، كەچی ئەوان هەر كوفریان كردو ئیمانیان نەهێنا . جـا خودا غەزەبی لێگرتن و گرفتاری كردن . خوایش خوایەكی تواناو سزا سەختە.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (٢٣)

بەڕاستی ئێمە مووسامان بە موعجیزەو دەسەڵاتی ئاشكراوە نارد .

إِلَى فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُواْ سَاحِرٌ كَذَّابٌ (٢٤)

بۆ سەر فیرعـەون و هامـان و قاروون ، ئەوانیش هەموو لەجیاتیی ئەوەی ئیمان بهێنن وتیان : مووسا سیحربازێكی درۆزنە.

فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُواْ اقْتُلُواْ أَبْنَاءَ الَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ وَاسْتَحْيُواْ نِسَاءَهُمْ وَمَا كَيْدُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ (٢٥)

كە مووسـا بـە دەلیلی ڕاستەوە لـەلایەن ئێمەوە هاتە لایان ، وتیان :

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لەگەڵیا کوڕەکانیان بکوژن و ژنەکـانیان بە زیندوویی بهێڵنەوە ، بەلاَم فرِوفێڵی کافران هەموو سەرلێشێوان و گـومـڕاهییـەو بە هیچ ئەنجامێکیان ناگەیەنێ.

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَنْ يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ(٢٦)

فیرعەونیش وتی : لێم گەڕێن با مووسا بکوژم ، جا بـا بانگ بکاتە خواکەی خۆی . من ئەترسم مووسا ئایینەکەتان پێ بگۆڕێ یا ولاَت تێك بداو وێرانیی تیا بلاَوبکاتەوە.

وَقَالَ مُوسَى إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّنْ كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ(٢٧)

مووسایش وتی : من پەنام گرتووە بە خوای خۆم و خوای ئێوە لە هـەمـوو خۆبەزل زانیوێ کە باوەڕی بە ڕۆژی لێپرسینەوە نەبێ .

وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُـونَ رَجُلاً أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِن رَّبِّكُمْ وَإِنْ يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُمْ بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَـنْ هُـوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ(٢٨)

پیاوێکی خاوەن ئیمانیش لە کەسوکـاری فیرعەون کـە ئیمانی خۆی لێ شاردبوونەوە، وتی : ئەوە ئێوە پیاوێ ئەکوژن چونکە ئـەڵێ (الله) خـوای منە ، لەگەڵ ئەوەیش کە بـە چەند موعجیزەوە لەلای خواوە هاتووەتە لاتان. ئەگەر درۆ بکات ئۆباڵی درۆکەی لە ئـەستوێ خۆیایەتی . خۆ ئەگەر ڕاستیش بکا ئەوا هەندێ لەو پاداشە باشانەتـان پێ ئەگا کە وەعدەتان ئەداتێ. خوا

هیدایەتی ئەوکەسانە نادا کە زیادەڕۆن‌و درۆ زۆر ئەکەن .

یَاقَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ يَنصُرُنَا مِنْ بَأْسِ اللَّهِ إِنْ جَاءَنَا قَالَ فِرْعَوْنُ مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ(٢٩)

هەر ئەو پیاوە خاوەن ئیمانە وتیشی : ئەی خزمینە ! موڵك‌و فەرمانڕەوایی هیی ئێوەیەو دەسەلآتتان بەسەر ولآتا هەیە . جا ئەگەر عەزابی خوا بێتە سەرمان کێ بەفریامان ئەگاو یارمەتیمان ئەدا. فیرعەونیش گوێی بە قسەکەی نەداو وتی : لەوە بەولاوە کە خۆم بە پەسەندی ئەزانم هیچی‌ترتان پیشان نادەم‌و لە ڕێی عەقڵ‌و فام بەولاوە ناتانخەمە سەر هیچ ڕێیەك.

وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَاقَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ الْأَحْزَابِ(٣٠)

دووبارە پیاوە ئیماندارەکە وتی : ئەی کەسوکارەکانم ! من بەڕاستی ترسی ئەوەم هەیە لێتان کارەساتێکی وەك ئەوەی ئەو ڕۆژانەتان بەسەرا بێت کە بەسەر ئوممەتەکانی پێغەمبەرە پێشینەکانا هات کە پێغەمبەرەکانی خۆیانیان بە درۆزن دانابوو.

مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ(٣١)

وەك ئەوەی بەسەر قەومی نووح‌و عادو سەموودو ئەوانی پاش ئەوانا هات‌و، خوایش نایەوێ بە ناحەق ئازاری بەندەی خۆی بداو ستەمیان لێ بکا .

وَيَاقَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ(٣٢)

ئەی خزم‌و کەسوکارەکانم ! من ترسی ڕۆژی قیامەتم هەیە لێتان کە خەڵك هەموو هاوار ئەکەنە یەکتر بەهیوای ئەوەی فریایان کەون.

يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ(٣٣)

ئەو ڕۆژەی لە مەیدانی مەحشەر پشت پێ هەڵئەکەن و بەرەو دۆزەخ ئەگەڕێنە دواوە ، کەس نییە بتانپارێزێ لە خواو ، ئەوەی خوا گومڕای کا کەس نییە هیدایەتی بداو بیهێنێتەوە سەر ڕێ .

وَلَقَدْ جَاءَكُمْ يُوسُفُ مِنْ قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا زِلْتُمْ فِي شَكٍّ مِّمَّا جَاءَكُمْ بِهِ حَتَّى إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَنْ يَبْعَثَ اللَّهُ مِنْ بَعْدِهِ رَسُولاً كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ(٣٤)

بەڕاستی یۆسفیش پێشتر بە بەڵگەی ڕەت نەکراوەوە هاتە لاتان کەچی ئێوە هەر لە بەدگومانیی خۆتانا بوون لەو شتانەی ئەو هێنابوونی بۆتان ، تا کە مرد وتتان : ئیتر خوا پاش ئەو پێغەمبەرێکی تر نانێرێ . خوا بەم جۆرە ئەوانە گومڕاو سەرلێشێواو ئەکا کە زیادەڕۆو دوودڵن

الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ وَعِنْدَ الَّذِينَ آمَنُوا كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ(٣٥)

ئەوانەی بێبەڵگەو دەلیلێ بۆیان هاتبێ ، لەبارەی ئایەتەکانی خواوە دەمەدەم ئەکەن ، ئەوانە کارەکەیان لای خواو لای موسوڵمانان زۆر بێزراوەو، خوایش ئاوا مۆر ئەنێ بەسەر دڵی هەر خۆبەزل زانیوێکی ستەمکارا .

وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَاهَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ(٣٦)

فیرعەون بە هامانی وەزیری خۆیی وت : ئەی هامان ! تەلارێکی بەرزم بۆ دروست بکە بەڵکو بتوانم بەهۆی ئەو تەلارەوە بگەمە چەند ڕێگایێ ،

أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا وَكَذَلِكَ

زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلاَّ فِي تَبَابٍ(٣٧)

ێگەکانی ئاسمانەکان. جا بەهۆی ئەو ڕێگایانەی ئاسمانەکانەوە کە وەکو ڕوانگە لێیانەوە بڕوانم و لەبارەی خواکەی مووساوە ئاگاداری پەیدا بکەم . بەڕاستییش من وای بۆ ئەچم مووسا درۆ بکا کە ئەڵێ : خوا منی ناردووە بۆ لای ئێوە . ئا بەم جۆرە فیرعەون کرداری ناشیرینی خۆیی بۆ جوان کراو ڕێی لێ گیرا کە پەیڕەویی پێغەمبەران بکاو ڕێگای چاکە بگرێتەبەر ، بەلاَم هەرچی فڕوفێڵی فیرعەون هەیە هەمووی لە مایەپووچیدایە .

وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ(٣٨)

ئەوکەسەی بەنهێنی ئیمانی بە مووسا هێنابوو ، بە خێڵەکەی خۆیی وت : ئەی خێڵەکەم ! شوێنی من کەون تا ڕێی گەیشتن بە مرازتان پیشان بدەم.

يَاقَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ(٣٩)

ئەی خێڵەکەی خۆم ! ئەم ژیانی دنیایە لە هۆیەکی ڕابواردن بەولاوە نییەو، خانەی بەردەوامو جێگای ئۆقرەگرتن ئەو دنیایە.

مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلا يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ(٤٠)

هەرکەسێ کردەوەیەکی خراپ بکا پاداشی نادرێتەوە بە وێنەی ئەو کردەوە خراپەی خۆی نەبێ، هەرکەسێکیش کردەوەیەکی باش بکا ، پیاو بێ یا ئافرەتو ، باوەڕی بە خوا هەبێ ، ئەوانە ئەچنە بەهەشتو ڕزقو ڕۆزییان ئەدرێتێ بێئەوەی خۆیان بزانن لەکوێوە بۆیان دێت .

وَيَاقَوْمِ مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ (٤١)

هەروا ئەی خێڵەکەی خۆم ! ئەوە چی ڕووی داوە لێم وا مــن بانگتان ئەکەم بۆ ڕزگاربوون لە عەزابی خواو، ئێوەیش من بانگ ئەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ ؟

تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِاللَّهِ وَأُشْرِكَ بِــــهِ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَأَنَا أَدْعُوكُمْ إِلَى الْعَزِيزِ الْغَفَّارِ (٤٢)

بانگم ئەکەن بۆئەوە کە ئینکاری خوا بکەمو شتێکی بکـــەم بە هاوبەش کە هیچ ئاگام لە خوایەتیی ئەوشتەو هاوبەشێتیی خوای نییەو ، منیش ئێوە بانگ ئەکەم بۆلای خوای خاوەن عیززەتو تاوان پۆش ؟

لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ دَعْوَةٌ فِي الدُّنْيَا وَلَا فِي الْآخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَا إِلَى اللَّهِ وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ (٤٣)

هیچ گومانی تیا نییە ئەوەی ئێوە من بانگ ئەکەن بۆ پـــــەرستنو بانگ لێ کردنی ، هیچ شایانییەکی پەرستنو بانگ لێکردنی نـــە لە دنیاو نە لە قیامەتا نییەو ، سەرەنجامی گـــەڕانـــەوەی هـــەمووممان بـــۆلای خوایەو ، ئەوانەی زیادەڕۆیی ئەکەن لە گومڕاییو لـــە خوایاخیبوونا ئەوانەن هاوڕێی هەمیشەی ئاگری دۆزەخنو لێی دەرناچن.

فَسَتَذْكُرُونَ مَـــا أَقُـــولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (٤٤)

مادەم وایە ، لەو دنیا بیری ئەم قسانە ئەکەنەوە کە ئێستا من پێتان ئەڵێمو من کاری خۆم بە خوا ئەسپێرم تا لە هەموو نیازێکی خراپی هەر بەدنیازێکم بپارێزێ. خوا چاوی لە هەموو بەندەکانیەوەیە.

فَوَقَاهُ اللَّهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُوا وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ (٤٥)

خوایش ئەوی لەو فروفێڵانە پاراست کە بۆیان سازکردبوون و ، سزای بەدو ناهەمواریش دەورو گەمارۆی دەستەو دائیرەی فیرعەونی دا.

النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ(٤٦)

سزا بەدو ناهەموارەکەیش ئاگری دۆزەخە کە بەیانیو ئێوارە ئەبرێنە سەیرو تەماشایو گوزەریان پێئەکرێ بەلایاو ، کە ڕۆژی قیامەتیش دێ فەرمان لای خواوە دێ کەوا دەستەو دائیرەی فیرعەون بخەنە ناو سەختترین سزاوە.

وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ(٤٧)

بیر لەوە بکەرەوە کە دۆزەخییان لە ناو ئاگری دۆزەخا ئەبێ بە هەراو دەمەقاڵەیان ، جا ئەوانەیان کە لە دنیادا بێدەسەڵاتو ژێردەستە بوون بەوانەیان ئەڵێن کە خۆیان کردبوو بە گەورە بەسەریانەوە ، پێیان ئەڵێن : ئێمە لە دنیادا پەیڕەویکەرو شوێنکەوتەی ئێوە بووین چیتان بوتایە وامان ئەکرد ، جا ئاخۆ ئێستا بەشێ لەم باری ئاگرەمان لەسەر شان لائەبەن؟

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُلٌّ فِيهَا إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ(٤٨)

ئەوانەیش کە لە دنیادا خۆیان کردبوو بە گەورە بەسەر ئەوانیترەوە بەوانە ئەڵێن : ئێمەو ئێوە ئێستا هەموو پێکڕا لەناو ئاگری دۆزەخاین ، خوایش بڕیاری خۆی لەنێوان بەندەکانیا داوەو ، چ ئێمەی جاران گەورەو چ ئێوەی جاران شوێنی ئێمە کەوتووی هەموو بەجارێ خستووەتە ناو ئاگرەوە، ئیتر

تازە ئێمە چیمان لەدەست دێ بۆتان ؟

وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُواْ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ(٤٩)

ئەوانەی کە لەناو ئاگران بە قاپییەوانەکانی دۆزەخ ئەڵێن : داوا لـــە خوای خۆتان بکەن بەڵکو ئەمە خوایە بۆ تاقە ڕۆژێ ئەم سزای دۆزەخەمان لەسەر هەڵبگرێ .

قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلاَّ فِي ضَلاَلٍ(٥٠)

دەرگاوانەکانی دۆزەخیش لە وەڵاما پێیان ئەڵێن : ئایا ئـــەو پێغەمبەرانەی خوا ناردبوونیە سەرتان ، بە بەڵگەو دەلیلی پێغەمبەرییەوە نەئەهاتنە لاتان ؟ ئەمانیش ئەڵێن : بەڵێ ئەهاتن. دەرگاوانەکانیش پێیان ئەڵێن : کەواتە خۆتان داوا بکەن، بەڵام داواو دوعاو پاڕانەوەی کافران لە سەرلێشێواوییەوە نەبێ نییەو هیچ دادێکیان نادا چونکە کاتی خۆی فریای خۆیان نەکەوتـــن تـــا ئێستا وا تووش نەبن.

إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَـــوْمَ يَقُـــومُ الْأَشْهَادُ(٥١)

بێگومان ئێمە یارمەتیی فروستادەکانی خۆمـــان و ئـــەوانـــە ئەدەین کە ئیمانیان هێناوە ، لەژیانی دنیادا بەوە کە دڵیان بەهێز ئەکەین خۆیان بگــرن و ، لە ڕۆژی قیامەتیشا بەوە کە شاهید ڕاست ئەبنەوە بۆ شایەتیدان لەسەر کردەوەی هەرکەس کەوا پێغەمبــەران نامەی خوایان گەیاندو ئیمان هاوردووان ئیمانیان پێهێنان و ئیمان نەهاوردووانیش گوێیان بۆ شل نەکردن .

يَوْمَ لا يَنفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ (٥٢)

ئەو ڕۆژەی کە عوزرهێنانەوەی ستەمکـاران هیچ دادیان ناداو لەعنـەتو نەفرینیان بۆ ئەڕواو مەنزڵو ماوایەکی خراپیان هەیە کە دۆزەخە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْهُدَى وَأَوْرَثْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ (٥٣)

بەڕاستی ئێمە هۆی هیدایـەتـدانی ئوممەتمـان دا بە مـووسا کە پایـەی پێغەمبەرایەتیو شەریعەتەو ، تەوراتیشمان بۆ لەناوامانەوە دا بە بەنیئیسرائیل .

هُدًى وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ (٥٤)

کە مایەی هیدایەتو بیرکردنەوەو هو شیاربوونەوە بێ لەناویانا .

فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ (٥٥)

کەواتە تۆیش ، ئەی موحەممەد ! خۆت ڕاگرە لە ئـاست باری گرانی ئازارو ئەزیەتی ئەو کافرانەدا کە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن . بـەڕاستی ئەو وەعدەی ئێمە داومانە بە تۆ دێتەدیو داوا لە خوا بکە لە گوناهت خـۆش ببیٚو ئێواران‌و سبەینان زوو تەسبیحاتو سوپاسی خوای خۆت بکە .

إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ إِن فِي صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَالِغِيهِ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (٥٦)

بەڕاستی ئەوانەی لەبارەی ئایەتەکانی خواوە دەمەدەم ئەکـەن بێئەوەی هیچ دەلیلو بەلگەیەکیان هاتبێتە لا ، ئەوانە لـە خۆبەزل زانینو سـەرکێشی بەولاوە هیچیان لە دلاّنییە کە ئەوەتە ئەیانەوێ ئاینی ئیسلام لەناوبـەرن ، دەی‌ساتۆ پەنا بگرە بە خواو میهرەبانیی خوا : بەڕاستی خوا گوێی لـە هەموو

قسەیەکی ئەم خـەڵکەیـەو چاوی لە هەموو کردەوەیەکیانە.

لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ(٥٧)

بە ڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی گەورەترو بەئەهمیەتترە لـە دروستکردنی ئادەمیزاد، بەڵام بەشی زۆری ئەم خەڵکە ئەم شتە ڕاستانـە نازانن.

وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ(٥٨)

هەرگیز کوێرو چاوساغ وەك یەك نابن . ئـەوانەیش کـە ئیمانیان هێناوەو چاکەیان کردووە لەگەڵ خراپکاران و بەدرەفتاران وەك یەك نابن. ئێوە ، ئەی خەڵکینە ، کەمتر بیرئەکەنەوە .

إِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ(٥٩)

بەڕاستی قیامەت دێ و گومانی هیچ تیا نییە ، بـەڵام بەشی زۆری خـەڵك باوەڕیان بە هاتنی نییە.

وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ(٦٠)

خودای ئێوە وتی : بانگ بکەنە من بەدەنگتانەوە دێم . بـەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە زل ئەزانن بەرانبەر بە پەرستنی من و بەتەنیا خـۆم نـاپەرستن ، لەمەوپاش بە داماوی و پەرێشانی ئەڕۆنە ناو دۆزەخەوە.

اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ(٦١)

خوا ئەو خوایە کە شەوی دروست کردووە بۆتان تا تیا بحەسێنەوەو ئارامی تیا بگرن و ، ڕۆژیشی بینا کردووە واتە کردوویە بە کاتێ خەڵك شتی تیا ئەبینن. بەڕاستی خوا خاوەن فەزڵە بەسەر خەڵکا ، بەلأم بەشی زۆری خەڵك سوپاسی خوا ناکەن.

ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ لَّا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ(٦٢)

ئەوی ئەوەی کردووە خوای پەروەردگارتانە کە دروستکەری هەموو شتێکە. هیچ خوایەك نییە بەڕاستی بپەرسترێ ئەو نەبێ ، دەی چۆن ئێوە لە پەرستنی خوا وەرئەچەرخێنرێن ؟

كَذَلِكَ يُؤْفَكُ الَّذِينَ كَانُوا بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ(٦٣)

ئەوانەیش کە ئینکاری ئایەتەکانی خوایان ئەکرد هەر بەوجۆرە کە ئێوە لە پەرستنی خوا وەرچەرخێنراون ، ئەوانیش هەروا لە پەرستنی وەرئەچەرخێنرێن .

اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ(٦٤)

خوا ئەو خوایە زەویی کردووە بە ئارامگا بۆ ئێوەو ئاسمانیشی کردووە بە بانی خانوو بەسەرتانەوەو دیمەنی بۆ کردوون وجوانی بۆ دروست کردوون و شتی پاك و خاوێنی بۆ کردوون بە ڕۆزی . ئەوەی ئەمانەی کردووە خوایە کە پەروەردگاری ئێوەیە. زۆر گەورەو پڕبەرەکەتە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەکان.

هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ

الْعَالَمِينَ(٦٥)

ئەو خوایە زیندووەو هەرگیز نامرێ. هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نییە ئەو نەبێ. کەواتە هاوارو بانگی لێ بکەن و، بە بێ ئەوەی هاوڕێو هاوبەشی بۆ دابنێن، بیپەرستن. سوپاس و ستایش بۆ خوا کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي وأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ(٦٦)

تۆ بڵێ، ئەی موحەممەد : من لەوکاتەوە کە موعجیزەو بەڵگەی ئاشکرام لە خوای خۆمەوە بۆ هاتووەو فەرمانم دراوەتێ مل بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەکان کەچ بکەم، هەر لەو کاتەوە مەنع کراوم لەوە کە عیبادەتی ئەو بتانە بکەم ئێوە بانگو هاواریان لێ ئەکەن و بانگو هاوار لە خوا ناکەن.

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ثُمَّ لِتَبْلُغُواْ أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُواْ شُيُوخًا وَمِنكُم مَّنْ يُتَوَفَّى مِنْ قَبْلُ وَلِتَبْلُغُواْ أَجَلاً مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ(٦٧)

خوا ئەو خوایە ئێوەی دروست کردووە لە گڵ و پاشان لە تۆوی ئادەمیزادو پاشتر لە پارچەیێ خوێن و ئەوجا لە شێوەی منالا لە سکی دایکتان دەرتان ئەکاتە دەرەوەو، جا ئەتانژیێنێ تا بگەنە پایەی بەهێزتری خۆتان و ئەوجا پیرو لێکەوتوو بن و هیی وایشتان تیایە بەرلەوەی بگاتە ئەم پایانە ئەمرێو گیانی ئەکێشرێ ـ تا ئەگەنە ئەو وادەیەی دیاریکراوە بۆ ژیانتان، بەڵکو ئەمە خوایە عاقڵ بن و فام بکەن و بیربکەنەوە.

هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ فَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (٦٨)

خوا ئەو خوایە مردوو زیندوو ئەکاتەوەو زیندوو ئەمرێنێ . کاتێ بڕیاری شتێکی دا هەر ئەوندەی پێ ئەوێ بڵێ ببەو ئیتر ئەویش ئەبێ.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ (٦٩)

ئایا تۆ سەیری ئەوانە ناکەی ئەکەونە چەنەچەن لەبارەی ئایەتەکانی خواوە ؟ ئەوانە چۆن لە باوەڕ کردن بەو ئایەتانەی خوا وەرئەچەرخێنرێن ؟

الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (٧٠)

ئەوانەی کتێبەکانی خوا بەدرۆ ئەخەنەوەو بە ڕاستیان نازانن و باوەڕ بەو پەیامە ناکەن کە پێغەمبەرەکانمان پێ ناردوون بۆسەر خەڵك ، لەمەولا حاڵی خۆیان ئەزانن.

إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ (٧١)

کاتێ کە کۆت و زنجیر لە ملیانایەو بەکێش ئەکرێن .

فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ (٧٢)

بەناو ئاوی کوڵ بەکوڵداو پاشان لە ئاگرا ئەسووتێنرێن .

ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تُشْرِكُونَ (٧٣)

پاشان پێیان ئەوترێ : ئەوانە لەکوێن کە کردبووتانن بە هاوبەشی خوایەتیی خواو ،

مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا بَلْ لَمْ نَكُنْ نَدْعُوا مِنْ قَبْلُ شَيْئًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ الْكَافِرِينَ (٧٤)

خواتان نەئەپەرست ؟ ئەوانیش ئەڵێن : لێمان ون بوون ، بەڵکو نە ، ئێمە لەمەوپێش هاوارمان نەکردووەتە هیچ شتێك . خوا کافران ئاوا گومڕا ئەکاو سەریان لێ ئەشێوێنێ .

ذَلِكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنْتُمْ تَمْرَحُونَ(٧٥)

ئەمەیش بەهۆی ئەوەوەیە ئێوە لە دنیادا بێسنوور بە ناحەق شادمان ئەبوون و لە شادمانیدا لە سنوور دەرئەچوون .

ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ(٧٦)

دەی سا بڕۆنە دەرگاکانی دۆزخەوەو پیایانا بچنە ژوورەوەو هەمیشە تیایا بمێننەوە. زۆر خراپ و بەدە ئەو شوێنەی ئەوانەی خۆیان لە بەرانبەری خوادا بەزل زانیوەو بێفەرمانیی ئەویان کردووە ، تێیدا قەرار ئەگرن .

فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ(٧٧)

کەواتە تۆ خۆت ڕابگرەو سەبر بکە بەرانبەر بە قەزای خوا . بێگومان ئەو گفتەی خوا پێیداوی ڕاستەو دێتەدی ، جا یا هەندێ لەو شتانەت نیشان ئەدەین کە گفتمان پێیان داوە بەوان یا ئەتمرێنین و بە چاوی خۆت نایانبینی بێنەدی ، جا دوای ئەوە هەمووتان ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمەو هەرکەس جەزای خۆی وەرئەگرێ.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّنْ قَبْلِكَ مِنْهُم مَّنْ قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ فَإِذَا جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ قُضِيَ بِالْحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْمُبْطِلُونَ(٧٨)

بەڕاستی ئێمە بەر لە تۆ چەند پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆسەر خەڵکی جیهان ، هیی‌وایان تیایە باسیانمان گێڕاوەتەوە بۆت و هیی‌وایشیان تیایە باسیانمان نەگێڕاوەتەوە بۆت. هیچ پێغەمبەرێکیش نەبوە حەقی ئەوەی هەبێ موعجیزەیەك پیشان بدا بەڕەزامەندیی خوا نەبێ. جا کاتێ فەرمانی

خوا هات بڕیاری حەق و ڕاست ئەدری و ئەوکاتە ئەوانەی بەتاڵکارو هیچ و پووچن ئەیدۆڕێنن و کاریان بە زیان ئەبڕێتەوە.

اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (٧٩)

خوا ئەو خوایە چوارپێی بۆ ئێوە دروست کردووە ، سواری هەندێکیان ئەبن بۆ هاتوچۆ وەك ئەسپ و ماین و حوشترو، گۆشت و شیرو بەرووبوومی شیری هەندێکیشیان ئەخۆن وەك حوشترو مانگاو بزن و مەڕ.

وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ (٨٠)

گەلێ سوودو قازانجیشتان بۆ هەیە لەو چوارپێیانەدا وەك پێست و خوری و مەرەز و موو، بۆئەوەی بە سواریی ئەوانەیان کە بنیادەم ئەتوانێ سواریان بێ، نیازێ کە لەدڵتانایە بڕۆن بێگەیەنن و جێبەجێی بکەن و، ئێوە بەکۆڵی ئەم جۆرە چوارپێیانەو بەکۆڵی کەشتییش هەڵئەگیرێن.

وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ (٨١)

خوا بەڵگەو نیشانەکانی توانایی خۆیتان پیشان ئەدا ، دەسا ئێوە ئینکاری کام لەم بەڵگەو نیشانانەی توانایی خوا ئەکەن ؟

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ (٨٢)

ئایا ئەمانە بەزەویدا نەڕۆیشتوون تا بڕوانن و ببینن ئەنجامی ئەوانە چۆن بوو کە لەپێش ئەمانابوون ؟ لەم کافرانە زۆرترو بەهێزتر بوون و نیشانەو پاشماوەیان لە زەویدا زیاتر بوو، کەچی هەرچییان پەیدا کردبوو دادیئەدان و

بەفریایان نەگەیشت.

فَلَمَّا جَاءتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِنْدَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ(٨٣)

کەچی کاتێ کە پێغەمبەرانی ئێمە بە بەڵگـــەو دەلیلی ڕوونـــەوە هـــاتنە سەریان دڵیان بەو زانیارییە خۆش بوو لای خۆیان هەبوو ، سزای ئەوەیش کە گاڵتەیان بە پێغەمبەرە هاتووەسەرەکانیان ئەکرد گـــەمارۆی دان و تـــەفـــرو توونای کردن.

فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ(٨٤)

جا کاتێ کە هێزو توندیی سزای ئێمەیان بـــە چـــاوی خۆیان دی وتیان: وا باوەڕمان بە خوای تاک و تەنیا هێناو ناقایلین بەوەی کـــە هـــاوبەشمان بۆ خوا دائەنا.

فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ(٨٥)

بەڵام باوەڕ کردنەکەیان لەوکـــاتـــەدا کـــە هێزی ئێمەیـــان دی هیچ دادی نەئەدان. ئەمەیش ڕاهوڕەسمی خوایە لە هەموونەو بەندانەیدا بەسەرچوون و ، لەو کاتەدا کە ئەو کافرانە هێزو توانایی خوا ئەبینن مایەبەخەسار ئەبن .

سوورەتی (فُصِّلَتْ)

مەککەیی‌یەو (٥٤) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

تَنزِيلٌ مِّنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (٢)

ئەم قورئانە نێرراوەخوارێکە لە خوای بەخشندەو میهرەبانەوە.

كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣)

کتێبێکە ئایەتەکانی تەفصیل دراون بە ئەمرو نەهی‌و ئامۆژگاری‌و ڕێ پیشاندان‌و یادی خواو حوکمی شەرعی‌و بابەتی‌ترو حاڵی وایە بە زمانی عەرەبی ئەخوێنرێتەوەو بۆ کەسانێکە خاوەن فام‌و هۆش بن.

بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ (٤)

حاڵی وایە مژدەدەرە بەوانەی گوێی بۆ شل ئەکەن‌و تۆقێنە بۆ ئەوانەی گوێی نادەنێ ، بەلاَم بەشی زۆری ئەو خەڵکەی بەسەریانا ئەخوێنرێتەوە لایان داوە لە گوێ بۆ شل کردن‌و وەرگرتنی‌و، ئەوانە نابیسن . .

وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ (٥)

کافرەکان وتیان دڵمان لەناو پەردەدایەو داپۆشراوەو پەردەکە ڕێی لە بیستنی ئەوە گرتووە کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ ئەکەی‌و، لە گوێچکەکانمانا گرانییەك هەیە ناهێڵێ هیچ ببیسین‌و ، لەنێوان ئێمەو ئێوەدا پەردەیەك هەیە ڕێگا نادا بەیەك بگەین، کەواتە تۆ ڕەفتار بە ئایینی خۆت بکەو ئێمەیش

ڕەفتار بە ئایینی خۆمان ئەکەین.

قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ (٦)

تۆیش پێیان بڵێ: من هەر ئادەمزادێکی وەك ئێوەم وەحیم بۆ ئەکرێ کەوا خوای بەڕاستی پەرستراوی ئێوە لە تاقە خوایەکی تاكو تەنیا بەولاوە نییە، کەواتە بەڕاستی ڕووی تێبکەنو داوای لێبووردنی گوناهەکانتانی لێ بکەنو، هاواریش بۆ حاڵی ئەوکەسانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن.

الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ (٧)

ئەوانەی زەکات نادەنو ئینکاری ڕۆژی دوایی ئەکەن کە ڕۆژی قیامەتە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (٨)

ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوەو کرداری چاکەیان کردووە پاداشتێکیان بۆ هەیە هەرگیز نابڕێتەوە.

قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٩)

تۆ، ئەی موحەممەد، بەو کافرانە بڵێ: ئایا ئێوە ئینکاری ئەو خوایە ئەکەن کە زەویی لە دوو ڕۆژا دروست کردووەو، هاوچەشنی بۆ دائەنێن کە ئەو زاتەیش پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە؟

وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ (١٠)

چەند چیایەکی بەرزیشی لە زەویدا بە سەریەوە دروست کردووە کە بە زەویدا چەقیونو خێروبێری تێخستووەو ڕزقو ڕۆزیی خەڵکەکەی تێدا

ڕێکخستووه که هه‌ر کۆمه‌ڵێ به‌چی ئـــه‌ژین و چۆن ئه‌ژین‌و ئه‌مه‌ی له چوار ڕۆژا ڕێکخستووه بــه چون یــه‌کی بۆ هه‌موو ئه‌وانه‌ی داوای ئه‌م ڕزق‌و ڕۆزییه ئه‌که‌ن.

ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ(١١)

پاشان خوا ڕووی‌کرده ئاسمان، که ئاسمان له‌وکــاتـــه‌دا گــازێ بوو وه‌ك دووکه‌ڵ‌و، به ئاسمان‌و زه‌ویی وت: بێن بۆ مه‌جالی بوون‌و ڕێکوپێکی به جۆرێ که سوودتان لێ وه‌بگیرێ ،به خـــۆشی‌و ڕه‌زامه‌ندیی خۆتان یا ناڕه‌زاییتان‌و، ئه‌وانیش وتیان: وا به ڕه‌زامه‌ندیی خۆمان هاتین .

فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ(١٢)

جا خوایش بڕیاری ئاسمانه‌کانی دا به حه‌وت ئاسمان له ماوه‌ی دوو ڕۆژاو له هه‌ر ئاسمانێکا کاروباری دایـــه ده‌ست فریشته‌ی کــارپێسپێرراوی خــۆی‌و ، ئاسمانی خوارووی له ئه‌رزه‌وه نزیکمان ڕازانده‌وه به چرای ئـــه‌ستێره‌کان بۆ جوانی‌و بۆ پاراستنی له‌و شه‌یتانانه‌ی بۆ گوێ ڕاهێڵ کردن له ده‌نگوباسی ئه‌و ئاسمانه نزیك ئه‌که‌ونه‌وه. ئه‌مه‌یه بڕیاری خـــوای خاوه‌ن عیززه‌تی زانــا بـــه هه‌موو شتێ .

فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ(١٣)

جا ئه‌گه‌ر ئه‌و کافرانه‌سه‌رپێچییان کرد له فه‌رمانبه‌رداریی خـــواو ئیمانیـــان نه‌هێنا ، تۆ پێیان بڵێ: وا من ئه‌تانترسێنم به ده‌نگێکی به‌هه‌یبه‌تـی ئـاسمانیی وه‌ك ئه‌و ده‌نگه‌ی به‌سه‌ر خێڵی عادو سه‌موودیا نه‌ڕاند .

إِذْ جَاءَتْهُمُ الرُّسُلُ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِــنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ

قَالُوا لَوْ شَاءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَائِكَةً فَإِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ (١٤)

کاتی کە پێغەمبەرەکانیان لە هەموو لایەکەوە هاتنە لایان و هەولّیان لەگەلّدان و پێیان وتن : لە خوا بەولاوە عیبادەت بۆ کەس مەکەن ، ئەوانیش لە وەلآما وتیان: ئەگەر خوا بیویستایە ئەو بپەرستین و عیبادەت بۆ کەسی تر نەکەین فریشتەی ئەنارد ئەو خواستەی خۆیمان پیّ ڕابگەیەنیّ و ، ئێمە ئینکاری ئەو پەیامە ئەکەین ئێوە یان پێوە نێرراونەتە سەرمان .

فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ (١٥)

هەرچی هۆزی عاد بوو خۆیان بە ناحەق بە زل دانا لە زەویداو وتیان: کیّ لە ئێمە بەهێزترە ؟! ئەوانە ئاخۆ نەیانئەزانی ئەو خوایەی دروستی کردوون لەوان بەهێزترەو ئینکاری ئایەتەکانی ئێمەیان ئەکرد کە ئەیشیانزانی ڕاستن ! .

فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ (١٦)

ئەوەبوو ئێمەیش بایەکی ساردمان لە چەند ڕۆژێکی شووما ناردە سەریان بوئەوەی سزای ڕسوایی و بەدناوییان لەم دنیایەدا پیّبچێژین و سزای ئەو دنیایش بەڕاستی پڕڕسوایی و سووکیترەو ئەوان هەرگیز یارمەتی نادرێن تا سزای ڕۆژی قیامەتیان لیّ لابدریّ.

وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَىٰ عَلَى الْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (١٧)

هەرچی هۆزی سەموودیشە ڕێگای باوەڕهێنانمان بە خواو بە پێغەمبەرانی خوا پیشان دان، بەڵام ئەوان سەرکوێریو ڕێدەرنەکردنیان لا خۆشتر بوو لە ڕێگا دەرکردنو هاتنە سەر ڕێی موسوڵمانەتی، جا نرکەو ناڵەی سزای سەختو ناهەموار گرتنی کە بوو بە هۆی ڕسواییو سووکییان لە سزای ئەو کردارە بەدانەدا کە ئەیانکردن.

وَنَجَّيْنَا الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُوا يَتَّقُونَ(١٨)

ئەوانەیش کە باوەڕیان بە خوا کردبوو و خۆیان لە گوناهو بێباوەڕیو کردەوەی خراپ ئەپاراست، ڕزگارمان کردن.

وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَاءُ اللَّهِ إِلَى النَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ(١٩)

ڕۆژێکیش کە دوژمنانی خوا کۆئەکرێنەوە بۆئەوەی بخرێنە ناو ئاگری دۆزەخ، بەرودوایان ئەخرێنە پاڵ یەك تا بڵاوەی لێ نەکەن.

حَتَّى إِذَا مَا جَاءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُمْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (٢٠)

تا کاتێ کە هاتن بۆ سەر ئاگری دۆزەخ گوێچکەیانو چاویانو پێستی لەشیان شایەتییان لێ ئەدەن کە گوێیان بۆ چ قسەیەکی خراپ ڕاگرتووەو چ کارگەلێکی خراپیان بە چاوی خۆیان دیوەو بە پێستی لەشیان کردووە.

وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُواْ أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٢١)

کافرەکان بە پێستی لەشی خۆیان ئەڵێن: بۆ شایەتیتان لێداین لەسەر ئەو کردەوە خراپانەی کردوومانن؟ ئەوانیش ئەڵێن: ئەو خوایەی هەموو شتێکی هێناوەتە گۆو ئێوەی یەکەمجار لە دنیادا دروست کردووەو سەرەنجامیش

بۆلای ئەو ئەگەڕێنەوە ، ئەو خوایە هێنایینیە گۆ.

وَمَا كُنْتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَنْ يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلاَ أَبْصَارُكُمْ وَلاَ جُلُودُكُمْ وَلَكِنْ ظَنَنْتُمْ أَنَّ اللَّهَ لاَ يَعْلَمُ كَثِيرًا مِمَّا تَعْمَلُونَ(٢٢)

ئێوە کاتی خۆی کە تاوانتان ئەکرد خۆتان لەترسی ئەوە دائەئەپۆشی کە گوێچکەو چاوو پێستتان شایەتیتان لیٚ بدەن، بەڵکو لەترسی ئابڕوو چوونتان لەناو خەڵکا خۆتان دائەپۆشیو بەدزییەوە تاوانتان ئەکردو ، گومانتان وابوو خوا بە زۆر لەو کردەوانەتان نازانیٚ کە ئەیانکەن. واتە کاتیٚ کە تاوانتان ئەکرد خۆتان لە بەرچاوی خەڵك دوورئەخستەوە بۆئەوەی پێتان نەزانن‌و ئابڕووتان نەچیٚ‌و لەوە نەئەترسان ڕۆژی قیامەت ئەندامەکانی لەشتان لێتان دێنەگۆو شایەتیتان لای خوا لیٚ ئەدەن‌و لە خوا خۆیشی نەئەترسان کە بەکارو کردەوەکانتان ئەزانیٚ ، بەلاٚم وا ئێستا بۆتان دەرکەوت کە نەك هەر خوا ئاگای لە هەموو تاوانەکانتان هەیە، تەنانەت ئەندامەکانی لەشیشتان بە فەرمانی خوا لێتان دێنەگۆو شایەتیتان لیٚ ئەدەن .

وَذَلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنْتُمْ بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ مِنَ الْخَاسِرِينَ(٢٣)

ئەو گومانی بیٚئاگایی لە تاوانە کە بە خوای خۆتانتان ئەبرد، ئەوەبوو بەربادی کردن‌و کوتانی بەزەویداو ڕەنج بەخەسارو دۆڕاوی کردن .

فَإِنْ يَصْبِرُوا فَالنَّارُ مَثْوًى لَهُمْ وَإِنْ يَسْتَعْتِبُوا فَمَا هُمْ مِنَ الْمُعْتَبِينَ(٢٤)

بۆیە ئێستا ئەگەر خۆیان لەبەر ئەو سزایەدا ڕائەگرن کە ئەیاندریٚ، با خۆیان ڕابگرن‌و ئاگری دۆزەخ ماواو مەنزڵیانەو، ئەگەر داوای گەڕانەوە بۆ

ژیانی جارانیشیان ئەکەن تا ئەگەر گەڕانەوە تۆبە بکەنو بێنە سەر ڕێی ڕاست، ئەوە دوای خەیاڵ کەوتوونو ناگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو ژیانە .

وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ(٢٥)

لەبەر بەدڕەفتارییان چەند هاوچەشنێکمان لە شەیتانەکان بۆ ڕەخساندن ژیانی دنیاو ئارەزووبازیی دنیاو پشتگوێخستنی دوارۆژو ئینکارکردنی قیامەتیان لەپێش چاوا جوان کردنو ئیتر بڕیاری سزادانیان لە ڕۆژی قیامەتا لەسەر چەسپی کە لەسەر میللەتە لە خواعاسییەکانی پێش خۆیشیان لە ئادەمیزادو جنۆکە چەسپیبوو. بەڕاستی ئەمانە گشتیان کۆمەڵێکی ڕەنج بەخەسارو دۆڕاو بوون.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ(٢٦)

کافرەکان وتیان: گوێ ڕامەگرن بۆ ئەم قورئانەو کاتێ کە موسوڵمانەکان ئەیخوێننەوە ئێوە دەس بکەن بە قسەی پڕوپووچو هەراوزەنا بۆئەوەی سەریان لێ تێك بچێ، بەڵکو بەم چەشنە زاڵ ببن بەسەر کۆمەڵی موسوڵمانانا .

فَلَنُذِيقَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا عَذَابًا شَدِيدًا وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ(٢٧)

سا بەڕاستی سزایەکی سەخت بەو کافرانە ئەچێژینو تۆڵەی خراپترینی ئەو کارانەیان لێ ئەکەینەوە کە لە دنیادا ئەیانکردن .

ذَٰلِكَ جَزَاءُ أَعْدَاءِ اللَّهِ النَّارُ لَهُمْ فِيهَا دَارُ الْخُلْدِ جَزَاءً بِمَا كَانُوا

بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ (٢٨)

ئەو سزایەیش کە ئێمە سزای ئەو کافرانەی پێ ئەدەین سزای دوژمنانی خوایە کە ئاگری دۆزەخەو، لەو ئاگری دۆزەخەدا ئەو خانووەیان هەیە کە تا هەتایە تیا ئەبن، لە سزای ئەوەدا کە ئینکاری ئایەتەکانی ئێمەیان ئەکرد.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا رَبَّنَا أَرِنَا الَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ الْأَسْفَلِينَ (٢٩)

کافرەکان لە ڕۆژی قیامەتا ئەڵێن: خوایە ! ئەو دوو بنیادەمو جنۆکەیەمان پیشان بدە کە گومڕایان کردین بۆئەوەی لەژێر پێمانا بیپانفلیقێنینەوە تا لەوانە بن کە لە بنیبنەوەو لەژێر پێدان .

إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠)

بەڕاستی ئەوکەسانەی وتوویانە: پەروەردگاری ئێمە زاتی خوایەو ، پاش ئەو دان پیانانەیان لەسەر باوەڕ بەو قسەیانو فەرمانبەرداری کردنی خوا بەردەوام بوون، ئەوانە فریشتە دێنە خوارەوە بۆ سەریانو پێیان ئەڵێن : لە هیچ مەترسنو خەفەتی هیچ مەخۆنو خۆش مژدە بن بەو بەهەشتەی لەسەر زمانی پێغەمبەران گفتتان پێ‌ئەدرا کە بۆتان ئەبێ.

نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ (٣١)

هەروا پێیان ئەڵێن: ئێمە لە ژیانی دنیاو لە قیامەتا دۆستی ئێوەینو ، بۆتان هەیە لە قیامەتا ئەوەی نەفستان حەزی لێ بکاو هەرچییش داوای بکەن.

نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ (٣٢)

ئەمەیشتان لەلایەن خوایەکی پەروەردگاری بەخشندەی میهرەبانەوە بۆ ئامادە ئەکرێ.

وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ(٣٣)

قسەی کێ جوانترە لە قسەی کەسێ کە خەڵك بانگ بکا بۆ لای خواو کردەوەی باش بکاو بڵێ : من بەڕاستی لە موسوڵمانانم؟

وَلاَتَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ(٣٤)

کردەوەی چاكو کردەوەی خراپ یەکسان نین. تۆیش چاری کردەوەی خراپ بە کردەوەی چاك بکە لە بەرانبەری کردەوە خراپەکەی خراپەکەردا. کە وات کرد ئەبینی ئەوکەسەی دوژمنایەتی لەنێوان تۆو ئەوا هەیە وەك دۆستێکی گەرم وایە بۆت لە خۆشەویستیدا.

وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ(٣٥)

کەسیش ناگەیەنرێتە ئەم پلەیە کە بتوانێ لە بەرانبەری خراپەی خراپەکەردا چاکە بکاو خۆی بەرانبەر خراپەکەی ئەو ڕابگرێ ئەوکەسە نەبێ کە بەشێکی گەورەی لە سەبرو لێبووردنو چاوپۆشی لەلایەن خواوە پێ بەخشرابێ.

وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٣٦)

ئەگەر وەسوەسەو خولیای خراپەکردنێکیش لەلایەن شەیتانەوە دای لە دڵتو ویستت لە بەرانبەری خراپەی خراپەکەرێکا تۆیش خراپە بکەی ، پەنا

بگرە بە خوا لە شەیتان ، خوا گوێی لە ڕازی دڵتەو بە هەموو شتێ ئەزانێ .

وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لاَ تَسْجُدُواْ لِلشَّمْسِ وَلاَ لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُواْ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ(٣٧)

شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ بەشێکن لــــە بــەڵگەکانی بوون و خوایەتیی خوا. سوجدە نە بۆ خۆرو نە بۆ مانگ مەبەن، سوجدە بۆ ئـەو خوایــــە بەرن ئەوانی دروست کردووە ئەگەر ئێوە خوا ئەپەرستن.

فَإِنِ اسْتَكْبَرُوا فَالَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُمْ لاَ يَسْأَمُونَ(٣٨)

ئەگەر ئەو کافرانە خۆیان بە گەورە داناو سوجدەیان بۆ خـــوا نەبرد، ئەوە لای خوا هیچ قیمەتی نییە چونکە ئەو فریشتانەی لای خوان بـــە شەوو بە ڕۆژ تەسبیحاتی بۆ ئەکەن و هیچیش لەو تەسبیحات کردنە بێزار نابن.

وَمِنْ آيَاتِهِ أَنَّكَ تَرَى الْأَرْضَ خَاشِعَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاء اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ إِنَّ الَّذِي أَحْيَاهَا لَمُحْيِي الْمَوْتَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٣٩)

یەکێ لە بەڵگەکانی تواناییی خوا ئەوەیە سەیری زەوی ئەکەی کپ و ماتە، جووڵەو ژیانی پێوە دیار نییە ، کەچی کە بــارانی بــەسەرا ئــەبارێنین و ئاوی بەسەرا ڕەوان ئەکەین ئەکەوێتە جووڵەو لە شوێنی خۆیا هەڵئەتۆقێ و گیای لێ ئەڕوێ و سەر دێنێتە دەرەوە. بــەڕاستی ئەو خوایەی کەوا زەوی ئەژیێنێتەوە هەر ئەوە مردوویش لە قیامەتا زیندوو ئەکاتەوە. ئـــەو توانی بە هەموو شتێ ئەشکێ و هەموو شتێکی پێ ئەکرێ.

إِنَّ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي آيَاتِنَا لاَ يَخْفَوْنَ عَلَيْنَا أَفَمَن يُلْقَى فِي النَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِي آمِنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ

بَصِيرٌ(٤٠)

بێ گومان ئەوانەی لە ڕێگەی ڕاست لائەدەن لەبارەی نیشانەکانی خوایەتیی ئێمەوە لە ئێمە ون نابن و ئەیانناسین و پێیان ئەزانین و سزای شایانی خۆیانیان ئەدەین و ئەیانخەینە دۆزەخەوە. جا کەسێ باشە بخرێتە ئاگری دۆزەخەوە، یا کەسێ بەئەمینی و بێ ترس ولەرز لە سزای دۆزەخ ڕۆژی قیامەت دێتە حوزوورو ئامادەی لێپرسینەوە ئەبێ؟ کەواتە ئێوە کە جیاوازی لەنێوان چاك و خراپا ناکەن ، چی ئەکەن بیکەن، هەرچی ئەکەن خوا چاوی لێتانە چیئەکەن.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالذِّكْرِ لَمَّا جَاءَهُمْ وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ(٤١)

بێگومان ئەوکەسانەی ئینکاری قورئان ئەکەن لەکاتێکا کە دێتە لایان، ئەوانە کەسانێکی عەنادکارو لەخوایاخین و بەڕاستی قورئان کتێبێکی پرقەدرو حورمەت و خاوەن عیززەتە.

لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ(٤٢)

کتێبێکە شتی هیچوپووچی نە لەپێشیەوەو نە لەدوایەوە تیا نییە، واتە نە لە باسی ڕابووردوویو نە لە باسی داهاتوویا شتی ناڕاست و نادروست نییەو ، لەلایەن خوایەکەوە هاتووەتە خوارەوە کە خاوەن حیکمەت و ستایش کراوە.

مَا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِنْ قَبْلِكَ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ(٤٣)

ئەی موحەممەد! دڵ گران مەبە لەو قسانەی کافرەکان دەرحەقت ئەیانکەن. هیچ بە تۆ ناوترێ لەو قسانە بەولاوە بە پێغەمبەرانی پێش خۆیشت وتراون. کەواتە چۆن ئەوان تەحەممولی ئەو قسانەی کافرانی سەردەمی خۆیانیان

کرد، تۆیش تەحەمولی قسەی کافرانی سەردەمی خۆت بکە. بێگومان خوای تۆ بۆ پێغەمبەرانی خۆی لێبووردووەو، بۆ دوژمنەکانیشیان سزا سەختو بەئازارە.

وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُولَٰئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ(٤٤)

ئەگەر ئەم قورئانەمان بە زمانێکی غەیری عەرەبی بناردایەتە خوار بۆسەر ئەم کافرانە ڕازی نەئەبوونو ئەیانوت : ئەوە بۆ ئایەتەکانی ڕوون نەکراونەتەوەو بە زمانێکیوا نەهاتوونەتە خوار تێیبگەین ؟ چۆن ئەبێ کتێبی پێغەمبەرێ بە زمانێکی عەجەمی بێو پێغەمبەرەکە خۆی عەرەب بێ ! دەی ئێستا کە بە زمانی خۆیان هاتووەتە خوار بۆسەریان ، بۆ ئیمانی پێناهێننو شوێنی ناکەون؟ تۆ، ئەی موحەممەد ! پێیان بڵێ: ئەم قورئانە بۆ ئەوکەسانەی ئیمانیان پێ هێناوە ڕێگاپیشاندەرو دەرمانی دەردی دینو دنیایە. ئەوانەیش کە ئیمانی پێناهێنن گوێیان گرانیو کەڕیی تیایەو مایەی دڵ کوێرییە بۆیان . ئەوانە کە قورئانیان بۆ ئەخوێنرێتەوەو ناچێ بەگوێیانا وەك ئەوەوان لە شوێنێکی دوورەوە هاواریان لێبکرێو بانگ بکرێن . لە بیابانی سەرگەردانیدان هیچ قسەیەك ناگاتە گوێیان .

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَاخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ(٤٥)

بەڕاستی ئێمە کتێبمان دا بە مووسا کە تەوراتە، جا لەناو قەومەکەیا خیلاف پەیدا بوو لەبارەی ئەو کتێبەوە، هەندێکیان باوەڕیان پێکردو

هەندێکیان نە. ئەگـەر خودا هەر لەپێشەوە قسەی خۆی نەکردبوایەو بڕیاری خۆی نەدابوایە کە قیامـەت شوێنی لێپرسینەوەو سزادانو پاداش دانەوەیە، ئەو کافرانە هـەر کـاتـی خـۆی لەسەر ئەو ئینکارکردنی تەوراتەیان بەرباد ئەکران. بـەڕاستی ئـەو کافرانـــە لە گومانێکی سەرلێشێوێندان لەبارەی قورئانەوە .

مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ(٤٦)

هەرکەسێ چاکە بکا بۆ خۆیی ئەکاو ، هەرکەسیش خراپە بکا هەربۆ خۆیی ئەکاو ، خوایش ستەمکار نییە بۆ بەندەکانیو ناحەقی لەگەڵ کەسیان ناکا.

جوزئی بیستوپێنجەم

إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ السَّاعَةِ وَمَا تَخْرُجُ مِنْ ثَمَرَاتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَائِي قَالُوا آذَنَّاكَ مَا مِنَّا مِنْ شَهِيدٍ(٤٧)

هەر بۆ خوا ئەگەڕێتەوە زانستی کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەتو ، هیچ بەری میوەیەك لە قۆزاخەکەی خۆی نایەتە دەرەوەو هیچ مێیینەیـەك ئاوس نابێو نازێو بەچکەی نابێ بەگوێرەی پێزانینی خوا نەبێو ، کە لـــە قیامەتیشا خوا بانگ ئەکاتـە کافرەکانو پێیان ئەڵێ : هاوڕێکانم کوان کــە ئێوە بـــە خەیاڵی خوتان کردبووتانن بە هاوبەشی منو هاوارتان لێ ئەکردن؟ ئەوانیش لە وەلامی خوادا ئەڵێن : ئێمە خەبەرمان دایتێ کەوا کەسمان تیا نییە شایەتی بدا ئـــەوانە هاوبەشی تۆن لە خوایەتییا .

وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَدْعُونَ مِنْ قَبْلُ وَظَنُّوا مَا لَهُم مِّن

مَّحِيصٍ(٤٨)

ئەوانەیان لێ ون ئەبن کە لە دنیادا بانگیان ئەکردن‌و هاواریان بۆ ئەبردن‌و ئەیانپەرستن‌و دڵنیا ئەبن لەوە کە شوێنێ نییە بۆی هەڵبێن‌و پەنای پێ بەرن.

لا يَسْأَمُ الْإِنسَانُ مِنْ دُعَاءِ الْخَيْرِ وَإِنْ مَسَّهُ الشَّرُّ فَيَئُوسٌ قَنُوطٌ(٤٩)

ئادەمیزاد هەرگیز لە داوای چاکە بۆ خۆیو گەڕان بەدوایا ماندوو نابێ‌و، ئەگەر ناخۆشیو تەنگانەیەکی هاتەڕێ نائومێدو بێهیوا ئەبێ لەڕحمەتی خوا (مەبەستی لە ئادەمیزاد لەم ئایەتەدا ئادەمیزادی کافرە چونکە ئادەمیزادی موسوڵمان هەرگیز لە ڕەحمەتی خوا نائومێد نابێ).

وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنْ بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَى رَبِّي إِنَّ لِي عِندَهُ لَلْحُسْنَى فَلَنُنَبِّئَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِمَا عَمِلُوا وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ(٥٠)

ئەگەر لە بەری میهرەبانیی خۆمان خێروبێرێکی پێ بچێژین پاش ئەوەی زیانێکی پێگەیشتبێ‌و ناڕەحەتییەکی تووش بووبێ، ئەڵێ : ئەم خێروبێرە هەر هیی خۆمەو لەخۆمەوە دەسگیرم بووەو باوەڕم وانییە قیامەت بەرپا ببێ‌و سزا بدرێم‌و، ئەگەر بیشبێ و بگەڕێمەوە بۆلای خوای خۆم بەڕاستی پایەو پلەی باشم ئەبێ لای. جا مادەم وایە ئێمە لەمەولا خەبەر بە کافرەکان ئەدەین‌و بۆیان ئەگێڕینەوە چییان کردووە لە دنیاداو لە سزایەکی قورس‌و سەختیان پێ ئەچێژین.

وَإِذَا أَنْعَمْنَا عَلَى الْإِنْسَانِ أَعْرَضَ وَنَأَى بِجَانِبِهِ وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ فَذُو دُعَاءٍ عَرِيضٍ(٥١)

کاتێ نان و نیعمەت و خێروبێر بەسەر ئادەمیزادا برێژین ، لە سوپاسی ئەو نیعمەتە لائەداو شوکری خوا ناکا لەسەری و تەنشتی تێ ئەکا . کاتێکیش شەڕو مەینەتی پێبگا ئەوکاتە خاوەنی پاڕانەوەیەکی بەرپانە واتە ئەکەوێتە پاڕانەوەو لالأنەوەیەکی زۆری بێسەروبن لە خوا کە ئەو مەینەتەی لێ لابدا.

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كَانَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُمْ بِهِ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ(٥٢)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! بەو کافرانە بڵێ : ئەگەر ئەم قورئانە لای خواوە هاتبێتە خوارو ئێوە ئینکاری ئەوە بکەن کە لەخواوەیە ، ئەوکاتە کێ گومڕاترە لەوکەسەی لەناو دوژمنایەتییەکی زۆر تۆخی دوور ڕۆیشتوودایە ؟

سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ(٥٣)

ئێمە لەمەوپاش بەڵگەو نیشانەکانی خۆمانیان لە جیهان و لە نەفسی خۆیانا پیشان ئەدەین تا بۆیان دەرکەوێ قورئان ڕاستەو کەلامی خوایەو لەخواوە هاتووەتە خوار بۆسەر پێغەمبەر. ئاخۆ بەس نییە بۆ ئادەمیزاد بۆ گێڕانەوەی لە گوناەو لە بێفەرمانیی خوا ئەمە کە خوای تۆ ئاگای لە هەموو شتێ هەیە ؟

أَلَا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِنْ لِقَاءِ رَبِّهِمْ أَلَا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطٌ(٥٤)

بێدارەوە بن و بزانن ! ئەم کافرانە دوودڵ و بەگومانن لەوە کە ئەگەنەوە بە خوای خۆیان و سزای کردوەوەی خۆیانی لێ وەرئەگرن. بێدارەوە بن و بزانن ! خوا دەوری بە هەموو شتێکا داوەو ئاگای لە هەرچییە کە لەم جیهانەدا هەیە.

سوورەتی (ألشوری)
مەککەیی‌یە ئایەتەکانی ٢٣و ٢٤و ٢٥و ٢٧ی نەبیٚو ، ٥٣ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حمٓ (١)

عٓسٓقٓ (٢)

خوا خۆی ئەزانیٚ مەبەستی لەم دوو وشەیە چییە.

كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٣)

هەروەك ئەم ئایەتانەی کە بە وەحی لە خواوە هاتـوون بۆ تۆ، خوا وەحی ئەنێرێ بۆ لای تۆو بۆ لای ئەو پێغەمبەرانەیش کـە بەر لە تۆ بوون، ئەو خوایە کە خاوەن عیززەتو خاوەن حیکمەتە.

لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ(٤)

هـــــەرچی لـــە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە هیی ئەو خوایەیەو، ئەو خوایە خوایەکی بەرزو بالآیە بەسەر هەرچی لەم دنیایەدا هەیەو خوایەکی مەزنە.

تَكَـــادُ السَّمَـــاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْ فَوْقِهِنَّ وَالْمَلائِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَنْ فِي الْأَرْضِ أَلا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥)

نزیکە ئاسمانەکان لەبەر گەورەیی ئەو خوایە، لەلای سەروویانەوە تا خوار درز بەرنو لەت بىنو ، فریشتە بۆ سوپاسی خـوا سوبحانـەللآ ئەکەنو داوای لێبووردنی گوناهو بێفەرمانیی لیٚ ئـەکـەن بـۆ هــەموو خــەڵکی دانیشتووی سەرزەوی. بێدارەوە بن، خەڵکینە ! خوا خوایەکی بەخشندەو بەرەحمە.

وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ اللَّهُ حَفِيــظٌ عَلَيْهِمْ وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ (٦)

ئەوکەسانەیش چەند پشت و پەنابەکیان لەخوار خواوە بۆ خۆیان ڕاگرتووەو کردوویانن بە هاوبەشی خواو ئەیانپەرستن ، خوا نیگابانە بەسەریانەوەو ئاگای لێیانەوتۆ چاودێری ئەوان نیت. خوا خۆی تۆڵەی ئەو هاوبەش بۆ خوا دانانەیان لێ ئەکاتەوە.

وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ (٧)

هەروەها قورئانێکی عەرەبی زوبانمان وەحیکردووە بۆ تۆ بۆئەوەی خەڵکی مەککەو ئەوانەی لە دەوروبەری مەککە ئەژین، بترسێنی لە سزای ڕۆژی قیامەت و، بۆئەوەی خەڵك لە ڕۆژی کۆکردنەوەیان بۆ لێپرسینەوە بترسێنی کە ڕۆژی قیامەتەو هیچ گومانی تیا نییە ، جا لە پاش کۆکردنەوەو لێپرسینەوەیان ئەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لە بەهەشتدا ئەبن و بەشێکیان لە دۆزەخدا.

وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (٨)

ئەگەر خوا بیویستایە هەموو ئەم خەڵکەی ئەکرد بە یەك ئوممەت یا هەموو موسوڵمان یا هەموو کافر، بەڵام وای نەویستووە. کێی مەیل لێ بێ بەر ڕەحمەتی خۆیی ئەخاو هیدایەتی ئەداو، ستەمکارانیش بێ دۆست و یارمەتیدەر لێیان ئەگەڕێ با سزای خوانەپەرستیی خۆیان بچێژن.

أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِي الْمَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٩)

بەڵکو ئەم کافرانە دۆستیان لە غەیری خوا بۆخۆیان ڕاگرتووە کە ئەو

بتانەن نەیانپەرستن، کەچی هەر خوا خۆی دۆستی ڕاستەقینەیە کە ئادەمیزاد بیکا بە دۆستی خۆیو پشتی پێ ببەستێو، هەر ئەوە مردوو زیندوو ئەکاتەوەو هەر ئەوە توانی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکێ.

وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ (١٠)

هەر کاروبارێکی دینو دنیا کە ئێوەو کافرەکان تیایا ناکۆك بوون، بڕیار تیا دانی ئەگەڕێتەوە بۆ خوا، ئەو ڕاستو چەوتی تیا لێك ئەکاتەوە. ئەو خوایە خوای پەروەردگاری منە، من لە هەموو شتێکا پشت بەو ئەبەستمو لە هەموو گیروگرفتێکا بۆلای ئەو ئەگەڕێمەوە.

فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١)

ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکانو زەویی دروست کردووە. هاوجووتی نێرو مێی لە خۆتان بۆ دروست کردوونو لە ئاژەڵو ڕەشەوڵاخو وڵاخی بەرزەو هەموو چوارپێیەکیش هاوجووتی نێرو مێی بۆ دروست کردوون. لەم هاوجووتو نێرومێ دروستکردنەوە لە خۆتان، زۆرتان ئەکاتو بڵاوتان ئەکاتەوە بەسەر زەویدا. هیچ شتێ وێنەی خوا نییەو خوا خوایەکی شنەواو بینایە گوێی لە هەرچییەکە بووترێو چاوی لە هەر شتێکە بکرێ.

لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١٢)

کلیلی گەنجینەکانی ئاسمانو زەوی هیی خوان. ڕزقو ڕۆزی بەربڵاو ئەکا بۆ هەرکەسێ مەیلی لێ بێو، لە هەرکەسێکیشی ئەگرێتەوە مەیلی لێ بێ.

بێگومان ئەو بە هەموو شتێ زانایە.

شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ(١٣)

ئەوەی بۆ داناون لە دینو ئایین کە کاتی خۆی نووح پێغەمبەریشی ڕاسپاردبوو لەسەری بڕواو، ئەوەی کە وەحیمان کردووە بۆ خۆتو ئەوەی بە ئیبراهیمو مووساو عیسامان سپاردبوو لەسەری بڕۆن کە ئەوەتە دینی خوا ڕابگرنو پشتگوێی مەخەنو بەش بەشو کۆمەڵ کۆمەڵ مەبن تیایاو گشت لەسەر یەك ڕێ بڕۆن. زۆر گەورەو گرانە لای ئەوانەی هاوبەش بۆخوا دائەنێن مل بۆ ئەوە کەچ بکەن کە تۆ بانگیان ئەکەی بۆی کە خوا بەیەك دانانە. خوا هەرکەسی مەیل لەسەر بێ هەڵیئەبژێرێ بۆلای خۆیو هیدایەتی هەرکەسێ ئەدا بۆ لای خۆی کە بگەڕێتەوە بۆ لای.

وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ(١٤)

ئوممەتانی پێغەمبەرانی پێشوو پارچە پارچەو بەش بەش نەبوون پاش ئەوە نەبێ کە زانیارییان لە خواوە بۆ هات کەوا پارچە پارچە بوونو بەش بەش بوون گومڕاهییە. لەبەر گومڕاهیو لە ڕێلادانیش لەناوخۆیانا پارچە پارچەو بەش بەش بوون. ئەگەر خوای پەروەردگاری تۆیش پێشتر قسەی خۆی نەکردبوایەو بڕیاری نەدابوایە کە سزادانی تاوانباران دوائەخا بو ڕۆژی

قیامەت حوکمی سزادانیان لەنێوانا ئەدراو هەر لە دنیادا بەرباد ئەکران. ئەوانەیش کە پاش ئەو ئوممەتانە کیتابی خوایان هاتووەتەسەرو بە میرات گەیشتووە پێیان، لە دوودڵیو گومانێکی دڵ داخورپێندان دەرحەق بەم قورئانە.

فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لاَ حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ(١٥)

جا لەبەرئەوە کە خەڵك بڵاوەیان لێ کردووەو لە ڕێگا لایان داوە، تۆ بانگیان بکەرەوە بۆ دەست گرتن بە پەیمانی خواوەو بەردەوام بە لەسەر کاری خۆت وەك فەرمانت پێ دراوەو مەکەوەرە شوێن ئارەزووی نەفسی خەڵکیو بڵێ ئیمانم هێناوە بەوەی کە خوا ناردوویەتییە خوارەوە لە کتێبی ئاسمانیو فەرمانم پێدراوە کەدادپەروەری بکەم لەنێوانتانا. خوای گەورە پەروەردگاری ئێمەیشو ئێوەیشەو ئێمەیش کردەوەی خۆمانمان هەیەو ئێوەیش کردەوەی خۆتانو هیچ دوژمنایەتیو ناکۆکییەك لەنێوان ئێمەو ئێوەدا نییە. خوا لە ڕۆژی قیامەتا پێکەوەمان کۆئەکاتەوەو سەرەنجامی هەموومان هەر بۆلای ئەوە.

وَالَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ(١٦)

ئەوکەسانەی دەمەدەم ئەکەن لەبارەی خواو پێغەمبەری خواو کتێبی خواوە پاش ئەوە کە کاتیخۆی فەرمانەکانی پەسەند کرانو وەرگیرانو بەگوێکردنی تەوراتیان گرتەگەردن، ئەوانە بەڵگەو دەلیلیان لای خوا بێ

قیمەت و هیچ‌وپووچەو قــارو تووڕەییی خوایان لەسەرەو سزایەکی گرانیان بۆ هەیە.

اللَّهُ الَّذِي أَنْزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ وَمَــا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ (١٧)

خـــوا ئــەو خوایە کتێبی نــاردووەتە خــوارو ترازووی دادی بڕیار داوە بۆ جیهان‌و، تۆ چوزانی؟ لەوانەیە ڕۆژی قیامەت نزیك بێ.

يَسْتَعْجِلُ بِهَا الَّذِيــنَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا وَالَّذِيــنَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا الْحَقُّ أَلَا إِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ (١٨)

ئەوانەی بــاوەڕیــان بــە ڕۆژی قیامەت نییە پەلەپەلیانە بۆی‌و، ئەوانەیش باوەڕیان پێی‌هەیە لـــەهاتنی ئەترسن‌و ئەزانن حەقەو ڕاستەو دێ. بێدار بن! ئەوانەی دەمەدەم ئــەکــەن لەبارەی هاتنی قیامەتەوە لە گومڕاهییەکی زۆر دوور ڕۆیشتوودان.

اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (١٩)

خـوا خــاوەن لوتفە لە گەڵ بەندەکانی خۆی ، ڕزق‌و ڕۆزی ئەدا بە هەرکەس مــە یلی لێ بێ‌و هەر ئەو بەهێزو خاوەن عیززەتە.

مَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ وَمَنْ كَانَ يُرِيــدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ نَصِيبٍ (٢٠)

هەرکەس بـــەروبوومی کشتوکاڵی قیامەتی ئەوێ لەو بەروبوومەی بۆ زیاد ئەکەین‌و هەرکەسیش بـــەروبوومی دنیای ئەوێ بەشی ئەدەین لێی‌و لە ڕۆژی قیامەتا هیچ بەشی نییە.

أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٢١)

یاخێر ئه‌م کافرانه چه‌ند هاوبه‌شێکیان هه‌یه ئایینێکیوایان بۆ داناون خوا رێی پیّ نه‌داوه. ئه‌گه‌ر وته‌ی هه‌موو وته‌یه‌ك بڕه‌وه‌یش نه‌بوایه‌که ئه‌وه‌ته خوا سزای تاوانی دنیا ئه‌خاته ڕۆژی قیامه‌ت، هه‌ر له دنیادا سزا ئه‌دران و تۆڵه‌یان لیّ ئه‌سه‌نرایه‌وه‌و، به‌ڕاستی سته‌مکاران سزایه‌کی سه‌ختیان بۆ هه‌یه .

تَرَى الظَّالِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا كَسَبُوا وَهُوَ وَاقِعٌ بِهِمْ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي رَوْضَاتِ الْجَنَّاتِ لَهُم مَّا يَشَاءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ (٢٢)

ئه‌بینی سته‌مکاران، به‌هۆی ئه‌و کارو کرده‌وه خراپانه‌وه که له دنیادا کردوویانن، له قیامه‌تا له‌وه‌وه‌زعه ئه‌ترسن که تیایانو له‌ڕاستییشا سزای ئه‌و کرده‌وانه‌یان دیّ به‌سه‌را. ئه‌وانه‌یش که ئیمانیان بووه‌و کرده‌وه‌ی چاکیان کردووه له‌ناو باخ و باخاتی به‌هه‌شتان، چی داوا بکه‌ن له‌لایه‌ن خوای خۆیانه‌وه بۆیان هه‌یه‌و ، لوتف و گه‌وره‌یی مه‌زنیش هه‌ر ئه‌مه‌یه .

ذَٰلِكَ الَّذِي يُبَشِّرُ اللَّهُ عِبَادَهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَىٰ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُ فِيهَا حُسْنًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ (٢٣)

ئه‌م پاداشه‌یه که خوا مژده‌ی به‌خشینی ئه‌دا به‌و به‌ندانه‌ی که ئیمانیان هێناوه‌و کرده‌وه‌ی چاکیان کردووه له دنیادا. جا تۆ ئه‌ی موحه‌ممه‌د ! به موسوڵمانان بڵیّ : من به‌رانبه‌ر به گه‌یاندنی ئه‌م ئایینه‌و دانی ئه‌م مژده خۆشانه داوای هیچ مزو کرێیه‌کتان لیّ ناکه‌م له‌وه به‌ولاوه که ئه‌م نزیکییه‌م

لێتانەوەتان لا خۆشەویست بێو قەدری ڕابگرن بـــە فـــەرمانبەرداریی خواو ئەو پەیامەی بۆم هێناونو، هەرکەسیش چاکەیەك بکـــا پاداشی چاکەکەی بۆ زیاد ئەکەین. خوا گوناەبەخشو پاداش دەرەوەیە.

أَمْ يَقُولُـــونَ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَإِنْ يَشَإِ اللَّهُ يَخْتِـــمْ عَلَى قَلْبِكَ وَيَمْحُ اللَّهُ الْبَاطِلَ وَيُحِقُّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٢٤)

یاخێر ئەڵێن: ئەم پێغەمبەرە درۆی بە زوبانی خواوە هـــەڵبەستووە.خوا ئەگەر مەیلی لیٚ بیٚ دڵت مۆر ئەکـــا. خـــوا شتی بـــەتـــاڵو هیچو پووچ مەحو ئەکاتەوەو ڕاست کە قورئانە ئەچەسپێنیٚو جێگیری ئەکـــا بە بڕیاری خۆیو، خوا ئاگای لە هەرچییەکە لەناو سینەو دڵی ئەم خەڵکەدایە .

وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَـــنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُواْ عَنِ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ (٢٥)

خوا ئەو خوایە کە تۆبەو پاشگەزبوونەوە لە بەندەگانی خۆی قوبووڵ ئەکاو چاوپۆشی لە خراپە ئەکاو ئەزانیٚ ئێوە چیئەکەن.

وَيَسْتَجِيبُ الَّذِينَ آمَنُـــواْ وَعَمِلُـــواْ الصَّالِحَاتِ وَيَزِيدُهُم مِّنْ فَضْلِهِ وَالْكَافِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ (٢٦)

خوا بەدەنگ تکاو پاڕانەوەی ئـــەوانـــەوە ئـــەڕوا کـــە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووەو لە فەزڵو ڕەحمەتی خـــۆی پـــاداشیان بۆ زیاد ئەکاو، کافرانیش سزای قورسو سەختیان بۆ هەیە.

وَلَوْ بَسَطَ اللَّهُ الـــرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْاْ فِي الْأَرْضِ وَلَكِنْ يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَاءُ إِنَّهُ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ (٢٧)

ئەگەر خوا ڕزقو ڕۆزی گوشادو فرە بکا بۆ بەندەکانی، خۆیان لیٚ ئەگۆڕیٚو

ئەکەونە خراپەکـردن لـە زەویدا. بـەڵام چەنـدی خواست لەسەر بێ بۆیان ئەنێرێتە خوارەوە بە ئەندازەیەکی دیاری. ئـەو ئـاگـادارە لە بەندەکانی و بینایە و چاوی لێیانە ئەزانێ چۆن ئەجووڵێنەوە.

وَهُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ الْغَيْثَ مِنْ بَعْدِ مَا قَنَطُوا وَيَنْشُرُ رَحْمَتَهُ وَهُوَ الْوَلِيُّ الْحَمِيدُ (٢٨)

خوا ئەو خوایە باران ئەبارێنێتە خوار بۆسەر زەوی پاش ئەوەی ئەم خەڵکە بەهوێ بێبارانییەوە نـائومێد ئـەبن و، ڕەحمـەتی خـۆی بـەسەر زەوی و کشتوکاڵ و باخ و باخات و لەوەڕ و ئادەمیزادو گیاندارانا بڵاو ئەکاتەوەو هەر ئەو دۆستوسەرپەرشتی ستایش کراوی هەموو جیهانە.

وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِنْ دَابَّةٍ وَهُوَ عَلَى جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَاءُ قَدِيرٌ (٢٩)

لـە بـەڵگـەو نیشانەکانی گەورەییی خوایە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو ڕەوەندانـەی بـە ئاسمانەکان و زەویدا بڵاوی کردوونەتەوەو، ئەو خوایە هەرکاتێ مەیلی لێ بێ ئەتوانێ هەموو ئەو ڕەوەندانە کۆبکاتەوە.

وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُوا عَنْ كَثِيرٍ (٣٠)

هەرچیتان تووش ببێ لە دەردو بەڵاو مەینەت لە شوومیی ئەو تاوانانەوەیە بەدەستی خۆتان کردووتانن و لەگەڵ ئەوەیشا لە زۆر لەو تاوانانەتان خۆش ئەبێ کـە کردووتانن و لـە بـەرابەریا تووشی هیچتان ناکا، واتە ئێوە موستەحەقی زیاتریشن لەوەی کە تووشتان ئەبێ و دێتە ڕێتان.

وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (٣١)

ئێوە لەوانە نین بتوانن خوا بێدەسەلات بکەنو کـارێك بکەن نەتوانێ لەم سەرزەوییەدا چیی بوێ لێتان بکاو، بۆئێوەیش لـە خوا بەولاوە هیچ دۆستو یارمەتیدەرێ نییە.

وَمِنْ آيَاتِهِ الْجَوَارِ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ (٣٢)

لە بەڵگەو نیشانەکانی تواناییی خوان ئەو کەشتییانەی بە دەریادا ئەڕۆنو ئەوەندە گەورەن یەکی بەقەدەر شاخێ ئەبنو ئەڵێی شاخن ڕێئەکەن.

إِنْ يَشَأْ يُسْكِنِ الرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَى ظَهْرِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (٣٣)

ئەگەر خوا خواستی لـەسەر بێ با ڕائەوەستێنێو ناهێڵێ بوەزێو ئیتر ئەو کەشتییانە لەبەر نەبوونی با کـە بایەوانەکانیان بجووڵێنێ لە شوێنی خۆیانا بەسەر کۆڵی دەریاوە ڕەق ڕائەوەستنو نـاجـووڵێن . بـەڕاسـتی لـەم دیاردەیەدا چەندین بەڵگەو نیشانەی تواناییی خوا هەیە بۆ هەر بەندەیێ خۆڕاگرو سوپاسگوزاری لوتفی خوا بێ لەگەڵ ئادەمیزاد.

أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا وَيَعْفُ عَنْ كَثِيرٍ (٣٤)

یا ئەگەر خواستی لەسەر بێ بەهۆی ئەو کارو کردەوە خراپانەوە ئەوانەی لەناو کەشتییەکانان کردوویانن، ئەو کەشتییانە بەرباد ئـەکاو ، چاویش لە زۆر لە تاوانەکانیان ئەپۆشێ.

وَيَعْلَمَ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ (٣٥)

ئەوانەی لەبارەی ئایـەتـەکـانی ئێمەوە دەمەدەم ئەکەن، ئەزانن هیچ دەرفەتێکیان نییە بۆ دەربازبوون لـە سزای ڕۆژی قیامەت، لەگەڵ ئەوەیش هەر بەردەوامن لەسەر کوفرو بێباوەڕی .

فَمَا أُوتِيتُم مِّنْ شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٣٦)

ئەوەی دراوە پێتان لە نیعمەتو ڕزق و ڕۆزی هەمووی مایەی ڕابواردنی ژیانی دنیایەو ئەوەیش کە لای خوایە کە پاداشی ڕۆژی قیامەتە لە هەموو خێرو بەرەکەتی دنیا چاکترەو بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوە بۆ ئەوکەسانەی کە ئیمانیان بە خواو بە ئایینەکانی خوا هێناوەو پشت بە خوا ئەبەستن و بەو پشت ئەستوورن.

وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ (٣٧)

بۆ ئەوانەیش کە خۆیان لە تاوانە گەورەکان ئەپارێزن و نایانکەن و خۆ دوورئەگرن لە داوێن پیسیو، کە ڕقیان هەڵئەسێ لەوکەسانە ئەبوورن کە ڕقیان لێیان هەڵساوەو تۆڵەیان لێ ناسێننەوە.

وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (٣٨)

بۆ ئەوکەسانەیش کە فەرمانبەرداریی خوای خۆیان ئەکەن و نوێژەکانیان ئەکەن و نایانفەوتێنن و لە کاتی خۆیانیان دواناخەن و کاروباری ناوخۆیان بە پرس و ڕاوێژو گوێ بۆ یەکتر شل کردن بەڕێوەئەبەن و لەو ڕزق و ڕۆزییەی پێمان داون خەرج ئەکەن لە ڕێی خوادا بۆ ئەوکەسانەی موستەحەقن.

وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ (٣٩)

بۆ ئەوکەسانەیش کە ئەگەر ستەمکاران ستەمیان لێ کردن، لەسەرحەقی خۆیان دێنە دەنگو لەناوخۆیانا یارمەتیی یەکتر ئەدەن تا بەسەر ئەو

ستەمکارانەدا زاڵ ئەبن‌و حەقی خۆیانیان لێ ئەسێننەوە . ئەم سێ ئایەتەی ڕابووردن ، هەر سێ بەسراون بە ئایەتی ژمارە (٣٦) ە وە .

وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (٤٠)

تۆڵەی خراپە خراپەیەکی لە وێنەی خۆیەتی ، جا هەرکەسێ لە خراپەکەرەکە ببووریێو لێی خۆش ببێ ئەوە پاداشی لەسەر خوایەو خوا پاداشی ئەداتەوەو ، خوا ئەوانەی خۆش ناوێ ستەمکارن‌و لەپێشا خراپە لەگەڵ یەکێکی‌تر ئەکەن .

وَلَمَنِ انتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّنْ سَبِيلٍ(٤١)

بەڕاستییش ئەوی تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە لە ستەمکار پاش ئەوەی کە ستەمی لێ کرا ، ئەوە هیچ تاوانێکی لە ئەستۆدا نییەو هیچ ناحەقییەکی نەکردووە . .

إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٤٢)

تاوان لەئەستۆی ئەو کەسانەدایە ستەم لە خەڵك ئەکەن‌و کاری ناڕەوا بە ناحەق لە زەویدا ئەکەن. ئەوانە سزایەکی سەختیان بۆ هەیە لە ڕۆژی قیامەتا.

وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ(٤٣)

بەڕاستییش ئەوکەسانەی خۆیان ڕابگرن‌و تۆڵە نەسێننەوەو لە ستەمکار ببوورن‌و چاوپۆشی لە ستەمەکەی بکەن، ئەوانە ئەم کردەوەیەیان کردەوەیەکە لە کارە بەرزو بەنرخ‌و مەردانەکان .

وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ وَلِيٍّ مِّنْ بَعْدِهِ وَتَرَى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا

الْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَى مَرَدٍّ مِّنْ سَبِيلٍ (٤٤)

هەرکەسێکیش خوا سەری لێ بشێوێنێو گومڕای بکا ، ئەوە پاش ئەوەی خوا نائومێدی کرد هیچ دۆستێکی نییە پشتی پێ ببەستێو، لە ڕۆژی قیامەتا ستەمکاران ئەبینی کە عەزابی خوا بە چاوی خۆیان ئەبینن ئەکەونە هاوارو دادو فوغانو ئەڵێن: ئایا ڕێگایەك هەیە بتوانین لەو ڕێگاوە بگەڕێینەوە بۆ دنیاو ئیتر لەوێ مرۆی چاكو خاوەن باوەڕ بینو بێ فەرمانیی خوا نەکەین ؟

وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُّقِيمٍ (٤٥)

ئەیانبینی پیشانی ئاگری دۆزەخ ئەدرێنو لە حاڵێکان لەبەر زەلیلیی خۆیان کزو ملکەچن. بەلاچاوێك سەیری خەڵك ئەکەن. خاوەن ئیمانەکانیش لەو کاتو شوێنەدا ئەڵێن: بەڕاستی زیان کردوو ئەوانەن خۆیان و کەسوکاریان لە ڕۆژی قیامەتا لەکیس چووەو ڕەوانەی دۆزەخ ئەکرێن . بێدار بنەوە ! بەڕاستی ستەمکاران لەو دنیا لە عەزابێکی بەردەوامان .

وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَاءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن سَبِيلٍ (٤٦)

کافرەکان لە ڕۆژی قیامەتا کەسێك شك نابەن دۆستیان بێو بتوانێ یارمەتییەکیان بداو بگاتە فریایان لە خوا بەولاوە کە ئەویش دۆستیان نییەو یارمەتییان نادا، چونکە گومڕا بوونو ، هەرکەسیش خوا گومڕای بکا هیچ ڕێگایەکی ڕزگاربوونی بۆ نییە .

اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ مَا لَكُم مِّن

مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ (٤٧)

بێن بەدەنگ فەرمانی پەروەردگاری خۆتانەوە بەرلـەوەی ڕۆژێکی وا بێت گێڕانەوە بۆدواوەی نەبێ لەلایەن خواوە کە ڕۆژی قیامەتەو لـەو ڕۆژەدا هیچ دالدەوپەنایەکتان بۆ نییەو هیچ دەرفەتێکی ئینکار کردنی ئەو کردەوانەتان نابێ کە لە دنیادا کردووتانن .

فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا إِنْ عَلَيْكَ إِلاَّ الْبَلاغُ وَإِنَّا إِذَا أَذَقْنَا الإِنْسَانَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ الإِنْسَانَ كَفُورٌ (٤٨)

جا ئەگەر هەر ملیان وەرچەرخاندو گوێیان بۆ شل نـەکردی، قەیدی نییەو گوێ مەدەرێ . ئێمە تۆمان نەناردووە بۆ سەریان بۆئەوەی نیگابانیان بی . تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە کە پەیـامـی خوایان پێ ڕابگەیەنی. ئێمە کاتێ کە ڕەحمەتی خۆمان بـە ئینسان ئـەچێژین پێی خـۆش ئەبێو ، ئـەگـەر ناڕەحەتییەکیشیان تووش ببێ بـەهـۆی کـردەوەی لـەوەپێشی دەستی خۆیانەوە ، دەست ئەکەن بە ناشوکری کردن . بەڕاستی تـەبیعەتی ئینسان وایە هەمیشە ئینکاری نیعمەتی خوا ئەکاو لە یادی خۆیی ئەباتەوە .

لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ (٤٩)

موڵکی ئاسمانەکانو زەوی هیی خوایە . ئەوەی خـواستی لێ بێ دروستی ئەکا . منالّی مێینە ئەبەخشێ بە هەرکەسێ خواستی لێ بێو هـەرکـەسیشی خواست لێ بێ منالێ نێرینەی پێ ئەبەخشێ .

أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَنْ يَشَاءُ عَقِيمًا إِنَّهُ عَلِيمٌ

قَدِيرٌ(٥٠)

یا نێرێنەو مێیینە بە جووت ئەبەخشێ بە هەرکەسێ خواستی لێ بێو، هەر کەسیشی مەیل لێ بێ نەزۆك و بێبەری ئەکا. بێ گومان خوا زانایە بە هەموو شتێكو توانایشە ئەتوانێ هەرچیی بوێ بیکا.

وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلاَّ وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ(٥١)

هەرگیز هیچ کەسێ ئەوەی بۆ نەلواوە خوا قسەی لەگەڵ بکا بەوە نەبێ کە فریشتەی وەحیی بنێرێتە سەرکە جیبرەئیلە ، یا لە پشتی پەردەوە وەك لە تووری سینادا قسەی لەگەڵ مووسا کرد ، یا پێغەمبەرێکی بنێرێتە سەرو چیی مەیل لەسەر بێ وەحیی بۆ بکا تا ئەویش بە خەڵکی بگەیەنێ. خوا بەرزو بالأو خاوەن حیکمەتە .

وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلاَ الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٥٢)

هەروەها گەیاندمانە لای تۆ فریشتەیێ بە فەرمانی خۆمان. تۆ بەر لەوە نەتئەزانی نە کتێب چییەو نە باوەڕ چییە. بەڵام ئێمە ئەو وەحیەمان کرد بە ڕووناکییەك هەرکەسمان خواست لێ بوایە لەبەندەکانی خۆمان بەو ڕووناکییە ڕێمان پیشان ئەداو، تۆیش بەڕاستی خەڵك ڕێ بەدێیی ئەکەی بۆسەر ڕێگەیەکی ڕاست کە ڕێگەی ئیسلامەتییە.

صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلاَ إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الْأُمُورُ(٥٣)

ئەو ڕێگەی ڕاستەیش بریتییە لـــە ڕێگـــەی ئـــەو خوایـــە کە هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویداهەیە هەموو هیی ئەوە . کەواتە ئاگادار بن! سەرەنجامی هەموو کارێ بۆ لای خوا ئەگەڕێتەوەو هەموو لە دەستی خۆیایەتی .

سوورەتی (ألزخرف)

مەککەیی‌یە ئایەتی ٥٤ی نەبێ و ، ٨٩ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حمٓ(١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەیە چییە.

وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ(٢)

سوێند ئەخۆم بەو کتێبە کە ڕێگای هیدایەت ڕوون ئەکاتەوە .

إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (٣)

ئێمە ئەم کتێبی خۆمانەمان کردووە بە کتێبێکـــی خوێنراوەی عەرەبی ، بەهیوای ئەوەی واتاکەی تێ‌بگەن چونکە کتێبێ لەوانەبێ بخوێنرێتەوەو بە زمانی خۆیشتان بێ دیارە ئەگەر ئارەزووتان لێ بێ زۆر چـــاك تێی‌ئەگەن ئەڵێ چی.

وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ(٤)

بەڕاستی ئەم قورئانە لەناو (لوح المحفوظ)دا کە هەموو کتێبـــەکانی خوای بۆ پێغەمبەران تیایەو لای ئێمە هەڵگیراوەو پارێزراوە ، پایەیەکی بەرزی هەیەو خاوەن حیکمەتە .

أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ الذِّكْرَ صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ(٥)

جا ئاخۆ ئێمە ئەم قورئانە لە ئێوە دوورئـــەخـــەینـــەوەو دەسبـــەرداری ڕاگەیاندنی پێتان ئەبین هەر لـــەبەرئەوە کە ئێوە خێڵێکی لە ڕاستی لادەرن ؟ دیارە نەخەیر.

وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي الْأَوَّلِينَ(٦)

ئێمە چەندین پێغەمبەرمان لەناو میللەتانی پێشینا ناردووە.

وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون(٧)

ئەو میللەتانە هیچ پێغەمبەرێکیان نەئەهاتە لا ئیللا گاڵتەیان پێ ئەکرد.

فَأَهْلَكْنَا أَشَدَّ مِنْهُمْ بَطْشًا وَمَضَى مَثَلُ الْأَوَّلِينَ(٨)

ئێمەیش میللەتانی لەوان بەهێزترو توندو تیژترمان بەرباد کردو، حیکایەتو سەرگوزەشتەو پەندی ئەو میللەتە پێشینانە کە بەرباد کراون، لە قورئانا ڕابووردووەو باس کراوە.

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ(٩)

ئەگەر لەو کافرانە بپرسی کێ ئاسمانەکانو زەویی دروست کردووە؟ لە وەڵاما ئەڵێن: خوای خاوەن عیززەتو زانا بە هەمووشتێ دروستی کردوون.

الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُون(١٠)

ئەو خوایەی زەویی بۆ کردوون بە ئارامگاو جێگای ژیانو تیا حەسانەوەو چەندین ڕێگەوبانی دوورو نزیکی بۆ هاتوچۆ پیا کردن تیا دروست کردووە بۆتان، بە هیوای ئەوەی شارەزا بن لەو شوێنانەی ئەچن بۆیانو ڕێگایان بدۆزنەوەو ون نەبن.

وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ تُخْرَجُون(١١)

ئەو خوایەیش ئاوی لە ئاسمانەوە بە ئەندازەی دیاری داپەڕاندووە بۆ سەرزەوی‌و بەو ئاوە شارێکی بێ‌بەروبوومو بەهرەمان زیندوو کردووەتەوەو

ژیاندووەتەوەو ، لە ڕۆژی قیامەتیشا هەر بەوجۆرە ئێوە زیندوو ئـەکرێنەوەو لە گۆڕ دەرئەهێنرێن .

وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ(١٢)

ئەو خوایەیش کە هەموو جووتە نێرو مێکانی لە هەموو گیانلەبەرانا دروست کردووەو ، لە کەشتیو لە چوارپێیش شتیوای بۆ دروست کردوون سواریان بن.

لِتَسْتَوُواْ عَلَى ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُواْ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُواْ سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ(١٣)

تا ڕێك لەسەر کۆڵیان دانیشنو ئـەوجا کـە لـەسەر کۆڵیان دانیشتن بیری نیعمەتی خوای خۆتان بکەنەوەو بڵێن خاوێنیو بێگەردی بـۆ ئـەو خوایە ئەم وڵاخە بەرزانەو ئەم کەشتییانەی بۆ ڕام کردووینو ئێمە لـەوانـە نـەبووین بتوانین لەخۆمانەوە ئەمانە ڕاگیر بکەینو ڕامیان بکەینو بییانخەینە ژێر بار .

وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ(١٤)

ئێمە ئەیشگەڕێینەوە بۆلای خوای خۆمان.

وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءاً إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ(١٥)

ئەم کافرانە بەشێ لە بەندەگانی خوایان داناوە بـۆ خوا کـە گوایە ئەوانە ئەولادی ئەون وەك ئەوە کە وتوویانە فریشتە کچی خوان. بەڕاستی ئادەمیزاد کافرە بە خواو بەئاشکرا کوفری خوای خۆی ئەکاو کوفرەکەی دەرئەبڕێ .

أَمِ اتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَاكُم بِالْبَنِينَ(١٦)

یاخود خوا لەوانەی کە خۆی دروستیان ئـەکـا کچی بۆ خۆی بڕیار داوەو ئێوەی هەڵاوێردووە بەوە کە کوڕی داونێ ؟

وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَنِ مَثَلاً ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (١٧)

کەچی ئەگەر مژدەی لەدایکبوونی وێنەی ئەوە بدرێ بە یەکێکیان کە خۆیان بە نموونە بۆ خوایان هەڵبژاردووە کە کچە کە ئەوەبوو وتبوویان خوا فریشتەکانی خۆیی بە کچ دروست کردووە ، ڕووی لە خەفەتبارییا ڕەش هەڵئەگەڕێو ، لە ڕقانا کە لەدڵیا پەنگی خواردووەتەوە ، خەمو پەژارە سەرو سیمای دائەگرێ ، چونکە ئەوان کچیان بەلاوە زۆر هیچو ناچیز بووەو زۆر جار کە کچیان بووە لەداخانا زیندەبەچاڵیان کردووە .

أَوَمَنْ يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ (١٨)

ئایا ئەم کافرانە نەوەیەك بۆ خوا قەرار ئەدەن وەکو کچ بێ کە لەناو خشڵو متوموورووا بەنەرمیو نیانی پەروەردە ئەکرێو ، کە کەوتیشە هەرایەکەوە ناتوانێ مەبەستی خۆی دەربڕێو داکۆکی لە خۆی بکا ؟

وَجَعَلُوا الْمَلائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ (١٩)

فریشتە کە بەندەگانی خوان ، ئەم کافرانە بە کچیان داناونو وتوویانە : ئەمانە کچی خوان. ئایا ئەمانە لەکاتی دروستکردنی فریشتەدا لەوێ بوونو بە چاوی خۆیان دییان کە خوا بە مێنگەی دروست کردن ؟ ئەم شایەتییەی ئەمانە داویانە لەبارەی فریشتەوە کە گوایە کچن ، لەسەریان ئەنووسرێو لە ڕۆژی قیامەتا پرسیاریان لێ ئەکرێ لەسەری .

وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُمْ مَا لَهُمْ بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ (٢٠)

کافرەکان ئەڵێن: ئەگەر خوا مەیلی لێ بوایە ئێمە ئەم بتانەمان نەپەرستایە، نەمان ئەپەرستن. ئەوانە هیچ لەم بابەتە نازانن‌و هەر لەخۆڕایی قسەی پووچ ئەکەن.

أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا مِّنْ قَبْلِهِ فَهُمْ بِهِ مُسْتَمْسِكُونَ (٢١)

یان ئاخۆ بەرلەوەی قورئان بێتە خوارەوە بۆسەریان کتێبێکمان ناردووەتە سەریان شتی‌وای تیا نووسرابێ کەوا ئەمە خواستی خوای لەسەرە، بۆیە ئەوان ئەو بتانە ئەپەرستن‌و ئێستا پشتیان بەو کتێبە بەستووە کە گوایە ئەوەی تیا نووسراوەو بەگوێرەی ئەوە قسە ئەکەن؟

بَلْ قَالُواْ إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُون (٢٢)

نەخەیر شتی‌وا نییەو هیچ کتێبێکی خواییان پێش قورئان بۆ نەهاتووەتە خوارو، مەسەلەکە ئەوەندەیە ئەڵێن باوك‌و باپیری خۆمانمان لەسەر ئەم ئایینی بت پەرستییە دیوەو، ئێمە لەسەر شوێن پێی ئەوان ڕێی خۆمان ئەدۆزینەوە.

وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلاَّ قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ (٢٣)

هەر بەم جۆرە ئێمە پیش تۆ هیچ پێغەمبەرێمکان نەناردووە لە هیچ ئاوەدانییەکا ئادەمیزاد بترسێنێ لەخوا، ئیللا دەست ڕۆیشتووەکانی ئەو ئاوەدانییەو پێغەمبەرەیان وتووە: ئێمە باوك‌و باپیرەی خۆمانمان لەسەر ئایینێ دیوەو ئێمە بە شوێن پێی ئەوانا ئەڕۆین‌و چاولێکەرییان ئەکەین.

قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَاءَكُمْ قَالُواْ إِنَّا بِمَا

أُرْسِلْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ(٢٤)

جا تۆ پێیان بڵێ : ئەی ئەگەر من شتێکی ڕێپیشاندەرترتان لەوەی باوكو باپیری خۆتانتان لەسەر دیوە ، بۆ بهێنم ، هەر شوێنی من ناکەونو لەسەر ئەوەی خۆتانو باوكو باپیرتان ئەمێننەوە ؟ ئەوانیش لە وەڵاما وتیان : ئێمە باوەڕمان بەوە نییە کەوا بە ئێوەدا نێرراوە.

فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ(٢٥)

جا ئێمەیش تۆڵەی ئەو بێباوەڕییەیانمان لێسەندنەوە ، دە سەیرکەن سەرەنجامی ئەوکەسانە چۆن بوو کە پێغەمبەرانی خوا بە درۆزن ئەزانن‌و باوەڕیان پێ ناکەن.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ(٢٦)

یادی ئەوە بکەرەوە کە ئیبراهیم بە باوکیو بە خێڵەکەی خۆیی وت: بەڕاستی من بەریم لەو شتەی ئێوە ئەیپەرستن.

إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ(٢٧)

مەگەر ئەو خوایەی دروستی کردووم . ئەو بەڕاستی ڕێی ڕاستم پیشان ئەدا.

وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٢٨)

ئیبراهیم ئەو وشەی خوا بە یەك زانین‌و بت نەپەرستنەی کرد بە وشەیەکی بەردەوام لەناو هەموو پاشماوەکانی‌خۆیو کوڕاوکوڕیا بەهیوای ئەوەی هەموو کافرەکان لە بت پەرستی بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوەو خوا بەیەك بزانن .

بَلْ مَتَّعْتُ هَؤُلَاءِ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى جَاءَهُمُ الْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ(٢٩)

بەڵکو منیش مۆڵەت‌و ڕابواردنم بۆ ئەو کافرانە خۆیانو بۆ باوكو باپیرانیان

ڕەخساند تا قورئانی ڕاستو پێغەمبەری ڕاستو دروستیان هــاتــەسەر کە هەمووشتێکی بۆ ڕوون کردنەوە .

وَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِ كَافِرُونَ (٣٠)

بەلاّم کە پێغەمبەری ڕاستیان لەخواوە هاتــەلا تــا لــە خەوی بێئاگایی بێداریان کاتەوە ، وتیان : ئەم قورئانە جــادووەو ، بــاوەڕمــان پێی نییەوَ ئینکاری ئەکەین .

وَقَالُوا لَوْلا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ (٣١)

کافرەکان لە مەیدانی ڕەخنەگرتنا وتیان : ئەوە بۆچی ئەم قورئانە بۆسەر پیاوێکی مەزنی یەکێ لە دوو ئاوەدانیی مەککەو تایف نەهاتووەتەخوار؟

أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ (٣٢)

بۆچی ، ئەوان ڕەحمەتی خوا دابەش ئەکەن بەســەر ئادەمیزادا ؟ نەخەیر ، ئێمەین مایەکانی ژیانمان لەم دنیایەدا دابەش کردووە هەندێکیانمان چەندین پلە بەسەر هەندێکیتریانا بەرز کردووەتەوەو هەندێکیانمان کردووە بە گەداو هەندێکیان بە دارا ، تا هەندێکیان هەندێکیتریان بچەوسێننەوەو بــۆ سوودی خۆیان بیانخەنە ژێر بارو بێگار ، بەلاّم ڕەحمەتی خوا لە هەموو ئەو سەروەتو سامانە چاکترە کە ئەوان کۆیئەکەنەوە .

وَلَوْلا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ (٣٣)

ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایــە کــە ئادەمیزاد هەموو ئەبوون بە یەك میللەتی

کافری خوانەناس ، بڕیارمان ئەدا بۆ هەموو ئەوانەی کافرو خوانەناسن ماڵەکانیان سەربانی زیوو پلەکانەی زیویان بێ بەسەریا سەرکەون.

وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِئُونَ (٣٤)

دەرگای زیوینیش بە ماڵەکانیانەوە بێو چەرپای زیوینیوا بەسەریانەوە پاڵ بدەنەوە .

وَزُخْرُفًا وَإِنْ كُلُّ ذَلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ عِنْدَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ (٣٥)

زینەتی ڕازاندنەوەیشمان بۆ ماڵەکانیان ئەکردو ، هەموو ئەوشتانەیش لە مایەی ڕابواردنی ژیانی ئەم دنیایە بەولاوە نینو ، لای خوا ئەو دنیا هەیە بۆ ئەوانەی خۆیان لە بێفەرمانیی خوا دوور ئەگرن .

وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ (٣٦)

هەرکەسێ لە یادی خوا شەوکوێر ببێو گوێی نەداتێ جنۆکەیەکی بۆ ئامادە ئەکەین ئەو جنۆکەیە ئەبێ بە هاوڕێو هاودەنگی .

وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ (٣٧)

ئەو جنۆکانەی ئەبن بەهاوڕێی ئەو جۆرە کەسانە ڕێیان لێ ئەگرن لەوەی ڕووبکەنە خوا ، کەچی ئەوان خۆیان بەوە دائەنێن کە ڕێی ڕاستیان دۆزیوەتەوەو سەرلێشێواو نین.

حَتَّى إِذَا جَاءَنَا قَالَ يَالَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ الْقَرِينُ (٣٨)

تا کە هەرکام لەو کافرانە ئەمرێو قیامەتی دێو ئەبرێتە مەیدانی لێپرسینەوە ، بۆ حوزووری خوا ، بە جنۆکەکەی هاوڕێی ئەڵێ : بریا مەودایەکی ئەوندەی مەودای

نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوا دوورمان لەنێوانا بوایە لە دنیاداو هەرگیز یەکترمان نەدیایە تا وا سەرت لێ نەشێواندمایە . تۆ هاوڕێیەکی خراپ بووی بۆم .

وَلَنْ يَنفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ(٣٩)

ئەمڕۆ خۆزگەو ئاوات خواستن هیچ دادتان نادا چونکە کاتی خۆی ستەمتان لە خۆتان کردو ئێستا گشتتان لە سزادرانا هاوبەشن .

أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ أَوْ تَهْدِي الْعُمْيَ وَمَن كَانَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٤٠)

ئایا تۆ ئەتوانی مرۆی نەشنەوا شنەوا بکەی ، یا مرۆی کوێر وا لێ بکەی ڕێ دەربکا ، یا کەسێ لە گومڕاییە کی ئاشکرادا بێ وای لێ بکەی ڕێگای هیدایەت بدۆزێتەوە ؟

فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ(٤١)

جا یا تۆ ئەبەینەوە بۆ خۆمانو ئەتمرێنینو ئەگەر وامان کرد پاشان تۆڵەی بەرودوا لەوان ئەسێنینەوە ،

أَوْ نُرِيَنَّكَ الَّذِي وَعَدْنَاهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ(٤٢)

یا ئەتهێڵینەوەو هەندێ لەو سزایەت پیشان ئەدەین کە گفتمان بەو کافرانە داوە بەو سزایە سزایان بدەینو، ئێمە دەسەڵاتمان بەسەریانا ئەشکێ.

فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٤٣)

دەی تۆ توند دەس بەوشتەوە بگرە کە بە وەحی هاتووەتە خوارەوە بۆت کە قورئانە ، تۆ بێگومان لەسەر ڕێگایەکی ڕاستی.

وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ(٤٤)

بەڕاستی ئەم قورئانە مایەی شەرەفو سەربەرزیو ناو مانەوەیە بۆ خۆتو بۆ خێڵەکەتو لەمەولایش لە ڕۆژی قیامەتا پرسیارتان لێ ئەکرێ ئاخۆ ئەو

ئەرکەی ئەم قورئانە خستوویەتە ئەستۆتان بەجێتان هێناوە ؟

وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِنْ دُونِ الرَّحْمَـــن آلِهَةً يُعْبَدُونَ(٤٥)

پرسیار لە میللەتانو زانایانی ئایینی ئەو پێغەمبەرانەمان بکە کە بەر لە تۆ ناردوومانن ئاخۆ لە خوای بەخشندەو میهرەبان بەولاوە خـــواگەلێکیترمان داناوە لەلایەن خەڵکەوە بپەرسترێنو ڕێمان داوە بە پەرستنی هیچ بتێك؟

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ(٤٦)

بەڕاستی ئێمە مووسامان نارد لەگەڵ ئایـــەتو موعجیزەی خۆمان بۆسەر فیرعەونو کۆمەڵەکەی دەوروبەریو ، مووسا هات پێیوتن: من فروستادەی پەروەردگاری هەموو جیهانم بۆسەرتان.

فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِآيَاتِنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ(٤٧)

کاتــێ ئـــەویش هـــات بۆلایان بـــەو مـــوعجیزانـــەوە خوا دابوونی پێی ، سەیرت ئەکرد پێی پێئەکەنن .

وَمَا نُرِيهِم مِّنْ آيَةٍ إِلاَّ هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا وَأَخَذْنَاهُمْ بِالْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ(٤٨)

هیچ موعجیزەیەکمـــان لـــەســـەر دەستی مووســـادا پیشانی فیرعـــەونو تاقمەکەی نەئەدا ئیللا گەورەتر بوو لە هەر هاوچەشنێکی خـۆیو ، بــە سزاو بەلای ناهەموار گرتماننەوە بەڵکو بگەڕێنەوە بۆسەر ڕێی ڕاست .

وَقَالُـــواْ يَاأَيُّهَـــا السَّاحِـــرُ ادْعُ لَنَا رَبَّـــكَ بِمَـــا عَهِـــدَ عِنْدَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ(٤٩)

فیرعـەونو دارودەستەکـەی بە مووسایان وت : ئەی کابرای جادووگەر! داوا لە خوای خۆت بکە ، بەو گفتو پەیمانەی لەنێوانتانایە با ئـەم سزایەمان لەسەر هەلگرێو لای بدا ، ئەوکاتە ئێمەیش دێینە سەر ڕێی هیدایەت.

فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ(٥٠)

جا کاتێ کە مووسا لە خوا پاڕایەوەو ئێمەیش عـەزابەکـەمـان لـەسەر فیرعەونو کۆمەڵەکەی هەڵگرت ،کوتووپڕ گفتەکـەی خۆیـانیان شکاندو لە قسەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوە.

وَنَادَى فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَاقَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِرُونَ(٥١)

جا فیرعەون بانگی کـردە خێڵەکەی و وتی : ئەی خێڵەکـەم ! ئـایـا پادشایەتیی میسر هیی من نییەو ، ئەم جۆگەو ڕووبارانەی بە بـەر کۆشكو سەراکانما ئەڕۆن ، هیی من نین ؟ ئایا ئێوە بە چاوی خۆتان سەیر ناکەن ؟

أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ(٥٢)

یا سەیرئەکەنو ئەبینن مـن چاکترم لـەم کابرا ناچیزو داماوە سووکە کە دەسەڵاتی هیچی نییەو دەمی گـۆ نـاکـاو قسەی بۆ ناکرێو لەوانەیە نەتوانێ مەبەستی خۆی دەربڕێ بەجۆری کە مرۆ لێی حاڵی ببێ ؟

فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّنْ ذَهَبٍ أَوْ جَاءَ مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِيـنَ(٥٣)

ئەگەر ڕاست ئەکا پێغەمبـەرەو خـوا نـاردوویـە ، ئەی بۆ هەندێ بازنو بازووبەندی زێڕی لە خواوە بۆ هەڵنەدراوە تا گەورەیی خۆی لەناو خەڵکا پێ نیشان بداو خەڵکی پێ لە دەوری خۆی خڕکاتەوە ، یان بـۆ فریشتەی خوای

شان بەشان لەگەڵ نەهاتوون یارمەتیی بدەن ؟

فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ(٥٤)

فیرعەون پاش ئەم قسانەی ، خێڵەکەی خۆی بە نەفامو تێنەگەیشتوو داناو ئەوانیش لەڕاستیدا وابوونو هەرچیی وت چوو بەگوێیاناو بەگوێیان کرد .
بێگومان خێڵەکەی کۆمەڵێکی فاسقو لە ڕاستی لاداو بوون.

فَلَمَّا آسَفُونَا انتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ(٥٥)

کە بەم کردارو ڕەوشتەیان ڕقی ئێمەیان هەستاند ، تۆڵەمان لێ سەندنو هەموومان بەجارێ لە ئاوی نیلا نوقم کردنو خنکاندمانن.

فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْآخِرِينَ(٥٦)

کردمانن بە پەندو عیبرەتو نموونە بۆ خەڵکانیتر.

وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ(٥٧)

جارێکیان یەکێ لە کافرەکانی مەککە کەوتە موجادەلە لەگەڵ پێغەمبەر لەسەر ئەو ئایەتە کە بە کافرەکان ئەفەرموێ :ئێوە خۆتانو ئەوانەی ئەیانپەرستن هەمووتان سووتەمەنیی دۆزەخنو ، وتی : خۆ گاورەکانیش عیسا ئەپەرستن ، کەواتە ئەگەر ئەو بێ بە سووتەمەنیی دۆزەخ چش با بتەکانی ئێمەیش ببن بە سووتەمەنیی دۆزەخ. جا کە ئەم کافرە ئەم قسەیەی کرد کافرەکانیتری مەککە زۆریان پێ خۆش بوو گوایە بە خەیاڵی خۆیان لایان وابوو ئەم کابرایە توانیویە پێغەمبەر دەمکوت بکا چونکە گوایە ئایەتەکە وائەگەیەنێ حەزرەتی عیسایش لە دۆزەخا ئەسووتێ لەگەڵ ئەوەیش کە پێغەمبەری خوایەو دیارە شتی وایش نابێو کەواتە ئەبێ ئایەتەکەی موجادەلەی لەبارەوە لەگەڵ ئەکرد ڕاست نەبێ.

وَقَالُوا أَآلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ (٥٨)

کە عیسای کوڕی مەریەم بەنموونە هێنرایەوە بۆئەوە کە ئەگەر هەر پەرستراوێ لە خوا بەولاوە لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەیانپەرستن سووتەمەنیی دۆزەخ بن ، ئەبێ عیساش سووتەمەنیی دۆزەخ بێ ، کافرەکانی مەککە بەم نموونە هێنانەوەیە زۆر پێخۆشحاڵ بوون.

کافرەکان وتیان: ئایا خواکانی ئێمە ، کە بتەکانمانن ، لای تۆ چاکترن یان عیسای کوڕی مەریەم ؟ دیارە عیسا لای تۆ چاکترە. کەواتە مادەم عیسای کوڕی مەریەم کە تو ئەڵێی پێغەمبەری خوایەو هەموانیش ئەزانن گاورەکان ئەیپەرستن ، ئەبێ بە قسەی تۆ لەبەرئەوەی کە گاورەکان ئەیپەرستن ببێ بە سووتەمەنیی دۆزەخ ، ئەگەر وابێ ، چش با خواکانی ئێمەیش ببن بە سووتەمەنیی دۆزەخ . ئەم کافرانە ئەم نموونەیەی عیسا بۆیە ناهێننەوە کە قسەی ڕێکوپێك ئەکەن ، هەر بۆ دەمەدەم ئەیهێننەوەو ، لەوە زیاتریش ئەمانە خێڵێکن زۆر بەتوندی دوژمنایەتی ئەکەنو حەزیان لە عەنادو کەللەڕەقییە ، ئەگینا ئەزانن هیچ مەجالێ نییە بۆ قیاس کردنی پێغەمبەرێکی خوا کە خەڵکی بانگ کردووە بۆ خوا بەیەك زانین لە بتێ کە لە پارچە تەختەیەك یا پارچە بەردێ دروست کراوەو بت پەرستەکان ئەیپەرستنو مەگەر هەر ئەوەندە سوودی ببێ فڕێ بدرێتە دۆزەخەوەو بکرێ بە پارچەیەك لە سووتەمەنییەکانی.

إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ (٥٩)

عیسای کوڕی مەریەم لە بەندەیەکی خوا بەولاوە نییە کە نیعمەتی

پێغەمبەرایەتیمان پێ بەخشیوەو کردوومانە بە نموونەو پەند بـۆ کـۆمـەڵی بەنیئیسرائیل کە خوا ئەتوانێ هەموو شتێکی سەیرو سەمـــەرەی لەوەپێش ڕوونەداو بکات وەك ئەوە کە عیسا بە بێباوك لەدایك بووەو موعجیزەی وامان داوەتێ بە هیچ پێغەمبەرێکیترمان نەداوە وەك بـــە ساوایی قسەکردنو چاك کردنەوەی کەرو کوێرو گەڕۆڵو زیندووکردنەوەی مردوو.

وَلَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَا مِنْكُم مَّلَائِكَةً فِي الْأَرْضِ يَخْلُفُونَ(٦٠)

ئێمە تـوانـــاو خـــاوەن دەستین ، ئەگەر مەیلمـــان لێبوایە وەك عیسامان بێباوك دروست کرد ئێوەیشمان تەفروتوونا ئەکردو فریشتەمان لەجێی ئێوە دروست ئەکرد تا جێگەی ئێوە لەسەر زەوی بگرنەوە.

وَإِنَّــهُ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَــةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَـــا وَاتَّبِعُونِي هَـــذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ(٦١)

بەڕاستی عیسا نیشانەی نزیکبوونـەوەی ڕۆژی قیامەتـــە چونکـــە کـــە جووەکان ویستیان هەڵیواسن ئێمە شێوەیمان گۆڕی بە یەکێ لەوانو ئەومان هەڵبڕی بۆ ئاسمانو لەنزیکی ڕۆژی قیامەتا ئـــەینێرینـــەوە خـــوارەوە بـــۆ سەرزەویو ، جووەکان یەکێکیان لە خۆیان کە بە عیسایان زانی کـرد بەدارا . کەواتە ئێوە گومانتان نەبێ لەم گۆڕینەی عیساو بەرزکردنەوەیا بـۆ ئاسمانو شوێنی ئەو ڕێپیشاندانە بکەون کە من ڕێم پیشان داونو ئەمـەی من بانگتان ئەکەم بۆی ڕێگای ڕاستە.

وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ الشَّيْطَانُ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ(٦٢)

ئاگادار بن ! با شەیتانیش ڕێی ئـــەوەتـــان لێنەگرێ کە شوێن ڕێی ڕاست بکەون. بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە.

وَلَمَّا جَاءَ عِيسَى بِالْبَيِّنَاتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُمْ بِالْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(٦٣)

کاتێ عیسا بە موعجیزەوە هات بۆسەر بەنیئیسرائیل، پێیوتن: بەڕاستی من حیکمەتو زانستم لای خواوە بۆ هێناون بۆئەوەی ڕێی ڕاستتان پیشان بدەمو هەندێ لەو شتانەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئێوە ناکۆکن تیایاناو هەر یەکێکتان شتێکی تیا ئەڵێ. کەواتە لە خوا بترسنو هەرچیم پێوتن بەگوێم بکەن.

إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ(٦٤)

بەڕاستی خوا پەروەردگاری منیشو ئێوەیشە، کەواتە عیبادەتی بکەنو بیپەرستنو ڕێگەی ڕاست ئەمەیە کە ئەو بپەرستن.

فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ(٦٥)

جا کۆمەڵ و تاقمەکانی دەوروپشتی عیسا لەناوخۆیانا ناکۆکییان تێکەوتو هەر کۆمەڵێکیان شتێکی ئەوت. کەواتە هاوار بۆ ئەوانەی ستەمو ناحەقییان کردو شوێنی ڕێی ڕاست نەکەوتن! هاوار بۆئەوان لە سزای ڕۆژێکی پڕ دەردو ئازار کە ڕۆژی قیامەتە!

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ(٦٦)

ئایا چاوەڕوانیی هیچ ئەکەن ئەوە نەبێ کە ڕۆژی قیامەت بێ بەسەریانا بە شێوەیەکی لەپڕوئەوان هەستی پێ نەکەنوبە خۆیان نەزانن کە ئەدا بەسەریانا؟

الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ(٦٧)

دۆستو برادەران لـــەو ڕۆژەدا هـــەندێکیـــان دوژمنی هەندێکیانن چونکە تێئەگەن کە ئەوان بوون بەهۆی گومڕاە بوونیان ، تەنها دۆستو بـرادەرانیوا نەبێ لە دنیادا لەخواترس بووبن ئەوانـە هـــەر لـــەسەر دۆستایـــەتیی خۆیان ئەمێننەوە.

يَاعِبَادِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلاَ أَنْتُمْ تَحْزَنُونَ(٦٨)

ئەی بەندەکانی من ! ئێوە ئەمڕۆ هیچ ترستان لـــەســـەر نییەو هیچ خەمو خـــەفـەت نایەت بەسەرتانا.

الَّذِينَ آمَنُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ مُسْلِمِينَ(٦٩)

ئـەو بـەنـدانـەی مـن کە ئیمانیان هێناوەو بە دڵو بـــە زوبان گوێڕایەڵ بوون بۆ هەموو فەرمانێکی ئێمە.

ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ(٧٠)

وەرن خۆتانو هاوسەرەکانتان بچنە ناو بەهەشتەوە شادمانو دڵخۆش بن.

يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِّنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ(٧١)

ئەگەڕێن بەسەریانا بە کاسەی زێڕینو پیاڵەوەو ، لە بەهەشتا هەیە ئەوەی نەفسی ئادەمیزاد ئارەزووی بکاو چاو لەزەتی لێوەربگرێو ئێوە هـــەمیشە لە بەهەشتا ئەمێننەوە.

وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ(٧٢)

ئەوەیش ئەو بەهەشتەیە کە دراوە بە ئێوە بەهۆی ئەو کردارە باشانەوە کە ئەتانکردن.

لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ(٧٣)

هەیە بۆ ئێوە لەو بەهەشتەدا میوەجاتێکی زۆرو لەو میوانە ئەخۆن .

إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي عَذَابِ جَهَنَّمَ خَالِدُونَ(٧٤)

بەڕاستی تاوانباران هەمیشە لە سزای دۆزەخدا ئەبن.

لا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ(٧٥)

سزای دۆزەخیان لێ سووك ناكرێ‌و ئەوان لەو سزایەدا بێ‌ئومێدن.

وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا هُمُ الظَّالِمِينَ(٧٦)

کە ئەمە حاڵیانە ئێمە ستەممان لێ نەکردوون ، بەڵکو ئەوان خۆیانن ستەمکار.

وَنَادَوْا يَامَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ(٧٧)

ئەوانەی لەناو ئاگری دۆزەخان هاوار ئەکەنە دەرگاوانی دۆزەخ کە ناوی (مالیك)ەو پێی ئەڵێن : ئەی مالیك ! بەڵکو کارێ بکەی خوا گیانمان بکێشێ‌و بمرین‌و بحەسێینەوە ، ئەویش ئەڵێ : نەخێر ، ئێوە بۆ هەمیشە لەم شوێنەدا ئەمێننەوە.

لَقَدْ جِئْنَاكُمْ بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ(٧٨)

خوا ئەفەرموێ : بەڕاستی ئێمە حەق‌و ڕاستمان بۆ هێنان کە پەیامی خۆمان‌و پێغەمبەری‌خۆمان‌وکتێبی خۆمانە ، بەلام بەشی زۆری ئێوە خۆشتان لە حەق‌و ڕاستی نایەت.

أَمْ أَبْرَمُوا أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ(٧٩)

یان ئەوان بڕیاری کارێکیان داوە کە ئەوەیە بەرپەرچی قورئان بدەنەوەو بە دەست هەڵبەستی دابنێن ؟ ئێمەیش بڕیاری خۆمانمان داوە کە ئەوەتە بەربادیان بکەین‌و دوایان ببڕین.

أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ (٨٠)

یان ئاخۆ گومان ئەبەن ئێمە گوێمان لە ڕازو نهێنیو پچەپچی ئەوان نییە ؟ نەوەڵڵا وا نییەو فروستادەی ئێمە وان لایانو بەسەر سەریانەوە وەستاون هەرچی ئەکەنو ئەڵێن ئەوان ئەینووسنەوە .

قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ (٨١)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! بەو کافرە هاوبەش بۆخوا دانەرانە بڵێ : ئەگەر خوا منالێکی ببێ من یەکەمی ئەوانەم ئەیپەرستن ، بەڵام ئەزانم نییەتیو کەسی نەکردووە بە منالی خۆی تا بیپەرستم .

سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ (٨٢)

پاکیو خاوێنی لەوە کە وەك ئادەمیزاد وابێو منالو ژنی ببێ ، بۆ خوایە کە پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەوییەو پەروەردگاری عەرشەو بەرییە لەو شتانەی هاوبەش بۆ دانەرەکانی وەسفی پێ ئەکەنو ئەڵێن واو وایە .

فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا وَيَلْعَبُوا حَتَّى يُلَاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ (٨٣)

دەسا لێیان گەڕێ با هەر بە بیرو بۆچوونی هیچوپووچەوە خەریك بنو خەریکی گاڵتەبازاڕی دنیای خۆیان بن تا بەوڕۆژەی خۆیان ئەگەن کە وەعدەیان پێدراوە .

وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَهٌ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ (٨٤)

خوا ئەو خوایە لە ئاسمانا خوایەو ئەپەرسترێو لە زەویدا خوایەو ئەپەرسترێو خاوەن حیکمەتەو هەموو شتێ ئەزانێ .

وَتَبَارَكَ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٨٥)

زۆر گەورەیە ئەو خوایەی دارایی‌وسامانی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و چی لەنێوانیانا هەیە هەمووی هەر بۆئەوەو هەر خۆی ئەزانێ کەی دنیا ئەبڕێتەوەو قیامەت دێ‌و ئێوەیش هەموو بۆلای ئەو ئەگەڕێنەوە.

وَلَا يَمْلِكُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ(٨٦)

ئەوانەی کافرە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بانگیان لێ ئەکەن‌و ئەیانپەرستن‌و بانگ لە خوا خۆی ناکەن‌و ڕاستەوخۆ نایپەرستن، حەقی تکاکردنیان لای خوا لە ڕۆژی قیامەتا نییە، بەڵام ئەوانەی کە شایەتیی ڕاست بدەن‌و هەر خوا خۆی بە پەرستراوی بەحەق بزانن‌و بزانن خوا یەکەو هاوبەشی نییە، ئەوانە حەقی تکا کردنیان هەیە لای.

وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ(٨٧)

ئەم هاوبەش بۆخوادانەرانەی هاوارئەکەنە بت‌و بت ئەپەرستن، ئەگەر لێیان بپرسی: کێ دروستی کردوون، لە وەڵاما ئەڵێن: خوا. کەواتە ئیتر چۆن لە پەرستنی ئەو خوایە هەڵئەگەڕێنەوەو ئەچن بت ئەپەرستن؟

وَقِيلِهِ يَارَبِّ إِنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ لَا يُؤْمِنُونَ(٨٨)

لای خوایە ئاگاداری لەوەی کە پێغەمبەر بە خوا ئەڵێ: ئەی پەروەردگاری من! ئەم کافرە هاوبەش بۆ خوا دانەرانە خێڵێکن ئیمان ناهێنن‌و هەروا بە کافری ئەمێننەوە.

فَاصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَامٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ(٨٩)

دەی کەواتە لێیان گەڕێو وازیان لیْ بهێنەو بانگیان مەکــە بۆ ئیمان هێنان‌و پێیان بڵێ : ئاشتی‌و ئارامی‌و ، نەمن دەنگ‌و نە ئێوە دەنگ بیْ لەنێوانمــانــا . بێگومان ئەوانە لەمەوپاش ئەزانن سەرەنجام چۆن ئەبیْو چی ڕووئەدا .

سوورەتی (ألدخان)

مەککەیی‌یە ئایەتی ١٥ی نەبێ و ، ٥٩ ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

حمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی پێی چییە .

وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ(٢)

سوێند ئەخۆم بە قورئانی‌کە ڕێگای هیدایەت ڕوون ئەکاتەوە .

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ(٣)

بەڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوێکی پیرۆزا ناردووەتە خوارەوە. بەڕاستی ئێمە بە ناردنە خوارەوەی ئەم قورئانە ئەوکەسانەمان ترساند کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا نین.

فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ(٤)

لەوشەوەدا کە قورئانمان تێدا ناردووەتە خوارەوە ، هەر کارێ کە حیکمەتی تێدابێ بەش بەش ئەکرێ.

أَمْرًا مِّنْ عِندِنَا إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ(٥)

مەبەست لە کاری حیکمەت تێدا بوو هەر کارێکە لەلایەن ئێمەوە بێ . بەڕاستی ئێمە ڕەوانەکەری ڕەهبەرانین .

رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٦)

ناردنی ئەو ڕەهبەرانەیش لە ڕووی ڕەحمەتەوەیە لەلایەن خواوە، خوا هەر خۆی گوێی لە هەموو شتێکەو بە هەموو شتێ ئەزانێ .

رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ(٧)

ئــەو خوایــە کــە خوای ئاسمانەکان و زەوی و هەرچییەکە لەنێوانیانا بێ ، ئەگەر ئێوە مرۆی خاوەن باوەڕن .

لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ(٨)

هیچ خوایــەك نییە بــە ڕاستی بپەرستریٚ ئــەو نــەبێ . ژیــان بە گیانداران ئەبەخشێ و ئەیشیانمرێنێ . خوای ئێوە و باوك و باپیرە پێشینەکانتانە .

بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ يَلْعَبُونَ (٩)

بــەلاّم ئــەوانــە خاوەن باوەڕ نین ، گومانیان لە خوایەتیی خوادا هەیە و لە گاڵتەبازاڕی خۆیانا گاڵتە بە ڕاستی و لەخواوە هاتنی قورئان ئەکەن .

فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ(١٠)

سا تۆ ، ئەی موحەممەد ! چاوەڕوانی ڕۆژێ بە ئــاسمان دووکەڵێکی دیارو ئاشکرا ئەهێنێ . مەبەست لــە ساڵە قاتی و برسییەتییە چونکە لــە کاتی وادا ئادەمیزادی بـرسی لــەبــەر لاوازبوونی هێزی بینایی خــۆی ئــاسمانی وەك دووکەڵێکی خەست دێتە پێش چاو ، یا مەبەست ئەو دووکەڵەیە ڕۆژی قیامەت دنیا دائەگرێ.

يَغْشَى النَّاسَ هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ(١١)

ئەو دووکەڵە خەڵك هەموو دائەگرێ . ئەم دووکەڵە سزایەکی بەئازارە .

رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ(١٢)

خەڵکەکە لەتاو ئەو وەزعە نابارە لە خوا ئەپاڕێنەوەو ئەڵێن : خوایە ! ئەم سزایەمان لــەسەر هــەڵگرە ، بەڕاستی ئێمە خاوەن ئیمانین و باوەڕمان بە تۆ هەیە .

أَنَّى لَهُمُ الذِّكْرَى وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ (١٣)

ئەمانە چۆن بیرئەکەنەوەو عیبرەت بەمە وەرئەگرن‌و ئیمان دێنن لەکاتێکا کە پێغەمبەرێکیان هاتە سەر هەموو شتێکی بەتەواوی بۆ ڕوون کردنەوە . (مەبەست لەو پێغەمبەرە حەزرەتی موحەممەدە) .

ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ (١٤)

کەچی کە پێغەمبەرەکە هاتە سەریان باوەڕیان پێ نەکردو گوێیان نەدایەو پشتیان نێ‌کردو وتیان : ئەمە خۆی هیچ نازانێ ، فێرکراوەو شێتیشە .

إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلاً إِنَّكُمْ عَائِدُونَ (١٥)

بەڕاستی ئێمە کەمێك ئەو سزایەتان لەسەر لائەدەین ، بێ‌گومانیش ئێوە کەللەڕەقن‌و سەرەنجام هەر ئەگەڕێنەوە بۆ سەر کافری‌و کەللەڕەقییەکەی خۆتان .

يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنتَقِمُونَ (١٦)

لەو ڕۆژەدا تۆڵە ئەسێنینەوە کە پەلامارە گەورەکە ئەبەین . بەڕاستی ئێمە تۆڵەی‌خۆمان ئەسێنینەوە . مەبەست لە ڕۆژی بەدر یان ڕۆژی قیامەتە .

وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَاءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ (١٧)

بەڕاستی ئێمە بەر لەم کافرانەی مەککە تاقمەکەی فیرعەونمان تاقی کردەوە بەوە کە پێغەمبەرێکی خاوەن پایەی وەك مووسا هاتە سەریان .

أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ عِبَادَ اللَّهِ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (١٨)

وتی : ئەو بەندانەی خوام بدەنەوە کە بەنی ئیسرائیلییەکانن . من بەڕاستی فروستادەیەکی ئەمینی خوام هاتووم بۆ لاتان بۆ ئەم مەبەستە .

وَأَن لَّا تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ إِنِّي آتِيكُم بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (١٩)

خۆیشتان لە خوا بە زلتر مەزانن . من بەڕاستی بەڵگەیەکی ئاشکرام

هێناوەتە سەرتان کە موعجیزەکانمە .

وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ(٢٠)

من پەنایش بە خوای خۆمو خوای ئێوەیش ئەگرم لەوە کە سووكو ڕەزیلو بەردەبارانم بکەن .

وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ (٢١)

ئەگەر باوەڕیشم پێ ناکەنو ئیمانم پێ ناهێنن لێم دوورکەونەوەو لێم گەڕێن .

فَدَعَا رَبَّهُ أَنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ(٢٢)

جا پاش ئەوە کە بۆی دەرکەوت ئەوانە کۆمەڵێکی نامەردو سەرکێشنو چاوەڕوانیی چاکەیان لێ ناکرێ ، لە خوای خۆی پاڕایەوەو وتی : خوایە ! ئەمانە کۆمەڵێکی تاوانکارن .

فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ(٢٣)

جا ئێمەیش بە مووسامان ڕاگەیاند : بە شەو بەندە بەنیئیسرائیلییەکانم بخەرەڕێو بیبیانبە ، سوپای دوژمن بەدواتانەوەن .

وَاتْرُكِ الْبَحْرَ رَهْوًا إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ(٢٤)

دەریا بە کراوەییو بە ئارامی بەجێبهێڵە ، بەڕاستی ئەوانەی بەدواتانەوەن سەربازگەلێکن بڕیاری خنکانیان لەو ئاوەدا دراوە .

كَمْ تَرَكُوا مِن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ(٢٥)

چەندین باخو باخاتو سەرچاوەو کانیاویان لەپاش خۆیان بەجێهێشت .

وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ(٢٦)

چەندین کشتوکاڵو زەرعاتی زۆرو شوێنی چاكو خۆشیان لەپاش خۆیان

بەجێهێشت .

وَنَعْمَةٍ كَانُواْ فِيهَا فَاكِهِينَ(٢٧)

چەندین جۆرە نازو نیعمەتو مایەی ڕابواردنی دنیایان لەپاش خۆیان بەجێهێشت کە ڕایان ئەبوارد تیایانا .

كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ(٢٨)

بەوجۆرە دەرمان پەڕاندن و پاشماوەکانیانمان بەمیرات دا بە تاقمێکیتر.

فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ وَمَا كَانُواْ مُنظَرِينَ(٢٩)

نە ئاسمان و زەوی فرمێسکی خەفەتبارییان بۆ ڕشتن و ، نە دوایش خران بۆ ماوەیەکیتر .

وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنَ الْعَذَابِ الْمُهِينِ(٣٠)

بەڕاستی ئێمە بەنی ئیسرائیلییەکانیشمان لەو سزای سووك و سەفیلییە ڕزگار کرد کە..

مِن فِرْعَوْنَ إِنَّهُ كَانَ عَالِيًا مِّنَ الْمُسْرِفِينَ(٣١)

بەدەست فیرعەونەوە ئەیانچێشت. بەڕاستی فیرعەون کابرایەکی لووتبەرزی لەسنووردەرچووی بەلەسەبوو بوو .

وَلَقَدِ اخْتَرْنَاهُمْ عَلَى عِلْمٍ عَلَى الْعَالَمِينَ(٣٢)

بەڕاستی ئێمە بەنیئیسرائیلمان هەڵاوێردبوو بەسەر هەمووخەڵکیتری سەردەمیخۆیاناو ئەمانزانی شایانی ئەوەن هەڵیانوێرین .

وَآتَيْنَاهُم مِّنَ الْآيَاتِ مَا فِيهِ بَلَاءٌ مُّبِينٌ(٣٣)

ئەوەندەیشمان موعجیزە بە پێغەمبەرەکانیان و خێرو بەرەکەت بە خۆیان دابوو ، نان و نیعمەتێکی ئاشکرا ، یا تاقیکردنەوەیەکی دیار بوو بۆیان .

إِنَّ هَؤُلَاءِ لَيَقُولُونَ(٣٤)

بێ گومان کافرە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی قورەیش ئەڵێن :

إِنْ هِيَ إِلَّا مَوْتَتُنَا الْأُولَى وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ(٣٥)

لەم مردنی یەکەمەمان بەولاوە هیچ مردنێکی‌تر نییەو ئێمە هەرگیز زیندوو ناکرێینەوە .

فَأْتُوا بِآبَائِنَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ(٣٦)

ئێوە ، ئەی موحەممەدو ئەی ئەوانەی ئیمانتان پێ‌هێناوە ! ئەگەر ڕاست ئەکەن مردوو زیندوو کردنەوە هەیە ، باوباپیرانمانمان بۆ زیندوو کەنەوەو بیبانهێننە بەردەممان . ئەمەیش پاشماوەی قسەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە کە بە پێغەمبەریان وتووە .

أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ (٣٧)

ئاخۆ ئەم کافرانەی مەککە لەبارەی هێزو توانەوە چاکترن یا تاقمەکەی توببەعی یەمەنیو ئەوانەی پێش ئەوان بوون وەك کۆمەڵی عادو سەموود کە تەفروتونامان کردن ؟ ئەوانە بەڕاستی تاوانکار بوون .

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ(٣٨)

ئێمە ئاسمانو زەویو چی لەنێوانیانا هەیەمان بە گاڵتەو لەخۆڕایی دروست نەکردووە .

مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ(٣٩)

ئێمە ئاسمانەکانو زەویمان بە مەبەستی ڕاست نەبێ ، کە ناسینی خواو پەرستنیەتی ، دروست نەکردووە . بەڵام بەشی زۆری ئەم خەڵکە بەمە نازانن.

إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ(٤٠)

ڕۆژی لێك جوێكردنـەوەی ڕاستو چەوت كـە ڕۆژی قیامـەتـە ، وادەی بـەسەركـردنەوەی هـەموو ئەم خەڵكەیە كەهەركەسە حەقی خۆی ئەدرێتە دەست .

يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ(٤١)

ڕۆژی لێك جوێكردنەوەی ڕاستو چـەوت ڕۆژێكـە هیچ دۆستێ سوودی بۆ دۆستی خۆی نابێو كەسیان لەلایەن كەسەوە یارمەتی نادرێ .

إِلَّا مَن رَّحِمَ اللَّهُ إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(٤٢)

مەگەر كەسێ كە خوا میهرەبانیی لەگەڵ نواندبێ لـەبەرئەوەی كە خاوەن باوەڕ بووبێو لێی بووردبێو تكـای تكاكارانی لـەبـارەوە قوبووڵ كردبێ . بەڕاستی خوا خاوەن عیززەتو بەڕەحمو میهرەبانە .

إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ(٤٣)

بەڕاستی درەختی زەققووم ،

طَعَامُ الْأَثِيمِ(٤٤)

خۆراكی گوناهبارانە .

كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ(٤٥)

ئەو زەققوومە وەك تلّپی ڕۆن زەیتوون وایە لەناو سكا ئەكوڵێ .

كَغَلْيِ الْحَمِيمِ(٤٦)

وەك كوڵانی ئاوی گەرمی هاتووەكوڵ .

خُذُوهُ فَاعْتِلُوهُ إِلَى سَوَاءِ الْجَحِيمِ(٤٧)

بیگرنو توند بەكێشی كەن بۆناوەڕاستی دۆزەخ .

ثُمَّ صُبُّوا فَوْقَ رَأْسِهِ مِنْ عَذَابِ الْحَمِيمِ(٤٨)

پاشان ئاوی کوڵ بەکوڵ بکەن بەسەریا .

ذُقْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْكَرِيمُ(٤٩)

بۆ گاڵتە پێکردن و سەرکۆنەکردنیش پێی بڵێن : دەفەرموو بیخۆو بیچەژە ، تۆ بەڕاستی گەورەو خاوەن شان و شکۆی !

إِنَّ هَذَا مَا كُنتُمْ بِهِ تَمْتَرُونَ(٥٠)

بەڕاستی ئەمە ئەوەیە ئێوە کاتی خۆی گومانتان لێ هەبــوو و باوەڕتان پێ نەئەکرد.

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ(٥١)

بەڕاستی ئەوکەسانەی لە دنیادا لە خوا ترساون لە پایەو شوێنێکی وادان لە دەردو ئازار ئەمینن .

فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ(٥٢)

لە بەهەشتاو ، لەسەر سەرچاوەو کانیاون .

يَلْبَسُونَ مِنْ سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ(٥٣)

جلوبەرگی ئاوریشمی ناسك و ئەستوور لەبەرئەکەن و لە بەرانبەری یەکەوە دائەنیشن .

كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ(٥٤)

مەسەلەکە بەم جۆرەیەو حۆریی سپی ڕەنگ و چاوگــەورەیشیان لێ مارە ئەکەین و پێکەوە ئەیانکەین بە هاوجووتی یەك .

يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَاكِهَةٍ آمِنِينَ(٥٥)

لە بەهەشتا داوای هەر جۆرە میوەیەك ئــەکــەن کــە حەزی لێ بکەن و ، لە

هەموو مەترسییەك ئەمینن .

لاَ يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ إِلاَّ الْمَوْتَةَ الْأُولَى ووَقَاهُمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (٥٦)

مەرگ ناچێژن لە بەهەشتا لەو مەرگە بەولاوە کەیەکەمجار لە دنیادا چەشتوویانەو مردوون‌و ، پەروەردگاری خۆیان ئەیانپارێزێ لە ئاگری دۆزەخ .

فَضْلاً مِّن رَّبِّكَ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(٥٧)

ئەمە گشتی لە لوتف‌و کەرەمی خوای تۆوەیە لەگەڵیان‌و دەسکەوتی گەورەیش هەر ئەمەیە .

فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٥٨)

ئێمە ئەم قورئانەمان بە زمانی خۆت کە زمانی عەرەبییە بۆ ئاسان کردی‌و بە زمانێکی ترمان نەنارد کە نەیزانی‌و خەڵکەکە تێی نەگەن ، بەڵکو ئەمە خوایە بیرێ بکەنەوەو موسوڵمان بن‌و بێنە سەر ڕێی ڕاست .

فَارْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ(٥٩)

تۆ چاوەڕوان بە ئەوان چییان بەسەر دێ‌و ، ئەوانیش بەڕاستی چاوەڕوانن تۆ سەرەنجامی کارت چۆن ئەبێ .

سوورەتی (ألجاثیة)

مەککەیی‌یە ئایەتی ١٤ی نەبیٚو ٣٧ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حم(١)

خوا خۆی ئەزانیٚ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (٢)

هاتنە خوارەوەی ئەم کتێبە کە قورئانە لە خوای خاوەن عیززەتو حیکمەتەوەیە .

إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ(٣)

بەراستی ئاسمانەکانو زەوی نیشانەو بەڵگەی زۆریان لەسەر خوایەتیی خوا تیایە بۆ کەسانیٚ کە باوەڕیان بە خوا هەبیٚ .

وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِنْ دَابَّةٍ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ(٤)

لە دروستکردنی ئێوەو لەو گیانلەبەرانەدا کە خوا بڵاویان ئەکاتەوەو بەسەر زەویدا ئەگەڕێن نیشانەی زۆر هەیە لەسەر خوایەتیی خوا بۆ کەسانیٚ کە باوەڕێکی دامەزراوو متمانەداریان بە خوا هەبیٚ.

وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ(٥)

لە گۆڕانی شەوو ڕۆژا بە یەکترو هاتنی هەرکامیان لە جێی ئەویانو ، لەو ڕزقو ڕۆزییەدا کە خوا بەهۆی بارانەوە لە ئاسمانەوە دایئەبەزێنیٚو زەویی پاش مردنو وشکبوونەوەی پیٚ زیندوو ئەکاتەوەو سەوزی ئەکاو، لە گۆڕینی بادا کە هەرجارە لەلایەکەوە هەڵئەکا ،لە هەموو ئەمانەدا بەڵگەو نیشانەی

زۆری خوایەتیی خوا هەیە بۆ کەسانێ کە عەقڵو هۆشیان هەبێ.

تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ (٦)

ئەوانە ئایەتەکانی خوان بەڕاستی ئەیانخوێنینەوە بەسەرتا، ئیتر ئەوانە پاش خواو پاش ئایەتەکانی خوا بە چ قسەیەك باوەڕ ئەکەنو ئیمان دێنن ؟

وَيْلٌ لِكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (٧)

هاوار بۆ هەموو بۆختانکەرێکی گوناهبارکە..

يَسْمَعُ آيَاتِ اللَّهِ تُتْلَى عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَنْ لَمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٨)

گوێی لە ئایەتەکانی خوا ئەبێ ئەخوێنرێنەوە بەسەریاو لەگەڵ ئەوەیش لەسەر بێباوەڕیی خۆی سوور ئەبێو خۆی لەوە بە زلتر ئەزانێ کە باوەڕ بەخوا بکا وەك بڵێی ئەو ئایەتانەی بەرگوێ نەکەوتبن. دەسا مژدەی ئازارێکی سەختی بدەرێ.

وَإِذَا عَلِمَ مِنْ آيَاتِنَا شَيْئًا اتَّخَذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ (٩)

ئەگەر شتێ لە ئایەتەکانی ئێمەی پێ بگاو پێ بزانێ کە ئەوانە ئایەتی ئێمەن، ئەیانکا بە گاڵتەجاڕی خۆیو گاڵتەیان پێئەکا هەرچەند شتی وایشیان تیا نییە بۆ گاڵتە پێ کردن بشێ. ئەو جۆرە کەسانەی شتیوا ئەکەن سزایەکی وایان بۆ هەیە سووكو سەفیلیان ئەکا.

مِنْ وَرَائِهِمْ جَهَنَّمُ وَلَا يُغْنِي عَنْهُمْ مَا كَسَبُوا شَيْئًا وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠)

دۆزەخیان لە دواوەیەو هەرچییەکیان پەیدا کردووە هیچ سوودیان ناداو، هەرکەسێکیشیان لە خوا بەولاوە کردووە بە دۆستو پشتوپەنا بۆ خۆیان،

ئەوانەیش هیچ دادیان نادەن‌و ، سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە .

هَذَا هُدًى وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ(١١)

ئەم قورئانە مایەی هیدایەت‌و ڕێدەرکردنە بۆ ئەوانەی شوێنی ئەکەون‌و ، ئەوانەیش کە باوەڕ بە ئایەتەکانی خوای خۆیان ناکەن ئازاری سەختی سزایەکی زۆر توندو بەشیددەتیان بۆ هەیە .

اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(١٢)

خوا ئەو خوایە دەریای بۆ ڕام کردوون بۆئەوەی کەشتی بە فەرمانی خوا پیا بێن‌و بچن‌و لە بەخشندەیی و کەرەمی ئەو بۆخۆتان دەردەست بکەن‌و ، بەڵکو سوپاسی خوا بکەن .

وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ(١٣)

هەرچی لە ئاسمانەکان‌و لە زەویدا هەیە خوا هەمووی بۆ ڕام کردوون . ئەمە هەمووی لەوەوەیە‌و ، ئەم ئاسمان‌و زەوی بۆ ڕام کردنە نیشانەو بەڵگەی زۆری تیایە لەسەر گەورەیی ئەو بۆ هەر کۆمەڵە خەڵکێ کە بیربکەنەوە .

قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ(١٤)

بڵێ بەوانەی ئیمانیان هێناوە چاوپۆشی لەوانە بکەن کە چاوەڕوانی ڕۆژی قیامەت نین بۆئەوەی خوا جەزای هەر کۆمەڵە خەڵکێ بداتەوە بەگوێرەی ئەوەی لە دنیادا ئەیانکرد .

مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ

تُرْجَعُونَ(١٥)

هەرکەسێ کارێکی چاکی کردبێ بۆ خۆیی کردووەو سوودەکەی بۆ خۆیەتیو ، هەرکەسیش خراپەی کردبێ ئەو خراپەیەی دەرهەقی خۆی کردووەو ، پاشانیش هەمووتان بە چاکو خراپتانەوە ئەگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگاری خۆتان.

وَلَقَدْ آتَيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ(١٦)

بەڕاستی ئێمە تەوراتو حوکمڕانیو پێغەمبەرایەتیمان دا بە خێڵی بەنیئیسرائیلو ڕزقو ڕۆزیمان دانێ لە خۆراکی پاکو پەسەندو گەورەمان کردن بەسەر خەڵکانی سەردەمی خۆیانا.

وَآتَيْنَاهُم بَيِّنَاتٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ(١٧)

بەڵگەو دەلیلی ڕۆشنیشمان لەبارەی کاروباری ئایینو دنیایانەوە دانێو ئەوانیش تا زانیارییان لەبارەی ئەو کاروباری ئایینیو دنیاییانەوە بۆ نەهات ناکۆکییان تێنەکەوتو، ئەو ناکۆکی کەوتنە نێوانەیشیان لەبەر بەخیلی بەیەك بردنو دەسدرێژیکردنە سەر یەکیان بوو . بێگومان خوا لە ڕۆژی قیامەتا لەبارەی ئەوشتانەوە کە لە دنیادا تیایانا ناکۆك بوون ، بڕیاری خۆی لەبەینیانا ئەدا.

ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ(١٨)

جا پاش بەنی ئیسرائیل و بەسەرچوونی سەردەمی ئەوان ، ئێمە تۆمان لەسەر ڕێوشوێنێکی ڕاستی ئایین دانا . دەی شوێنی ئەو ڕێوشوێنە بکەوەو بیگرەبەرو دوای ئارەزووبازیی ئەوانە مەکەوە کە چاکو خراپیان پێ لێك ناکرێتەوە .

إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ (١٩)

بێگومان ئەوانە بەکەڵکی تۆ نایەن و ئەگەر خوا بییەوێ شتێکت لێ بکا بەفریات ناگەن و هیچیان لە بەرانبەری خوادا پێ ناکرێ و ، ستەمکاران دۆستو پشتو پەنای یەکترن و ، خوایش دۆستو پشتو پەنای ئەوانەیە خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

هَٰذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (٢٠)

ئەم باسانەی ئێمە بۆتیان ئەکەین مایەی چاوڕۆشنین بۆ ئادەمیزادو ، ڕێپیشاندان و ڕەحمەتن لە خواوە بۆ کەسانێ کە باوەڕیان بە پێغەمبەری خوا بێ .

أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (٢١)

ئایا ئەو کافرانەی کردەوەی خراپیان لە دنیادا کردووە بەهیوای ئەوەن وەك ئەوانەیان مامەڵە لەگەڵ بکەین کە ئیمانیان بووەو کردەوەی چاکیان کردووەو، ژیان و مەرگیان چون یەك بێ و ، وەك لە دنیادا بەخۆشی ڕایانبواردووە پاش مەرگیش ئازارو سزا نەبینن ؟ هەرگیز وا نابێ و، بەم بڕیاری هاوسانیی ژیان و مەرگ دانەی کافران بۆخۆیان بڕیارێکی نابارو ناپەسەند

ئەدەن.

وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَلِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ(٢٢)

خودا ئاسمانەکان و زەویی لەسەر ڕاگرتنی حەق دروست کردووەو بۆئەوەی دروست کردوون هەرکەسێ بەگوێرەی ئەوە جەزای بدرێتەوە کە لە دنیادا کردوویەتی و کەسیان ستەم و ناحەقیی لەگەڵ ناکرێ.

أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ(٢٣)

ئایا کەسێ ئارەزووی نەفسی خۆی بۆ خۆی کردبێ بە خوای خۆی و بەگوێرەی ئەوە بجوولێتەوە هەر وەك بڵێی بیپەرستێ و، خوا ئەوکەسەی بەو کردوەیەی گومڕا کردبێ، لەگەڵ ئەوەیشا کە زانیاریی داوەتێ چاك چییەو خراپ چییەو، خوا گوێچکەی و دڵی مۆرکردبێ و قسەیەکی چاك نەچێ بەگوێیاو نەیەت بەدڵیاو پەردەیەکی بەسەر چاویا هێنابێ هیچ بەدی نەکا، کەسێکی وا پاش ئەوە کە خوا وای لێ کرد، لە خوا بەولاوە کێ ئەتوانێ ڕێی ڕاستی پیشان بدا ؟ دەی ئاخۆ بیرناکەنەوە؟

وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ وَمَا لَهُمْ بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ(٢٤)

کافرەکان وتیان: لەژیانی ئەم دنیایەمان بەولاوە ژیانێکیتر نییەو پاش ئەم ژیانە ئەمرین و ژیان ئەبڕێتەوەو، لە چەرخ و گەردوون بەولاوە کەس نامانمرێنێ و هیچ زانیارییەکیشیان لەم بارەوە نییەو لەخۆیانەوە قسەئەکەن و

هەر بەخەیاڵو گومانی خۆیان وا ئەڵێن.

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَات مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلاَّ أَنْ قَالُواْ ائْتُواْ بِآبَائِنَا إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(٢٥)

کە ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیشیان بەسەردا ئەخوێنرێتەوە، هیچ بەڵگەیەك شك نابەن بۆ لەڕووداوەستان و بەرپەرچدانەوەی لەوە زیاتر کەئەڵێن: ئەگەر ڕاست ئەکەن و قسەی ئێوەیە دەی برۆن باوك و باپیرانمان بۆ زیندوو بکەنەوەو بیانهێنن بۆمان.

قُلِ اللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْبَ فِيهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ(٢٦)

تۆیش لە وەڵامیانا پێیان بڵێ: خوایە کەوا ئێوە لە نەبوون دروست ئەکاو گیان ئەکا بەبەرتاناو پاشانیش ئەتانمرێنێو پاشتریش کۆتان ئەکاتەوەو ڕاپێچتان ئەکا بۆ حیسابو کیتابی ڕۆژی قیامەت کە هیچ گومانی تیا نییەو دێ، بەلام بەشی زۆری ئەم خەڵکە نەزانن و ئاگایان لەمە نییە .

وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ(٢٧)

مۆڵکی ئاسمانەکان و زەوی هیی خوایەو ئەوڕۆژەی کە قیامەت بەرپا ئەبێو وادەی لێپرسینەوەو بەسەرکردنەوە دێ، بەتاڵکاران و بێباوەڕان ئەو ڕۆژە ئەیدۆڕێنن و زەرەرمەند ئەبن.

وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٢٨)

لەوڕۆژەدا ئەبینی پەیڕەوانی هەر ئایینێ بۆخۆیان کۆبوونەتەوە،

بۆ لێپرسینەوە . پەیڕەوانی هەر ئایینێ بانگ ئەکرێن بۆسەر نامەو دەفتەری کردەوەی دنیایان. لەوڕۆژەدا پێیان ئەوترێ: ئەمڕۆ جەزای کردەوەی چاكو خراپی دنیاتان ئەدرێتەوەو بە پاداش و سزای خۆتان ئەگەن.

هَـذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُمْ بِالْحَـقِّ إِنَّـا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَـا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٢٩)

پێیان ئەوترێ: ئەمە ئەو دەفتەرەیە کە ئێمە بـۆ کردەوەی هەر یەکێك لـە ئێوەمـان ڕاگرتووە ، بـەڕاستی قسەئـەکاو سیاهەی کردوەی خۆتانتان بـەسەرا ئـەخوێنێتەوە . ئێوە هەرچیتان لە دنیادا ئەکرد ئێمە ڕوونووسمان ئەکردو لای خۆمان ئەماننووسی کە فلانە کردەوەتان کردووە چاك یا خراپ ، بۆئەوەی پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا بەپێیئەوە مامەڵەتان لەگەڵ بکرێ .

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ(٣٠)

جا ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە ، خوای خۆیان ئەیانخاتە بەر ڕەحمەتی خۆیو، دەسکەوتی ئاشکراو مەزنیش بۆ ئـادەمیزاد هەر ئەوەیە.

وَأَمَّا الَّذِيـنَ كَفَرُوا أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنـتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ(٣١)

ئەوانەیش کەوا کافر بـوونو بـاوەڕیـان بـە خـوای خۆیان نەبوو ،پێیان ئەوترێ: ئەوە نەبوو ئایەتەکانی ئێمەتـان بـەسەرا ئـەخوێنرانەوەو ئێوەیش خۆتان بە زل ئەزانیو نەئەچوون بە گوێتاناو کۆمەڵێکی تاوانبار بوون؟

وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِي مَـا

السَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلاَّ ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ(٣٢)

کە پێیشتان بوترایە: گفتی خوا ڕاستەو قیامـــەت دێو گومانی تیا نییە، ئەتانوت: ئێمە نازانین قیامەت چییەو تـــەنها خـــەیاڵو گومانی ڕووتەو لەوە بەولاوە نییەو، ئێمە لەوە دڵنیا نین کە بەڕاستی قیامەت دێ.

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون(٣٣)

جا وا خراپیی کردەوەی خۆیانیان بۆ دەرکەوتو، ئەوی بە درۆیان ئەزانیو گاڵتەیان پێ‌ئەکرد بۆیان ئیسپات بوو و بەڕاستی هاتە پێش چاویان.

وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاء يَوْمِكُمْ هَذَا وَمَأْوَاكُـمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ(٣٤)

پێیان ئەوترێ: ئێمەیش ئێوە فەرامۆش ئەکەین وەك چۆن ئێوە گـــەیشتن بەم ڕۆژەی خۆتانتان فەرامۆش کردو لەیادی خۆتانتان بردەوە. مـــەڵبەنـــدو ماوای ئێوە ئاگری دۆزەخەو کەسێکتان نییە یارمەتیتان بدا.

ذَلِكُـمْ بِأَنَّكُـمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ لاَ يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلاَ هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ(٣٥)

ئەمەیش بەهۆی ئەوەوەیە ئایەتەکانی خواتان کردبـــوو بـــە گـــاڵتەجاڕی خۆتانو گاڵتەتان پێ‌ئەکردنو ژیانی دنیا لە خۆتانی بایی کردبـــوون. دەی کەواتە ئەمڕۆ لە ئاگری دۆزەخ دەرناکرێنە دەرەوەو داوایان لێ ناکرێ خوای خۆیان ڕازی بکەن چونکە تازە کاتی خوا ڕازیکردن بەسەرچووە.

فَلِلَّهِ الْحَمْدُ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَرَبِّ الْأَرْضِ رَبِّ الْعَالَمِينَ(٣٦)

کەواتە حەمدو سەنا هەر بۆ خوای پـــەروەردگاری ئاسمانەکانو زەوییە کە خوای هەموو جیهانەکانە.

وَلَهُ الْكِبْرِيَاءُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٣٧)

گەورەیی‌و پایەبڵندی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەر بۆ خوایەو هــەر ئەوە خاوەنی عیززەت‌و حیکمەتە.

جوزئی بیستوشەشەم

سوورەتی (ألاحقاف)

مەککەیی‌یە ئایەتی ١٠و ١٥و ٣٥ی نەبێ و ، ٣٥ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەیە چییە .

تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (٢)

هاتنە خوارەوەی ئەم کتێبە کە قورئانە لەلایەن خوای خـــاوەن عیززەت و حیکمەتەوەیە .

مَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَــا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُسَمًّى وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنْذِرُوا مُعْرِضُونَ (٣)

ئێمە ئاسمانەکان و زەوی‌و نێوانیانمان لـــەسەر حـــەق و ڕاستی‌و لـــەسەر وادەیێکی دیاری نەبێ دروست نەکردووەو ، ئەوکەسانەیش کـــە کـــافـــرن و ئینکاری خواو پێغەمبەری خوا ئەکەن خۆیان لائەدەن لەوەی ترسێنراون لێی کە سزای ڕۆژی قیامەتەو ، بیری لێ ناکەنەوە .

قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّنْ قَبْلِ هَذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٤)

تۆ ، ئەی موحەممەد ، بەو کافرانە بڵێ : ئا خەبەرم بدەنێ ئـــەوەی کە ئێوە بانگیان لێ ئەکەن و ئەیانپەرستن لە غەیری خوا ، هیچ شتێکیان لە بـــەشەکانی زەوی دروست کردووە ، یا هیچ بەشدارییەکیان لە ئاسمانا هەیە ؟ ئـــا کتێبێکم

بۆ بێنن بەر لەم قورئانە هاتبێتە خوارەوە یا پاشماوەیەکی زانستی پێشینانم پیشان بدەن ئەم مەسەلەیەی تیابێ، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُواْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَن لاَّ يَسْتَجِيبُ لَـهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ(٥)

کێیە ئەوەی گومڕاترە لەوکەسەی هاوار ناکاتە خواو هاوار ئەکاتە بتێ یا کەسێ کە بەدەنگیەوە نایەتو وەلامی ناداتەوە ئەگەر هەر لەئێستاوە تا ڕۆژی قیامەت هاواری لێ بکاو بانگی بکا چونکە هیچی پێ ناکرێو دەسەلاتی هیچی نییەو ، ئەو بانگو هاوار لێکراوانە تەنانەت لە بانگ کردنو هاوار لێکردنەکەی ئەمانیش بێئاگان ؟

وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ(٦)

کە ئادەمیزادیش کۆئەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوەی کاری دنیایان ، ئەم بانگو هاوار لێکراوانە ئەبن بە دوژمن بۆیانو بەدرۆیان ئەخەنەوە لەوەدا کە پەرستبنیانو دێنە دەنگو ئەڵێن : ئێمە کەی بۆ ئەوە شیاوین کەس بمانپەرستێ؟

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ(٧)

کە ئایەتەکانی ئێمەیشیان بەسەرا بخوێنرێتەوە کە ڕووناکو دیارن، ئەو کافرانە بەرانبەر بەو قورئانە حەقو ڕاستەی خوا کە هاتووەتە سەریان ئەڵێن: ئەمە جادوویەکی ئاشکراو ڕوونە.

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَلاَ تَمْلِكُونَ لِي مِنَ اللهِ شَيْئاً هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ كَفَى بِهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(٨)

بەڵکو ئەڵێن: موحەممەد خۆی بەدرۆ هەڵیبەستووە. تۆیش لە وەلامیانا

بلّێ: ئەگەر من هەڵمبەستبێ‌و خوا لەسەر ئەوە سزام بدا ، خۆ ئێوە خاوەنی هیچ دەسەلاتێ نین لەئاستی خوادا بۆ مـــن . خوا خۆی لە هەمووکەس باشتر ئەزانێ ئێوە خۆتان نوقمی چ لێشاوێکی درۆو دەلەسە کـــردووە. خوا خۆی بەسە بۆ ئاگاداری لە ئەحواڵ لەنێوان من‌و ئێوەداو هەر خـوا خۆی بەخشندەو بەرەحمە.

قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِّنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلاَ بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ وَمَا أَنَا إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٩)

تۆ، ئەی موحەممەد ، بەو کافرانە بلّێ : مـــن شتێکی تازە بابەت نیم لەناو پێغەمبەرانا بۆ شتێکتان بانگ بکەم کــە پێغەمبەرانی پێش خۆم خەڵکیان بۆ ئەو شتە بانگ نەکردبێ ، یەکێکی هــــەروەك ئەوانم. ئیددیعای زانینی عیلمی غەیب ناکەم‌و نازانم چیم لێ ئـــەکـرێ‌و چییش لە ئێوە ئەکرێ ، شوێنی هیچ ناکەوم ئەوە نەبێ کە بە وەحی لــە خواوە بۆم دێ‌و ، لە ترسێنەرێکی ئاشکراو ڕوون زیاتر نیم .

قُـــلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كَـــانَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَكَفَرْتُمْ بِهِ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى مِثْلِهِ فَآمَنَ وَاسْتَكْبَرْتُمْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (١٠)

تۆ ، ئەی موحەممەد، بەو کافرانە بلّێ : پێم بلّێن ئەگەر ئەمەی من بەئێوەی ڕائەگەیەنم کە قورئانـــە لە خواوە بێ‌و ئێوە ئینکارتان کرد کە لە خواوە بێ‌و شایەتێکی بەنی ئیسرائیلی ڕاست بووەوە شایەتی لەسەر وێنەی ئەم قورئانە دا کە ئەو بابەتانەی تەوراتی مووسان کە لەگەڵ قورئانا وەك یەکن‌و لەمەوە گەیشتە ئەو ئەنجامە کە قورئانیش لە خواوەیەو ئیمانی پێهێنا کەچی ئێوە هەر لووت

بەرزی بنوێنن و ئیمان نەهێنن، ئەنجامەکەی چی ئەبێ لەوە زیاتر کە ئێوە شوێنی ڕاستی ناکەون و خوایش هیدایەتی کۆمەڵە خەڵکێ نادا کە ستەمکار بن .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَا إِلَيْهِ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا بِهِ فَسَيَقُولُونَ هَذَا إِفْكٌ قَدِيمٌ (١١)

کافرەکان بە موسوڵمانان ئەڵێن : ئەگەر ئەو موسوڵمان بوون و ئیمان هێنانەیان شتێکی چاك بوایە پێشمان نەئەکەوتن تیایا . ئێستایش کە هیدایەتی ئەم موسوڵمان بوونەیان دەسگیر نەبوو ، ئەڵێن ئەم قورئانە بۆختانێکی کۆنە .

وَمِن قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إِمَامًا وَرَحْمَةً وَهَذَا كِتَابٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَبُشْرَى لِلْمُحْسِنِينَ (١٢)

لە پێش ئەم قورئانەیش تەوراتی کتێبی مووسا پێشەوا بوو بۆ خەڵك و ڕەحمەتی خوا بوو بۆیان . ئەم قورئانەیش کتێبێکی بە زمانی عەرەبی هاتووەو باوەڕ بە ڕاستیی تەورات ئەکاو بۆئەوە هاتووە ستەمکاران بتۆقێنێ و مژدەی دوارۆژی چاکیش بێ بۆ ئەوانەی چاکە ئەکەن .

إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (١٣)

بێگومان ئەوکەسانەی باوەڕیان هەیەو ئەڵێن خوای تاك و تەنیا پەروەردگارمانەو پاشانیش بەردەوام بوون لەسەر ئەم باوەڕەی خۆیان و پاشگەز نەبوونەتەوە لێی ، ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتا ترسیان لەسەر نییەو خەم و خەفەت ناخۆن چونکە ناخۆشییان نایەتەڕێ و کارێکی ئەوتۆیان لە مەیدانی بیروباوەڕا نەکردووە لێی پەشیمان بن.

أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٤)

ئەوانە خاوەنی بەهەشتن‌و بـــۆ هـــەمیشە تیایا ئەمێننەوە لە پاداشی ئەو کردەوە باشانەیانا کە ئەیانکردن لە دنیادا.

وَوَصَّيْنَا الإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلاثُونَ شَهْرًا حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِيـــنَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ(١٥)

ئامۆژگاریی ئادەمیزادمان کردووەو ڕامان سپاردووە کە چاکە بکا لەگەڵ باوك‌و دایکی: دایکی تۆ مانگ لە ناوسکیا بە دەردوئازارەوە هەڵیگرتووەو بە دەردو ئازاریشەوە لێی بووەتەوەو بوویـــەتی . هـــەڵگرتنی لـــەسکیداو لە شیربڕانەوەی سیی مانگی ڕەبەق ئەخایەنێ . کاتێ ئەگـــاتـــە تەمەنی هەرە بەهێزی‌و عومری ئەبێ بە چل ساڵ ئەو کاتە وای‌لی‌دێ بیری بکاتـــەوەو قەدری ئەو ڕەنج‌و مەینەتە بزانێ کە دایك‌و باوکی پێیانەوە کێشـــاوە . ئـــەوکـــاتە ڕووئەکاتە خواو ئەڵێ: خوایە وام لێ‌بکە سوپاسی ئـــەو نیعمـــەت‌و خێرو بەرەکەتەت بکەم کە داوتمی‌و بـــە بـــاوك‌و دایکـــمت داوەو توانی ئەوەم بۆ برەخسێنە کارێکی چاکی‌وا بکەم تۆ لێی ڕازی‌بی‌و نەوەم بکە بە نـــەوەیەکی چاك‌و خواپەرست‌و خزمەتگوزارو وا من پەشیمان بوومـــەوە لە هەر خراپەیێ کردبێـتم‌و گەڕامەوە بۆ لای تۆو من لە موسوڵمانانم.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُواْ وَنَتَجَـاوَزُ عَنْ سَيِّئَاتِهِمْ فِي أَصْحَابِ الْجَنَّةِ وَعْدَ الصِّدْقِ الَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ(١٦)

ئەوانەن ئەوکەسانەی باشترین کردەوەکـــانیان لێ وەرئەگرین‌و لە خراپەو

کەموکورتییان خۆش ئەبین و لەناو ئەهلی بەهەشتیانـــا دائەنێین بەپێی ئەو گفتە ڕاستەی لە دنیادا گفتیان پێ ئەدرا .

وَالَّذِي قَالَ لِوَالِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَا أَتَعِدَانِنِي أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ الْقُرُونُ مِنْ قَبْلِي وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ اللَّهَ وَيْلَكَ آمِنْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ(١٧)

ئەوکەسەی کەوا بە باوکو دایکی خۆی ئەوت : هـــاوار لـــە عەقڵی ئێوە ! وەعدەی ئەوەم ئەدەنێ کەوا لەو دنیا زیندوو ببمەوەو لە گـــۆڕ بێمە دەرەوە، کەچی چەندین سەدە لەپێش منــەوە خـــەڵك مـــردوون و کـــەسیان زیندوو نەبوەتەوە ، واتە: شتیوا چۆن ئەبێ ؟ باوکو دایکیشی لە خوا ئەپاڕانەوە کە بیخاتە سەر ڕێی ڕاستو ، پێیان ئەوت: هەتیو ، بەدبەخـــت ! ئیمـــان بێنەو با بەسی بێ کوفرکردن ! ئـــەو گفتەی خـــوا داویـــە ڕاســـتەو دێتـــەدی. ئەویش لەجیاتیی ئەوەی تۆبە بکـــاو پـــاشگـــەز ببێتەوە لەو کوفرکردنانەی، ئەیوت: ئەمەی ئێوە ئەیڵێن لە ئەفسانەو پڕوپووچی پێشینان بەولاوە نییە .

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ(١٨)

ئەم کابراو کەسانی وەك ئەم کەسانێکن ئەو بڕیارەی خوایان تیا جێبەجێ ئەکرێ کە لە گەڵ ئوممەتی پێش ئەوانیشا جێبەجێ ئـــەکرێ لـــە جنۆکـــەو ئادەمیزاد کە ئەوەتە دۆزەخیان لێ ئەئاخنرێ. ئەمانە کەسانێك بوون هەر لە سەرەتاوە دۆڕاندبوویان و زەرەرمەند بووبوون .

وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُوا وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَالَهُمْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ(١٩)

بۆ هەر تاقمێ لەمانە ، موسوڵمانیان و کافریان ، پلەو پایەی خۆیان هەیە لە

پاداش و سزا لە بەرانبەر ئەو کردەوە چاك یـــا خــراپـــانەدا کە کردوویانن و هەرکەسە خوا هەقی خۆی ئەداتە دەست و کەسیان ستەمی لێ ناکرێ.

وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى النَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُـمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَـا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُـونِ بِمَـا كُنْتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنْتُمْ تَفْسُقُونَ(٢٠)

بیر لەو ڕۆژە بکەنەوە کە کافران ئەبرێنە بەر ئاگـــری دۆزەخ و پیشانی ئەو ئاگرە ئەدرێن و پێیان ئەوترێ : ئێوە نازو نیعمەتی خۆتانتان هەر لە ژیانی دنیاتانا بۆ خۆتان بردو لەزەتتان لێ وەگرت . ئەمڕۆ ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچووە . دەی سزای خۆتـان وەرگرن کە مایەی سـەر شۆڕی و سەفیلیتانە ، بـــەهۆی ئەوەوە کە لە دنیادا خۆتان بە ناحەق بە زل ئەزانی و فەرمانی خواتان بەجێ نەئەهێناو لەئەستۆتان نەئەگرت.

وَاذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنْذَرَ قَوْمَهُ بِالْأَحْقَافِ وَقَدْ خَلَتِ النُّذُرُ مِـنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ أَلَّا تَعْبُدُواْ إِلَّا اللَّهَ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَـذَابَ يَـوْمٍ عَظِيمٍ(٢١)

باسی هوودی برای خێڵی عـــاد بکە کە خێڵەکەی خۆی لە وڵاتی ئەحقاف ترساندو بەر لەویش و لە سەردەمی ئەویشا پێغەمبەرانی‌تر بەسەرچووبوون و هەمان پەیامیان بە خەڵکەکاندا ڕاگەیاندبوو ،باسی هوود بکە کە بە خێڵەکەی خۆیی وت : لە خـوا بـەولاوە کەسی‌تر مەپەرستن، من ترسی سزای ڕۆژێکی سەختم بۆ ئێوە هەیە کە داتانپلۆسێ و کەس بەفریاتان نەگا .

قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ آلِهَتِنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ(٢٢)

ئەوانیش لەجیاتیی ئەوەی گوێی بۆ شل بکەن و بە فەرمانی بجوولێنەوە : وایان وەلاّم دایەوە پێیان وت: ئایا تۆ هاتووی بۆلامان بۆئەوەی لە خواکانی خۆمانمان هەڵبگێڕیتەوە، دەی سا ئەو سزایەمان بۆ بهێنە کە ئەڵێی بۆمان دێ ئەگەر لە ڕاستگۆیانی.

قَالَ إِنَّمَا الْعِلْمُ عِندَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِ وَلَكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ(٢٣)

هوودیش پێی وتن : خوا خۆی ئەزانێ کەی ئەو سزایەتان بۆ دێ، من هیچی لێ نازانم. کاری من ئەوەیە ئەو پەیامەی خوا پیایا ناردووم پێتان بگەیەنم و، من بە خێڵێکی نەفام و نەزانتان ئەزانم.

فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ(٢٤)

جا کە غەزەبەکەی خوایان دی لە شێوەی پەڵەهەورێکا هاتبوو ڕووی کردبوە چەم و شیوەکانیان کە کشتوکاڵیان تیایانا ئەکردو ئاژەڵیان تیایانا ئەلەوەڕاند، وتیان : ئەمە هەورێکە هاتووە بارانمان بۆ ببارێنێ. نەخێر هەورێ نییە هاتبێ بارانتان بۆ ببارێنێ . ئەو غەزەبەی خوایە کە پەلەپەلتان بوو هەر ئەتانوت: بۆ نەهات ؟ بایەکە سزایەکی سەختی بەدەمەوەیە بۆتان.

تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لَا يُرَى إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ(٢٥)

بەسەر هەر شتێکا هەڵکا بە فەرمانی خوای خۆی وێرانی ئەکاو، هات بەسەریاناو بەجۆرێ بەربادو تەفروتوونای کردن وایان لێهات لە خانووەکانیان بەولاوە هیچیان بەرچاوی کەس نەئەکەوت. ئێمە سزای خێڵی

تاوانباران به‌م جۆره ئه‌ده‌ینه‌وه.

وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا إِن مَّكَّنَّاكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَارًا وَأَفْئِدَةً فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلاَ أَبْصَارُهُمْ وَلاَ أَفْئِدَتُهُم مِّنْ شَيْءٍ إِذْ كَانُواْ يَجْحَدُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ(٢٦)

ئێمه به‌ڕاستی ئه‌و خێڵی عاده‌مان بـه‌جـۆرێ دامه‌زراندبوو و پایه‌و مایه‌و هێزو سامانمان دابوونێ ، وه‌زعی‌وامان بۆ ئێوه نه‌لواندووه‌و، گوێچکه‌و چاوو دڵمان دابوونێ پێیان ببینن‌و بیربکه‌نه‌وه‌و تێبگه‌ن ، که‌چی نه گوێیان‌و نه چاویان‌و نـه دڵیـان سوودی هیچیـان نـه‌بـوو بۆیـان چـونکـه ئینکـاری ئایه‌ته‌کانی خوایان ئه‌کردو ، ئه‌گه‌ر سوودیان ببوابه ئینکاریان نه‌ئه‌کردن . له‌به‌رئه‌وه ئه‌و شته‌ی گاڵته‌یان پیێ‌ئه‌کرد که عه‌زابی خوا بوو، هات به‌سه‌ریانا.

وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ الْقُرَى وَصَرَّفْنَا الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٢٧)

به‌ڕاستی ئێمه ئه‌و دێهاتانه‌مان به‌رباد کرد که به ده‌وروبه‌ری ئێوه‌دان ،ئه‌ی خه‌ڵکی مه‌ککه‌و ، چه‌ندین نیشانه‌ی غه‌زه‌ب‌و تووڕه‌یی خۆمانمان پیشان دان به‌ڵکو له‌و ڕه‌وشته‌یان په‌شیمان ببنه‌وه‌و بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای خوا.

فَلَوْلاَ نَصَرَهُمُ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ مِن دُونِ اللَّهِ قُرْبَانًا آلِهَةً بَلْ ضَلُّواْ عَنْهُمْ وَذَلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ(٢٨)

ده‌ی بۆ ئه‌و بتانه‌ی ئه‌و کافرانه له خوار خواوه کردبوونیان به خوای خۆیان به مه‌به‌ستی نزیکبوونه‌وه له خوا به‌هۆی ئه‌وانه‌وه ، بۆ یارمه‌تییان نه‌دان‌و به‌فریایان نه‌گه‌یشتن ؟ به‌ڵکو ون بوون لێیان‌و ، ئه‌وه‌یش بوختانه‌که‌یان بوو و ئه‌و بوختانه بوو که ئه‌یانکرد .

وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُواْ أَنصِتُواْ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْاْ إِلَى قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ(٢٩)

باسی ئەوەیش بکە کە چەنـــد کـەسێکمان لە جنۆکە بادایەوە بەلای تۆدا هاتبوون گوێ بۆ خوێندنی قـورئان شل بکەن . کاتێ هاتنە مەجلیسی قورئان خوێندنەکەوە بەیەکتریـان وت : بێدەنگ بن و گوێ شل کەن با ببیسین. کە قورئان خوێندنەکە بڕایەوە، گەڕانەوە بۆ ناو خێڵەکەی خۆیان بۆ ترساندنیان لە موسوڵمان نەبوون و بێفەرمانیی خوا.

قَالُوا يَاقَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنزِلَ مِن بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ(٣٠)

بە خێڵەکەی خۆیانیان وت : ئەی عەشرەتەکەمان ! بەڕاستی ئێمە گوێمان لە خوێندنەوەی کتێبێك بوو پاش سەردەمی مووسا هاتووەتەخوارو هەرچی کتێبێ لەپێش خۆیا نازڵ بـــووە بۆسەر هەر پێغەمبەرێ ئەم باوەڕی پێئەکاو خەڵك ڕێنمایی ئـــەکـــا بـــۆ ڕاستیو بۆ ڕێگایەکی ڕاست کە ڕێگای خوا بەیەك زانینە.

يَاقَوْمَنَا أَجِيبُواْ دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُواْ بِهِ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ(٣١)

ئەی خێڵەکەی خۆمان! بەدەم بانگەوازی خواوە بڕۆن و ئیمانی پێ بهێنن با ئەویش لە گوناهەکانتان خۆش ببێ و لە سزایەکی پڕ ئێش و ئازار پەناتان بدا.

وَمَــن لاَّ يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِــن دُونِهِ أَولِيَاءُ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٣٢)

هەرکەسێکیش بەدەم بانگەوازی خواوە نەچێ و گوێی بۆ شــل نــەکا ، خۆ

ناتوانێ خوا بێدەسەلآت بکا لەم سەرزەوییەداو ، کەسیش شك نابا پشتو پەنای بێ ئەگەر خوا خۆی پشتو پەنای نەبێ. ئەوانە کـــە گوێ بۆ بانگەوازی خوا شل ناکەن لە گومڕاهییەکی ئاشکراو دیاردان .

أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى بَلَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٣٣)

ئایا ئەمانە نابینن کەوا ئەو خوایەی ئاسمانەکانو زەویی دروست کردووەو بە دروست کردنیانەوە ماندوو نەبوە ، ئەیشتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە ؟ بـــەڵێ وەڵـلآ ، ئـــەتوانێ زیندووی بکاتـــەوەو بـــەڕاستی ئـــەو دەسەلآتی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکێ.

وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى النَّارِ أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ قَالُـــواْ بَلَى وَرَبِّنَا قَالَ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ(٣٤)

باسی ئەوڕۆژەیش بکە کە کافرەکان ئەبرێنە سەر ئاگری دۆزەخو پیشانیان ئەدرێ کە ئاگرێوا بۆ کـــافـــران ئامادە کراوە لەو دنیاداو پێیان ئەوترێ : ئەم ئاگرە ڕاست نییە ؟ ئەوانیش ئەڵێن : بەڵێ وەڵلآ ، ڕاستە . خوایش ئەوجا پێیان ئەڵێ : دە کەواتە بەرانبەر بەوەی لە دنیادا کفرتان ئەکرد سزاو عەزابی دۆزەخ بۆخۆتان بچێژن.

فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ الْعَزْمِ مِنَ الـــرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُواْ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ بَلَاغٌ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الْفَاسِقُونَ(٣٥)

کەواتە تۆ ، ئەی موحەممەد ! خۆت ڕاگرە لەسەر دەردو ئازاری ئەم کافرانە وەك چۆن پێغەمبەرە ئولولعەزمە دڵقایمەکـــانیتـــر خۆیان ڕاگرتو ، پەلەی

هاتنی سزای خوایان بۆ مەکە ، بێگومان ئەو سزایە سەرەنجام هەر دێتە سەریان . ئەو ڕۆژەی کە ئەو سزایەی وەعدەیان پێدراوە بێتە سەریان ، بە چاوی خۆیان ئەبینن ، لەبەر ناڕەحەتی‌و سەختیی ئەو سزایە وائەزانن سەعاتە وەختێ نەبێ لە جیهانا نەماونەتەوەو نەژیاون . ئەمەی پێتان ڕائەگەیێنم تەبلیغێکە لەخواوە پێتانی‌ڕائەگەیێنم . جا ئاخۆ لە کۆمەڵی تاوانبارانی لە ڕێگا لاداو بەولاوە ، کەس بەرباد ئەکرێ ؟

سوورەتی (محمد)

مەدینەیی‌یە ئایەتی ١٣ی نەبێ و ، ٣٨ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ (١)

ئەوانەی کافر بوون و بەری خەڵکیان گرتووە لەوە کە بە ڕێگای خوادا بڕۆن کە ئایینی ئیسلامە ، ئەوانە هەر کردەوەیەکی باشیشیان کردبێ خوا بە فیڕۆی داوە ، چونکە کردەوەی چاکیش لەگەڵ کافریدا هیچ سوودێ نابەخشێ.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَآمَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَى مُحَمَّدٍ وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ (٢)

ئەوانەیش کە ئیمانیان هێناوە بە خواو کــردەوەی چاکــەیــان کردووەو ئیمانیان هێناوە بەو قورئانەی خوا ناردوویەتیە خــوارەوە بۆسەر موحەممەد کە ئەو قورئانەیش ڕاستەو لە خوای خۆیانەوە هاتووە ، ئەوانە خوا کردەوەی خراپیان بە ئیمانەکەیان دائەپۆشێ و حاڵیان باش ئەکا .

ذَلِكَ بِأَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ اتَّبَعُواْ الْبَاطِلَ وَأَنَّ الَّذِيــنَ آمَنُواْ اتَّبَعُواْ الْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَالَهُمْ (٣)

ئەمەیش بۆیە وایە ، واتە بۆیە کوفر کردەوەی چاکــە بێ‌مایە ئەکاو ، ئیمان خراپە دائەپۆشێ ، چونکە ئەوانەی کافرن شوێنی شتی هیچوپووچ کەوتوون و ئەوانەی ئیمانیان هێناوە پــەیــڕەوییان لــە ڕاستی کردووە کە لەلای خواوە هاتووە. خوا ئاوەها نموونە بۆ خەڵك ئــەهێنێتەوە لە حاڵ و وەزعی خۆیان کە تاقمێ کافرو تاقمێ موسوڵمانن .

فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّواْ

الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ (٤)

جا کاتیّ کە لەگەلّ کافران لە جەنگا ڕووبەڕوو بوونەوەو بەیەك گەیشتن لە گەردنیان بدەن تا کاتیّ کە زۆرتان لیّ کوشتن‌و بەزاندتانن‌و ماوەکانیانتان بەدیل گرت توند بیانبەستنەوە بۆئەوەی ڕانەکەن ، جا دوای بڕانەوەی جەنگەکە یا بە پیاوەتی بەرەڵلآیان ئەکەن‌و منەتیان ئەنێنە سەر یا ئەیانگۆڕنەوە بە دیلی خۆتان لای ئەوان‌و ئەوانەی خۆتانیان لای ئەوان پیّ ئازاد ئەکەن . ڕێگای مامەڵە لەنێوان موسوڵمانان‌و کافرانا وایە تا ئەوڕۆژەی جەنگ بەیەگجاری ئەبڕێتەوەو باری قورسی خۆی لەکۆلّ دائەگریّو کەس لەم جیهانەدا نامێنیّ دوو جۆر نەبیّ یا موسوڵمان یا کافری ئاشتیخوازو جەنگ نەکەر . ئەگەر خودا مەیلی لیّ بوایە موحتاجی ئەوەی نەئەکردن بچنە جەنگەوە لەگەلّ کافران‌و هەر بۆخۆی حەقی لیّ ئەسەندن‌و بەربادی ئەکردن ، بەلآم مەیلی وا نییەو ئەیەویّ هەندێکتان بە هەندێکتان واتە موسوڵمانان بە کافران تاقی‌بکاتەوەو دەرکەویّ ئاخۆ تاقەت‌و توانی ئەوەیان هەیە لە ڕێی خوادا بچن بۆ غەزاو لە ڕێگای ئایینی ئیسلاما گیانی خۆیان بەخت بکەن‌و ، ئەوانەی لە ڕێگای خوادا کوژراون خوا قەت کردەوەکانیان بەفیڕۆ ناداو بیّ‌مایەی دەرناکا .

سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ (٥)

خوا ڕێگای دەرگای بەهەشتیان پیشان ئەداو کاروباریان بۆ چاك ئەکا .

وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ (٦)

ئەیشیانخاتە ناو بەهەشتەوەو بۆیشی باس کردوون کەوا بەهەشت چۆنە.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِن تَنصُرُواْ اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ(٧)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ئەگەر ئێوە یارمەتیی خوا بدەن ، خوایش یارمەتیی ئێوە ئەداو پێتان لە مەیدانی غەزادا لەدژی کافران قایم ئەکاو ئەچەسپێنێ.

وَالَّذِينَ كَفَرُواْ فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ(٨)

ئەوکەسانەیش کە کافرن ئەوە ئازارو زەحمەت بەشیان بێو خوا کردەوەیان بە هیچوپووچ دەرکا .

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُواْ مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ(٩)

ئەمەیش لەبەرئەوەیە خۆشیان لەو کتێبانە نایەت کە خوا لە ئاسمانەوە ناردوونیەتە خوارەوەو ، خوایش لەبەرئەوە ڕەنج بەخەسارو مایەپووچی دەرکردوون.

أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا (١٠)

ئایا ئەمانە نەگەڕاون بە زەویدا بۆئەوە سەیرکەن سەرەنجامی ئەوکەسانە چۆن بووە کە لەپێش ئەوانا بوون؟ خواماڵەکانیانی بەسەرا کاول کردنو ، بۆ کافرانی لە چەشنی ئەوانیش کە لەم چەرخەدا هەن چەند قاتێ لە وێنەی ئەو ماڵوێرانییە هەیە .

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَأَنَّ الْكَافِرِينَ لاَ مَوْلَى لَهُمْ(١١)

ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە خوا پشت وپەناو یارمەتیدەری ئەوانەیە کە ئیمانیان هێناوەو کاری چاکیان کردووەو ، کافرانیش کەس دۆستو

پشتوپەناو یارمەتیدەریان نییە .

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ(١٢)

ئەوکەسانەی کەوا ئیمانیان هێناوەو کاری چاکیان کردووە ، خوا ئەیانخاتە بەهەشتیەواوە جۆگەوڕووباری سافی لەبنەوە ئەڕواو ، ئەوانەیش کە کافرن ڕائەبوێرنو وەك چوارپێ بۆخۆیان ئەلەوەڕێنو سەرەنجامیش ئاگری دۆزەخ ماواو مەنزڵیانە .

وَكَأَيِّن مِّنْ قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّنْ قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ(١٣)

زۆر ئاوەدانیىوا هەبوون لە ئاوەدانییەکەی تۆ بەهێزتر بوون کە بوو بە مایەی دەرکردنت لە مەککەو کۆچکردنت بۆ مەدینە ، هەموومان بەرباد کردنو کەس یارمەتیدەریان نەبوو و بەفریایانا نەگەیشت.

أَفَمَنْ كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِ كَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ(١٤)

ئایا کەسێ کە بەڵگەو دەلیلی ڕوونی لە خوای خۆیەوە بەدەستەوە بێ وەك کەسێ وایە کردەوەی ناشیرینی خۆی لە پێش چاو جوان کرابێو شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆی کەوتبێ؟

مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِّن مَّاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ

خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ(١٥)

نموونەی ئەو بەهەشتەی گفتی بەوانە پێ دراوە کە خۆیان لە کوفرو گوناه نەپارێزن ، ئەوەیە جۆگەو ڕووبـاری ئاوی بۆگەن نەکردوو و جۆگەی شیری تام نەگۆڕاوو جۆگـەی شەرابی مایەی لـەزەتو خۆشی بـۆ ئـەوانـەی ئەیخۆنەوەو ، جۆگـەی هەنگوینی پالّفتەکـراوی تیایە . هـەمـوو جۆرە میوەیەکیشی بۆیان تیایە لەگەڵ عەفوو لێبووردن لە خوای خۆیانەوە . جا ئایا کەسانێ خوا بەهەشتیوای دابنێ وەك ئەوانە وان هـەمیشە لـەنـاو ئاگرا ئەمێننەوەو ئاوی کوڵ بەکوڵیان ئـەکرێ بـە گـەروودا کـە ڕیخۆڵـەیـان دائەفرەقێنێ ؟

وَمِنْهُم مَّنْ يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّى إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِنْدِكَ قَالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مَاذَا قَالَ آنِفًا أُولَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ(١٦)

ئەم منافقانە هییوایان تیایە دێ گوێت بۆ شل ئەکا کە قسە ئەکەی تا کاتێ کە لای تۆ هەڵئەسنو ئەچنە دەرەوە ئەڵێن بەوکەسانـەی کـە زانیارییان پێدراوەو شت ئەزانن ، کە مەبەست لێیان شارەزایانی نـاو هـاوڕێکـانـی پێغەمبەرن ، بۆ گاڵتە پێ کردن پێیان ئەڵێن : ئەوە ئێستا موحەممەد چییوت ؟ ئەمانە ئەوکەسانەن کە خوا دڵو دەروونی مۆرکـردوونو ئیتر قسەی چـاك ناچێتە دڵیانو شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆیان کەوتوون.

وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ(١٧)

ئەوکەسانەیش کە کەوتوونەتە سەر ڕێی ڕاستی موسوڵمانەتیو هیدایەتیان وەرگرتووە ، خوا هیدایەتیان بۆ زیاتر ئەکاو هێزی خۆ لە گوناه پاراستنیـان

ئەداتیٚ.

فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلاَّ السَّاعَةَ أَنْ تَأْتِيَهُمْ بَغْتَةً فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا فَأَنَّى لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ(١٨)

ئایا ئەو کافرانە چاوەڕێی شتێکیتر ئەکەن لە ڕۆژی قیامەت بەولاوە لەپڕ بێتە سەریان ؟ ئەوەتا نیشانەکانی هاتوونو هاکا خۆیشی هات. جا چۆن بیریان بۆ ئەکرێتەوە کە هاتە سەریان؟

فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ(١٩)

جا تۆ باوەڕو متمانەت ببیٚ کە هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نییە لە خوا بەولاوەو داوای لێبووردن لە خوا بکە بۆ گوناهی خۆتو بۆ هەموو موسوڵمانان لە پیاوو لە ئافرەتو ، خوا خۆی شوێنی هەڵسووڕانو ئۆقرە گرتننتان ئەزانیٚ کە دنیاو قیامەتە .

وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا لَوْلا نُزِّلَتْ سُورَةٌ فَإِذَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ مُحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا الْقِتَالُ رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ يَنْظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَأَوْلَى لَهُمْ(٢٠)

خاوەن ئیمانەکان ئەڵێن : ئەوە بۆچی سوورەتیٚ نەهاتووەتە خوار فەرمانی غەزای کافران بدا ؟ جا کە سوورەتێکی ئاشکراو بیٚپێچوپەنا هاتە خوارو باسی جەنگی تیا کرابوو ، واتە فەرمانی غەزاکردنی تیابوو ، ئەبینی ئەوانەی دڵیان کرمۆڵەو نەخۆشیی تیایە وەك کەسیٚ سەیرت ئەکەن بێهۆشیی نزیك بوونەوەی مەرگی بەسەرا هاتبیٚ ، دەساهاوار بۆ ئەوانە.

طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَعْرُوفٌ فَإِذَا عَزَمَ الأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا اللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا

لَهُمْ(٢١)

ئەرکی سەرشانی ئەوانە ئەوەیە بەگوێی فەرمانی خـــواو پێغەمبەر بکەن‌و قسەیەکی چاك بکەن وەك ئەوە کە بلێن : ئامادەین بــۆ هـــەموو فەرمانێ . جا کاتێ کە مەسەلەکە بوو بە ڕاست‌و بڕیاری غــەزا درا ، ئـــەگـــەر لەگەڵ خوادا ڕاستیان بکردایە کە باسی ئامادەییی خۆیانیان بۆ غـەزا کـــــرد ، باشتر ئەبوو بۆیان.

فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ (٢٢)

دەی ئاخۆ لەوانەیە ئەگەر پشتتان لـــە جێبەجێکردنی فەرمانی غەزاکردن هەڵکرد بکەونە وێرانکاری‌و ڕیشەو ڕەچەڵەکی خۆتان بنبڕ بکـەن ؟ واتە ئێوە کە لەگەڵ خوای خۆتان ڕاست نەبن‌و فەرمانی غەزای بۆ بەجێنەهێنن لەوانەیە یاخی ببن‌و دەس کـــەن بــە تالان‌و چەپـــاوکردنی ماڵی خەڵك‌و قەلاچۆکردنی خۆتان لەناو خۆتانا .

أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ(٢٣)

ئەوجۆرە کەسانە کەسانێکن خوا لەعنەتی لێ‌کردوون‌و لە ڕەحمەتی خۆیی دوورخستوونەتەوەو کەڕو کوێری کردوون.

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا(٢٤)

ئەمانە بۆ بیر لە قورئان ناکەنەوەو لێی ورد نابنەوە تا لێی حاڵی ببن ، یـــان دڵیان قوفڵی لێ دراوەو کلیل‌و کلۆم کراوەو هیچی تێ‌ناچێ؟

إِنَّ الَّذِينَ ارْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَى لَهُمْ(٢٥)

بێگومان ئەوانەی پاشەوپاش گەڕاونەتەوە دوای ئەوەی کە هیدایەتیان بۆ دەرکەوت کە ئایینی ئیسلامە ، ئەوانە شەیتان ئەو کردەوەی لا جوان کردوون و هیواو ئاواتی خۆشی خستووەتە بەردەمیان.

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لِلَّذِينَ كَرِهُواْ مَا نَزَّلَ اللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِي بَعْضِ الْأَمْرِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ(٢٦)

ئەمەیش لەبەرئەوەیە وتبوویان بەوانەی خۆشیان لەو قورئانە نایەت کە خوا ناردوویەتیە خوار : ئێمە لەمەولا لە هەندێ کارا بەگوێتان ئەکەین و ، خوایش ئاگای لە ڕازو نهێنکارییەکانیان هەیە . ئەوانەی خۆشیان لە قورئان نەهاتووە جوولەکەکانی مەدینەن و ، ئەوانەیش کە بەوانیان وتووە : بەگوێتان ئەکەین منافقە دووڕووەکانن و ، ئەو کارەیش کە بەگوێیان ئەکەن تیایا بەشداری نەکردنە لە غەزادا شان بەشانی پێغەمبەرو موسوڵمانان بەرانبەر بە کافرەکان.

فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ(٢٧)

ئەی ئەبێ حاڵیان چۆن بێو چی بکەن کاتێ کە فریشتەی گیانکێشان گیانیان ئەکێشن ، ئەدەن بەسەرو چاوو ڕووی خۆیان و بە لاقنگیانا ؟ واتە : ئەی ئەوکاتە چۆن خۆیان لەدەست مردن دەرباز ئەکەن ، خۆ ئەویش غەزا نییە خۆیانی لێ بدزنەوەو نەچن بۆ بەشداری تیا کردنی ؟

ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُواْ مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُواْ رِضْوَانَهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ(٢٨)

ئەمەیش لەبەرئەوەیە ئەم منافقە دووڕووە بە دەم موسوڵمان و بە دڵ کافرانە شوێنی ئەو کردەوانە ئەکەون کە خوا خۆشی لێیان نایەت و حەز بە

ڕەزامەنـدیی خوا ناکەن ، بۆیە خوایش کارو کردەوەی ئـەوانی پووچ و بیّمایە کردووە.

أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّنْ يُخْرِجَ اللَّهُ أَضْغَانَهُمْ (٢٩)

یاخێر ، ئەمانەی نەخۆشی لە دڵیانایەو دڵیان کرمۆڵە وا گومـان ئەبەن خوا ئەو کینەیەی لە دڵیانایە دەری‌ناخاو پەردەی لە ڕوو لانادا ؟

وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَاهُمْ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَالَكُمْ (٣٠)

ئەگەر مەیلمان لیّبوایە ئەوانەمان پیشانت ئەداو تۆیش بە سەرو سیمایانا ئەتناسین‌و ئێستایش بە قسە وەرچـەخـاندنیانـا ئەیانناسی کە لەجیاتیی ئەوەی بەئاشکرا قسە بکـەن بەمەعناوە قسە ئەکەن‌و ، خوا ئاگای لە کارو کردەوەی هەمووتانە.

وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّى نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُمْ (٣١)

بـەڕاستی ئێمە گیرۆدەی دەردو بەڵاتان ئەکەین‌و تاقیتان ئەکەینەوە تا بزانین کێتان لە ڕێی خوادا تێئەکۆشیّ‌و خۆی لەسەر دەردو مەینەت ئەگریّ‌و تا بەراوردی دەنگوباس‌و حاڵ‌و ئەحواڵتان بکـەین‌و بزانین هەریەکێکتان ئەڵیّ چی‌و چی ئەکا ؟

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَشَاقُّوا الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى لَن يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا وَسَيُحْبِطُ أَعْمَالَهُمْ (٣٢)

بەڕاستی ئەوکەسانە کـەوا کافرن‌و ڕیّ لە خەڵك ئەگرن‌و ناهێڵن ڕێگای خوا بگرنەبەرو دەمبازی لەئاست پێغەمبەرا ئەکەن پـاش ئـەوەی کـە بۆیان

دەرکەوتووە ڕێگای خواناسی کامەیە ، ئـــەوانە هیچ زیانێ بە خوا ناگەیەنن‌و هیچیان لەدەست نایەت‌و خوایش مـــایـــەپووچیان ئەکاو هەرچییان کردووە ئەیدا بە با.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُـــواْ اللَّهَ وَأَطِيعُـــواْ الرَّسُولَ وَلا تُبْطِلُواْ أَعْمَالَكُمْ(٣٣)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! فەرمانبەرداریی خواو پێغەمبەری خوا بکەن‌و کارو کردەوەی چاکی خۆتـــان بـــە نافەرمانیی پێغەمبەر بێ‌ئایەوما یە مەکەن.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ مَاتُواْ وَهُـــمْ كُفَّارٌ فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ(٣٤)

بێ‌گومان ئـــەوانـــەی کـــافر بوون‌و ڕێگایان لە خەڵك گرتووە کە ڕێی خوا بگرنەبەرو پاشانیش بە کـــافـــری مردوون ، ئەوانە خوا نایانبەخشێ‌و لێیان خۆش نابێ.

فَلا تَهِنُواْ وَتَدْعُواْ إِلَى السَّلْمِ وَأَنْتُمُ الأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ(٣٥)

هەرگیز سست مەبن بانگیان بکـــەن بۆ ئاشتی ، نەوەك گومانی ئەوەتان پێ‌بەرن ئەو ئاشتیخوازییەتان لە لاوازی‌و بێکارەییتانەوەیە . ئێوە بەرزو بالاًن‌و لەسەرەوەن نەك ئەوان‌و ، خواتان لەگەڵـــەو خوا هەرگیز کارتان پووچ‌و بێ‌مایە ناکا.

إِنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَإِنْ تُؤْمِنُواْ وَتَتَّقُواْ يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلا يَسْأَلْكُمْ أَمْوَالَكُمْ(٣٦)

ژیانی دنیا تەنها هەر گاڵتەبازیو فـــەرامۆشکارییەو ، ئێوە ئەگەر خاوەن باوەڕبنو خۆتان لە گوناه بپارێزن خوا پـاداشی خۆتانتان ئـەداتەوەو داوای ماڵو داراییەکانیشتان لیّ ناکا .

إِنْ يَسْأَلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا وَيُخْرِجْ أَضْغَانَكُمْ(٣٧)

ئەگەر خوا داوای پارەو داراییتانتان لیّ بکاو سوور بیّ لەسەر داواکەیو هەر دەسبەردار نەبیّ ، ئێوە رژدی پیشان ئەدەنو کە وایشتان کـرد خــوا بــەم کارەتان ئەوەی لە دڵتانایە لە پیسکەییو پوولەکییەتیو پـــارەپیسیو دنیا دۆستی هەمووی دەرئەخاو خەڵك هەموو پێتان ئەزانن.

هَاأَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنْكُم مَّـنْ يَبْخَلُ وَمَنْ يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَنْ نَفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِنْ تَتَوَلَّـــوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ(٣٨)

ئەوەتا ئێوە ئێستا بانگ ئەکرێن بۆئەوە دارایی لە ڕێی خوادا خەرج بکەنو هییواتان تیایە پیسکەیی ئەکاو هیچ لە ڕێی خوادا خەرج ناکاو هەرکـــەسیش پیسکەییەکەی بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە. خوا دەوڵەمەندەو موحتاجی کــــەس نییەو ئێوە هەمـــوو موحتاجنو ، ئـــەگـــەر ئێوە پشت لە خوا هەڵکەن خوا خەڵکانێکیتر لە جیاتیی ئێوە دێنیو لە جێی ئێوەیان دائەنیو ئیتر ئەوانە وەك ئێوە نابن فەرمانبەرداریی خوا نەکەن.

سوورەتی (ألفتح)
مەدینەییەو، ٢٩ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا (١)

بەڕاستی ئێمە، بەهۆی سوڵحی حودەیبییەوە ،دەرگای فوتووحاتمان لە وڵاتی عەرەبستانا بۆ کردیتەوە.یاخود گفتی ئەوەت ئەدەینێ کە بە گرتنێکی دیارو ئاشکرا مەککە بگریو، ئەوەبوو گرتی.

لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا (٢)

بۆئەوەی ، بەهۆی ئەو تێکۆشانەتەوە لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلاما ، خوا لە گوناهی لەمەوپێش و لەمەوپاشت خۆش ببێ. مەبەست لە گوناهی پێغەمبەران هەر کردەوەیەکە ، بەش بەحاڵی ئەوان ، بۆ ئەوە بشێ سەرزەنشتیان بکرێ لەسەری .

وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا (٣)

بۆئەوەیش کە خوا بە سەرکەوتنێکی بەهێز بەسەر دوژمنانتا سەربخا .

هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (٤)

خوا ئەو خوایە ئارامیو متمانەی نارده خوارەوە بۆ سەر دڵی موسوڵمانان تا لە جەنگا لەگەڵ کافران دڵەکوتەیان پێنەکەوێو لەوە نەترسن کە ئەو کافرانە زاڵ ببن بەسەریاناو باوەڕیان بە خوای خۆیان زیاد لەوەی کە هەیانە زیاترو قایمتر ببێ. سەربازو لەشکری ئاسمانەکانو زەوییش هیی خوانو، خوا

بە هەمووشتێ ئەزانێ‌و خاوەنی حیکمەتە.

لِّيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِنْدَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا(٥)

خوا بۆیە موسوڵمانانی زاڵ‌کرد بەسەر کافرانا تا قەدری نیعمەتی خوا بزانن بەسەریانەوەو سوپاسی نیعمەتی بکەن‌و، ئەویش موسوڵمانان بە پیاوو ئافرەتیانەوە بخاتە ناو بەهەشتگەلێکی واوە جۆگای ئاو بەبەینیانا ئەڕواو هەمیشە لەو بەهەشتانەدا ئەمێننەوەو، گوناهەکانیان داپۆشێ‌و، ئەمەیش بەلای خواوە بەهرەیەکی مەزنە.

وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا(٦)

تا سزای پیاوان‌و ژنانی منافق‌و دووڕوویش بدا کە بە دەم موسوڵمان‌و بە دڵ‌کافرن‌و، سزای ئەو پیاوو ژنانەیش بدا کە هاوبەش بۆ خوادائەنێن‌و گومانی خراپ بە خوا ئەبەن‌و ئەڵێن: خوا یارمەتیی پێغەمبەرو موسوڵمانان نادا. هەموو ئەو خراپەی کافرەکان بۆ پێغەمبەرو موسوڵمانانیان ئەوێ، خوا بەسەر خۆیانیانای ئەهێنێتەوەو، غەزەبی لێ‌گرتوون‌و لە ڕەحمەتی خۆیی دوورخستوونەتەوەو دۆزەخی بۆ ئامادە کردوون کە سەرەنجامێکی ئێجگار زۆر خراپە.

وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا(٧)

لەشکری ئاسمانەکان‌و زەوی هەر هیی خوایەو خوا خاوەن عیززەت‌و حیکمەتە.

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (٨)

ئەی موحەممەد ! ئێمە تۆمان ناردووە بۆئەوەی ببی بە شایەت لەسەر گوفتارو کرداری ئوممەتو ، مژدەی بەهەشتیان بدەیتێ ئەگەر فەرمان بەرداریی خوا بکەنو ، لە سزای خوایان بترسێنی کە لە ڕۆژی قیامەتا سزایان ئەدا ئەگەر گوێی بۆ شل نەکەن.

لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (٩)

بۆئەوەی ئیمان بە خوا و بە پێغەمبەری خوا بهێننو بە بە هێزکردنی ئایینەکەی بەهێزی بکەنو قەدرو حورمەتی بگرنو قورس تەماشای بکەنو بەیانیو ئێوارە لە هەموو ناتەواوییەك پاكو خاوێنی ڕابگرن .

إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (١٠)

بێگومان ئەوانەی بەیعەتت پێئەکەنو دەست ئەخەنە ناو دەستت ، ئەوانە بەیعەت بە خوا ئەکەنو دەست ئەخەنە ناو دەستی خواو دەستی خوا لە بانی دەستیانە جا هەرکەسێ ئەو بەیعەتو پەیمانە بشکێنێ ئەوە بە زیانی خۆی ئەیشکێنێو ، هەرکەسێکیش بەوەفا بێ بۆ ئەو بەیعەتو پەیمانەی عەهدی لەگەڵ خوا کردووە لەسەری ئەوە خوا پاداشێکی مەزنی ئەداتەوە .

سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا وَأَهْلُونَا فَاسْتَغْفِرْ لَنَا يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا

تَعْمَلُونَ خَبِيرًا(١١)

بێگومان ، ئەو عەرەبە دەشتەکییانەی پاش کەوتنو بەدەم بـانگەوازەوە نەهاتن بۆ غەزای بت پەرستەکـانی قـورەیش لە شەڕی حودەیبییەدا ، کە چاویان پێت کەوتەوە پێت ئەڵێن : مـالّو دارایی‌و ژن‌و منالّمان خەریکیان کردین‌و نەمانتوانی بێین لە غەزادا بەشداری بکەیـن. ئەمانە بە زوبان شتێ ئەڵێن کە لەناو دلّیانا نییەو باوەڕیان پێی نییە. جا تۆیش لە وەلآما پێیان بڵێ: کێ دەسەلآتی خوای هەیە بەرابەر بە ئێوەو ئەتـوانێ بیگێڕێتەوە ئەگەر ئەو بییەوێ زیانێکتان پێ بگەیەنێ یا ئەگەر بییەوێ قـازانجێکتـان بێنێتەڕێ ؟ بەلآم خوا خۆی خەبەردارە لە هەرچی ئێوە ئەیکەن‌و ئەزانێ بۆچی نەهاتن‌و ، بڕوبیانوو داد نادا لای.

بَلْ ظَنَنْتُمْ أَن لَّنْ يَنْقَلِبَ الرَّسُولُ وَالْمُؤْمِنُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَلِكَ فِي قُلُوبِكُمْ وَظَنَنْتُمْ ظَنَّ السَّوْءِ وَكُنْتُمْ قَوْمًا بُورًا(١٢)

ئێوە لەبەرئەوە نەبوو نەهاتن بۆ غەزاو بەشداریتان تیا نەکرد کە بە مالّو دارایی‌و ژن‌و منالّتانەوە خەریك بوون. لـەبـەرئەوە بوو کە گومانتان وابوو هـەرگیز پێغەمبـەرو موسولّمانـان بەساغی لەم غەزایە ناگەڕێنەوە بۆ ناو کەسوکـاریـان‌و ئـەم گومانە لە دلّتانا ڕازێنرابووەوەو گومانی خراپتان بردو تاقمێکی فـەوتـاوو ڕەنـج بـەخـەسار بوون لای خوا چونکە بیروباوەڕێکی بۆگەنتان هەیە.

وَمَن لَّمْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا(١٣)

هەرکەسێکیش ئیمانی بـە خواو پێغەمبەری خوا نەبێ کافرەو، ئێمەیش ئاگری دۆزەخمان بۆ کافران ئامادە کردووە.

وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا(١٤)

مولڵکی ئاسمانەکان و زەوی هیی خوایەو ، خوایش مەیلی لە بەخشینی هەرکەس بێ ئەیبەخشێ و مەیلی لە سزادانی هەرکەسیش بێ سزای ئەداو، هەمیشەیش خوا بەخشندەو بەڕەحمە .

سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَنْ يُبَدِّلُوا كَلَامَ اللَّهِ قُل لَّنْ تَتَّبِعُونَا كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِنْ قَبْلُ فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا(١٥)

بێگومان ئەو عەرەبە دەشتەکییانەی پاش کەوتن و بەدەم بانگەوازی غەزاوە نەهاتن و بەشدارییان تیا نەکرد، ئەڵێن: ئەگەر لەمەولا جارێکیتر چوون بۆ تالآن وەرگرتن و چەپاوکردنی دوژمنان ، لێمان گەڕێن با ئێمەیش بکەوینە دووتان و لەگەڵتان بێین . ئەمانە ئەیانەوێ فەرموودەی خوا بگۆڕن کە فەرموویە: نابێ هەرگیز لەگەڵتان بێن. تۆیش پێیان بڵێ : هەرگیزناکەونە دوومان و لەگەڵمان نایەن. خوا پێشتر وای فەرمووە . ئەنجا ئەوان پێتان ئەڵێن : بۆئەوە نییە ناهێڵن لەگەڵتان بێین کە خوا وای فەرمووە ، لەبەرئەوەیە بەخیلیمان پێ ئەبەن و ناتانەوێ هیچمان لەو مالی تالآنییە دەسگیر ببێ . نەخێروا نییە ، بەلآم ئەمانە کەمێ نەبێ لەڕاستی تێناگەن .

قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَى قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ فَإِنْ تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا وَإِنْ تَتَوَلَّوْا كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّنْ قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا(١٦)

بەو عەرەبە دەشتەکییە لە غەزای بت پەرستان پاش کەوتووانە بڵێ :

ئێوە لەمەولا بانگ ئەکرێن بــۆ جـــەنگ کـــردن لەگەڵ کۆمەڵێکی بەهێزی جەنگاوەری چەکی ڕەســا بەدەست ، لەگەڵیان بجەنگن یا ئەوان موسوڵمان بن‌و بێنە ژێر ڕکێفی ئـــایینی ئیسلامەوە٠ ئەگەر بەدەم ئەو بانگەوە بچن‌و بڕۆن بۆ ئەو جەنگە ، خــوا پاداشێکی جوان‌و باشتان ئەداتەوە. خۆ ئەگەر وەك لەوەپێش پشتتان هـەڵکرد ئـەوجارەیش پشت هەڵکەن‌و خۆ لە جەنگ بدزنەوە ، سزایەکی پڕئازارو سەختتان ئەدا .

لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَنْ يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا(١٧)

کوێر گوناهبار نابێ ئەگەر نەچێ بو غەزاو ، شەل گوناهبار نابێ ئەگەر نەچێ بۆ غەزاو ، نەخۆش گوناهبار نــابێ ئــەگــەر نــەچێ بۆ غەزا. هەرکەسیش گوێڕایــەڵ‌و فـــەرمـــانبەرداری خـــواو پێغبەمبــەری خوا بێ ،خوا ئەیخاتە بەهەشتگەلێکی‌واوە جۆگەلــە ئــاوی بــەبندا ئەڕواو ، هەرکەسیش پشت لە فەرمانی خوا بکاو ملی لێ وەرچەرخێنێ خوا سزایەکی سەختی ئەدا.

لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنْزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا(١٨)

بەڕاستی خوا ڕازی بوو لــــە موسوڵمانان کاتێ کە لەژێر درەختەکەی سەر ئاوی حـــودەیبییەدا دەستیـــان خستە نـــاو دەستت‌و بەیعەتیان پێ کردی‌و ئـــەیزانی چ موسوڵمانـــەتییەك لـــە دڵیانـــایەو ، لە پاداشی ئەوەدا ئارامی‌و دامرکـانـــەوەی خســـتە نـــاو دڵیانەوەو ترسی دوژمنی لە دڵا نەهێشتن‌و فەتح‌و وڵات گرتنێکی نزیکی لە دوژمنان لەپاداشا پێ بەخشین.

وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا(١٩)

تالاّنییەکی زۆریش کە ئەیگرن و ، خوا غالّب و زالە بەسەر دوژمنانیاو خاوەن حیکمەتە .

وَعَدَكُمُ اللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَذِهِ وَكَفَّ أَيْدِيَ النَّاسِ عَنْكُمْ وَلِتَكُونَ آيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا(٢٠)

خوا وەعدەی تالاّنییەکی زۆری داونەتیّ کە هەر لە ئیّستاوە تا ڕۆژی قیامەت وەری ئەگرن و بەپەلەیش ئەم تالاّنییەی ئەمجارەی بۆ ڕیّکخستن کە تالاّنییەکەی غەزای خەیبەرەو ، دەستی دوژمنەکانتانی لیّ گیّڕانەوە ، کە مەبەست کافرانی مەککە یا جوولەکەی خەیبەرو ئەو خیّلّە عەرەبانەیە لەگەلّیان هاوپەیمان بوون . بۆئەوەیش ئەم ڕووداوە ببیّ بە نیشانە بۆ موسولّمانان بۆئەوە کە ئیّوە لای خوا زۆر بەقەدرو حورمەتن و ، بۆئەوەی ڕیّگا یەکی ڕاستتان پیشان بدا کە ڕیّگای غەزایە لەپیّناوی پایەبەرزیی ئایینی ئیسلاما .

وَأُخْرَى لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا(٢١)

تالاّنیی تریشی بۆ داناون کە هیّشتا دەستان پیّی نەگەیشتووە ، خوا خۆی ئاگای لیّیەو ئەزانیّ ئەکەویّتە دەستان و خوا دەسەلاّتی بەسەر هەموو شتیّکا ئەشکیّ .

وَلَوْ قَاتَلَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوَلَّوُا الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا(٢٢)

ئەگەر کافرەکانی مەککە جەنگیان لەگەلّ بکردنایەو ڕازی نەبوونایە بە

سوڵحەکەی حودەیبییە، لە جەنگەکەدا ئەشکانو هەڵئەهاتنو پشتیان پێ هەڵئەکردو، ئیتر پاش ئەوە نە دۆستو نە یاریدەدەریان لەناو خێڵە عەرەبەکانی دەوروبەری مەککەدا بەدەست نەئەکەوت، چونکە لە جەنگەکەدا دۆڕاندیان کەس ناوێرێ جارێکیتر هاوکارییان لەگەڵ بکا.

سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً(٢٣)

ئەمە قانوونی خوایە، ئەو قانوونەی کە لەمەوپێشەوە جێبەجێکراوەو بەپێی ئەم قانوونە پێغەمبەران هەمیشە بەسەر دوژمنانیانا زاڵ بوونو، هەرگیزاو هەرگیزیش نابینی قانوونێ خوا دایناب‌ێ هیچ گۆڕینێکی بە سەرا بێ.

وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا(٢٤)

خوا ئەو خوایە کە دەستی کافرەکانی گرت لەوە کە دەستدرێژی بکەنە سەرتانو دەستی ئێوەیشی گرت لەوە کە دەسدرێژی بکەنە سەر ئەوان لەناو شاری مەککەدا پاش ئەوە کە ئێوەی زاڵ کرد بەسەر ئەواناو، خوا چاوی لە هەر کارێکە کە ئێوە ئەیکەن.

هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُؤْمِنَاتٌ لَمْ تَعْلَمُوهُمْ أَنْ تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُمْ مِنْهُمْ مَعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا(٢٥)

ئەوانە ئەو کافرانەن ڕێی زیارەتو تەوافی مەسجیدولحەرامی مەککەیان لێ گرتنو ڕێگەی بەدیاریدانی حەیوانیان بە مەککە لێ گرتن کە بە ڕاگیراوی هێڵرابوەوەو نەیانهێشت بگاتە جێی خۆیو، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە

حەزمان نەکرد ئێوە پیاوان و ژنانێکی موسوڵمانی تێکەڵ بە کافران بووی لەناو ئەوانا ژیاو بکوژن ، بێ ئەوەی پێ بزانن بەوە کە بکەونە ژێرپێتان و بیانشێلن و ، تووشی ناخۆشیی کوشتنی ئەو موسوڵمانانەو خوێن بژاردنیان ببن ، دەستی ئێوەمان لەو کافرانە نەئەگرتەوە . واتە : بۆیە نەمانهێشت ئەو جەنگە ڕوو بدا لەنێوان ئێوەو کافرەکانی مەککەدا نەوەك ئەو پیاوو ژنە موسوڵمانانەی لە مەککە مابوون بەربکەون و بکەونە ژێر پێتانەوەو ئێوەیش بەهۆی ئەوەوە تووشی ناڕەحەتی ببن. ئەمەیش بۆئەوە بوو خوا هەرکەسی حەز لێ بێ بیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و بیخاتە سەر ڕێگای ئیسلامەتی. ئەگەریش ئەو موسوڵمان و کافرانەی مەککە تێکەڵ نەبوونایەو لێك جیا بوونایە ، کافرەکانیانمان بە دەستی ئێوە سزا ئەدا بە سزایەکی سەخت.

إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَىٰ وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا(٢٦)

یادی ئەوە بکەرەوە کە کافرەکان غیرەتیان خستە دڵی خۆیان ، غیرەتی کۆنی سەردەمی نەزانیی پێش ئیسلامەتی کە ناهێڵێ ئادەمیزاد مل بۆ ڕاستی کەچ بکاو ، موسوڵمانەکانیش ویستیان لە سزای ئەوەدا هێرشیان بەرنە سەر ، بەڵام خوا ئارامیی خستە ناو دڵی پێغەمبەرو موسوڵمانان و گفتی لەخواترسان و وەفا بە عەهدو پەیمانی خستە ئەستۆیان و لە ڕاستییشا ئەمان شایانی ئەوەو خاوەنی ئەوە بوون و خوا ئاگای لە هەموو شتێ هەیەو بە هەموو شتێ ئەزانێ.

لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِنْ

شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لاَ تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُواْ فَجَعَلَ مِنْ دُونِ ذَلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا(٢٧)

بێگومان خوا ڕاستیکرد لەگەڵ پێغەمبەری خۆی لەو خەوە ڕاستەیا کە دیبووی‌و بەگوێرەی ئەو خەوە ئێوە بە ئیزنی خوا ئەمین‌و بێ‌ترس ئەڕۆنە ناو مەسجیدولحەرام‌و هەندێکتان سەرتان ئەتاشن‌و هەندێکیشتان مووی سەرتان کورت ئەکەنەوەو لە کەس ناترسن. خوا شتێکی ئەزانی کە ئێوە نەتانئەزانی، بۆیە چوونە مەککەو هاتنەدیی خەوەکەی دواخست بۆ ساڵێکیترو بێجگە لەوەیش فەتحێکی نزیکی مەککەی بڕیار دا.

هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا(٢٨)

خوا ئەو خوایە پێغەمبەری خۆی ناردووە لەگەڵ ڕێ‌بەدێیی کردنی خەڵك‌و ئایینی ڕاست کە ئایینی ئیسلامە بۆئەوەی سەری‌خا بەسەر هەموو ئایینەکاناو خوایش بەسە بۆ شاهیدی لەسەر ئەم پایە بەرزەی کە بە موسوڵمانانی بەخشیوە.

مُحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الإِنْجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا(٢٩)

موحەممەد پێغەمبەری خوایەو، ئەوانەیش کە لەگەڵینی لەسەر کافران

توندو سەختگیرن‌و لەناو خۆیانا بەڕەحم‌و میهرەبانن . ئەیانبینی لە حاڵەتی ڕوکووع‌و سوجدە بردنان، داوای لوتف‌و ڕەزامەندی لەخوا ئەکەن . نیشانەیان بە ناوچاوانیانەوە بەهۆی‌و لەئەنجـــامی سوجدەبردنیانەوەیە . بەیانی حاڵ‌و سیفەتیان لە تەورات‌و لە ئینجیلا بــــەم جۆرەیەو ئەمەیە : وەك چێنراوێ کە سەوز بووبێ‌و لقوپۆپی دەرکردبێ‌و هێزی پەیدا کردبێ‌و ئـــەستوور بـــووبێ‌و لەسەر ساقی خۆی ڕاوەستـــابێ‌و بـــە هێزو پتەوی‌و پێگەیشتنـــی خـــۆی کشتیارەکانی شادمان کردبێ‌و دڵیان پێی خۆش بێ تـــا ڕقی کافرەکانی پێ هەستێنێ . خوا گفتی داوە بەوانـــەی ئیمانیـــان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە لەناو ئەمانەدا کەوا لە گوناهیان خـــۆش ببێ‌و پـــاداشێکی گەورەیان بداتەوە .

سوورەتی (ألحجرات)

مەدینەیی‌یەو ، ١٨ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُواْ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (١)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەری خوا! مەکەونە پێش خواو پێغەمبەری خوا ، واتە لە هەر مەسەلەیەکا کە ئەوان هێشتا بڕیاریان تیا نەدابێ ، ئێوە دەستپێشخەری مەکەن و لە خۆتانەوە بڕیار مەدەن و لەخوا بترسن و خۆتان لە بێفەرمانی کردنی بپارێزن . بێگومان خوا گوێی لە هەموو شتێکەو بە هەموو شتێ ئەزانێ.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَرْفَعُواْ أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلاَ تَجْهَرُواْ لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لا تَشْعُرُونَ (٢)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ! لەکاتی وتووێژا دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمبەرا هەڵمەبڕن و بە دەنگی بەرزیش قسەی لەگەڵ مەکەن وەك لەناو خۆتانا بە دەنگی بەرز قسە لەگەڵ یەکتر ئەکەن نەبادا کردەوەی چاکتان بێمایە دەرچێ و بەفیڕۆ بڕواو ئێوەیش پێ نەزانن کەوا ئەو کارە کارێکی خراپەو ڕەنجتان ئەدا بە با .

إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ(٣)

بێگومان ئەوانەی دەنگی خۆیان لای پێغەمبەرا نزم ئەکەنەوەو

بەئەدەبەوە قسە ئەکەن ئەوانەن کە خوا دڵی تاقی کردوونەتەوەو بۆ لەخواترسان ئەشێن ، ئەوانە لێبووردنیان بۆ هەیەلەلایەن خواوەو پاداشی گەورەیان بەنسیب ئەبێ .

إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ (٤)

بەڕاستی ئەوانەی لەودیوی دیواری ژوورەکانەوە بانگت لێئەکەن (مەبەستی لە بانگ لێکراوەکە پێغەمبەرە) بەشی زۆریان نافامن و عەقڵیان نییە .

وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُواْ حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٥)

ئەگەر ئەوانە سەبریان بکردایە تا تۆ لە ماڵ دەرئەچیو دێی بۆ لایان ، باشتر ئەبوو بۆیانو خوایش بەخشندەو بەڕەحمە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُواْ أَن تُصِيبُواْ قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُواْ عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ (٦)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ! ئەگەر فاسقێ خەبەرێکی بۆ هێنان دەستبەجێ بەڕاستی مەزانن و بکەونە پەیجۆر تا بۆتان دەرئەکەوێ ڕاستیو درۆیی هەواڵەکە چۆنە نەوەک بێئاگاو بە نەزانیی خۆتان کۆمەڵە خەڵکێ گرفتارو تووش بکەنو پاشان لەو کارەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە .

وَاعْلَمُواْ أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُوْلَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ (٧)

بزانن کەوا پێغەمبەری خوا لەناوتانایەو ئەگەر لە زۆر شتا کە داوای لێ ئەکەن بەگوێتان بکا تووشی دەردیسەری ئەبن ، بەڵام ئێوەیش لەبەرئەوەی

کە سوورن لەسەر قازانجی ئایینی ئیسلام ، داوای ئەو شتانە ئەکەنو ، خوا ئیسلامەتیو بـاوەڕی لا خـۆشەویست کـردوونو جوانی کردووە لە دڵتاناو کافریو گوناەو تاوانباریی لا بێزراندوونو ، پیاوی عاقڵو فامیدەیش ئەوانەن حەزیان لە موسوڵمانەتیو فەرمانبەرداریی خواو پێغەمبەری خوایەو ڕقیان لە کافریو تاوانو گوناهبارییە .

فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٨)

ئەمەیش لە گەورەییو نیعمەتی خواوەیەو ، خـوا بـە هەموو شتێ ئەزانێو خاوەن حیکمەتە .

وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِـنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُـواْ بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُواْ الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُواْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٩)

ئەگەر دوو تاقم لە ئیمانداران لەناو خۆیانا بوو بـە جەنگیان ، نێوانیان چاك بکەنو ئاشتیان بکەنەوە . جا ئەگەر تاقمێکیان تەجاوزی کرد بۆسەر ئەویان ، لەگەڵ ئەو تاقمەیان بجەنگن کە تـەجاوزو دەسدرێژیی کردووە تا ئەگەڕێتەوە بۆ مل کـەچ کـردن بـۆ فـەرمـانو قانوونی خوا . جا ئەگەر بەشێوەیەکی دادپەروەرانە گەڕایـەوە بـۆ گرتنەبـەری ڕێگای فەرمانبەرداریی خوا ، ئەوا ئێوەیش ئاشتیان بکەنەوەو دادپەروەری لەنێوانیانا بەجێبهێنن . خوا خۆشی لەو کەسانە دێ کە دادپەروەرن .

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْـوَةٌ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُـواْ اللَّهَ لَعَلَّكُـمْ تُرْحَمُونَ (١٠)

ئەوانەی ئیمانیان بە خواو بـــە پێغەمبەری خوا هەیە برای یەکن . کەواتە

ئێـوەیش ، ئەی موسوڵمانینە، نێوانی جووتە بـرایـانی خۆتان چاك بكەن‌و ئاشتیان بكەنەوەو لە خوا بترسن بەڵكو هیوای ئەوە هەبێ خوا ڕەحمتان پێ بكاو میهرەبانیتان لەگەڵ بنوێنێ.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّنْ قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُواْ خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلاَ نِسَاءٌ مِّنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلاَ تَلْمِزُواْ أَنفُسَكُمْ وَلاَ تَنَابَزُواْ بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ(١١)

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ! با هیچ كۆمەڵە پیاوێ گاڵتە بە كۆمەڵە پیاوێكی‌تر نەكا ، لەوانەیە ئەو كۆمەڵە پیاوە گاڵتە پێكراوە لە كۆمەڵە پیاوە گاڵتە پێكەرەكە چاكتر بن‌و ، با هیچ كۆمەڵە ئافرەتێ گاڵتە بە كۆمەڵە ئافرەتێكی‌تر نەكا ، لەوانەیە كۆمەڵە ئافرەتە گاڵتە پێكراوەكە لە كۆمەڵە ئافرەتە گاڵتە پێكەرەكە چاكتربن و ، غەیبەتی یەكتر مەكەن چونكە كە غەیبەتی یەكترتان كرد ئەوە وەك ئەوە وایە خۆتانتان عەیبدار كردبێ لەبەرئەوە كە موسوڵمانان هەموو یەكن‌و ، ناوو ناتۆرەی ناشیرین‌و خراپیش بە یەكترا هەڵمەدەن ، زۆر بەدناوییە بۆ موسوڵمان ئەمە كە پاش ئیمان هێنانی بە خواو موسوڵمان بوونی ناووبانگی بە لەدین دەرچوون بزڕێ‌و ، هەركەسیش تۆبە نەكا لە گوناهی ئەم كردەوانەو پاشگەز نەبێتەوە لێیان ، ئەوانە ستەمكارن‌و ستەمیان لە خۆیشیان‌و لە خەڵكیش كردووە.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلاَ تَجَسَّسُواْ وَلاَ يَغْتَب بَّعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ(١٢)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ! خۆتان لە گەلێ گومان بردن دوور بگرن چونکە هەندێ گومان بردن بە خەڵك گوناهەو ، مەکەونە پەیجۆری زانینی شتی پەنامەکیی موسوڵمانان کە تایبەت بە خۆیانەو ، با هەندێکتان غەیبەتی هەندێکتان نەکا . ئایا یەکێ لە ئێوە حەزئەکا گۆشتی برای خۆی بەمردوویی بخوا ؟ ئەوەتان پێ خۆش نییە . لە خوای خۆیشتان بترسنو بێگومان خوا تۆبە قووبووڵکەرو میهرەبانە .

يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ(١٣)

ئەی خەڵكینە ! بێگومان ئێمە هەموو ئێوەمان لە پیاوو ژنێ دروست کردووە کە ئادەمو حەووانو ، ئێوەمان کردووە بە چەند نەتەوەو هەر نەتەوەیەك بە چەند خێڵو هۆز کە بچنەوە سەر یەك بنەچە ، بۆئەوەی لەناو خۆتانا یەکتر بناسن. بەڕاستی بەقەدرو حورمەتترتان لای خوا ئەوەتانە زۆرتر لە خوا بترسێو خۆی لە گوناه بپارێزێ . خوا هەموو شتێ ئەزانێو لە هەموو شتێ ئاگادارو شارەزایە .

قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(١٤)

عەرەبە دەشتەکییەکان وتیان : ئیمانمان هێناوە . پێیان بڵێ : ئیمانتان نەهێناوە چونکە ئیمان باوەڕی بەدڵە ، بەلآم بڵێن : بەدەم موسوڵمان بووینو ، باوەڕ هێشتا نەچوەتە ناو دڵتانەوەو ، ئەگەر فەرمانبەرداریی خواو پێغەمبەری خوا بکەن خوا هیچ لە پاداشی کردەوەتان ناتەواو ناکاو پڕبەپێستی چاکەتان

پاداشتان ئەداتەوە. خوا گوناەبەخش و بەرەحم و میهرەبانە.

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ(١٥)

بەڕاستی ئیمانداران ئەوانەن باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەری خوا کردووەو پاش ئەوە یش نەکەوتوونەتە گومان و دوودڵییەوەو بە دارایی و بەگیانی خۆیانَ تێکۆشاون لە ڕێگای خواداو، مرۆی ڕاستگۆ ئەمانەن.

قُلْ أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(١٦)

تۆ پێیان بڵێ: ئەوە ئێوە خوا لە ئایینی خۆتان ئاگادار ئەکەن و سوێندی بۆ ئەخۆن کەوا موسوڵمانن، لەکاتێکا کە خوا ئاگادارەو ئەزانێ چی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیەو بە هەموو شتێ ئەزانێ.

يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ(١٧)

منەتت ئەنێنە سەر کەوا موسوڵمان بوون. تۆ پێیان بڵێ: منەتم مەنێنە سەر بەموسوڵمان بوونتان، خوا منەتتان ئەنێتەسەر کەوا هیدایەتی داون بۆ باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەری خوا و بۆ موسوڵمانەتی، ئەگەر ڕاست ئەکەن باوەڕتان هەیەو موسوڵمانن.

إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ(١٨)

بەڕاستی خوا بە هەموو نهێنییەکی ئاسمانەکان و زەوی ئەزانێ و چاوی لە هەموو کردەوەیەکی ئێوەوەیە، ئیتر چۆن هیچی لێ ئەشاردرێتەوە؟

سوورەتی (ق)

مەککەییەیە ئایەتی ٣٨ی نەبێو ، ٤٥ ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قٓ وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەی (ق)ە چییە . قەسەم بە قورئانی خاوەن شان و شکۆ.

بَلْ عَجِبُوا أَنْ جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ (٢)

بەڵکو ئەم خەڵکە سەریان لەوە سوور ما کەوا کەسێکیان لە خۆیان هاتەسەر لە سزای دوارۆژیان ئەترسێنێو ، کافرەکان وتیان : هاتنی ئەم پیاوە کەوا لە سزای دوارۆژمان ئەترسێنێ ، شتێکی سەیرە.

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ (٣)

ئایا ئێمە کە مردین و ڕزین و بووین بە خۆڵ ، زیندوو ئەکرێینەوە ؟ ئەمە گەڕانەوەیەکی دوور لە عەقڵە.

قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ (٤)

ئێمە بەڕاستی ئەزانین زەوی چەند لە لەشی ئەوان کەم ئەکاتەوە کە ئەیڕزێنێو ئەیکا بە خۆڵو، کتێبێ لای ئێمە هەیە بەدرێژی بەسەرهاتی هەموو کەسێکی تیایە چیی لێ دێو چیی بەسەردێ.

بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ (٥)

بەڵکو ئەوان ئەو ڕاستییەیان بە درۆ دانا کاتێ هاتە سەریان کە پێغەمبەرەو قورئانی لە خواوە هێنایە سەریان و ئەوان لە حاڵێکی سەرلێشێواویدان و

هەر تاویٚ لەبارەی پێغەمبەرەوە شتیٚ ئەڵێن . جاریٚ ئەڵێن : شاعیرەو جاریٚ ئەڵێن : سیحربازەو جاریٚ ئەڵێن : درۆزنەو .. تاد.

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ(٦)

ئایا ئەمانە سەیری ئاسمانیان نەکرد بەسەر سەریانەوە چۆنمان دروست کردووەو ڕازاندوومانەتەوە بە مانگو ڕۆژو ئەستێرەو ، هیچ کونو کەلەبەرێکی تیا نییە ؟

وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ(٧)

ئەی ئایا ئەمانە سەیری زەوییان نەکرد چۆنمان تەخت کردووەو پانمان کردووەتەوەو چەندین کێوی بڵندمان تیا چەقاندووەو لە هەموو جۆرە درەختو گژوگیاو سەوزەیەکی جوانمان تیا ڕواندووە ؟

تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ(٨)

بۆ بەرچاو ڕوون کردنەوەو بۆئەوەی ببیٚ بە مایەی بیرکردنەوە بۆ هەموو بەندەیەکی بۆلای خوا گەڕاوە کە تێفکریٚ ئەبیٚ خوایەك هەبیٚ دنیایەکیوا جوانی دروست کردبیٚو چاکەو خراپە بیٚسەرەنجام نەهێڵێتەوە.

وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُّبَارَكًا فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ(٩)

دایشمانباراندووە لە ئاسمانەوە ئاوێکی پیرۆز کە ئاوی بارانو بەفرەو ، بەو ئاوە پیرۆزە باخو باخاتمان ڕواندووەو دانەوێڵەی درواوەمان پیٚ سەوز کردووەو پێگەیاندووە.

وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ (١٠)

دارخورمای گەورەو بەرزو بڵندیشمان ڕواندووە کە چرۆی بـــەیـــەکاچووی ڕیزکراوی هەیە .

رِزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ الْخُرُوجُ(١١)

ئەمە گشت بۆئەوەی ببێ بە ڕزق و ڕۆزی بۆ بـەنـــدەگانی خواو ، هەروا بەو ئاوە پیرۆزە ولاتی چۆڵ و هۆڵ و مردوویشمان ئاوەدان کردووەتەوەو ، زیندوو بوونەوەو لە گۆڕ دەرچوونیش هەر بەم جۆرەیەو بۆ خوا ئاسانە .

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ(١٢)

بەرلە کافرەکانی مەککەیش، ئەوانەی نووحیان نێررابووە سەرو ، کۆمەڵە خاوەن چاڵاوەکانیش کە حەنظەلەی کوڕی صەفوانیان نێررابووە سەرو ، خێڵی سەموودیش ، پێغەمبەرەکانی خۆیانیان بە درۆزن دانا .

وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ(١٣)

هەروەها خێڵی عادو فیرعەون و براکانی لووطیش.

وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ(١٤)

دارستـــانـدارەکـانـــی خێڵی شوعـــەیبو ، خێڵی توببەعی حیمیـــەریی یەمەنییش ، گشتیان پێغەمبەری خۆیـانیان بـە درۆزن دانـا ، لەبەرئەوە ئەو هەڕەشەیەی لێم کردبوون تیایانا هاتەدی.

أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ(١٥)

ئایا ئێمە دروستکردنی یەکـــەمجـــاری ئـــادەمیزاد ســـەری لێ شێوانـدین و ماندووی کردین تا هیی دووەم جارمان پێ نەکرێ ؟ نـــەخێر ، بـــەلام ئـــەمـــانە لەبارەی دروستکردنـــەوەی جـــاری دووهـــەمـــەوە سەریـــان لێ تێکچـــووەو کەوتوونەتە گومان و دوودڵییەوە.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ(١٦)

بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان دروست کردووەو ئەزانین چی بـــەدڵیا دێ‌و ، ئێمە لە ڕەگی لاملی ئادەمیزاد نزیکترین لێیەوە واتە لە ئادمیزادەوە .

إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ(١٧)

ئێمە لە ڕەگی لاملی ئادەمیزاد خۆی نزیکترین لێیەوە لـــەوکاتـەدا کە دوو فریشتەی گوفتارو کـردار نـــووسینی ئادەمیزاد ، کردارو گوفتاری وەرئەگرن‌و یەکیان لەلای ڕاستیەوەو ئەویان لەلای چەپیەوە دانیشتووە .

مَّا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ(١٨)

ئادەمیزاد قسەیێ چییە نـــایکـا ئیللا فریشتەیەکی چاودێریکەری ئامادە بۆنووسینی لەلاوەیە هەرچیی بە دەما بێ هەمووی لای خۆی ئەنووسێ .

وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَٰلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ(١٩)

ئەی ئادەمیزادی باوەڕ بە خواو بە زیندوو بوونەوەی دواڕۆژ نـــەبـــوو ! وا بێهووشیی مردن کاتی سەرەمەرگ هات‌و دایگرتی. ئەوە ئـــەو شتە بوو کە تۆ بە خەیاڵی خۆت خۆتت لێ لائەداو پێت ناخۆش بوو و بیرت لێ نەئەکردەوە .

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَٰلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ(٢٠)

فوویش کرا بە کەڕەنای سووورداو هـــەرچی مـــردوو هـــەیـــە هەموو زیندوو بوونەوە . ئەوە ڕۆژی هاتنەدیی ئەو هەڕەشەیە لە پیاوخراپان ئەکرا.

وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ(٢١)

هەمووکەسێکیش هـــات بـــۆ سارای مـــەحشەر بۆ لێپرسینەوەو حیساب‌و کیتاب لەگەڵ کردن‌و هەریەکی دووکەسی لەگەڵە ، یەکیان لێخوڕێکە ئەیهێنێ

بۆ مەیدانی حەشرو ئەویشیان شایەتێکە ڕاستیی ئەو شتانە باس ئەکا کە لەو ئادەمیزادە ڕوویان داوە .

لَّقَدْ كُنْتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنْكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ(٢٢)

ئەی ئادەمیزاد ، یا ئەی ئادەمیزادی بێباوەڕ ! تـۆ ئەم ڕۆژەت فەرامۆش کردبوو و لە یادی خۆتت بردبووەوە ، وا ئێستا ئێمە پـەردەی سـەرچاوتمان لاداو، چاوت ئێستا زۆر تیژەو هەمووشتێ بەباشی ئەبینی.

وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ(٢٣)

فریشتەی هاوڕێی ئادەمیزادە زیندووکراوەکـە عەرزی خوای کرد : ئـەمە دەفتەری گوفتارو کرداری دنیای ئەم کابرایە هەمووی نووسراوەو لای منەوحازرو ئامادەیە .

أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ(٢٤)

جا خوا فەرمان ئەدا بە هاوڕێ لێخوڕەکەو بە شایەتەکەی ئادەمیزادەکەو پێیان ئەڵێ : هەموو کافرێکی کەللەڕەق کە بەگوێی فەرمانی خوای نەکردووە ، فرێی بدەنە ناو دۆزەخەوە.

مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ(٢٥)

ئەو کافرە کەللەڕەقـەی کـە ڕێگای چاکەو خێرو خێرات کردنی لە خەڵك ئەگرت یا بە دڵ پێی ناخۆش بوو و دەسدرێژیی ئەکـردە سەر خەڵكو گومانی هەبوو لە بوونی خوادا.

الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ(٢٦)

کە هاوبەشی بۆ خوا دائەناو خوایتری لەگەڵیا ڕائەگـرت، دەی بیخەنە ناو

سزای سەختی ئاگری دۆزەخەوە .

قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِنْ كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ(٢٧)

حا لەویادا ئەو کافرە لای خوا شکات لەو کەسە یا ئەو شەیتانە ئەکا کە لە دنیادا گومڕای کردووەو ئەوکەسە یا شەیتانەکەیش داکۆکی لە خـۆی ئـەکـاو بـە خوا ئەڵێ : ئەی پەروەردگاری ئێمە ! من توغیانم پێ نەکردووە ، ئەو بۆخۆی لە گومڕاهییەکی دوور ڕۆیشتوودا بوو .

قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُمْ بِالْوَعِيدِ(٢٨)

خوایش بە هەردوکیان ئەڵێ : لای من بـەگژی یەکترا مەچن . من کاتی خۆی هەڕەشەی خۆمم لێ کردبوون.

مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ(٢٩)

قسە لای من هەر یەك قسەیەو ناگۆڕێ‌و ، من ستەمکاریش نیم لە بەندەگانی خۆم .

يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ(٣٠)

یادی ئەوڕۆژە بکەرەوە کە ئێمە بە دۆزەخ ئەڵێین‌و لێی ئـەپرسین: ئاخۆ پڕ بوویت لەوانەی ئەبێ تیاتا سزا بدرێن ؟ ئـــەویش لە وەلاما ئەڵێ : زیاتر هەیە بۆمیان بنێرن؟

وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ(٣١)

بەهەشتیش نزیك ئەکرێتەوە بۆ لەخواترساوان‌و دوور نابێ لێیانەوە .

هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ(٣٢)

پێیشیان ئەوترێ: ئەمە ئەو شوێنەیە کە گفتتان پێدرابـــوو بـــۆ ئێوەو بۆ هەرکەسێ بگەڕێتەوە بۆلای خواو نیگاداریی ئەو سنوورانە بکا خوا دایناون.

مَّنْ خَشِيَ الرَّحْمَنَ بِالْغَيْبِ وَجَاء بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ(٣٣)

بۆ هەرکەسێ لە پەنامەکیدا لە خوا ترسابێ‌و بە دڵێکی تۆبەکارەوە گەڕابێتەوە بۆ لای خوا.

ادْخُلُوهَا بِسَلامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ(٣٤)

پێیان ئەوترێ: بێ‌ترس ولەرز بڕۆنە ناو بەهەشت. ئەمڕۆ ڕۆژی مانەوەی هەمیشەییە کە ئیتر مردنی لە دوا نییە.

لَهُم مَّا يَشَاءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ(٣٥)

هەرچییان ئارەزوو لێ بێ بۆیان هەیە لەو بەهەشتەداو لەوەیشمان زیاتر لایە بۆیان.

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنْ قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُمْ بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ(٣٦)

خەڵکی چەندین سەدەمان بەر لەم کافرانی مەککەیە بەرباد کردو فەوتاند کە ئەوان لەمان زۆر بەهێزترو بەهەڵمەتتر بوون‌و بە وڵاتانا گەڕابوون بۆئەوەی خۆیان بپارێزن لە مەرگ، بەڵام هیچ دەرفەتێکیان دەسگیر بوو؟

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ(٣٧)

بەڕاستی لەم بابەتانەدا کە لەم سوورەتەدا باسمان کردن مایەی بیرلێکردنەوەو پەندوەرگرتن هەیە بۆ کەسێ دڵێکی فامیدەی هەبێ یا گوێ شل کاو ئامۆژگاری وەربگرێ‌و زەینی لای خۆی بێ لە شت بگا.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ(٣٨)

بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیانا هەیەمان لە شەش ڕۆژا دروست کردو هیچ ماندوویەتییەکیشمان پێ نەگەیشت .

فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ(٣٩)

دەی تۆ خۆت بگرە بەرانبەر ئەو قسانەی دەرحەقت ئەیانکەن و بەر لەوەی سبەینان خۆر هەڵبێ و بەرلەوەی ئاوایش ببێ نوێژ بکەو خوای خۆت پاك و بێگەرد ڕاگرە .

وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ(٤٠)

بە شەویش هەروا نوێژ بکەو لەپاش سوجدە بردنی ئەو نوێژانەیش هەروا شەونوێژو نوێژی وەتر بکە. نوێژی پێش خۆرهەڵاتن نوێژی بەیانیو ، نوێژی پێش خۆراوا نوێژی نیوەڕۆو عەسرو ، نوێژی شەویش نوێژی مەغریب و عیشاو، نوێژی پاش سوجدەبردنیش نوێژی وەترو شەونوێژە .

وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ(٤١)

گوێ شل کە لەو ڕۆژەدا کە بانگکەرلە شوێنێکی نزیکەوە ، بانگ ئەکا ، واتە هەرکەس گوێی لێ ئەبێ وائەزانێ لەنزیکی خۆیەوە بانگی لێ ئەکەن.

يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ(٤٢)

ئەوڕۆژە ئەوڕۆژەیە کە خەڵك بەڕاست گوێیان لە دەنگەدەنگ و هاوار هاوارە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی لە گۆڕ دەرهاتن و ڕووکردنە سەحرای مەحشەرە .

إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ(٤٣)

بەڕاستی ئێمە مردووان زیندوو ئەکەینەوەو زیندووان ئەمرێنین و سەرەنجام هەر بۆ لای ئێمەیە.

يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ(٤٤)

گەڕانەوەی مردووان بۆلای ئێمە لــە ڕۆژێکا ئەبێ کە زەوی بەپەلە دڕنیـان پێ ئەداو درزی تێ ئەبێ و مردووەکــان بەپــەلە لە گۆڕەکانیان دێنەدەر. ئەمە کۆکردنەوەیەکی ئەم خەڵکەیە بۆ ئێمە زۆر ئاسانە.

نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ(٤٥)

ئێمە لە ئێوە چاکتر ئەزانین ئەو کــافرانە ئەڵێن چیو ، تۆ زۆرت بەسەریانا نییە.تۆ تەنها هەقی گەیاندنی قورئانت بــەم خەڵکە هەیە . دەسا خواو ڕۆژی قیامەت بە ئایەتی قورئان بخــەرەوە یــادی هــەرکــەس لــە هەڕەشەی من ئەترسێ.

سوورەتی (ألذاريات)

مەککەیی‌یەو، ٦٠ ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا(١)

قەسەم بەو بایانەی خۆڵ هەڵئەگرن و بڵاوی ئەکەنەوە .

فَالْحَامِلَاتِ وِقْرًا(٢)

ئەمجا قەسەم بەو پەڵە هەورانەی باری قورسی باراناویان هەڵگرتووە.

فَالْجَارِيَاتِ يُسْرًا(٣)

ئەمجا قەسەم بەو پەڵە هەورانەی بەئاسانی بە هەوادا ئەڕۆن.

فَالْمُقَسِّمَاتِ أَمْرًا(٤)

ئەمجا قەسەم بەو فریشتانەی بەشی گیانلەبەران بەسەریانا بەش ئەکەن.

إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ(٥)

ئەوەی گفتتان پێدراوە ڕاستەو دێتەدی.

وَإِنَّ الدِّينَ لَوَاقِعٌ(٦)

پاداش دانەوەی چاکەو خراپەی چاکان و خراپانیش لە ڕۆژی قیامەتا، ڕووئەدا.

وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْحُبُكِ(٧)

قەسەم بە ئاسمانێ کە ڕێگای تیایە بۆ هاتوچۆی ئەستێرە گەڕۆکەکان.

إِنَّكُمْ لَفِي قَوْلٍ مُخْتَلِفٍ(٨)

بەڕاستی ئێوە قسەی جیاجیاو بێسەروبەرلەبارەی پێغەمبەرەوە ، یا

لەبارەی قورئانەوە، یـا لـەبـارەی ئایینی ئیسلامەوە ، یا لـەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە ئەکەن .

يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ أُفِكَ(٩)

ئەوکەسەی لە عیلمی خوادا لە باوەڕ هـەلگێڕابێتەوە، بەوجۆرە قسانە لە باوەڕ هەڵئەگێڕرێتەوە.

قُتِلَ الْخَرَّاصُونَ(١٠)

یاخوا بەکوشت چن ئەوانەی لەگۆترە لەخۆیانەوە قسەئەکەن.

الَّذِينَ هُمْ فِي غَمْرَةٍ سَاهُونَ(١١)

ئەوانەی لە گێژاوی درۆو دەلەسە کردنا غافڵو بێئاگان لە ترسی خوا.

يَسْأَلُونَ أَيَّانَ يَوْمُ الدِّينِ(١٢)

ئەپرسن: کەی ڕۆژی تۆڵەدانەوە دێتەدی؟

يَوْمَ هُمْ عَلَى النَّارِ يُفْتَنُونَ(١٣)

ئەو ڕۆژەی ئەوان لەسەر ئاگری دۆزەخ ڕائەگیرێنو ئەسووتێنیرێن.

ذُوقُوا فِتْنَتَكُمْ هَذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ(١٤)

پێیان ئەوترێ : فـەرموون نـاڕەحـەتیی خۆتـان بچێژن . ئەمە ئەوەیە کەوتبوونە پەلەپەل بۆی.

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ(١٥)

بەڕاستی ئەوانەی لەخوا ئەترسن لەناو باخو باخاتو کانیاوی بەهەشتان.

آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ(١٦)

خوا چ نازو نیعمەتێکی پێ بەخشیون وەریئەگرن بۆخۆیان، چونکە ئەمانە لەمەوبەر کە لە دنیادا بوون پیاوچاك بوونو چاکەیان ئەکرد.

كَانُوا قَلِيلاً مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ(١٧)

تەنها لە ماوەیەکی کەمی شەوا ئەنووستن.

وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ(١٨)

لە بەرەبەیانیشا داوای خۆشبوون و لێبووردنیان لە خوا ئەکرد.

وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ(١٩)

لە داراییشیانا بەشێ بۆ سوالکەرو نەدار هەبوو لەسەر خۆیانیان پێویست کردبوو.

وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِّلْمُوقِنِينَ(٢٠)

زەوییش گەلێ نیشانەو بەڵگەی لەسەر بوونی خواو تواناییی خوا تیایە بۆ کەسانێ باوەڕیان بە بوونی خوا هەبێ.

وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ(٢١)

لەخودی خۆیشتانا ئەو بەڵگەو نیشانانە هەن، دەی ئەوە ئێوە بینا نین و ناڕوانن تا عیبرەت بگرن ؟

وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ(٢٢)

ڕزق و ڕۆزیشتان لە ئاسمانایە چونکە هەمووی لەبارانەوە دێ و بارانیش لەسەرەوە دائەپەڕێ. ئەو بەهەشتەیش کە گفتتان پێدراوە لە ئاسمانایە، یا چونکە پاداشی کاری چاك بۆ خاوەن باوەڕان لە ئاسمانا نووسراوە (مەبەست لە پاداشەکەیش بەهەشتە، کە وای لێ دێتەوە بەهەشت لە ئاسمانا بێ).

فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ(٢٣)

سا قەسەم بە خوای ئاسمان و زەوی! ئەمەی وتمان ڕاستە وەك ڕاستیی ئەوە کە ئێوە قسەئەکەن.

هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ(٢٤)

ئایا تۆ باسی میوانە پڕقەدرو حورمەتەکانی ئیبراهیمت پێگەیشتووە ؟

إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ(٢٥)

کاتێ کە چوونە ماڵەوە بۆلای ، وتیان : سەلامت لێ بێ ، ئەویش وتی: سەلام لە ئێوەیش بێ ، ئێوە کۆمەڵێکی نەناسن ، من ناتانناسم کێن ؟

فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ(٢٦)

جا هەڵساو بێ‌ئەوەی میوانەکانی پێبزانن چوو بۆ لای ژنەکەی‌و گوێرەکەیەکی قەڵەوی هێنا. دیارە گوێرەکەکە سەربڕاو بووەو ئامادە کراوە بۆ خواردن .

فَقَرَّبَهُ إِلَيْهِمْ قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ (٢٧)

گوێرەکەکەی لێ نزیک خستنەوە ،واتە خستیە بەردەستیان‌و وتی: نافەرموون بخۆن؟

فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ(٢٨)

کە دیی لێیان نەخوارد، ترس کەوتە دڵیەوە لێیان . ئەوانیش کە هەستیان بە ترسانەکەی کرد، وتیان : مەترسەو مژدەیان دایە کەوا کوڕێکی زانای بۆ لەدایک ئەبێ.

فَأَقْبَلَتِ امْرَأَتُهُ فِي صَرَّةٍ فَصَكَّتْ وَجْهَهَا وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ(٢٩)

ژنەکەی ئیبراهیم کە لەم مژدەیە ئاگادار بوو بە قیژەو هاوارەوە هاتە لایان‌و ئەیدا بە سەروچاوی خۆیاو وتی: من پیرەژنێکی نەزۆکم.

قَالُوا كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ إِنَّهُ هُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ(٣٠)

ئەوانیش وتیان : پەروەردگاری تۆ وای فەرمووە ، ئەو خۆی خاوەن

حیکمـەتـەو زانایە.

جوزئی بیستوحەوتەم

قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ(٣١)

ئیبراهیم کە دڵی لە میوانەکانی هێمن بووەوە لێی پرسین، وتی : دەی ئێوە ئیشتان چییە وا بەکۆمەڵ هاتوون ئەی فروستادەکان؟

قَالُواْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ(٣٢)

ئەوانیش وتیان : ئێمە نێررابووینە سەر کۆمەڵێکی تاوانبار.

لِنُرْسِلَ عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّنْ طِينٍ(٣٣)

بۆئەوەی بەردە گڵینە ببارێنین بەسەریانا.

مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ لِلْمُسْرِفِينَ(٣٤)

بەردە گڵینەیوا لای خوای خۆتەوە نیشانەدار کرابوون بۆ ئـەو تـاوانبارە لەسنوور دەرچووانە.

فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(٣٥)

جا چی خاوەن باوەڕ لە ئاوایییەکەدا هەبوو کردمانە دەرەوە بۆئەوەی بـەر بەردەبارانی بەردە گڵینەکە نەکەون.

فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِّنَ الْمُسْلِمِينَ(٣٦)

کەچی لە تاقە ماڵێکی موسوڵمان بەولاوەمان لەو ئـاوایییەدا نەدییەوە.

وَتَرَكْنَا فِيهَا آيَةً لِّلَّذِينَ يَخَافُونَ الْعَذَابَ الْأَلِيمَ(٣٧)

نیشانەیەکی دیاریشمان لەو ئاوایییەدا جێهێشت بـۆ ئـەوکـەسانەی لە سزای پڕ دەردو ئازار ئەترسن.

وَفِي مُوسَى إِذْ أَرْسَلْنَاهُ إِلَى فِرْعَوْنَ بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ(٣٨)

لە باسی مووسایشا نیشانەو بەڵگەی گەورە هەیە لەسەر توانایی خوا کە ئەوەبوو بە موعجیزەیەکی ئاشکراوە ناردمانە سەر فیرعەون.

فَتَوَلَّى بِرُكْنِهِ وَقَالَ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ(٣٩)

کەچی فیرعەون لەوە لایدا کە گوێ بۆ مووسا شل بکاو پشتی بە هێزو توانی خۆی بەست و وتی: ئەم مووسایە یا سیحربازە یا شێتە.

فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ وَهُوَ مُلِيمٌ(٤٠)

ئێمەیش خۆیو لەشکرەکەیمان گرت و فڕێمان دانە ناو دەریاو گلەییش هەر لەسەر خۆیەتی، خەتای خۆی بوو خۆیو لەشکرەکەی وا تووش کرد .

وَفِي عَادٍ إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الرِّيحَ الْعَقِيمَ(٤١)

باسی قەومی عادیش بەڵگەو نیشانەی زۆری توانایی خوای تیایە، ئەوەبوو بایەکی بێ خێرو قازانج و نەزۆك و دوابڕمان ناردە سەریان.

مَا تَذَرُ مِنْ شَيْءٍ أَتَتْ عَلَيْهِ إِلاَّ جَعَلَتْهُ كَالرَّمِيمِ(٤٢)

بەسەر هەرچییەکیا هەڵکردایە دەسبەرداری نەئەبوو وەك ئێسکی ڕزیوو پڕتووکاوی لێ ئەکرد.

وَفِي ثَمُودَ إِذْ قِيلَ لَهُمْ تَمَتَّعُوا حَتَّى حِينٍ(٤٣)

هەروا باسی خێڵی سەموودیش بەڵگەو نیشانەی زۆری گەورەیی خوای تیایە کاتێ کە لەلایەن خواوە پێیان وترا: تا ماوەیەك بۆخۆتان لێدەن و ڕابوێرن.

فَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ وَهُمْ يَنظُرُونَ(٤٤)

ئەوانیش لە فەرمانی خوای خۆیان لایان داو جا هەورە تریشقە دای پیایاناو ئەوانیش بە ڕۆژی ڕووناك سەیریان ئەکرد چۆن تریشقەکە دێو پیایانا ئەدا.

فَمَا اسْتَطَاعُواْ مِنْ قِيَامٍ وَمَا كَانُواْ مُنتَصِرِينَ(٤٥)

ئیتر وایان لێ‌هات نەیانتوانی لـــە جێی خۆیـــانـــا ڕاست بنەوەو لەوانەیش نەبوون کەسێ یارمەتییان بداو زاڵ بن.

وَقَوْمَ نُوحٍ مِّنْ قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْمًا فَاسِقِينَ(٤٦)

قەومی نووحیشمان بەر لەوان فەوتاندو لـەنـــاومـــان بردن . قەومی نووح کۆمەڵە خەڵکێکی فاسق و گوناهبار بوون.

وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ(٤٧)

ئاسمانیشمان بەهێز دروست کردو ئێمە ئەتوانین گەورەتریشی بکەین.

وَالأَرْضَ فَرَشْنَاهَا فَنِعْمَ الْمَاهِدُونَ(٤٨)

زەوییشمان تەخت کردووە بۆئەوەی ئۆقرەی تیا بگرن و ئێمە تــەختکەری زۆر چاکین.

وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(٤٩)

ئێمە لەهەموو جۆرە گیاندارو دارو درەخت و سەوزەو گژوگیایەك جووتێکی نێرومێمان دروست کردووە بۆئەوەی ئێوە بیربکەنـــەوە کـــە خوا ئەم دنیای بەپێی قانوونێکی ڕێکوپێك دروست کردووە.

فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ إِنِّي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٥٠)

دەی لەچنگی شەیتانی ئادەمیزاد خەڵەتێن هەڵبێن و ڕابکەن بـــۆ لای خواو بە فەرمانی ئەو بجووڵێنەوە. مـــن لای ئـــەوەوە هاتـــووم بـــۆسەر ئێوە تا بتانترسێنم و ڕوونی بکەمەوە بۆتان لە چیتان ئەترسێنم.

وَلاَ تَجْعَلُواْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ إِنِّي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٥١)

خوایەکی تر لەگەڵ خوادا قەرارمەدەن و کەسی لەگـەڵ مەپەرستن . من لای

خواوە هاتووم بۆسەرتێوە تا بتانترسێنم‌و ڕوونیشی بکەمەوە لە چیتان ئەترسێنم .

كَذَٰلِكَ مَا أَتَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ قَالُواْ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ(٥٢)

هەروەك كافرەكانی قورەیش ، كافرەكانی بەرلەوانیش هیچ تاقمێكیان پێغەمبەرێكیان نەهاتەسەر ، ئیللا پێیان ئەوت: سیحربازە یاخود شێتە .

أَتَوَاصَوْاْ بِهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ(٥٣)

ئایا ئەم كافرانە تاقم تاقم یەكتریان ڕاسپاردووە وا بە پێغەمبەرەكانیان بڵێن‌و ئەم قسە پڕوپووچانەیان لە ڕوودا بكەن ؟ نەخەیر ! هەریەكەیان لەخودی خۆیانا توغیانیان كردووەو لە ڕاستییان لاداوە .

فَتَوَلَّ عَنْهُمْ فَمَا أَنْتَ بِمَلُومٍ(٥٤)

دە پشتیان لێ هەڵبكەو گوێیان مەدەرێ ، گلەیی لە تۆ ناكرێ كەوا ئەمانە بە كافری ئەمێننەوەو موسوڵمان نابن.

وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ(٥٥)

ئامۆژگارییش هەر بكە چونكە ئامۆژگاری سوود ئەدا بەوانەی خاوەنی ئیمانن یا ڕوویان لە ئیمان هێنانە .

وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ(٥٦)

مـن جنۆكەو ئادەمیزادم بـۆ هیچ دروست نـەكـردووە بۆ ئەوە نەبێ كە بمپەرستن.

مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ(٥٧)

من ڕزق‌و ڕۆزیم لێیان ناوێ‌و نامەوێ خواردەمەنیم دەرخوارد بدەن چونكە

خۆراك خۆر نیمو پێویستم بە خواردەمەنی نییەو خۆراکی هەموو خۆراك خۆرێکیش بە دەست منە .

إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ (٥٨)

بەڕاستی خوا ڕۆزیدەری هەموانەو بەهێزو توانایە و زۆریش بەهێزە .

فَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذَنُوبًا مِّثْلَ ذَنُوبِ أَصْحَابِهِمْ فَلَا يَسْتَعْجِلُونِ (٥٩)

بەڕاستی ئەوانەی ستەمو ناحەقییان لەگەڵ پێغەمبەر کردووە، بەشە سزای وەك بەشە سزای هاوڕێ کافرەکانی سەردەمەکانی پێشووی خۆیانیان بۆ هەیە، جا با پەلەپەلی سزادانیانیان نەبێ لێم ، سەرەنجام هەر بۆیان تاین ئەبێ .

فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن يَوْمِهِمُ الَّذِي يُوعَدُونَ (٦٠)

کەواتە هاوار بۆ ئەوانەی کافر بوون لە سزای ئەو ڕۆژەیان کەوا گفتیان دراوەتێ پێی .

سوورەتی (ألطور)
مەککەیی‌یەو ، (٤٩) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالطُّورِ (١)

قەسەم بە کێوی طووری سینا .

وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ (٢)

قەسەم بە کتێبێکی نووسراو کە مـــەبـــەست لێی قورئان یا هەرچییەکە لە لەوحولمەحفووزدا نووسرابێ.

فِي رَقٍّ مَّنْشُورٍ (٣)

لـــە لاپەڕەی پێستە حـــەیوانێکـــا نووسرابێ کە بڵاوکرابێتەوە ، واتە بڵاو کرابێتەوە بۆئەوەی بخوێنرێتەوە .

وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ (٤)

قەسەم بە خانووی ئـــاوەدان بـــە پـــەرستنی خوا تیایا کە مەبەست ماڵی کەعبەیە .

وَالسَّقْفِ الْمَرْفُوعِ (٥)

قەسەم بە بانی بەرزکراوە کە ئاسمانە بەسەر ئەرزەوە .

وَالْبَحْرِ الْمَسْجُورِ (٦)

قەسەم بە دەریای هـــاتـــووەکـــوڵ کـــە دەریاکـان لە ڕۆژی قیامەتاو لە تێکچوونی زەویدا دێنەکوڵ .

إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ (٧)

بێگومان سزای خوای تۆ بۆ کافران ڕووئەداو دێتەدی .

مَّا لَهُ مِنْ دَافِعٍ(٨)

هیچ چارەسەرێکی بۆ نییە بەری لێ بگرێ.

يَوْمَ تَمُورُ السَّمَاءُ مَوْرًا(٩)

لەو ڕۆژەدا کەئاسمان توند ئەسووڕێتەوە بە سووڕانەوە.

وَتَسِيرُ الْجِبَالُ سَيْرًا(١٠)

کێوەکانیش ئەکەونە گەڕانێکی توند.

فَوَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(١١)

جا لە ڕۆژێکیوادا هاوار بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە خواو فەرموودەی پێغەمبەری خوا نەکردووە.

الَّذِينَ هُمْ فِي خَوْضٍ يَلْعَبُونَ(١٢)

ئەوانەی لە وتارو ڕەفتاری پووچو بەتالا گاڵتە ئەکەن

يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَى نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا(١٣)

لەوڕۆژەدا کە ئەو کافرانە بەزۆر بەپاڵ پاڵیان پێوەئەنرێ بۆ ناو ئاگری دۆزەخ.

هَذِهِ النَّارُ الَّتِي كُنتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ(١٤)

پێیان ئەوترێ : ئەمە ئەو ئاگرەیە کەوا بە درۆتان دائەناو باوەڕتان پێ نەئەکرد.

أَفَسِحْرٌ هَذَا أَمْ أَنْتُمْ لاَ تُبْصِرُونَ(١٥)

جا ئاخۆ ئەم ئاگرو دۆزەخە سیحرو جادووە ، یان ئێوە کوێرنو بە چاوی خۆتان نایبینن؟

اصْلَوْهَا فَاصْبِرُواْ أَوْ لاَ تَصْبِرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ

تَعْمَلُونَ(١٦)

برۆنە ناوی، خۆتانی تیا ڕابگرن یا نەگرن چون یەکە بۆتان ، ئێوە جەزاتان بەگوێرەی کردەوەی خۆتان ئەدرێتەوە.

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَعِيمٍ(١٧)

بێگومان ئەوانەی لە خـوای خۆیان ترساون لە دنیادا لەناو بەهەشتو نازو نیعمەتان.

فَاكِهِينَ بِمَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ وَوَقَاهُمْ رَبُّهُمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ(١٨)

لەزەت وەرئەگرن بەوەی خـوای خۆیان پێی‌داونو خوا لە ئاگری دۆزەخی پاراستوون.

كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(١٩)

بخۆنو بخۆنەوەو خۆشو گەوارا بێ بۆتان بەهۆی ئـەو کردەوە باشانەوە کە کردووتانن.

مُتَّكِئِينَ عَلَى سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ(٢٠)

حاڵیان وایە پـاڵ ئـەدەن بە چەندین تەختی ڕیزکراوەوەو لەگەڵ حۆریی جوانی چاوقەوی جووتمان کردوون.

وَالَّذِيـنَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُمْ بِإِيـمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَيْءٍ كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ(٢١)

ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو نـەوەیـان بـە بـاوەڕەوە شوێنیان کەوتوون، ئەوانەو هەموو نەوەکانیشیان ئەخەینە ڕیزی ئەوان لە پایەی پـاشەڕۆژاو هیچ لـە کـردەوەی وەچـە پێـشووەکـان کەم ناکەین کە نەوەکانیان بەهۆی ئـەوانەوە ئەو پایەیان دەسگیر ئەبێ و، هـەرکـەس بە کـرداری خۆیەوە

پابەندەو بەگوێرەی ئەوە پاداشی ئەدرێتەوە.

وَأَمْدَدْنَاهُمْ بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ (٢٢)

یارمەتییشیان ئەدەین لە بەهەشتا بە میوەو بە گۆشتی هەر گیاندارو پەلەوەرێ ئارەزوویان لێ بێ.

يَتَنَازَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ (٢٣)

لەناو خۆیانا لە بەهەشتا پیالە شەرابیوا دەست بەدەست ئەدەن بە یەکتر کە نە خواردنەوەی گوناهەو نە پێیشی سەرخۆش ئەبن تا قسەی پڕوپووچو هەلەق و مەلەق بکەن.

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَكْنُونٌ (٢٤)

خولامو خزمەتکاریوای خۆیان بەدەوریانا ئەخولێنەوە بۆ خزمەت کردنو فەرمان بەجێهێنانیان، وەك دوڕی لەناو سەدەفا داپۆشراو وان.

وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (٢٥)

هەندێکیان ڕوونەکەنە هەندێکیتریان لەناو خۆیانا پرسیارو وەڵام ئەکەن.

قَالُوا إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِي أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ (٢٦)

ئەڵێن: ئێمە لەمەوبەر لەناو خۆمانا لە عەزابی خوا ئەترساین.

فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ (٢٧)

خوایش لوتقی لەگەڵ کردینو منەتباری کردینو لە سزای ئاگری دۆزەخی پاراستین کە کار ئەکاتە کونو کەلەبەرەکانی لەش.

إِنَّا كُنَّا مِنْ قَبْلُ نَدْعُوهُ إِنَّهُ هُوَ الْبَرُّ الرَّحِيمُ (٢٨)

ئێمە لەمەوبەر کە لە دنیادا بووین هاوارمان هەر لەو ئەکرد. بەڕاستی هەر ئەو خاوەن ئیحسانو میهرەبانە.

فَذَكِّرْ فَمَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلاَ مَجْنُونٍ(٢٩)

دەی پەندو ئامۆژگاریی خۆت بۆ ئەو خەڵکە بکەو گوێمەدەرە قسەو قسەلۆکی کەس، تۆ لە سایەی نیعمەتی خوای خۆتەوە نە جادووگەرو ئیددیعای غەیب زانین کەریت و نە شێتیشی.

أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ(٣٠)

یان ئەڵێن: ئەم کابرا شیعردانەرێکە چاوەڕوانی ئەوەین دڵ داخورپێنی مەرگ بێ بەسەریاو بمرێ؟

قُلْ تَرَبَّصُوا فَإِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُتَرَبِّصِينَ(٣١)

تۆیش، ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: چاوەڕوان بن، منیش لەگەڵ ئێوە لە چاوەڕوانانم.

أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلاَمُهُمْ بِهَذَا أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ(٣٢)

یان عەقڵە سووکەکەیان فەرمانیان ئەداتێ ئەم قسە بێسەروبەرانە بکەن، یان هەر خۆیان قەومێکن لە عەنادو کەللەڕەقیدا لەسنوور لایان داوە؟

أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُ بَل لاَّ يُؤْمِنُونَ(٣٣)

یان ئەڵێن: ئەم قورئانەی بۆ خۆی هەڵیبەستووە؟ نەخەیر ئەمانە تاقمێکن ئیمانیان نییەو هەرچی ئەڵێن لەوەوە ئەیڵێن.

فَلْيَأْتُوا بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِ إِن كَانُوا صَادِقِينَ(٣٤)

دەی با قسەیەکیوا بهێنن ئەگەر ڕاست ئەکەن.

أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ(٣٥)

یا بۆ بیر لە بوونی خۆیان ناکەنەوە: بێئەوەی دروستکەرێ هەبێ دروستیکردبن دروست بوون، یان خۆیان خۆیانیان دروست کردووە؟

أَمْ خَلَقُواْ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بَل لاَّ يُوقِنُونَ(٣٦)

یان ئەوان ئاسمانەکان‌و زەوییان دروست کردووە؟ مەسەلـــەکـــە ئەوەیە ئەمانە ڕوو لە شتی ڕاست‌و یەقین ناکـەن‌و هەر لە دووی گومان‌و خـەیـالات ئەگەڕێن.

أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ(٣٧)

یا ئەمانە گەنجینەی ئاسمانەکان‌و زەوییان لەژێر دەستایـەو بـە دەستی ئەوانە خەلاتی پێغەمبەری بە کێ بدەن، یـان ئەمانـەن بەسەر هەموو شتێکا زاڵن‌و چییان ئارەزوو لێ بێ ئەیکەن؟

أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُمْ بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ(٣٨)

یا ئەمانە پەیژەیەکیان هەیە بەسەریا سەرئەکەون بۆ ئاسمانەکان‌و گوێ لە قسەی فریشتەکان ئەگرن؟ ئەگەر وایـە بـا ئـەوەیان کە گوێی لێ گرتووە بە دەلیلێکی ئاشکراوە بێت ئیسپاتی بکـا سەرکـەوتووەو گوێی گرتووەو چیی گوێ لێ بووە بیگێڕێتەوە.

أَمْ لَهُ الْبَنَاتُ وَلَكُمُ الْبَنُونَ(٣٩)

یان خوا کچی هەیەو ئێوە کوڕتان هەیە؟

أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ(٤٠)

یان لەوە زویرن کە تۆ داوای کرێیەکیان لێ ئەکەی‌و ئەوانیش باریان بەهۆی بژاردنەوەی ئەو کرێوە قورس کراوە؟

أَمْ عِندَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ(٤١)

یان دەفتەری غـەیب‌و شتی نهێنییان لایـەو ئەوان لەڕووی ئەو دەفتەرە زانستی ئەنووسنەوەو ئەزانن چی ڕووئەدا.

أَمْ يُرِيدُونَ كَيْدًا فَالَّذِينَ كَفَرُواْ هُمُ الْمَكِيدُونَ(٤٢)

یان ئەیانەوێ فێڵت لیٚ بکەن و بەپێی ڕاوێژەکەی (دارالندوه) لەناوت بەرن؟ ئەوانەی کافرن خۆیان فێڵیان لەگەڵ ئەکرێ و لەئەنجامی ئەوەدا لەناوئەچن و بەرباد ئەبن.

أَمْ لَهُمْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ(٤٣)

یاخود باوەڕیان وایە کە لە خوا بەولاوە خوایەکیان هەیە . خوا پاک و دوورە لەوە کە ئەوان هاوبەشی بۆ دائەنێن.

وَإِن يَرَوْاْ كِسْفًا مِّنَ السَّمَاءِ سَاقِطًا يَقُولُواْ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ(٤٤)

ئەو کافرانە ئەوەندە عەنادکارو بێباوەڕن تەنانەت ئەگەر چەند پارچەیەکی ئاسمانیش ببینن لە ئاسمانەوە بکەوێتە خوارەوە بەسەریانا ، ئەڵێن : پەڵە هەوری نیشتووە سەریەکەو بارانی لێوە ئەبارێ!

فَذَرْهُمْ حَتَّى يُلَاقُواْ يَوْمَهُمُ الَّذِي فِيهِ يُصْعَقُونَ(٤٥)

دە کەوایە لێیان گەڕێ تا بەوڕۆژەی خۆیان ئەگەن کە لە هۆشی خۆیان ئەچن تیایا کە ئەو ڕۆژەیە هەموو زیندوویەکی تیا ئەمرێ .

يَوْمَ لَا يُغْنِي عَنْهُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ(٤٦)

ئەوڕۆژەی کە هەرچی فڕوفێڵی دنیایانە بایی پوولێ سوودی نابێ بۆیان و کەس بە فریایان ناگا یارمەتییەکیان بدا.

وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ عَذَابًا دُونَ ذَلِكَ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ(٤٧)

بەڕاستی ئەوانەی کە ستەمکار بوون و لە دنیادا ئازاری خەڵکیان داوە سزایەکی‌تریشیان هەیە جگە لە سزای ڕۆژی قیامەت ، بەلاَم بەشی زۆریان ئەوە نازانن.

وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ(٤٨)

دەی‌سا تۆ خۆت بگرە بۆ فەرمانی خوای خـۆت‌و ورە بـەرمەدە کە جاریٚ خوا لێیان گەڕاوەو تا کاتی خۆی دیٚ سزایان ناداو ، خوای خۆت پاك‌و بیٚ‌گەرد ڕاگرەو کاتیٚ کە لە خەو هەڵئەستی یا ڕاست ئـەبیتـەوە بـۆ نوێژ سوپاس‌و ستایشی بکە.

وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَإِدْبَارَ النُّجُومِ(٤٩)

شەویش هەر تەسبیحات‌و سوپاس‌و ستایشی بـۆ بکـەو کـاتی ئاوابوونی ئەستێرەکانیش کە ڕۆژ ئەبێتەوە.

سوورەتی (ألنجم)

مەککەیی‌یە ئایەتی ٣٢ی نەبێ‌و ، (٦٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى(١)

قەسەم بە ئەستێرە کە ئاوا ئەبێ ، یا بە بەشێ لە ئایەتەکانی قورئان کە دێنە خوارەوە .

مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى(٢)

هاوڕێکەتان ، کە موحەممەدەو بە پێغەمبەری هاتووەتە سەرتان ، نە ڕێی ڕاستی لێ وێڵ بووەو نە بیروباوەڕی پڕوپووچی هەڵگرتووە .

وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى(٣)

لە ئارەزووی نەفسی خۆیشیەوە قسە ناکا .

إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى(٤)

ئەوەی کە ئەو ئەیخوێنێتەوە بەسەرتانا لە وەحی بەولاوە نییە کە لەخواوە وەحیی بۆ ئەکرێ .

عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى(٥)

فریشتەیەکی فرە بەهێز کە جیبرەئیلی فریشتەی وەحیە ئەم وەحیەی فێرکردووە کە لە خواوە بۆی ئەهێنێ .

ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى(٦)

خاوەنی عەقڵێکی زۆر کامڵ‌و تەواوەو ، بەو شێوەی ڕاستەقینەی خۆیە ڕاوەستا کە خوا وای دروست کردووە .

وَهُوَ بِالأُفُقِ الأَعْلَى (٧)

لەحاڵێکا کە لە کەناری ئاسمانی بەرزا بوو .

ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى(٨)

پاشان لە پێغەمبەر نزیك بووەوەو داپەڕی بۆ لای .

فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى(٩)

بەجۆرێ کە پێوانەی نێوانی ئەوو پێغەمبەر ئەوەندەی دوو کەوان یا لەوە نزیکتر بوو ، واتە : ئەوەندەی دوو کەس بەرانبەری یەك دانیشن و هەریەکە کەوانەکەی خۆی لە بەردەمی خۆیا دانێ .

فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى(١٠)

جا جیبرەئیل وەحیی‌کرد بۆ لای بەندەی خوا کە پێغەمبەرە ئەوەی کە خوا بەهۆی ئەوەوە وەحیی کردبوو بۆ لای .

مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى(١١)

دڵی پێغەمبەر درۆی نەکرد لەگەڵ چاوی لەوەدا کە بە چاوی خۆی بینیی . واتە : ئەوەی پێغەمبەر بە دڵ حاڵیی بوو و بە چاوی دڵ تێیگەیشتبوو گشتی ڕاست بوو ، واتە : دڵی پێغەمبەر بە چاوی وت : ئەوەی تۆ دیت هەر ئەوەبوو منیش تێیگەیشتم ، بەومەعنا کە دڵ و چاو وەك یەك و هاوجووت بوون لە تێگەیشتن و بینینی جیبرەئیلا .

أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى(١٢)

ئایا ئێوە موجادەلەی لەگەڵ ئەکەن لە بارەی ئەوەوە کە دیویەتی ؟

وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى(١٣)

بەڕاستی پێغەمبەر جارێکی‌تریش جیبرەئیلی دیوە لە داپەڕینێکی‌ترا .

عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى(١٤)

لای داری سیدرەتولمونتەهادا.

عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى(١٥)

کە جەنتەتولمەئـوا کـــە جێگای ئـــەرواحی ئەهلی تەقوایە ، لە نزیکی ئەو دارەوەیە.

إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى(١٦)

لەوکاتەدا کە داری سیدرەتولمونتەهای داپۆشیبوو ئەوەی کە داپپۆشیبوو کـــە شتێکی ئەوەندە مەزن بوو و ئەوەنـــدە زۆر داپپۆشیبوو نە باسی ئەکرێو نە ئەیشژمێررێ .

مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى(١٧)

چاوی پێغەمبەر نە لایدا لەوەی کە ئەیبینی و نە ئەم لاو ئەولای کرد.

لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى(١٨)

بەڕاستی لە نیشانەکانی خوای خۆی ، گەورەکانیانی دی .

أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى(١٩)

پێم بڵێن : ئایا ئێوە لات و عوززاتان دیوە ؟

وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى(٢٠)

مەناتە سێهەمەکەیتریشتان دیوە ؟ واتە : پێم بڵێن ئەمانە شایانی ئەوەن کەسێ بییانپەرستێ ؟ ئەمـــانـــە ناوی سێ بتن لەو بتانەی خێڵە عەرەبەکانی حیجاز پەرستوویانن .

أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الأُنْثَى(٢١)

ئایا ئێوە خۆتان نەوەی نێرینەتان هەیەو بۆ خوایش نەوەی مێیینە هەیە ؟

تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى(٢٢)

ئەگەر وابێ ئەمە دابەشکردنێکی نـــارەواو نـــادادپـــەروەرانەیە ئەوەی بۆ خۆتان ناتانەوێ بۆ ئەوی دانێن !

إِنْ هِيَ إِلا أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وآبَاؤُكُم مَّا أَنــزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ ومَـــا تَهْوَى الأَنْفُسُ ولَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى(٢٣)

ئەو بتانـــەی ئێوە ئـــەیـــانپەرستن لە چەند ناوێ بەولاوە نین کە خۆتان و باووباپیرانتان ناوتان لێناون خـواو نـــە خـــوان و نـــە هیچ و هیچ سیفەتێکی خوایەتییان تیا نییەو خوا هیچ بەڵگەیەکی بۆ خوایەتیی ئـــەو بتانە نەناردووەتە خوارەوە . ئەوانەی ناوی خوایان لـــەم بتانـــە نـــاوە تەنها شوێنی گومان و خەیاڵ و شتێ ئەکەون کە نـــەفسی خۆیان ئارەزووی ئەکا ، کەچی هیدایەت و ڕێپیشاندانیشیان لە خواوە بۆ هاتووەو ئـــەبـــوو شوێنی ئـــەو هیدایەت و ڕێپیشاندانەی خوا بکەون ، بـەلاَم شوێنی نـــەکـــەوتن و شوێنی چاولێکەریی باووباپیرانیان و خەیاڵ و هەواو هەوەسی نەفسی خۆیان کەوتن .

أَمْ لِلإِنسَانِ مَا تَمَنَّى(٢٤)

یا ئایا ئادەمیزاد ئارەزووی هەرچی بکا بۆی ئەبێ ؟ دیارە نەخێر!

فَلِلَّهِ الآخِرَةُ والأُولَى(٢٥)

چونکە دنیاو قیامەت هەمووی هیی خوایە ، چیی لێیان بە هەرکـــەسێ ئەدا ئەیداو چی نادا نایدا.

وكَـــم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لاَ تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلاَّ مِنْ بَعْدِ أَنْ يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَنْ يَشَاءُ ويَرْضَى(٢٦)

چه‌ندین فریشته له ئاسمانه‌كان‌و زه‌ویدا هه‌ن تكاكارییان هیچ سوودێ به كه‌س ناگه‌یه‌نێ پاش ئه‌وه نه‌بێ خوا ڕێگایان بدا تكا بۆ هه‌ركه‌سـێ بـكه‌ن كه خۆی مه‌یلی لێ بێ‌و پێی ڕازی بێ.

إِنَّ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ الْمَلائِكَةَ تَسْمِيَةَ الأُنْثَى(٢٧)

به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان بـه ڕۆژی دوایی نییه ناوی فریشـته‌كان وه‌ك ناوی كچ ئه‌هێنن.

وَمَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْـمٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لاَ يُغْنِي مِـنَ الْحَقِّ شَيْئًا(٢٨)

هیچیش له مه‌سـه‌له‌كه نازانن‌و ئاگایان لێ نییه‌و شـوێنی گومان نه‌بـێ ناكه‌ون‌و گومانیش له‌باره‌ی زانینی ڕاستییه‌وه هیچ دادێ ناداو سوودی نییه.

فَأَعْرِضْ عَنْ مَنْ تَوَلَّى عَنْ ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلاَّ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا(٢٩)

ده‌ی خۆت لاده له كه‌سێ كه پشتی له ناوهێنان‌و په‌رستنی ئێمه كردبێ‌و له ژیانی دنیا به‌ولاوه هیچی نه‌ویستبێ.

ذَلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِـهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى(٣٠)

دنیاو ئاره‌زووی دنیا ئه‌و ڕاده‌یـه‌یـه كـه پـایـه‌ی زانستی ئـه‌وانـه‌ی پێگه‌یشتووه‌و له‌وه تێپه‌ڕی نه‌كردووه. بێگومان خوای تـۆ لـه هـه‌ركه‌س باشتر ئه‌زانێ كێ ڕێی خۆی وێڵ كردووه‌و لێی تێكچووه‌و باشتریش ئه‌زانێ كێ هیدایه‌تی خوای وه‌رگرتووه.

وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِيـنَ أَسَاءُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى(٣١)

ئەوەی لە ئاسمانەکان‌و لە زەوییایە هیی خوایە تا سزای ئەوکەسانە بدا کە خراپەیان کردووە بەگوێرەی کرداری خۆیان‌و ، پاداشی ئەوانەیش بداتەوە کە چاکەیان کردووە بە باشتر لە چاکەکەی خۆیان کە بەهەشتە.

الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلاَّ اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلاَ تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى(٣٢)

کە چاکەکەرەکانیش ئەوانەی خۆیان لە گوناهی گەورەو لە کاری ناباری بێناموسی دوورئەگرن ، گوناهی بچووك‌و وردە نەبێ ئەوە خوا لێی خۆش ئەبێ‌و ، لێبووردن‌و بەخششی خوای تۆیش بەدەرەتان‌و بەربلاوە . خوا لە ئێوە خۆتان شارەزاترە لە حاڵ‌و ئەحوالتان چ لەوکاتەدا کە ئێوەی لە خۆڵ دروست کردو چ لەوکاتەیشا کە هێشتا ئاوەلەمەن لە سکی‌دایکەکانتانا ، کەواتە خۆتان بە خاوێن‌و بێگوناه دامەنێن ، ئەو خۆی لە هەموان شارەزاترە کێ خۆی لە گوناه پاراستووە.

أَفَرَأَيْتَ الَّذِي تَوَلَّى(٣٣)

ئایا تۆ ئەو کابرات دیوە کە پشتی لە موسوڵمانەتی هەڵکردو پاشگەز بووەوە ؟

وَأَعْطَى قَلِيلاً وَأَكْدَى(٣٤)

کە کەمێکی‌ماڵی خۆی دا بە برادەرەکەی‌و ئەوی‌کەی لێ گرتەوەو نەیدایە ؟

أَعِندَهُ عِلْمُ الْغَيْبِ فَهُوَ يَرَى(٣٥)

ئایا ئەو کابرایە ئاگای لە ئەسراری خوا هەیەو پێی ئەزانێ ؟

أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى(٣٦)

یان خـــەبەری ئەوەی نەدراوەتیٚ کە لەپەڕە وەحیەکانی مووسادا هەیە و ..

وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى(٣٧)

لەپەڕە وەحیەکانی ئیبراهیمیشا هـەیە ؟ ئەو ئیبراهیمەی چیی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو بەجێیهێناوخۆی دا بـەدەستی خێڵە بت پەرستەکەیەوە فڕێیان دایە ناو ئاگرەوەو، ئەوەیش کە لە پەڕەکانی مووساو ئیبراهیما هەیە ئەوەیە ..

أَلاَّ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى(٣٨)

کەوا هیچ تاوانباریٚ تاوانی کەسێکیتری ناکەوێتە ئەستۆو ،

وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى(٣٩)

کەسیش هیچی دەسگیر نابیٚ بەرهەمی کردەوەی خۆی نەبیٚو ،

وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى(٤٠)

سەعیو تێکۆشانیشی لە ڕۆژی خۆیا کە ڕۆژی قیامەتە ئەبینریٚو ،

ثُمَّ يُجْزَيهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَى(٤١)

پاشانیش جەزای پڕبەپێستی خۆیی بەرانبەر بە کردەوەکانی ئەدرێتەوەو ،

وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنتَهَى(٤٢)

ئەنجامی کاریش بۆ لای خوای خۆت ئەگەڕێتەوەو ،

وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى(٤٣)

هەر خوا خۆیشیەتی ئـــادەمیزاد پێئەکـــەنێنیٚو ئەیگریێنیٚ ، واتە دڵی خۆش یا خەفەتبار ئەکاو ،

وَأَنَّهُ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا(٤٤)

هەر ئەو خۆیشیەتیئادەمیزاد ئەمرێنیٚو زیندوویشی ئەکاتەوەو ،

وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى(٤٥)

هەر ئەو خۆیشیەتی هەردوو هاوجووتی نێرو مێی دروست کردووە .

مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى(٤٦)

لە دلۆپە تۆمێ کاتێ کە ئەکرێتە منالّدانی مێیینەوەو ،

وَأَنَّ عَلَيْهِ النَّشْأَةَ الْأُخْرَى(٤٧)

دروستکردنەوەی دووبارەیشی هەر لەسەر ئەو خوایە خۆیەتیو ،

وَأَنَّهُ هُوَ أَغْنَى وَأَقْنَى(٤٨)

هەر ئەو خوایە خۆیشیەتی ئادەمیزاد دەولّەمەند ئەکاو وای لیّ ئەکا قنیات بکا بەوەی کە هەیەتیو ،

وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى(٤٩)

هەر ئەو خۆیەتی خوای ئەستێرەی گەلاوێژیشەو ،

وَأَنَّهُ أَهْلَكَ عَادًا الْأُولَى(٥٠)

هەر ئەویش بوو خێڵی کۆنی عادی فەوتاندو ،

وَثَمُودَاْ فَمَا أَبْقَى(٥١)

سەموودیشی فەوتاندو کەسی لیّ نەهێشتنەوەو ،

وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا هُمْ أَظْلَمَ وَأَطْغَى(٥٢)

خێڵی نووحیشی بەر لەوان فەوتاند . خێڵی نووح لە خێڵیعادو سەموود ستەمکارترو توغیان کردووتر بوونو ،

وَالْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَى(٥٣)

شارستانی موئتەفیکەیشی سەرەوژێر کرد کە هیی قەومی لووط بوو ،

فَغَشَّاهَا مَا غَشَّى(٥٤)

ئیتر شارستانی موئتەفیکە ئەوەی بەسەرا هات کە بەسەریا هات .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكَ تَتَمَارَى(٥٥)

کەواتــە تــۆ، ئــەی موحەممەد ، لە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆت بەگومانی؟

هَذَا نَذِيرٌ مِّنَ النُّذُرِ الْأُولَى(٥٦)

ئەم قورئانە یــەکێکە لــەوکتێبە ترسێنانەی زووتر بەهۆی پێغەمبەرانەوە هاتوون بۆ بەرەی ئادەمیزاد.

أَزِفَتِ الْآزِفَةُ(٥٧)

ئەوەی نزیکە ڕوبدا، کە ڕۆژی قیامەتە، نزیك بووەتەوە.

لَيْسَ لَهَا مِنْ دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ(٥٨)

لە خوا بەولاوە کەس نییە بتوانێ لای بدا.

أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ(٥٩)

دەی ئایا سەیرتان لەم قورئانە دێ،

وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ(٦٠)

پێی پێئەکەنن و گاڵتەی پێ ئەکەن و ناگرین لە خەفەتی ئەو زیانانەی لە خۆتانتان داوە و،

وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ(٦١)

ئێوە بێ ئاگایانەیش ڕائەبوێرن

فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا(٦٢)

کەواتە دەی سوجدە بەرن بۆ خواو سەری بۆ بخەنە سەر زەوی و بیپەرستن.

سوورەتی (ألقمر)

مەککەیییە ئایەتەکانی ٤٤-٤٦ی نەبێ‌و ، ٥٥ ئایەتە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ (١)

ڕۆژی قیامەت نزیك بووەوەو مانگ لەت بوو.

وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ (٢)

ئەگەریش ئەم کافرانە نیشانەیێ ببینن بەلگــە بێ بۆ توانایی خوا، گوێی نادەنێ‌و موبالاتی پێ ناکەن‌و ئەڵێن: ئەمە جادووەو شتێکی باوو بەردەوامە.

وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ (٣)

پێغەمبەریش بە درۆزن دائەنێن‌و شوێنی ئارەزووی نــەفســی خۆیــان ئەکەون‌و ، هەر کارێکیش بگری لەئەنجامێکا ئەگیرسێتەوە بــە سەرکەوتن بێ یا بە ژێرکەوتن لە دنیادا، بە بەختیاری یا بە چارەڕەشی لە قیامەتا.

وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّنَ الْأَنبَاءِ مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ (٤)

بەڕاستی ئەم کافرانە ئەوەندە دەنگوباسی ئوممەتــانی پێش خۆیانیان لە قورئانا بۆ باس کراوە کەوا چۆن فەرمانی خــواو پێغــەمبەرانی خوایــان جێ‌بەجێ نەکردو چۆن خوایش غەزەبی لێ گــرتــن‌و بــەربادی کردن ، جۆرێ لەلووت دان‌و ڕێی خراپە لێگرتنی تیابێ بۆ هەرکەسێ لە سزای خوا بترسێ.

حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ (٥)

ئەو دەنگوباسەی پێشینان کــە لــە ڕێگای قورئانەوە گەیشتووەتە ئەم کافرانە حیکمەتێکی ئەوتۆیە گــەیشتووەتــە پــایــەی بەرزی خۆی‌و ، لەوە بەولاوە ترساندن‌و هەڕەشە سوودێکی نییەو داد نادا.

فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَى شَيْءٍ نُّكُرٍ (٦)

مادەم وایە پشتیان لیْ هەڵکەو گوێیان مەدەریْ ، ئەو ڕۆژەی کە بانگکەر ، کە ئیسرافیلی مەئمووری مراندن‌و زیندووکردنەوەی خەڵکە لە ڕۆژی قیامەتا ، بانگیان ئەکا بۆ شتێکی ناخۆش‌و نابەدڵ کە ڕووکردنە مەیدانی مەحشەرو لێپرسینەوەی کردەوەیانە لە دنیادا .

خُشَّعًا أَبْصَارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ (٧)

چاویان شۆڕە لە ترسی کردەوەکانی دنیایان‌و لە گۆڕەکانیان دێنەدەر ئەڵێی کوللەی بە زەویدا بلاْوە لیْ کردوون.

مُّهْطِعِينَ إِلَى الدَّاعِ يَقُولُ الْكَافِرُونَ هَذَا يَوْمٌ عَسِرٌ (٨)

مل دائەنەوێنن‌و بەپەلەپەل بەدەم بانگی چوون بۆ مەحشەرەوە ئەچن . کافران ئەو ڕۆژە ئەڵێن : ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە .

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ (٩)

بەر لەوانیش قەومەکەی نووح نووحیان بە درۆزن دانا ، نووحی بەندەی ئێمەیان بە درۆزن داناو وتیان: شێتەو نەیانئەهێشت ئامۆژگارییان بکا.

فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ (١٠)

نووحیش هاواری کردە خوای خۆی‌و وتی : خوایە ! من بەدەست ئەم کافرانەوە بەزیووژێرکەوتووم ، دەرەقەتیان نایەم ، یارمەتیم بدەو سەرم بخە.

فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُّنْهَمِرٍ (١١)

ئێمەیش دەرگای ئاسمانمان کردەوە بە باراندنی بارانێکی شەستەباران کە بە خوڕ ئەهاتە خوار .

وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ (١٢)

زەوییشمان هەلّقولاّند بە چەندیــن کانیـــاوو سەرچـــاوە وەك بلّێی زەوی هەمووی کەوتووەتە سەر ئاو ، جا ئاوی ئاسمان و ئاوی زەوی لــەسەر فەرمانێ کە لە خواوە دەرچووبوو ، بەیەك گەیشتن.

وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ (١٣)

نــووحیشمــان لـــەسەر کــەشتییەکی خاوەن پارچە تەختەو بزماری زۆری پێداکوتان ، هەلّگرت.

تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِّمَنْ كَانَ كُفِرَ (١٤)

کەشتییەکە لە بەرچاوی ئێمەو بە چــاودێریی ئێمە بەسەر ئاوا ئەڕۆیشت ، ئەمەیش پاداشی ئەو پێغەمبەرە بوو کە ئــوممــەتـــەکـــەی ئینکاریان کردو باوەڕیان پێ نەکردو دوای نەکەوتن.

وَلَقَدْ تَرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ (١٥)

بەڕاستی ئێمە کەشتییەکەیشمان پاش بڕانەوەی تۆفانـــەکـــە هێشتەوە بۆئەوەی نیشانە بێ بۆ لەوەپاش لەسەر تواناییی خوا . دەی کەسێ هەیە بیر لەمە بکاتەوەو پەندو ئامۆژگاریی لێ وەربگرێ؟

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ (١٦)

دەی سزاو ترساندنی من بۆ کافرەکانی ئوممەتی نووح چۆن بوو؟

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ (١٧)

بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئامادە کردووە بــۆ هـــەرکـــەس بیخوێنێتەوەو تێی بگاو یادی خوای پێ بکاتەوە . دەی کــەسێ هــەیــە بییەوێ یـادی خوا بکاتەوەو پەندو ئامۆژگاریی لێ وەربگرێ ؟

كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ (١٨)

خێڵی عادیش پێغەمبەرەکەی خۆیانیان بە درۆزن داناو باوەڕیان پێ نەکرد. دەی سزاو ترساندنی من بۆ خێڵی عاد چۆن بوو؟

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ (١٩)

بەڕاستی ئێمە بایەکی توندی ساردی پڕ دەنگەدەنگ و هاژەهاژمان لە ڕۆژێکی شوومی‌وادا نارده سەریان شوومییەکەی نەئەبڕایەوە.

تَنزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ (٢٠)

ئادمیزادی هەڵئەگرت ، ئەتوت ڕیشەی دارخورمای هەڵکەنراوی لەزەویدا کەوتوون.

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ (٢١)

دەی سا سزاو ترساندنی من چۆن بوو؟

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ (٢٢)

بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئامادە کردووە بۆ هەرکەس بیخوێنێتەوەو تێی بگاو یادی خوای پێ بکاتەوە . دەی کەسێ هەیە بییەوێ یادی خوا بکاتەوەو پەند وەربگرێ؟

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ (٢٣)

خێڵی سەموود باوەڕیان بەوترساندنانە نەکرد کە پێغەمبەرەکەیان لە خوای ئەترساندن پێیان .

فَقَالُوا أَبَشَرًا مِّنَّا وَاحِدًا نَّتَّبِعُهُ إِنَّا إِذًا لَّفِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ (٢٤)

وتیان : چۆن ئەبێ ئێمە شوێنی یەك کەس لە خۆمان بکەوین کە تەنها خۆی بێ‌و کەسی لەگەڵ نەبێ ؟ ئەگەر شتی‌وا بکەین دیارە ئێمە لە گومڕاهی‌و شێتیداین.

أءُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِنْ بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ(٢٥)

ئایا لەناو ئێمەدا کەلامی خوا هــــەر بۆ سەر ئەو هاتووە ؟ نەخێروا نییەو، ئەو فروستادەی خوا نییە، بەڵکو درۆزنێکی زۆر خراپو خۆپەسەندە ؟

سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ الْكَذَّابُ الْأَشِرُ(٢٦)

سبەینیێ ئەزانن کێ درۆزنی زۆر خراپو خۆپەسەندە .

إِنَّا مُرْسِلُوا النَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ(٢٧)

ئێمە ئەو وشترەیان بــۆ ئــەنێرین کـــە داوایان کردووە، بۆئەوەی تاقییان بکەینەوەو دەرکەوێ ئاخۆ ڕاست ئەکەن ئــەگەر بۆمان ناردن ئیمان دێنن، جا چاوەڕوان بەو سەبریان لیٚبکە بزانە چیئەکەنو سەرەنجام چۆن ئەبێ.

وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ (٢٨)

ئاگاداریشیان بکە کەوا ئاوەکەیان بەش کراوە لـــەنێوانیانا ڕۆژێ بۆ ئەوانەو ڕۆژێ بۆ وشترەکەیە، هەر بەشێ ئامادەکراوە بۆ خاوەنی خۆی.

فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ(٢٩)

جا ئەوانیش خۆیـــان لەسەر ڕاگرتنی ئەو جۆرە دابەشکردنەی ئاوەکە پیٚ ڕاگیر نەکرا . بانگیان کردە هاوڕێکـــەی خۆیان، ئەویش زاتی کرد وشترەکە سەربڕیٚو چوارپەلی بڕییەوە .

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ(٣٠)

دەی سزاو ترساندنی من بۆ ئەوان چۆن بوو؟

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ(٣١)

بەڕاستی ئێمە دەنگێکی بـــەســــامو پڕترسو لەرزمان ناردە سەریان، ئیتر ئەوانیش بەو دەنگە وەك پلوپـــووشی وشکـــەڵاتووی ناو دەستی کەسێکیان

لێهات کە بۆ فرێدانە بەر ئاژەڵی ناوپەچەی ئامادە کردبێ.

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ (٣٢)

ئێمە بەڕاستی قورئانمان ئامادە کردووە بۆ یادکردنەوەی خـــوا کـــەسێ بیخوێنێتەوەو یادی خوای پێ بکاتـــەوە - جـا ئـاخۆ کەسێ هەیە یادی خوا بکاتەوە ؟

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ (٣٣)

بەرلەوان قەومی لووطیش ئـەو ترساندنـــانـــەیان بە درۆ دانـــا کە نێررانە سەریان‌و لە سزای خوایان ترساندن.

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلاَّ آلَ لُوطٍ نَّجَّيْنَاهُمْ بِسَحَرٍ (٣٤)

بەڕاستی ئێمە بایەکی توندمان هەڵکردە سەریان بەردی بەسەرا ئەباراندن، کەسیان لێ دەرنەچوو تەنیا ماڵ‌و مناڵە موسوڵمانەکەی لووط نەبێ لە بەرەبەیانێکا ڕزگارمان کردن . بـــەڵێ ژنەکەی لووط کە لەگەڵ کافرەکان بوو ئەویش فەوتا وەك لە ئایەتی‌ترا باسی کراوە.

نِعْمَةً مِّنْ عِندِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَن شَكَرَ (٣٥)

ئەم ڕزگـــارکـــردنـــەیشیان نیعمەت بوولەلایەن ئێمەوە بۆیان‌و،ئێمە ئاوا پـــاداشی هەرکـــەسێ ئەدەینـــەوە کە سوپاسی نیعمەتمان بکا بە پەرستن‌و فەرمانبەرداری کردنمان.

وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ (٣٦)

بەڕاستی لووط خێڵەکەی خۆی لە هەڵمەت‌و تێسرەوانـــدنی ئێمە ترساند ، بەڵام ئەوان گومانیان ئەکرد لە ڕاستیی هەڕەشەو ترساندنەکانی ئێمە .

وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ (٣٧)

ئەوانیش ویستیان کاری بێڕەوشتانە لەگەڵ میوانەکەی لووط بکەن .
ئێمەیش ڕووناکیی چاویانمان کوژاندەوەو چاومان وەك ڕوویان تەخت کردو ئێتر هیچیان نەما پێی ببینن . دەی سا با سزای منو ئەنجامی هەڕەشەو ترساندنەکانم بچێژن .

وَلَقَدْ صَبَّحَهُمْ بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ (٣٨)

بەڕاستییش سبەینانێ سزایەکی درێژەکێشاو دای بەسەریانـاو لێیان نەگەڕا تا تاقی لێ بڕین .

فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ (٣٩)

دەیسا سزای منو ئەنجامی هەڕەشەو ترساندنەکانم بچێژن.

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ (٤٠)

ئێمە بەڕاستی قورئانمان ئامادە کـردووە بـۆ یـادکردنەوەی خوا کەسێ بیخوێنێتەوەو یادی خوای پێ بکاتەوە . جا کەسێ هەیە یادی خوا بکاتەوە ؟

وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ (٤١)

بەڕاستی هەڕەشەو ترساندنی خوا بە زمانی مووسـاو هاروونەوە هاتە سەر دەستەو دائیرەی فیرعەون.

كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كُلِّهَا فَأَخَذْنَاهُمْ أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ (٤٢)

ئەوانیش هەموو نیشانەو بەڵگەکانی ئێمەیان لـەسـەر پێغەمبەرایەتیی مووساو هاروون بەدرۆ دانا، جا ئێمەیش ئەوانمان بـە گرتنی خاوەن عیززەتو توانێك گرتو لەناومان بردن.

أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُولَئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَاءَةٌ فِي الزُّبُرِ (٤٣)

جا ئەی کافرانی قورەیش ! ئایا کافرەکانی ئێوە لەو گشتە کۆمەڵە

کافرانەی ناومان هێنان‌و لەناومان بردن چاکترن ، یا ئێوە ڕزگاری‌نامەیەکتان لە سزا لە کتێبە ئاسمانییەکانا هەیە؟

أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنْتَصِرٌ (٤٤)

یاخود ئەڵێن : ئێمە کۆمەڵێکین زاڵ‌و کەس ناتوانێ بمانبەزێنێ؟ .

سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ (٤٥)

ئەم کۆمەڵە کافرە لەمەولا لە جەنگدا ئەبەزن‌و پشت پێ هەڵئەکەن.

بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ (٤٦)

بەڵکو ڕۆژی قیامەت وادەی سزادانی سەرەکییانەو ، ڕۆژی قیامەتیش بەلایەکی لە شکانی دنیا ناڵەبارترو تاڵ‌و سەختترە.

إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ (٤٧)

بێگومان تاوانبارەکان لە گومڕاهی‌و ئاگری ناو دۆزەخی ڕۆژی دواییدان .

يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ (٤٨)

لەو ڕۆژەدا لەسەر ڕوو بەسەر ئاگری دۆزەخا ڕائەکێشرێن‌و پێیان ئەوترێ : لێکەوتنی ئاگری دۆزەخ بچێژن .

إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ (٤٩)

بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان لەسەر ئەندازەو هەڵسەنگاندن‌و بەپێی حیکمەتێك دروست کردووە.

وَمَا أَمْرُنَا إِلَّا وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ (٥٠)

فەرمانی ئێمە لە تاقە یەك وشە بەولاوە نییە وەك ئیشارەتێك بە چاو.

وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا أَشْيَاعَكُمْ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ (٥١)

بەڕاستی ئێمە هاوێنەکانی ئێوەمان لە کافری‌و خوانەناسیدا تەفروتوونا

کرد ، جا کەس هەیە بیربکاتەوەو پەندو عیبرەت وەربگریٚ؟

وَكُلُّ شَيْءٍ فَعَلُوهُ فِي الزُّبُرِ (٥٢)

هەرچییش ئەوان کردوویانە لە کتێبەکانی کردەوەمانا هەیەو پارێزراوە.

وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُسْتَطَرٌ (٥٣)

هەموو کردەوەیەکی بچووك وگەورەیش لە دەفتەری کارا نووسراوە.

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (٥٤)

بەڕاستی ئەوانەی لە خوا ئەترسن لەناو بەهەشتو لە کەناری ئاوی ڕەوانان.

فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ (٥٥)

لە نشینگەی پەسەندو بەدڵا دائەنیشن لای پادشایەکی توانا کە خواوەندی ئەم جیهانەیە.

سوورەتی (ألرحمن)
مەدینەیی‌یە یا مەککەیی‌یە یا بەش بەشەو ،
(٧٨)ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الرَّحْمَنُ(١)

خوای فرە بەڕەحم و میهرەبان .

عَلَّمَ الْقُرْآنَ(٢)

قورئانی فێرکرد بە موحەممەدی پێغەمبەری خۆی .

خَلَقَ الإِنسَانَ(٣)

ئادەمیزادی دروست کرد .

عَلَّمَهُ الْبَيَانَ(٤)

نیشانی دا کە چۆن بتوانێ ئەوەی لە دڵیایە بیڵێ و دەری بڕێ .

الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ(٥)

مانگ و ڕۆژ ڕەوتی خۆیان ئەکەن و ڕێی خۆیان ئەبڕن لەسەر حیسابێکی دیاری بۆ هەڵهاتن و ئاوا بوونیان .

وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ(٦)

گیای لە زەوی سەردەرهێناوی بێ‌ساق و درەختی بەرزی ساقدار سوجدەی بەگەورەزانین بۆ خوا ئەبەن .

وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ(٧)

خوا ئاسمانی بەرز ڕاگرتووە بەسەر زەویدا و ترازووی داناوە بۆ هاتوچووی ئەستێرەکانی ئاسمان یا بۆ پاراستنی حەقی

هەر کەسێ تا کەس ناحەقی لە کەس نەکا .

أَلاَّ تَطْغَوْاْ فِي الْمِيزَانِ(٨)

بۆئەوەی ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد ، لە ڕاگرتنی ترازوو لانەدەنو حەقی هیچ کەسێ بە لای کەسیترا دانەشکێنن .

وَأَقِيمُواْ الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلاَ تُخْسِرُواْ الْمِيزَانَ(٩)

ترازوو ڕابگرن بە دادپەروەریو لە کێشانەدا زیان بە کەس مەگەیەنن کە بۆ خۆتان قورسو بۆ ئەوانی سووک بکێشن.

وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ(١٠)

خوا زەویی داناوە بۆ ئادەمیزادو پەرییان .

فِيهَا فَاكِهَةٌ وَالنَّخْلُ ذَاتُ الْأَكْمَامِ(١١)

هەیە لە زەویدا میوەو دارخورمای خاوەن بەرگ کە بۆ ئەوەیە خورماکەی تێدا پەروەردە ببێ .

وَالْحَبُّ ذُو الْعَصْفِ وَالرَّيْحَانُ(١٢)

دانەوێڵەی وەك گەنمو جۆو هییتری خاوەن کاو ، ڕێحانەیشی تیایە .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(١٣)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ(١٤)

خوا ئادەمیزادی دروست کردووە لە گڵێکی وشکی وەك سواڵەت.

وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ(١٥)

پەرییانیشی دروست کردووە لە بڵێسەییێکی سافی ئاگر ، واتە لە ئاگری پاكو سافو بێگەردی دروست کردوون کە هیچی تری تێکەڵ نییە .

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(١٦)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ باوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ(١٧)

خوای دوو خۆرهەڵاتی بەهارو پایزو دوو خۆرنشینی بەهارو پایزە .

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(١٨)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ باوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ(١٩)

دوو دەریای سوێرو شیرینی ناردووە تا سنووری کە تیا ئەگەنەیەك .

بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لاَّ يَبْغِيَانِ(٢٠)

لە نێوان ئەو دوو دەریایەدا پەردەیەکی قودرەتی هەیە بەهۆی ئەو پەردەوە هیچ کام لە دوو دەریا سوێرو شیرینەکە دەسدرێژی ناکا بەسەر ئەویانا .

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٢١)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ(٢٢)

مرواریو مەرجان لەو دوو دەریا سوێرو شیرینەوە دێنەدەر .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٢٣)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ(٢٤)

خوا گەلەکەشتیی بایەوان هەڵدراویشی هەیە کە بەناو دەریادا ئەڕۆن و وەك چیا وان لە بەرزیو گەورەییدا .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٢٥)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ(٢٦)

هەموو ئەوانەی بەسەر ئەرزەوەن فەوتاوو لەناوچوون .

وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ(٢٧)

تەنها ذاتی خوای پەروەردگاری تۆ ئەمێنێتەوە کە لە هەموو کەسێو لە هەموو شتێ بێئیحتیاجەو فەزڵو گەورەیی بەسەر هەموانا هەیە .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٢٨)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام

نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

يَسْأَلُهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ(٢٩)

خوا خوایەکیوایە هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و لە زەویدان پرسیارو داوای لێ ئەکەن لە هەموو بابەتێ و ، لە هەموو کات و ساتێکا لە بەجێهێنانی نیازێك و دروست کردنی شتێکایە .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٣٠)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ باوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَا الثَّقَلَانِ(٣١)

بێگومان لەمەولا دەسمان بەتاڵ ئەبێ بۆ لێپرسینەوەو حیساب و کیتاب لەگەڵ کردنتان لەو دنیادا ئەی جووتە کۆمەڵەکەی ئادەمیزادو پەرییان .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٣٢)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ باوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

يَامَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ(٣٣)

ئەی کۆمەڵی پەری و ئادەمیزاد ئەگەر ئەتوانن لە ئەتراف و لاکانی ئاسمانەکان و زەوییەوە دەرچن ، دەرچن . ناتوانن دەرچن بە زۆرو هێز نەبێ و خۆ زۆرو هێزیشتان نییە، یا ناتوانن دەرچن

بە دەســەڵاتــیّ نــەبیّ کــە خــوا بتــانداتــیّو بــۆ خــۆتان هیچــتــان بۆ ناکریّ .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٣٤)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیّباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلاَ تَنتَصِرَانِ(٣٥)

ئەنێررێتە سـەرتان چـەند بڵێسەییّ لە ئاگرو مسی تواوەو کە ئـەوەتان نێررایە سـەر ئیتر زالّ نـابنو نـاتوانن لـە ئەتـراف و لاکانی ئاسمانو زەوی دەرچن .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٣٦)

دەی کــەواتــە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعـمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیّباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ(٣٧)

جا کاتیّ کە ئاسمان لــەت لـەت بوو و سـوور هەڵگەڕا و بـوو بە گوڵاڵە سوورەیەکی وەك چەرمی سوور ،

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٣٨)

ئـەوکاتە ئـێوە ، ئەی بـەرەی ئادەمیزادو پــەرییان ، بـــە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیّ باوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

فَيَوْمَئِذٍ لاَّ يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلاَ جَانٌّ(٣٩)

لـەوڕۆژەدا کـە مردووان زینـدوو ئـەکرێنــەوەو ئەبرێن بـۆ ئــەو وێسـتگەیەی تیـایدا ڕائــەوەسـتێنـرێـن ، پرسـیـار ناکـریّ نــە لــە

ئادەمیزادو نە لە پەری لەبارەی تاوانەکانیانەوە ، چونکە بە سەرو سیمایاندا دیارە کێ‌و چ کارەن .

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٤٠)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ‌باوەڕن‌و ئینکاری ئەکەن ؟

يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالأَقْدَامِ(٤١)

تاوانباران بە سەرو ڕوویانا ئەناسرێنەوە کە خەم‌و پەژارە دایگرتوون ، بە پێشەسەرو بە پێ ئەگیرێن‌و ئەدرێنەبەر بۆ ناو دۆزەخ.

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٤٢)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ‌باوەڕن‌و ئینکاری ئەکەن ؟

هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ(٤٣) .

ئەمە کەوا لە بەرچاوتانایە ئەو دۆزەخەیە کەوا تاوانباران بە درۆی دائەنێن‌و باوەڕی پێ‌ناکەن .

يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ(٤٤)

لە نێوان ئاگری ئەوو ئاوێکی فرە گەرمی کوڵ بەکوڵا دێن و دەچن .

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٤٥)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام

نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیٚباوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ(٤٦)

بۆ ئەوانەیش کە لەوەی خوای خۆی ترساون کە ئەوەستیٚ بۆ حیساب و کیتاب کردن لەگەڵ بەندەگان، دوو بەهەشت هەیە: بەهەشتیٚکیان بۆ ئادەمیزادەکانیان و ئەویان بۆ پەرییەکانیان.

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٤٧)

دەی کەواتە ئیٚوە، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیٚباوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

ذَوَاتَا أَفْنَانٍ(٤٨)

ئەو دوو بەهەشتە دارو درەخت و میوەو لق و پۆپی زۆریان هەیە.

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٤٩)

دەی کەواتە ئیٚوە، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیٚباوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ(٥٠)

ئەو دوو بەهەشتە دوو کانیاوی ڕەوانیان تیایە.

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٥١)

دەی کەواتە ئیٚوە، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بیٚباوەڕن و ئینکاری ئەکەن؟

فِيهِمَا مِنْ كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ(٥٢)

لەو دوو بەهەشتەدا لە هەر میوەییٚ دوو جۆری ناسراوو

نەناسراو یا دوو جۆری تەڕو وشك هەیە .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٥٣)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ دَانٍ(٥٤)

ئەوانەیش کە لەو بەهەشتانەدان پاڵ ئەدەنەوە بە ڕایەخی واوە ناوەکەی ئاوریشمی ئەستوورە ، ئیتر ئەبێ دەرەکەی چی بێو ، لێکردنەوەی میوەی بەهەشتەکانیش نزیکە دەستەو هەستانەوەی ناوێ .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٥٥)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلاَ جَانٌّ(٥٦)

لەو بەهەشتانەدا حۆریی وا هەن چاویان تەنها لە مێردەکانی خۆیانەو ناڕواننە کەسیترو بەر لە مێردەکانیان کەسیتر ، نە ئادەمیزادو نە پەری ، لاقەی نەکردوونو دەستی پێنەگەیاندوون .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٥٧)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێ باوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ(٥٨)

ئەو حـۆرییانە لـە سووریدا ئەڵێی یاقووتو لە سپێتیدا ئەڵێی مەرجانن ، واتە ڕەنگیان سوورو سپییە .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٥٩)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ(٦٠)

ئایا پاداشی کردەوەی چاك لە پاداشی چاك بەولاوە شتێکی ترە ؟

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦١)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

وَمِنْ دُونِهِمَا جَنَّتَانِ(٦٢)

لە دوو بەهەشتە وەعدە پێدراوەکەیش بەولاوە دوو بەهەشتیتر بۆ بەهەشتییە دەستەڕاستەکان هەیە .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٣)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

مُدْهَامَّتَانِ(٦٤)

ئەو دوو بەهەشتە لەبەر زۆریی دارو درەخت کە دەوریان داوە ڕەشباو دیارن .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٥)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ(٦٦)

لەم دوو بەهەشتەیترا دوو کانیاو هەن ئاویان بەهێز لێ هەڵئەقوڵێ.

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٧)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ(٦٨)

لەو دوو بەهەشتەدا میوەو دارخورماو هەنار هەیە .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٩)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ(٧٠)

ئافرەتانی چاك و جوان لە شێوەو لە ڕەوشتا لەو بەهەشتانەدا هەن .

فَبِأَيِّ آلاَءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧١)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ(٧٢)

ئەو ئافرەتانە حۆرینو لەناو ڕەشماڵەکانیانا ماونەتەوە .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧٣)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ(٧٤)

بەر لە مێردەکانیان کەسیتر ، نە ئادەمیزادو نە پەری ، لاقەی نەکردوونو دەستی پێ نەگەیاندوون.

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٧٥)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

مُتَّكِئِينَ عَلَى رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ(٧٦)

پاڵیان داوەتەوە لەسەر سەرینو پشتیی سەوزو ڕایەخی جوانی ساختی عەبقەر لەوانەی لەوێ دروست ئەکرێن .

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ(٧٧)

دەی کەواتە ئێوە ، ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان ، بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای خۆتان بێباوەڕنو ئینکاری ئەکەن ؟

تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ(٧٨)

پیرۆزو موبارەکە ناوی خوای پەروەردگارت . کە خاوەنی شانو شکۆو قەدرزانینی هەر خاوەن قەدرێکە .

سوورەتی (ألواقعة)
مەککەیی‌یە ئایەتی ٨١و٨٢ی نەبێ‌و ،
(٩٦)ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ(١)

کاتێ کە قیامەت ڕووی دا ،

لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ(٢)

کەسێ نابێ ڕوودانەکەی بە درۆ بزانێ چونکە ڕووی‌داوەو هەموان بە چاوی خۆیان ئەیبینن .

خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ(٣)

سەری هەندێ نزم‌و شۆڕ ئەکاو سەری هەندێکی‌تریش بەرزئەکاتەوە . ئەوانەی باوەڕیان بە خوا نەبوەو ئینکاری قیامەتیان کردووە پێی سەرشۆڕو ، ئەوانەی باوەڕیان پێیان هەبوەو لە خوا ترساون پێی سەربەرزن چونکە پاداشی باوەڕەکەیان وەرئەگرن .

إِذَا رُجَّتِ الْأَرْضُ رَجًّا(٤)

کاتێ کە زەوی لەرییەوە بە لەرەیەکی تووند ، بەجۆرێ هەرچی کۆشك‌و تەلار بەسەریەوەیە هەموو ڕووخان ،

وَبُسَّتِ الْجِبَالُ بَسًّا(٥)

شاخەکانیش پارچە پارچە بوون‌و شکان بە شکان‌و وردوخاش بوون‌و ،

فَكَانَتْ هَبَاءً مُّنْبَثًّا(٦)

بوون بە تۆزی بڵاوبووەوە بە دەشتو دەرا .

وَكُنتُمْ أَزْوَاجًا ثَلَاثَةً(٧)

ئێوەیش،ئەی بەرەی ئادەمیزادو پەرییان کە زیندووکراونەتەوە بۆ حیسابو کیتاب لەگەڵ کردن ، سێ جۆر بوون .

فَأَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ مَا أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ(٨)

جۆری خاوەن بەرەکەت ، تۆ چوزانی جۆری خاوەن بەرەکەت چین ؟

وَأَصْحَابُ الْمَشْئَمَةِ مَا أَصْحَابُ الْمَشْئَمَةِ(٩)

جۆری خاوەن نەگبەتییش ، تۆ چوزانی جۆری خاوەن نەگبەتی چین ؟

وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ(١٠)

جۆری لەپێشیش کە بەڕاستی لەپێشن کە ئەوانەن هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ئایینێ لە ئایینەکانی خوادا باوەڕیان پێ کردووەو ئیمانیان پێ هێناوە .

أُوْلَئِكَ الْمُقَرَّبُونَ(١١)

ئەوانە ئەوانەن کە نزیك خراونەتەوە لە بارەگای خواو پایەیان بڵند کراوە .

فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ(١٢)

ئەوانەن کە لە بەهەشتی (جنات النعيم) دان .

ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ (١٣)

ئەمانە کۆمەڵێکی زۆرن لە پەیرەوانی پێغەمبەرانی پێشوو .

وَقَلِيلٌ مِّنَ الْأَخِرِينَ(١٤)

کەمێکیشن لە دواییینەکان کە ئوممەتی پێغەمبەری ئیسلامن .

عَلَى سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ(١٥)

لەسەر تەختی خەوی بە تاڵی زێرو زیو تەنراو کە دوڕو یاقووتی پێوە کراوە .

مُتَّكِئِينَ عَلَيْهَا مُتَقَابِلِينَ(١٦)

پاڵیان لەسەر داوەتەوە لە بەرانبەری یەکترا .

يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ(١٧)

بەسەریانا ئەگەڕێن بۆ خزمەت کردنیان چەند مێردمنداڵێکی هەمیشە بەو حاڵە ماوەو نەگۆڕاو .

بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ(١٨)

بە پیاڵەی بێ‌دەسكو لوولەو گۆزەی دەسكو لوولەدارو بە کاسەی شەرابی سافو بێگەردەوە .

لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ(١٩)

سەریان بە خواردنەوەی ئەو شەرابە نایەتە ئێشو هۆشیان لەدەس ناچێو سەرخۆش نابن .

وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ(٢٠)

ئەو مێردمنداڵانە میوەیان بەسەردا ئەگێڕن لەو جۆرەی خۆیان هەڵیئەبژێرن .

وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ(٢١)

گۆشتی پەلەوەریشیان بۆ دێنن لەو جۆرەی خۆیان حەزی لێ ئەکەن .

وَحُورٌ عِينٌ(٢٢)

حۆریی چاو قەوییشیان هەیە .

كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ(٢٣)

لە وێنەی مرواریی لەناو سەدەفا داپۆشراو .

جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(٢٤)

هەمووی ئەمە لە پاداشی ئەو کردەوە باشانەدا کە لە دنیادا ئەیانکردن .

لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا(٢٥)

لە بەهەشتا واتەیێ نابیسن کە بێسوودو هیچوپووچ بێ یا تاوانبار کردنیانی تیابێ .

إِلَّا قِيلًا سَلَامًا سَلَامًا(٢٦)

تەنها هەر وتەی (سەلام .. سەلام) ئەبیسرێ .

وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ(٢٧)

هەرچی ئەوانەی خاوەنی لای ڕاستن واتە دەفتەری کرداریان ئەدرێتە دەستی ڕاستیان ، تۆ چوزانی ئەوانەی خاوەنی لای ڕاستن، چین ؟

فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ(٢٨)

لەناو مۆردی دڕك لێکراوەدان .

وَطَلْحٍ مَّنْضُودٍ(٢٩)

لەناو دار مۆزی بەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕیزکراودان .

وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ(٣٠)

لە پەنای سێبەری پەلکشاویشدان کە هەرگیز کورت نابێتەوەو زیادو کەم ناکا .

وَمَاءٍ مَّسْكُوبٍ(٣١)

لای ئاوی داکراوان واتە هەرکاتێ بیانەوێ بۆیان دائەکرێ بیخۆنەوە .

وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ(٣٢)

لەناو میوەی زۆریشدان .

لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ(٣٣)

کە نە ئەبڕێتەوەو نە لێیان ئەگیرێتەوە .

وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ(٣٤)

لەناو فەرشو ڕایەخی بەرزکراوەدان کە چین لەسەر چین لەبان یەک دانراون.

إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاءً(٣٥)

ئێمە ئەو حۆرییانەمان بە دروست کردن دروست کردووە .

فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا(٣٦)

بە کچیو دەس بۆنەبراوی دروستمان کردوون .

عُرُبًا أَتْرَابًا(٣٧)

سپی پێست و هەموو هاوتەمەنن .

لِّأَصْحَابِ الْيَمِينِ(٣٨)

بۆ ئـەوانەمان دروسـت کردوون کە خاوەنی دەستی ڕاستن واتە دەفتەری کرداریان ئەدرێتە دەستی ڕاستیان .

ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ(٣٩)

کۆمەڵێکی زۆرن لە ئوممەتی پێغەمبەرانی پێشوو .

وَثُلَّةٌ مِّنَ الْآخِرِينَ(٤٠)

کۆمەڵێکی زۆریشن لە ئوممەتی پێغەمبەری موسوڵمانان .

وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ(٤١)

خاوەنانی دەستەچەپیش ، تۆ چوزانی خاوەنانی دەستە چەپ چین ؟

فِي سَمُومٍ وَحَمِيمٍ(٤٢)

لـە ئـاگری گـەرمایەکی سـەخت و لـە ئـاوێکی لـەڕادە بـەدەر گەرمدان .

وَظِلٍّ مِّنْ يَحْمُومٍ(٤٣)

لە سێبەری دووکەڵێکی ڕەشی دۆزەخدان .

لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ(٤٤)

نە ساردە وەك سێبەریترو نە هیچ سوودێکیش ئەبەخشێ .

إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ(٤٥)

ئەمانە لە دنیادا خاوەنی نازو نیعمەت و ڕابواردن بوون .

وَكَانُوا يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنثِ الْعَظِيمِ(٤٦)

لە سەر تاوانە گەورەکەیش سـوور بـوون کە هاوبەش بۆ خـوا دانانە .

وَكَانُوا يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ(٤٧)

هەمیشەیش ئەیانوت : ئایا ئێمە کاتێ کە مردین و بووین بە گڵ و ئێسکە ڕزیو ، زیندوو ئەکرێینەوە ؟

أَوَ آبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ(٤٨)

یا تەنانەت باوکو باپیرە پێشینەکانیشمان زیندوو ئەکرێنەوە؟

قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ(٤٩)

تۆیش ، ئەی موحەممەد، لە وەلاما پێیان بڵێ : بەڕاستی هەموو ئەوانەی زوو مردوون و هەموو ئەوانەی لەوەدوا مردوون ،

لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ(٥٠)

گشتیان لەکاتێکی دیاریکراوا کە ڕۆژی قیامەتە کۆئەکرێنەوە.

ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا الضَّالُّونَ الْمُكَذِّبُونَ(٥١)

پاشان ئێوەیش ئەی گومڕاهە پێغەمبەران بە درۆزن دانەرەکان کە باوەڕتان بە خواو بە پێغەمبەرانی خوا نییە ،

لَآكِلُونَ مِنْ شَجَرٍ مِّنْ زَقُّومٍ(٥٢)

لە بەری تاڵی داری زەققووم ئەخۆن .

فَمَالِئُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ(٥٣)

ئەوەندەی لێ ئەخۆن سکتانی لێ ئەئاخنن .

فَشَارِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ الْحَمِيمِ(٥٤)

جا لەبەر تینوێتیی زۆرتان ئاوی کوڵ بەکوڵیش بەسەر ئەو بەری داری زەققوومەدا ئەخۆنەوە .

فَشَارِبُونَ شُرْبَ الْهِيمِ (٥٥)

پاشانیش هەر ئەخۆنەوە وەك حوشتری تینوو .

هَذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ الدِّينِ(٥٦)

ئەم خواردەمەنییەی باسمان کرد ئەو خواردمەنییەیانە کە لە ڕۆژی لێپرسینەوەیاندا ئەیاندرێتیٚ ، جا ئاخۆ لەوەپاش کە لە دۆزەخا سەقامگیر ئەبن ئەبیٚ چییان بدرێتیٚ!

نَحْنُ خَلَقْنَاكُمْ فَلَوْلَا تُصَدِّقُونَ(٥٧)

ئێمە ئێوەمان دروست کردووە ، دەی ئەوە بۆ باوەڕ ناکەن ؟

أَفَرَأَيْتُم مَّا تُمْنُونَ(٥٨)

لەبارەی ئەو ئاوی تۆوەوە خەبەرم بدەنیٚ کە فڕێی‌ئەدەنە منداڵدانی هاوسەرەکانتانەوە ؟

أَأَنْتُمْ تَخْلُقُونَهُ أَمْ نَحْنُ الْخَالِقُونَ(٥٩)

ئاخۆ ئێوەن ئەو ئاوەتان لە سکی دایکا کردووە بە ئادەمیزادێکی ڕێکوپێك‌و تەواو ، یان ئێمەین ئەیکەین بەو ئادەمیزادە ؟

نَحْنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمُ الْمَوْتَ وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ(٦٠)

ئێمەین ئەجەل و کاتی مەرگمان لەنێوانتانا بۆ هەریەکێکتان دیاری کردووەو لەوکاتە دیاری‌کراوەدا ئەیمرێنین‌و کەس لێمان پێش ناکەویٚ و لەدەستمان هەڵنایەت‌و ڕێمان لیٚ ناگریٚ ،

عَلَى أَن نُّبَدِّلَ أَمْثَالَكُمْ وَنُنْشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ(٦١)

کەوا لە جیاتیی ئێوە کەسانی‌تری وەك ئێوە دروست بکەین‌و

پێیان بگەیەنین بەجۆرێكو بە خوورەوشتێكەوە كە خۆتان هیچتان ئاگا لێ نییە .

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ النَّشْأَةَ الْأُولَى فَلَوْلَا تَذَكَّرُونَ(٦٢)

بەڕاستی ئێوە ئەزانن ئادەمیزاد یەكەمجار چۆن پەیدا ئەبێ ، دەی بۆ بیرناكەنەوە كەوا كەسێ بتوانێ یەكەمجار ئادەمیزاد لە دڵۆپێ ئاو دروست بكا ئەیشتوانێ جارێكیتریش پاش مردنی دروستیبكاتەوەو گیانی بكاتەوە بەبەرا ؟

أَفَرَأَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ(٦٣)

خەبەرم بدەنێ لەبارەی ئەو تۆوەوە كە عەرزی بۆ ئەكێڵنو دایئەچێنن ،

أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ(٦٤)

ئێوەن ئەیڕوێنن یان ئێمەین ڕواندوومانە ؟

لَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَاهُ حُطَامًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ(٦٥)

ئەگەر بمانویستایە ئەو تۆوە داچێنراوەمان كەوا سەوز بوو هەڵچوو ، ئەكرد بە پووشو پەڵاشێكی وشك ، ئەوكاتە ئیتر ئێوە هەر باستان ئەكرد كە چۆن وای لێ هاتو قسەو باسی جۆربەجۆرتان لێوە ئەكرد .

إِنَّا لَمُغْرَمُونَ(٦٦)

ئەتانوت: ئێمە زیان لێكەوتووین كە ئەو گشتە ڕەنجەمان داو هەمووی بەفیڕۆ چوو .

بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ(٦٧)

بەڵکو ئەتانوت : ئێمە بێ بەش و نائومێد بووین لە بەروبوومی ئەو گشتە کشتوکاڵە .

أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ(٦٨)

یان خەبەرم بدەنێ لەبارەی ئەو ئاوەوە کە ئەیخۆنەوە .

أَأَنْتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ(٦٩)

ئایا ئێوە لە هەورەوە باراندووتانەتە خوار ، یا ئێمەین باراندوومانە ؟

لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ(٧٠)

ئەگەر بمانویستایە تاڵو تفتمان ئەکرد بەجۆرێ ئاگر بەربداتە دەمو نەخورێتەوە . دەی بۆ سوپاسی خوا ناکەن کە وای لێ نەکردووەو بە شیرینی بۆی باراندوون ؟

أَفَرَأَيْتُمُ النَّارَ الَّتِي تُورُونَ(٧١)

یان خەبەرم بدەنێ لەبارەی ئەو ئاگرەوە کە هەڵیئەگیرسێنن .

أَأَنْتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَا أَمْ نَحْنُ الْمُنشِئُونَ(٧٢)

ئایا ئێوە ئەو درەختەتان دروست کردووە کە چیلکەیەکی لێ ئەدەن لە چیلکەی درەختێکی ترو ئاگریان لێ ئەبێتەوە ، یان ئێمەین دروستمان کردووە ؟

نَحْنُ جَعَلْنَاهَا تَذْكِرَةً وَمَتَاعًا لِّلْمُقْوِينَ(٧٣)

ئێمە ئەو ئاگرەمان کردووە بە مایەی بیرکردنەوە لە خوا کە خوایەکە ئاگری لە دارێکی تەڕا دروست کردووە کە ئاگرو تەڕی یەك ناکەونو ، کردوویشمانە بە مایەی قازانجو سوود بۆ

ئەوکەسانەی‌لـە دەشتو چۆڵـەوانی ئـەژین تا ئاگری پـێ‌بـکەنـەوەو دەوروبەری خـۆیانی پــێ ڕوون بـکەنـەوە ، یا بۆ ئـەوانەی سکـیان خاڵییەو برسییانە تا چێشتی پێ لـێ‌بنێنو خۆیان تێر بکەن .

فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ(٧٤)

کـەواتە تۆ نـاوی خـوای مەزنت پاکو بێگـەرد ڕاگرەو بڵــێ : (سبحان ربي العظيم) .

فَلا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ(٧٥)

مـن سوێند ناخۆم بەو شـوێنانەی ئـەستێرەکـانیان لـێوە ئاوا ئەبن .

وَإِنَّهُ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ(٧٦)

بەڕاستییش ئەم سوێنە ئەگەر بزانن ، سوێنێکی مەزنە چونکە سـوێن پـێ‌خـوراوی نیـشانـەی مەزنـیی ئەو خـوایەیە کـە دروسـتی کردووە .

إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ(٧٧)

کــەوا ئەم قـورئانە بەڕاستی قورئـانێکی زۆر پڕسوودە چونکە هەمـوو سوودو قازانجێکی دنیاو قیامەتی بۆ ئادەمیزاد تیایە .

فِي كِتَابٍ مَّكْنُونٍ(٧٨)

لەناو کتێبێکی پارێزراوا نووسراوە کە لەوحولمەحفووزە .

لاَ يَمَسُّهُ إِلاَّ الْمُطَهَّرُونَ(٧٩)

دەستی نـابێ لـێ بکەوێ هیی ئەوانە نەبێ کـە پاکن لە کافریو لەش پیسیو بێ دەسنوێژی .

تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ(٨٠)

لە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە هاتووەتە خوار .

أَفَبِهَذَا الْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ(٨١)

دەیسا ئاخۆ ئێوە سستیو کەمتەرخەمی بەرانبەر ئەم قورئانە ئەنوێنن ؟

وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ(٨٢)

ئەوەیش ئەکەن بە سوپاسی خوا بەرانبەر بەوە کە نیعمەتی قورئانی داونەتیٚ ، ئەوە کە ئینکاری ڕاستیی قورئان ئەکەنو بە درۆی دائەنێن ؟!

فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ(٨٣)

دەی بۆچی لەوکاتەدا کە گیانی نەخۆشی حاڵی سەرەمەرگ ئەگاتە قوڕگیو ئەوەندەی نەماوە دەرچیٚ ،

وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ(٨٤)

ئێوەیش لەوکاتەدا بە دەوری کابرادان سەیرئەکەن وا خەریکە گیانی دەرئەچیٚ .

وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَكِن لَّا تُبْصِرُونَ(٨٥)

ئێمەیش لەوکاتەدا لە ئێوە نزیکترین لە کابرای حاڵی سەرەمەرگەوە ، بەڵام ئێوە چاوتان لیٚ نییە .

فَلَوْلَا إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ(٨٦)

بۆ ئێوە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتیخوادا نینو ئینکارکردنەکەیتان ڕاستو بەجێیە ،

تَرْجِعُونَـهَا إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(٨٧)

بۆ گیانی کابرای حـاڵی سەرەمەرگ ناگێڕنەوە بۆ جێی خۆیو مەنعی مردنی لـێ ناکەنو چاکی ناکەنەوە ، ئەگەر ڕاست ئەکەن ؟

فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ(٨٨)

بـەڵام وا نیـیە کـە ئێوە ئیـددیعا ئـەکـەنو نەخـۆشی حـاڵی سەرەمەرگ ،ئەوجارە بێ یا جارێکیتر بێ، هـەر ئەمرێ. جا کە مـرد ئەگەر لەوانە بوو کە بە کرداری چاکی دنیایان لە خواوە نزیکن ،

فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ(٨٩)

ئـەوە ئـەنجـامـی حەسـانەوەو ڕزق و ڕۆزیـی پـاك و خـۆشو بەهەشتی پڕ لەنازو نیعمەتە .

وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ(٩٠)

ئەگـەریش لـەوانە بێ کە دەفـتـەری کـرداریان ئـەدرێتە دەستی ڕاستیان ،

فَسَلَامٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ(٩١)

ئەوە پێی ئەوترێ : ئەی ئەوکەسەی دەفتەری کردارت دراوەتە دەستی ڕاستت ، سەلامی خوات لـێ بێ لە هەموو ئەو برادەرانەتەوە کە دەفتەری کرداریان دراوەتە دەستی ڕاستیان.

وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ(٩٢)

خۆ ئەگەر لەوانەیش بێ کە خواو پێغەمبەران و قورئانو ڕۆژی قیـامـەت بـە درۆئەخەنـەوەو بە درۆیـان دائەنێنو ڕێی ڕاستیان ون کردووە ،

فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ(٩٣)

ئەوە خۆراكی بۆ ئامادەكراوی پێشوازی لێ كردنی ئاوی كوڵ بە كوڵە .

وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ(٩٤)

لەگەڵ فرێدانە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

إِنَّ هَذَا لَهُوَ حَقُّ الْيَقِينِ(٩٥)

بێگومان ئەمەی كە وترا ئەو شتەیە هیچ گومانێكی تیا نییەو ڕاست و دروستە .

فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ(٩٦)

كەواتە ناوی خوای مەزنت پاك و بێگەرد ڕاگرەو بڵێ (سبحان ربی العظيم) .

سوورەتی (ألحدید)
مەدینەییەو ، (٢٩) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(١)

گەورەیی‌و بێگەردیی خوا ئەگەیێنێ هەرچی لە ئاسمانەکان‌و لە زەویدا هەیەو خوا خاوەن عیززەت و حیکمەتە .

لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢)

موڵکی هەموو ئاسمانەکان و زەوی بەتەنها بۆ ئەوە . ئەوە هەموو گیانداریٚ ئەژیێنی‌ٚو ئەمرێنی‌ٚو ئەوە دەسەلاٚتی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکی‌ٚ .

هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٣)

ئەوە یەکەم‌و پێش لە هەموو بوویەك‌و، ئەوە لەدوای فەوتاندنی هەموو بوویەك ئەمێنی‌ٚو ، ئەوە بەو هەموو شتانەدا دیارە کە دروستی کردوون‌و، ئەوە نهێنی کە کەس پەی بە زاتی نابا‌و نازانیٚ چییەو ، ئەوە بە هەموو شتیٚ ئەزانیٚ .

هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(٤)

ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەویی لە شەش ڕۆژا دروست کردو ، پاشان گەورەییی خۆی بەسەر عەرشا دەرخست . ئەزانێ بەوەی ئەچێتە ناو زەوییەوە و ئەوەی لە زەوی دێتەدەرو ئەوەی لە ئاسمانەوە دائەبارێتە خوارو ئەوەی سەرئەکەوێ بۆ ئاسمان . لە هەر کوێ بن ئەوتان لەگەڵە چونکە ئاگای لێتانەو لەژێر دەسەڵاتی ئەوان و ، خوا چاوی لە هەموو کارو کردەوەیەکتانە .

لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ(٥)

موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هیی ئەوە و هەموو کاروباری بۆ خوا ئەگەڕێتەوە .

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَهُوَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ(٦)

شەو ئەبا بەناو ڕۆژاو ڕۆژ ئەبا بە ناو شەواو ئەزانێ چی لە دڵی کێدایە .

آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَأَنْفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ(٧)

باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەری خوا بکەن و لەو سامان و داراییە خەرج بکەن کە خوا ئێوەی لەجێی خۆی داناوە لە تەسەڕوف تیا کردنیا ، ئەگینا هیی ئەوەو هیی ئێوە نییە ، چونکە ئەوانەی باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا کردووە لەناو ئێوەداو سامان و دارایی لەڕێی خوادا خەرج ئەکەن پاداشێکی گەورەیان بۆ هەیە .

وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا بِرَبِّكُمْ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَاقَكُمْ إِنْ كُنتُم مُّؤْمِنِينَ(٨)

بۆ باوەڕ بە خوا ناکەن لەکاتێکا کە پێغەمبەر بانگتان ئەکا بۆ ئەوەی باوەڕ بە پەروەردگاری خۆتان بکەن‌و خوا پەیمانی لێ وەرگرتوون کەوا باوەڕی پێ بکەن ئەگەر ئێوە بە بەڵگە باوەڕ ئەکەن. پەیمانەکەیش ئەوەیە کە خوا عەقڵی داونەتێ بیربکەنەوەو دەرفەتی وردبوونەوەو بیرکردنەوەی بۆ ڕەخساندوون کە تێبگەن خوا ڕاستەو هەیەو ئەبێ هەموو کەسێ باوەڕی پێ بکا.

هُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ عَلَى عَبْدِهِ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لِّيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَإِنَّ اللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ(٩)

خوا ئەو خوایە کە ئایەتی ڕۆشن‌و ئاشکرا نازڵ ئەکا بۆسەر بەندەی خۆی بۆئەوەی لە تاریکیی نەزانی‌و خوا نەناسییەوە دەرتان کاو بتانخاتە ڕووناکیی باوەڕو خواناسین‌و ، خوا بەڕاستی میهرەبان‌و بەڕەحمە لەگەڵتان .

وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(١٠)

بۆ ئەبێ دارایی‌و سامان لە ڕێی خوادا خەرج نەکەن لەکاتێکا کە هەرچی میراتی ئاسمانەکان‌و زەوی هەیە هەمووی بۆ خوا ئەمێنێتەوەو کەس هەتا هەتایە نابێ بە خاوەنی هیچ ؟ ئەوەی لە

ئێوە بەر لـە گـرتنی مەككە سامانو دارایی خۆی لە ڕێـی خـوادا خەرج كردبیو غـەزای كـردبێ لـە ڕێی خـوادا لەگەڵ كەسێكا كە پاش گرتنی مەككە داراییو سامانی لـە ڕێی خوادا خەرج كردبێ و غەزای كردبێ وەك یەك نینو یەكسان نین . ئـەوانەی پـێش گـرتنی مەككە داراییو سامانیان خـەرج كـردووەو غــەزایان لـەڕێی خــوادا كردووە . پلـەو پـایەیان لـەوانـە گـەورەتـرە كـە لـەوەودوا دارایــیو سامانیان خـەرج كـردووەو غـەزایـان كـردووەو ، هـەمـوویشـیان خـوا گـفتی پاداشی چاكی داونیو خـوا ئاگادارە لەوەی كە ئەیكەن .

مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ وَلَهُ أَجْرٌ كَرِيمٌ(١١)

كێیە ئەوەی قـەرز ئەدا بە خــوا بە قەرزدانـێكی جوان واتە بـە دڵێكی ســاف و نیـازێـكی پـاك ، تـا خــوایش دووقات قەرزەكــەی بداتەوەو پاداشێكی پڕ قــەدرو حورمەتیشی بـۆ هەیە سەرەڕای بــە دوو قات دانەوەی قەرزەكەی ؟

يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُمْ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(١٢)

لەو ڕۆژەدا كە پیاوانی خاوەن باوەڕو ژنانی خاوەن باوەڕ ئەبینی ڕووناكیی باوەڕیان وەك چرا لە بەردەمیانەوەو لای ڕاستیانەوە ڕێگەی بەهەشتیــان بۆ ڕوون ئـەكاتەوە ، فریشتەكان پـێیان ئەڵێن: مژدەتان پــێ ئەدەین ئەمڕۆ بە بەهەشتگەلێ جۆگــای ئاو لــە بن دارەكانیانەوە

ئەڕواو هەتا هەتایە لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوەو گەیشتنی مەزنیش بە مراز هەر ئەوەیە .

يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُواْ انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُواْ وَرَاءكُمْ فَالْتَمِسُواْ نُوراً فَضُرِبَ بَيْنَهُمْ بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ(١٣)

هەر لەو ڕۆژەدا پیاوو ئافرەتە دووڕووە بە دەم مۆسوڵمانو بە دڵ کافرەکان بە خاوەن باوەڕەکان ئەڵێن : سەیرمان کەن بەڵکو تۆزێ لە ڕووناکییەکەتان وەرگرین و ، لە وەڵاما پێیان ئەوترێ : بگەڕێنەوە بۆ دواوە بۆ دنیا لەوێ لەدووی ڕووناکی بگەڕێن . ئا لەوکاتەدا شوورەیەك لە نێوان ئەوانو خاوەن باوەڕەکانا دروست ئەکرێ دەرگایەکی هەیە ئەودیوی لە بەرچاو نەبووی دەرگاکە ڕەحمەتی خوای تیایە چونکە دیوی بەهەشتەو ، دیوە دیارەکەی کە لای کافرەکانەوەیە سزاو عەزابی تیایە چونکە دیوی دۆزەخە .

يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ قَالُوا بَلَى وَلَكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ حَتَّى جَاء أَمْرُ اللَّهِ وَغَرَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ(١٤)

کافرەکان بانگ ئەکەنە موسوڵمانەکان : ئێمە لە دنیادا لەگەڵ ئێوە نەبووین ؟ ئەی بۆچی ئێستا ئێوە ئەچن بۆ بەهەشت و ئێمە ئەبرێین بۆ دۆزەخ ؟ موسوڵمانەکانیش لە وەڵاما

پێیان ئەڵێن : بەڵێ وەڵلا ، بەدیمەن لەگەڵمان بوون ، بەڵام ئێوە خوتانتان بە دووڕوویی تووشکردو کەوتنە خۆملاّسدان بۆ لێدانی موسوڵمانانو کەوتنە گومانو دوودڵییەوە لە موسوڵمانەتیو ، هیوای پووچ و بەتاڵ لە خوای خۆتانی بایی کردن تا فەرمانی مردنتان هاتو شەیتانو تەماعی دنیا ئاگایان لە خوا پێ نەهێشتن .

فَالْيَوْمَ لاَ يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ وَلاَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مَأْوَاكُمُ النَّارُ هِيَ مَوْلاكُمْ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ(١٥)

ئیتر ئەمڕۆ تۆڵەو بریتی وەرناگیرێ لێتان لەجیاتیی سزای دۆزەخو لە کافرە بەئاشکراکانیش هەروا وەرناگیرێ . ماواو جێگای هەمووتان ئاگری دۆزەخەو هەر ئاگری دۆزەخ شوێنی شایانتانەو خراپ سەرەنجامێکە .

أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُواْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلاَ يَكُونُواْ كَالَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ(١٦)

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوکەسانەی ئیمانیان هێناوە دڵیان لە کاتی هێنانی ناوی خواو بۆ ئەو قورئانە ڕاستەی هاتووەتە خوار ترسی لێ بنیشێو وەك ئەوانە نەبن پێشتر کتێبیان لە خواوە بۆ هاتە خوارو ماوەیەکی دوورودرێژیان بەسەرا تێپەڕیو دڵیان ڕەق بوو و وای لێ هات ناوی خوا کاری تێ نەکاو زۆریان فاسقن ؟

اعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ(١٧)

بزانن کەوا خوا زەویی وشکی مردووی بێگژوگیا زیندوو ئەکاتەوە بەوە کە پاش مردنیو گژوگیا تیا نەمانی ، گژوگیای تیا ئەڕوێنێتەوە . ئێمە بەڕاستی ئایەتەکانی خۆمانمان ڕوون کردووەتەو بۆ ئێوە بەڵکو عەقڵتان پێ بشکێو تێبگەن کە خوا چەند توانایە .

إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ(١٨)

بە ڕاستی ئەو پیاوانەی کە سەدەقەو خێراتی واجبو سوننەت ئەدەن بە کەسانی موستەحەقو ئەو ژنانەی کە سەدەقەو خێراتی واجبو سوننەت ئەدەن بە کەسانی موستەحەقو ئەوانەی ماڵی خۆیان بە دڵێکی سافو نیازێکی پاك بە قەرز ئەدەن بە خوا بە قەرزێکی جوان ، ئەوانە خێرو حەسەناتو قەرزەکانیان بۆ دووقات ئەکرێتەوەو پاداشێکی باش و دەس بڵاوانەیان بۆ هەیە .

وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاءُ عِنْدَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ(١٩)

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرانی خوا ئەوانە کەسانێکن بەڕاستی ڕاستگۆو لە ڕۆژی قیامەتا ئەکرێن بە شایەت لەسەر ئوممەتانیتر لای خواو پاداشی خۆیانیان هەیەو ڕووناکییان لە ڕۆژی قیامەتا بۆ هەیەو ، ئەوانەیش کە کافر بوونو ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا ، ئەوانە هاوڕێی دۆزەخن .

اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ (٢٠)

بزانن کەوا ژیانی ئەم دنیایە یاریو گاڵتەکردنو خۆڕازاندنەوەو خۆبەزل نیشاندانە لەناو خۆداو زۆرکردنی سامان و دارایىو نەوەیە ، هەروەك کشتوکاڵێ بەجۆرێکیوا ڕوابیٚو پێگەیشتبیٚ کشتوکاڵ کەرەکان زۆریان دڵ پیٚ خۆش بووبیٚو پێی سەرسام بووبن ، پاشان وشك ببیٚو سەیرکەی زەرد هەڵگەڕاوەو بووە بە پووشو کەوتووەتە بن پیٚ ، چۆن هەمووی بیٚمایە ئەبیٚ ، ژیانی دنیایش هەر وایە . ژیانی دنیا بەم جۆرەیە . ژیانی ئەو دنیایش سزایەکی سەختە بۆ ئەوەی بیری لیٚ نەکردبێتەوەو خۆی بۆ ئامادە نەکردبیٚو ، بەخشینو لێبووردنو ڕەزامەندیی خوایە بۆ ئەوەی فەرمان بەرداریی لە فەرمانی خوا کردبیٚو ، ژیانی دنیا لە هۆیەکی ڕابواردن بەولاوە نییە بۆ کەسیٚ بەم دنیایە بایی بووبیٚ .

سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (٢١)

تێکۆشن لە پێشکەوتنا بۆلای بەخشینی گوناهەکانتان لەلایەن خوای خۆتانەوەو بەرەو بەهەشتیٚ کە گوشادییەکەی وەك گوشادیی

ئاسمانەکان و زەوی وایەو ئامادە کراوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەرانی خوا کردووە . گەیشتن بەم لێخۆشبوون و بەم بەهەشتە فەزڵ و لوتفی خوایە بە هەرکەسێکی ئەدا کە خۆی مەیلی لێ بێ‌و ، خوا خاوەنی فەزڵ‌و لوتفی گەورەیە .

مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلا فِي أَنفُسِكُمْ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مِّنْ قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ(٢٢)

هیچ دەردو بەڵاو مسیبەتێ نادا لە شوێنی خۆی ، وەك وشکەساڵی‌و سن‌و کوللەو شتی‌وا لە زەویداو وەك نەخۆشی‌و برینداری‌و شتی‌وا لە خودی خۆتانا ، ئیللا بەرلەوەی کە ئەو مسیبەتە دروست بکەین لە کتێبێکا نووسراوەو بڕیار دراوە کە (لوح المحفوظ)ەو ، ئەمەیش کارێکی ئاسانە بۆ خوا .

لِكَيْلا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لايُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ(٢٣)

باسی نووسرانی ئەو مسیبەتانەمان کرد کە لە موقەددەرنامەدا نووسراون ، بەر لەوەی ڕووبدەن و بێن بەسەرتانا ، تا بزانن ئەوانە قەزاوقەدەری خوان و ئیتر نە خەفەت بخۆن بۆ ئەو شتانەی لە دەستان چوون‌و نە شادمانیش بن بەوەی خوا پێی‌داون‌و ، خوا خۆشی نایەت لە هیچ کەسێ کە خۆی بە زل بزانێ‌و فیز بکا بەسەر خەڵکی‌ترا .

الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَمَنْ يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ(٢٤)

خۆ بە زل زانیوو فیز بەسەر خەڵکاکەریش ئەوانەن کە خۆیان ڕژدن‌و فەرمان بە خەڵکیش ئەدەن کە ڕژدی بکەن‌و ، هەرکەسیش پشت لە فەرمانی خوا هەڵکا ئەوە هیچ بایەخێکی نییە خوا ئیحتییاجی بە کەس نییەو لە هەموو ڕوویەکەوە ستایشی ئەکرێ .

لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ(٢٥)

بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانی خۆمانمان بە موعجیزەی ئاشکراو دیارەوە ناردووەو هەریەکە کیتابی خۆیمان لەگەڵ ناردووەو سەنگو ترازووی مامەڵەمان لەگەڵ ناردوون تا خەڵك داد بەرپا بکەن‌و ، ئاسنیشمان ناردووەتە خوارەوە هێزێکی زۆر توندو چەند جۆرە سوودو قازانجی بۆ خەڵك تیایە ئەدەواتی جەنگ‌و کشتوکاڵ‌و پیشەسازی‌و شتی‌تری لێ دروست ئەکەن‌و ، ئەوکاتە خوایش بزانێ کێ لە پەنامەکی‌و نادیارەوە یارمەتیی ئەوو پێغەمبەرانی ئەدا ، بەڕاستی خوا بەهێزو خاوەن عیززەتە

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ فَمِنْهُمْ مُهْتَدٍ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ(٢٦)

ئێمە بەڕاستی نووح‌و ئیبراهیممان بە پێغەمبەری نارد بۆ سەر ئادەمیزادو پێغەمبەرایەتی‌و کتێبی خۆمانمان خستە ناو

نەوەکانیان ، لـە ئەنجاما کەسانیوا لـەناو نـەوەکانیانا هـەبوون کـە ڕێگەی هیدایەتیان گرتبوەبەرو ، زۆریشیان فاسـق و لـە ڕێ دەرچوو بوون .

ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِمْ بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَـــا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَـــمَ وَآتَيْنَاهُ الْأَنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَـــةً وَرَحْمَــةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِـــمْ إِلاَّ ابْتِغَـــاءَ رِضْـــوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَـــا فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُواْ مِنهُـــمْ أَجْرَهُـــمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ(٢٧)

لەپـاشا هــاتین بە شوێنی نووحو ئیبراهیما پێغەمبەرانیتــری خۆمانمان نارد وەك پێغەمبەرەکانی بەنیئیسرائیلو ، عیسـای کوڕی مەریەممان بەدوایانا ناردو ئینجیلمان پێداو بـەزەییو میهرەبانیمان لەگەڵ خــەڵك خستە دڵــی ئەوانەی شوێــنی کەوتنو خــۆیشیـان ڕەبەنیو خۆ لە خەلك دوورگرتنو زیـادە خواپەرستییەکیان داهێــنا بۆ خۆیان ئێمە نەمانبڕیبوو بەسەریـانا ، بەڵام ئەوان بە نـیازی دەس خستنی ڕەزامــەندیی خوا بـۆ خۆیانیان داهێنا ، کەچــی بەڕاســتی چاودێریی ڕێوڕەسمــی ئەو ڕەبەنییەیان نەکرد، جا کێیان لــەوەپاش ئیمانیان بە ئایینــی ئیسلامیش هـێنا پاداشی خــۆیمان دایــەوەو زۆریشیـان فاسق ولەڕێ لادەرن .

يَاأَيُّهَا الَّذِيـــنَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللَّهَ وَآمِنُواْ بِرَسُولِـــهِ يُؤْتِكُـــمْ كِفْـــلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ وَيَجْعَل لَّكُـــمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ وَيَغْفِرْ لَـــكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(٢٨)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە لـە خـوا بترسن و ئیمان بە پێغەمبەری خوا بهێنن ، دوو بەشتان لە ڕەحمـەتی خۆی ئەداتـیّ ، بەشیّ لەسەر ئیمانتان بـە ئایینە پێشووەکەتان و بەشێکیش لـەسەر ئیمانتان بە ئیسلامەو ، ڕووناکییەکیشتان بـۆ دروست ئـەکا لە دنیاو قیامەتا پێـی بـڕۆن بەڕێداو لـە گـوناهیشتان خـۆش ئەبـیّو ، خـوا گوناهبەخش و بەڕەحمە .

لِئَلاَّ يَعْلَمَ أَهْلُ الْكِتَابِ أَلاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّنْ فَضْلِ اللَّهِ وَأَنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (٢٩)

تا ئەهلی کیتاب کە جوولەکەو گاورەکانن بزانن ناتوانن ڕیّ لە هیچ لوتف و گەورەییەکی خوا بـگرن لەگەڵ هەرکەس کە مەیلی لـیّ بیّ لوتف و گەورەیی لەگەڵ بکاو ، لوتف و گەورەیـی هـەر بەدەست خـوا خۆیـەتی بـە هـەرکەسی بـدا ئەیداو خـوا خـاوەنی لـوتف و گەورەییی مەزنە .

جوزئی بیستوهەشتەم
سوورەتی (ألمجادلة)
مەدینەیی‌یەو ، هەندێکیش وتوویانە دە ئایەتی پێشووی مەککەیینو ، (٢٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ(١)

بەڕاستی خوا گوێی لە قسەی ئەو ژنەوە بوو کە لەگەڵت کەوتبوە موجادەلە لەبارەی مێردەکەیەوەو دادی خۆی ئەبردە لای خواو ، خوا گوێی لە گفتوگۆی ئێوەوەیە . خوا شنەواو بینایە

الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ(٢)

ئەو پیاوانەی (ظیهار) ئەڵێن بەرانبەر بە ژنەکانیانو پێیان ئەڵێن : ((پشتت بۆ من پشتی دایکمە)) ، ژنەکانیان دایکیان نین ، دایکیان تەنها ئەوانەن لێیان کەوتوونەوەو بەوەڵەدیان هێناون . ئەوانەی قسەیوا ئەکەن قسەیەکی ناڕەواو ناپەسەندو درۆو ساختە ئەکەن و ، خوایش بەڕاستی بەخشندە و لەگوناەبووردووە .

وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(٣)

هەروا ئەو پیاوانەی ظیهار ئەڵێن بەرانبەر ژنەکانیان و پاشانیش ئەگەڕێنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی کە وتوویانەو پەشیمان ئەبنەوە لەوەی بە ژنە ظیهار پیْوتراوەکانیان وتووە واتە ژنەکانیان تەلاْق نادەن و بە ژنی خۆیانسیان ئەزانن ، ئەوە فەرزە لەسەریان بەرلەوەی لەگەڵ ژنەکانیان جووت ببن و بگەن بە یەك بەندەیەك ئازاد بکەن . ئەمە ئەو ئامۆژگارییەیە خوا ئامۆژگاریتان ئەکا پێی و خوا چاوی لە هەموو کارو کردەوەیەکتانەوەیە .

فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٤)

ئەوکەسەیش بەندەی شك نەبرد ئازادی بکا ڕۆژووی دوو مانگی دوابەدوای یەکی لەسەرە بەرلەوەی لەگەڵ ژنەکەی بەیەك بگەن . خۆ ئەگەر نەیشیتوانی لەبەر نەخۆشی یا پیری یا هەر هۆیەکی تر دوو مانگ دوابەدوای یەك بەڕۆژوو بێ ، ئەوە خۆراکی ژەمێکی شەست هەژاری لەسەرە . ئەم حوکمەیش بۆ ئەوەیە باوەڕتان بە خواو پێغەمبەری خوا هەبێ و بەپێی فەرمانی ئەوان بجووڵێنەوە : بە چی ڕازین بیکەن و لە چی ڕازی نین نەیکەن و ، ئەمانەی کە وتمانن سنوورێکن خوا دایناون و کەس نابێ بییانشکێنێ . کافریش کە سنووری خوا ناپارێزن و بە پێی ئارەزووی خۆیان ئەجووڵێنەوە ، سزایەکی سەختیان هەیە .

إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنْزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُهِينٌ(٥)

بێگومان ئەوانەی دوژمنایەتی لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوا ئەکەن ڕسوا ئەکرێن وەك ئەوانەی‌تری بەر لە خۆیان ڕسوا کران . بەڕاستییش ئێمە کۆمەڵێ ئایەتی ڕوون‌و ئاشکرامان ناردووەتە خوارەوە تا خەڵك بیانخوێننەوەو تێیان بگەن‌و باوەڕیان پێ‌بکەن‌و ئەوانەیش کە باوڕ ناکەن‌و بەکافری ئەمێننەوە سزایەکیان بۆ هەیە ڕەزیل‌و سەفیلیان ئەکا .

يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ(٦)

لەوڕۆژەدا کە خوا گشتیان زیندوو ئەکاتەوەو خەبەریان ئەداتێ کەوا لەدنیادا چییان کردووە ، خوا بۆخۆی سەرژمێری کردووەو ئەوان لەیادیان چووەتەوەو خوا ئاگای لە هەموو شتێکە .

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِنْ نَجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِنْ ذَلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(٧)

ئایا تۆ نازانی کەوا خوا بێگومان هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەبێ ئەو پێی ئەزانێ ؟ سێ کەس پێکەوە چپەیەك بکەن ئەو چوارەمیانەو پێنج کەس پێکەوە چپە بکەن ئەو شەشەمیانەو کەمتر بن لەوە یا زیاتر بن لە هەر شوێنێ بن ئەو لەگەڵیانەو ، پاشانیش لە

ڕۆژی قیامەتا خەبەریان ئەداتیٚ کە لە دنیادا چییان کردووە. خوا بە هەموو شتیٚ ئەزانیٚ.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُواْ عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَةِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ(٨)

تۆ تەماشای ئەوانە ناکەی کە پیٚیان وترا چپە نەکەنو کەچی ئەگەڕیٚنەوە بۆ چپەکردن کە نەهیان لیٚ کرابوو بیکەنو ، بە چپەچپ قسەی گوناهبارانە ئەکەنو ، باسی دوژمنایەتیکردن لەگەڵ پیٚغەمبەرو موسوڵمانانو بیٚفەرمانیی پیٚغەمبەر ئەکەنو کە دیٚنە لات بەجۆریٚ سەلام و مەرحەبات لیٚ ئەکەن کە خوا بەوجۆرە سەلام و مەرحەبای لیٚ نەکردووەو لە جیاتیی (السلام علیك) ئەڵیٚن (السام علیك) واتە: مردنت بۆ تاین ببیٚو ، لە دڵی خۆیشیانا ئەڵیٚن : ئەگەر ڕاستە موحەممەد پیٚغەمبەری خوایە ئەی بۆ خوا لەسەر ئەم قسانەمان سزامان نادا ؟ پیٚویست بە سزای دنیا نییە ، دۆزەخ سەرو زیادیانە ئەڕۆنە ناویو دۆزەخیش بەدترین سەرەنجامە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَاجَوْاْ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَةِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْاْ بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (٩)

ئەی کەسانیٚ کە ئیمانتان هیٚناوە کە چپەچپتان کرد بە چپە قسەیێ مەکەن کە گوناه بیٚ یا باسی دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵكو

دەسدرێژی کردنە سەریان و بێفەرمانیی پێغەمبەر بێ وەك چپەی کافرەکان و دووڕووە بەدیمەن موسوڵمان و بەدڵ کافرەکان . چپەیەك بکەن کە قسەی چاکە کردن و لەخواترسان بێ و لەو خوایە بترسن کە حەشرتان بۆ لای ئەو ئەکرێ .

إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ(١٠)

بە چپە قسەی گوناەو دەسدرێژی کردنە سەر خەڵك هەر کاری شەیتانەو مەبەستی لێی ئەوەیە دڵی موسوڵمانانی پێ خەفەتبار بکاو هیچ زیانێکیشیان پێ ناگەیەنێ مەگەر بە ئیزنی خواو ئەگەر خوا مەیلی لێ بێو ، کەواتە با ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هەیە پشت بە خوا ببەستن .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُواْ يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُواْ فَانشُزُواْ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(١١)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان بە خواو بە پێغەمبەری خوا هەیە ئەگەر لە مەجلیسێکا دانیشتبوون و پێیان وتن:دڕن بدەن با خەڵکی تریش کە دێن جێیان ببێتەوە دانیشن ، دڕن بدەن یا خوایش دەرووی خێرتان لەهەموو ڕوویەکەوە لێ بکاتەوەو جێگاو گوزەران و هەموو خێرو خۆشییەکتان بۆ گوشاد بکا. ئەگەریش وترا هەڵسن و بلاوەی لێ بکەن ، هەڵسن و بڕۆن. ئەوانەی خاوەن باوەڕو خاوەن

زانستن ، خوا چەند پلە بەرزیان ئەکاتەوەو ، خوا ئاگادارە لە هەر کاروکردەوەیێ کە ئەیکەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُواْ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(١٢)

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر ! ئەگەر چپەتان کرد لە بەردەستی پێغەمبەرا، واتە ئەگەر بەچپە قسەتان کرد لەگەڵ پێغەمبەر ، ئەوە بەر لە چپەکردنەکە خێرێ بکەن‌و بیدەن بە موستەحەقێك ، ئەوە چاکترو پاکترە بۆ ئێوە . ئەگەر نەتانبوو خوا بەخشندەو بەڕەحمە .

أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ(١٣)

ئەوە ، لەوە ترسان کە ئەگەر لە بەردەستی چپەکەتانا ، واتە بەر لە چپەکردنەکەتان لەگەڵ پێغەمبەر ، خێراتێ بکەن ، لات بکەون ؟ ئەگەر خێراتەکەتان نەکردو خوا لێتان خۆش بوو ، نوێژەکانتان بکەن‌و زەکات بدەن‌و بەگوێی خواو پێغەمبەری خوا بکەن‌و خوا شارەزاو ئاگادارە لە هەر کارێ ئەیکەن.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ(١٤)

ئەوە ناڕوانی بۆ کەسانێ دۆستایەتی لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکەن

خـوا غەزەبی‌لیٚ گرتوون نه له ئێوەن‌و نه لەوان واته نه لـه کافرە غەزەب لێگیراوەکانیشن چونکه دووڕوون و به دەم موسولـمان‌و به دڵ کافرن ، سوێندی درۆ ئەخۆن که لەگەڵ کافرەکان نین‌و ئەیشزانن که سوێندەکەیان درۆیه .

أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(١٥)

خوا سزایەکی سەختی بۆ ئامادە کردوون . بـێگومان ئەوەی ئەوان ئەیانکرد کارێکی زۆر خراپ بوو .

اتَّخَذُواْ أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّواْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ(١٦)

سوێندەکانی خۆیان کردووە بـه قەڵغان بـۆ پاراستنی خۆیان و ماڵ و موڵکیان لەوە که موسوڵمانان تۆڵەیان لـیٚ بسێننەوە لـەسەر دەست تێکەڵ کردنیان لەگەڵ کافرەکان‌و ، بەو ئەمین بوونەیان لـەوە کـه موسوڵمانان تـۆڵەی ئـەو دەست تێکەڵ کـردنەیان لـەگەڵ کافران لـیٚ بسەننەوە ، ڕێیان له خەڵك گرت کەوا ڕێی ئیسلامەتی بگرنەبەر ، لەبەر ئەوە سزایەکی وایان بۆ هەیه سووك و سەفیلیان بکا .

لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ ولاَ أَوْلادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ(١٧)

نه دارایی‌و سامانیان و نـه منداڵیان بـه هیچ جۆریٚ هیچ دادیان نادەن‌و سوودیان نابیٚ بـۆیان لـه ئاستی خـوادا ، ئەوانه هاوڕێـی ئاگری دۆزەخن‌و هەمیشه لەو ئاگرەدا ئەژین .

يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ

وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ أَلاَ إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ(١٨)

لەوڕۆژەدا کە خوا هەموویان ، ئەوانیش‌و کافرە دیارەکانیش ، زیندوو ئەکاتەوەو ، دەست ئەکەن بە سوێند خواردن بۆ خوا بەدرۆ وەك ئێستا سوێندی درۆ بۆ ئێوە ئەخۆن کەوا موسوڵمانن‌و بەڕاستی لەگەڵ ئێوەن‌و ، لایان وایە چۆن ئێستا بەو سوێندە درۆیانەیان پاکانە بۆ خۆیان لای ئێوە ئەکەن لە قیامەتیشا پاکانە بۆ خۆیان لای خوا ئەکەن . ئاگادار بن ! ئەوانە درۆزنن‌و درۆزنێکی‌وان وائەزانن درۆکانیان بەسەر خوایشا ئەگوزەرێنن .

اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُولَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلاَ إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ(١٩)

شەیتان زاڵ بووە بەسەریانا و یادی خوای لەبیربردوونەتەوە . ئەوانە کۆمەڵەی سەر بە شەیتانن. ئاگادار بن ! کۆمەڵەی سەر بە شەیتان هەر خۆیان دووڕاوو زیان تووش هاتوون .

الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ فِي الأَذَلِّينَ(٢٠)

بێگومان ئەوانەی موخالەفەی خواو پێغەمبەری خوا ئەکەن ، لەناو گرۆهی زەلیل‌و داماوەکانی ڕۆژی قیامەتان .

كَتَبَ اللَّهُ لأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ(٢١)

خوا لە لەوحەی قەزاو قەدەری خۆیا نووسیویە : من‌و پێغەمبەرانی من زاڵ ئەبین بەسەر دوژمنانا . بەڕاستی خوا بەهێزو زاڵە بەسەر خواستەکانی خۆیا .

لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ

اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٢٢)

کەسانیوا نابینی باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەری خواو بە ڕۆژی قیامەت هەبێ ، دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێکیوا بکەن کە موخالەفەی خواو پێغەمبەری خوا بکەن ، با ئەوکەسانەیش کە موخالەفەی خواو پێغەمبەری خوا ئەکەن باوکیان بن یا کوڕیان بن یا برایان بن یا عەشرەتیان بن ، چونکە ئەوانە ئیمانیان هەیەو خوا باوەڕی بە خۆیو بە پێغەمبەر لەناو دڵیانا نووسیوەو بە گیانێکی خۆی پشتی گرتوون کە ئەو ڕووناکیی باوەڕەیە خستوویەتیە دڵیانەوەو ، لە قیامەتیشا ئەیانخاتە بە هەشتگەلێکەوە جۆگای ئاو بە بەریانا ئەڕواو هەمیشە لەو بەهەشتانەدا ئەمێننەوە . خوا لەوان ڕازییەو ئەوانیش لە خوا ڕازین . ئەوانە دەستەو کۆمەڵی خوانو دەستەو کۆمەڵی خوایش هەر ئەوانن کەوا ڕزگار ئەبن لە دەردو ئازاری قیامەت .

سوورەتی (ألحشر)
مەدینەییەو ، (٢٤) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(١)

هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە لە پاكو بێعەیبیی خوا ئەدوێو ، هەر خوا خاوەن عیززەت و حیکمەتە .

هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنْتُمْ أَنْ يَخْرُجُواْ وَظَنُّواْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُواْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُواْ يَاأُولِي الْأَبْصَارِ(٢)

خوا ئەو خوایە کافرە جوولەکەو گاورەکانی لە یەکەمین دەرکردنیانا لە نیمچە جزیرەی عەرەب کردە دەرەوە بۆ وڵاتی شام . ئێوە گومانتان نەئەبرد کەوا دەرئەچن و خۆیشیان گومانیان وابوو کە قەڵاکانیان کە خۆیانیان تێیاندا حەشارئەدا رێی ئەوەیان بۆ ئەگرێ کە دەسەڵاتی خوا بەسەریانا زاڵ ببێ ، بەڵام خوا لەلایەکەوە بۆیان هاتو دایبەسەریانا ئەوان بۆی نەچووبوونو بەخەیاڵیانا نەهاتبوو . ترسی خستە دڵیانەوە و وای لێکردن بە دەستی خۆیانو بە دەستی موسوڵمانان ماڵی خۆیانیان وێران و کاوڵ ئەکرد ، دەی

عیبرەت لـەم ڕووداوە وەرگرن ئـەی کەسانیٚ کە چاوتان هـەیەو شت ئەبینن‌و ، تێبگەن هەرکـەسیٚ دوژمـنایەتی لەگەڵ خـواو پێغەمبەری خوا بکا سەرەنجامی وا ئەبیٚ.

وَلَوْلاَ أَنْ كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَلاَءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَـهُمْ فِي الْأَخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ(٣)

ئەگەر خوا نەینووسیایە لەسـەریان ماڵ‌و ئاواییەکانی خـۆیان چۆڵ کەن بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لەسەری ڕێکەوتن لەگەڵ پێغەمبەر ، هەر لە دنیادا سزای ئەدان چونـکە مـوسوڵمانان هێرشیان ئـەهێنایە سـەریان‌و وایـان پـیٚ‌ئەکردن کـەوا بە جوولەکەی بەنی‌قورەیزەیان کردو ، لـە ڕۆژی قیـامەتـیشا ئـازاری ئاگـری دوزەخیـان بـۆ هەیە .

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَـنْ يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ(٤)

ئـەمەیش لـەبەرئەوەیە کە ئەمانە دوژمنایەتییان لـەگەڵ خواو پێغەمبەری خـوا کـردو هـەرکەسیش دوژمنایەتی لەگەڵ خوا بکا ، خوا بەڕاستی سزای سەختە .

مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ(٥)

هەر دارخورماییێکتان بـڕیبیٚ یـا بە ڕاوەسـتاوی لیٚی گەڕابن لەسەر بنج‌و ڕیشەی خۆی ، ئەوە بە فەرمان و ڕیٚـگادانی خـوا بووەو بۆ ئەوەی فاسقەکان ڕسوا بکا .

وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٦)

هەر دەسکەوتیٚ خوا گێڕابێتیەوە لە کافرەکانەوە بۆ سەر پێغەمبەرو دابێتی بەو ، ئەوە خۆ ئێوە ئەسپ و چوارپێتان بۆ تاو نەداوە بڕۆن دەستی بەسەرا بگرن تا بڵێن حەقی خۆمانە ، بەڵام خوا پێغەمبەرانی خۆی زاڵ ئەکا بەسەر هەرکەسێکا کە خۆی مەیلی لێ بیٚو خوا توانی بەسەر هەموو شتێکا هەیە .

مَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ(٧)

هەر دەسکەوتیٚ خوا گێڕابێتیەوە لە خەڵکی ئەو دێهاتانەوە کە موسوڵمانان دایان بەسەریاناو داگیریان کردن ، ئەوە بۆ خواو بۆ پێغەمبەری خواو بۆ خزم و خوێشانی پێغەمبەرو بۆ هەتیوو هەژارو ڕێبوارانی موسوڵمانانە بۆئەوەی دەست بە دەستی پیٚ نەکریٚ لە نێوان دەوڵەمەندەکانتاناو ببەن بۆخۆیان و ، پێغەمبەریش هەرچیی دانیٚ لێی وەربگرن و هەرچییشی نەدانیٚ و وتی لێی گەڕێن ، لێیگەڕێن و لە خوا بترسن ، خوا سزای سەختە .

لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ

أُوْلَئِكَ هُـمُ الصَّادِقُونَ(٨)

ئـەو ماڵی گەڕاوەی کافرانە دابـەش ئەکـریٚ لـەناو هــەژارانی ئەسحـــابەکانی پێغەمبەرا کە لە ماڵو موڵکی خۆیان دەرکراون و لـە مەککەوە کـۆچـیان کـردووە بۆ مەدینەو داوای کەرەمو ڕەزامەندیی خوا ئەکەنو یـارمەتیی خـواو پێغەمـبەری خوا ئەدەنو ئـــەوانەن ڕاستو ڕاساڵن .

وَالَّذِينَ تَبَوَّءُواْ الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْـــهِمْ وَلاَ يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَـــاجَةً مِّــمَّا أُوتُواْ وَيُؤْثِرُونَ عَلَـــى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَـــنْ يُوقَ شُـــحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(٩)

هەروەها بۆ ئەوانەیش لە ماڵ و مەنزڵی خـۆیانا جێگیر بوونو لەگەڵ بـاوەڕ بە خــواو پێغەمبەری خوادا ڕاهـاتوونو بەر لـەوەی کـۆچکردووەکان کۆچ بکەن ئیمانیان هێناوەو خـۆشیان دیٚ لـەوانەی کـــۆچیان کردووە بـــۆ لایان و هیچ دڵگرانییەك لـە خۆیانا شك نابەن بـــەرانبەر بەوەی دراوە بـە کـۆچکـردووەکانو ، کـۆچـکردووەکان ئـەخـەنە پێـشی خـۆیـانەوە با خۆیـشیـان موحـتاج بنو ، هـەر کەسێکیش پارێزرابیٚ لە پیسکەییی دڵو دەروونی خۆی ئـەوە لـەو کەسانەیە کە ڕزگار بوون .

وَالَّـــذِينَ جَاءُواْ مِـــنْ بَعْدِهِمْ يَـــقُولُونَ رَبَّـــنَا اغْفِرْ لَـــنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِـــالْإِيمَانِ وَلاَ تَـــجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِـــلاًّ لِّلَّذِينَ آمَنُواْ رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ(١٠)

هەروەها ماڵی گەڕاوەی کافران بۆ ئەو هەتیوو هەژارو ڕێبوارانەیشە کە پاش کۆچکردووەکان و یارمەتیدەرەکان موسوڵمان بوون و ئەڵێن : خوایە لێمان خۆش ببەو هەروا لەو برایانەیشمان کە پێشمان کەوتوون لە موسوڵمان بووناو ، کینەو بەخیلی مەخەرە دڵمانەوە بەرانبەر بەوانەی باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا هەیە ، خوایە تۆ میهرەبان و بەڕەحمی .

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُواْ يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ(١١)

ئەوە تۆ سەیری دووڕووەکان ناکەی بە برا کافرە جوولەکەو گاورەکانیان ئەڵێن : بەڕاستی ئەگەر ئێوە لە ماڵ و موڵکی خۆتان دەرکران ، ئێمەیش لەگەڵتان دەرئەچین و ، لە هەرچییەکدا زیانی ئێوەی تیا بێ هەرگیز بەگوێی کەس ناکەین و ، ئەگەر جەنگتان لەگەڵ کرا یارمەتیتان ئەدەین و ، خوایش شایەتە ئەوانە بەڕاستی درۆ ئەکەن .

لَئِنْ أُخْرِجُواْ لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ(١٢)

ئەگەر ئەو کافرانە دەرکران ئەو دووڕووانە لەگەڵیان دەرناچن و، ئەگەر جەنگیان لەگەڵ کرا یارمەتییان نادەن و ، ئەگەر چوویشنە مەیدانی جەنگەوە بۆ یارمەتی دانیان هەڵدێن و پشت پێ هەڵئەکەن و، پاش ئەوەیش کافرەکان یارمەتی نادرێن و ئەشکێن و، یارمەتیی کەس

سوودی بۆیان نابیٚ .

لَأَنْتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ(١٣)

بەڕاستی ئێوە بەسامترن لە دڵی ئەو کافرانەدا لـە خوا واتە لە ئێوە زۆرتر ئەترسن تا لە خوا ، ئەوەیش لەوەوەیە کە ئەو کـافرانە هیچ نافامن ، ئەگەر هیـچیان بفامـییایە چـۆن لـە ئادەمیزاد زۆرتر ئەترسـان تا لە خوا ؟

لاَ يُقَاتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلاَّ فِي قُرًى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ مِنْ وَرَاءِ جُدُرٍ بَأْسُهُمْ بَيْنَهُـمْ شَدِيدٌ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّـى ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْقِلُونَ(١٤)

ئـەو کافرانە ناکەونە جـەنگ لـەگەڵتان لـە دێهـاتێکی قـایم کـراوا نـەبیٚ یا لـەودیوی دیواری قەڵاوە کـە لـەوێـوە بتـاندەنـە بەر بەردو تیر . کە لـەناو خـۆیانا بەگژی یەکترا بـچن بـەهێـزن‌و سەخـت ئەجـەنـگن ، وائـەزانی هـەموو یـەك پـارچـەن‌و پـێکەوەن بـەڵام دڵیـان پـەرێـشانەو هـەر کـۆمەڵێکیان بـیرو بۆچوونێکیان هەیە ، ئەمەیش بـەهۆی ئـەوەوەیە کـۆمـەڵێـکی نەفام‌و بیٚعەقڵن .

كَمَثَلِ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ قَرِيبًا ذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(١٥)

وەك ئەوانەی پێش خۆیان بە ماوەیەکـی کەم ، سـەرەنجامی بەدی کرداری خـۆیانیان چەشت‌و لەو دنیایش سزایەکی پڕ ئازاری

سەختیان بۆ هەیە .

كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ(١٦)

میسالی ئەم دووڕووانە لە هاندانی جوولەكەدا كە بەگژ موسوڵمانانا بچن وەك میسالی شەیتان وایە كە كەوتە بن كلێشەی ئادەمیزادو پێی وت : كافر ببەو باوەڕت بە خواو پێغەمبەری خوا نەبێ. جا كە كافر بوو حاشای لێ كردو وتی : من بێبەریم لە تۆ ، من لە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەكان ئەترسم .

فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِي النَّارِ خَالِدَيْنِ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ(١٧)

جا سەرەنجامی هەردولایان ئەوەبوو كە هەردوولا لەناو ئاگری دۆزەخدان و هەمیشە تیایا ئەمێننەوەو ، ئەمەیش پاداشی ستەمكارانە.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ(١٨)

ئەی ئەوكەسانەی ئیمانتان هێناوە ! لە خوا بترسن و ، با هەركەسێ سەرنج بدا چیی لەپێش خۆیەوە ئامادە كردووە بۆ سبەینێی و لەخوا بترسن ، بەڕاستی خوا خەبەردارە لە هەرچی كە ئەیكەن.

وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (١٩)

وەك ئەوكەسانە مەبن کە خوایان فەرامۆش کردووەو لە بیری خۆیانیان بردووەتەوەو خوایش خۆیانی لەبیر بردوونەتەوە . ئەوانە کۆمەڵێکی فاسق و لەڕێ لاداون .

لاَ يَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمُ الْفَائِزُونَ (٢٠)

هاوسان نین ئەوانەی بەهەشتین و ئەوانەی دۆزەخین . بەهەشتییەکانن ئەوانەی بە کەرەمی خوا بەختەوەر بوون .

لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ(٢١)

ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان بناردایەتە خوارەوە بۆ سەر کێوێ لەجیاتیی ئەوەی کە بۆسەر ئادەمیزادمان ناردووەتە خوارەوە ، ئەو کێوەت ئەدیّ لە ترسی خوا سامی لیّ نیشتووەو و پارچە پارچە بووە . ئێمە ئەم جۆرە نموونانە ئەهێنینەوە بۆ خەڵك بەهیوای ئەوەی بیربکەنەوە لە خواو لە توانایی خواو لە دواڕۆژو پاداش و سزای ئەو دنیا .

هُوَ اللَّهُ الَّذِي لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ(٢٢)

خوا ئەو خوایە هیچ پەرستراوێکی بەحەق نییە لەو زیاتر ، بە هەموو ڕازو نهێنیی و ئاشکراو لەبەرچاویّ ئەزانیّ ، هەر خۆی میهرەبان و بەڕەحمە لە دنیایش و لە قیامەتیشا .

هُوَ اللَّهُ الَّذِي لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلاَمُ الْمُؤْمِنُ

الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ(٢٣)

خوا ئەو خوایە هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی لەوبەولاوە نییە . پادشای هەموو جیهانە ، پاکە لە هەموو ناتەواوییەك ، سەلامەتە لە هەموو کەموکورتییەك. ئاسایش بەخشی هەموانە . ئاگادارو پارێزگاری هەموو شتێکە . زاڵە بەسەر هەرچییەکا بییەوێ بیکا . چیی بوێ بکرێ خەڵك وا لێ‌ئەکا ئەوە بکەن . گەورەترە لەوە کە پێویستی بەهیچ ببێ‌و هیچ ناتەواوییەکی تیا بێ . پاك‌و خاوێنە لەوەی کە هاوبەش بۆ دانەرەکانی هاوبەشی بۆ دائەنێن .

هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى
يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٢٤)

ئەو خوایەیە هەموو جیهانی دروست کردووەو، لە نەبوونەوە هێناویەتە بوون‌و ، وێنەی هەر دروستکراوێکی کردووەو بەوجۆرەی خۆی ئەیەوێ. ناوە هەرە جوانەکانی هەیە. هەرچی لە ئاسمانەکان‌و لە زەویدا هەیە هەموو بێگەردی‌و بێ‌عەیبیی ئەو ئەڵێن‌و (سبحان الله)ی بۆ ئەکەن‌و، هەر خۆی خاوەن عیززەت‌و خاوەن حیکمەتە .

سوورەتی (ألمتحنة)

مەدینەیی یەو ، (١٣) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُواْ بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِنْ كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَنْ يَفْعَلْهُ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ(١)

ئەی کەسانیٚ کە ئیمانتان هێناوە ، دوژمنی منو خۆتان حسێب مەکەن بە دۆست دەنگوباسی پێغەمبەرو هاوڕێیانی بگەیەنن پێیان بەهۆی پێوەندی خۆشەویستییەکەوە کە لەنێوان ئێوەو ئەوانا هەیە ، کەچی ئەوان باوەڕیان نییە بەو ڕاستییە کە پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرەو لە خواوە هاتووە بۆتانو ، پێغەمبەریشو ئێوەیش لە مەککە دەرئەکەن لەبەرئەوە کە ئیمانتان بە خوای پەروەردگاری خۆتان هەیە . ئەگەر ئێوە جاریٚ دەرچوون بۆ غەزا لە ڕێگای منداو بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی من ، حسێبیان مەکەن بە دۆستی خۆتان بەهۆی خۆشەویستییەکەوە کە لەنێوان ئێوەو ئەوانا هەیە ، ڕازو نیازی پێغەمبەرو موسوڵمانانیان پیٚ ڕابگەیەننو ، من زاناترم چیتان لیٚ شاردوونەتەوەو پێتان نەوتوونو چیتان بۆ دەرخستوون. هەرکەسیش کارێکی وا بکا ئەوە ڕێگای ڕاستی لیٚ تێکچووە .

إِنْ يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُواْ لَكُمْ أَعْدَاءً وَيَبْسُطُواْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُمْ بِالسُّوءِ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ (٢)

ئەگەر دەستیان بڕوا بەسەرتاناو زەفەرتان پیٚبەرن دوژمنتان ئەبن‌و دوژمنانە لەگەڵتان ئەجووڵێنەوەو دەست‌و زمانتان بە خراپە بۆ درێژ ئەکەن‌و ئەتانکوژن‌و دەستدرێژیتان ئەکەنەسەرو بە خراپ ناوتان ئەهێنن‌و باستان ئەکەن‌و حەزئەکەن پاشگەز ببنەوە لە موسوڵمانەتی‌و کافر ببنەوە .

لَنْ تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلاَ أَوْلاَدُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(٣)

مەڵێن : ئەمانە خزم‌و کەسوکارمانن . خزم‌و کەسوکارو منداڵتان هیچ دادتان نادەن لە ڕۆژی قیامەتا . خوا لەو ڕۆژەدا بەهۆی سام‌و ترسی ئەو ڕۆژەوە لە یەکتان جویٚئەکاتەوەو هەرکەس خەمی خۆیەتی‌و لەگەڵ کردەوەی دنیای خۆی ئەژی‌و خوا خەبەرداره لە دنیادا چیتان کردووە .

قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُواْ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَآؤُاْ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُواْ بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلاَّ قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ(٤)

بەڕاستی چاولێکەرییەکی جوانتان بۆ هەیە لە ئیبراهیم‌و ئەوانەدا کە لەگەڵی بوون لە باوەڕ بە خوای تەنهادا کە ئەوەبوو وتیان

بــە قەومەکەیان: ئێمە بێبەریین لە ئێوەو لەو شتانەی ئەیانپەرستن و خوای تاك و تەنیا ناپەرستن . ئێمە باوەڕمان بە ئێوەو ئایــینی ئێوە نییەو دوژمنــایەتی و حەزلێنەکردنی بۆ هەمیشە لــە نێوان ئێمەو ئێوەدا دەرکەوتووە تا ئەو ڕۆژەی باوەڕ بە خوای بێشەریك و تەنیا و تاك ئەکەن . تەنهــا لەوەدا چاو لــە ئیبراهیم ناکرێ کــە بە باوکــیی وت : بابە ! داوای لێبووردنت بۆ ئەکەم لە خواو دەسەلاتی هیچیشم بـۆت نییە لای خــوا . خوایە ! ئێمە پشتمان بە تۆ بەستووەو بۆلای تۆ هاتووینــەتەوەو سەرەنجـام هەموو هــەر لای تــۆیە . ئەمــەیش بەشێکە لــە قسەی ئــیبراهیم و ئەوانەی لــەگەڵی بوون لەگەڵ قەومە بێباوەڕەکەیان .

رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَاغْفِرْ لَنَــا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٥)

خوایە ! مەمانکە بە مەیدانی تاقیکردنەوە بــۆ کافران بــەوە کــە زاڵیان بکەی بــەسەرمانا و ئــەوانیش سزامــان بــدەن و ئــێمەیش لــە ئەنجامی ئەو سزادانەدا دڵمان بگۆڕێ و ، لێــمان خۆش ببە . خــوایە هەر تــۆ خاوەن عیززەت و حیکمەتی .

لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَنْ كَانَ يَرْجُواْ اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْأَخِرَ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ(٦)

بەڕاستی چاولێکەرییەکی جــوانتان بــۆ هــەیە لــە ئیــبراهیم و ئەوانەدا کە لەگەڵی بــوون بــۆ هەرکەس ڕجــای لێبووردنی خــواو ڕزگــاریی ڕۆژی قیــامەتی هەبێ . هــەرکەسیش پشت لــەم جــۆرە

چاولێکەرییە هەڵکا هەر خۆی زەرەر ئەکا چونکە هەر خوا بیٚئیحتیاجە بەم خەڵکەو ستایش کراوە لەلایەن هەموانەوە .

عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(٧)

ئومێد هەیە خوا دۆستایەتییەك بخاتە نێوان ئێوەو ئەوانەوە کە دوژمنایەتیتان لەگەڵ کردوون لە خزمو خوێشە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانتان ، خوا توانایە ئەتوانیٚ ئەمە بکاو خوا بەخشندەو بەڕەحمە .

لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ(٨)

خوا مەنعتان ناکا لە دۆستی لەگەڵ ئەو کافرانەی جەنگیان لەگەڵ نەکردوون بەهۆی ئاینەوە کە ئێوە موسوڵمان بوونو ئەوان بتپەرست بوونو لە وڵاتی خۆتانیان دەرنەکردوون ، خوا ڕێتان لیٚ ناگریٚ پیاوەتی لەگەڵ ئەوانە بکەنو بە داد لەگەڵیان بجووڵێنەوە ، خوا ئەوانەی خۆش ئەویٚ بەداد لەگەڵ خەڵك ئەجووڵێنەوە .

إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ(٩)

خوا مەنعتان لە یارمەتیدانو دۆستایەتی لەگەڵ کردنی ئەوانە ئەکا کە جەنگیون لەگەڵتان لەسەر ئاینو لە وڵاتی خۆتانیان

ده‌رکردوون‌و پشتی خه‌ڵکی‌تریان گرتووه بۆ ده‌رکردنتان . خوا مه‌نعتان ئه‌کا له‌ دۆستایه‌تی کردن له‌گه‌ڵیان‌و ئه‌وانه‌ی دۆستایه‌تییان له‌گه‌ڵ ئه‌که‌ن زاڵم‌و سته‌مکارن .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوْا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلاَ تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لاَ هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلاَ هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَآتُوهُم مَّا أَنفَقُواْ وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَنْ تَنكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلاَ تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُواْ مَا أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُواْ مَا أَنفَقُواْ ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ(١٠)

ئه‌ی ئه‌وانه‌ی ئیمانتان هێناوه ! ئه‌گه‌ر ژنانی خاوه‌ن ئیمان هاتنه لاتان به کۆچکردووی له‌ شوێنی خۆیانه‌وه ، تاقییان بکه‌نه‌وه‌و به‌راوردی حاڵیان بکه‌ن بزانن وه‌ك به زمان موسوڵمانن به دڵیش موسوڵمانن؟ خوا خۆی زاناتره به باوه‌ڕی ئه‌و ژنانه ئاخۆ ڕاست ئه‌که‌ن یا نه ؟ ئه‌گه‌ر زانیتان خاوه‌ن ئیمانن مه‌یانده‌نه‌وه‌و مه‌یانگێڕنه‌وه بۆ کافره‌کان . نه ئه‌م ژنه خاوه‌ن باوه‌ڕانه حه‌ڵاڵن بۆ کافره‌کان‌و نه کافره‌کان حه‌ڵاڵن بۆ ئه‌مان‌و ، ئه‌و ماره‌یییه‌ی مێردی ئه‌و ژنه خاوه‌ن باوه‌ڕانه داویانه به ژنه‌کانیان که هاتوون بۆ ناو ئێوه بیده‌نه‌وه به مێرده‌کانیان‌و گوناهباریش نابن ئه‌و ژنانه ماره ببڕن بۆ خۆتان ئه‌گه‌ر ماره‌یی خۆیانیان بده‌نێ . ده‌ستیش مه‌گرن به نیکاحی ژنانی کافره‌وه‌و لای خۆتان مه‌یانهێڵنه‌وه‌و به‌ره‌ڵڵایان که‌ن

با بڕۆنەوە بۆ ناو کافرەکان‌و هەر مارەییەکتان تیا مەسرەف کردوون داوای بکەنەوە لە کافرەکان‌و با ئەوانیش داوای هەر مارەییەك بکەنەوە کە لە ژنە موسوڵمان بووەکانیانایان مەسرەف کردووە کە هاتوون بۆ ناو ئێوە . ئەمە فەرمانی خوایە لەم مەسئەلەیەدا بڕیاری ئەدا لە نێوانتاناو خوا زاناو خاوەن حیکمەتە .

وَإِنْ فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُم مِّثْلَ مَا أَنفَقُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُمْ بِهِ مُؤْمِنُونَ (١١)

ئەگەر کەسانێ لە ژنەکانتان لە دەستی ئێوە دەرچوون‌و چوون بۆلای کافرەکان‌و کافرەکان مارەییی ئەو ژنانەیان نەدایەوە پێتان‌و پاشان سەرە هاتە سەر ئێوەو نۆبەی ئەوە هات کە ئێوە مارەییی ژنانی لای کافرەکانەوە هاتوو بۆناوتان بدەنەوە بە مێردەکانیان ، ئەوە ئەو مارەییانە مەدەنەوە بە کافرەکان بەڵکو بیدەن بەو موسوڵمانانەی لای خۆتان کە ژنەکانیان چوون بۆ ناو کافرەکان‌و کافرەکان مارەییەکانیان بۆ نەگێڕاونەتەوەو ، لەو خوایە بترسن کە باوەڕتان پێی هەیە چونکە ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی باوەڕی بە خوا هەبێ ئەبێ لێی بترسێ .

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لاَّ يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلاَ يَسْرِقْنَ وَلاَ يَزْنِينَ وَلاَ يَقْتُلْنَ أَوْلاَدَهُنَّ وَلاَ يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلاَ يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٢)

ئەی پێغەمبەری خوا! کاتیێ ژنانی ئیمان بە خـوا هێناو هـاتن بۆ لاتو ویستیـان بەیعەتـت پیێ بکـەنو عەهـدو پەیمانـت بـدەنێ کـەوا هـاوبەش دانـەنێن بـۆ خـواو هیچ نـەکەن بـە شـەریکی لـە خـوایەتییـا و دزی نـەکەنو داوێن پیسی نـەکەنو مـناڵی خـۆیـان نەکوژنو بـوختان هـەڵنەبەستن لـەنێوان دەستو پێی خـۆیانا واتە نە مناڵی حەلاڵی کەس بکەن بە زۆڵو نە زۆڵ بکەن بە مناڵی حەلاڵی خـۆیانو لـە هیچ فـەرمان بـە چاکەیەکا کە تۆ فەرمانیان ئـەدەیتێ بیێگوێیبیت نەکەن ، ئەوە تۆیش بەیعەتیان لەگەڵ بکەو بەیعەتەکەیان لێ قوبووڵ بکەو داوا لـە خـوا بکـە لـە خەتاو تـاوانیان ببووریێ ، خوایش گوناهبەخشو بەڕەحمە .

یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ لاَ تَتَوَلَّوْاْ قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَیْهِمْ قَدْ یَئِسُواْ مِنَ الأَخِرَةِ كَمَا یَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ(١٣)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! دۆستایەتی لەگەڵ قەومێك مەکەن کـە خوا غەزەبی لـێ گـرتوونو نائـومێد بوون لـەوەی کـە لەودنیا هیچیان دەسگیر ئەبیێو لـە سزای دۆزەخ ڕزگار ئـەبن ، وەك ئەو کافرانەی بە کافری مردوونو خراونەتە گۆڕ چۆن ئەوانیش لەوە نائومێد بوون کە زیندوو ببنەوە تا چاکە بکەن یا لـەو دنیا پاداشـی چاکەیان بدرێتەوە .

سوورەتی (ألصف)

مەدینەییەو ، هەندێکیش وتوویانە مەککەییەو

(١٤) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّه مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(١)

هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە گەورەیی و بێگەردیی خوا ئەگەیێنیٚ و ، خوا خاوەن عیززەت و حیکمەتە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لاَ تَفْعَلُونَ(٢)

ئەی کەسانیٚ کە ئیمانتان هێناوە ! بۆ بە دەم شتیٚ ئەڵێن کە بە کردەوە نایکەن ؟

كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُواْ مَا لاَ تَفْعَلُونَ(٣)

ئەوە لای خوا زۆر بێزراوو ناپەسەندە بە دەم شتیٚ بڵێن کە بە کردەوە نایکەن .

إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ(٤)

بەڕاستی خوا ئەوکەسانەی خۆشئەویٚ کە لە ڕێگەی ئەوا ڕیز ڕیز ئەجەنگن ئەڵێی بینایەکی پتەوو داڕێژراون .

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَاقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُواْ أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ(٥)

یادی ئەوە بکەرەوە کە مووسا بە قەومەکەی خۆیی وت : ئەی قەومەکەم ! بۆچی دڵم ئێشێنن کە ئەیشزانن من خوا ناردوومیەتە سەر ئێوە ؟ کە ئەوانیش لەجیاتیی ئەوەی شوێنی کەون لە ڕێی ڕاست لایان دا ، خوایش دڵی لەوە لادان کە شتی ڕاست وەربگرێ . خوا هەرگیز هیدایەتی کۆمەڵێ نادا کە لە ڕاستی لایان دابێ .

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُواْ هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ(٦)

یادی ئەوەیش بکە کە عیسای کوڕی مەریەم بە بەنی ئیسرائیلی وت : ئەی بەنی ئیسرائیل ! من فروستادەی خوام بۆ لای ئێوەو باوەڕم بەو کتێبەی خوا هەیە کە لە پێش دەستمایە کە تەوراتەو مژدەی پێغەمبەرێکیشم پێیە کە پاش من دێ ناوی(ئەحمەد)ە ، کەچی کە ئەو پێغەمبەرە بە بەڵگەو دەلیلی ئاشکراو ڕوونەوە هات باوەڕیان پێ نەکردو وتیان : ئەم بەڵگەو دەلیلە جادوویەکی ئاشکراو ڕوونە .

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى

الْأَسْلَامِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ(٧)

کیّ لەوکەسە ستەمکارترە درۆ بەدەم خواوە هەڵبەستیّ کەچی ئەو بانگ بکریّ بۆ موسوڵمان بوونو بەڵگەی ڕوونو ئاشکرای بۆ بهێنرێتەوە لەسەر ڕاستیی ئاییـنی ئیـسلامو ، ئەو بەو بەڵگەو دەلیلانە بڵیّ : ئەمانە سیحرو جادوون ؟ خوا هەرگیز هیدایەتی تاقمی ستەمکار نادا .

يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُواْ نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْكَرِهَ الْكَافِرُونَ(٨)

ئەوانە ئەیانەویّ ڕووناکیی خوا بکوژێننەوە بەو قسانەی ئەیانکەنو ، خوایش ڕووناکیی خۆی تەواو ئەکاو ئەیگەیەنێتە هەموولایەك با کافرەکانیش پێیان خۆش نەبیّ .

هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ(٩)

خوا خوایەکیوایە پێغەمبەری خۆی ناردووە بە قورئانەوە کە هۆی هیدایەت دانی خەڵکە بۆ ئیسلامەتیو ، بە ئایینی ڕاستەوە کە ئایینی ئیسلامە بۆئەوەی ئەم ئایینە بەرزکاتەوە بەسەر هەموو ئایینێکا با هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش پێیان خۆش نەبیّ .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ(١٠)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ! ئایا بازرگانییەکیواتان پیشان بدەم ڕزگارتان بکا لە سزایەکی سەخت ؟

تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(١١)

ئەو بازرگانییەیش ئەوەیە ئیمان بێنن بە خواو بە پێغەمبەری خواو غەزا بکەن لە ڕێی خوادا بە داراییتانو بە خودی خۆتان ، ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن .

يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(١٢)

تا خوایش تاوانەکانتان بپۆشێو بتانخاتە ناو بەهەشتێکی وا جۆگەی ئاو بەژێریا گوزەر ئەکاو ، بتانخاتە خانووبەرەی جوانو باش لە بەهەشتی (عەدن) ، ئا ئەمەیشە بەمەرام گەیشتنی مەزن .

وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ(١٣)

نیعمەتێکیتریش هەیە حەزی لێئەکەن ئەویش یارمەتیدانتانە لەلای خواوەو دەرگابۆکرانەوەیەکی نزیکە کە کرانەوەی دەرگای مەککەیە لە ڕووتانا بە گرتنی ئەو شارەو ، تۆ ، ئەی موحەممەد ، مژدە بە موسوڵمانان بدە بەم نیعمەتە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُواْ ظَاهِرِينَ(١٤)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! ببن بە یارمەتیدەری ئایینی

خـوا وەك چۆن عیسای کوڕی مەریەم بە (حەورای)یەکانی وت : کـێ یارمەتیم ئەدا بۆلای خوا ؟ حەوارییەکان وتیان : ئێمە یـارمەتیدەری خواین و پشتی ئایینی خوا ئەگرین ، جا تاقمێ لە بەنیئیسرائیلییەکان ئیمانیان پێهێناو تاقمێکیشیان کافربوون پێیو ئیمانیان پێنەهێنا ، ئێمەیش لایەنی خاوەن ئیمانەکانیانمان لەدژی دوژمنەکانیان گرت و زاڵ بوون بەسەریانا .

سوورەتی (ألجمعة)
مەدینەیی یەو ، (١١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ(١)

گەورەیی و بێگەردیی خوا ئەگەیێنیٚ هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە ، ئەو خوایەی کە پادشایەکی بێعەیب و خاوەن عیززەت و حیکمەتە .

هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٢)

خوا ئەو خوایە لەناو نەخوێندەوارەکانا پێغەمبەرێکی ناردووە ئایەتەکانی خوایان بەسەرا ئەخوێنێتەوەو پاکیان ئەکاتەوە لە کوفرو لە خووی بەدو ، قورئان و حیکمەت و قسەی بەجێیان فێرئەکا کە حەدیثی پێغەمبەرەو ، بەڕاستی بەرلەوەی ئەم پێغەمبەرە بێتە سەریان لە گومڕاهییەکی دیارو ئاشکرادا بوون .

وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٣)

کەسانێکی تریشیان لێ فێرئەکا کە هێشتا نەهاتوونەتە پاڵیان و لەمەوپاش دێن و خوا خاوەن عیززەت و حیکمەتە .

ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ(٤)

ئەمەیش فەزڵی خوایە بە هەرکەسێکی ئەدا کە مەیلی لێ بێ‌و ، خوا خاوەنی فەزڵی گەورەو مەزنە .

مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ(٥)

نموونەی ئەوکەسانە وایە کە تەوراتیان لە خواوە خرایە سەرشان کە خەڵکی پێ فێر بکەن‌و پاشان ئەو بارەیان هەڵنەگرت‌و خەڵکیان فێر نەکرد ، وەك گوێدرێژێ بارێ کتێبی لێ بار بکرێ چۆن هیچ سوود لەو بارە کتێبە وەرناگرێ ، ئەوانیش وابوون هیچ سوودیان لە تەورات وەرنەگرت . زۆر ناشیرین‌و خراپە نموونەی ئەوانەی باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوا نەکردو ، خوایش هیدایەتی کەسانێ نادا زاڵم‌و ستەمکار بن .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا إِنْ زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَاءُ لِلَّهِ مِنْ دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(٦)

تۆ ، ئەی پێغەمبەر ! بەو جوولەکانە بڵێ : ئەگەر ئێوە گومان ئەبەن کەوا ئێوە تەنها خۆتان‌و کەسی‌تر نا دۆستی خوان‌و لەو دنیا سەربەرزو شادمان ئەبن ، ئەگەر ڕاست ئەکەن ئاواتی مەرگی خۆتان بخوازن ، چونکە ئەگەر بەپێی قسەکەی خۆتان بێ ئەبێ بەهەشتی بەرین جێتان بێ‌و حەزبکەن بمرن تا ڕاست‌و ڕەوان بڕۆن بۆ بەهەشت .

وَلا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ(٧)

بەلاَم بەهۆی ئەو کارە ناپەسەندو گوناهانەیانەوە کە کردوویانن و بەدەستی خۆیان لەپێش خۆیانا ناردوونیان بۆ ئەو دنیایان ، هەرگیز ئاواتی مەرگی خۆیان ناخوازن و خوایش ئاگای لە حاڵی ستەمکارانە .

قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلاَقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٨)

تۆ ئەی پێغەمبەر ! پێیان بڵێ : ئەو مەرگەی ئێوە لە ترسی هەڵدێن ، هەر وەختێ بێ هەر پیاتاندا ئەگاتەوەو تووشتان دێ . جا کە مردن و لەو دنیا زیندوو کرانەوە ئەگێڕرێنەوە بۆلای ئەو خوایەی ئاگای لە هەموو کارێکی ئاشکراو نهێنیی بەندەگانی هەیەو خەبەردارتان ئەکا کەوا لە دنیادا چیتان ئەکردو ، لەسەر ئەو کردەوە خراپانەتان لێتان ئەپرسێتەوە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلاَةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْاْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُواْ الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(٩)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! کاتێ بانگ دراو موسوڵمانان بانگ کران بۆ نوێژ لە ڕۆژی جومعەدا ، بە هەڵەداوان بڕۆن بۆ یادکردنەوەی خوا بە گوێگرتن بۆ خوتبەی نوێژی جومعەو کردنی نوێژی جومعەو ، دەسبەرداری کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردن بن ،

ئەوە باشترو سوودمەندترە بۆتان لە بازرگانییەکەتان ئەگەر بزانن .

فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ(١٠)

جا کە نوێژەکەی جومعە بەجێهێنرا ئیتر بڵاو ببنەوە بە زەویداو لە ڕێگای کاسبیو کاری دەستی خۆتانەوە داوای ڕزقو ڕۆزی بکەن لە خواو لە هەر کوێیەکا بۆتان ڕێکەوت ناوی خوایش بەزۆری بهێنن بەڵکو لە سزای خوا ڕزگار ببن .

وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا قُلْ مَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ(١١)

کاتێ کە ئەو کۆمەڵە نوێژکەرەی دەورت بازرگانییەکی ڕەخساویان دی یاخود کارێکیوا ئادەمیزاد لە یادی خوا بێئاگابکا بڵاوەی لێئەکەن لەدەورتو ئەڕۆن بەدەم بازرگانییەکە یا کارە ئادەمیزاد لە یادی خوا بێئاگاکەرەکەوەو تۆ بەپێوە جێدێڵن . تۆیش پێیان بڵێ : ئەوەی لای خوا هەیە لە ڕزقو ڕۆزیی دنیاو بەهەشتی قیامەت لە ڕابواردنەکەو لە بازرگانییەکەیش چاکترەو ، خوایش باشترین ڕۆزیدەهەندەیە .

سوورەتی (ألمنافقون)
مەدینەییەو ،(١١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُواْ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ(١)

کە دووڕووەکان دێنە لات ، ئەڵێن : ئێمە شایەتی ئەدەین تۆ پێغەمبەری خوای‌و ، خوایش ئەزانێ بەڕاستی تۆ پێغەمبەری ئەوی‌و ، خوا شایەتییش ئەدا کەوا دووڕووەکان درۆئەکەن کە ئەڵێن: شایەتی ئەدەین ، چونکە شایەتی پێویستە دڵ‌و زوبانی تیا هاوجووت‌و موافیقی یەك بن‌و ، دووڕووەکانیش دڵ‌و زوبانیان یەك نین .

اتَّخَذُواْ أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّواْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(٢)

ئەوانە سوێندەکانی خۆیانیان کردووە بە قەڵغان بۆ پاراستنی خۆیان‌و بەوجۆرە ڕێ لە خەڵك ئەگرن کەوا ڕێگەی خودا بگرنەبەر . بێگومان ئەمانە کارێکی خراپ ئەکەن .

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَفْقَهُونَ(٣)

ئەم حاڵەیش لەبەرئەوەیە کە ئەو دووڕووانە لەپێشا ئیمانیان

هێنابوو پاشان کافر بوون و ئەنجا لە کافرییەکەیانا قاڵ بوون تـا مۆر نرا بە دڵیانەوە ، ئێستا ئەوانە نافامن .

وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ(٤)

کـه ئەیانبینی لـەشو لاریـانت زۆر لا جـوانـەو ئـەتخاتە سەرسووڕمان . کە قسەیش ئـەکەن قسەیان ئـەبیسی و گوێی بـۆ شل ئەکەی چونـکە زمان لووس و قسەخۆشن ، لەبەرئەوە کە هیچیان پێ نییەو بۆشن ئەڵێی تەختەن پاڵ دراونەتەوە . ئەوەندە بەدگومان و لەخۆبەشکن ، هەر هاوارێ لە مەدینەوە بکرێ وائەزانن بۆسەر ئەوانە چونکە موسوڵمانان بە دوژمنی خۆیان ئەزانن . ئـەوانەن دوژمـن ، چونکە بەدیمەن لەگەڵتانن و لەڕاستیدا دژتانن ، کەواتە خۆتیان لـێ بپارێزە. خوا بیبیانکوژێ چۆن لە ڕێی حەق و ڕاست لائەدرێن !

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ(٥)

کە پێیان بووترێ : وەرن با پێغەمبەر داوای لێخۆشبوونتان بۆ بکا لە خوا ، سەر هەڵئەسووڕێنن بەم لاو بەو لاداو ئەیانبینی مەنعی خـۆیان ئەکەن لـە هاتن بۆ لات و خۆیان لەوە بە زلـتر ئـەزانن کـە پێغەمبەر داوای لێخوشبوونیان بۆ بکا لە خواو فیزیان نایە بێن .

سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ(٦)

بەش بەحاڵی ئەوان یەکسانە داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەی لە خوا یا داوای لێخۆشبوونیان بۆ نەکەی ، هەرگیز خوا لێیان خۆش نابێ . بەڕاستی خوا هیدایەتی خێڵی فاسقان نادا .

هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لاَ تُنْفِقُواْ عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّواْ وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لاَ يَفْقَهُونَ(٧)

ئەوانە ئەوانەن بە یارمەتیدەرە مەدینەییەکان ئەڵێن : پارەو داراییی خۆتان خەرج مەکەن لەسەر ئەو موسوڵمانە مەککەییە کۆچکردووە هەژارانەی لای پێغەمبەرن و بەدەوروبەریان با لەبرسانا بڵاوەی لێ بکەن و بەجێی بهێڵن . هەموو گەنجینەکانی ئاسمانەکان و زەوی هیی خوان ، بەڵام دووڕووەکان نەفامن و تێناگەن .

يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لاَ يَعْلَمُونَ(٨)

دووڕووەکان ئەڵێن : ئەگەر لەم غەزایە گەڕاینەوە بۆ مەدینە پیاوە خاوەن عیززەتەکان (کە خۆمانین) زەلیلەکان (کە گوایە پێغەمبەرو هاوڕێکانینی) لەو شارە دەرئەکەن ، بەڵام خاوەن عیززەت ئەوان نین ، عیززەت و زاڵبوون و سەرکەوتن هەر بۆ خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانانە ، بەڵام دووڕووەکان نازانن خاوەن عیززەتی ڕاستی کێیە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلاَ أَوْلاَدُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ(٩)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خواو پێغەمبەری خوا ! با دارایی‌و ئەولادتان لە یادی خواتان بێ‌ئاگا نەکەن . هەرکەسیش شتی وا بکاو لە یادی خوا بێ‌ئاگا بێ ، ئەوانە زەرەرمەندو زیان لێکەوتوون .

وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ(١٠)

لەو ڕۆزییەی داومانەتی‌و کردوومانە بە ڕۆزی بۆتان خەرج بکەن بۆ پاشەکەوتی ئەو دنیا ، بەرلەوەی نیشانەی مردنی یەکێکتان دەرکەوێ‌و ئەوکاتە بڵێ :خوایە ! بۆچی ئاکامم دوانەخەی بۆ ماوەیەکی نزیك تا لەم فرسەتەدا خێرو حەسەنات بکەم‌و یەکێ بم لە پیاوچاکان ؟

وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ(١١)

بەڵام خوا هیچ گیانلەبەرێ پاش ناخا کە ئاکامی مەرگی هات‌و، خوا شارەزایە لە هەموو کارو کردەوەیەکتان .

سوورەتی (ألتغابن)
مەدینەییی‌یەو هەندێکیش ئەڵێن مەککەییی‌یەو ،
(١٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(١)

هەرچی لە ئاسمانەکان‌و لە زەویدا هەیە گـەورەییی‌و بـێگەردیی خوا ئەگەیێنیٚ . خاوەنێتیی‌و ستـایش بۆ ئەوەو هـەر ئـەو دەسەلاٚتی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکیٚ .

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(٢)

خوا ئەو خوایە ئێوەی دروست کردووە ، جا هەندێکتان کـافرو هەندێکتان خاوەن بـاوەڕن‌و ، خـوایش چاوی لە هـەر کارێکەوەیە کە ئێوە ئەیکەن .

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ(٣)

ئاسمانەکان‌و زەویی بە حیکمەتی پڕی خۆی دروست کردووەو ئێوەی نەخشاندووەو جـوانیشی نەخـشاندوون‌و ، سەرەنجـامیش گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە .

يَعْلَـمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَـمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا

تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ(٤)

زانایە بە هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیەو ، زانـایە بە هەرچی ئەیشارنەوەو هەرچی دەریئەخەن و ، خوا زانایە بە هــەرچی لەناو سنگدایە واتە لەناو دڵدایە .

أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٥)

ئایا دەنگوباسی ئەوانەتان پێنەگەیشتووە کە لە سەردەمەکانی پێشوودا کافر بوون و لـەئەنجامی ئەو کـافرییەیاندا پـاداشی کاری خۆیانیان چەشت و لە قیامەتیشا سزایەکی پڕ ئێش و ئازاریان هەیە؟

ذَلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُواْ أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْ وَاسْتَغْنَى اللَّهُ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ(٦)

ئـەوەیش لەبەرئەوە بـوو کە پێغەمبــەرەکانیان بە موعـجیزەوە ئەهاتنە لایـان کەچی ئەوان لەجیاتیی ئەوەی ئیمانیان پــێ بهێـنن ئەیانوت : چۆن ئەبێ ئادەمیزاد هیــدایەتمان بـدەن ! بەوجۆرە کافر بوون و پشتیان لە خوا هەڵکردو خوایش ئیـحتیاجی پێیان نـەبوو و خوا دەوڵەمەندو ستایش کراوە .

زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُـمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (٧)

کافرەکان بە خەیاڵی خۆیان گومانیان وایە کە هەرگیز زینـدوو ناکرێنەوە . تۆیش ، ئەی پێغەمبەر ! پێیان بڵێ : بەڵێ وەڵڵا! قەسەم بە خوای پەروەردگارم بەڕاستی گشتتان زیندوو ئەکرێنەوەو پـاشان

پێتان ڕائەگەیەنرێ کە چیتان کردووە لە دنیاداو ئەمەیش بۆ خوا کارێکی ئاسانە .

فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(٨)

کەواتە ئیمان بهێنن بە خواو بە پێغەمبەری خواو بەو ڕووناکییەی نازڵمان کردووەتە خوار کە قورئانەو ، خوا خەبەردارە لەو کارو کردەوانەی ئێوە ئەیانکەن .

يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(٩)

لەوڕۆژەدا کە خوا کۆتان ئەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆکردنەوەی ئادەمیزادو پەریو فریشتە کە ڕۆژی یەك یەك بە زیان کردوو ناو بردنە ، کافر زیان کردووە چونکە ئیمانی نەبوەو بەهەشتی بۆ نەبوەو دۆزەخ بووە بە جێگەی ، لەبەرئەوە هەریەکەیان باسی زیان کردوویی خۆی بۆ ئەویان ئەکا. موسوڵمانانیش پێیان ئەڵێن : ئەگەر ئیمانتان بهێنایە ئەو بەهەشتەی بووە بە جێگەی ئێمە ، ئەبوو بە جێگەی ئێوەیش . جا هەرکەس باوەڕی بە خوا هەبیو کردەوەی چاك بکا خوا تاوانەکانی دائەپۆشیو ئەیخاتە بەهەشتێکیەوە جۆگەو ڕووباری بە بنا ئەڕواو بۆ هەمیشە تیایا ئەمێنێتەوەو سەرکەوتنی مەزنیش هەر ئەوەیە .

وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ

فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ(١٠)

ئەوكەسانەیش كە لە دنیادا كافر بوونو ئایەتەكانی ئێمەیان بە درۆ دانـاوە ، ئەوانە هـاوڕێی ئاگرنو هەتایە تیـایا ئەمێننەوەو سەرەنجامیان سەرەنجامێكی زۆر خراپە .

مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْـدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(١١)

هیچ دەردو نەهاتییەك تووشی كەس نایەت بە ڕەزامەندیی خوا نەبێ . هەركەسیش ئیمانی هەبێ بە خوا ، خوا هیدایەتی دڵی ئەداو ، خوا بە هەموو شتێ ئەزانێ .

وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَأَطِيعُـواْ الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَـا عَلَـى رَسُولِنَا الْبَلاَغُ الْمُبِينُ(١٢)

بە فەرمانی خواو بە فەرمانی پێغەمبەری خوا بجـووڵێنەوەو ، ئەگەر پشتتان لـە فەرمانی ئەوان هەڵـكرد هیچ زیانێ بە پـێغەمبەر نـاگا چونكە ئەو هـەر ئەوەندەی لەسەرە كـە نامەی خوا بە ڕۆشنی بگەیەنێو گەیاندوویشیەتی .

اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ(١٣)

خوا خوایەكە هیچ پەرستراوێكی بەحەق لەو بەولاوە نییە .دەی با ئەوانەی خاوەن باوەڕن پشت بە خوا ببەستنو بەو پشت ئەستوور بن .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ مِـنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلاَدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُـمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِن تَعْفُـواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِـرُواْ فَـإِنَّ اللَّهَ غَفُـورٌ

رَّحِيمٌ(١٤)

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ! بێگومان هەندیٚ لە ژنەکانتان‌و لە منالەکانتان دوژمنتانن ، خـۆتان بپارێزن لێیان . ئـەگـەر لێیشیان خـۆش بن‌و چـاوپۆشییان لـیٚ بکـەن‌و تـاوانیان بپۆشن ، خـوایش بەڕاستی بەخشندەو بەڕەحمە .

إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ(١٥)

بیٚگومان منـــاڵ‌و دارایی ئێوە لــە مـایەی تاقیکردنەوەتـــان بـــەولاوە نـــین تا دەرکەویٚ ئاخـۆ بە منـــاڵ‌و بە دارایی بایـــی‌ئەبن‌و خواتان لەیادئەچێتەوە یا نە . خوایش ئەجرو پاداشی گەورەی لایـە بۆ هەرکەسیٚ ڕێگای ئەو بگریٚ .

فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(١٦)

دەی چەندتان پیٚ ئەکریٚ لە خوا بترسن‌و فـــەرمانی ببـیسن‌و بەگوێی بکەن‌و ماڵی دنیا خەرج بکەن بۆ دنیاو بۆ قیامەتی خـۆتان‌و، هەرکەسیٚ لـــە ڕژدیی نەفسی خۆی پـارێزرابیٚ ئـەوە ئەوکـەسـانە بەختەوەری هەردوو دنیان .

إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ(١٧)

ئەگەر دارایی خـۆتـــان بە قەرز بدەن بە خوا لەگەڵ ساغیی دڵ‌و دەروونی خـۆتانا ، خوا بە دووقات ئەتانداتەوەو لە گوناهتان خـۆش ئەبـــیٚ‌و ، خـــوا لەجیـــاتیی بەخشینی کـــەم پاداشی زۆر ئـەداتەوەو

بەحیلمیشە زوو سزای تاوانبار نادا .

عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(١٨)

خـــوا زانایە بە هـــەموو شتێـــکی نهێنیو ئاشکراو ، خـــاوەن عیززەتو شەوکەتەو خاوەن حیکمەتە .

سوورەتی (ألطلاق)
مەدینەیی یەو ، (١٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لاَ تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلاَ يَخْرُجْنَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لاَ تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا(١)

ئەی پێغەمبەر ! کە ویستتان ژن تەڵاق بدەن لەگەڵ دەست کردنیان بە ماوەی عیددە تەڵاقیان بدەن ، واتە با ژنەکان لە پاکیدا بن و پێش تەڵاقدانەکەیشیان نەچووبنە لایان نەوەك سکیان پڕبووبێ بە منداڵ ، ماوەی عیددەکەیشیان بۆ ڕابگرن و بیژمێرن با کەم و زیاد نەکاو ، لە خوای خۆیشتان بترسن ، لەو ماڵەیان مەکەنە دەرەوە کە تیا تەڵاق دراون مەگەر کاتێ کارێکی شەرماوەری ئاشکراو دیار بکەن. ئەمانەی بەیان کران سنوورگەلێکن خوا داینناون ، هەرکەسیش لە سنووری خوا دایبنابێ لابدا ستەمی لە خۆی کردووە. تۆ نازانی ڕووداوی دنیا چۆن ئەبێ ، لەوانەیە خوا پاش ئەو تەڵاقدانە کارێ ڕێك بخا ببێ بە مایەی ئەوەی پیاوەکە ژنەکە بهێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی ، کەواتە با ژنەکە لە شوێنی خۆیا بمێنێتەوەو لەگەڵ مێردەکەی دۆست بن .

فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُــنَّ فَأَمْسِكُوهُــنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُــنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَى عَدْلٍ مِّنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُــمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِــنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَنْ يَتَّــقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا(٢)

کاتــیٚ کە ژنە تەلاّقدراوەکان گەیشتنە ئاخــری ماوەی عــیددە بــەسەرچوونیــان ، یــا بەچاکــی ڕایــان بــگرن یا بــەچاکی لــێیان جویّببنەوەو دوو پیاوی ســاغو ڕاست لە خۆتان بکــەن بە شایەت . ئێوەیش ئەی کەسانیٚ کە گیراون بە شایــەت ، هەرکاتیٚ پێویستیکرد لەبەر خــوا شایەتیی خــۆتان بدەنو هــیچ مەبەستێکیتــری تێکەلٚ مەکەن . ئەمە ئەو ئامۆژگارییەیە خوا ئامۆژگــاریی هەرکەسێکی پیٚ ئەکا کە باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی قیامەت هەبیٚو ، هەرکەسیش لە خوا بترسیٚ خوا کەلێنێکی بۆ ئەکاتەوە ڕزگاری ببیٚ پێی لە تەنگوچەلٚەمە.

وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْــثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُــوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا(٣)

ڕۆزییشــی لەلایەکەوە بۆ ئەنێریٚ خــۆی گــومانی نــەبردبیٚ . هــەرکــەسیش پشــت بــە خــوا ببەستــیٚ خــوای بــەسەو پێویستی بــە کــەسیتر نییە . خــوا کــاری خــۆی ئــەگــەیەنێتە هــەر ڕادەیەك خــۆی مەیلی لــیٚ بیٚ . خوا بۆ هەر شتیٚ ئەندازەیەکی داناوە .

وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَــمْ يَحِضْــنَ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُــنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا(٤)

ئەو ژنانەیش کە نائومێد بوون لەوەی حەیزیان پیا بێت لە ژنانی ئێوە ، ئەگەر کەوتنە گومانەوە لە عیددەیانا کە سەرەتاکەی کەیەو بڕانەوەی کەیە ، ئەوە عیددەیان سێ مانگە ڕابووری بەسەریانا . هەروا ئەو ژنانەیش کە هەر لە بنەڕەتەوە حەیزیان پیا نەهاتووە ماوەی عیددەیان سێ مانگە . ژنانی دووگیانیش ماوەی عیددەیان ئەوەیە سکەکەیان دانێن . هەرکەسیش لە خوا بترسێ‌و ئاگای لەم سنوورە شەرعییانە بێ کە خوا دایناون خوا کاری بۆ ئاسان ئەکا .

ذَلِكَ أَمْرُ اللَّهِ أَنزَلَهُ إِلَيْكُمْ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا(٥)

ئەمەی وتمان فەرمانی خوایە ناردوویەتیە خوارەوە بۆ ئێوەو ، هەرکەسیش لە خوا بترسێ خوا تاوانەکانی دائەپۆشێ‌و پاداشیشی لەسەر کرداری چاکی بۆ گەورە ئەکا .

أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِن كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى(٦)

ئەو عیددەدارە تەڵاقدراوانە لە ماوەی عیددەکەیانا بەگوێرەی توان‌و دەسەڵاتی خۆتان لەو شوێنەدا دابنێن کە خۆتانی تیا دائەنیشن‌و زیانیان پێ مەگەیەنن بۆئەوەی تەنگیان پێ هەڵبچنن‌و ناچاری دەرچوونیان بکەن لەو شوێنەی تیا نیشتەجێن . خۆ ئەگەر

دووگیانیش بوون ئەوا مەسرەفیان بۆ بکەن تا سکەکەیان دائەنێن . پاش ئەوە ئەگەر منالەکەیان بۆ شیر پیٚدان و بۆیان بەخێو کردن کرێی خۆیانیان بدەنیٚ ولەبارەی چۆنیەتیی شیر پیٚدان و بەخێوکردنی منالەکەو کریٚ پیٚدانی دایکیەوە لەناو خۆتانا گفتوگۆو پرس و ڕاوێژ بکەن بە شێوەیەکی باش ، واتە بەگوێرەی ئەندازەی دارایی و دەسەلاتی باوکەکەو پێویستیی دایکەکە . خۆ ئەگەر کارەکەیش زەحمەت بوو و نەتانتوانی ڕێککەون و ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە لەم بارەوە ، ئەوە ئافرەتێکیتر ئەبیٚ بە دایەنی منالەکەو شیری ئەداتیٚ .

لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا(٧)

با دەولەمەندو گوزەران خۆش پارە سەرف بکا بۆ ژنی شیر پیٚدەری منالەکەی بەئەندازەی دەولەمەندیی خۆی و ، ئەوەیش کە ڕزقی بەسراوە با بە ئەندازەی خۆی و بەگوێرەی ئەوەی خوا پیٚیداوە مەسرەف بکا . خوا بار ناخاتە سەر شانی کەس بەگوێرەی توان و تاقەتی ئەوکەسە نەبیٚ . خوا لەپاش تەنگی گوشادی دێنیٚ .

وَكَأَيِّن مِّنْ قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَاهَا عَذَابًا نُّكْرًا(٨)

زۆر ئاوایی هەبوون سەرکێشییان کرد لە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا . ئێمەیش بە لێپرسینەوەیەکی سەخت لێمان

پرسییەوەو بە سزایەکی نابار سزامان دا .

فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا(٩)

سەرەنجام ئەودێهاتە سزای کافریی خۆیان چەشت‌و پاشینەی کاریان زیان‌و دۆڕان بوو .

أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فَاتَّقُواْ اللَّهَ يَاأُولِي الأَلْبَابِ الَّذِينَ آمَنُواْ قَدْ أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا(١٠)

ئەوانە خوا سزایەکی سەختی بۆ ئامادە کردوون ، کەواتە ئێوە ئەی هۆشمەندەکان کە ئیمانتان هێناوە ، لە خوای خۆتان بترسن ، بەڕاستی خوا کەسێکی ناردووەتە سەر ئێوە کە خواتان وەبیردێنێتەوە .

رَّسُولاً يَتْلُواْ عَلَيْكُمْ آيَاتِ اللَّهِ مُبَيِّنَاتٍ لِّيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا قَدْ أَحْسَنَ اللَّهُ لَهُ رِزْقًا(١١)

کە بریتییە لە پێغەمبەرێ ئایەتی ڕێ‌ڕوونکەرەوەتان بەسەرا ئەخوێنێتەوە بۆئەوەی خاوەن باوەڕو ئیمان هاوردووەکان کە چاکەیان کردووە لە دنیادا ، لە تاریکییەوە بخاتە ڕووناکی‌و ، هەرکەسیش باوەڕی بە خوا ببێ‌و کاری چاك بکا خوا ئەیخاتە بەهەشتێکی ئەوتۆ کە جۆگەو ڕووباری بە بنا ئەڕواو هەمیشە تیا ئەمێننەوە . بەڕاستی خوا بژێوییەکی باشی بەمانە بەخشیوە .

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ

الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا(١٢)

خوا ئەو خوایە حەوت ئاسمانی دروست کردووەو زەویشی ئەوەندەی ئەو ئاسمانانە دروست کردووەو فەرمانی ئەو لەنێوان ئەم ئاسمان و زەوییانەدا ئەڕوا تا بزانن خوا بەسەر هەمو شتێکا توانایەو زانستی ئەو دەوری هەموو شتێکی داوە .

سوورەتی (ألتحريم)
مەدینەییەو ، (١٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(١)

ئەی پێغەمبەر ! تۆ بۆچی شتێ لە خۆت حەرام ئەکەی کە خوا بۆی حەلاڵ کردووی ؟ ڕەزامەندیی ژنەکانتت لەم کارەدا ئەوێ . ئێستایش کە ئەوەت کردووە خوا بەخشندەو بەڕەحمە .

قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ(٢)

بەڕاستی خوا کردنەوەی گرێی سوێندەکانتانی بۆ بڕیار داون بە دانی کەفارەت لە بەرانبەری ئەو سوێنانەداو ، خوا گەورەی ئێوەیەو خوا زاناو خاوەن حیکمەتە .

وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ(٣)

کاتی کە پێغەمبەر قسەیەکی بە پەنامەکی بۆ یەکێ لە حەرەمەکانی گێڕایەوە ، جا کە ئەو حەرەمەی پێغەمبەر قسەکەی پێغەمبەری کە بۆ ئەوی کردبوو - گێڕایەوە بۆ کەسانێکی ترو خوایش پێغەمبەری ئاگادارکرد کەوا ئەو حەرەمەی قسەکەی ئەوی

کـــە بە پەنامەکی بۆی گێڕابووەوە ، بــۆ کـەسانێکی‌تر گێڕاوەتەوەو ، پێغەمبەریش هەندێ لەو قسە گێڕراوانەی دیسانەوە بۆ حەرەمەکەی گێڕایەوەو هەندێکیانی بــۆ نەگێڕایەوە ، حەرەمەکەی پێــی‌وت : کــێ خـــەبـــەری دایتێ مـــن قسەکانتم گـــێڕاوەتەوە کــە بۆت کردبووم ؟ پێغەمبــەریش وتی : خــوا ئاگاداری کـــردم کە هەموو شتێ ئەزانێ‌و لە هەموو شتێ خەبەرداره .

إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِـــحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْـــدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ (٤)

جا لەسەر ئەم ڕووداوە کە سەرەتاکەی وابووە پێغەمبەر شتێکی بــۆ حەفصەی حەرەمی گێڕاوەتەوەو ئەویش چووبوو بـــۆ عائیشەی گێڕابووەوە ، خوا ڕووی قسە ئەکاتە ئەو دوو حـــەرەمەی پێغەمبـــەرو پێیان ئەفەرموێ : ئەگەر ئێوە پەشیمان ئەبنەوە لەوەی کــردووتانەو تۆبە ئەکەن لای خوا ، ئەوە چاکەو سوودی هەیە بۆتان چونکە دڵتان لایداوە لە حەق‌و کارێکتان کردووە کە پێویستی‌بە تۆبەلی‌کردن بێ. خۆ ئەگەر پشتی یەکیش ئەگرن لــەدژی پێغەمبەر ، ئــەوە ئەو هــیچ زیانێکی پـــێ ناگاو ، خوا دۆستی ئەوەو جوبرەئـــیل‌و باشـــانی نـاو خاوەن بـاوەڕەکان‌و ، لەمـــانەیش بــەولاوە فریشـــتەکانی خـــوایش پشتیوانینی .

عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُـــنَّ أَنْ يُبْدِلَـــهُ أَزْوَاجًا خَيْـــرًا مِنْكُـــنَّ مُسْلِمَـــاتٍ مُؤْمِنَـــاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَـــاتٍ عَـــابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ

وَأَبْكَارًا(٥)

زۆر نزیکە ئەگەر پێغەمبەر دەسبەرداری ئێوە ببیٚو تەلاٚقتان بدا ، خوا لەجیاتیی ئێوە ژنی لە ئێوە چاکتری بداتیٚ ، ژنانی موسوڵمانی خاوەن باوەڕی نوێژو تاعەت کەری تۆبە لەگوناەکەری خواپەرستی ڕۆژووگر لە بێوەژن و لە کچ .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قُواْ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلاَئِكَةٌ غِلاَظٌ شِدَادٌ لاَّ يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ(٦)

ئەی ئەوانەی کە خاوەن باوەڕن ! خۆتان و ژن و منداڵتان لە ئاگریٚ بپارێزن کە سووتەمەنییەکەی ئادەمیزادو بەردەو فریشتەی زبرو توندو تووڕەی بەسەرەوەیە ، خوا هەر فەرمانێکیان بداتیٚ بیٚفەرمانیی ناکەن و هەرچییان ئەمر پیٚ بکریٚ ئەیکەن .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُواْ لاَ تَعْتَذِرُواْ الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٧)

ئەی کەسانیٚ کە کافر بوون! ئەمرۆ عوزرو بڕوبیانوو مەهێننەوە. جەزاتان هەر لەسەر ئەو کردەوانەتان ئەدرێتەوە کە کردووتانن .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ تُوبُواْ إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يَوْمَ لاَ يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٨)

ئــەی کەسانیٚ کە ئیمانتان هیٚناوە ! بگــەڕیٚنەوە بۆلای خــواو تۆبەیەکی خاویٚن‌و بیٚــگەرد بکەن ، بــەلٚکو خوای خۆتان لــە کردەوە خراپەکانتان ببووریٚ‌و بتانخاتە بەهەشتی‌واوە کــە جۆگەو ئــاوی بە بنا ئەڕوا ، لەوڕۆژەدا کە خوا پیٚغــەمبەرو خــاوەن باوەڕەکانی تەکی ڕسوا ناکــاو ، حــالٚیــان وایــە ڕووناکیــیان لــە بەردەمــیان‌و لای ڕاستیــانەوە ئــەڕواو ئــەلٚیٚن : خـــوایە ئەم ڕووناکییەمان بۆ تــەواو بکەو تا هەین ببیٚ‌و لیٚمان خۆش بە تۆ توانی هەموو شتیٚکت هەیە .

يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّـــارَ وَالْمُنَافِقِيـــنَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِـــمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ(٩)

ئــەی پیٚغەمبەر ! غەزای کافرەکان‌و دووڕووەکان بکەو توند بە لەگەلٚیان . ماوای ئەوان دۆزەخەو دۆزەخ ماوایەکی خراپە .

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَــمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلاَ النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ(١٠)

خــوا نموونەی هیٚنــاوەتەوە بۆ ئەوانەی کافر بوون ، ژنــەکەی نووح‌و ژنەکەی لووطی کردووە بە نموونە . ئــەم دوو ئافرەتە لەژیٚر نیکاحی دوو بەنــدەی پــیاوچاکی ئیٚــمەدا بوون کەچی خیــانەتیان لەگەلٚ کردن ، بەناو لەســەر ئایینی میٚردەکانیان بوون‌و لەڕاستــیدا لەگەلٚ کافرەکانی دوژمــنی میٚــردەکانیان بوون ، بۆیــە میٚردەکانیان نەیانتوانیٚ هیــچ سوودیٚکیان لە ڕاستی خوادا بگەیەننیٚ‌و ، پیٚــیان وترا : بچنە ناو ئاگری دۆزەخ لەگەلٚ ئەو کافرانەی تیٚی‌ئەچن .

وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ(١١)

خوا نموونەیشی هێناوەتەوە بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە ، ژنەکەی فیرعەونی کردووە بە نموونە ، ئەوەبوو وتی : خوایا خانوویەکم لای خۆت لە بەهەشتا بۆ بینا بکەو ، لە فیرعەون و کارو کردەوەی فیرعەون و لە خێڵی ستەمکارانم ڕزگار بکە .

وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ(١٢)

هەروا مەریەمی کچی عیمرانیش کە فەرجی خۆی پاراستو ئێمەیش لە ڕێگای فریشتەی خۆمانەوە ـ فوومان پیاکردو ئەویش باوەڕی بە وشەکانی خوا کرد کە عیسا لەنێوان ڕانەکانیەوە ـ ڕانەکانی دایکی ـ پێی وت بە خەڵکیان بڵێو ، بەو کتێبانەی کە خوا ناردبوونیە خوارەوە بۆسەر پێغەمبەران و ، لە خواپەرستان بوو .

جوزئی بیستونۆهەم

سوورەتی (الملك)

مەككەیی یەو ، (٣٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(١)

زۆر گەورەو پایەدارو پڕبەرەكەتە ئەو خوایەی فەرمانداریی جیهان هەمووی بە دەستی ئەوەو توانی هەموو شتێكی هەیە .

الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ(٢)

ئەو خوایەی مردنو ژیانی دروست كردووە بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە كام لە ئێوە گوفتارو ڕەفتاری لە هیی خەڵكیتر جوانترەو ، هەر خوایە خاوەن عیززەتو گوناهبەخش .

الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَّا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ(٣)

ئەو خوایەی حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین دروست كردووە . لە دروست كراوی خوادا فەرقو جیاوازی نابینی . جارێكیتریش چاو بگێڕە ، بزانە هیچ كەلێنو كەلەبەرێ لە كاری خوادا ئەبینی ؟

ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ(٤)

پاشانیش دوو جاریتر چاو بگێڕەوە ، چاوت بە نائومێدی ئەگەڕێتەوە بۆ لات چونكە هیچ كەلێنو كەلەبەرێكی لە كاری خوادا

بەدی‌نەکردووەو ، لە ڕوانینی بەملاو بەولادا ماندوو بووە .

وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ(٥)

بەڕاستی ئێمە ئاسمانی لە ئاسمانەکانی‌تر لە زەوییەوە نزیکمان بە کۆمەڵێ چرا ڕازاندووەتەوە کە ئەستێرەکان و مانگ و ڕۆژن و ئەو ئەستێرانەمان کردووە بەهۆی ڕەجم کردن و دوورخستنەوەی شەیتانەکان و ئاگری دۆزەخیشمان ئامادەکردووە بۆیان.

وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ(٦)

بۆ هەموو ئەوانەیش کە کافر بوون و ئینکاری خوای خۆیانیان کردووە سزای دۆزەخ هەیەو ، سزای دۆزەخیش سەرەنجامێکی زۆر خراپە .

إِذَا أُلْقُوا فِيهَا سَمِعُوا لَهَا شَهِيقًا وَهِيَ تَفُورُ(٧)

کە فڕێ ئەدرێنە ناو دۆزخەوە دەنگێکی ناهەمواری وەك دەنگی زەڕەی کەری لێوە ئەبیسن و وەك مەنجەڵ پێیانەوە ئەکوڵێ .

تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ(٨)

ئەو ئاگری دۆزەخە وەختە لە ڕقانا لەو کافرانەی تێی فڕێئەدرێن ، پارچە پارچە ببێ.هەرچەند تیپێ لەو کافرانەی تێ فڕێئەدرێ دەرگاوانەکانی لێیان ئەپرسن : ئەوە پێغەمبەرێکتان نەهاتە سەر لەم ڕۆژەتان بترسێنێ ؟

قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ

إِنْ أَنْتُمْ إِلاَّ فِي ضَلاَلٍ كَبِيرٍ (٩)

ئەوانیش ئەڵێن : بەڵێ وەڵڵا . بەڕاستی پێغەمبەرمان هاتەسەرو لەم ڕۆژەی ترساندین ، بەڵام ئێمە باوەڕمان پێ نەکردو بە درۆزنمان داناو وتمان : حاشا خوا هیچ ئایەتێکی نەناردووەتە خوار . ئێوە ، ئەی ئەوانەی خۆتان بە فروستادەی خوا دائەنێن ، لە گومڕاهییەکی گەورەدان.

وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ (١٠)

ئەیشڵێن : ئەگەر ئێمە گوێچکەمان ببوایە بۆ بیستنی قسەی پێغەمبەران یا هۆش و فاممان بوایە بیرمان بکردایەتەوە ، ئێستا لە ئەهلی دۆزەخ نەئەبووین .

فَاعْتَرَفُوا بِذَنْبِهِمْ فَسُحْقًا لِأَصْحَابِ السَّعِيرِ (١١)

بەم جۆرە پێ لە تاوانی خۆیان ئەنێن ، دەسا با خوا ئەهلی دۆزەخ لە ڕەحمەتی خۆی دوورخاتەوە .

إِنَّ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالْغَيْبِ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ (١٢)

بێگومان ئەوانەی لە پەنامەکییا لە خوای خۆیان ئەترسن گوناه بەخشراون و پاداشێکی گەورەیان بۆ هەیە .

وَأَسِرُّوا قَوْلَكُمْ أَوِ اجْهَرُوا بِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (١٣)

قسەی خۆتان بەنهێنی بکەن یا بە ئاشکرای بکەن ، چۆنی ئەکەن بیکەن ، هەمووی لای خوایە کە خوا ئاگای لە هەرچی هەیە لە دڵی خەڵکا بێ .

أَلاَ يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ(١٤)

ئایا کەسێ ئەم خەڵکەی دروست کردبێ ، بە خەیاڵاتی دڵیان نازانێ ، کە زانستیشی ئەگاتە هەموو دەرو ناوو نهێنیو ئاشکرای ئەم خەڵکە ؟

هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ(١٥)

خوا ئەو خوایە زەویی ڕامکردووە بۆتان ، دە بڕۆن بگەڕێن بە هەموو لایەکیاو لەو ڕزقو ڕۆزییە بخۆن کە خوا دروستیکردووەو ، سەرەنجامیش کە پاش مردن زیندوو ئەکرێنەوە بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە.

أَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ(١٦)

ئایا ئێوە ئەمێنن لەو خوایەی هێزو قودرەتی لە ئاسمانایە ، ئەرزتان پێوە ڕۆبەرێو لەپڕ بکەوێتە لەرزەو بخولێتەوە ؟

أَمْ أَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ(١٧)

یاخود ئایا ئێوە ئەمینن لەو خوایەی کە هێزو قودرەتی لە ئاسمانایە بەرد بەسەرتانا ببارێنێ ، جا ئەو کاتە ئەزانن هەڕەشەو ترساندنی من چۆن بوو ؟

وَلَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ(١٨)

بەڕاستی کافرەکانی پێش ئەوانیش پێغەمبەرانی خۆیانیان بە

درۆزن داناو باوەڕیان پێ نەکردن ، دەی ناڕەزاییی من لەوان چۆن بوو ؟

أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلاَّ الرَّحْمَنُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ(١٩)

ئایا ئەمانە سەیری پەلەوەریان نەکردووە بە ڕاسەریانەوە کە ڕیز ئەبەستن بە ئاسمانا و باڵەکانیان لە بەیەکادان ئەگرنەوەو ڕائەوەستن کەس ڕاگیریان ناکا لەوکاتەدا نەکەونە خوارەوە تەنها خوا نەبێ ؟ خوا بەڕاستی چاوی لە هەموو شتێکەوەیە .

أَمَّنْ هَذَا الَّذِي هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ الرَّحْمَنِ إِنِ الْكَافِرُونَ إِلاَّ فِي غُرُورٍ(٢٠)

یان ئەمە کێیە کە لەشکری ئێوەیەو بێڕەزامەندیی خوا یارمەتیتان ئەدا ؟ کافرەکان لە هیچ حاڵێکا نین لە حاڵی لەخۆباییبوونا نەبێ .

أَمَّنْ هَذَا الَّذِي يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُ بَل لَّجُّوا فِي عُتُوٍّ وَنُفُورٍ(٢١)

یان ئەمە کێیە ئەگەر خوا ڕزق و ڕۆزیی خۆی لێ گرتنەوە ، ڕزق و ڕۆزیتان ئەداتێ ؟ بەلاّم ئەم کافرانە بە کەللەڕەقی و لەحەق لادانا ڕۆچوون.

أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَى وَجْهِهِ أَهْدَى أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٢٢)

ئایا کەسێ لەپەوڕوو بڕوا بەڕێدا شارەزاتری ڕێیە ، یان ئەوەی

کە قنج قنج بە ڕێیەکی ڕاستا بڕوا ؟

قُلْ هُوَ الَّذِي أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ(٢٣)

تۆ ئەی پێغەمبەر ! بڵێ : خوا ئەو خوایە کە دروستی کردوون و گوێ و چاوو دڵی بۆ دروست کردوون ، بەڵام ئێوە زۆر کەم سوپاسی نیعمەتی خوا ئەکەن .

قُلْ هُوَ الَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي الْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ(٢٤)

تۆ ئەی پێغەمبەر ! بڵێ : خوا ئەو خوایە لە زەویدا دروستیکردوون و بۆ لای ئەویش کۆئەکرێنەوە .

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(٢٥)

ئەو کافرانە ئەڵێن : ئەو گفتەی ئێوە ئەیدەن ، ئەگەر ڕاست ئەکەن ، کەی ئەبێ و کەی دێتەدی ؟

قُلْ إِنَّمَا الْعِلْمُ عِندَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٢٦)

تۆیش ، ئەی پێغەمبەر، لە وەڵاما پێیان بڵێ: زانینی ئەمە تەنها لای خوایەو منیش لە مرۆیەك بەولاوە نیم کە هاتووم خەڵك لە عەزابی خوا بترسێنم و دین و ئایینیان بۆ ڕوون کەمەوە .

فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيئَتْ وُجُوهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَقِيلَ هَذَا الَّذِي كُنتُمْ بِهِ تَدَّعُونَ(٢٧)

جا کاتێ ئەو سزا وەعدەپێدراوەیان بینی لێیانەوە نزیك بوو ، ڕووی ئەو کافرانە ناشیرین بوو و خەم و پەژارە دایگرتن و پێیان وترا : ئەمەی ئەیبینن ئەو شتەیە داواتان ئەکردو پەلەپەلتان بوو بۆ

هاتنی .

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِيَ اللَّهُ وَمَن مَّعِيَ أَوْ رَحِمَنَا فَمَنْ يُجِيرُ الْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ(٢٨)

تۆ پێیان بڵێ : خەبەرم بدەنێ ئەگەر بێتو خوا منو هەموو ئەوانەی لەگەڵمن لەناومان بەرێ یان ڕەحممان پێبکاو ڕزگارمان بکا ، ئەی کێیە کافرەکان ڕزگار بکا لە سزایەکی پڕ ئێشو ئازار ؟

قُلْ هُوَ الرَّحْمَنُ آمَنَّا بِهِ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٢٩)

تۆ پێیان بڵێ : ئەوەی ڕەحممان پێ ئەکاو ڕزگارمان ئەکا خودای میهرەبانەو ، ئێمە ئیمانمان پێ هێناوەو پشتمان پێ بەستووەو لەمەولایش ئێوە ئەزانن کێ لە گومڕاهییەکی ئاشکرادایە !

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ غَوْرًا فَمَنْ يَأْتِيكُمْ بِمَاءٍ مَّعِينٍ(٣٠)

تۆ بڵێ : خەبەرم پێ بدەن ئەگەر ئاوەکانتان بە زەویدا ڕۆچوون ، کێیە ئاوێکی سافو خاوێنتان بۆ بهێنێ ؟

سوورەتی (ألقلم)
مەککەیی‌یە لە ئایەتی ١٧وە نەبێ تا دوایی ئایەتی ٣٣و ، لە ئایەتی ٤٨ەوە نەبێ تا دوایی ئایەتی ٥٠و، (٥٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

نٓ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ(١)

پیتی (ن) . سوێند بێ بە قەڵەم و بەوەیش کە قەڵەمەکان یا خاوەن قەڵەمەکان ئەینووسن .

مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ(٢)

تۆ کە خوا نیعمەتی پێغەمبەریی پێ بەخشیوی ، شێت نیت . (ئەمە شتە سوێند لەسەر خوراوەکەیە) .

وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ(٣)

بەڕاستییش تۆ پاداشێکی هەرگیز نەبڕاوەت بۆ هەیە .

وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ(٤)

بەڕاستییش تۆ خوو و ڕەوشتێکی زۆر گەورەیشت هەیە .

فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ(٥)

جا لەمەولا تۆیش ئەبینی‌و خەڵکیش ئەبینن .

بِأَيِّيكُمُ الْمَفْتُونُ(٦)

کام لاتان شێتن ئێوە یا ئەوان ؟

إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ

بِالْمُهْتَدِينَ(٧)

بێگومان خوای تۆ زاناترە بەوکەسەی کە ڕێی خۆی ونکردووەو هەر ئەویش زاناترە کەوا هیدایەت دراوان‌و ڕێدەرکردووان کێن .

فَلاَ تُطِعِ الْمُكَذِّبِينَ(٨)

کــەواتە هەرگیز بەگوێی ئەوانە مــەکە کــە باوەڕ بە خــواو بە پێغەمبــەرایەتــیی تــۆ ناکەن‌و بە درۆزنــت دائەنێــن لە ئیــددیعای پێغەمبەرایەتیدا .

وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ(٩)

حەزئەکەن تۆ نەرمییان لەگــەڵ بنوێنــی تــا ئەوانیش نەرمیــت لەگەڵ بنوێنن .

وَلاَ تُطِعْ كُلَّ حَلاَّفٍ مَّهِينٍ(١٠)

هەرگیز بەگوێی هیچ فرەسوێندخۆرێکی پەست مەکە .

هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ(١١)

کــە عــەیب لــە خــەڵك ئــەگــرێ‌و قسە دێنێ‌و قسە ئــەبا و فیتنە ئەنێتەوە لەناو خەڵکا .

مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ(١٢)

کــە ڕێ لە چاکە ئەگــرێ‌و دەسدرێــژی ئەکاتە ســەر خــەڵك‌و تاوانبارە .

عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ(١٣)

کــە ڕوو درژو بەدخــووەو ســـەرەڕای هــەموو ئەمەیــش زۆڵ‌و حەرامزادەیە.

أَنْ كَانَ ذَا مَالٍ وبَنِينَ(١٤)

بۆیەیش ئــەم گشتە سیفەتە بەدانــەی هەیە چونــکە دارایی و کوڕگەلی هەیە .

إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ(١٥)

کە ئایەتی ئێمەی بەســـەرا ئەخوێنرێتــەوە ئەڵێ : ئەفســانەی پێشینانە.

سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ(١٦)

لەمـــەوپاش سەری لووتی داخ ئەکـــەین و نیشانەیـەکی لەسەر دائەنێین لە هەموو لایێ بەو نیشانەدا بناسرێتەوە .

إِنَّا بَلَوْنَاهُمْ كَمَا بَلَوْنَا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ(١٧)

ئێمــە کافرانی مەککەمان تاقــیکردەوە وەك کــۆمەڵە خـــاوەن باخەکەمان تاقیکردەوە کە ئەوەبوو سوێندیان خوارد سبــەینێ زوو ئەیچنن و بەرەکـەی لـێئەکـەنەوە تـا فەقیرو هـەژار پـێ نـەزانن و بێن داوایان لـێ بکەن چەردەیەکیان لـێ بدەنێ .

وَلَا يَسْتَثْنُونَ(١٨)

نایشڵــێن : مەگەر خـــوا مەیلــی لـێ نەبێ و (ان شاء الله)یش ناکەن .

فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ(١٩)

پاش ئەوە لەکاتێکا کە ئەوان نووستبوون بەڵایەکی ناباری وەك زوقمێکی بێئامان لە خواوە هات بەسەر باخەکەیانا.

فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ(٢٠)

وای لـی‌هات وەك هەموو بەرەكەی لـی‌ كرابێتەوە .

فَتَنَادَوا مُصْبِحِينَ(٢١)

كە كەوتنە سبەینی‌ بانگیان كردە یەكتر :

أَنِ اغْدُوا عَلَى حَرْثِكُمْ إِنْ كُنتُمْ صَارِمِينَ(٢٢)

هەستن برۆن بۆسـەر باخەكەتان ئەگەر ئەتـانەوی‌ بەرەكەی لـی‌ بكەنەوە.

فَانطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ(٢٣)

جا هەڵسان چوون بۆسەر باخەكەیان و لەناو خۆیانا بەپەنامەكی پرس و ڕاوێژیان ئەكرد .

أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ(٢٤)

ئەیانوت : دەسوبرد كەن با ئەمرۆ هیچ هەژاری‌ نەیی‌ بەسەرتانا . بۆ ناو باخەكە داواتان لـی‌ بكا بەشی بدەن.

وَغَدَوْا عَلَى حَرْدٍ قَادِرِينَ(٢٥)

كـە ڕۆیشتن بۆ سەر بـاخەكە وایان ئـەزانی‌ ئەتوانن نەهێـڵن هەژاران بێنە سەریـان داوایان لـی‌ بكـەن بەشیان لـی‌ بدەن ، كـەچی هەر ئەوەیان توانی بۆخۆیان نارەحەت بن .

فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوا إِنَّا لَضَالُّونَ(٢٦)

كە گەیشـتن و چاویان بە باخەكەیان كەوت میـوەی بـەدارەوە نـەمابوو هـەمـووی وەریبوو ، وتیـان : بـەڕاستـی ئێمـە ڕێمـان ون كردووە ، ئەمە باخەكەی ئێمە نییە .

بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ(٢٧)

بەلاّم کە وردبوونەوەو زانییان باخەکە باخەکەی خۆیانە، وتیان: نەخەیر، ئێمە نائومێدو بێبەش بووین لە بەروبوومی باخەکەمان .

قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلاَ تُسَبِّحُونَ(٢٨)

برا ناونجییەکەیان وتی : پێم نەوتن بۆ (ان شاء الله) ناکەن و نالێن ئەگەر خوا مەیلی لەسەر بێ ئەڕۆین بەری باخەکەمان ئەڕنینەوە ؟

قَالُوا سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ(٢٩)

ئەوجا ئەوانیش بەجارێ وتیان : خاوێنیو بێگەردی هەر بۆ خوایە ، بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین (ان شاء الله)مان نەکرد .

فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَلاوَمُونَ(٣٠)

جا ڕوویان کردە یەك و کەوتنە لۆمەو سەرزەنشت کردنی یەکتر .

قَالُوا يَاوَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا طَاغِينَ(٣١)

وتیان : هاوار بۆ ئێمە . ئێمە غەڕرا بووبووین و توغیانمان کردبوو .

عَسَى رَبُّنَا أَنْ يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَا إِنَّا إِلَى رَبِّنَا رَاغِبُونَ(٣٢)

بەڵکو پەروەردگاری ئێمە ، لە بەرەکەتی تۆبەکردن و پەشیمان بوونەوەمانەوە ، لەجیاتیی ئەو باغە باغێکی چاکتر لەومان بداتێ . ئێمە بێگومان حەزمان لە ڕەزامەندیی خوایەو ئەگەڕێینەوە بۆ لای ئەوو داوای لێبووردنی لێ ئەکەین .

كَذَلِكَ الْعَذَابُ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ(٣٣)

سزای خوا لە دنیادا ئاوایە کە سزای خاوەنەکانی ئەو باخەمان داو ، بێگومان سزای ڕۆژی قیامەتیش گەورەترە ئەگەر ئادەمیزاد بیانزانییایە .

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ(٣٤)

بەڕاستی هەیە بۆ ئەوانەی خۆیان لە گوناه ئەپارێزن بەهەشتگەلی پڕ لە نازو نیعمەت .

أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ(٣٥)

بۆچی ئێمە موسوڵمانانی فەرمانبەردار وەك تاوانباران لێ‌ئەکەین‌و وەك ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ ئەکەین ؟

مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ(٣٦)

چیتان لێ قەوماوە ، ئێوە حوکمی وا چۆن ئەدەن‌و بە شتی‌وا چۆن باوەڕ ئەکەن؟

أَمْ لَكُمْ كِتَابٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ(٣٧)

یان ئێوە کتێبێکی ئاسمانیتان هەیە شتی‌وای تیا نووسرابێ‌و تیایای بخوێننەوە؟

إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ(٣٨)

هەیشە بۆ ئێوە لەو کتێبەدا هەر حوکم‌و بڕیارێ کە خۆتان هەڵیبژێرن‌و بە ئارەزووی خۆتان بێ .

أَمْ لَكُمْ أَيْمَانٌ عَلَيْنَا بَالِغَةٌ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ(٣٩)

یاخێر چەند عەهدو پەیمانێکی جەخت لەسەرکراوتان بەسەر ئێمەوە هەیە تا ڕۆژی قیـامەت ، کـەوا هەرچی بـڕیار بدەن بـۆتان هەبیٚو بێتەدی ؟

سَلْهُم أَيُّهُمْ بِذَلِكَ زَعِيمٌ(٤٠)

لـەو کـافرانە بپرسە : کێیـان کەفیـلو زامنی ئەوەیە کە ئێمە عەهدو پەیمانیوامان بۆ ئەوان لەئەستۆدایە ؟

أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ فَلْيَأْتُواْ بِشُرَكَائِهِمْ إِنْ كَانُواْ صَادِقِينَ(٤١)

یان چەند هاوبەشێکیان لەم ئیددیعایەیاندا هەیە ؟ ئەگەر ڕاست ئەکەن با هاوبەشەکانیان بێنن شایەتییان بۆ بدەن .

يَـوْمَ يُكْشَـفُ عَنْ سَـاقٍ وَيُدْعَـوْنَ إِلَى السُّجُـودِ فَلاَ يَسْتَطِيعُونَ(٤٢)

لــەو ڕۆژەدا کــە عالەم لــە مەینەتی ڕۆژی حەشــردانو لاق هەڵئەماڵرێو کــافرەکان بانگ ئەکـرێن بۆ سوجدە بــردن بۆ خــواو نـاتوانن سـوجدە بەرن (لاق هـەڵماڵین کینایەیە لـە ڕۆژی تـەنگانەو خۆئامادەکردن بۆ هەڵاتن).

خَاشِعَةً أَبْصَارُهُـمْ تَرْهَقُهُـمْ ذِلَّةٌ وَقَدْ كَانُواْ يُدْعَـوْنَ إِلَى السُّجُودِ وَهُمْ سَالِمُونَ(٤٣)

چاویان شۆڕەو زەلیلیو سووکی دایگرتوونو کاتێ کـە هێشتا لە دنیادا بوون بــانگ ئەکران بۆ ســوجدە بردن بۆ خــواو ساغ بوون ئەیانتوانی سوجدەبەرنو نەیانئەبرد .

فَذَرْنِي وَمَنْ يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْـثُ لا

يَعْلَمُونَ(٤٤)

دە لێمگەڕێ بۆ ئەوانەی ئەم قورئانە بەدرۆو دەست هەڵبەست دائەنێن ، لەمەوپاش نزیکیان ئەکەینەوە لە سزادران بە شێوەیێ کە خۆیان پێی نەزانن .

وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ(٤٥)

ماوەی تەمەنیشیان بۆ درێژە پێئەدەم با زۆرتر لە خۆیان بایی بن تیایا . بێگومان کاری من بۆ گرفتارکردنی دوژمن زۆر بەهێزو پتەوە .

أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ(٤٦)

یان تۆ داوای کرێیان لێ ئەکەیو ئەوان باری ئەو کرێیەیان لەسەر شان قورسەو پێیان نادرێ ؟

أَمْ عِندَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ(٤٧)

یان عیلمی غەیبیان هەیەو ئاگایان لەو شتانەیە کە کەسیتر ئاگای لێیان نییەو ، لە ڕووی ئەو شتە غەیبییانەوە کە پێیان ئەزانن چییان مەبەست بێ ئەینووسنەوە ؟

فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ(٤٨)

دە تۆ خۆت بگرەو سەبر بکە لە بەرانبەر فەرمانی خواداو وەك یۆنس پێغەمبەر مەبە کە نەهەنگ قووتیدابوو ، ئەوەبوو هاواری ئەکردە خواو پڕی دڵی بوو لە نارەحەتی .

لَّوْلَا أَن تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِ لَنُبِذَ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ

مَذْمُومٌ(٤٩)

ئەگەر لەوکـاتەدا نیعمەتی خوا نەیـگرتایەتەوە ، فڕێ ئەدرایە بیابانێکی چۆڵو ، گلەییش لەسەر خۆی بوو چونکە سەبرو ئۆقرەی لـێ بڕابوو .

فَاجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَجَعَلَهُ مِنَ الصَّالِحِينَ(٥٠)

جا خوا بە فەزڵو ڕەحمەتی خۆی هەڵیبژاردو کردی بە یەکێ لە پیاوە چاکەکان .

وَإِنْ يَكَادُ الَّذِيـنَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُـواْ الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ(٥١)

بـێگـومان زۆر نزیکە کـاتـێ کـە گـوێیان لە قـورئان خوێندنت ئەبـێ ، بـە بەچاوەوەکردنت هـەڵتبخلیسکێننو ، ئـەیشڵێن : ئـەم پیاوە بەڕاستـی شێتە ، واتـە بـە جـۆرێ بە دوژمنانە بـۆت ئەڕوانن بۆیان بکرێ هەر لەویادا ئەتفەوتێنن .

وَمَا هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ(٥٢)

کەچی ئەو قورئانەیش تەنها بیرخەرەوەیەکە بـۆ هەموو جیهان کە ڕێی چاکە بگرنەبەرو دەسبەرداری خراپە بن .

سوورەتی (ألحاقة)
مەككەییەو ، (٥٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَاقَّةُ(١)

ئەو كارەساتەی پێویستە بێتەدی ،

مَا الْحَاقَّةُ(٢)

چۆن كارەساتێكە ئەو كارەساتەی پێویستە بێتەدی !

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحَاقَّةُ(٣)

چی تۆی زانا كردووە تا بزانی ئەو كارەساتە چییە كە پێویستە بێتەدی !

كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌ بِالْقَارِعَةِ(٤)

خێڵی سەموودو خێڵی عاد باوەڕیان نەكرد بەو كارەساتەی هەموو جیهان ئەكوتێتەوە كە ڕۆژی قیامەتە .

فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُواْ بِالطَّاغِيَةِ(٥)

هەرچی خێڵی سەموود بوون بەهۆی نەفسی توغیان كردووی خۆیانەوە بەرباد كران كە ئەوەبوو چوار پەلی وشترەكەی صاڵحیان بڕییەوە ، یا بەهۆی بوومەلەرزەیەكەوە كە لەگەڵ نالەو نركەیەكی زۆر توندا ڕوویداو ماڵوێرانی كردن .

وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُواْ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ(٦)

هــەرچی خێڵــی عــادیش بــوون ، بــە بـایەکی سەختــی تــونــد فەوتێنران .

سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَى كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ(٧)

خودا حەوت شەوو هەشت ڕۆژ لەسەریەك ئەو بایــەی هەڵکرد بەســەریانا ، جا ئیــتر خەڵکــەکە وایــان لــیٚهات ئەتــدین هــەموو کەوتبوون ، ئەتوت : بنە دارخورمای قوڕۆڵو کرمێن .

فَهَلْ تَرَى لَهُم مِّنْ بَاقِيَةٍ(٨)

جا ئایا ئێستا هیچ پاشماوەیەکیان ئەبینی مابێتەوە ؟

وَجَاءَ فِرْعَوْنُ وَمَنْ قَبْلَهُ وَالْمُؤْتَفِكَاتُ بِالْخَاطِئَةِ(٩)

فیرعونو ئەوانەیش بەر لە فیرعەون بوونو دانیشتووانی دێهاتی موئتەفیکەی خێڵی لووطیش تاوانی ناشیرینیان کرد .

فَعَصَوْا رَسُولَ رَبِّهِمْ فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً(١٠)

بــیٚفەرمانیی پێغەمبەری خــوای خۆیانیان کــرد ، خوایش بــە گرتنێکی لەڕادەبەدەر توندو سەخت گرتنی.

إِنَّا لَمَّا طَغَى الْمَاءُ حَمَلْنَاكُمْ فِي الْجَارِيَةِ(١١)

کاتیٚ کــە ئاوی تــۆفان زیــادیکردو ســەری کرد ئێوەمان لــە کەشتیی ڕەوانا هەڵگرت (واتە باپیرە گەورانی ئێوەمان هەڵگرت) .

لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَا أُذُنٌ وَاعِيَةٌ(١٢)

تا ئەو کارەساتە بکەین بە یــادگار بۆ ئێــوەو تا گوێچکەیەکی پەندوەرگر تێیبگاو لەبەریبکا .

فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ نَفْخَةٌ وَاحِدَةٌ(١٣)

جا کاتێ کە یەك فوو پیاکردن فووکرا بە(صوور)دا .

وَحُمِلَتِ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةً وَاحِدَةً(١٤)

زەوی‌و شاخەکانیش لەجێی خۆیان هەڵگیران‌و بە یەك جار دران بەیەکدا ،

فَيَوْمَئِذٍ وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ(١٥)

لەوڕۆژەدا ئـەوەی ڕووئەدا ، ڕووئەداو ، ڕۆژی قیـامەت بەرپا ئەبێ .

وَانشَقَّتِ السَّمَاءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ(١٦)

ئاسمانیش لەت لـەت ئەبێ. ئاسمان لەوڕۆژەدا ئـەم ئاسمانەی ئێستا نییە ، ئاسمانێکی لاوازو بێهێزە .

وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ(١٧)

فریشتـەکانیش لـەوڕۆژەدا لـە سـووچەکانـی ئـاسمانـدان چاوەڕوانی فەرمانی خـودان‌و ، لەوڕۆژەدا هەشـت فریشتە عەرشی خـوا هەڵئـەگرن بەسـەر سەری ئـەو فریشتـانەی‌تـرەوە کە لـە سووچەکانی ئاسماندان .

يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَى مِنكُمْ خَافِيَةٌ(١٨)

لەو ڕۆژەدا ئێوە ، ئەی ئادەمیزادو پەرییان ، پیشـان ئەدرێن لە حزووری خوادا هیچ شتێکتان کە شارراوە بێ لەویا ناشارڕێتەوە .

فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيَهْ(١٩)

جـا ئەوەی کارنامەکەی بدرێــتە دەستی ڕاستی ، کارنامەکەی پیشانی خەڵك ئەداو ئەڵێ : فەرموون کارنامەکەم بخوێننەوە .

إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ(٢٠)

من ئەمزانی بە حیساب‌و کیــتابی خۆم ئەگەم‌و ، سوپــاس بۆ خوا وا پێی‌گەیشتم .

فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ(٢١)

ئەوکەسە لە ژیانێکی وادایە مرۆ ڕەزامەندە لێی .

فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ(٢٢)

لە بەهەشتێکی بەرزو بڵنددایە .

قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ(٢٣)

بەری درەختەکانی لە دەستی مرۆوە نزیکەو بەئاسانی بۆی لێ ئەکرێتەوە .

كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ(٢٤)

پێیان ئەوترێ : بخۆن‌و بخۆنەوە بەگەوارایی ، نۆشی گیانتان بێ ، بە پیرۆزیی ئەو کارە باشانەی لە ڕۆژانی ڕابووردوودا کردووتانن.

وَأَمَّا مَنْ أُوتِـــيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُــولُ يَالَيْتَنِي لَـــمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ(٢٥)

کەسێکیـــش کارنامەکەی بدرێتە دەستی چەپی ، ئەوە بەهۆی ئەنجام شەڕیی خۆیەوە ئەڵێ : خۆزگە کتێبی کارنامەکەم نـــەدرایەتە دەستم .

وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ(٢٦)

نەیشمزانییایە حیساب و کیتابم چییەو چۆنە .

يَالَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ(٢٧)

خۆزگە ئەو مـردنە کە مـردم مـردنێ بوایە وای بمـراندمایە هەرگیزاو هەرگیز زیندوو نەبوومایەتەوە .

مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ(٢٨)

هەرچی پارەو داراییم هەبوو دادی نەدام و سوودی نەبوو بۆم .

هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ(٢٩)

سامـان و دەسەلأتم بەسەر خەڵکا ، یا ئەو بەڵگانەی لە دنیـادا ئەمهێنانەوە بـۆ ئیسپات کـردنی ڕاو بۆچوونی خـۆم ، هەموویم لـە دەس چوو .

خُذُوهُ فَغُلُّوهُ(٣٠)

خوا بە دۆزەخەوانەکان ئەفەرموێ: بیگرن و کۆت و زنجیری کەن.

ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ(٣١)

پاشـان بیخەنە ئاگـرە سەختـەکەی دۆزەخـەوەو مەیخـەنە شوێنێکیتر.

ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ(٣٢)

ئەنجا بیپێچن بە زنجیرێکی حەفتا گەزییەوە .

إِنَّهُ كَانَ لاَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ(٣٣)

ئەم کابرا باوەڕی بە خوای مەزن نەبوو .

وَلاَ يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ(٣٤)

هانی خەڵکیشی نەئەدا نان بە فەقیرو هەژار بدەن .

فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ(٣٥)

جا بۆیە ئەمڕۆ هیچ دۆستو یاوەرێکی لێرەدا نییە .

وَلاَ طَعَامٌ إِلاَّ مِنْ غِسْلِينٍ(٣٦)

هیـــچ خۆراکێکـــیشی لە ئاوی دەسو ســـەرو لەش شـــۆری دۆزەخییەکان بەولاوە نادرێتێ .

لاَ يَأْكُلُهُ إِلاَّ الْخَاطِئُونَ(٣٧)

لە تاوانباران بەولاوە کەس ئەو خۆراکە ناخوا .

فَلاَ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ(٣٨)

من سوێند ناخۆم بەوەی ئەیبینن و ،

وَمَا لاَ تُبْصِرُونَ(٣٩)

بەوەی نایبینن .

إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ(٤٠)

ئەم قورئانە وتـــەی فروستادەیەکی بەقەدرە لای خوا لە زمانی ئەوەوە بە خەڵکی ئەگەیـەنێ (مەبەست پێغەمبەرە ، درورودی خـوای لـێ بێ) .

وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلاً مَّا تُؤْمِنُونَ(٤١)

ئەم قورئانە وتـــەی شاعیرێك نییە ، بەڵام ئێوە کەم جار وائەبێ ئیمان بێنن .

وَلاَ بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ(٤٢)

هەروا ئەم قورئانە وتەی کاهینێـکیش نییە ؛ ئێوە کەم وائەبـێ بیر بکەنەوە .

تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ(٤٣)

ئەم قـورئانە لە پەروەردگاری هەموو جیـهانەکانەوە هاتووەتە خوار.

وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ(٤٤)

ئەگەر ئەم پێغەمبەرە هەندێ قسەی بەدەممانەوە هەڵبەستایە ،

لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ(٤٥)

قۆڵی ڕاستیمان ئەگرت ،

ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ(٤٦)

ئەنجا ڕەگی دڵیشیمان ئەبڕی بە لێدانی گەردنی .

فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ(٤٧)

هیچ کامیش لە ئێوە ڕێی ئەو یا ئەم کارەمان لـێ ناگرێ .

وَإِنَّهُ لَتَذْكِرَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ(٤٨)

بەڕاستی ئـەم قورئانە بیرخەرەوەیە بۆ ئەوانەی خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ(٤٩)

ئێمە بەڕاستییش ئەزانـین لەنـــاو ئێوەدا کەسانـــێك هەن ئـــەم قورئانە بە درۆ دائەنێن و باوەڕی پێ ناکەن .

وَإِنَّهُ لَحَسْرَةٌ عَلَى الْكَافِرِينَ(٥٠)

بەڕاستییش ئەم قورئانە مایەی داخ و دەردەدڵە بۆ کافران کـــە لەو دنیا بە چاوی خۆیان ئەبیـــنن ئەوانەی باوەڕیان پێ کــردووە لە پاداشی باوەڕپێکردنەکەیا ئەچنە بەهەشت .

وَإِنَّهُ لَحَقُّ الْيَقِينِ(٥١)

بەڕاستییش قورئان ڕاستی ڕاستەقینەیە .

فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ(٥٢)

کـــەواتە ناوی خوای گەورەی خـــۆت بە پـــاك و بێگەرد ڕاگرەو (سبحان الله)ی بۆ بکە .

سوورەتی (ألمعارج)
مەککەییەو ، (٤٤) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَأَلَ سَائِلٌ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ(١)

دوعاکەرێ دوعای بۆ ڕوودانی سزایەك کرد کە ڕووئەداو دێتەدی.

لِّلْكَافِرِينَ لَيْسَ لَهُ دَافِعٌ(٢)

بۆ کافرەکـــان دێتـــەدیو، هیچ کـەســـێ نییە بــەری ڕوودانی بگرێ .

مِنَ اللَّهِ ذِي الْمَعَارِجِ(٣)

ئەو سزایەیش لە خواوە دێ کە خـــاوەنی چەند پایەو پلەیە لە ئاسمانو ژوور ئاسمانەکانا .

تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِيـــنَ أَلْفَ سَنَةٍ(٤)

فریشتەکانو جیبرەئیل سەرئەکەون بۆ لای ئەو، واتە بۆ شوێنێ کە ئەو بڕیاریداوە بۆیــان . ئەو سزایەیـــش لە ڕۆژێکا ڕووئــەدا کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە کە ڕۆژی قیامەتە .

فَاصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلاً(٥)

کەواتە پەلەت نەبێو سەبرێکی جوان بکە ، ئــەو دوعایــەی ئەو دوعاکەرە کردی سەرەنجام هەر دێتەدی .

إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيدًا(٦)

بێگومان ئەوان ئەو ڕۆژە بە دوور ئــەزانن کە ئەو ســزایەی تیا دێتەدیو ،

وَنَرَاهُ قَرِيبًا(٧)

ئێمەیش بە نزیکی ئەزانین .

يَوْمَ تَكُونُ السَّمَاءُ كَالْمُهْلِ(٨)

ڕۆژێکە کە ئاسمان وەك شتێکی بەئاستەم تواوەی لێ دێو ،

وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ(٩)

کێوەکانیش وەك خوریی شیکراوەی ڕەنگاوڕەنگیان لێ دێو ،

وَلَا يَسْأَلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا(١٠)

خزمیش لە خزمی ناپرسێتەوە .

يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ(١١)

ئەو خزمانە پیشانی یەکتر ئەدرێن ، تاوانبار لەو ڕۆژەدا ئاواتی ئەوە ئەخوازێ کوڕەکانی بکا بە قوربانی خۆی تا خۆی لە سزای ئەو ڕۆژە ڕزگاری ببێ .

وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ(١٢)

ژنەکەیشیو براکەیشی بکا بە قوربانی خۆی .

وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ(١٣)

خێڵەکەیشــی کە لە تــەنگانەدا داڵــدەی ئەدەن هــەروا بکا بە قوربانی خۆی .

وَمَنْ فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ(١٤)

هـــەرچییش لەسەر ڕووی زەوی هـــەیە هەمووی بکا بە قوربانی خۆی ، ئەنجا ئەم کەسوکارو خێڵو عـــەشرەت بەقـــوربانی خۆکردنە ڕزگاری بکا لە سزای دۆزەخ .

كَلاَّ إِنَّهَا لَظَىٰ(١٥)

نـــەخێر خوا نەکا ئەوە ڕزگـــاری بکا ، ئەو ئـــاگری دۆزەخـــە بڵێسەیەکە ،

نَزَّاعَةً لِّلشَّوَىٰ(١٦)

ئەندامەکانی لەشی مرۆ دائەماڵێ .

تَدْعُواْ مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّىٰ(١٧)

بانگ ئەکـــاتە ئەو کافرانەی پشتـــیان پێ هەڵکردو لایـــان داو شوێنی بانگەوازی ئیسلامەتی نەکەوتن‌و ،

وَجَمَعَ فَأَوْعَىٰ(١٨)

دارایـــی‌و پـــارەیان کـــۆکردەوەو خستـــیانە نـــاو توورەکـــەو هەڵیانگرت .

إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا(١٩)

ئادەمیزاد بە هەڵپەکەری بۆ کۆکردنەوەی پارە دروست کراوە .

إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا(٢٠)

کە زیانێکی تووش ببێ ئەکەوێتە هاوارو فریاد .

وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا(٢١)

کە خێروبێرێکیشی هاتەڕێ دەستی خۆی ئەگـــرێتەوەو بەشی کەسی لـێ نادا .

إِلاَّ الْمُصَلِّينَ(٢٢)

تەنها نوێژکەرەکان وا نین ،

الَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ دَائِمُونَ(٢٣)

ئەو نوێژکەرانەی کەوا بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیانو ،

وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ(٢٤)

ئەوکەسانەیش کە لە پارەو سامانو داراییياندا بەشێکی دیاریکراو هەیە

لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ(٢٥)

بۆ ئەو هەژارانەی سواڵ لە خەڵك ئەکەنو ئەو هەژارانەی کە سواڵ ناکەنو هیچیان دەسگیر نابێ .

وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ(٢٦)

هەروەها ئەوانەیش وا نین کە باوەڕیان بە ڕۆژی جەزادانەوەی چاکەو خراپە هەیە کە ڕۆژی قیامەتە .

وَالَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ(٢٧)

ئەوانەیش کە لە عەزابی خوای خۆیان ئەترسن .

إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ(٢٨)

بەڕاستی عەزابی خوای ئەوان کەس لێی ئەمین نابێ .

وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ(٢٩)

ئەوکەسانەیش کە عەورەتی خۆیان ئەپارێزن .

إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ(٣٠)

تەنها لە هاوجووت یا کەنیزەکی موڵکی دەستی خۆیان نەبێ ، ئەمانە سەرزەنشتیان ناکرێ چونکە هاوجووت و کەنیزەك حەڵاڵی خۆیانن .

فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ(٣١)

جا هەرکەس بە دوای لە هاوجووتو کەنیزەکی موڵکی خۆی بەولاوەدا گەڕا ، ئەوانە دەسدرێژیکەرن .

وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ(٣٢)

ئەوانەیش کە ئەمانەتی کەسێکیان لابێ یا پەیمانێکیان بە کەسێ دابێ پارێزگاریی ئەو ئەمانەتە یا ئەو پەیمانە ئەکەن .

وَالَّذِينَ هُمْ بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ(٣٣)

ئەوکەسانەیش کە شایەتییەکیان لابێ شایەتییەکە ئەدەنو نایشارنەوە .

وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ(٣٤)

ئەوکەسانەیش کە نوێژەکانیان ئەکەنو نایانفەوتێنن .

أُوْلَئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ(٣٥)

ئەوانە گشت لەناو بەهەشتانو حورمەتیان ئەگیرێ .

فَمَا لِ الَّذِينَ كَفَرُواْ قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ(٣٦)

دەی چییانە ئەو کافرانەی بەدەوروبەرتان بەپەلە بەرەوڕووت دێنو ملیان درێژ ئەکەن ؟

عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ(٣٧)

کۆمەڵ کۆمەڵ لای ڕاستو چەپتەوە بڵاوەیان لێ کردووە ؟

أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ أَنْ يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ(٣٨)

ئاخـــۆ هەریـــەکیٚ لەوانـــە بەتەمایە بخریٚتە بەهەشتی پـڕ نازو نیعمەتەوە ؟

كَلاَّ إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّمَّا يَعْلَمُونَ(٣٩)

نەخـــەیر ناخریٚتە بەهەشـت . ئیٚمە ئەوانمان دروست کـردووە بۆئەوەی خۆیان ئەیـــزانن کە خواپەرستـــیو خۆپیٚگەیاندنە بە کارو کردەوەی چاكو بیروباوەڕی بڵندو بالاّ ، جا کـە وا نـەکەن چۆن ئەبیٚ بە هیوای بەهەشت بن ؟

فَلاَ أُقْسِمُ بِرَبِّ الْمَشَارِقِ وَالْمَغَارِبِ إِنَّا لَقَادِرُونَ(٤٠)

من سویٚند ناخۆم بە پەروەردگاری خۆرهەلاّتو خۆرنشین ئیٚمە ئەتوانین

عَلَى أَنْ نُبَدِّلَ خَيْرًا مِّنْهُمْ وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ(٤١)

ئەمانە لەناوبەرینو لەبریتـــیی ئەمـــانە کەسانیٚ بهیٚـــنین لەمان چاکتر بنو رەوشتیان لەگەلٚ پیٚغەمبەر وەك ئەمان نەبیٚو ئیمـانی پیٚ بهیٚننو ، کەسیش ناتوانیٚ ڕیٚمان لـیٚبگریٚ ئەگەر بمانەویٚ وا بکەین.

فَذَرْهُمْ يَخُوضُــواْ وَيَلْعَبُــواْ حَتَّــى يُلاَقُــواْ يَوْمَهُمُ الَّــذِي يُوعَدُونَ(٤٢)

دە لیٚیان گەڕیٚ با هەر خەریـــکی قســـەی هیچوپووچو خەیاڵی بەتالٚ بنو یـــاریو گاڵتە بکەن تا تووشی ئەو ڕۆژە ئەبن کـــە گفتیان پیٚ دراوە .

يَوْمَ يَخْرُجُــونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ سِرَاعًا كَأَنَّهُــمْ إِلَى نُصُــبٍ

يُوفِضُونَ(٤٣)

ئەو ڕۆژەی کە بە هەڵەداوان لە گۆڕەکانیان ڕاست ئەبنـەوە وەك بڵێی پەلەی لای ئەو بتانەیانە کە بۆ پەرستن قنج کراونەتەوە .

خَاشِعَـــةً أَبْصَارُهُـــمْ تَرْهَقُهُـــمْ ذِلَّةٌ ذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ(٤٤)

چاویان شۆڕەو داماویو سووکی دایگرتوون . ئەوە ئەو ڕۆژەیە کاتی خۆی وەعدەیان ئەدراییٚ بە هاتنی .

سوورەتی (نوح)
مەککەیی یەو ، (٢٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١)

بەڕاستی ئێمە نووحمان ڕەوانەکرد بۆلای قەومەکەی‌و فەرمانمان دایێ کەوا قەومەکەت بترسێنە لە بێ‌فەرمانی کردنی خوا بەرلەوەی عەزابێکی پڕ ئێش‌و ئازاریان بۆ بێ .

قَالَ يَاقَوْمِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٢)

ئەویش چووە لایان‌و پێی‌وتن : ئەی قەومەکەم ! من بەڕاستی لەسزاترسێنێکی ڕێگای ئایین ڕوونکەرەوەم بۆ ئێوە .

أَنِ اعْبُدُواْ اللَّهَ وَاتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ(٣)

هاتووم پێتان ئەڵێم : خوا بپەرستن‌و لێی بترسن‌و فەرمانبەرداریم بکەن .

يَغْفِرْ لَكُم مِّنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرْكُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى إِنَّ أَجَلَ اللَّهِ إِذَا جَاءَ لَا يُؤَخَّرُ لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(٤)

کە ئەوەتان کرد خوا لە گوناهتان خۆش ئەبێ‌و لەناوچوونتان دوائەخا تا ئەو وادەیەی بۆتان دیاری کراوە . ئەگەر ئێوە بزانن ئەجەلی خوا کە هات دواناخرێ .

قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا(٥)

نووح وتی : خوایە ! من قەومەکەی خۆمم بە شەوو بە ڕۆژ بانگ کرد بۆ خواپەرستی ،

فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلاَّ فِرَارًا(٦)

بەڵام بانگ کردنەکەی من هەڵاتن نەبێ لە فەرمانبەرداریی خوا هیچی بۆ زیاد نەکردن .

وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُواْ أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَوْاْ ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّواْ وَاسْتَكْبَرُواْ اسْتِكْبَارًا(٧)

بەڕاستی منیش هەرچەند بانگم ئەکردن بۆئەوەی کارێك بکەن تۆ لێیان خۆش ببی ، پەنجەیان ئەخستە گوێچکەیان تا هیچ نەبیسن و جلەکانیان ئەدا بەخۆیاناو خۆیان پێ دائەپۆشی و سوور ئەبوون لەسەر کافریی پڕبەدڵ و خۆیان لەوە بە زلتر ئەزانی کە مل بۆ فەرمانبەرداریی خوا کەچ بکەن .

ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا(٨)

پاش ئەوەیش من بەئاشکرا بانگم کردن بۆ باوەڕکردن بە خوا.

ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا(٩)

پاش ئەوەیش بە جاڕدان بانگم کردن و بە نهێنییش هەر بانگم کردن ، واتە بە هەموو جۆرێ کە بە باشم زانیبێ بانگم کردوون ،

فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا(١٠)

پێم وتن : داوای لێخۆشبوون بکەن لە خوای خۆتان ، خوا زۆر گوناهبەخشە .

يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا(١١)

بارانی ئاسمانتان بە خوڕ بۆ ئەنێرێ .

وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا(١٢)

یارمەتیشیتان ئەدا بە ماڵو منداڵو ، باخو باخاتو جۆگەو ڕووبارتان بۆ دروست ئەکا .

مَا لَكُمْ لاَ تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا(١٣)

ئەوە دەردتان چییە ، بۆ قەدرو حورمەتی خوا ڕاناگرن کە بانگتان ئەکا بۆ باوەڕپێکردنی ؟

وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا(١٤)

کە خوایش ئێوەی دروست کردووەو بە چەند قۆناغیا تێپەڕاندوون : ئاوبوون لەمنداڵدانی دایکا بوون بە پارچە خوێنو پاشان بە پارچە گۆشتو ئێسقانیشی خستە لەشتانو کردنی بە منداڵێکی ڕێکوپێکو لە سکی دایکی دەرهێنان .

أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا(١٥)

نابینن چۆن خوا حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین دروست کردووەو ،

وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا(١٦)

مانگیشی لە ئاسمانەکانا کردووە بە مایەی ڕووناکی و خۆری کردووە بە چرای جیهان ئارا ؟

وَاللَّهُ أَنْبَتَكُم مِّنَ الأَرْضِ نَبَاتًا(١٧)

خوا ئێوەی سەوز کردووە لە زەویدا بە سەوزبوون .

ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا(١٨)

پاشان ئەتانخاتەوە زەوی و دووبـارە لەوێ دەرتان ئەکاتەوە بە دەرکردن .

وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ بِسَاطًا(١٩)

خوا زەویی بۆ کردوون بە ڕایەخ ،

لِتَسْلُكُواْ مِنْهَا سُبُلاً فِجَاجًا(٢٠)

بۆئـەوەی ڕێگەی پان و بەرینی لـێ بگـرنەبەر بـۆ پەیداکردنی بژێویی خۆتان .

قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُواْ مَن لَّـمْ يَزِدْهُ مَالُـهُ وَوَلَدُهُ إِلاَّ خَسَارًا(٢١)

نووح وتی : خوایە ! ئەم قەومە لە فەرمانم دەرچـوون و کەوتنە دوای کەسانێ کە ماڵ و منداڵیان لە زیان بەولاوەیان بۆ زیاد نەکردن ، واتە کەسانێ کە ماڵ و ئەولاد لەجیاتیی ئەوەی بۆیان ببن بە مایـەی سوپـاسی نیـعمەتی خـوا ، بوون بە مایەی لەخـۆبایی بوونیان کە ئەوانەیش گەورەو سەرەکەکانی قەومەکەی بوون .

وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا(٢٢)

کەوتیشنە دوای کەسانێ کـە فێـڵی گەورە گـەورەیان کرد بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەوان لە خوا بترسن و باوەڕیپێ بکەن .

وَقَالُوا لاَ تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلاَ تَذَرُنَّ وَدًّا وَلاَ سُوَاعًا وَلاَ يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا(٢٣)

وتیشیان پێیان : دەسـبەرداری بتەکانی خۆتان مەبن و واز لە

(ودّ)و (سوواع)و (یـەغووث)و (یـەعووق)و (نەسر) مـەهێنن ، (ئەمانە ناوی بتەکانیانن) .

وَقَدْ أَضَلُّواْ كَثِيرًا وَلاَ تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلاَّ ضَلاَلاً(٢٤)

ئەمـانە خەڵکـێکی زۆریان گـومڕا کردووە ، تویـّش خوایە لە گومڕایی بەولاوە هیچ بۆ ستەمکاران زیاد مەکە .

مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُواْ فَأُدْخِلُواْ نَارًا فَلَمْ يَجِدُواْ لَهُم مِّنْ دُونِ اللَّهِ أَنْصَارًا(٢٥)

جا ئەم قومی نـووحە بە هۆی تاوانـەکانیانەوە لە تـۆفانا نوقم کران و خنـکێنران و لـەوێـوە خـرانە نـاو ئـاگری دۆزەخـەوەو هیچ یارمەتیدەرێکـیان دەسگیر نەبوو لەناو ئەو بتانەدا کە ئەیانپەرستن و خوایان نەئەپەرست .

وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لاَ تَذَرْ عَلَى الأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا(٢٦)

نووحـیش لە خوا پـاڕایەوەو وتی : ئـەی پەروەردگاری من ! کەس لەم کافرانە بەسەر ڕووی زەوییەوە مەهێڵە .

إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّواْ عِبَادَكَ وَلاَ يَلِدُواْ إِلاَّ فَاجِرًا كَفَّارًا(٢٧)

تۆ ئـەگەر لێیان گەڕێی و بیانهێڵیتەوە هەموو بەندەکانت گومڕا ئەکەن و لە کافری لەحەق لادەر بەولاوە کەس بەوەڵەد ناهێنن .

رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَلاَ تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلاَّ تَبَارًا(٢٨)

ئەی پەروەردگاری من ! لە گوناهی خۆم و باوک و دایکم خـۆش

ببــەو، لە هەرکەس خۆش ببە کە بە خاوەن باوەڕی هاتبێتە ماڵمو ، لە هەموو پیاوانو ژنانی خاوەن باوەڕ خۆش ببەو ، ستەمــکارانیش لە بەربادیو بەفەناچوون بەولاوە هیچیان بۆ زیاد مەکە .

سوورەتی (ألجن)
مەککەیی‌یەو ، (٢٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُواْ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا(١)

تۆ ، ئەی موحەممەد ! بڵێ : من وەحیم لەلایەن خواوە بۆ کراوە کەوا تاقمێ لە پەرییان (جنۆکە) گوێیان لە قورئان خوێندنم گرتبوو . کە گەڕابوونەوە بۆ ناو پەرییەکانی‌تر پێیان وتبوون : ئێمە گوێمان لە قورئانێکی عەجایب و سەیر بوو .

يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا(٢)

ڕێگا بە خەڵك پیشان ئەدا بۆ خواناسین ، ئێمەیش ئیمانمان پێ‌هێناو باوەڕمان پێ کردو ئێمە هەرگیز کەس بە هاوبەش بۆ پەروەردگاری خۆمان دانانێین .

وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلَا وَلَدًا(٣)

وەحییشم بۆ کراوە کەوا پەرییەکان لەناو خۆیانا ئەیانوت : بەڕاستی زۆر بەرزە پایەی خوای ئێمە ، نە ژنی ڕاگرتووە بۆ خۆی‌و نە منالێ .

وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطًا(٤)

هەروەها ئەیشیانوت : نەفامەکەی ئێمە ـ کە مەبەست لێی شەیتانە ـ قسەی بێ‌سەروبەری دەربارەی خوا ئەکرد وەك ئەوە کە گوایە خوا ژن‌و منالێ هەیە .

وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّنْ تَقُولَ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا(٥)

ئەیشیانوت : ئێمە گومانمان وابوو نە ئادەمیزادو نە پەری درۆ لەسەر خـــوا هەڵنابەستن ، کەچی دەرکەوت وا نییەو زۆر ئادەمیزادو پەری هەن درۆ لەسەر خوا هەڵئەبەستن .

وَأَنَّهُ كَـــانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنـــسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِـــنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا(٦)

ئەیشیانوت : چەند پیاوێك لە ئادەمیزاد پەنــایان ئەگرت بە چـــەند پیـــاوێ لە سەرکـــردەکانی پەرییـــان کە لـــە شەڕو ئافـــەتی پەرییەکانی ژێردەستیانیان بپارێزن ، کەچـــی ئەم ئادەمیزادانە ، بەم پەناگرتنەیان بـــە پەرییان ، ئەو پەرییـــانەیان زیاتـــر گومڕا کرد کـــە بەڕاستی خۆیان بە شتێکیوا بزانن شایانی پەناپیگرتن بن .

وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّنْ يَبْعَثَ اللَّهُ أَحَدًا(٧)

ئەیشیانـــوت : ئادەمیزادەکان گومانیان وابوو ، وەك ئێـــوە ئەی پەرییەکان ، کەوا خوا کەس پاش مردن زیندوو ناکاتەوە .

وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا(٨)

ئەیشیانوت : ئێـــمە ویستمان ئاسمــــان تاقیبکەیـــنەوە کەچی دیمان پڕکـــراوە لە پاسەوانی سەختگـــیرو بەهێز لەو گـــڕ ـ ئەستێرە فەزاسمانەی ڕاوی پەرییانی بۆ گوێگرتن هاتوو ئەکەن .

وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَنْ يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا(٩)

ئەیشیانوت:ئێمە جاران لە چەند شوێنێکی ئاسمانا دائەنیشتین

بۆ گوێگرتن تـا بزانین فریشتەکان باسی چیئەکەن ، بـەڵام ئێستا هەرکەس گوێ بگرێ گڕ ـ ئەستێرەی فەزاسم خۆی بۆ مڵاس داوە.

وَأَنَّا لاَ نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَنْ فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا(١٠)

ئەیشیانوت : ئێمە نازانین خوا بەم پاسەوانو گڕ ـ ئەستێرە فەزاسم دانانە لەسەر ئاسمان ، نیـازی خراپی لەگەڵ ئەهـلی زەوی بووە یا چاکەی بۆ ویستوون .

وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَلِكَ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا(١١)

ئەیشیانوت : ئێمەیش پەریی خێرخـواو بێئازاریشمان تیایەو هییوایشمان تیایە لەمانە ئایەخـترنو چاکەیان بۆ کـەس ناوێو ، ئێمە ڕێگاو شێوەی جیاجیامان گرتبوەبەر بۆ خۆمان .

وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّـن نُّعجِـزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ ولَـن نُّعْجِـزَهُ هَرَبًا(١٢)

ئەیشیانوت : ئێمە زانیـویشمانە کەوا لە هەر شوێنێکی زەوییا بین ناتوانین کارێ بکەین خوا دەستـی پێمان نەگاو نایشتـوانین بە هەڵاتن بێدەسەڵاتی بکەین بەسەر خۆمانا .

وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَى آمَنَّا بِهِ فَمَنْ يُؤْمِنْ بِرَبِّهِ فَلاَ يَخَافُ بَخْسًا وَلاَ رَهَقًا(١٣)

ئەیشیانوت : ئێمە کە گوێمان لە قورئان بوو ، ئیمانمان پێهێنا. هەرکەسیش ئیمان بە خوای خۆی بهێنێ با تـرسـی ئەوەی نەبێ کە زیانی تووش ئەبێ یا زەلیلیو ناڕەحەتیی دێتەڕێ .

وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُوْلَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا(١٤)

هەروەها ئەیشیانوت : ئێمە ئێستا موسوڵمانیشمان تیایەو لە ئیسلامەتی لاداویشمان تیایە ، جا ئەوانەی کە موسوڵمان بوون بەدوای ڕزگاریو بەختەوەرییا گەڕاون .

وَأَمَّا الْقَاسِطُونَ فَكَانُوا لِجَهَنَّمَ حَطَبًا(١٥)

هەرچی لە ئیسلامەتی لاداوەکانیشن ، سووتەمەنیی ئاگری دۆزەخن .

وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاءً غَدَقًا(١٦)

ئەیشیانوت : ئەم لە ئیسلامەتی لاداوانەیش ، لە ئادەمیزادو لە پەری ، ئەگەر لەسەر ڕێی ڕاستی ئیسلامەتی بڕۆیشتنایە ئاوێکی زۆرمان ئەدانیّو نەمانئەهیشت کشتوکاڵو باخو باخاتو مەڕو ماڵاتیان تینوویان ببیّ .

لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا(١٧)

بۆ ئەوەی تاقییان بکەینەوە لەو ڕاستیو خواپەرستییەیانا ئاخۆ سوپاسی نیعمەتی خوا ئەکەن یا نەو ، هەرکەسیش ملپێچی لە یادی خواو ناوهێنانی بکا خوا ئەیخاتە ئازارێکی سەختو نابار .

وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا(١٨)

وەحییش کراوە بۆم کەوا مزگەوت هەر بۆ خواپەرستی دروست کراوە ، دەی لە مزگەوتا ناوی کەس وەك هاوبەشی خوا مەهێننو

عیبادەتی مەکەن .

وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُواْ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا(١٩)

لەوکاتەیشا کە بەندەی خوا کە پێغەمبەرە هەستابوو نوێژی ئەکردو عیبادەتی خوای ئەکرد ، ئەو پەرییانە کەڵەکەیان کردبوو بەدەوریا وەخت بوو پێیەوە بنووسێن .

قُلْ إِنَّمَا أَدْعُواْ رَبِّي وَلاَ أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا(٢٠)

تۆیش ، ئەی موحەممەد ، بڵێ : من تەنها لە خوای خۆم ئەپاڕێمەوەو عیبادەتی تەنها ئەو ئەکەمو کەس ناکەم بە هاوبەشی .

قُلْ إِنِّي لاَ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلاَ رَشَدًا(٢١)

تۆ بیشڵێ : من دەسەڵاتی هیچ قازانج پێگەیاندنو زیان لێدانێکم بۆتان نییە .

قُلْ إِنِّي لَنْ يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِنْ دُونِهِ مُلْتَحَدًا(٢٢)

تۆ بیشڵێ : کەس پەنام نادا لە عەزابی خواو لە خوا بەولاوە هیچ پەنایێ گومان نابەم بۆ خۆم .

إِلاَّ بَلاَغًا مِّنَ اللَّهِ وَرِسَالاَتِهِ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا(٢٣)

تەنها ئەوەیشم پێ ئەکرێ خوا چیم پێ ڕابگەیەنێو چ پەیامێکم بە وەحی بۆ بنێرێ بیگەیەنم بە خەڵکو ، هەرکەسیش سەرکێشی لە خواو پێغەمبەری خوا بکا ، ئەوە ئاگری جەهەنمی بۆ ئامادە کراوە بۆ هەمیشە تیا ئەمێننەوە .

حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا(٢٤)

جا لەو کافرانە گەڕێ تا کاتێ ئەوەی وەعدەیان پێدراوە بە چاوی خۆیان ئەیبینن ، ئەوکاتە ئەزانن کێ لە هەمووکەسێ تەنهاو بێیارمەتیدەرترو ژمارەی خەڵکی دەوروبەری کەمترە ، واتە پێغەمبەر یا کافرە ناحەزەکانی .

قُلْ إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ مَّا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُ رَبِّي أَمَدًا(٢٥)

تۆ بڵێ : من نازانم ئەوەی وەعدەتان پێدراوە کە ڕۆژی قیامەتە، نزیکەو بەم نزیکانە ئەبێ ، یان خوای من ماوەیەکی بۆ بڕیار ئەدا .

عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا(٢٦)

خوا هەموو شتێکی نهێنی ئەزانێو کەس لە نهێنیی خۆی ئاگادار ناکا . مەبەست لە(نهێنی) لێرەدا ڕۆژی قیامەتە .

إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا(٢٧)

تەنها فروستادەیێ نەبێ کە خوا خۆی لێی ڕازی بێو هەڵیبژاردبێ بۆ زانینی ڕازو نهێنی . ئەو فروستادەیە خوا لە بەردەمیەوەو لەپشتیەوە چەند فریشتەیێ ئەنێرێ بن بە نیگابان بۆی ، نەهێڵن پەرییان ئاگادار بن لەو نهێنییانەی خوا ئەوی لێیان ئاگادار کردووە . مەبەست لە (فروستادە)یش پێغەمبەرە .

لِيَعْلَمَ أَنْ قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالَاتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَى كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا(٢٨)

تـا عیلــمی خوا تەعەللــوق بەوەوە ببــەستیٚ کەوا ئەو خەڵکە پەیامی خــوایان پــیٚگەیێنراوەو خــوا ئیحاطــەی تــەواوی داوە بــە هەرچی مەعلووماتیٚ لای ئەو پێغەمبەرانە هەیەو هــەموو شتێکی بـە ژمارە ڕاگرتووە .

سوورەتی (المزمل)
مەککەیی‌یە ئایەتی ١٠و١١و٢٠ی نەبێ‌و ،
(٢٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ(١)

ئەی کەسێ کەوا خۆت بە جلەکانتەوە پێچاوەتەوە .

قُمِ اللَّيْلَ إِلاَّ قَلِيلاً(٢)

شەو هەموو هەستە بۆ شەونوێژ کەمێکی نەبێ .

نِصْفَهُ أَوِ انْقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً(٣)

نیوەی یا کەمێکی لێ داشکێنە . واتە نیوەی شەو یا کەمێك لە نێوەی شەو کەمتر شەونوێژ بکە .

أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً(٤)

یا کەمێ لە نیوەکەی زیاد بکە بۆ شەونوێژو ،قورئانیش بخوێنە بەئارام بەجۆرێ کە حەرفەکانی قورئان دیار بن‌و گوێگر تێیان بگا .

إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً(٥)

بێگومان ئێمە لەمەوپاش وتەیەکی قورس ئەخەینە ئەستۆی تۆ کە وەرگرتن‌و ڕاگرتن‌و ڕاگەیاندن‌و ڕەفتار پێکردنی ئەرکێکی قورسە .

إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْئًا وَأَقْوَمُ قِيلاً(٦)

بێگومان نوێژێ بە شەو بکرێ گرانترە لە نوێژێ بە ڕۆژ بکرێ چونکە نوێژکەر لە خەو هەڵدەستێ بۆی‌و لەڕووی وتنی ئایەت‌و

دوعاكانیشیەوە ڕاستترە چونكـە دنیـا كش‌وماتەو هیچ شتـێ نییە سەر لە نوێژكەر بشێوێنێ .

إِنَّ لَكَ فِي النَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلاً(٧)

بێگومان بە ڕۆژ هاتوچوویەكی درێژو خەریك‌بوونێكی زۆرت بە كاروباری ژیـانەوە هەیە ، لەبـەرئەوە لە ڕۆژا لە نوێـژە فەرزەكان‌و سوننەتەكانی بەرودوایان بەولاوەت بۆ ناكرێ وەك لە شەوا كە دەس بەتاڵ ئەبیت .

وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلاً(٨)

ناوی خـوای خۆت بهێـنەو بە دابڕان بـۆی دابڕێ لە هـەموو شتێكی‌تر .

رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً(٩)

خـودا خودای ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژاوایەو لـەو بەولاوە خوایەك نییە بەڕاستی عیبادەتی بۆ بكـرێ ، دەی هەموو كـاروبارێكی خۆت بەو بسپێرە .

وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلاً(١٠)

خۆت بگرە بۆ گوێ‌لێ‌بوونی وتەی نابەجێی ئەو كافرانەو لێیان دووركـەوەرەوە بە لـێ‌دووركـەوتنەوەیەكی جـوان واتە وەڵامیـان مەدەرەوەو گوێیان مەدەرێ .

وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً(١١)

لێـم گـەڕێ بۆ ئەو كـافرە خاوەن سامـان‌و دارایـیانە كـە پێغەمبەرایەتیی تۆ بـە درۆ ئەزانـن‌و ئینكاری ئـەكەن‌و بـە نـان‌و

نیعمەتەکەیان ئەنازن وکـەمێك مـۆڵەتیان بـدە بـزانە سەرنجام بـە چ دەردێکیان ئەبەم .

إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالاً وَجَحِيمًا(١٢)

ئێمە کۆتو زنجیری قورس و دۆزەخمان لایە .

وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا(١٣)

خۆراکی وامان لایە ئەگیرێتە گەروو و پیا ناچێتە خوارو ، سزای پڕ ئێش و ئازارمان لایە .

يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ وَكَانَتِ الْجِبَالُ كَثِيبًا مَّهِيلاً(١٤)

ڕۆژێ کـە زەوی دێتە لەرزەو تەکان دانو چیاکانیش تۆزو لمی بلاوبووەوەن ، کە ئەو ڕۆژەیش ڕۆژی قیامەتە .

إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولاً(١٥)

بێگومان ئێمە پێغەمبەرێکمان بـۆ ناردوون کە شایەتە لەسەر بیروباوەڕو گوفتارو ڕەفتارتان ، وەك چۆن کاتی خۆی پێغەمبەرێکمان ناردە سەر فیرعەون .

فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلاً(١٦)

فیرعـەونیش لە فروستادەکە عاسی بوو ، ئێمەیش بە گرتنێکی سەخت گرتمان .

فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا(١٧)

دەیسا ئێوەیش ، ئەگەر ڕێگای کـافری هەڵبژێرن بـۆ خۆتان ، چۆن خۆتان ئەپارێزن لە ڕۆژێ کە منالْ پیر ئەکا کە ڕۆژی قیامەتە ؟

السَّمَاءُ مُنْفَطِرٌ بِهِ كَانَ وَعْدُهُ مَفْعُولاً(١٨)

ئاسمان بەهۆی سەختیی ئەوڕۆژەوە لەت ئەبێ . وەعدەیێ کە خوا دابێتی جێبەجێ ئەکرێ .

إِنَّ هَذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَنْ شَاءَ اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلاً(١٩)

بێگومان ئەمەی بۆم باس کردن بیرخەرەوەیەکە بۆتان . جا هەرکەسێ بییەوێ ئامۆژگاری وەرگرێ ، ڕێگایەك ئەگرێتەبەر نزیك ببێتەوە پێی لە خوای خۆی کە ڕێگای لەخواترسان و فەرمانبەرداری کردنیەتی .

إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِنْ ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّنْ تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ عَلِمَ أَنْ سَيَكُونُ مِنْكُم مَّرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَاقْرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَأَقْرِضُواْ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنْفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا وَاسْتَغْفِرُواْ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(٢٠)

بێگومان خوای تۆ ئەزانێ کە تۆ نزیکەی دووسێیەکی شەوو جارجار نیوەی شەوو جارجار سێیەکی شەو بەپێوەی بۆ شەونوێژو کۆمەڵێکیش لە موسوڵمانانی هاوڕێت لەمەدا لەگەڵتن و شەو هەڵئەستنەوە بۆ شەونوێژ . خوا خۆیشی ئەندازەی شەوو ڕۆژ

ڕائەگریۆ ئەزانێ ئێوە بۆتان ناژمێرری چەند سەعات شەونوێژتان کردووە ، لەبەر ئەوە لێتان خۆش بوو کە هەرچەندتان شەونوێژ پێ بکرێ هەر ئەوەندە بکەن ، چەندتان پێکرا قورئان بخوێنن ئەوە بەسە . خوا ئەزانێ لەمەولا ئێوە لێتان نەخۆش ئەکەویۆ ، هیی‌تری‌واتان تیا ئەبێ بە زەویدا ئەگەڕێن کاسبی ئەکەن‌و داوای ڕزق‌و ڕۆزی لە خوا ئەکەن‌و ، هیی‌تری‌وایشتان تیا ئەبێ لە غەزادا ئەبن‌و شەڕ ئەکەن لە ڕێی خوادا . لەبەرئەوە چەندتان پێ کرا قورئان بخوێنن‌و نوێژەکانتان بکەن‌و زەکاتی ماڵتان بدەن‌و قەرز بدەن بە خوا بە قەرزدانێکی جوان واتە خێرو خێرات بکەن کە بە دڵ پێتان خۆش بێ‌و ، هەرچییش پێشی‌بخەن بۆ خۆتان‌و بەر لە مردنتان بیکەن بە خێرو حەسەنات لای خوا ئەیبیننەوە بە چاکترو زیاتر لەوەی کردووتانەو بەخشیوتانەو ، داوای لێبووردنیش لە خوای خۆتان بکەن خوا گوناهبەخش‌و بەڕەحم‌و میهرەبانە .

سوورەتی (المدثر)
مەککەیییەو ، (٥٦) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ(١)

ئەی کەسێ کە خۆت بە بەرگی ناومالْ پێچاوەتەوە .

قُمْ فَأَنذِرْ(٢)

هەستە خەڵك لە عەزابی خوا بترسێنە .

وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ(٣)

خوای خۆیشت بە گەورە بگرە .

وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ(٤)

جلوبەرگیشت لە پیسیو چڵکنی پاك کەرەوەو خاوێنی ڕاگرە.

وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ(٥)

دوور بە لە هەرچی ببێ بە مایەی سزای خوا .

وَلاَ تَمْنُنْ تَسْتَكْثِرُ(٦)

شت مەبەخشەو لەگەڵیدا منەت بنێیتە سەر ئـەو کەسەی پێت بەخشیوە و بەخشراوەکەت بە زۆر بزانی .

وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ(٧)

لەپێناوی ڕەزامەندیی خوای خۆتدا خۆت لـەسەر ئازارو سزای دوژمن ڕاگرە .

نازانیٚ خوا چاوی لێیه که ناهێڵیٚ بەندە نوێژکەرەکە نوێژەکەی بکا ؟

كَلاَّ لَئِن لَّمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ(١٥)

دەی سا با واز لەم کارە بەدەی بهێنیٚ . ئەگەر دەسبەرداری ئەم ڕێگرتن لە نوێژکردنی پێغەمبەرە نەبیٚ ، بە مووی پێشەسەری ڕایئەکێشین و تووڕی ئەدەینە ناو ئاگری دۆزەخ .

نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ(١٦)

ئەو پێشەسەرە درۆزنە تاوانبارەی ، واتە ئەو پێشەسەرەی کە پێشەسەری کابرایەکی درۆزنی تاوانبارە .

فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ(١٧)

جا با ئەوکاتە دانیشتووانی کۆڕەکەی خۆی بانگکا یارمەتیی بدەن .

سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ(١٨)

ئێمەیش کلیلەوانەکانی دۆزەخ بانگ ئەکەین بە قژی پێشەسەری بەکێشیکەن .

كَلاَّ لاَ تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ(١٩)

لێگەڕیٚ لەم ڕەوشتی بەدەت ئەی کابرای کافرو، تۆیش ، ئەی موحەممەد ، هەرگیز بەگوێی مەکەو سوجدە بەرە بۆ خوای خۆت و لێی نزیك بەرەوە .

سوورەتی (ألقدر)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ(١)

بەڕاستــی ئێمە قورئانمان لەو شەوەدا ناردووەتە خوارەوە بــۆ پێغەمبەر کە ناوی (لیـلە القــدر)ە . مەبەست لــەم ناردنە خوارەوە دەست پێــکردنی نـاردنە خوارەوەیەتی ، ئەگـینا ناردنە خـوارەوەی هەمووی ٢٣ ساڵی خایاندووە .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ(٢)

تۆ چوزانی (لیلة القدر) چییەو چ پایەیەکی هەیە ؟

لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ(٣)

(لیـلة القدر) لە هەزار مانگ چاترە یاخود خـواپەرستی لــەم شەوەدا خێری لە خواپەرستنی هەزار مانگ زیاترە .

تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ(٤)

فریشتەکانی خێرو ڕەحمەت‌و جیبریلی ئەمین لەم شەوەدا دێنە خوارەوە بۆ ڕێکخستنی هەر کاروبارێ لەو ساڵەدا ئەبێ بکرێ .

سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ(٥)

ئەو شەوە شەوی سەلامەتییەو خوا لــەوشەوەدا تــا بەرەبەیان ئەو بڕیارانە ئەدا کە مایەی ســەلامەتین‌و لــە شەوەکـانی‌ترا سەلامەتییش‌و دەردو بەڵایش بڕیار ئەدرێن .

سوورەتی (ألبينة)
خیلافی تیایە مەككەییە یا مەدینەییەو ،
(٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْـرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ(١)

كافرەكان لە ئەهلی كیتابو لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان لەوانە نەبوون واز لە ئایینی خۆیان بێنن‌و لێی جیاببنەوەو دەسبەردار ببن لێی ، تا شاهیدێكی بەحەق‌و دەلیلێكی ڕاستیان دێتەسەر .

رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُواْ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً(٢)

ئەو شاهیدی بەحەق‌و دەلیلی ڕاستەیش پێغەمبەرێكە خوا ناردبێتی چەند لاپەڕەیەكی خاوێن لە هەموو كەموكورتی‌و ناتەواوییەك بخوێنێتەوە .

فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ(٣)

لەو لاپەڕانەدا چەند نووسراوێكی ڕاست‌و حەق گۆ هەبن .

وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ(٤)

جیایی نەكەوتە نێوان ئەوانەی كتێبیان لە خواوە پێدرابوو، كە جوولەكەو گاورن ، پاش ئەوە نەبێ كە بەڵگەی ڕاستیان بۆ هات

کـــە قـــورئانە. واتە ئەو کافرانە پێش هاتنی پێغەمبەر درودی خوای لـێ بـێ ئەیانوت : ئێمە هەر لـەسەر ئایـــینی خـــۆمان ئەمێنینەوەو یەکپارچـــە بوون ، تـــا پێغەمـــبەری وەعدەپێدراومـــان بۆ دێ کـــە پێغەمبەرێکیوا بـێ قورئانمان بەسەرا بخوێنێتەوە . کـــەچی کە ئەو پێغەمبەرە هات ، لـــە جیاتیی ئـــەوەی باوەڕی پـێبکـــەنو ئیمـــانی پێبهێنن ناکۆکییان کەوتە نێوانو کەمێکیان ئـیمانـیان هێناو بەشی زۆریان لەسەر ئایـــینی پـــێشووی خـــۆیان مانەوەو هـــەندێکیشیان دوودڵ بوون .

وَمَـــا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَـــهُ الدِّينَ حُـــنَفَاء وَيُقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُواْ الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ(٥)

کەچی فەرمانیان نەدرابوویە بەوە نەبێ کە خواپەرستی بـکەنو ئایینی خۆیان بە خاوێنیو سافیو بێگەردی جێبەجێ بکـــەنو لـــە ئایینی بەتاڵ لابدەن بۆ ئایینی ڕاستو نوێژەکانیان بکـــەنو زەکـــات بدەنو ئایینی میللەتی ڕاستیش ئەمەیە .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْـــلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِـــي نَـــارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُوْلَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ(٦)

بێگومان ئەوانەی کافر بوون لە جوولەکەو گـاورو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لە ئاگری دۆزەخدانو هەمیشە تیا ئەمێننەوەو ئەوانە خراپترین مەخلووقاتی خوان .

إِنَّ الَّـــذِينَ آمَنُواْ وَعَـــمِلُواْ الـــصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ هُـــمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ(٧)

فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ(٨)

جا کاتێ کە فوو کرا بە صووردا ،

فَذَلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ(٩)

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەختو ئەرك گرانە .

عَلَى الْكَافِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ(١٠)

بۆ کافران ئاسان نییە .

ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا(١١)

لێمگەڕێ بە تەنها خۆم بۆ ئەو کابرایەی خۆم دروستم کردووە.

وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُودًا(١٢)

سامانێکی زۆرو زەبەندەیشم داوەتێ .

وَبَنِينَ شُهُودًا(١٣)

چەندین کوڕیشم داوەتێ کە هەمیشە لەگەڵینی .

وَمَهَّدْتُ لَهُ تَمْهِيدًا(١٤)

کاروباریــــشم بە باشــــی بۆ ڕێکــــخستــــووەو شــــانو شــــکۆو سەرەکایەتیم بۆ ڕەخساندووە .

ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ(١٥)

پاش ئەوەیش بەتەمایە بۆی زیاتر بکەم .

كَلاَّ إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا(١٦)

نەخێر، با بەتەمای زیاتر نەبێ ، چونکە بەرانبەر بە ئایەتەکانی ئێمە کەللەڕەقو نەملچە .

سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا(١٧)

لەمـــەولا کەندو کۆسپیی‌وای دێنـمەڕێ زۆر بەمــەینەت بەسەریا سەرکەوێ .

إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ(١٨)

ئەو بـیری کردەوەو لە دڵــی خۆیا دایـــنا بەرانبەر بە قــورئان چی بڵێ ؟

فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ(١٩)

یاخوا بە کوشت چێ ! چۆنی لە دڵی خۆیا بڕیار دا بەرانبەر بە قورئان چی بڵێ ؟

ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ(٢٠)

ئەمجاریش هەر یاخـــوا بە کوشت چێ ! چۆنــی لە دڵی خــۆیا بڕیار دا بەرانبەر بە قورئان چی بڵێ ؟

ثُمَّ نَظَرَ(٢١)

جا تەماشای کرد .

ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ(٢٢)

ئەنجا ڕووی گرژ کردو چارەی ترش کرد .

ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ(٢٣)

ئەنجا پشتی لەوە هەڵکرد کە شوێنی پێغەمبەر بکەوێ‌و خۆی لە موسوڵمانان بە زلتر زانی‌و فیزی کرد بەسەریانا .

فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ(٢٤)

جا وتی : ئەم قورئانە لە جـادوویەکی گێڕراوە بەولاوە نییە کە ئەگێڕرێتەوەو کەسانێ فێری ئەبن .

إِنْ هَذَا إِلاَّ قَوْلُ الْبَشَرِ(٢٥)

ئەم قورئانە لە قسەی ئادەمیزاد بەولاوە نییە .

سَأُصْلِيهِ سَقَرَ(٢٦)

لەمەولا ئەیهاوێمە سەقەرەوە .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ(٢٧)

تۆ چوزانی سەقەر چییە ؟

لاَ تُبْقِي وَلاَ تَذَرُ(٢٨)

هەرچیی تێ فڕێبدرێ لێی ناگەڕێو بەجێی ناهێڵێ ، ئەیبرژێنێ .

لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ(٢٩)

توێژی سەرووی پێستی ئەوانە ڕەش هەڵئەگەڕێنێ کە فڕێئەدرێنە ناوی .

عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ(٣٠)

نۆزدە فریشتە یا نۆزدە تاقم فریشتەی بەسەرەوەیە .

وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلاَّ مَلاَئِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلاَّ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُواْ إِيمَانًا وَلاَ يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلاً كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلاَّ هُوَ وَمَا هِيَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْبَشَرِ(٣١)

فریشتە نەبێ نەمانکردووە بە کاربەدەستی ئاگری سەقەرو ،

ژمارەی ئەم سەقەرەوانانەمان بۆیە کردووە بە نۆزدە تا ببیٚ بە مایەی تووشبوونی کافران کە ئەم نـۆزدە کەسە یا ئەم نۆزدە تـاقمە بە کەم ئەزانن : چـۆن شتیوا عـەقل ئەیبڕیٚ نۆزدە کـەس یـا نۆزدە تـاقم کاروباری سزادانی ملیـۆنەها دۆزەخـی بەڕیٚوەبەرن‌و ، تـا ئەهلـی کیتـاب لەجوولەکەو گاور یەقین پەیدا بکـەن بـە پیٚغەمبەرایەتیی پیٚغەمبـەر چونکە لە تەورات‌و ئینجیلیشا هەروا باسی سەقەر کراوە کـە نـۆزدە کەس یا نۆزدە تاقمی بەسـەرەوەیەو ، ئـەوانەیش کە ئیمـانیان هیٚناوە بە پیٚـغەمبەر ئیـمانیان زۆرتـر ببیٚ کـە ئەبینن ئەهلی کیتـابیش باوەڕ بە ڕاستیی ئەم قسەیە ئەکەن‌و ، جوولەکەو گـاورو مـوسوڵمانـان هیچ گومانیان لـەم مەسەلەیەدا نـەبیٚ‌و، بۆئەوەیش کەوا ئـەوانەی بـاوەڕیـان دانـەمـەزراوەو دوودڵـن‌و کافرەکانیش بڵیٚن : خـوا مەبەستی لەم نـۆزدە کەسە یا نۆزدە تاقمە چیـیەو ، نۆزدە چ خاسیەتیٚـکی تیایە ؟ خوا هـەرکەس گـومڕا بکا ئـا وای گومڕا ئەکا ئەم جۆرە قسانە بکاو ، هیدایەتی هەرکـەسیش بدا وای هیدایەت ئەدا باوەڕی بە هەرچی هەبیٚ کە خوا بیفەرمویٚ‌و ، لـە خـوا خۆیشی بـەولاوە کـەس نازانیٚ لەشکـری خـوا کـیٚن‌و چەندن‌و ، ئەم سەقەرەو ئەم نـۆزدەیەتیی ژمارەی سەقەرەوانانە بـۆ ئەوە نەبیٚ کە ئادەمیزاد بیر لە خواو تـواناییی خـوا بکاتەوە ، بـۆ هیچی‌تر نییە .

كَلَّا وَالْقَمَرِ (٣٢)

نەخیٚر ، من سویٚند ئەخۆم بە مانگ .

وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ(٣٣)

سوێندیش ئەخۆم بە شەو کە پشت پیٚهەڵئەکاو ڕۆژ ئەبێتەوە.

وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ(٣٤)

سوێندیش ئەخۆم بە بەرەبەیان کە ڕۆشن ئەبێتەوە .

إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ(٣٥)

کەوا سەقەرو عەزابی سەقەر یەکێکە لە بەلاّ گەورەکان .

نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ(٣٦)

کە ئادەمیزادیان پیٚ ئەترسێنریٚ .

لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ(٣٧)

بۆ هەرکەس لە ئێوە کە بییەویٚ پێش بکەوی بە فەرمانبەرداریی خوا یا پاش بکەویٚ بە بیٚفەرمانی کردنی .

كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ(٣٨)

هەر کەسیٚ بگری لە گرەوی کرداری خۆیایەتی .

إِلاَّ أَصْحَابَ الْيَمِينِ(٣٩)

تەنها ئەوانە نەبیٚ کە دەفتەری کرداریان ئەدریٚ بە دەستی ڕاستیانەوە .

فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ(٤٠)

ئەوانە لە بەهەشتدان و،

عَنِ الْمُجْرِمِينَ(٤١)

لەوێوە لە تاوانباران ئەپرسن :

مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ(٤٢)

چی ئێوەی خستە ناو سەقەرەوە ؟

قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ(٤٣)

ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن : ئـەوە خستینیە سـەقەرەوە کەوا لە ڕیزی نوێژکەرانا نەبووین و ،

وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ(٤٤)

خۆراکمان نەئەدا بە هەژارو ،

وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ(٤٥)

لەگەڵ هەرزەگۆیانا بە بیروباوەڕی پـووچ و بێدینانەوە خەریك ئەبووین و ،

وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ(٤٦)

باوەڕمان بە ڕۆژی جەزادانەوە نەبوو .

حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ(٤٧)

تا شتە ڕاستەکە هات بۆمان کە مردنە .

فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ(٤٨)

ئیتر کە تا مردن کافـربوون و بەوجۆرە مردن ، تکای تکـاکاران سوودیان پێ ناگەیەنێ .

فَمَا لَهُمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ(٤٩)

دەی کە مادەم وایەو چارەنووسیان وائەبێ ،بۆچی ئێستا پشت لە هەر وەبیرهێنانەوەیەکی ڕۆژی قیامەت هەڵئەکەن ؟

كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ(٥٠)

ئەڵێی گوێدرێژی وەحشین ،

فَرَّتْ مِنْ قَسْوَرَةٍ(٥١)

که له شێر هەڵاتبن .

بَلْ يُرِيدُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ أَنْ يُؤْتَى صُحُفًا مُّنَشَّرَةً(٥٢)

بەڵکو هـەرکام لـەوان بگری ئەیـەوێ بەتەنها بۆ خۆی چەنـد لاپەڕەی نووسراوی بدرێتە دەست کە خوا بەتایبەتی بانگـیکا تیایا بۆ ئیسلام بوون .

كَلَّا بَل لَّا يَخَافُونَ الْآخِرَةَ(٥٣)

نەخێر ، بەڵکو ئەوەیش نییە ، ئەمانە هەر لەبنەڕەتەوە لە ڕۆژی قیامەت ناترسن .

كَلَّا إِنَّهُ تَذْكِرَةٌ(٥٤)

لـێگـەڕێن لەمانەی ئەمـانە . ئەم قـورئانە بیرخەرەوەی ڕۆژی جەزایە .

فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ(٥٥)

جا هەرکەس مەیلی لێیە با بیری ڕۆژی جەزا بکاتەوە .

وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّا أَنْ يَشَـاءَ اللَّهُ هُوَ أَهْـلُ التَّقْوَى وَأَهْـلُ الْمَغْفِرَةِ(٥٦)

بیریش ناکەنەوە تا خوا مەیلی لـێ ئەبێ . خـوا شایانی ئەوەیە بەندەکان خۆیان لە بێفەرمانی کـردنی بپارێزن‌و ، ئەویش شایانی ئەوەیە لە گوناهیان خۆش ببێ .

سوورەتی (ألقيامة)
مەککەیی‌یەو ، (٤٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

لاَ أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ(١)

سوێند ناخۆم ـ مەبەستی لەوەیە سوێند ئەخۆم ـ بە ڕۆژی قیامەت .

وَلاَ أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ(٢)

سوێندیش ناخۆم بەو نەفسەی هەست بە تاوانباریی خۆی ئەکاو لەبەرئەوە سەرزەنشت و لۆمەی خۆی ئەکا . لێرەیشا هەر مەبەستی ئەوەیە سوێند ئەخۆم . سوێند لەسەرخوراوەکە نەوتراوە ، واتە ڕۆژی قیامەت و مردووزیندووکردنەوە هەیە .

أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُ(٣)

ئایا ئادەمیزاد وا گومان ئەبا کەوا ئێسك و پرووسکەکانی کۆناکەینەوەو گۆشتی پێ ناپۆشین و گیانی ناکەینەوە بەبەرا ؟

بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ(٤)

نەخێر وانییە . ئێمە ئەتوانین سەرپەنجەکانیشی دروست کەینەوە کە سەرپەنجەی هیچ کەسێ وەك هیی هیچ کەسی‌تر نییە .

بَلْ يُرِيدُ الإِنْسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ(٥)

بەڵام ئادەمیزادی کافر ئەیەوێ لە دواڕۆژەکانی ژیانیشیا هەر لەسەر کافری و بێدینیی خۆی بەردەوام بێ .

يَسْأَلُ أَيَّانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ(٦)

ئەپرسیٚ : ڕۆژی قیامەت کەی ئەبیٚ ؟ چونکە بە درۆی ئەزانیٚو گاڵتەی پیٚ دیٚ .

فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ(٧)

کاتیٚ کە چاو ئەبلەقو سەرسام بوو لەترساناو ،

وَخَسَفَ الْقَمَرُ(٨)

مانگ ڕۆشنایی نەماو ،

وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ(٩)

ڕۆژو مانگ پیٚکەوە کۆکرانەوەو لە نەمانی ڕۆشنایی و لە هەڵاتنا لە ڕۆژاواوە وەك یەکیان لیٚ هات ،

يَقُولُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ(١٠)

ئادەمیزاد لەوڕۆژەدا تیٚئەگا مەسەلەکە ڕاستەو درۆ نییەو ئەڵیٚ : بۆ کویٚ ڕابکەم !

كَلَّا لَا وَزَرَ(١١)

نەوەڵڵا ، هیچ داڵدەو پەنایەك نییە ڕابکەی بۆ لای .

إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ(١٢)

ئارامو ئۆقرەگرتن لەوڕۆژەدا تەنها لای خوای پەروەردگاری خۆتە .

يُنَبَّأُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ(١٣)

ئادەمیزاد لەوڕۆژەدا خەبەردار ئەکریٚ لە ژیانیا چیی کردووەو چیی نەکردووە .

بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ(١٤)

بەڵکو ئادەمیزاد خۆی بەڵگەیە لەسەر خۆی کە چیی کـــردووەو چیی نەکردووە .

وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ(١٥)

با هەرچی بڕوبیانوویشی هەیە هەمووی بهێنێتەوە .

لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ(١٦)

لێرەوە ڕووی گفتوگۆ لە ئایەتەکـانا ئەکـرێتە پێغەمبەرو خـوا پێی ئەفەرموێ : ئـەی مـوحەممەد ! زمـانی خـۆت بـە قورئانەکەوە مەجووڵێنە بۆئەوەی بەپەلە بیخوێنیتەوە واتـە بەرلـەوەی جیبرەئیل هەموو ئایەتـەکەت بۆ بخوێنێتەوە ، تۆ مەکەوەرە پەلەپەل بۆ ئەوەی لـەگەڵ ئەوا بیخوێنیتەوە تا بێتە بـەرت و لـەوە مەترسە کـە بـۆت لەبەرنەکرێ .

إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ(١٧)

بێگومان لەسەر ئێمـــەیە کۆیکەینـــەوە لەدڵتاو بە زمان پێتی بخوێنینەوە .

فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ(١٨)

کە ئێمە بە زمـــانی جیبرەئیل خوێـــندمانەوە تـــۆیش شوێنی خوێندنەوەکەی ئەو بکەوەو بیخوێنەوە .

ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ(١٩)

پاشانیش لەسەرمانە بۆت ڕوون کەینەوەو لێکیبدەینەوە بۆت .

كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ(٢٠)

نەخەیر ، پەلە مـەکە ، بەڵام ئێـوەی ئادەمیزاد هەر حەزتان لە پەلەیە ، بۆیە بۆ دنیاو پایەو مایەی دنیا هەوڵ ئەدەن‌و ،

وَتَذَرُونَ الْأَخِرَةَ(٢١)

دەس لە دوارۆژ هەڵئەگرن کە ڕۆژی قیامەتە .

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ(٢٢)

لەو ڕۆژی قیامەتەدا چەندین ڕوو جوان‌و گەشن .

إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ(٢٣)

چونکە بۆ خوای خۆیان ئەڕوانن .

وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ(٢٤)

هەر لەو ڕۆژی قیامەتەدا چەندین ڕوویش زۆر گرژو مۆنن .

تَظُنُّ أَنْ يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ(٢٥)

چاوەڕوانی ئەوەن کارێکی وایان پیٚ بکریٚ پشتیان بشکێنیٚ ، واتـە فڕیٚبدرێنە نـاو ئاگری دۆزەخـەوە ، چونکە ئەزانن لـە دنیادا چییان کردووە .

كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ التَّرَاقِيَ(٢٦)

نەکەن دنیاتان لا لە قیامەت لەپێشتر بیٚ . کاتیٚ کە گیان ئەگاتە وردەگرێی ژوور قەفەزەی سنگ‌و ،

وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ(٢٧)

لەلایەن ئەوانەوە کە هاتوونەتە سەر کابرای حاڵی سەرەمەرگ، ئەوترێ: کیٚ نووشتەیەکی بۆ ئەکا بەڵکو نەمریٚو ،

وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ(٢٨)

کابرا خــۆیشی گــومانی وایــە ئـەوە ئیتــر جویێبــوونەوەی هەمیشەییيەو ،

وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ(٢٩)

ئــەم لاقی ئــەپێچرێ بــەو لاقیەوە چــونکە لــە توانیا نــامێنێ بییانبزوێنێ ،

إِلَى ربِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ(٣٠)

ئەوە ئیتر لەورۆژەدا ڕاپێچان بۆ حزووری خوای خۆتە .

فَلاَ صَدَّقَ وَلاَ صَلَّى(٣١)

چونکە ئەو کابرا نــە خێرو حەسەنــاتی کــردووەو نــە نوێژی کردووە .

وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى(٣٢)

بەڵکو خواو پێغەمبەری بە درۆ داناوەو باوەڕی پێ نەکردوون و پشتی تێکردوون .

ثُمَّ ذَهَبَ إِلَى أَهْلِهِ يَتَمَطَّى(٣٣)

ئەنجا بەفیزەوەو بە شانازی کردنەوە بەم بێباوەڕییەی خۆی ، چووەتەوە بۆ ناو ژن و منداڵەکانی .

أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى(٣٤)

ئەم مەرگ و پاشان عەزابی دۆزەخەت زۆر بۆ باشــترە ، دەك سا پیرۆزت بێ .

ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى(٣٥)

ئەمجاریش ئەم مەرگ و پاشان عەزابی دۆزەخەت زۆر بۆ باشترە،

دەك دیسان سا پیرۆزت بێ .

أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدًى(٣٦)

ئـايا ئادەمیزاد گـومانیوایه هـەروا بێلێپرسـینەوه لێـی ئەگەڕێن ؟

أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَى(٣٧)

ئایا ئەو تۆویێ نـەبوه لـە ئاوی پیـاو ئەهێنرێتەوەو ئەكرێتە منالّدانی ئافرەتەوه ؟

ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّى(٣٨)

پـاشانیش بـووه بـه پارچـه خـوێنێكو ئـەوجا به پارچه گۆشتێكو ، جـا خـوا كـردوویه بـه ئادەمیو ڕێكیخستووەو سەرو سیمای داوەتێ ؟

فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى(٣٩)

جا خوا هەردوو جۆرەكەی لێ دروست كردووه كه نێرو مێ یا ژنو مێردن ؟

أَلَيْسَ ذَلِكَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى(٤٠)

ئایا ئەو خوایەی ئەمەی كـردووه ناتوانێ مـردوویش زیندوو بكاتەوه ؟

سوورەتی (الإنسان)
مەدینەیی یەو ، (٣١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

هَــلْ أَتَى عَلَى الْإِنْسَانِ حِيــنٌ مِّنَ الدَّهْــرِ لَــمْ يَكُنْ شَيْئًا مَّذْكُورًا(١)

بەڕاستی ماوەیێ لــە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزادا ھــاتووە لــەو ماوەیەدا شتێکی ناوبراو نەبوە ، واتە بە ئادەمیزاد ناو نەبراوە .

إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَــاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا(٢)

بێگومان ئێمە ئــادەمیزادمان لــە تۆمێ دروست کــردووە کــە تێکەڵــە لــە ئاوی پیاوو ژن یــا تێکەڵە لــە شێوەی سەرو ڕوخسارو شانو ملو دەستو سنگو سكو پێیەکانو ئەیگەیەنینە قــۆنــاغی باڵغ بوونو گەورەبوونو بــەراوردی ئــەکەین لــە بیروبــاوەڕو کــارو کــردەوەداو بۆ ئەم بەراوردە شنەواو بینامان کــردووەو ئەگــەر ئــەم حــەواسانەی نەبوایە لایقی تەکلیف لێکردن نەئەبوو .

إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا(٣)

ئێمە ئادەمیزادمان شارەزا کردووە بە ڕێگای خێرو شەڕ ،جا یا وەرئەگرێو سوپاسی خوای خۆی ئەکا یا ئینکاری ئەکاو گوێی بۆ ناگرێ .

إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلًا وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا(٤)

ئێمە ئامادەمان کــردووە بــۆ کافران کۆمەڵــێ زنجیر پێیان ڕائەکێشرێن بۆ دۆزەخ و کۆمەڵــێ کــۆت ئەکرێنە ملیان و ، ئـاگری بڵێسەداری دۆزەخیش کە پێی ئەسووتێنرێن.

إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِنْ كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا(٥)

بــەڕاستی خـاوەن ئیمانە پیاوچاکەکانیش لــە کاســەیێ ئــاو ئەخۆنەوە کافووری تێکراوە تا تام و بۆن و چەشی خۆشتر بێ .

عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا(٦)

ئەو کافوورەیش لە کانییەکە بەندەکانی خوا لێــی ئەخۆنەوە ، هەڵیئەقوڵێنن بە هەڵقوڵاندن لە هەر کوێیەکا دڵیان بیگرێ .

يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا(٧)

ئەو بەندانەی خوا وەفا ئەکەن بە هەر نەزرێ لەســەر خۆیانیان نەزرکردبێ و لە ڕۆژێ ئەترسن کە شەڕو مسیبەتی بـــە هەموو لایەکا بڵاو ئەبێتەوە .

وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا(٨)

لە خۆشەویستیی خواداو بۆ خاتری خـوا خـواردەمەنی ئـەدەن بە گەدا کە بەشی خۆی شك ناباو بە هەتیوو بە دیل .

إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا(٩)

پێیشیان ئەڵێن: خواردنتان هەر لەبەر خاتری ڕەزامەندیی خوا ئەدەینــێ و نامانەوێ لێتان نە پاداشمان بدەنەوەو نە سوپاسیشمان بکەن .

إِنَّا نَخَافُ مِنْ رَبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا(١٠)

بەڕاستی ئێمە لەخوای خۆمان ئەترسین کە گرفتاری نارەحەتیی ڕۆژێکی تووش و سەختمان بکا .

فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا(١١)

خوایش لە شەڕی ئەو ڕۆژەی پاراستن و گەیاندنی بە ڕووی گەش و بە شادمانی بەرانبەر بە گرژی و مۆنیی ڕۆژە سەخت و تووشەکە.

وَجَزَاهُمْ بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا(١٢)

لە پاداشی سەبرکردن و خۆڕاگرتنیشیاندا بەهەشتی دانێ تیا دانیشن و ئاوریشمی دانێ لەبەری کەن .

مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا(١٣)

پاڵ ئەدەنەوە لە بەهەشتا بە قەنەفەوە نە هەتاو ئەبینن لەو بەهەشتەداو نە سەرمای سەخت .

وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا(١٤)

سێبەری درەختەکانی بەهەشت نزیکە بەسەر سەریانەوەو چنینی میوەی درەختەکانی بەهەشتیان بۆ ئاسان کراوە بە ئاسان کردن

وَيُطَافُ عَلَيْهِمْ بِآنِيَةٍ مِّنْ فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرًا(١٥)

ئەگەڕێن بەسەریانا بە کاسەی زیوین و بە کووپی بێدەسکی وەك ئاوێنە .

قَوَارِيرَا مِنْ فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا(١٦)

وەك ئاوێنە لە شێوە تیا دەرکەوتنا ، بەڵام لەڕاستیدا زیوین کە

خۆیان چۆنیان بەدڵ بوون ئاوا دروست کراون بۆیان .

وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا(١٧)

شەرابێکیان لەو کاسانەدا دەرخوارد ئەدرێ کە زەنجەفیلی تێکەڵ کراوە .

عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا(١٨)

ئەو زەنجەفیلەیش لە سەرچاوەیەکەوەیە پێی‌ئەڵێن سەلسەبیل.

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا(١٩)

مێردمنداڵانێکی تازە هەڵچوویش ئەگەڕێن بەسەریانا ئەم شەرابەیان دەرخوارد ئەدەن ، کە هەمیشە هەر لەو تەمەنەدا ئەمێننەوەو ، ئەگەر بییانبینی وائەزانی مرواریی هەڵڕژاون .

وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا(٢٠)

کە ئەو بەهەشتە ببینی نازو نیعمەتو سامانێکی زۆر لەویادا ئەبینی .

عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا(٢١)

ئەو مێرد منداڵە شەرابگێڕانە کراسی ئاوریشمی سەوزیان لەبەرایە هیی ناسکو هیی ئەستوورو ، بازنی زیویان کراوەتە دەستومەچەکو ، خوای خۆیان شەرابی خاوێنی پێ نۆش کردوون .

إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا(٢٢)

جا بەو خاوەن باوەڕە پیاوچاکانە ئەوترێ : ئەم خێروبێرەی

پێتـان دراوە پـاداشی بیروباوەڕو کـردەوەی چـاکـتانـەو ، ڕەنـج و تـەقەلاتان بـۆ فـەرمانبەرداریـی خـوا ، لای خـوا بـە خـۆڕایـی نەڕۆیشتووەو پاداشی دراوەتەوە .

إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنْزِيلاً(٢٣)

بێگومان ئێمە قـورئانمان پـارچە پـارچەو بـەش بـەش نازڵ کردووە بۆ سەر تۆ.

فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلاَ تُطِعْ مِنْهُمْ آثِمًا أَوْ كَفُورًا(٢٤)

دەی‌سا خـۆت ڕابگرەو سەبرت ببێ بۆ هەر بڕیارێ خوای خۆت بۆی بڕیار دابێ‌و ، بەگوێی هیچ مرۆیەکی گوناهبارو فرەکافر مەکە .

وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلاً(٢٥)

بەیانی‌و ئێوارەیش ناوی خوای خۆت بهێنە .

وَمِنَ اللَّيْلِ فَاسْجُدْ لَهُ وَسَبِّحْهُ لَيْلاً طَوِيلاً(٢٦)

هەنـدێ کاتی شەویـش سوجـدەی بـۆ بەرەو شەوگـاریش تەسبیحاتێکی درێژی بۆ بکە .

إِنَّ هَؤُلاَءِ يُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَاءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلاً(٢٧)

ئەم لەخوابێخـەبەرانە شتی حـازر بەدەستـیان حەز لێـیە کە ڕابواردنی دنیایەو ، پاش مردنیان ڕۆژێکی قورس‌و گرانبار لەپاش خۆیان بە جێ‌دێڵن بێ‌ئـەوەی هیچیان بۆ کـردبێ کە ئـەویش ڕۆژی قیامەتە .

نَحْـنُ خَلَقْنَاهُمْ وَشَدَدْنَا أَسْرَهُـمْ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَا أَمْثَالَهُـمْ تَبْدِيلاً(٢٨)

ئێمە ئەوانمان دروست کردووەو جمگەکانی لەشیانمان بە دەمار توند کردووە بەیەکەوەو هەرکاتێکیش مەیلمان لێ بـێ وێنەی ئەوان ئەگۆڕین بە قەومێکیتر کە بەتەواوی لەوان جیا بن .

إِنَّ هَذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَنْ شَاءَ اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلاً(٢٩)

ئـــەم ئایەتانەی ڕابووردن بیرخەرەوەن بۆ ئێوە کــە بیر لە ڕۆژی قیامەت بکەنەوە ، جا هـەرکەس بیـــیەوێ با ڕێگایێ بگرێتە بەر بــۆ لای خوای خۆی .

وَمَــا تَشَاءُونَ إِلاَّ أَنْ يَشَــاءَ اللَّـــهُ إِنَّ اللَّهَ كَــانَ عَلِيمًا حَكِيمًا(٣٠)

نایشتـــوانن ڕێگای لای خوا بگرنـــەبەر تــا خوا خۆی نـــەیەوێ ڕێگـــای لای ئەو بگرنەبەر . بەڕاستی خوا بە هـــەموو شتـــێ ئەزانێو خاوەن حیکمەتە .

يُدْخِــلُ مَنْ يَشَاءُ فِي رَحْمَتِــهِ وَالظَّالِمِينَ أَعَدَّ لَهُــمْ عَذَابًا أَلِيمًا(٣١)

خواستی لەسەر هەرکەسێ بێ ئەیخاتە بەر ڕەحمەتی خـــۆیو ، بۆ ستەمکارانیش سزایەکی پڕ ئێشو ئازاری ئامادە کردووە .

سوورەتی (ألمرسلات)
مەککەیی‌یە ئایەتی (٤٨)ی نەبی‌و ،
(٥٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا(١)

سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی کۆمەڵ پاش کۆمەڵ ئەنێررێن بۆ جێبەجی کردنی فەرمانی خوا .

فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفًا(٢)

ئەنجا سوێند ئەخوم بەو فریشتانەی بەپەلە ئەجوولێن بۆ شوێنی مەبەست .

وَالنَّاشِرَاتِ نَشْرًا(٣)

ئەنجا سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی باڵەکانیان بلاْوئەکەنەوە کاتێ دائەپەڕن وەحی دێننە خوارەوە بۆ پێغەمبەران .

فَالْفَارِقَاتِ فَرْقًا(٤)

ئەنجا سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی ڕاست‌و چەوت لێك جوێ‌ئەکەنەوە کە وەحی لە خواوە دێنن بۆ پێغەمبەران .

فَالْمُلْقِيَاتِ ذِكْرًا(٥)

ئەنجا سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی وەحی ئەگەیەنن بە پێغەمبەران .

عُذْرًا أَوْ نُذْرًا(٦)

ئەو وەحیەی ئەبێ بە ڕێنوما بۆ ئەوانەی شوێنی ڕاستی

ئەکـەونو ، بە مایەی ترساندن بۆ ئەوانەی لە ڕێی ڕاستی لائەدەن .

إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَاقِعٌ(٧)

سوێند ئەخۆم بە گشت ئەمانە ، ئەوەی گفتـــتان ئەدرێتـــیٚ کە هاتنی ڕۆژی قیامەتو سزادانی بیٚباوەڕانو پاداش دانەوەی خاوەن باوەڕانە شتێکە دێتەدیو ئەبیٚ بە ڕاست .

فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ(٨)

جا کاتیٚ کە ئەستێرەکان کوژێنرانەوەو تیشکیان نەماو ،

وَإِذَا السَّمَاءُ فُرِجَتْ(٩)

کاتیٚ کە ئاسمان درزی تێکەوتو ،

وَإِذَا الْجِبَالُ نُسِفَتْ(١٠)

کاتیٚ کە چیاکان وێران کرانو دران بە دەم باوەو ،

وَإِذَا الرُّسُلُ أُقِّتَتْ(١١)

کاتێکیش کە پێغەمبەران کاتیان بۆ دیاریکرا بـۆ شایەتیدان لـە حزووری خوادا ،

لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ(١٢)

بـۆ چ ڕۆژیٚ دواخراوە شایەتیدانەکانیان لەسەر خەڵك : کـیٚ چاکەی کردووەو کیٚ خراپەی کردووە ؟

لِيَوْمِ الْفَصْلِ(١٣)

بۆ ئەوڕۆژەی هەموو شتێکی تیا ئەبڕێتەوە .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الْفَصْلِ(١٤)

جا تۆ چوزانی ئەو ڕۆژەی هەموو شتێکی تیا ئەبڕێتەوە چۆن

ڕۆژێکە ؟

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(١٥)

هـاوار لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائـەناو باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا .

أَلَمْ نُهْلِكِ الْأَوَّلِينَ(١٦)

ئایا ئێمە باوەڕنەکەرە پێشووەکانمان نەفەوتاندو ،

ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ الْآخِرِينَ(١٧)

پاشان ئەوانی پاش ئەوانیشیان بەدوادا ئەهێنین ؟

كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ(١٨)

ئێمە وائەکەین لەگەڵ تاوانباران لە هەر چەرخ و سەردەمێکا بن.

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(١٩)

هاوار لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بـە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا .

أَلَمْ نَخْلُقْكُم مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ(٢٠)

ئایا ئێمە ئێوەمان لە ئاوێکی ناچیز دروست نەکردووە ؟

فَجَعَلْنَاهُ فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ(٢١)

جا ئەو ئاوەمان لە ئارامگەیەکی دامەزراوا کە منداڵدانی دایـکە ، دانەناوە ،

إِلَى قَدَرٍ مَّعْلُومٍ(٢٢)

بۆ ماوەیەکی زانراو؟.

فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ الْقَادِرُونَ(٢٣)

جـا ماوەی بـەمنـاڵ بـوونی ئەو ئـاوەمان بڕیارداو، ئێـمە بڕیاردەری چاکیشین .

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٢٤)

هاوار لەوڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بـە درۆزن دائەنـا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لـە دنیادا .

أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ كِفَاتًا(٢٥)

ئایا ئێمە زەویمان نەکردووە بە کۆکەرەوەی ئێوە ،

أَحْيَاءً وَأَمْوَاتًا(٢٦)

بە زیندووتانو مردووتانەوە ؟

وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ وَأَسْقَيْنَاكُم مَّاءً فُرَاتًا(٢٧)

چەندین کێوی دامەزراوی بەرزیشمـان تیـا دروست کـردووەو ئاوی شیرینو گەوارامان داوەتە دەرخواردتان .

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٢٨)

هاوار لەوڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بـە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لـە دنیادا .

انطَلِقُوا إِلَى مَا كُنتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ(٢٩)

بـڕۆن بۆلای ئەو دۆزەخەی بـە درۆتـان دائەناو باوەڕتان پـێ نەئەکرد .

انطَلِقُوا إِلَى ظِلٍّ ذِي ثَلَاثِ شُعَبٍ(٣٠)

بڕۆن بۆلای سێبەرێکی سێ لق کە سێبەری دووکەڵی دۆزەخە .

لَا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِي مِنَ اللَّهَبِ(٣١)

که سێبەرێکی نە ساردو خۆشە مرۆ لەژێریا بحەسێتەوەو ، نە لە گەرمای گڕی ئاگری دۆزەخیشی ئەپارێزێ .

إِنَّهَا تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ(٣٢)

ئاگری دۆزەخ بڵێسەیوا فڕێئەدا ئەوەندەی کۆشکێ بەرزە .

كَأَنَّهُ جِمَالَةٌ صُفْرٌ(٣٣)

ئەو بڵێسەیە لە کۆمەڵێ حوشتری زەرد ئەچێ .

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٣٤)

هاوار لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا .

هَذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ(٣٥)

ئەمرۆ ئەو ڕۆژەیە ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا زمانیان گۆ ناکا تا لەسەر خۆیان بێنە دەنگو داکۆکی لە خۆیان بکەن .

وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ(٣٦)

ڕێگەیشیان نادرێ تا عوزر لەو کردەوە خراپانە بهێننەوە کە کردوویانن

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٣٧)

هاوار لەوڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا !

هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالْأَوَّلِينَ(٣٨)

ئەمرۆ ڕۆژی لێك جوێ کردنەوەی ئەوانەیە لەسەر حەق بوون

لەوانەی دوای گومڕایی کەوتبوون . ئێوەو میللەتە پێشینەکانمان تیا کۆکردووەتەوە تا هەرچی ئەوانەن لەسەر حەق بوون لە هەموو میللەتەکانا جوێیان کەینەوە لەوانەی دوای گومڕایی کەوتوون تیایانا .

فَإِنْ كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ(٣٩)

جا ئەگەر فرِوفێڵێ شك ئەبەن لێمی بکەن بۆ ئەوەی خۆتان لە سزای دۆزەخ ڕزگار بکەن ، لێمی بکەن بزانین چیتان لێوە دەسگیر ئەبێ ؟

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٤٠)

هاوار لەوڕۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا !

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلَالٍ وَعُيُونٍ(٤١)

بێگومان ئەوانەی خۆیان لە بێفەرمانیی خوا پاراستووەو لە خوا ترساون ، لە سایەی درەختەکانی بەهەشتانو لەسەر کانیاوەکانینی .

وَفَوَاكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ(٤٢)

وایشن لەناو میوەجاتا لەوەی خۆیان حەزیان لێیە .

كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٤٣)

بخۆنو بخۆنەوە ، نۆشی گیانتان بێ بەرانبەر بەو کارە باشانەی ئەتانکردن .

إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(٤٤)

بێگومان ئێمە پاداشی چاکەکاران بەم جۆرە ئەدەینەوە .

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٤٥)

هاوار لەورۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا !

كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلاً إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ(٤٦)

بخۆن و ماوەیەکی کەم ڕابوێرن ئەی بێباوەڕەکان ، ئێوە بێگومان تاوانبارن .

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٤٧)

هاوار لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوانەی لە دنیادا پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا !

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ارْكَعُوا لَا يَرْكَعُونَ(٤٨)

کە پێیشیان بوترێ : دانەوڕن و ڕوکووع بەرن بۆ خوا ، نایبەن !

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(٤٩)

هاوار لەورۆژەدا بۆ ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا و باوەڕیان پێ نەئەکردن لە دنیادا !

فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ(٥٠)

ئیتر ئەمانە کە ئیمانیان بە قورئان نەهێنا ، پاش قورئان ئیمان بە چ فەرموودەیێ ئەهێنن ؟!

جوزئی سیهەم

سوورەتی (ألنبأ)

مەککەیییەو ، (٤٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ(١)

لە چی پرسیار ئەکەن لەناو خۆیانا ؟

عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ(٢)

لەو هەواڵە گەورەیە ،

الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ(٣)

کە قسەیان لەبارەیەوە یەك نییەو هەر تاقمێکیان شتێ ئەڵێن ، تاقمێکیان بێگومانن لە ڕوودانیاو تاقمێکیان ئینکاری ئەکەن و تاقمێکیان دوودڵن ئاخۆ ڕوو ئەدا یا ڕوونادا ، کە ئەویش ڕۆژی قیامەتە .

كَلَّا سَيَعْلَمُونَ(٤)

با لێگەڕێن لەم پرسیارو پرسیارکارییە ، لەمەولا ئەزانن.

ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ(٥)

با ئەمجاریش لێگەڕێن . لەمەولا ئەزانن .

أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا(٦)

ئەوە بۆ ئەم زەوییە پان و بەرینە ناکەن بە بەڵگەی توانایی خوا کە هەموو شتێکی پێ ئەکرێو ئەتوانێ ڕۆژی قیامەتیش بهێنێ ؟ ئێمە ئایا زەویمان نەکردووە بە ڕایەخ لەژێر پێیانا ؟

وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا(٧)

کێوەکانیشمان نەکردووە بە مێخ و کوتاومانن بە زەویدا بۆ ئارام گرتنی ؟

وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا(٨)

ئێوەیشمان جووت جووت دروست کردووە بە نێرو مێ .

وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا(٩)

نووستنیشتانمان کردووە بە مایەی حەسانەوەی لەشتان .

وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا(١٠)

شەویشمان کردووە بە پۆشاك هەمووتان لەژێر خۆیا دائەپۆشێ .

وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا(١١)

ڕۆژیشمان کردووە بە مایەی ژیان و پەیداکردنی گوزەران .

وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا(١٢)

حەوت ئاسمانی سەختیشمان بەڕاسەرتانەوە دروست کردووە.

وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا(١٣)

چرایەکی تیشکدەرەوەیشمان دروست کردووە . مەبەست لێی ڕۆژە .

وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا(١٤)

لە هەوری گوشراویشەوە کە با ئەیگوشێ ئاوێکی بەخوڕ ڕژاومان داباراندووە ، مەبەست لێی بارانە .

لِّنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا(١٥)

بۆئەوەی دانـــەوێڵەی بۆ ئادەمیزادو گـژوگیای بۆ گیانداران لــە زەوی پێ دەرکەینو بڕوێنینو ،

وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا(١٦)

باخو باخاتی چڕوپڕو بەیەکاچوویشی پێ سەوز بکەین .

إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا(١٧)

بەڕاستـــی ڕۆژی قیامەت کە ئادەمیزادی چاکو خراپی پێ لێك ئەکرێنەوە ، کاتێکە خوا دیـاریی کـردووە بۆ بڕانــەوەی ئەم دنیایەو هاتنی ئەو دنیا .

يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا(١٨)

ڕۆژێکە فووی تیا ئەکرێ بە صووردا و ئێوەی ئادەمیزادیش پۆل پۆل دین بۆ مەیدانی لێپرسینەوە .

وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا(١٩)

ئاسمان لێك ئەکرێتـەوەو درزەکانی ئەبن بە دەرگا .

وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا(٢٠)

چیاکانیش لە شوێنی خۆیان هەڵئەکەنرێنو بەهەواوە ئەخرێنە گەڕو ، کە مرۆ بەحـەواوە ئەیانبـیـنێ وائـەزانێ بـەڕاستی چیان بە حـەواوە ئەفڕن ، بەڵام چیـــا نینو بوون بە تۆز بەحەواوە ، وەك ئـــەو لمی تراویلکەیەی تینوو بە ئاوی ئەزانێو هیچیش نییە .

إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا(٢١)

بێگومان دۆزەخ لە کەمینداییە بۆ ئەوانەی سزا ئەدرێن .

لِّلطَّاغِينَ مَآبًا(٢٢)

سەرەنجـامی ئەوانەیە کە لــە بیٚفەرمانیی خـوادا توغیانیان کردووە .

لاَّبِثِينَ فِيهَا أَحْقَابًا(٢٣)

چەندین سەدەو ڕۆژگاری بیٚژمارە تیایا ئەمیٚننەوە ،

لاَّ يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلاَ شَرَابًا(٢٤)

نە ئاوی ساردی تیا ئەچەژن‌و نە شەربەتی شیرین ،

إِلاَّ حَمِيمًا وَغَسَّاقًا(٢٥)

ئاوی گەرم‌و کیٚم‌و زووخ نەبیٚ .

جَزَاءً وِفَاقًا(٢٦)

ئەمەیش پاداشیٚکی دەقـاندەق‌و پڕبەپیٚسـتی بیروباوەڕو کارو کردارییانە .

إِنَّهُمْ كَانُواْ لاَ يَرْجُونَ حِسَابًا(٢٧)

ئەمانە هیچ بە هیوای لیٚپرسینەوەو حیساب‌و کیتاب نەبوون .

وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا كِذَّابًا(٢٨)

ئایەتەکانی ئیٚمەیشیان بە درۆ ئەزانی‌و باوەڕیان پیٚ نەئەکردن.

وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ كِتَابًا(٢٩)

ئیٚمەیش هەموو چاکەو خراپەو هەموو شتیٚکی هەمووکەسیٚکمان بە ژمارە ژماردووەو هیچمان لـیٚ ون نابیٚ .

فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلاَّ عَذَابًا(٣٠)

دەی بیچـیٚژن ، ئیٚمەیـش لە سـزا بەولاوە هیچـتان بـۆ زیاد ناکەین.

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا(٣١)

بەڕاستی بۆ ئەوانەیش لە خوای خـۆیان ئەترسن ڕزگاری هەیە لە سزای دۆزەخ .

حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا(٣٢)

باخ و باخاتی بەهەشت و جۆرەها میوەیان بۆ هەیە .

وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا(٣٣)

حۆرییانی تازە پێگەیشتووی تازە مەمك كردووی هاوتەمەنیان بۆ هەیە .

وَكَأْسًا دِهَاقًا(٣٤)

پیاڵەی پڕ لە شەراب و شەربەتی بەهەشتیان بۆ هەیە .

لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا(٣٥)

نە قسەی هیچوپووچ ئەبیسن لە بەهەشتاو نە درۆو دەلەسە .

جَزَاءً مِّن رَّبِّكَ عَطَاءً حِسَابًا(٣٦)

ئەمەیان بە پاداش لـــە خوای پـــەروەردگاری تۆوە ئەدرێتیٚو ، بەخششێكی بەسە بـۆیان بەرانبەر بـە بیرو كـردەوەی چـاكـیان لـە دنیادا .

رَّبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرَّحْمَـٰنِ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا(٣٧)

ئەو پـــەروەردگارە كە پەروەردگاری ئاسـمانەكان و زەوی و چی لەنێوانیانایەو میهـرەبانە ، ناتـــوانن بیٚئەوەی ئـــەو ڕێیـــان بدا قسە بكەن لەگەڵی .

يَوْمَ يَقُومُ الرُّوحُ وَالْمَلائِكَةُ صَفًّا لاَّ يَتَكَلَّمُونَ إِلاَّ مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ وَقَالَ صَوَابًا(٣٨)

لە ڕۆژێــكا كە جیبرەئیلو فریشــتەكانیتر پــۆل پۆل ئەوەستن كەس قسە ناكا كەســێ نەبێ خوای میهرەبان ئیــزنی دابــێو قسەی ڕاستو باش بكا.

ذَلِكَ الْيَوْمُ الْحَقُّ فَمَنْ شَاءَ اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ مَآبًا(٣٩)

ئەو ڕۆژە ڕۆژێــكی ڕاستە ، جــا هەركەسێ مەیلی هەیە با ڕێی گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی بگرێتەبەر بە فەرمانبەرداری لــێ كردنی .

إِنَّا أَنذَرْنَاكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ يَنظُــرُ الْمَرْءُ مَــا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ الْكَافِرُ يَالَيْتَنِي كُنتُ تُرَابًا(٤٠)

وا ئێمە ئێوەمان لە سزایەكی نــزیك ترساند كـە لەڕۆژێكا ئەبێ مرۆ سـەیر ئەكا پێش مـردنی خۆی چ كردەوەیەكی بۆ خــۆی پێش خستووە ئەیبــینێو ، كافریش كە هیچ چاكەیەكی خــۆی بەدیناكا ئەڵێ : بریا هەر گڵ بوومایە لە دنیاداو دروست نەكرابام .

سوورەتی (ألنازعات)
مەککەییەو ، (٤٦) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالنَّازِعَاتِ غَرْقًا(١)

سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی گیانی کافران ئەکێشن بە ئازارو ئێش .

وَالنَّاشِطَاتِ نَشْطًا(٢)

سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی گیانی موسوڵمانان ئەکێشن بەئاسانی .

وَالسَّابِحَاتِ سَبْحًا(٣)

سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی وەك مەلەوان لە ئاسمانەکانا دێنو ئەچن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خوا .

فَالسَّابِقَاتِ سَبْقًا(٤)

سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوادا پێش ئەکەون .

فَالْمُدَبِّرَاتِ أَمْرًا(٥)

سوێند ئەخۆم بەو فریشتانەی بە فەرمانی خوا کاروباری جیهان ڕێك ئەخەن . سوێند لەسەر خوراوەکە لە ئایەتەکانا نەوتراوەو وای لێدێتەوە : ئەم خەڵکە هەموو زیندوو ئەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوەو پاداشو سزا دانەوە هەرکەس بەگوێرەی کردەوەی خۆی لە دنیادا ، بە نیشانەی ئەوەی لە ئایەتەکانی پاشەوەدا وتراوە .

يَوْمَ تَرْجُفُ الرَّاجِفَةُ(٦)

لە ڕۆژێکا ئەوانەی ئەلەرێنەوە وەك ئەرزو چیاکان ، ئەلەرێنەوە.

تَتْبَعُهَا الرَّادِفَةُ(٧)

ئەوانەیش کە بەدوایـانا دێن ئـەکەونە دوویان وەك ئاسمان و ئەستێرەکان بن .

قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ(٨)

لەو ڕۆژەدا چەندین دڵ ترسولەرز دایان ئەگرێ .

أَبْصَارُهَا خَاشِعَةٌ(٩)

چاوی خاوەنی ئەو دڵانە لەترسانا شۆڕەو بۆ ئەرز ئەڕوانێ .

يَقُولُونَ أَئِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي الْحَافِرَةِ(١٠)

ئەو کـافرانە ئەڵێن : ئـایا ئێمە پاش مـردن بـە ڕێی خۆمانا ئەگێڕڕێینەوە بۆ زیندەگانی ؟

أَئِذَا كُنَّا عِظَامًا نَّخِرَةً(١١)

ئـەڵێن : ئایا ئێمە کە بووبووین بە ئێسکی ڕزیوو پڕتووکاو ، ئەگێڕڕێینەوە بۆ ژیان ؟

قَالُوا تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ(١٢)

ئەڵێن : ئەگەر ئەمە ڕووبـدا ئەوە گـەڕانەوەیەکی زیاناوییە ، چونکە ئێمە کە لـە دنیادا بووین ئـەو زنیدووکردنەوەیەمان بە درۆ ئەزانی .

فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ(١٣)

با بە زەحمەتی نەزانن ، تەنها یەك هاوارە ئەکرێ بە صووڕداو،

فَإِذَا هُمْ بِالسَّاهِرَةِ(١٤)

ئـيتر هەرچی مردوو هەیە هەموو هەر یەكە لە شوێنی خۆیەوە بێدار ئەبێتەوە .

هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ مُوسَىٰ(١٥)

ئایا باسی هەواڵو سەرگوزەشتەی مووسای كوڕی عیـــمرانت بۆ هاتووەو پێگەیشتووە ؟

إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى(١٦)

كاتێ كە خوای خۆی لە دۆڵی پیرۆزی (توور) بانگی لـێ كرد .

اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ(١٧)

پێیوت : بڕۆ بۆ سەر فیرعەون . فیرعەون توغیانی كردووە .

فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَى أَنْ تَزَكَّىٰ(١٨)

پێی بڵێ : دەرفەتی ئـەوەت هەیە خۆت لە كافریو لـە توغیان كردن خاوێن كەیتەوە ؟

وَأَهْدِيَكَ إِلَى رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ(١٩)

منیش ڕێت پیشان بدەم بۆلای خوای خۆت تا لێی بترسی ؟

فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَىٰ(٢٠)

مووسایش ڕۆیشت بـۆ لای فیرعەونو مـــوعجیزە گـــەورەكەی خۆی پیشان دا .

فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ(٢١)

فیرعەونیش مووسای بە درۆزن داناو لێی عاسی بوو .

ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ(٢٢)

جا پشتی لە بەگوێکردنی مووسا هەڵکردو کەوتە هەوڵو تەقەلا بۆ سەرنەکەوتنی .

فَحَشَرَ فَنَادَىٰ(٢٣)

جا سیحربازەکانی کۆکردەوەو جاڕیدا بەناو خەڵکا .

فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ(٢٤)

بە خەڵکەکەی وت : من پەروەردگاری هەرەگەورەی ئێوەم .

فَأَخَذَهُ اللَّهُ نَكَالَ الْآخِرَةِ وَالْأُولَىٰ(٢٥)

جا خوایش غەزەبی بەرو دوای لێ گرت .

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ(٢٦)

ئەم سەرەنجامی فیرعەونە پەندو ئامۆژگاریی تیایە بۆ هەرکەسێ لە خوای خۆی بترسێ .

أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ بَنَاهَا(٢٧)

ئەی کافرینە ! ئاخۆ دروست کردنی ئێوە زەحمەتترە یا دروست کردنی ئاسمان کە خوا بینای کردووە ؟

رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا(٢٨)

سەقفەکەی بەرزکردووەتەوەو ڕێکوپێکی کردووە .

وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا(٢٩)

شەوی ئاسمانی تاریک کردووەو تیشکی ڕۆژی چێشتەنگای دەرخستووەو ڕووناک کردووە .

وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا(٣٠)

پاش ئەوە زەوییشی پانو بەربلاو کردووە .

أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءَهَا وَمَرْعَاهَا(٣١)

ئاوی لــێ دەرکــردووەو کانیاوی تیا هــەڵقوڵاندووەو گژوگیاو لەوەڕی تیا ڕواندووە .

وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا(٣٢)

کێوەکانیشی دامەزراندووەو جێگیری کردوون .

مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ(٣٣)

بۆ ڕابواردنو ژیانی خۆتانو وڵاخو ئاژەڵتان.

فَإِذَا جَاءَتِ الطَّامَّةُ الْكُبْرَىٰ(٣٤)

جا کە بەڵا زۆر گەورەکە هات کە ڕۆژی قیامەتە ،

يَوْمَ يَتَذَكَّرُ الْإِنسَانُ مَا سَعَىٰ(٣٥)

ئەو ڕۆژەی ئادەمیزاد بیرئەکاتەوە لــە دنــیادا چیی بـۆ خۆی کردووەو ،

وَبُرِّزَتِ الْجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ(٣٦)

دۆزەخ دەرئەخرێ بۆ هەرکەسێ ببینێ ،

فَأَمَّا مَن طَغَىٰ(٣٧)

ئا لەوکاتەدا هەرکەسێ لە دنیادا تــوغیانی کــردبێو فــەرمانی خوای گوێ نەدابێتیو ،

وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا(٣٨)

ژیــانی دنــیاو ڕابــواردنــی دنــیای بەســەر ژیــانی پــاش زیندووکردنەوەدا هەڵاوێردبێ ،

فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَىٰ(٣٩)

ئەوە دۆزەخ شوێن‌و ماوایەتی .

وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى(٤٠)

هەرکەسیش لە گەورەیی خوای خۆی ترسابێ‌و ڕێی‌لە نەفسی خۆی گرتبێ لە شوێن کەوتنی ئارەزووبازی ،

فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى(٤١)

ئەوە بەهەشت شوێن‌و ماوایەتی .

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا(٤٢)

ئەی پێغەمبەر ؟ لە بارەی قیامەتەوە لێت ئەپرسن : کەی دێ‌و دائەمەزرێ ؟

فِيمَ أَنْتَ مِنْ ذِكْرَاهَا(٤٣)

تۆ لە چ پایەیەکدای تا بزانی قیامەت کەی ئەبێ‌و کەی نابێ ؟

إِلَى رَبِّكَ مُنْتَهَاهَا(٤٤)

سەرەنجامی ئەم باسە بۆلای خوا خۆی ئەگەڕێتەوەو ئەو پێی‌ئەزانێ .

إِنَّمَا أَنْتَ مُنْذِرُ مَنْ يَخْشَاهَا(٤٥)

تۆ تەنها ترسێنەرێکی بۆ هەرکەسێ لە هاتنی قیامەت بترسێ تا خۆی بۆ ئامادە بکا بە گوێ ڕایەڵ کردن بۆ فەرمانەکانی خوا .

كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوا إِلاَّ عَشِيَّةً أَوْ ضُحَاهَا(٤٦)

قیامەت بەجۆرێ سامناکە کاتێ کە ڕووئەدا ئەم خەڵکە کە بە چاوی خۆیان ئەیبینن وائەزانن لە ئێوارە وەختێ یا چێشتەنگایێ زیاتر لە دنیادا نەژیاون .

سوورەتی (عبس)
مەککەیی‌یەو ، (٤٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

عَبَسَ وَتَوَلَّىٰ(١)

ڕووی گرژکردو وەریگێڕا .

أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ(٢)

لەوە کە کوێرەکە هاتە لای . مەبەست لە کوێرەکە عەبدوڵڵای کوڕی ئومموومەکتوومە کە هاتبوو بۆ لای پێغەمبەر .

وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ(٣)

تۆ چوزانی ؟ لەوانەیە ئەو کوێرە بە پرسیار کردن لە تۆ خۆی لە گوناه خاوێن کاتەوە .

أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَىٰ(٤)

یا هەر هیچ نەبێ بەهۆی پرسیار کردن لە تۆو ئامۆژگاری کردنی تۆوە بیر بکاتەوەو ئەو بیرکردنەوەیەی سوودی پێ بگەیەنێ .

أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ(٥)

بەڵام کەسێ کە خۆی بە بێ ئیحتیاج ئەزانێ لە ئیسلامەتی ،

فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّىٰ(٦)

تۆ خۆتی بۆ ئامادە ئەکەی‌و ڕووی تێ‌ئەکەی‌و قسەی بۆ ئەکەی.

وَمَا عَلَيْكَ أَلاَّ يَزَّكَّىٰ(٧)

هیچ تاوانیٚ لەسەر تۆ نییە ئەگەر ئەو خۆی لە گوناە خاویٚن نەکاتەوە .

وَأَمَّا مَنْ جَاءَكَ يَسْعَىٰ(٨)

ئەمما ئەوەی کە بەهەڵەداوان هاتووە بۆ لای تۆو ،

وَهُوَ يَخْشَىٰ(٩)

لە خوای خۆی ئەترسیٚ ،

فَأَنْتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ(١٠)

تۆ خۆتی لیٚ خەریك ئەکەیت و گویٚی نادەیتیٚ .

كَلَّا إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ(١١)

جاریکی تر شتی وا مەکە . ئەم قورئانە بیرخەرەوەیە .

فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ(١٢)

هەرکەس ئارەزووی لیٚ بیٚ ئەیخویٚنیٚتەوە و ڕەفتاری پیٚ ئەکا .

فِي صُحُفٍ مُكَرَّمَةٍ(١٣)

لە چەند پەڕەیەکی بەقەدرو قیمەت و ،

مَرْفُوعَةٍ مُطَهَّرَةٍ(١٤)

پایەبڵندو خاویٚندایە لەوە کە دەستی شەیتانی بگاتیٚ .

بِأَيْدِي سَفَرَةٍ(١٥)

بە دەستی چەند بنووسیٚکەوە لە (لوح المحفوظ)یان وەرگرتووە کە فریشتەکانن .

كِرَامٍ بَرَرَةٍ(١٦)

لای خوا بەقەدرن و خاویٚنن لە گوناە .

قُتِلَ الْإِنْسَانُ مَا أَكْفَرَهُ(١٧)

بەکوشت چێ ئادەمیزاد ، چەند کافرە ! چی وا کافری کردووە ؟

مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ(١٨)

خوا ئەم ئادەمیزادەی لە چی دروست کردووە ؟

مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ(١٩)

لە تۆوێ دروستی کردووە جا ئامادەی کردووەو ئەندامەکانی لەشی ڕێکوپێك کردووە .

ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ(٢٠)

پاشان ڕێی دەرچوونی لە سکی دایکی بۆ ئاسان کردووە .

ثُمَّ أَمَاتَهُ فَأَقْبَرَهُ(٢١)

پاش ئەوەیش مراندوویەتیو خستوویەتیە گۆڕەوە .

ثُمَّ إِذَا شَاءَ أَنْشَرَهُ(٢٢)

ئەوجا هەرکاتێ مەیلی لێ بێ زیندووی ئەکاتەوەو ئەیبا بۆ لێپرسینەوە .

كَلاَّ لَمَّا يَقْضِ مَا أَمَرَهُ(٢٣)

با ئادەمیزاد وازبێنێ لە ڕەوشتە بەدەکانی . ئەو هێشتا ئەوەی جێبەجێ نەکردووە کە خوا فەرمانی داوە بیکا .

فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ إِلَى طَعَامِهِ(٢٤)

با ئادەمیزاد بڕوانێ بۆ ئەو خۆراکەی ئەیخوا .

أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا(٢٥)

ئێمە باراناومان لە ئاسمانەوە ڕشتووە بە ڕشتن .

ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا(٢٦)

پاشان زەویمان لەت کردووە بە لەت کردن .

فَأَنْبَتْنَا فِيهَا حَبًّا(٢٧)

جا دانەوێڵەمان تیا ڕواندووە .

وَعِنَبًا وَقَضْبًا(٢٨)

ترێو شینایيشمان تیا ڕواندووە .

وَزَيْتُونًا وَنَخْلاً(٢٩)

دار زەیتوونو دار خورمایشمان تیا ڕواندووە .

وَحَدَائِقَ غُلْبًا(٣٠)

باخو باخاتی چڕوپڕیشمان تیا ڕواندووە .

وَفَاكِهَةً وَأَبًّا(٣١)

میوەو لەوەڕیشمان تیا ڕواندووە .

مَتَاعًا لَكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ(٣٢)

بۆ ڕابواردنی خۆتانو ئاژەڵو وڵاخەکانتان .

فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ(٣٣)

جا کە دەنگە ئادەمیزادکەڕکەرەکە هات کە دەنگی فووکردنە بە صوورا ،

يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ(٣٤)

ئەو ڕۆژەی کە بنیادەم لە برای خۆی هەڵدێ .

وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ(٣٥)

لەدایکی و باوکی هەڵدێ .

وَصَاحِبَتِهِ وبَنِيهِ(٣٦)

لە ژنی خویو لە کوڕەکانی هەڵدێ .

لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ(٣٧)

هەریەکێ لەوانە لـەوڕۆژەدا کـارێکی تایبەتیـی خۆی هـەیە بێنیازی ئەکا لە خەڵکی‌ترو ناهێڵێ بیپەرژێتە سەر کەس .

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ(٣٨)

لەوڕۆژەدا هەندێ ڕوخسار ڕووناکن‌و تیشك ئەدەنەوە .

ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ(٣٩)

پێئەکەنن‌و شادمانن .

وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ(٤٠)

هەندێ ڕوخساریش گەردو تۆزیان لـێ نیشتووە .

تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ(٤١)

ڕەشایی‌و تاریکی دایانپۆشیون .

أُوْلَئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ(٤٢)

ئەو ڕوخسارانە ، واتە خاوەنانی ئەو ڕوخسارانە ، ئەوانەن کە کافرو فیسق‌و فوجوورکارن .

سوورەتی (ألتكوير)
مەككەییەو ، (٢٩) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ(١)

كە ڕۆژ پێچرايەوە ، واتە هەڵگیرا یا تیشكی نەماو ،

وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ(٢)

كە ئەستێرەكانیش لێڵ بوونو ،

وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ(٣)

كە چیاكان خرانە ڕێ ، وەك پەڵەهەورێ با بە ئاسمانا بیگێڕێو ،

وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ(٤)

كە وشتری ئاوسی نزیكەزان بەرەڵلا كرا واتە خاوەنەكەی لەبەر دەردی خۆی نەیئەپەرژایە سەرىو ،

وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ(٥)

كە گیانلەبەرانی كێوی لە هەموو جۆرێ كۆكرانەوەو كەوتنە ناویەكو ،

وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ(٦)

كە دەریاكان هێنرانە كوڵو ،

وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ(٧)

کــە گیاندارانی ئادەمیزاد هەموو هــاوجووت کران چاك لەگەڵ چاكو خراپ لەگەڵ خراپو ،

وَإِذَا الْمَوْءودَةُ سُئِلَتْ(٨)

کاتێ کە کچی زیندەبەچاڵ کراو لێی پرسرا :

بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ(٩)

تاوانی چی بوو کوژرا ؟

وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ(١٠)

کە نامەی ڕەفتاری هەرکەسێ بلاّوکرایەوە بۆ لێپرسینەوەو ،

وَإِذَا السَّمَاءُ كُشِطَتْ(١١)

کە ئاسمان گوروا ، وەك پێستی ئاژەڵ ئەگوروێو ،

وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ(١٢)

کە دۆزەخ سەخت هەڵگرێنراو ،

وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ(١٣)

کە بەهەشت نزیك کرایەوە بۆ خاوەن باوەڕان ..

عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا أَحْضَرَتْ(١٤)

ئەوکاتە هەمووکەسێ ئەزانێ چیی لە دنیادا ئامادە کردووە بۆ دواڕۆژی خۆی .

فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ(١٥)

دەی سوێند ناخۆم ـ مەبەستی لــەوەیە سوێند ئەخــۆم ـ بەو ئەستێرانەی ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێیانەوە هەڵهاتوون ،

الْجَوَارِ الْكُنَّسِ(١٦)

ئەو ئەستێرانەی کە گەڕۆکن و لەژێر تیشکی ڕۆژا ون ئەبن ،

وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ(١٧)

سوێند ناخۆم بــە شەویش کــە تاریك دادێ یــا ڕوون ئەبێتەوە ﴿ وشەی (عسعس) هەردوو مەعناکە ئەگەیەنێ ﴾ .

وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ(١٨)

بە بەیانیش کە هەناسە ئەدا ، واتــە کە ڕۆژ ئەبێتەوە (واتە : سوێند بێ بە هەموو ئەمانە) .

إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ(١٩)

ئــەم قورئــانە وتــەی فــروستادەیەکی گــەورەیە لای خــواوە هاتووە ، کــە جیبریلە .

ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ(٢٠)

خاوەن هێزەو لای خودای خاوەنی عەرش بەقەدرو حورمەتە .

مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ(٢١)

لەو شوێنەدا فەرمانبەرداریی لــێکراوە لەلایەن فریشتەکانەوەو ئەمینە لە گەیاندنی وەحیا بە پێغەمبەران .

وَمَا صَاحِبُكُمْ بِمَجْنُونٍ(٢٢)

ئــەم هــاوڕێیەی ئــێوەیش کــە لەگــەڵــتانە ـ مەبەســتی لــە پێغەمبەرە ـ شێت نییە .

وَلَقَدْ رَآهُ بِالْأُفُقِ الْمُبِينِ(٢٣)

ئەم هاوڕێیەی ئێوە جیبریلی دیوە لە ئاسۆی دیاردا کە ئاستی جێگەی هەڵهاتنی خۆرە .

وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ(٢٤)

ئەم هاوڕێیەی ئێـوە ڕژد نـییە لە گەیـاندنی ئەو ئایەتانەدا کە لە غـەیبەوە بە وەحـی بـۆی دێن ، واتـە ئـەیانگەیەنێ بـە خـەڵك‌و نایانشارێتەوە لێیان .

وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ(٢٥)

ئەو ئایـەتانەیش بە وەحی هـاتوونەتە خوار بۆ ئەو و ، قسەی شەیتانی لە ڕەحمـەتی خوا دوور نین خستبنیە سـەر زمـانی ئـەو هاوڕێیەتان

فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ(٢٦)

دەی ئیتر بۆ کوێ ئەڕۆن ، واتە گومانی پووچ‌و بەتاڵ بۆ ئەبەن؟

إِنْ هُوَ إِلا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ(٢٧)

ئـەم قورئانە لـە بیرخەرەوە بـۆ هەموو خەڵكی جیهان بـەولاوە نییە .

لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ(٢٨)

بۆ هەرکەسێکتان بییەوێ ڕاست بڕواو ڕێی ڕاست بگرێتەبەر.

وَمَا تَشَاءُونَ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ(٢٩)

تا خوای پـەروەردگاری هەموو جیهانەکانیش نەیەوێ‌و مەیل نەکا ئێوە مەیلی گرتنەبەری ڕێی ڕاست ناکەن .

سوورەتی (الإنفطار)
مەککەیی‌یەو ، (١٩) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ(١)

کاتیٚ کە ئاسمان درزیبردو ،

وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ(٢)

کاتیٚ کە ئەستێرەکان پرژوبلاو بوونەوەو ،

وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ(٣)

کاتیٚ کە دەریاکان هەڵقوڵێنران‌و هەموو بوون بە یەك دەریاو،

وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ(٤)

کاتیٚ کە گۆڕەکان ژێرەوژوور کران ،

عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ(٥)

هەمووکەسیٚ ئەزانیٚ چ کارێکی چاك یا خراپی بۆ خــۆی پێش خستووەو لەپێش مردنیا کردوویەو چ کارێکی نەکردووە .

يَاأَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ(٦)

ئەی ئادەمیزاد ! چی تۆی بایی‌کرد لەئاستی خوای بەخشندەی خۆت ؟

الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ(٧)

ئەو خوایەی کە دروستــی کــردووی‌و ڕێکوپێــکی کــردووی‌و

ئەندامەکانی لەشتی هەریەکە بەپێی ئەندازەی خۆی لەجێی خۆیا داناوە.

فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ(٨)

بە هەر وێنەیێ کە خۆی ویستبێتی ئەندامەکانی لەشتی پێکەوە بەستووە ؟

كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ(٩)

بایی مەبە لەئاستی خوای خۆت ، بەلاّم ئێوە ئایین بە درۆ ئەزانن .

وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ (١٠)

بێگومان چەندین فریشتەی نیگابان بەسەر ئێوەوە نیگابانی ئەکەن .

كِرَامًا كَاتِبِينَ(١١)

خاوەن پایەو قەدرن چاکەو خراپەتان ئەنووسنەوە .

يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ(١٢)

ئەزانن ئێوە چیئەکەن .

إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ(١٣)

بەڕاستی ئەوانەی بیرو کرداریان چاك بووە لە نازو نیعمەتی بەهەشتدان .

وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ(١٤)

ئەوانەیش کە لە ڕاستی لایانداوەو بیر وکرداریان خراپ بووە لە دۆزەخدان.

يَصلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ(١٥)

ئـــەو دۆزەخییانه لــە ڕۆژی جـــەزادانـــەوەدا ئەکەونـــە نـــاوی‌و گەرماکەی ئەچێژن .

وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ(١٦)

لێیشی ون نابن چونکه بۆ هەمیشه تیا ئەمێننەوە .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ(١٧)

تۆ چوزانی ڕۆژی جەزادانەوە چییه ؟

ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ(١٨)

پاشانیش چوزانی ڕۆژی جەزادانەوە چییه ؟

يَوْمَ لا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئًا وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ(١٩)

ئـەو ڕۆژەیه کە هیچ کـەسێ خـاوەنی دەسەڵاتی کـردنی هیچ شتـێ نییه بۆ کەسێکی‌ترو فەرمان لەوڕۆژەدا هـەر فـەرمانی خـوا خۆیەتی .

سوورەتی (ألمطففين)
مەککەیی یەو ، (٣٦) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ(١)

هاوار بۆ ئەوانەی لە کێشانەو پێوانەدا زیادوکەم ئەکەن .

الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُواْ عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ(٢)

ئەوانەی کە شتی خەڵکیان بۆ خۆیان پێوا بەتەواوی حەقی خۆیان وەرئەگرن.

وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ(٣)

کە شتیشیان بۆ ئەوان پێوا یا کێشا زەرەریان لێ ئەدەن و کەمیان بۆ دائەنێن .

أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ(٤)

ئایا ئەوانە گومان نابەن کەوا پاش مردن زیندوو ئەکرێنەوە ،

لِيَوْمٍ عَظِيمٍ(٥)

لە ڕۆژێکی مەزندا ، یا بۆ ڕۆژێکی مەزن کە ڕۆژی قیامەتە ؟

يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ(٦)

ئەو ڕۆژەی خەڵك هەموو ڕائەوەستن بۆ پەروەردگاری جیهان کە لە چاکەو خراپەی هەموو ئادەمیزاد ئەپرسێتەوەو بڕیاری پاداش دانەوە یا سزادانیان ئەدا .

كَلاَّ إِنَّ كِتَابَ الفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ(٧)

با ناتەواوپێوو ناتەواوكێشەكان دەسبەرداری ئەم كارە خراپەیان بن ، سیاهەی كردەوەی پیاوخراپان لە (سیججین) دایە .

وَمَا أَدْرَيكَ مَا سِجِّينٌ(٨)

تۆ چوزانی سیججین چییە ؟

كِتَابٌ مَّرْقُومٌ(٩)

كتێبێكی نووسراوە .

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ(١٠)

هاوار لەوڕۆژەدا بۆ ئەوانەی باوەڕیان نییە ،

الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ(١١)

ئەوانەی ڕۆژی جەزادانەوە بە درۆ ئەزانن و باوەڕی پێ ناكەن .

وَمَا يُكَذِّبُ بِهِ إِلاَّ كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ(١٢)

ئەوڕۆژەیش بە درۆ نازانێ هەموو مرۆیەكی لەحەق لادەری تاوانبار نەبێ .

إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ(١٣)

كە ئایەتەكانی ئێمەی بەسەرا ئەخوێنرێتەوە ئەڵێ : ئەمە ئەفسانەی پێشینانە .

كَلاَّ بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ(١٤)

با دەس لە قسەی هیچوپووچی لەم جۆرە هەڵگرن . ئەو تاوانانەی ئەیانكردن وەك خاڵێكی ڕەش بووە بە ژەنگ بەسەر دڵیانەوەو دڵی داگرتوون ، بۆیە ناتوانن ڕاستو چەوت لێك

جویٚکەنەوەو ئـەم جۆرە قسانە ئەکەن .

كَلاَّ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ(١٥)

با واز لەم تاوانانە بێنن کە وەك ژەنگ دڵیانی داگرتووە. ئەمانە لـەو ڕۆژی قیامەتەدا ڕێیان لـیٚ ئەگیرێ کە وەك مـوسوڵمانان خـوای خۆیان ببینن .

ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ(١٦)

پـاش ئـەمەیش ئـەوانە ئەچنە ناو دۆزەخ و بە ئاگری دۆزەخ ئەسووتێنرێن .

ثُمَّ يُقَالُ هَذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ(١٧)

جا پێیشیان ئەوترێ : ئـەم دۆزەخـە ئـەوەیە بـاوەڕتان پـیٚ نەئەکردو بە درۆتان ئەزانی .

كَلاَّ إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ(١٨)

بـا نـاتەواوپێوو نـاتەواوکێشەکـان واز لـەم سەنگ سووکـیو کـەم پێوییەیان بێنن . سیاهـەی کـارو کـردەوەی پیاوچاکـان لــە (عیللیین)دایە .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ(١٩)

تۆ چوزانی عیللییون چییە ؟

كِتَابٌ مَّرْقُومٌ(٢٠)

کتێبێکی نووسراوە .

يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبُونَ(٢١)

فریشتەکانی لەخواوە نزیك ئامادەی پێشوازی لـیٚ کردنی ئەبن

کە فریشتەی کارو کردەوەی چاکان نووس هەڵیئەبڕن بۆ ئاسمان .

إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ(٢٢)

بێگومان کەسانی بیرو کردار چاك لە نازو نیعمەتی بەهەشتدان.

عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ(٢٣)

لەسەر کورسیو قەنەفە دائەنیشنو سەیری ئەو نازو نیعمەتە ئەکەن خوا پێیداون .

تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ(٢٤)

لە سیمایانا گەشیی نازو نیعمەت ئەناسیتەوە .

يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ(٢٥)

لە شەرابی سەربەمۆری بێگەردیان پێ نۆش ئەکرێ .

خِتَامُهُ مِسْكٌ وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ(٢٦)

سەرقاپی پیاڵەی شەرابەکەیان بە میسك سەربەمۆرە . دەسا با ئەوانەی لەناو خۆیانا ئەکەونە ململانێو هەرکەسێ شتی چاکی بۆ خۆی ئەوێ ، بۆ دەستخستنی نازو نیعمەتیوا بکەونە ململانێ .

وَمِزَاجُهُ مِنْ تَسْنِيمٍ(٢٧)

ئەو ئاوەی ئەکرێتە شەرابەکەیانەوە تێکەڵی ئاوی کانیاوی (تەسنیم)ە.

عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا الْمُقَرَّبُونَ(٢٨)

کانییەکە نزیکانی بارەگای خوا ئاوی لێ ئەخۆنەوە .

إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُواْ كَانُواْ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ يَضْحَكُونَ(٢٩)

تاوانبارەکان لە دنیادا بە خاوەن باوەڕەکان پێئەکەنین.

وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ(٣٠)

کە بەلای موسوڵمانانیشا تێپەڕینایە بە چاو ئەکەوتنە ئیشارەتی گاڵتە پێکردنیان .

وَإِذَا انقَلَبُواْ إِلَى أَهْلِهِمُ انقَلَبُواْ فَكِهِينَ(٣١)

کە بیشگەڕانایەتەوە بۆ ناو ماڵو خێزانیان بە پێپێکەنینو پێ ڕابواردنیانەوە ئەگەڕانەوە .

وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُواْ إِنَّ هَؤُلاَءِ لَضَالُّونَ(٣٢)

ئەگەر بیشیاندینایە ئەیانوت ئەمانە کۆمەڵێکی گومڕاو سەرلێشواون .

وَمَا أُرْسِلُواْ عَلَيْهِمْ حَافِظِينَ(٣٣)

ئەم کافرانە نەیشنێررابوونە سەر موسوڵمانان بۆ پارێزگارییانو ئاگاداریلێکردنو ڕێپیشاندانیان .

فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُواْ مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ(٣٤)

بۆیە ئەمڕۆیش موسوڵمانەکان بە کافرەکان پێئەکەنن کە تووشی چارەنووسێکی وا ڕەش هاتوون .

عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ(٣٥)

بەسەر کورسیو قەنەفەوە سەیریان ئەکەن لە چ حاڵێکان !

هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ(٣٦)

جا ئاخۆ کافرەکان پاداشی کارو کردەوەی خۆیان درانەوە ؟

سوورەتی (الإنشقاق)
مەککەیی یەو ، (٢٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا السَّمَاءُ انشَقَّتْ(١)

کاتێ کە ئاسمان لەتبوو ،

وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ(٢)

فەرمانبەرداریی خوای خۆی کردو شایان کرا بۆ بیستنی فەرمانی خواو ،

وَإِذَا الْأَرْضُ مُدَّتْ(٣)

کاتێ کە زەوی تەخت کراو کێوو گردو تەپۆڵکەی بە ڕووەوە نەماو ،

وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ(٤)

هەرچیی لەناویا هەیە هەمووی فڕێدایە دەرەوەو خۆی بە یەکجاری خاڵی کردەوەو ،

وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ(٥)

فەرمانبەرداریی خوای خۆی کردو شایان کرا بۆ بیستنی فەرمانی خوا ،

يَاأَيُّهَا الْإِنسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَى رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ(٦)

تۆ ئەی ئادەمیزاد لەوڕۆژەدا بەپەلە ئەڕۆی بۆلای خوای خۆت و پێی ئەگەی .

فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ(٧)

جا هەرکەسیێ کتێبی کارنامەی خۆی بدرێتە دەستی ڕاســـتی ،

فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا(٨)

ئەوە لەوەپاش بەئاسانی لێی ئەپرسرێتەوەو ،

وَيَنقَلِبُ إِلَى أَهْلِهِ مَسْرُورًا(٩)

بە دڵی خۆشەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزان و کەسوکاری خۆی.

وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ(١٠)

هەرکەسێکیش کتێبی کارنامەی لەلای پشتیەوە بدرێتە دەستی چەپی ،

فَسَوْفَ يَدْعُو ثُبُورًا(١١)

ئەوە ئەکەوێتە هاوارو باوکەڕۆ،

وَيَصْلَى سَعِيرًا(١٢)

ئەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ .

إِنَّهُ كَانَ فِي أَهْلِهِ مَسْرُورًا(١٣)

ئەو لە دنیادا لەناو کەس وکارو خێزانی خۆیا دڵ شاد بووە .

إِنَّهُ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ(١٤)

ئەو گومانی وابوو هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ لای خوا .

بَلَى إِنَّ رَبَّهُ كَانَ بِهِ بَصِيرًا(١٥)

نـەخەیر وا نیـیەو ئەگەڕێتەوە بـۆلای خـواو خوا چاوی لێیەو ئەیبینێ .

فَلَا أُقْسِمُ بِالشَّفَقِ (١٦)

مـــن سوێند ناخۆم ـ مـەبەستی ئەوەیە سـوێند ئـەخۆم ـ بـــە سوورایی کەناری ئاسمانی پاش ڕۆژ ئاوابوونو ،

وَاللَّيْلِ وَمَا وَسَقَ(١٧)

بە شەوو بە هەرچی لەژێر جلی تاریکیی خۆیا داپپۆشیوەو ،

وَالْقَمَرِ إِذَا اتَّسَقَ(١٨)

بە مانگ کە پڕئەبێتەوە لە شەوی چواردەیا .

لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَنْ طَبَقٍ(١٩)

ئـێوە ئەی بـــەرەی ئادەمیزاد ! لـــە ژیانتاناو پاش مـــردنتان سواری کۆڵی چەندین حـاڵەتی یەك لـــەدوای یەکی هـــەرکامیان وەك ئەوی‌تریان ســـەختو نـــاڕەحەت ئەبن وەك مـــردنو پـــاش مـــردنو زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەتو لێپرسرانەوە لە حوزووری خوادا .

فَمَا لَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ(٢٠)

دەی ئەوە دەردیان چییە ئیمان ناهێنن ؟

وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لاَ يَسْجُدُونَ(٢١)

کـــە قـــورئانیان بەســـەرا بخـــوێـــنرێـــتەوە ســـوجدەی خـــوا بەگەورەزانین نابەن ؟

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ(٢٢)

لەمە گەڕێ ، ئەوانەی کافرن قورئان بە درۆ دائەنێن .

وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ(٢٣)

خـــوا خۆیشی لە هەمووکەس چاکـــتر ئەزانێ ئەمانە چییان لـــە دڵایە .

فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ(٢٤)

دەی مژدەی سزایەکی سەختیان بدەرێ .

إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ
مَمْنُونٍ(٢٥)

بەلاّم ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو چاکەیان کردووە ئەوانە پاداشێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە .

سوورەتی (ألبروج)
مەککەییەو ، (٢٢) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ(١)

قەسەم بە ئاسمانە خاوەن برجەکان .

وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ(٢)

قەسەم بەورۆژەی وەعدەی پێدراوە کە ڕۆژی قیامەتە .

وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ(٣)

قەسەم بەوکەسەی لە ئەحواڵی هەموو عالەم ئاگادارە کە خوایەو بەوشتە سەیرو عەجایبانەی لەوڕۆژەدا ئەبینرێن ، یا قەسەم بە پێغەمبەرو ئوممەتەکەی یا بە پێغەمبەران و ئوممەتەکانیان .

قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ(٤)

قەسەم بە هەموو ئەوانەی وتران ، لە ڕەحمەتی خوا دوورخراونەتەوە ئەوانەی زەوییان هەڵدڕی .

النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ(٥)

زەوییە هەڵدڕاوەکە کە ئاگری پڕسووتەمەنییە .

إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ(٦)

کاتێ کە خۆیان لە کەناری ئاگرەکەدا دانیشتبوون و ،

وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ(٧)

ئاگایان لێ بو چییان بە خاوەن باوەڕەکان ئەکردو بە ئاگر

سزایان ئەدانو ، لە ڕۆژی قیامەتیشا شایەتی لەسەر یەك ئەدەن لەبارەی ئەو کارەوە کە بە موسوڵمانەکانیان ئەکرد لە دنیادا .

وَمَا نَقَمُواْ مِنْهُمْ إِلاَّ أَن يُؤْمِنُواْ بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ(٨)

لەبەر هیچیش ڕقیان لێیـان نەبوو لەبەرئەوە نەبێ کە ئیمانیان هێنابوو بە خوای خاوەن عیززەت و ستایش کراو .

الَّذِي لَـهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَـيْءٍ شَهِيدٌ(٩)

کـە خاوەنی موڵـکی ئاسمانەکانو زەوییەو ، خوا ئاگای لـە هەموو شتێ هەیە .

إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُـؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُواْ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ(١٠)

بێگـومان ئەوانەی پیاوو ژنە موسوڵمانە خاوەن باوەڕەکانیان تووشی ئـازارو نـاڕەحەتی کـردو پاشانیش پەشیمان نەبوونـەوەو تـۆبەیان نـەکـرد ، ئـەوانە سزای دۆزەخیـان بـۆ هـەیەو سزای سووتاندنیان بۆ هەیە .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِـحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ(١١)

بەڕاستی ئەوانەی ئیمانـیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە بـەهەشتەهایەکیان بــۆ هەیە جــۆگەو ڕووبار بـەژێریانا ئـەڕواو ، گەیشتنی گەورەیش بە نیعمەتی خوا ئەمەیە .

إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ(١٢)

بەڕاستی خوا سەختگیرە .

إِنَّهُ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ (١٣)

بەڕاستی هەر خوایە لە سەرەتاوە ئادەمیزاد دروست ئەکاو هەر ئەویشە لەو دنیا زیندووی ئەکاتەوەو دروستی ئەکاتەوە .

وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ(١٤)

هەر ئەویشە بەڕاستی گوناهبەخشو خاوەن خۆشەویستی بۆ ئەوانەی فەرمانبەرداریی لێ ئەکەن .

ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ(١٥)

خاوەنی عەرشەو پڕشکۆیە .

فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ(١٦)

هەرچی خواستی لەسەر بێ ئەیکا .

هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْجُنُودِ(١٧)

ئایا هەواڵی لەشکرەکانت پێگەیشتووە کە چیمان پێکردن ؟

فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ(١٨)

فیرعەونو سەموودو دەستەو لەشکرەکانیان کە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردو ئێمەیش غەزەبمان لێ گرتن ؟

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكْذِيبٍ(١٩)

لێگەڕێ لەوان . ئەمانەی مەککە لەوان خراپترن چونکە سەرگوزەشتی ئەوانیش ئەزانن و هێشتا هەر ئیمان ناهێنن . کافران هەمیشە هەر وان . پێغەمبەران بە درۆزن دائەنێن و ئیمانیان پێ ناهینن .

وَاللَّهُ مِنْ وَرَائِهِم مُّحِيطٌ(٢٠)

خوایش لە دوایانەوە گەمارۆی داون و ناتوانن لە دەستی دەرباز بین .

بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَّجِيدٌ(٢١)

گوێمەدەرە قسەی کافرەکانی مەککە . ئەو قورئانەی ئەوان باوەڕی پێ ناکەن قورئانێکی پڕشکۆیە .

فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ(٢٢)

لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوەتەوەو دەستی هیچ جۆرە گۆڕین و شێواندنێکی ناگاتێ .

سوورەتی (ألطارق)
مەككەیی‌یەو ، (١٧) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ(١)

قسەم بە ئاسمانو بەو ئەستێرەی بە شەو دەرئەكەوێ .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ(٢)

تۆ چوزانی ئەو ئەستێرەی بە شەو دەرئەكەوێ چییە؟

النَّجْمُ الثَّاقِبُ(٣)

ئەو ئەستێرەیە بە تیشكی خۆی پەردەی تاریكی ئەسمێ .

إِنْ كُلُّ نَفْسٍ لَمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ(٤)

قسەم بەوانە هیچ نەفسێ نییە نێگابانێكی لەسەر نەبێ .

فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ(٥)

دەسا با ئادەمیزاد وردبێتەوە لە چی دروست كراوە ؟

خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ(٦)

لە ئاوێكی هەڵقوڵاو دروست كراوە .

يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ(٧)

لەنێوان پشتی پیاوو ئێسكی سنگی ئافرەتەوە دەرئەچێ .

إِنَّهُ عَلَى رَجْعِهِ لَقَادِرٌ(٨)

بێگومان خوا ئەیشتوانێ جارێكیتر ئەو ئادەمیزادە دروست

كاتەوە .

يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ(٩)

لەوڕۆژەدا کە نهێنییەکان چاكو خراپیان لێك جوێئەکرێنەوە.

فَمَا لَهُ مِنْ قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ(١٠)

ئادەمیزاد لـــەوڕۆژەدا نـــە خۆی هێزی هەیە داکۆکی لـــە خۆی بکاو ، نە یارمەتیدەرێکیشی هەیە بگاتە فریایو یارمەتیی بدا.

وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ(١١)

قەسەم بـــە ئاسمانی خاوەنی جوولەو هەڵسووڕانەوە کە لەپاش تەواوکردنی هەر خولێکی ئەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی خولی جوولەکەی لێوە دەست پێکردووە .

وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ(١٢)

قەسەم بە زەوی کە خاوەنی ئـەو گژوگیاو دارو درەختانەیە لـــە درزی ئەوەوە دێنەدەر .

إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ(١٣)

ئەم قورئانە فەرموودەیەکە ڕاستو چەوت لێك جوێئەکاتەوەو،

وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ(١٤)

وتارێکی وا نییە بەگاڵتە وترابێ .

إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا(١٥)

بێگومان کافرەکانی مەککە تەگـبیر ئەکەنو پیلان ئەنێنەوە بـۆ لەکارخستنی قورئان لە دڵی خەڵکا .

وَأَكِيدُ كَيْدًا(١٦)

مـــنیش تەگبیری خـــۆمیان لێ ئـــەکەمو ڕایانئەکێشم بـــۆ تۆڵە

لێسه‌ندنه‌وه‌یان‌و بۆ زاڵ کردنی قورئان به‌سه‌ر پیلانه‌کانی ئه‌وانا .

فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا(١٧)

ده‌ی مۆڵه‌تی ئه‌و کافرانه بده بۆ ماوه‌یی‌و په‌له‌ت نه‌بێ بۆ سزادانیان ، منیش چه‌رده‌یه‌ك مۆڵه‌تیان ئه‌ده‌م‌و لێیان ئه‌گه‌ڕێم تا سه‌رنجام تۆڵه‌ی حه‌قی خۆیانیان لێ ئه‌سێنمه‌وه .

سوورەتی (الأعلى)
مەککەییەو ، (١٩) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى(١)

نـــاوی بەرزی خـوای خــۆت خاوێن ڕابــگرە لەوە کـــە هـــەر ناتەواوییەکی بدرێتە پاڵ .

الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ(٢)

ئـــەو خـــوایەی کـە شتەکانی لە نەبوون دروســـت کـــردووەو ڕێکیخستوونو ،

وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ(٣)

ئەو خوایەی ئەندازەی هەموو مەوجوودێکی گرتووەو شارەزای کردووە بۆ ئەو ئامانجەی بۆی دروست کراوەو ،

وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَىٰ(٤)

ئەو خوایەی لەوەڕو لەوەڕگای شین کردووە تا چوارپێو ئاژەل لێی بلەوەڕێنو ،

فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَىٰ(٥)

پاشان ئەو لەوەڕەی وەرگێڕاوە بە پووشێکی ڕەش .

سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰ(٦)

ئێـــمە وات لـــێئەکەین ئەو ئایەتانە بخـــوێنیتەوە کـــە بەهـــۆی جیبریلەوە نـــازڵیان ئەکـــەینە سەرت ، بـــەجۆرێـــکـــیوا کـــە پـــاش

نازڵکردنەکەیان لەبیرت نەچێتەوە .

إِلاَّ مَا شَاءَ اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ(٧)

ئەو ئایەتانە نەبێ کە خوا خۆی ئەیەوێ لەبیرت بچنەوە چونکە نەسخیان ئەکاتەوە ، ئەو خۆی بێگومان زانایە بە هەرچی ئاشکراو نهێنییەك کە هەیە .

وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ(٨)

ئێمە ئامادەت ئەکەین بۆ ئاسانترین ڕێگا بۆ لەبەرکردنی ئایەتەکانی قورئان .

فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَىٰ(٩)

دەی تۆ ئامۆژگاریی خەڵك بکە ئەگەر ئامۆژگاری سوودی ببێ .

سَيَذَّكَّرُ مَنْ يَخْشَىٰ(١٠)

سەرەنجام هەرکەسێ لە خوای خۆی بترسێ بیرئەکاتەوەو سوود لە ئامۆژگاری وەرئەگرێو ،

وَيَتَجَنَّبُهَا الْأَشْقَىٰ(١١)

ئەوەیش زۆر خراپ کار بێ خۆی دوورئەگرێ لە بیرکردنەوەو سوود وەرگرتن لە ئامۆژگاری .

الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَىٰ(١٢)

ئەو مرۆ زۆر خراپکارەی پاش لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت ئەچێتە ناو ئاگرە گەورەکە .

ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ(١٣)

پاش چوونە ناو ئاگرەکەیش نە ئەمرێ لەناویا تا بحەسێتەوەو نە ئەیشژی ژیانێکیوا چەردەیێ ئیسراحەتو حەسانەوەی تیا بێ .

قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكَّىٰ(١٤)

بەڕاستی ڕزگاری ئەبێ ئەوکەسەی خۆی لە تاوان خاوێن کاتەوەو ،

وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّىٰ(١٥)

ناوی خوای خۆی بە دڵو بە زوبان بهێنێو ئەوجا نوێژەکانیشی بکا .

بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا(١٦)

کەچی ئێوە ژیانی دنیا هەڵئەبژێرن بەسەر ژیانی قیامەتدا .

وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ(١٧)

بەلاٚم ئەو دنیا باشترو پایەدارترە .

إِنَّ هَٰذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَىٰ(١٨)

ئەمە کە ئەوەی خۆی لە تاوان خاوێنکاتەوە ڕزگاری ئەبێ .. تا دوایی ، لە نووسراوە پێشووەکانا هەیە .

صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ(١٩)

ئەو نووسراوانەی خوا نازڵی کردوونەتە خوارەوە بۆسەر ئیبراهیم و مووسا .

سوورەتی (ألغاشية)
مەككەیی یەو ، (٢٦) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ(١)

ئایا باسی ئەو بەلاّ سەختەت هاتووەتەلا كە ئادەمیزاد دائەگریٚ ، كە رِۆژی قیامەتە ؟

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَاشِعَةٌ(٢)

لەورِۆژەدا چەندەها سەررِوو ملكەچ و زەلیلن .

عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ(٣)

كارئەكەن و ماندووو ئەبن لەناو دۆزەخا زنجیر بەدوای خۆیانا رِائەكیٚشن .

تَصْلَى نَارًا حَامِيَةً(٤)

ئەرِۆنە ناو ئاگری گەرم و پرِتینەوە .

تُسْقَى مِنْ عَيْنٍ آنِيَةٍ(٥)

ئاویان لە سەرچاوەیەكی گەرم ئەدریٚتیٚ .

لَيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلاَّ مِنْ ضَرِيعٍ(٦)

لە وشترخوار بەولاوە خۆراكیان نییە .

لاَّ يُسْمِنُ وَلا يُغْنِي مِنْ جُوعٍ(٧)

نە مرۆ قەلّەو ئەكاو نە برسیٚتی ئەشكیٚنیٚ .

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ(٨)

چەندەها سەروڕووو لەو ڕۆژەدا لە نازو نیعمەتان.

لِسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ(٩)

ڕازین بەوەی لە دنیادا کردوویانە چونکە پاداشەکەی ئەبینن .

فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ(١٠)

لە بەهەشتێکی بەرزدان .

لا تَسْمَعُ فِيهَا لاغِيَةً(١١)

تۆ ، یا ئەوان ، لەو بەهەشتەدا قسەی هیچو پووچ نابیسن .

فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ(١٢)

کانیاوێکی ڕەوانی تیایە .

فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ(١٣)

چەندین تەختگەلی بەرزو بڵندیشی تیایە .

وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ(١٤)

چەندین پەرداغی دانراویشی تیایە .

وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ(١٥)

چەندین پشتیی ڕیزکراویشی تیایە .

وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ(١٦)

چەندین فەرشی ڕاخراویشی تیایە .

أَفَلا يَنْظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ(١٧)

ئەوە بۆ ئەو کافرانە سەیری وشتر ناکەن چون خولڵقێنراوە ؟

وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ(١٨)

بۆ سەیری ئاسمان ناکەن چۆن بەرزکراوەتەوە ؟

وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ(١٩)

بۆ سەیری چیاکان ناکەن چۆن دامەزرێنراون ؟

وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ(٢٠)

بۆ سەیری زەوی ناکەن چۆن تەخت کراوە ؟

فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ(٢١)

تۆ ڕێی چاکەو خراپەیان بیرخەرەوە ، قەیدی نییە گوێیشت لێ نەگرن ، تۆ هەر بیرخەرەوەیت .

لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُصَيْطِرٍ(٢٢)

تۆ خاوەن دەسەڵاتو زاڵ نیت بەسەر ئەوانا .

إِلَّا مَنْ تَوَلَّى وَكَفَرَ(٢٣)

بەڵام کەسێ پشت لە خوا هەڵکاو کافر بێ ،

فَيُعَذِّبُهُ اللَّهُ الْعَذَابَ الْأَكْبَرَ(٢٤)

ئەوە خوا سزای هەرە گەورەی ئەدا .

إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ(٢٥)

بێگومان سەرەنجام گەڕانەوەی ئەو کافرانە بۆلای ئێمەیە .

ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ(٢٦)

پاشانیش لێپرسینەوەیان لەسەر ئێمەیەو ئێمە حیسابو کیتابیان لەگەڵ ئەکەین .

سوورەتی (ألفجر)
مەککەییەو ، (٣٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالْفَجْرِ(١)

سوێند بە کاتی بەرەبەیان

وَلَيَالٍ عَشْرٍ(٢)

سوێند بە دە شەوەی یەکەمی مانگی قوربان (ذي الحجة) .

وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ(٣)

سوێند بە هەموو مەخلووقات کە هەرکامیان بگری جووتەو ، بە خالق کە خوایەو تاکو تەنیایە .

وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ(٤)

سوێند بە شەو کاتێ کە بەسەرئەچێ .

هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ(٥)

ئایا لەم سوێندانەدا واتای سوێند لای مرۆی خاوەن هۆش هەیە ؟

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ(٦)

نەتدی خوای تۆ چیی کرد بە خێڵی عاد ؟

إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ(٧)

عادی شاری ئیرەمی خاوەن کۆشکو تەلاری پڕ لە کۆڵەکەی ئەستوور .

الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلادِ(٨)

کە وێنەی لەناو شارانا دروست نەکرابوو

وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُواْ الصَّخْرَ بِالْوَادِ(٩)

ئەی نەتدی چیی کرد بە خێڵی سەموود کە تاشە بەردیان لە شیوی (وادی القری) بڕیبوو و کردبوویان بە شوێنو ماوا بۆخۆیان ؟

وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ(١٠)

ئەی نەتدی چییکرد بە فیرعەونی خاوەن دەوارو هەسوون ، یا فیرعەونی مێخ داکوت بـۆ سزادانی هـەرکەسیٚ بیویسـتایە سـزای بدایە ؟

الَّذِينَ طَغَوْاْ فِي الْبِلادِ(١١)

ئـەو عـادو سەمـوودو فیرعەونەی هەریەکە لـە وڵاتیخـۆیا توغیانی کردبوو و ،

فَأَكْثَرُواْ فِيهَا الْفَسَادَ(١٢)

بە کوفرو ستەم پڕیان کردبوو لە فیتنەو فەسادو خراپە .

فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ(١٣)

جا خواکەی تۆیش جۆرەها سزای بەسەریانا ڕژاند .

إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ(١٤)

بێگومان خوای تۆ لە کەمیندایەو ئەیانبینیٚ چی ئەکەن .

فَأَمَّا الْإِنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ(١٥)

هەرچی ئادەمیزادە هەر دنیای مەبـەستە ! کاتی کـە خوا ، بۆ

تاقیکردنەوەی ، قەدری گرتو نازو نیعمەتی بەسەرا ڕژاند ، ئەڵێ : خوای خۆم قەدری گرتووم .

وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ(١٦)

ئەگەریش وای تاقیکردەوە کە ڕزقو ڕۆزیی لێ کەم کردەوە ئەڵێ : خوای خۆم سووکیی پێ کردووم .

كَلاَّ بَل لاَّ تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ(١٧)

نەخێر مەسەلە بەوجۆرە نییە . نە ڕزقو ڕۆزی زۆرکردن مەعنای ئەوەیە خواحورمەتی کەسە ڕزقو ڕۆزی زۆر کراوەکەی گرتووەو ، نە ڕزقو ڕۆزی کەم کردنیش مەعنای ئەوەیە خوا بەسووکی ڕوانیویەتە کەسە ڕزقو ڕۆزی کەم کراوەکە . بەڵام ئێوە خۆتان حەزتان لە پیاوەتی کردن نییەو قەدری هەتیو ناگرنو ،

وَلا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ(١٨)

هانی خەڵك نادەن خۆراك بدەن بە هەژارانو ،

وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلاً لَّمًّا(١٩)

ماڵی میراتی ئەخۆن بێجیاوازی خستن لە نێوان میراتی حەڵاڵو حەراماو، بەشی منداڵو هەتیوو ئافرەتی بێدەسەڵاتو هیچ بێدەسەڵاتێ جیاناکەنەوە بۆیانو ،

وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا(٢٠)

ماڵی دنیاتان زۆر زیاد لە ڕادەی مەعقوول خۆش ئەوێ .

كَلاَّ إِذَا دُكَّتِ الأَرْضُ دَكًّا دَكًّا(٢١)

واز لەم کارو کــردەوانە بێنن . کــاتێ کــە زەوی جــار لەدوای جار بکوترێتەوەو هەمووی تەخت ببێ‌و ،

وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا(٢٢)

خوای تۆو فریشتەکان پۆل پۆل بێن‌و (مەبەست لە هاتنی خوا دەرکەوتنی نیشانەکانی توان‌و دەسەلاتیەتی) ،

وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَــهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَــذَكَّرُ الْإِنْسَــانُ وَأَنَّى لَــهُ الذِّكْرَى(٢٣)

ئــەورۆژە دۆزەخیش ئەهێنرێتە بەرچاوی خەلْك .. لەورۆژەدا ئادەمــیزاد بیرئەکاتەوە کە هەڵوێستی لــە دنیادا چــی بووە ، بـەلاّم بیرکردنەوە چ دادێکی ئەدا لەوکاتەداو سوودی چییە بۆی ؟

يَقُولُ يَالَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي(٢٤)

ئادەمیزاد لەوکاتەدا ئەڵێ : بریا لـە دنیادا بیری پــاك‌و کرداری چاکم پێش خۆم بخستایە بۆ ژیانی ئەمڕۆم .

فَيَوْمَئِذٍ لاَّ يُعَذِّبُ عَذَابَهُ أَحَدٌ(٢٥)

لەوڕۆژەدا کەس بەچەشنی سزای خوا کەس سزا ناداو ،

وَلا يُوثِقُ وَثَاقَهُ أَحَدٌ(٢٦)

کەس بەچەشنی کۆت‌و زنجیرکردنێ کە خوا ئەیکا کەس کۆت‌و زنجیر ناکا .

يَاأَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ(٢٧)

لــەورۆژەدا لەلایەنی خــواوە بانگ ئەکرێتە هــەموو خــاوەن باوەڕانی گــوفتار پاك‌و کــردار چاك‌و، پێیان ئەوترێ : ئەی گـیانی

خاوەن متـمانەو دامەزراو !

ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨)

وەرەوە بۆ لای خوای خۆت بـــە ڕەزامــەندیی خــۆت و لـەگەڵ ڕەزامەندیی خوایش لێت .

فَادْخُلِي فِي عِبَادِي(٢٩)

وەرە ناو بەندە باشەکانمو ،

وَادْخُلِي جَنَّتِي(٣٠)

وەرە بەهەشتی منەوە .

سوورەتی (ألبلد)
مەككەییەو ، (٢٠) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

لا أُقْسِمُ بِهَذَا الْبَلَدِ(١)

سوێند ناخۆم (مەبەستی ئەوەیە سوێند ئەخۆم) بەم شارە (كە مەبەستی مەككەیە) ،

وَأَنْتَ حِلٌّ بِهَذَا الْبَلَدِ(٢)

لە حاڵێكا كە تۆ نیشتەجێی ئەم شارەی .

وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ(٣)

سوێند ناخۆم بە باوكێ كە ئیبراهیمەو بەوەی لە نەوەی ئەو بەوەڵەد بووە كە مەبەست لێی پێغەمبەرە .

لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي كَبَدٍ(٤)

ئێمە بەڕاستی ، ئادەمیزادمان لە هەموو ژیانیا لە ماندوویەتی و ئەركا دروست كردووە .

أَيَحْسَبُ أَن لَّنْ يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ(٥)

ئایا ئادەمیزاد (دیارە مەبەستی لە هەندێكەسە لەوانەی بەربەرەكانێی پێغەمبەریان ئەكرد) گومان وائەبا كەس دەسەڵاتی بەسەریا ناشكێ ؟

يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالاً لُّبَدًا(٦)

بەفیزەوە ئەڵێ : من ماڵێكی زۆرم خەرج كردووە .

أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُ أَحَدٌ(٧)

ئایا لای‌وایە کەس نەیدیوەو کەس پیٚ‌نازانیٚ ئەو پـارە زۆرەی لەچیدا خەرج کردووە ؟

أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ(٨)

ئایا ئیٚمە دوو چاومان بۆ دروست نەکردووە پیٚیان ببینیٚو ،

وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ(٩)

زوبانیٚك‌و دوو لیٚـومان بـۆ دروست نـەکردووە بە زوبانـەکەی بدویٚو بە لیٚوەکانی زمان‌و ددانی داپۆشیٚ ؟

وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ(١٠)

هـەردوو مەمکی دایکیشیمان پیشان داوە شیریان لیٚ بخوا ، یا ریٚگای چاکەو خراپەمان پیشان داوە تا چاکە بکاو خراپە نەکا .

فَلاَ اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ(١١)

دەی بۆچی سوپاسی ئـەو نیعمەتانەی نەکرد بـەوە کە خۆی هەڵکوتیٚتە ناو کاریٚکی قورسی پڕبایەخەوە ؟

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ(١٢)

تۆ چوزانی کاری قورسی پڕبایەخ چییە ؟

فَكُّ رَقَبَةٍ(١٣)

کـردنەوەی کـۆتی بەندەیی لـە گەردنیٚکە ، واتـە ئازادکردنی بەندەیەکە .

أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ(١٤)

یاخود نان دەرخوارددانیٚ لە ڕۆژیٚکی قاتی‌و قڕی‌و برسـیٚتیدا،

يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ(١٥)

بە هەتیویٚکی خزمی خۆی ،

أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ(١٦)

یا بە هەژاریٚکی تۆزو خۆڵاوی .

ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَوَاصَوْاْ بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْاْ بِالْمَرْحَمَةِ(١٧)

پاش ئەمەیش و لەمەیش بەولاوە لەوکەسانە بیّ کە ئیمانیان هیٚناوەو ، خەڵکیان ڕاسپاردووە کە لەڕیٚی خوادا سەبرو تەحەممولیان ببیّو خۆیان بگرنو ، خەڵکیان ڕاسپاردووە کە میهرەبان بن لەگەڵ هەرکەس پیٚویستی بە میهرەبانی بیّ .

أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ(١٨)

پیاوی خاوەن بەرەکەت ئەوانەن وائەکەن ، یا ئەوانەی کارنامەیان لەڕۆژی قیامەتا ئەدریٚتە دەستی ڕاستیان ، ئەوانەن ئەم کارانە ئەکەن .

وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا هُمْ أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ(١٩)

ئەوانەیش کە ئینکاری ئایەتەکانی ئیٚمە ئەکەن،ئەوانن خاوەنی شوومیو بەدبەختی ، یا ئەوانەن کارنامەیان لە ڕۆژی قیامەتا ئەدریٚتە دەستی چەپیان

عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌ(٢٠)

ئاگریٚکی دەرگاداخراو بەسەر ئەم جۆرە کەسانەوەیە . خوا پەنامان بدا .

سوورەتی (ألشمس)
مەككەییەو ، (١٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا (١)

سوێند بە خۆرو بە ڕووناكییەكەی .

وَالْقَمَرِ إِذَا تَلاهَا(٢)

سوێند بە مانگیش كە بە شوێنیا دێ .

وَالنَّهَارِ إِذَا جَلاَّهَا(٣)

سوێند بە ڕۆژیش كـــە خۆر جــوان دەرئەخا واتـــە خــۆری تیا دەرئەكەوێ .

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا(٤)

سوێند بە شەویــش كە ڕۆژ دائەپۆشێو ناهێڵێ ڕووناكییەكەی بگات .

وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا(٥)

سوێند بە ئاسمانو بەو خوایەی دروستی كردووە .

وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا(٦)

سوێند بە زەویو بەو خوایەی ڕایخستووەو تەختیكردووە .

وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا(٧)

سوێند بە نەفسی ئادەمیزادو بەوخوایەی وای دروست كـردووە

کە ئامادەی کردووە بۆ هەموو سیفەتو کردارەکانی .

فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا(٨)

جـا نیشانی داوە لە فـەرمانی خـوا دەرچوونـی کامـەیەو لەخواترسانی کامەیە .

قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا(٩)

سوێند بە هەموو ئەوانە ، ئەوکەسەی نەفسی خۆی پاك کاتەوە لە سیفاتی خراپو ناشیرین ڕزگاری ئەبێو ،

وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا(١٠)

ئـەوەی پەردەی نـەفامیو نەزانیو بـێشەرمیی بدا بـەسەرا نائومێدو بێبەش ئەبێ .

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا(١١)

خێڵی سەموود بەهۆی توغیانو غەڕراییی خۆیانەوە ئینـکاری پێغەمبەرایەتیی صالْحیان کردو بە درۆزنیان دانا .

إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا(١٢)

کـاتێ کە خراپترین پیاوی خێڵەکە ڕاست بـووەوە وشـترەکەی صالْح پێغەمبەر سەربڕێ ،

فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا(١٣)

صـاڵحی پێغەمبـەری خـوایش پێیوتن : لـەو وشتری خـوایە گەڕێنو سەری مەبڕنو وازی لـێبێنن بەشە ئاوی خۆی بخـواتەوە ، ئەگـینا خوا غەزەبتان لـێئەگرێ .

فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُمْ بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا(١٤)

ئـەوانیش صالْحیان بەدرۆخستەوەو وشـترەکـەیان پەیکـردو چـوارپەلیان بڕییەوەو وشترەکە مـرد . خـوایش بەهۆی گـوناهی خۆیانەوە غـەزەبی لـیٚ گرتن‌و سزایدان‌و هەڕەشەکەی صـالْحی لـیٚ هیٚنانەدیو ،

وَلا يَخَافُ عُقْبَاهَا(١٥)

لە ئەنجامی ئەو غەزەب لیٚگرتن‌و سزادانەیشیان ناترسیٚ .

سوورەتی (الليل)
مەککەییەو ، (٢١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ(١)

سوێند بە شەو کە دنیا دائەگرێ .

وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ(٢)

سوێند بە ڕۆژ کە باش دەرئەکەوێ .

وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَىٰ(٣)

سوێند بەو خوایەی نێرو مێی دروست کردووە .

إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ(٤)

سوێند بە هەموو ئەمانە گومانی تیا نییە هەوڵو تەقەلای ئێوە جۆرەهای جیاجیای هەیە .

فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ(٥)

جا هەر کەسێ ماڵی خۆی بدا لە ڕێی خواداو لە خوا بترسێو ،

وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ(٦)

باوەڕیشی بە وشەی جوان ببێ کە ڕستەی (لا اله الا الله)یە ،

فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ(٧)

ئەوە ئێمە ئامادەی ئەکەین بۆ ئیسراحەتو ژیانی ئاسان کە ژیانی ناو بەهەشتە .

وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ(٨)

هەر کەسێکیش ڕژدی بکا لە خەرجکردنا لە ڕێی خواداو خۆی بە ژیانی دنیا بێئیحتیاج بزانێ لە نیعمەتی ئەو دنیاو ،

وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ(٩)

باوەڕی بە وشەی جوانی (لا اله الا الله) نەبێو بە درۆی بزانێ ،

فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ(١٠)

ئەوە ئێمە ئامادەی ئەکەین بۆ ژیانی هەرە ناڕەحەت کە ژیانی دۆزەخە .

وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ(١١)

کە تێیشگلاو کەوتە چاڵی گۆڕەوە ماڵو داراییەکەی سوودی ناگەیەنێتێ .

إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ(١٢)

بێگومان لەسەر ئێمەیە خەڵك شارەزا بکەین بۆ ڕێگای هیدایەتو خواناسی .

وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ(١٣)

بەڕاستی دنیاو قیامەتیش هەر هی ئێمەیە .

فَأَنْذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ(١٤)

جا بۆیە وا من ئەتانترسێنم لە ئاگرێ بڵێسەی لێ ئەبێتەوە .

لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى(١٥)

ناچێتە ناویو ئازاری ناچەژێ مەگەر ئەو لەهەموان خراپترەی

الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ(١٦)

خواو پێغەمبەرانی خواو ڕۆژی قیامەتی بە درۆ داناوەو پشتی

لـێ هەڵکردوون .

وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى(١٧)

لــەخواترسترین کـەسیشی لــێ دوور ئەخرێتەوە کە ئەوکەسەیە هاوبەشی بۆ خوا دانەنابێو خۆی لە گوناە دوور گرتبێو ،

الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّى(١٨)

ماڵی خۆی بدا بە موستەحەققانو بەوە خۆی خاوێن بکاتەوە .

وَمَا لِأَحَدٍ عِنْدَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَى(١٩)

کەسێکیش نەبێ نیعمەتێکی بەسەر ئەم لــەخواترسەوە ببێ کە ئەو بەم خێرو حەسەنات کردنەی پاداشی بداتەوە .

إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَى(٢٠)

بەڵام مەبەستی ئەم لــە خێرو حەسەناتەکەی تــەنها ڕەزامەندیی خوای بڵندو باڵای خۆی بێ .

وَلَسَوْفَ يَرْضَى(٢١)

ئەم مرۆ لە خواترسە خێرو حەســەنات‌کەرە لــەمەوپاش ، واتە لە ڕۆژی قیامەتا ، ڕازی ئەبێ بەو پاداشەی خوا ئەیداتەوە .

سوورەتی (ألضحی)
مەککەیی‌یەو ، (١١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالضُّحَىٰ(١)

سوێند بە کاتی چێشتەنگا .

وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ(٢)

سوێند بە شەو کاتیٚ کە خەڵك ئارام‌ئەگرن .

مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ(٣)

خوای تۆ نە دەسبەردار بووە لێت‌و پێوەندی پێوە بڕیوی‌و ، نە زویر بووە لێت‌و قینی لێت هەستاوە .

وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ(٤)

بێ‌گومان دوارۆژیش باشترە بۆت لەم دنیایە .

وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ(٥)

لەمەولایش خوای خۆت پایەو پلەت ئەداتی‌و تۆیش پێی ڕازی ئەبی .

أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ(٦)

ئەو تۆی بە هەتیوی نەدی‌و جێی‌کردیتەوەو ،

وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ(٧)

تۆی بیٚ ئاگا نەدی لە ئایین‌و ئەحکامی خوایی‌و هیدایەتی دای‌و ڕێگای بەدوای خوادا گەڕانی پیشان‌دای‌و کردیتی بە

پێغەمبەرو ،

وَوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَىٰ(٨)

تۆی بە هەژارو خاوەن خێزان نەدیو دەوڵەمەندی کردی ؟

فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلاَ تَقْهَرْ(٩)

مادەم وایەو ، لــە بەرانبەری ئەم گشتە نیعمەتەی خوادا ، کــە هەتیوێکت بەردەست کەوت ئەو ماڵو دارایییەی داگیر مەکە بۆ خۆت کە بە میرات بۆی ماوەتەوە .

وَأَمَّا السَّائِلَ فَلاَ تَنْهَرْ(١٠)

کــە سواڵکەرێکیش هات داوای شتێکی لـیْ کردی لێی تــوورە مەبەو دەست مەنێ بەڕوویەوە .

وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ(١١)

باسی ئەو نیــعمەتانەی خوایش بــۆ خەڵك بگــێڕەوە کە داونی پێت ، کە باشترین جۆری ئەو بــاسی نیعمەتی خوا گێڕانەوەیش بــە کردەوە ئەوەیە بەشی هەژاران و دەست کورتانی لـیْ بدەی .

سوورەتی (ألشرح)
مەککەیی یەو ، (٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ(١)

ئایا سنگتمان بۆ گوشاد نەکردی تا وای لێ هات بۆ موناجاتی خواو بانگکردنی خەڵك بۆ ئیسلامەتی بشێ ؟

وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ(٢)

ئەو بارە گرانەیشمان لەسەر شانت داگرت ،

الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ(٣)

کە قورس بوو بەسەر پشتتەوە ، کە باری گرانی نەتوانینی گەیاندنی نامەی پێغەمبەرایەتییە بە خەڵكو ، توانیت بەباشی بییانگەیەنیتێو هەرچیت لەو ڕێگادا دێتەڕێ تەحەمولی بکەیو ؛

وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ(٤)

ناووبانگتمان بۆ هەمیشە لە دنیادا بەرز کردەوە .

فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(٥)

ئەمە بۆیە بوو چونکە بەڕاستی لەگەڵ هەر ناڕەحەتییەکا ڕەحەتییەك هەیە .

إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(٦)

لەگەڵ هەر ناڕەحەتییەکا ڕەحەتییەك هەیە .

فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ(٧)

جـا کە لە ئەرکی گـەیاندنی نامەی پێغەمبەرایەتی ئـەبیتەوە خۆت بە خواپەرستییەوە ماندوو بکەو ،

وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ(٨)

هـەر لـە خـوای خۆت بپاڕێرەوە ، هـەر ئەوە ئەتوانێ چاری گیروگرفتەکانت بکاو داواکانت بۆ بێنێتەدی .

سوورەتی (ألتين)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ(١)

سوێند بە هەنجیرو بە زەیتوون .

وَطُورِ سِينِينَ(٢)

سوێندیش بە کێوی تووری سینا .

وَهَذَا الْبَلَدِ الأَمِينِ(٣)

سوێندیش بەم شاری ئەمین‌و کەس تیا نەترساوە کە مەککەیە .

لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ(٤)

سوێند بە هەموو ئەمانە ، ئێمە ئادەمیزادمان لە جوانترین شێوەی ڕێکوپێکیدا دروست کردووە .

ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ(٥)

پاشانیش کە پیر ئەبێ ئەیگێڕینەوە بۆ پایەیێ لە خوار هەموو پایەیەکەوە کە ئەوەتە پشتی کۆم ئەبێ‌و ئەگەر نەمرێ لە جێی خۆیا ئەکەوێ‌و ناتوانێ بجوولێ .

إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ(٦)

بەڵام ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چـاکیان لـە دنیادا بووە ، ئەوانە با وایـش پیر بن‌و بگەنە ئـەو کـڵۆڵی‌و داماوییە ، لـە قیامەتا پاداشێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە .

فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ(٧)

کەواتە پـاش ئەمە هەمووی ، چی وات لـێ‌ئەکا باوەڕ بە ڕۆژی جەزادانەوە نەکەی ؟

أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ(٨)

ئایا خوایەك کە ئەمە کردەوەی بێ کـاری لـە هەموو حوکمڕانێ ڕێکوپێکترو بەڕێوجێتر نییە ؟ (بەڵێ وەڵڵا) .

سوورەتی (ألعلق)
مەککەییەو ، (١٩) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ(١)

قورئـان بخوێنه لــەگەڵ هێنــانی ناوی ئەو خوایەی خۆتا کــە دروستکردنی هەر دروستکراوێ کاری ئەوە .

خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ(٢)

ئەو خوایەی ئادەمیزادی لە پارچەیێ خوێن دروست کردووە .

اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ(٣)

بخوێنەو خوای تــۆ لە هەموو بەخشندەیێ بەخشندەتــرە یــا بەخشندەی تاقانەیە .

الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ(٤)

ئــەو خوایەیە کــە ئادەمیزادی بەهۆی قەڵەمەوە فێرە خــوێندن کردووە .

عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ(٥)

ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردووە کە پێشان نەیزانیون .

كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ(٦)

ئەوەی ئینکاری نیعمەتی خــوا ئەکا بەسەر ئادەمــیزادەوە بــا دەسبەردار ببێ لەو کارەی، بەڕاستی ئادەمیزاد عادەتی وایە توغیان ئەکاو غەڕرا ئەبێ لە خۆی ،

أَن رَّءَاهُ اسْتَغْنَىٰ(٧)

هەر ئەوەندە خۆی ببینیٚ بـیٚنیازە لە خەڵكو پـیٚویستی پیٚیان نییە .

إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ(٨)

بـیٚگـومان سەرەنجـام گـەڕانەوە بـۆ لای خـوای خـۆتە ئـەی ئادەمیزاد ، واتە : ئەگەڕیٚیتەوە بۆ لای ئەو .

أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَىٰ(٩)

ئایا تۆ کەسیٚکیوات دیوە مەنعی

عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ(١٠)

بەندەیەکی خوا بکا لە نویٚژکردن کاتیٚ کە نویٚژ بکا ؟

أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ(١١)

پیٚم بڵیٚ ئەگەر ئەو مەنـعکەرە کە مەنعی بەندەکە ئەکا لە نویٚژ کردن ، خۆی لەسەر ڕیٚی هیدایەت بووایە ،

أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَىٰ(١٢)

یا فەرمانی بە خۆ لەگوناە پاراستن بدایە ،

أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ(١٣)

پـیٚم بڵیٚ ئەگەر بهاتایەو بەندە نـویٚژکەرەکە بـاوەڕی بـە ڕیٚی هیدایەتەکەی ئەو نەبوایەو پشتی تیٚهەڵکردایە ،

أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ(١٤)

ئەم نەیئەرانی خـوا چـاوی لیٚیە چـی ڕووئەداو ئەویتـر چی ئەکا ؟ واتە : ئەی ئیٚستا کە ئەم خۆیەتی ئـەو کارە خراپە ئەکا ، بـۆ

نازانێ خوا چاوی لێیە کە ناهێڵێ بەندە نوێژکەرەکە نوێژەکەی بکا ؟

كَلاَّ لَئِن لَّمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ(١٥)

دەی سا با واز لەم کارە بەدەی بهێنێ . ئەگەر دەسبەرداری ئەم ڕێگرتن لە نوێژکـردنـی پـێغەمبەرە نـەبێ ، بە مـووی پێشەسەری ڕایئەکێشین و تووڕی ئەدەینە ناو ئاگری دۆزەخ .

نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ(١٦)

ئەو پێشەسەرە درۆزنە تاوانبارەی ، واتە ئەو پێشەسەرەی کـە پێشەسەری کابرایەکی درۆزنی تاوانبارە .

فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ(١٧)

جا با ئەوکاتە دانیشتووانی کـۆڕەکەی خـۆی بانگکا یارمەتیی بدەن .

سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ(١٨)

ئێـمەیش کـلیلەوانـەکانی دۆزەخ بانـگ ئـەکەین بـە قـژی پێشەسەری بەکێشیکەن .

كَلاَّ لاَ تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ(١٩)

لـێگەڕێ لـەم ڕەوشتی بـەدەت ئەی کابرای کافرو، تـۆیش ، ئـەی موحەممەد ، هەرگیز بەگوێی مـەکەو سوجدە بەرە بـۆ خـوای خۆت و لێی نزیک بەرەوە .

سوورەتی (ألقدر)
خیلافی تیایه مەککەییی‌یه یا مەدینەیی‌یەو ،
(٥) ئایەته

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ(١)

بەڕاستی ئێمە قورئانمان لەو شەوەدا ناردووەته خوارەوە بۆ پێغەمبەر کە ناوی (لیله القدر)ە . مەبەست لەم ناردنە خوارەوە دەست پێکردنی ناردنە خوارەوەیەتی ، ئەگینا ناردنە خوارەوەی هەمووی ٢٣ ساڵی خایاندووە .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ(٢)

تۆ چوزانی (لیلة القدر) چییەو چ پایەیەکی هەیە ؟

لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ(٣)

(لیلة القدر) لە هەزار مانگ چاترە یاخود خواپەرستی لەم شەوەدا خێری لە خواپەرستنی هەزار مانگ زیاترە .

تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ(٤)

فریشتەکانی خێرو ڕەحمەت و جیبریلی ئەمین لەم شەوەدا دێنە خوارەوە بۆ ڕێکخستنی هەر کاروبارێ لەو ساڵەدا ئەبێ بکرێ .

سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ(٥)

ئەو شەوە شەوی سەلامەتییەو خوا لەوشەوەدا تا بەرەبەیان ئەو بڕیارانە ئەدا کە مایەی سەلامەتین و لە شەوەکانی‌ترا سەلامەتییش و دەردو بەڵایش بڕیار ئەدرێن .

سوورەتی (ألبينة)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ(١)

کافرەکان لە ئەهلی کیتابو لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لەوانە نەبوون واز لە ئایینی خۆیان بێننو لێی جیاببنەوەو دەستبەردار ببن لێی ، تا شاهیدێکی بەحەقو دەلیلێکی ڕاستیان دێتەسەر .

رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُواْ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً(٢)

ئەو شاهیدی بەحەقو دەلیلی ڕاستەیش پێغەمبەرێکە خوا ناردبێتی چەند لاپەڕەیەکی خاوێن لە هەموو کەموکورتیو ناتەواوییەك بخوێنێتەوە .

فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ(٣)

لەو لاپەڕانەدا چەند نووسراوێکی ڕاستو حەق گۆ هەبن .

وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَةُ(٤)

جیایی نەکەوتە نێوان ئەوانەی کتێبیان لە خواوە پێدرابوو، کە جوولەکەو گاورن ، پاش ئەوە نەبێ کە بەڵگەی ڕاستیان بۆ هات

کـە قـورئانە. واتە ئەو کافرانە پێش هاتنی پێغەمبەر درودی خوای لـێ بـێ ئەیانوت : ئێمە هەر لـەسەر ئایـینی خـۆمان ئەمێنینەوەو یەکپارچــە بوون ، تـا پێغەمـبەری وەعدەپێدراومــان بۆ دێ کــە پێغەمبەرێکیوا بێ قورئانمان بەسەرا بخوێنێتەوە . کـەچی کە ئەو پێغەمبەرە هات ، لــە جیاتیی ئـەوەی باوەڕی پـێبکـەنو ئیمــانی پێبهێنن ناکۆکییان کەوتە نێوانو کەمێکیان ئـیمانـیان هێناو بەشی زۆریان لەسەر ئایـــینی پـێشووی خـۆیان مانەوەو هــەندێکیشیان دوودڵ بوون .

وَمَـــا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَـــهُ الدِّينَ حُـــنَفَاءَ وَيُقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُواْ الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ(٥)

کەچی فەرمانیان نەدرابوویە بەوە نەبێ کە خواپەرستی بـکـەنو ئایینی خۆیان بە خاوێنیو سافیو بێگەردی جێبەجێ بکــەنو لــە ئایینی بەتاڵ لابدەن بۆ ئایینی ڕاستو نوێژەکانیان بکــەنو زەکـات بدەنو ئایینی میللەتی ڕاستیش ئەمەیە .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْـــلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِـــي نَـــارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُوْلَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ(٦)

بێگومان ئەوانەی کافر بوون لە جوولەکەو گـاورو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لە ئاگری دۆزەخدانو هەمیشە تیا ئەمێننەوەو ئەوانە خراپترین مەخلووقاتی خوان .

إِنَّ الَّـــذِينَ آمَنُواْ وَعَـــمِلُواْ الـــصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ هُـــمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ(٧)

بێگـومان ئەوانەیش کـە ئیمانیان هێناوەو کـردەوەی باشیان کردووە ، ئەوانە چاکترین مەخلووقاتی خوان .

جَزَاؤُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِـنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ(٨)

پـاداشی ئـەوانە لای خـوای خۆیان بە هەشتـگەلێکە جۆگەو رووباری ئـاوی ڕەوان بەژێریانـا ئـەڕواو هـەتا هـەتایە تـیایانا ئەمێننەوە. خوا لەوان ڕازییەو ئەوانیش لە خـوا ڕازینو ، ئـەم پلەو پایەیش بـۆ کەسێکە لە خوای خۆی بترسێ .

سوورەتی (ألزلزلة)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا(١)

کە زەوی بوومەلەرزەی پێکەوت ئەو بوومەلەرزەیەی خــوا بۆی بڕیار داوەو ،

وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا(٢)

زەوی هەرچی شارراوەی ناوخۆی هــەیە هەمووی هەڵــڕشتە دەرەوە ، یا هەرچی مردووی تیا نێژراوە هــەمووی خستە دەرەوەو ،

وَقَالَ الْإِنْسَانُ مَا لَهَا(٣)

ئادەمــیزادیش لە سەرسامییا وتــی : ئەوە زەوی چییەتی وای بەسەرهاتووە ؟

يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا(٤)

لەو ڕۆژەدا زەوی دەنگوباسی خۆی وا ئەگێڕێتەوە کە :

بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا(٥)

بێگومان خوای تۆ وەحــیی بــۆ کردووەو فەرمانی داوەتــیٚ وا بکا .

يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ(٦)

لەوڕۆژەدا ئادەمیزاد پۆل پۆل لە گۆڕەکانیان دێنەدەر تا جەزای

کارو کرداری دنیای خۆیان ببینن .

فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ(٧)

جـا هەرکەسێ بـە قورساییی گـەردیلەیێ چـاکەی کـردبێ پاداشەکەی ئەبینێو ،

وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ(٨)

هەرکەسیش بە قورساییی گەردیلەیێ خراپەی کردبێ سزاکەی ئەبینێ .

سوورەتی (ألعاديات)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(١١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا(١)

سوێند بەو ئەسپانەی لە مەیدانی شەڕا ئەدەنە غارو ئەپڕمێنن .

فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا(٢)

ئەنجا سویند بەو ئەسپانەی لە غارکردنیانا سمئەدەن لە بەردو ئاگری لێ ئەکەنەوە .

فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا(٣)

ئەنجا سوێند بەو ئەسپانەی لە بەرەبەیانا هەڵئەکوتنە سەر دوژمن .

فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا(٤)

جا بەو هەڵکوتاندنە سەر دوژمنەیان تۆزو گەرد بەرزئەکەنەوە .

فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا(٥)

جا ئەکەونە ناو کۆمەڵی دوژمنەوە .

إِنَّ الْإِنسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ(٦)

سوێند بێ بەمانە ، ئادەمیزاد بەڕاستی ئینکاری نیعمەتی خوای خۆی ئەکاو ،

وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ(٧)

خـــۆیشی بـــۆ خۆی شایەتی ئـــەم ئینـــکاری نیعـــمەتی خـــوا کردنەیەو ،

وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ(٨)

زۆریشی حەز لە ماڵی دنیایە .

أَفَلا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ(٩)

دەی ئاخۆ نازانێ کـــاتێ چی مـــردوو لەنـــاو گۆڕان زینـــدوو کرانەوەو ،

وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ(١٠)

چی چاکەو خراپـــە لـــە دڵی ئەموئەوا شـــارراوەتەوە هەمووی کۆکرایەوە بۆ لێپرسینەوەی خاوەنەکانیان ،

إِنَّ رَبَّهُمْ بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ(١١)

بێگومان خوای خۆیان لەو ڕۆژەدا ئاگادارە لێیان و جەزای هەر یەکێکیان بەگوێرەی کردەوەی دنیای ئەداتەوە .

سوورەتی (ألقارعة)
مەککەیی‌یەو ، (١١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْقَارِعَةُ(١)

ئەو ڕووداوەی جیهان ئەکوتێتەوە .

مَا الْقَارِعَةُ(٢)

ئەو ڕووداوە چییە کە جیهان ئەکوتێتەوە ؟

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ(٣)

تۆچوزانی ئەو ڕووداوە چییە کە جیهان ئەکوتێتەوە ؟

يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ(٤)

ئەو ڕۆژە کە ئەو ڕووداوە جیهانی تیا ئەکوتێتەوە ڕۆژێکە خەڵك لە زۆریو پەریشانیو بلاوبوونەوەدا وەك پەپوولەی بلاو وان .

وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ(٥)

کێوەکانیش وەك خوریی شیکراوە وان .

فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ(٦)

جا هەرکەس لەوڕۆژەدا ترازووی قورس بێ واتە چاکەی زۆر بێ ،

فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ(٧)

ئەوە لە ژیانێکایە ، واتە ژیانێ ئەژێ ، مرۆ لێی ڕازی بێ .

وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ(٨)

ئەوکەسەیش ترازووی سووك بێ ، واتە چاکەی کــەم و نابوود بێ ،

فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ(٩)

ئەوە (هاوییە) دایکیەتی ، واتە کۆشی هاوییە جێیەتی .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ(١٠)

تۆ چوزانی هاوییە چییە ؟

نَارٌ حَامِيَةٌ(١١)

ئاگرێکی گەرمە .

سوورەتی (ألتكاثر)
خیلافی تیایە مەككەییەیە یان مەدینەییەیەو ،
(٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ(١)

خۆ زۆركردنو شانازیكردن بە زۆریی ژمارەی عەشرەتو خزمو كەسوكارەوە بەجۆریّ خەریكی كردوون ،

حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ(٢)

تەنانەت چوویشن بۆ سەرقەبران بۆ ژماردنی گۆڕی مردووانتان . یان خەریكبوون بە زۆركردنی ماڵو داراییەوە وای خەریك كردنو خوای لەبیر بردنەوە دەستان لیّ هەڵنەگرت تا مردنو چوونە ناو گۆڕ .

كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ(٣)

لەم خووە بەدە گەڕێن . بەڕاستی لەمەولا ئەزانن چەند هەڵەن ئەگەر دواڕۆژی خۆتان بزانن .

ثُمَّ كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ(٤)

ئەمجاریش بەڕاستی لەمەولا ئەزانن چەند هەڵەن ئەگەر دواڕۆژی خۆتان بزانن .

كَلاَّ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ(٥)

لەم خووە بەدە گەڕێن. ئەگەر بە زانینی یەقینی بزانن چی دێتە

ڕێتان ،

لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ(٦)

دۆزەخ بەڕاستی ئەبینن .

ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ(٧)

پاشانیش بەڕاستی بە چاوی خۆتان ئەیبینن .

ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ(٨)

پاشانیش بەڕاستی پرسیارتان لێ ئەکرێ لەبارەی ئەو نازو نیعمەتەوە لە دنیادا پێتان درابوو و یادی خوای لەبیربردنەوەو سوپاستان نەکردو فەرمان بەرداریتان نەکرد .

سوورەتی (ألعصر)
مەککەیی‌یەو ، (٣) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالْعَصْرِ(١)

قەسەم بە چەرخی زەمان .

إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ(٢)

بەڕاستی هەموو ئادەمیزاد ژین بەخەسارو زەرەرمەندن .

إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْاْ بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْاْ بِالصَّبْرِ(٣)

تەنها ئـەوانەیان نەبێ ئیمانیان هـێناوەو کـردەوەی چاکیان کردووەو یـەکترییان ڕاسپاردووە بـیروباوەڕو گـوفتارو ڕەفتـاریان ڕاست و دروست بێ‌و ، یەکـترییان ڕاسپاردووە لە بەرانبەری گوناها خۆیان بگرن‌و نەیکەن ، یـا کە لـە ڕێـی خـوادا تووشی دەردو بـەلاّ هـاتن خۆیان بگرن .

سوورەتی (ألهُمَزَة)
مەككەیی‌یەو ، (٩) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ(١)

هاوار بۆ هەموو ئەوانەی عەیب‌و عار لە خەڵك دەردێنن‌و هەموو ئەوانەی ناووناتۆرە لە خەڵك ئەنێن .

الَّذِي جَمَعَ مَالاً وَعَدَّدَهُ(٢)

بۆ هەموو عەیب‌و عار لە خەڵك دەرهاوەرو نـاووناتۆرە لە خەڵك نەرێ كە پارەی كۆكردووەتەوەو جار لەپاش جار ئەیژمێرێ .

يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ(٣)

وا ئەزانێ ئەو پارەیەی هـــەیەتی هـــەتایە ئەیهێڵێتەوەو ناهێڵێ هەرگیز بمرێ .

كَلاَّ لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ(٤)

بـــا واز لەم كردەوەو بیرو بۆچوونانەی بهێنێ . بەڕاســـتی ئەو فڕێئەدرێتە ناو (حوتەمە)وە كە وشەی (حوتەمە) واتە : ئەو ئاگـرەی هەرچیی تێبكەوێ دایئەڕزێنێ .

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ(٥)

تۆ چۆزانی (حوتەمە) چییە ؟

نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ(٦)

ئەو ئاگرە هەڵگیرساوەی خوایە ..

الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ(٧)

که تەنانەت ناوەڕاستی دڵانیش ئەگرێتەوە ، واتـــە ئازارەکەی ئەگاتە ناو کورۆکی دڵ .

إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ(٨)

بـــێگومان ئەو ئاگـــرە بەسەر ئەو عەیب لـــەخەڵك دەرهـــاوەرو ناووناتۆرە لـــە خەڵك نەرانەدا قـــەپات کـــراوە لـە ژووری تایبەتیی دۆزەخدا .

فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ(٩)

که حاڵی ئەوکەسانە وایە بەسراون بە ستوونی ڕاکێشراوەوە .

سوورەتی (ألفيل)
مەككەیییەو ، (٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ(١)

ئایا تۆ نەتدی خوای تۆ چیی‌کرد بە خاوەن‌فیلەکان کە فیلیان هێنابوو ماڵی کەعبە لە مەککە بڕووخێنن ؟

أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ(٢)

ئایا هەموو فڕوفێڵەکانیانی پووچەڵ نەکردەوەو سەری لێ نەشێواندن ؟

وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ(٣)

باڵدارێکی پۆل پۆلیشی ناردە سەریان (کە بە تەیرە ئەبابیلە ناوی دەرکردووە) .

تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِّنْ سِجِّيلٍ(٤)

ئەو باڵدارە بەردەبارانی ئەکردن بە وردەبەردێکی لە گڵمتکی ڕەق ،

فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ(٥)

وەك گەڵای دارێکی لێ کردن کرم خواردبێتی ، واتە وردە بەردەکە بەر هەر کوێیەکیان ئەکەوت دایئەڕزاند .

سوورەتی (قریش)
مەککەییەو ، (٤) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

لِإِيلافِ قُرَيْشٍ(١)

بۆیە خاوەنفیلەکانمان بەو دەردە برد تا خێڵی قورەیش کە لە مەککە نیشتەجیٚ بوون ، ئولفەتیان بمێنیٚ .

إِيلافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ(٢)

ئولفەتیان بمێنیٚ بە گەشتی بازرگانیی زستانەو هاوینەیانەوە ، زستانان بۆ یەمەن و هاوینان بۆ شامو ژیانیان لیٚ تێك نەچیٚو لەسەر دابونەریتی زوویان بەردەوام بن .

فَلْيَعْبُدُواْ رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ(٣)

کەواتە با بەندەگیی خوای ئەم خانەی مەککەیە بکەنو بیپەرستن ،

الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّنْ جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ(٤)

ئەو خوایەی کە بە هۆی ئەم گەشتی زستانەو هاوینەیانەوە بۆ بازرگانی لە یەمەنو شام ، خۆراکی داونیٚ بۆ ڕزگارکردنیان لە برسێتیو ئەمینی کردوون لە ترسی پادشایانی یەمەنو ڕۆمییەکانی حوکمڕانی شام ، یا لە ترسی خێڵە عەرەبە دەشتەکییەکانی دەوروبەری مەککە .

سوورەتی (الماعون)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(٧) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ(١)

تۆ ئەو کابرایەت دیوە کە باوەڕی بە ڕۆژی جەزا نییە کـە ڕۆژی قیامەتە ؟

فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ(٢)

ئەوە ئەوکـەسەیە پاڵ بـە هەتیوەوە ئـەنێو ، لـە خـۆیی دوور ئەخاتەوە کە دێ داوای لـێ ئەکا خێرێکی پێ بکاو ،

وَلا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ(٣)

هانی خەڵك نادا خۆراك بدەن بە هەژار .

فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ(٤)

دەی هاوار بۆ ئەو نوێژکەرانەی

الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلاتِهِمْ سَاهُونَ(٥)

لە نوێژەکانی خۆیان بێ‌ئاگان‌و زۆر جار نـــایانکەن‌و گـوێیان نادەنێ .

الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ(٦)

ئەوانەی کە ڕیا ئەکەن‌و نـــوێژەکانیان هەر بۆ بەرچاوی خەڵك ئەکەن‌و بەپێی ئەوە نـاجووڵێنەوە کە نوێژکردنی بەباوەڕی تەواوەوە

پێویستی ئەکا لەسەر نوێژکەر کە ئـەوەتە لە هەموو هەڵسوکەوتێکیا خوای لەیادبیّ‌و ئەوی مەبەست بیّ‌و خراپە نەکا .

وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ(٧)

کە کەسێکیش پێویستی بە قاپیّ بیّ ئەیگرنەوە لێی‌و نایدەنیّ‌و بەدەنگ هیچ موحتاجێکەوە ناچن .

سوورەتی (ألكوثر)
مەككەیی‌یەو ، (٣) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ(١)

بەڕاستی ئێمە خێروبێرێكی زۆرمان داویتێ . یا ئاوی كەوسەرمان داویتێ كە ناوی جۆگەیەكە لە بەهەشتدا.

فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ(٢)

دەی تۆیش نوێژ بكە بۆ خوای خۆت و قوربانیی بۆ بكە .

إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الأَبْتَرُ(٣)

بەڕاستی ئەوەی خۆشی لە تۆ نایێ خۆی وەجاخ كوێرو نەوە بڕاوەیە .

سوورەتی (ألكافرون)
مەککەییەو ، (٦) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ يَاأَيُّهَا الْكَافِرُونَ(١)

تـــۆ ، ئـــەی موحەممەد ، بـــە کافرەکان بڵێ : ئـــەی کافرینە ! (ڕووی دەمی ئەم ئایەتانە لە هەندێ کافری تایبەتییە کـە خوا خۆی زانیویە ئەمانە کافر بوون و کافرن و هەر کافریش ئەبن).

لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ(٢)

من لەمەولا ئەوە ناپەرستم کە ئێوە ئەیپەرستن .

وَلا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ(٣)

ئێوەیش لەمەولا ئەوە ناپەرستن کە من ئەیپەرستم .

وَلا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ(٤)

ئێستایش مـــن ئـــەوە نـــاپەرستم کـــە ئـێوە ئەیپەرســـتن و لەمەوپێشیش نەمپەرستووە .

وَلا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ(٥)

ئێوەیش هەرگیز ئەوەتان نەپەرستووە کە من ئەیپەرستم .

لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ(٦)

ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم .

سوورەتی (ألنصر)
مەدینەییەو ، (٣) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ(١)

کاتیٚ کە یارمەتیی خوا هاتو مەککە گیراو ،

وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا(٢)

خەڵکی جزیرەی عەرەبت دی پۆل پۆل دیٚنە ڕیزی ئایینی خواوە ،

فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا(٣)

سوبحانەڵلاّ بکە بۆ خوای خۆتو لە گەردی هەموو ناتەواوییەکی بە خاویٚن ڕابگرەو سەناو ستایشی بکەو داوای لیٚخۆشبوونی لیٚ بکە . بەڕاستی ئەو تۆبە وەرگرە لە هەرکەسیٚ داوای لیٚخوشبوونی لیٚ بکا

سوورەتی (المسد)
مەككەیی‌یەو ، (٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ(١)

یاخودا وشك بن هەردوو دەستی ئەبوولەهەبو،وشكیش بوون.

مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ(٢)

پارەو دارایییەكەی‌و هەرچیی پەیدا كـردووە هـیچی سـوودی نەبوو بۆی‌و دادی نەدا .

سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ(٣)

لەمـەوپاش ئەچێتە ناو ئاگرێكی بە كڵپەو بڵێسەوە .

وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ(٤)

ژنەكەیشی هەر ئەچێتە ناو ئەو ئاگرەوە ، ژنەكەی كە كۆڵە داری بۆ ئاگری فیتنەو ئاژاوە بە كۆڵەوەیەو پێیەوە بە ماڵانا ئەگەڕێ .

فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ(٥)

لە قیامەتیشا گـوریسێكی تاڵ لـوول دراوی لە ملایە داری بۆ ئاگری دۆزەخ پێ ئەگوێزێتەوە وەك لە دنیادا داری بۆ ئاگری فیتنەو ئاژاوە هەڵئەگرت .

سوورەتی (ألاخلاص)
خیلافی تیایە مەككەییی‌یە یا مەدینەییی‌یەو ،
(٤) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ(١)

تۆ ، ئەی موحەممەد ، بڵێ : ئەو شتەی من ئێوەی بۆ بانگ ئەكەم ئەوەیە كە خوا تاك‌و تەنیایە .

اللَّهُ الصَّمَدُ(٢)

هەر ئەو خوایە لە تەنگانەدا پشت‌و پەنایە .

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ(٣)

كەسی لێ نەبوەو ، لە كەسیش پەیدا نەبوەو ،

وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ(٤)

كەسیش هاوچەشن‌و هاوپایەی نییە .

سوورەتی (ألفلق)
خیلافی تیایە مەککەیی‌یە یا مەدینەیی‌یەو ،
(٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ(١)

تـــۆ ، ئـــەی موحەممەد ، بڵێ : من پەنائەگرم بە پەروەردگاری ڕووناکیی بەرەبەیان .

مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ(٢)

لە شەڕو خراپەی هەرچی ئەو پەروەردگارە دروستی‌کردووەو ،

وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ(٣)

لە شەڕو خراپەی تاریکەشەو کاتێ کە ئەو تاریکەشەوە ئەچێتە نـاو هـەموو شتێکەوە ، واتە لـەو شەڕو خراپانەی لـە تاریکەشەوا ڕووئەدەن .

وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ(٤)

لـــە شەڕو خراپەی ژنـــانی جـادووگەریش کە تاڵە بەن‌و دەزوو گرێ‌ئەدەن‌و فووی پیا ئەکەن‌و وردەتفی لـێ ئەپرژێنن .

وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ(٥)

لـــە شەڕو خراپـــەی مرۆی حـــەسوودیش لـە کـاتی حەسەد بردنەکەیانا .

سووره‌تی (ألناس)
خیلافی تیایه مه‌ككه‌یی‌یه یا مه‌دینه‌یی‌یه‌و ،
(٦) ئایه‌ته

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ(١)

ئــه‌ی موحه‌ممه‌د تــۆ بڵێ : مــن په‌نا ئه‌گـرم به په‌روه‌ردگــاری هه‌موو ئاده‌میزادو په‌رییان .

مَلِكِ النَّاسِ(٢)

ئــه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه پادشای هه‌موو ئاده‌میزادو په‌رییانه .

إِلَهِ النَّاسِ(٣)

كــه خواو په‌رســتراوی هه‌موو ئاده‌مـیزادو په‌رییانه (واته ئه‌بێ هه‌موویان بیپه‌رستن ، هه‌رچه‌ند هه‌ندێكیشیان نه‌یپه‌رستن) .

مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ(٤)

پــه‌نا ئه‌گــرم به‌و خــوایه لــه شه‌ڕو خــراپه‌ی ئه‌و شــه‌یتــانه وه‌سوه‌سه‌خه‌ره دڵانه كه هه‌ر كه ناوی خوا هێنرا ئه‌كشێته دواوه .

الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ(٥)

ئه‌و شه‌یتانه كه وه‌سوه‌سه‌و وتــوویره ئه‌خاته سنگــی خه‌ڵك ،

مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ(٦)

له‌په‌ری‌و له ئاده‌میزاد .

ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان کەوا تـەوفیقی دام بـــۆ دانانی ئەم تەفسیرە کوردییە کە ناوم لـیّناوە (خۆلاسەی تـەفسیری نامی)و تەواوم کرد لە شەوی جومعەی نۆی مـــانگی رەبیعـولئەووەلی هەزارو چوارسەدو شەشی هیجریدا ، ڕێکەوتی بیستودووی مانگی تشرینی دووی هەزارو نۆسەدو هەشتاو پێـنجی میلادی . مـــنی خزمەتکاری ئایین و زانســـت عبد الکــریمی کوڕی محـــمدی کــوڕی فتاحی کوڕی سلـیمانی کـــوڕی مصطفیی کوڕی محمد خـــەجێ لـــە عەشـــیرەتی (هۆزی قازی)ی نیشتەجێی ناحیەی سەییدسادق لـــە شارەزوور لـــە قەزای هەڵەبجە لە شارستانی سلێمانی . وصلـی الله علـــی ســـیدنا محمد وعلی آلـــه وصحبه وأتباعه بـــاحسان الی یـــوم الدین . وآخـــر دعوانا أن الحمد لله رب العالمین .

پەروەردگارا ، سەرچاوەی ئیـحسان
بۆ گشت گیانداران بە تایبەت ئینسان
هەروەك بە ئیحسان کەرەمـت فەرمـوو
ئـەم خـــۆلاسەمە بۆ جـیّبەجێ بـــوو
وەهـــایش بـــە فەیزی کـــەرەمو ئینعـــام
بیکە بە ڕەحمەت بۆ گشت خاص و عام
بیکـــە بـــە هاوڕێی ڕێگـــەی باریکـــم
بـــیکە بـــە چرای جـــێگـــەی تـــاریکـــم
بیـــکە بـــە پـــایەی ئەمـــن و ســـەلامـــم
بیکـــە بـــە مـــایەی حـــوسنی خیـــتـــامم

(نـامی) بـۆ مەولای ساداتی کیرام

دیاری ئەنێریٚ بـــە بەستەی سەلام

بـۆ خـــۆیو هـــەموو بـــرادەرانی

بـۆ گـــەلـی یـــاری فیـــداکارانی

بـۆ ئالی ئەهلی کـەرەمو ئیحـــسان

بۆ باقیی زومرەی ئەعیانی ئینسان

* * *

بێداری

هەر پێش ئەوەی دەست بدەینە لە چاپدانی بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەو تا پاش دەست پێکردنی لە چاپدانی بەرگی دواییشی ، لە ناوەوەو دەرەوەی عێراقدا هەوڵمان دا دیسکێکمان دەستگیر ببێ قورئانی پیرۆزی ، بە شێوەنووسینەوەی قورئان خۆیو ، هەر ئایەتەی بە سەربەخۆیی ، لەسەر تۆمار کرابێ ، تا لەم تەفسیرەدا ئایەتەکان بەتەواوی بە شێوە نووسینەوەی قورئان خۆی لەچاپ بدرێن ، بەلام هەموو هەوڵو تەقەلامان بە خۆڕایی چوو و دیسکێکی وامان دەستگیر نەبوو هەرچەند دڵنیایشین کە هەیە .

* * *

ئەم تەفسیرە لە سەرەتایەوە تا ناوەڕاستی سوورەتی (یونس) خوالێخۆشبوو فاتح عبدالکریم پێیدا چووەتەوەو دایڕشتووەتەوە . محمدی مەلاکریمیش ، دیسانەوە ، لە سەرەتایەوە تا دوایی پێیدا چووەتەوەو دایڕشتووەتەوەو ، سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە .

بە کورتی مێژووی ژیانی خاوەنی ئەم تەفسیرە

مەلا عەبدولکەریمی کوڕی موحەممەدی کوڕی فەتاح . لە عەشرەتی (هۆزی قازی) لە بناری شارەزوور . لە ١٣٢٣ی کۆچی (١٩٠٥ی زایینی)دا هاتووەتە دنیاوە . باوکی . هەر بە منالی ، ناویەتە بەر خوێندن و پاش کۆچی دواییی ئەو . دایکی درێژەی بە پێخوێندنی داوە . لە تەمەنی هەشت سالاندا بووە بە فەقێ و بە فەقێیەتی لە مەریوان و هەورامان و بیارەو عەبابەیلیۆ سلێمانی خوێندوویەتی و لە تەمەنی بیست سالانا لای شێخ عومەری (ابن القرەداغی) لە سلێمانی ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە .

پاش ئیجازە وەرگرتنی لە دێی نەرگسەجاڕ لە بناری شارەزوور بووە بە مەلاو فەقێی ڕاگرتووەو . پاشان لە ١٣٤٧ (١٩٢٨)دا ، لەسەر داوای خوالێخۆشبوو شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی ، گواستوویەتەوە بۆ بیارەو لەوێ بووە بە مامۆستا و تا ١٣٧١ (١٩٥١) لەوێ بووە و لەو ماوەیەدا دەیان فەقێی پێگەیاندووەو ئیجازەی داونەتێ . پاشان کە لە بیارە هەڵکەنراوە . چووەتە سلێمانی و لە مزگەوتی حاجی حان بووە بە مامۆستا و تا ١٣٧٤ (١٩٥٥) لەوێ بووەو ، لەو ساڵەدا لەوێ گوێزراوەتەوەو ، لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووك نیشتەجێ بووە . لە ١٣٨٠ (١٩٦٠)دا گواستوویەتەوە بۆ بەغدا و لە مزگەوتی ئەحمەدی بووە بە پێشنوێژ و خوتبەخوێنەوەی نوێژی جومعەو لە مزگەوتی حەزرەتی غەوثیشدا . پاش کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو مەلا موحەممەدی قزلجی ، بووە بە مامۆستا . تا ئەم چەند ساڵەی دوایی کە پیری و نەخۆشی هێزی لێ بڕیوە ، بە کتێب دانان و دەرز پێ وتنی

فـەقێ و ڕێ پێشـاندانی موسـوڵمانانەوە خـەریك بـووەو ، ئێسـتایش ، ئەوەندەی بتوانێ ، دریغی لە ڕێ پیشاندانی موسوڵمانان ناکا .

سەرەکی (رابطة العلماء)ی عێراقەو ، چەندین ساڵ ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عێراق بووەو ، ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زمانـەوانیی نوردونە .

کۆمـەڵێ قوتـابیی ئاینی لە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیاو لـە نیمچـە جزیرەی بەڵقان و لە ولاتانی مەغریب و شوێنانیتر ، لـە بـەغدا ، لەسـەر دەستیدا پێگەیشتوون .

ئێسـتا ، هـەموو کـاتی لـە ژووره تایبەتییەکـەی خۆیـا لـە بارەگـای حەزرەتی غەوث ئەباتەسەر .

بەرهەمەکانی خاوەنی ئەم تەفسیرە :

بە زمانی کوردی

١ـ ئیمان و ئیسلام

٢ـ ئیقبالْ نامە

٣ـ ئاوی حەیات

٤ـ بارانی ڕەحمەت

٥ـ ئەساسی سەعادەت

٦ـ چل حەدیثی پێغەمبەر

٧ـ نوورو نەجات

٨ـ مەولوودنامە و میعراج نامە

٩ـ حەج نامە

١٠ـ ڕێگای ڕەهبەر

١١ـ سەناو سکاڵا

١٢ـ نووری ئیسلام

١٣ـ ڕازو نیازی ڕێگای حیجاز

١٤ـ سەرچاوەی ئایین

١٥ـ نووری قورئان

١٦ـ ڕێگای بەهەشت

١٧ـ نامەی هوشیار (ئەمانە هەموو بۆ منداڵانی کورد دانراون)

١٨ـ شەریعەتی ئیسلام (چوار بەرگ)

١٩ـ تەفسیری نامی (حەوت بەرگ)

٢٠ـ مەکتووباتی کاکە ئەحمەدی شێخ ، وەرگێڕان لە فارسییەوە (چوار بەرگ) .

٢١ـ وتاری ئایینی بۆ ڕۆژانی هەینی

٢٢ـ بەهارو گوڵزار

٢٣ـ دوو ڕشتە (فەرهەنگی کوردی ـ عەرەبی بە هەڵبەست)

٢٤ـ دیوانی مەولەوی

٢٥ـ دیوانی نالی (بەهاوکاری لەگەڵ فاتیحی کوڕی)

٢٦ـ دیوانی مەحوی (بە هاوکاری لەگەڵ موحەممەدی کوڕی)

٢٧ـ دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند (بە هاوکاری لەگەڵ فاتیحی کوڕی)

٢٨ـ یادی مەردان (دوو بەرگ)

٢٩ـ بنەماڵەی زانیاران

٣٠ـ عەقیدەی مەرضیەی مەولەوی (بە هاوکاری لەگەڵ فاتیحی کوڕی) .

٣١ـ خوڵاصەی تەفسیری نامی (٣ بەرگ)

بەزمانی عەرەبی :

١ـ جواهر الفتاوى (فتاوى العلماء الكرد الشرعية) ـ (ثلاثة اجزاء)

٢ـ الوسيلة في شرح الفضيلة للمولوي (علم الكلام)

٣ـ صفوة اللآلي من مستصفى الغزالي (اصول الفقة)

٤ـ الفرائد الجديدة على المطالع السعيدة للسيوطى (نحو)

٥ـ مواهب الرحمن في تفسير القرآن (سبعة اجزاء)

٦ـ الصرف الواضح (الصرف)

٧ـ مفتاح الآداب (النحو)

٨ـ فتح الابواب (النحو)

٩ـ خلاصة البيان في الوضع والبيان

١٠ـ المفتاح (المنطق)

١١ـ الورقات (المنطق)

١٢ـ العزيزة (المنطق)

١٣ـ الوجيهة (المنطق)

١٤ـ المقالات في المقولات العشرة

١٥ـ جواهر الكلام في عقايد اهل الاسلام

١٦ـ اعلام بالغيب والهام بلاريب (احاديث نبوية)

١٧ـ ارشاد السالك الى المناسك

١٨ـ نور الايمان

١٩ـ ارشاد الانام الى اركان الاسلام

٢٠ـ القصيدة الوردية في مدح خير البرية

٢١ـ الوردة العنبرية في مدح خير البرية

٢٢ـ علماؤنا في خدمة العلم والدين

٢٣ـ اسناد الاعلام الى حضرة خير الانام

٢٤ـ نور الاسلام

٢٥ـ الانوار القدسية في الأحوال الشخصية

٢٦ـ خلاصة منظومة جواهر الكلام

به زمانی فارسی

١ـ شمشيركاری بر فرق نسيم رستگاری

٢ـ فوائد الفوائح (شەرحی فەوائیحی مەولەوی)

چەند وردە کتێبێکیتریشی بە عەرەبی و کوردی هەیە هێشتا لە چاپ نەدراون .

پێڕەس

لاپەڕە	بابەت
٣	سوورەتی (العنكبوت)
١٥	جوزئی بیستویەكەم
٢٣	سوورەتی (الروم)
٣٩	سوورەتی (لقمان)
٤٩	سوورەتی (السجدة)
٥٧	سوورەتی (الأحزاب)
٦٦	جوزئی بیستودووهەم
٨١	سوورەتی (سبأ)
٩٨	سوورەتی (فاطر)
١١٢	سوورەتی (یس)
١١٧	جوزئی بیستوسێهەم
١٢٨	سوورەتی (الصافات)
١٥٢	سوورەتی (ص)
١٦٩	سوورەتی (الزمر)
١٧٨	جوزئی بیستوچوارەم
١٩٠	سوورەتی (غافر)
٢١٢	سوورەتی (فصلت)
٢٢٤	جوزئی بیستوپێنجەم
٢٢٧	سوورەتی (الشوری)
٢٤٣	سوورەتی (الزخرف)
٢٦٣	سوورەتی (الدخان)
٢٧٢	سوورەتی (الجاثیة)
٢٨٢	جوزئی بیستوشەشەم
٢٨٢	سوورەتی (الأحقاف)
٢٩٤	سوورەتی (محمد)
٣٠٥	سوورەتی (الفتح)
٣١٦	سوورەتی (الحجرات)
٣٢٢	سوورەتی (ق)
٣٣١	سوورەتی (الذاریات)
٣٣٥	جوزئی بیستوحەوتەم
٣٤٠	سوورەتی (الطور)
٣٤٨	سوورەتی (النجم)
٣٥٧	سوورەتی (القمر)
٣٦٦	سوورەتی (الرحمن)
٣٧٨	سوورەتی (الواقعة)
٣٩٢	سوورەتی (الحدید)
٤٠٤	جوزئی بیستوهەشتەم
٤٠٤	سوورەتی (المجادلة)
٤١٣	سوورەتی (الحشر)
٤٢٢	سوورەتی (الممتحنة)
٤٢٩	سوورەتی (الصف)
٤٣٤	سوورەتی (الجمعة)
٤٣٨	سوورەتی (المنافقون)
٤٤٢	سوورەتی (التغابن)
٤٤٨	سوورەتی (الطلاق)
٤٥٤	سوورەتی (التحریم)
٤٥٩	جوزئی بیستونۆهەم
٤٥٩	سوورەتی (الملك)

پێڕەس

لاپەڕە	بابەت
٤٦٦	سوورەتی (القلم)
٤٧٥	سوورەتی (الحاقة)
٤٨٣	سوورەتی (المعارج)
٤٩٠	سوورەتی (نوح)
٤٩٦	سوورەتی (الجن)
٥٠٣	سوورەتی (المزمل)
٥٠٨	سوورەتی (المدثر)
٥١٦	سوورەتی (القيامة)
٥٢٢	سوورەتی (الانسان)
٥٢٨	سوورەتی (المرسلات)
٥٣٥	جوزئی سیهەم
٥٣٥	سوورەتی (النبأ)
٥٤١	سوورەتی (النازعات)
٥٤٧	سوورەتی (عبس)
٥٥٢	سوورەتی (التكوير)
٥٥٦	سوورەتی (الانفطار)
٥٥٩	سوورەتی (المطففين)
٥٦٤	سوورەتی (الانشقاق)
٥٦٨	سوورەتی (البروج)
٥٧٢	سوورەتی (الطارق)
٥٧٥	سوورەتی (الاعلى)
٥٧٨	سوورەتی (الغاشية)
٥٨١	سوورەتی (الفجر)
٥٨٦	سوورەتی (البلد)
٥٨٩	سوورەتی (الشمس)
٥٩٢	سوورەتی (الليل)
٥٩٥	سوورەتی (الضحى)
٥٩٧	سوورەتی (الشرح)
٥٩٩	سوورەتی (التين)
٦٠١	سوورەتی (العلق)
٦٠٤	سوورەتی (القدر)
٦٠٥	سوورەتی (البينة)
٦٠٨	سوورەتی (الزلزلة)
٦١٠	سوورەتی (العاديات)
٦١٢	سوورەتی (القارعة)
٦١٤	سوورەتی (التكاثر)
٦١٦	سوورەتی (العصر)
٦١٧	سوورەتی (الهمزة)
٦١٩	سوورەتی (الفيل)
٦٢٠	سوورەتی (قريش)
٦٢١	سوورەتی (الماعون)
٦٢٣	سوورەتی (الكوثر)
٦٢٤	سوورەتی (الكافرون)
٦٢٥	سوورەتی (النصر)
٦٢٦	سوورەتی (المسد)
٦٢٧	سوورەتی الاخلاص)
٦٢٨	سوورەتی (الفلق)
٦٢٩	سوورەتی (الناس)

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ٤٦٤ی ساڵی ٢٠٠٠ی دراوەتێ

* * *

ئەم بەرگە

لە نووسینگەی (البحر)و نووسینگەی (زەهاوی) لە بەغدا داڕێژراوە . لە نووسینگەی (البحر) و چاپخانەی (المشرق) لاپەڕەبەندی کراوەو ، لە چاپخانەی (المشرق) لە بەغدا لە چاپ دراوە

* * *

طبع بموجب موافقة وزارة الاعلام (دار الثقافة والنشر الكردية)
رقم (٣١) في ١٧/٨/٢٠٠٠
رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ٤٦٤ لسنة ٢٠٠٠
التحضير الطباعي : بغداد ، مكتب البحر ، هاتف ٧١٨٨٦٥٦
ومكتب الزهاوي ، هاتف ٤٤٤١٧٢٦

طبع في مطبعة المشرق ببغداد ، هاتف ٧١٨٢٥٠٠ ـ ٧١٧١٢٢٩

خۆلاصەی تەفسیری نامی

دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس

بەرگی سێهەم

١٤٢٣ ی ك - ٢٠٠٢ ی ز